پڕۆژەی تیشك

# ئەلفبێی لاتینی..
# زمانی ستاندارد

## ئاسۆی گەشەکردنی زمانی کوردی لە ڕوانگەی گۆڕانە  مێژوویی و زانستییەکاندا


ئامادەکردنی :

ڕەوشت محەمەد


بەرگی یەکەم


٢٠٠٨ زایینی

١٤٢٩ کۆچی

# ئەلفبێی لاتینی.. زمانی ستاندارد

**ئاسۆی گەشەکردنی زمانی کوردی لە ڕوانگەی گۆڕانە مێژوویی و زانستییەکاندا**


ئامادەکردنی: ڕەوشت محەمەد

ژمارەی سپاردن: (٢١٨٠) ساڵی (٢٠٠٨)

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٠٨

نەخشەسازی بەرگ: فازل قەرەداغی

نەخشەسازی ناوەوە: ئیدریس سیوەیلی

لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە (٤٠)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:

www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە:

info@tishkbooks.com

tishkbooks@yahoo.com



**مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشك**

## پێشکەشە:

- بەوانەی دەتوان باوەڕ بهێنن بەوەی کە "هەموو شتەکان لە نێو زماندان"
- بە "تۆ" کە هەمیشە بە باقەیەک وشەی ئارامبەخشەوە دەهاتی بە پیر ماندوو بوونەکانی سەر وەختی ئەم کتێبەوە. سارای هاوسەر و هاوسەفەر.

# سوپاس

که بیر له بەرهەمهێنان و سەرکەوتنی ئەم کتێبە دەکەمەوە ناتوانم چاکەی زۆری کۆمەڵێک دۆست له یاد بکەم، که ئەوان هاوکاری دروستبوونی ئەم کتێبە بوون:

ـ سەرجەم ئەو بەڕێزانەی که بەشدارییان لەگەڵ کردم، چ به گفتوگۆ یان باس و لێکۆڵینەوە، به تایبەت مامۆستا فەرهاد شاکەلی.

ـ بەڕێزان کاک توفیق کەریم و کاک ئیدریس سیوەیلی، که هێندەی من ئێشی چاوەڕوانییان نۆشی.

ـ بەڕێز بەهار قادر، که یەکەم هەنگاوی ڕێگای دەستپێکردنی ئەم کتێبەی لەگەڵدا هەڵگرتم

## بە ناوی خوای مەزن و میهرەبان

هەرچەندە ئەلفبێی کوردیی لای خوێندەوارانی سەدەکانی پێشووی کورد یەك جۆر بووە، کە هەر ئەو ئەلفبێیە بووە دراوسێکانمان لە عەرەب و فارس و تورك بەکاریان هێناوە، لە پاشانیشدا رۆشنبیرانی کورد کۆمەڵە پیتێکیان لێ زیاد و کەم کردووە بە شێوەیەك بسازێت لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا.

بەڵام لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ، ئەتاتورك ئەلفبێی لاتینی بەسەر تورکیادا سەپاند، لەناو ئێمەشدا (بەتایبەتی کوردستانی باکوور) هەندێك لە رۆشنبیران کەوتنە بانگەشە بۆ بەکارهێنانی پیتی لاتینی، ئەو بانگەشەیە دواتر گواسترایەوە بۆ کوردستانی باشووریش، تاکوتەرا لە رۆشنبیران هەڵدەکەوتن کە داوای بەکارهێنانی پیتی لاتینی بکەن لە نووسینی کوردیدا، ماوەیەکیشە مەسەلەکە بە گوڕتر دەوروژێنرێت، بەڵکو پیادە دەکرێت.

لە راستییدا ئەو مەسەلە یەکجار هەستیار و بایەخدارە، پەیوەندیی بە کەلتوور و چارەنووسی گەلێکەوە هەیە، کاریگەرە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد، ئەلفبێ رۆڵی گەورە دەبینێت لە پەیوەستکردنی نەوەکان بە یەکەوە، هۆکاری سەرەکیشە لە تۆکمەکردن یان دووکەرتبوونی گەلی کورددا، بۆ ئەوە ناشێت بە سەر پێیی سەرنجی بدرێت یان خەڵکی نەشارەزاو پێنەگەیشتوو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، بەڵکو ئەرکی شارەزایان و پسپۆڕانی زمانی کوردییە پێش هەموو کەس قسەیان لەسەری هەبێت و زانستییانە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

لەم سۆنگەیەوە، ئێمەش لە پرۆژەی تیشك وەك هەستکردن بە بەرپرسیارێتیمان بەرانبەر بە میللەتەکەمان و چارەنوسی نەوەکانی داهاتوو و پارێزگاری کەلتووری میللەتیك کە سەدان سالە باڵەخانەکەی مەحکەم دەکریت و بەرزدەکریتەوەو سەدان و بگرە هەزاران عەقڵ لە دروستکردنیدا بەشدار بووە، بیرۆکەی دواندنی کۆمەڵێك شارەزا و مامۆستای ئەو بوارەمان لا گەڵاڵە بوو، تا بە

شێوەیەکی بابەتیی تاوتوێی مەسەلەکە بکەن و ئەنجامێك بدەن بە دەست ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کوردەوە.

بۆ پیادەکردنی وەها بیرۆکەیەکیش، ڕوومان لە بەڕێزان (ڕەوشت موحەممەد) و (بەهار قادر) نا، جەنابیشیان پاش وتوێژ و ڕاگۆڕینەوە، بە خۆشحاڵییەوە، داواکارییەکەیان لە ئەستۆ گرت.

یەکەمیان بە ئامادەکردنی پرسیارەکان و پەیوەندیکردن بە مامۆستایانی شارەزای زمانەوە و بەدواداچوونی وەڵامەکانیان و پاشان ئامادەکردنی پاشکۆیەکی تێر و تەسەل لەو بوارەدا.

جا مەگەر ئێمە بزانین ئامادەکردنی ئەم کتێبە چەندە ماندوو بوون و زەحمەت و سەر ئێشەی هاتە ڕێگا، ڕەنجی بێبەرانبەر و دڵسۆزی کاك ڕەوشت شایستەی ڕێز و پێزانینە کە بە دڵنیاییەوە ئەم بەرهەمەی لێکەوتەوە.

(بەهار) خانیش، بابەتێکی ڕێکوپێکی وەك پێشەکی ئامادە کرد، کە دواتر وا بە باش زانرا بکرێت بە بەشێکی کتێبەکە.

دەزانین لەگەڵ ماندوویوونێکی زۆریشدا هێشتا بەرهەمەکە لاسەنگە، چونکە باسکردنی (ئەلفبێ) و (زمانی ستاندارد)ی کوردی دوو شاباڵی پێکەوە بەستراوی فەرهەنگی کوردین و لێکترازاندنیان هاوکێشەکە لاسەنگ دەکات، لەم بەرهەمەشدا مەگەر لە بابەتی ئەلفبێدا باسی زمانی ستاندارد هاتبێتە ناوەوە و باسکرابێت، گەرنا ئاوڕی پێویستی لێنەدراوەتەوە، هۆکەشی ئەوەیە ئامادەکردنی کتێبەکە زۆری خایاند (نزیکەی دوو ساڵ) بە خستنە سەری ئەو شاباڵەش ڕەنگبێت ماوەکە دوو هێندەی تری ویستبا، لەلایەکی دیکەوە قەبارەی کتێبەکە هێندە گەورە دەبوو، گەر بابەتی زمانی ستانداردیش ئامادە بوایە هەر دەبوو بە دوو بەرگ، بۆیە بڕیارماندا بە کتێبێکی سەربەخۆ، لەو شاباڵەش بدوێین و بە نیوەو ناتەواو نەیترنجێنینە ئێرەوە.

خاڵێکی دیکە شایەنی ئاماژە بۆ کردنە ئەویش جیاوازی ڕێنووسی مامۆستایانی بەشدار بووە، کە ئێمە ئەو مافەمان بە خۆمان نەدا (هەشیانبوو قبوڵی نەدەکرد) دەستکاری ڕێنووسەکەیان بکەین، بۆیە هەر لەم بەرهەمەدا جیاوازی نووسین بەدیدەکرێت.

مەسەلەی ڕادەربڕینی (پڕۆژەی تیشك) لەسەر بابەتی (ئەلفبێ) ئێمە ئەو ڕێگەیەمان هەڵبژارد کە زیاتر ئەرکی خستنە ڕووی بابەتەکە بگرینە ئەستۆ و خۆمان نەکەینە دادوەر.

ماوەتەوە بڵێین: ئەرکمانە ڕێز و سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی بەشدار بوو لە دەوڵەمەندکردنی ئەم بەرهەمەدا بکەین، ئەو دڵسۆزانە سەرەڕای سەرقاڵیی زۆریان کەچی بێ گرفت وەڵامی پرسیارەکانیان بۆ دەناردینەوە، بەڵکو تێبینی و ڕێنموونی زۆر بە کەڵکیان کردین، کە کتێبەکەمان پێ تێر و تەسەلتر کرد.

ئومێدەوارین خوێنەری خۆشەویست بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی لەمەڕ کێشەو گرفتەکانی ئەلفبێی کوردیی و سلبیات و ئیجابییاتەکانی هەریەك لەو دوو ئەلفبێیە وەربگرێت، ئەم بەرهەمە کە نزیکەی دوو ساڵە پێوەی خەریکین بە پڕۆژەیەکی جددی و ئامانجدار سەیر بکات، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بە گرنگیەوە لە ڕاو بۆچوونی ئەو مامۆستا و ڕۆشنبیرە ئەکادیمی و بە ئەزموونانە بڕوانن و بە هەند وەریانبگرن.

**پڕۆژەی تیشك**

**٢٠٠٨/٩/٣**

# بەشی یەکەم

# گفتوگۆ

دکتۆر مارف خەزنەدار:

# ئەم ئەلفوبێ یە بە تەبیعەت بووە بە موڵکی کورد، دەست لێدانی قەدەغەیە



. ساڵی (١٩٣٠) لە شاری هەولێر لەدایکبووە.
. لە ساڵی (١٩٥٧) کۆلیژی ئاداب و علومی زانکۆی بەغدادی تەواو کردووە.
. ساڵی (١٩٦٠) بۆ ماوەی نۆ مانگ لە وڵاتی ڕوسیا دەمێنێتەوەو لە پەیمانگای فێربوونی زمانی روسی دەخوێنێت.
. ساڵی (١٩٦٣) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمان و وێژەی کوردیدا بەدەستهێناوە.
. زیاد لە (٣٢) کتێبی بڵاوکردۆتەوە.

**+ بـه درێـژیی مێـژوو کـورد چـەند تیـپ یـا ئـەلفوبێی بـۆ نووسـینی کوردیی بەکار هێناوە؟**

خەزنەدار: مێژووی میللەت و نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی دەکرێ بە دوو بەشەوە، یەکەمیان مێژووی کۆن، دەتوانرێ شوێنەواری (آثاري، ئەرکیۆلۆجی) پێ بگوترێ، دووەمیان مێژووی تازە، لێکۆڵینەوە لە هەموو کاروبارو هەڵسوکەوتێکی میللەت، ڕاستتر ئەوەیە لە مێژووی تازەوە دەست پێ بکرێ.

مێژووی تازەی هەموو نەتەوەیێك لەو سەردەمەوە دەست پێ دەکا کە ئەو زمانەی ئێستا قسەی پێ دەکاو پێی دەنووسی پەیدا بووەو پێشکەوتووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. مێژووی کۆنی لە سەرەتای پەیدا بوونی ئادەمزادەوە دەست پێ دەکا، لەو ناوچە جوگرافیەی تێیدا دەژی، تا سەردەمی پەیدا بوونی ئەو زمانەی ئێستا قسەی پێ دەکا.

بە پێی ئەم تیۆریە، زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەو میللەت و تیرەو هۆزو عەشیرەتی خەڵکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست مێژووی تازەیان لەگەڵ پەیدا بوونی ئایینی ئیسلام دەست پێ دەکا، وەکو ئاشکراشە بەشی یەکجار زۆری ئەم خەڵکانە چوونە سەر ڕێبازی ئەم ئایینەوە.

کورد، یا ڕاستتر باپیرانی کورد، وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی پێش ئیسلام زمان و ئایینی تایبەتی خۆیانیان بووە، مێژوو و جوگرافیایان هاوشان بووە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە، بە تایبەتی هاوسێکانی وەکو عەرەب و تورك و فارس و ئازەری و ئەرمەنی، لەم ماوەیەدا زمان دەوری گرنگی بووە بۆ ناسینی هەر نەتەوەیێك، بۆ بەڵگە ئەگەر زمانی ئاڤێستا دەستنیشان بکەین، هەروەها ئەگەر بیر لە زەردەشت بکەینەوە، گومان لەوەدا نییە ئەو زمانەو ئەو ڕێبەرە تەنیا هی باپیرانی کورد نەبووە، بەڵکو هی ئەو باپیرانەو باپیرانی نەتەوەکانی دیکەی هاوسێی کوردیش بوو. ئەمەو ئەوەی لە مێژوودا ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە، لە پێش

ئیسلام هەموو کورد لەسەر ئایینێك نەبوون، ئەمە بۆچوونی مێژوونووسانی کوردو ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەوروپایە، لەسەرووی هەموویانەوە مامۆستام تۆفیق وەهبی.

ناوی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی ئێستا "کورد"یان پێ دەگوترێ، لەگەڵ پەیدابوونی ئایینی ئیسلامدا هاتووە، هەروەها هەموو نەتەوەکانی دیکەش، بە ڕاستیی ئەمەیە مێژووی حەقیقی ئەو میللەتەی ئێستا بە زمانێك قسە دەکا کوردیی پێ دەگوترێ. ڕاستە دایکی ئەمەیان مێژووە کۆنەکەیە، بەڵام تەمەنی ئێستای لە هەزار ساڵ تێپەڕی کردووە، وەکو هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی هاوسێکان.

پرسیارەکەت لە بابەت ئەلفوبێوە، کە ئەمە هەبێ دیارە زمانیش هەیە، بێ گومان مەبەس لە زمان ئەوەیە کە ئێستا بۆ قسە کردن و نووسین بەکار دەهێنرێ، واتە ئەو زمانەی کورد لە پاش ئیسلامەوە تا ئێستا قسەی پێ دەکا و پێی دەنووسێ.

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە وڵاتی کوردەوارییی، ئەلفوبێی زمانی عەرەبی بوو بە ئەلفوبێی نووسینی، ئەمە تەنیا لای کورد نەبوو، بەڵکو ئەلفوبێی عەرەبی لە هەموو زمانانی ئەو نەتەوانەی بوون بە موسوڵمان بۆ نووسینیان بەکار هێنرا.

ئەلفوبێی عەرەبی لەبەر ئەوەی بەشی هەموو دەنگەکانی زمانی کوردیی نەدەکرد، لە سەرەتاوە تا ئێستا ئەم گۆڕانانەی بە خۆیەوە دیوە:

١ـ لە نووسینی کوردیی دا لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام تا ئێستا، ئەلفوبێی عەرەبیی بەکار دەهێنرێ، یەکەمینی هەنگاو ئەوە بوو ئەو دەنگانەی لە زمانی عەرەبی دا تیپیان نییە و لە کوردی دا تیپیان بۆ دروست کرا، وەکو (پ، چ، ژ، ڤ، گ).

٢ـ لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەم (١٨٩٢) یووسف زیائەدین پاشای خالیدی دەرکی بەوە کردووەو پێشنیازی ئەوە بووە سێ حەرەکەتەکەی زمانی عەرەبی "سەرو بۆرو ژێر" لە کوردی دا "ـە، ە"، "و"، "یـ، ی"یان بۆ دابنرێ، هەروەها

هەستی بە بوونی دوو دەنگداری دیکەش کردووە، "واوی کراوە" (ۆ)، "یێی کراوە" (یێ ێ)، ئەم پێشنیازە بەجێیانە نەکەوتنە پراکتیکەوە. لەبەر ئەوە دیوانی مەحوی کە لە ساڵی (١٩٢٢) لە سلێمانی چاپ کراوە، پێڕەوی ئەم چاکسازیانە نەکراوە، لە ئەلفوبێی عەرەبیی بۆ زمانی کوردیی.

٣ـ لە سییەکانی سەدەی بیستەم جگە لە دیاریکردنی تیپی "ـە، و، ی" بۆ حەرەکەتەکانی سەرو بۆرو ژێر هەست بە قەڵەوی و لاوازیی دەنگەکانی "ر"و "ل" کرا، تۆفیق وەهبی و ئیبراهیم ئەحمەد دەوری باڵایان هەبوو لە دیاریکردنی ئەم کەموکوڕیانە لە ئەلفوبێی کوردیی، لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی یەوە. لە سەردەمی جەنگی دووەمی گێتی تا پلەیێك ئەلفوبێ و ئیملای زمانی کوردیی خۆی گرت، لەمەدا گۆوارەکانی "گەلاوێژ" (١٩٣٩ ـ ١٩٤٩)و "دەنگی گێتی تازە" (١٩٤٣ ـ ١٩٤٧) دەوری باڵایان هەبوو لە گونجاندنی ئەلفوبێی عەرەبیی لەگەڵ زمانی کوردیی.

٤ـ قۆناغی هەرە گرنگ بۆ چەسپاندنی ئەلفوبێی عەرەبیی لە زمانی کوردیی دا ماوەی پاش جەنگی دووەمی گێتی بوو، تا ڕاپەڕینی کوردی کوردستانی عێراق (١٩٤٥ ـ ١٩٩١)، واتە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. لێرەدا دەتوانم بڵێم ئیملای کوردیی هیچ کێشەیێکی تێدا نەمابوو، تەنیا دوو تیپ (دەنگ) نەبێ.

تیپەکانی "و"، "ی" لە زمانی کوردی دا دەبن بە "دەنگدار"و "بێ دەنگ"، لە ناو ئەلفوبێی عەرەبی بۆ هەریەکێکیان تیپێکی تایبەتی نییە، بەڵکو تەنیا تیپێکە بۆ هەردوو دەنگ بەکار دەهێنرێ، کەچی لە لاتینی دا وێنەیان هەیە:

واوی دەنگداری کورت (و u)، بە عەرەبی "الضمة".

واوی دەنگداری درێژ (وو û)، بە عەرەبی "الواو المضمومة".

واوی بێ دەنگ (و w)، بە عەرەبی "الواو".

واوی کراوە (ۆ o)، بە عەرەبی "الواو المجهولة".

یێی دەنگدار (ی î)، بە عەرەبی "الياء المكسورة".

یێی بێ دەنگ (ی y)، بە عەرەبی "الياء".

یێی کراوە (ێ ê)، بە عەرەبی "الیاء المجهولة".

لە بابەت (ی) بێ دەنگ و (ی) دەنگدارەوە، ئەگەر پیاو بیەوێ ووشەی "بۆشایی" بخاتە ناو ڕستەیێکەوەو بە ئەلفوبێی عەرەبی بینووسێ بەم جۆرە دەکەوێتە بەرچاو "بۆشایی یێکی" بەلاتینی (boşayîyêkî)، ئەم دوو وێنەیە لە ڕووی لە یەکچوونی وێنەی تیپەکانەوە لە یەکتری ناکەن، وێنە لاتینییەکە ڕەنگاو ڕەنگترەو لە عەرەبی یەکەدا چوار (ی) کەوتوونەتە دوای یەکەوە، بەڵام تا پلەیێك عەرەبی یەکە جوانە، چونکە سیان لە تیپی "ی" وێنەیێکیان هەیە، چوارەمیان وێنەیێکی دیکەی هەیە، کەچی ئەم دیاردەیە لەم دواییەدا ئێسکی قورس بووە، دەسگاکانی بڵاوکردنەوە، هەندێ جار بە زۆرو بە فەرمانی دەسەڵات بە دەستان و هەندێ جاری دیکە دەسگاکانی بڵاوکردنەوە لە ڕقی یەکتری ووشەکە بەم جۆرە دەنووسن "بۆشاییێکی"، هەر چەندە ئەمە کارێکی گێرەشێوینی یە و چاو بەزەیی بە نووسینی کوردیی دێتەوە، بەڵام دەبێتە هۆی زەردەخەنەی قەشمەری ئامێز. من نازانم چی دەستێکە لایەنی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی دەشێوێنێ، لەم ڕۆژە ناسکەی خەباتی میللەتی کورد !

هەر چۆنێ بێ نویشکی بیرو باوەڕی من لەم لایەنەوە بە درێژایی سەدەی بیستەم، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق و کەمێکیش لە کوردستانی ئێران، ئەو کۆشش و هەوڵانەی خەرج کراون بۆ گونجاندنی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ ئەوەی ببێتە ئەلفوبێی قەومی بۆ زمانی کوردیی، گەیشتۆتە پلەیێکی بەرزو لەگەڵ فۆنێم و فۆنێتیکی زمانی کوردیی و ئەرفۆگرافی ڕاست نووسین (ئیملا) بە تەواوی ڕێك کەوتووە.

لە بابەت ئەو ئەلفوبێیانەی بە درێژایی مێژوو لە نووسینی زمانی کوردی دا بەکار هێنراون، ئەوەی ئێمە ئاگاداریمان لێ یان هەیە ئەمانەن:

١- ڕۆژی ئەمڕۆ، باوترین ئەلفوبێی زمانی کوردیی، ئەوەیە کە لەسەر بنج و بناوانی ئەلفوبێی عەرەبی دامەزراوە، لەو کاتەوە کورد بووە بە موسوڵمان تا ڕۆژی ئەمڕۆ بەکاری هێناوە، وەکو لەوە پێش باسی لێوە کرا.

٢- كۆمەڵەی هیڤی (ئەستەمووڵ ١٩١٠)، لە ساڵی ١٩١٣ کە کۆواری "ڕۆژی کورد"ی دەردەکرد لە (ژمارە ٢) پرۆژێیەکی دانابوو بۆ ئاسان کردنی ئەلفوبێی عەرەبی و زیاتر گونجاندنی لەگەڵ زمانی کوردیی. بۆ ئەم مەبەسە پێشنیازی کردبوو تیپە عەرەبیەکان لە نووسین دا بە یەکترەوە نەنووسێنرێن، واتە وەکو ئەلفوبێکانی لاتینی لە چاپدا تیپەکان لەتەك یەکتریەوە ڕیز بکرێن و ووشەیان لێ دروست بکرێ، ئەم پێشنیازە سەری نەگرت و ئەو تێکستانەی وەکو نموونەی مەشق کردن بڵاویان کردبووەوە تەنیا لەسەر لاپەڕەکانی ئەو کۆوارە مانەوەو کەس گوێیان لێ نەگرتن و پێڕەویان نەکردن.

٣- لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری تفلیسی پایتەختی گورجستان لازۆ گازاریانی ئەرمەنی ئەلفوبێیێکی بۆ زمانی کوردیی قەفقاسی ڕووسیا ڕێك خست لە سەر بنچ و بناوانی ئەلفوبێی زمانی ئەرمەنی، بۆ ئەم مەبەسە کتێبێکی کوردیی چاپ کرد بە ناوی "شەمس". لە بنجدا ئەم کارەی بۆ مەبەسێکی سیاسیی بوو. لازۆ گازاریان، لە ئەرمەنە قەومی یەکان بوو، لەسەر ئەو باوەڕە بوو لە دوا ڕۆژدا دەوڵەتێکی گەورە یا ئیمپراتۆریەتێکی ئەرمەنی دروست دەبێ و کورد دەکەوێتە ناویەوەو مافی خوێندەواری خۆی دەبێ، لەو حاڵەتەدا بێگومان پێویستە ئەلفوبێی نووسینی لەسەر ئەلفوبێی زمانی ئەرمەنی ڕێك بخرێ. ئەم هەوڵەش سەری نەگرت.

٤- دوو کتێبی ئایینی ئێزدی "جیلوە"و "مەسحەفی ڕەش" ئەوەی لەبەردەستمانن بە ئەلفوبێیێکی نهێنی تایبەتی نووسراون، مەبەست لەمەدا ئەوەبوو نووسینەکان بە نهێنی بمێننەوە، بۆ ئەوەی تەنیا چینەکانی میرو شێخی کۆمەڵی ئێزدیان بتوانن بیخوێننەوە، کوردناس و ڕۆژهەلاتناسانی ئەورووپا کلیلی ئەم ئەلفوبێیەیان دۆزییەوە، بە تایبەتی ڕۆژهەلاتناسی ئەڵمانی هارتمان و ڕۆژهەلاتناسی ڕووسیی کارتسۆڤ تێکستی کتێبەکانیان هێنایە سەر ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی و بە دیالێکتی کرمانجی باکوور و وەرگێڕانی بۆ دیالێکتی کرمانجی باشوورو زمانی عەرەبی بڵاویان کردەوە.

٥- ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپا نەك تەنیا بۆ کورد، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەریەکە بەپێی زانین و بۆچوونی خۆی ئەلفوبێیێکی تایبەتی داناوە بۆ تۆمارکردنی تێکستی زمانی کوردیی، بە زۆری تێکستی زمانی میلليی سەر زاری فۆلکلۆری، ئەم تێکستانە هەرچەندە لە زۆر شت لە یەکتریی دەکەن، بەڵام لە هەندێ شت دا جیاوازن.

٦- جوولەکە کوردەکانی ئیسرائیل، ئەلفوبێیێکیان بۆ زمانی کوردیی داناوە لەسەر بنچی ئەلفوبێی عیبری. زیاتر بۆ تۆمارکردنی تێکستی گۆرانی و حیکایەتی میلليی فۆلکلۆریی بەکاری دێنن.

ئەمە تەنیا بۆ ئەو جوولەکانەیە کە زمانی کوردیی دەزانن، لەم لایەنەوە زیاتر پێڕەوی دیالێکتە کوردیيەکانی کوردستانی ئێرانیان کردووە، تا ئێستا چەند کتێبێکی کوردیی و چەند ئەلبۆمێکی ژیانی کۆمەڵایەتی جوولەکەی کوردیان بڵاوکردۆتەوە.

٧- هەندێ تێکستی کوردیی کۆن و نوێ بە درێژایی مێژوو بە ئەلفوبێی سریانی کۆنیش دەکەوێتە بەرچاو.

لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە کۆمەڵی کوردەواریی ئێمە دوو جۆرە ئەلفوبێ بەکار دەهێنرێن، یەکەمیان ئەلفوبێی عەرەبی و دووەمیان ئەلفوبێی لاتینی. بێ گومان لەم گفتوگۆیەدا گەلێ شتی دیکەش لە بابەت ئەلفوبێی عەرەبی ڕوون دەکرێتەوە، هەروەها بە درێژیی باس لە مێژووی ئەلفوبێی لاتینی دەکرێ و لە ڕووی پراکتیکی یەوە هەندێ مەسەلەو کێشەی زمان ڕوون دەکرێتەوە.

**+ بەکارهێنانی "تیپی لاتینی" لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، بە تایبەتی دوو حزبی دەسەڵاتدار، چ پاساوێکی زانستیی هەیە، لە کاتێکدا ئەو ئەلفوبێیەی لە ڕابردوو و ئێستاشدا بە ڕەسمیی بەکار دێ، لە خوێندن و دیراسەو هەموو بوارە ڕەسمییەکانی تریش دا، ئەوە مانای نەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگیی ناگەێنێت؟ تا چەند کارێکی سەرکەوتووە ئێمە**

**بچینه ژێر باری بڕیاری هەوڵی تاکە کەسەوە، وەکو هەوڵەکانی جەلادەت بەدرخان و تۆفیق وەهبی و مێجەر سۆن کە کوردیش نەبوو؟**

خەزنەدار: تۆ دەڵێی لە کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکانەوە بەتایبەت دوو حیزبی دەسەڵاتدار لە نووسینیانا تیپی لاتینی بەکار دێنن، من بە ڕاستی نازانم مەبەسیان لەمەدا چی یە! ڕەنگە دوو ئیحتیمال هەبێ، یەکەمیان ئەگەر مەبەسیان ئەوەبێ کوردی تورکیا و سووریا و قەفقاسی ڕووسیا لە بەرنامەکانیان بگەن کارێکی بەجێیە، چونکە کوردی ئەو وولاتانە ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەلفوبێی لاتینی هەیە، بەڵام ئەگەر مەبەسیان مەشق و پراکتیك بێ بۆ ئەوەی ئەلفوبێی لاتینی لە دواڕۆژێکی نزیکدا ببێ بە ئەلفوبێی ڕەسمیی بۆ هەموو کوردێکی سەر ڕووی ئەم زەویە بۆچوونیان ڕاست نییە، چونکە نووسینی زمانی کوردیی بە درێژایی مێژوو بە ئەلفوبێی عەرەبی بووە، لە سەدەی بیستەم نموونەی پێشکەوتنی زمانی کوردیی لە کوردستانی عێراق و ئێران بووە، لە سەر بنچینەی دیالێکتی کرمانجی باشوور، لە تورکیا زمانی کوردیی قەدەغە بووە، تا ئێستاش هەروایە. تاقی کردنەوەی نووسینی کوردیی بە ئەلفوبێی لاتینی لە قەفقاسی ڕووسیا نزیکەی دە ساڵی خایاند (١٩٢٩ ـ ١٩٣٨)، لە دوای جەنگی دووەمی گێتی بوو بە ئەلفوبێی ڕووسی (سلاڤی، سیریلی) لە دوای ساڵی ١٩٩١ بووەوە بە لاتینی، لە سووریا سێزدە چواردە ساڵی خایاند (١٩٣٤ ـ ١٩٤٧)، ئیتر تاقی کردنەوەی دیکە نەبوو، هەروەها کۆششی ئەم دوو لایەنە ناوچەیی بوو تەنیا بۆ خۆیان، هیچ سوودێکیان بۆ یەکتری نەبووە.

لەم ساڵانەی دواییەدا بە هۆی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە کوردستانی تورکیا مەسەلەی نووسینی کوردیی بە لاتینی هاتۆتە ناوەوە، کوردی ئەو وولاتە چاریان نییە، پێویستە لاسایی تورك بکەنەوەو ئەلفوبێی لاتینی بەکار بێنن.

من لەگەڵ تۆم، ئەو کارەی لێرە ڕوو دەدا مانای نەبوونی سیاسەتێکی خوێندەواری و ڕۆشنبیری یە. ئێستا ئەلفوبێی عەرەبی بووە بە موڵکی زمانی

کوردی، ئەو زمانەی کوردی ئێران و عێراق قسەی پێ دەکەن و پێی دەنووسن، تاقی کردنەوەی پەرەسەندن و پێشکەوتن و گۆڕان بەم زمانەو بەم ئەلفوبێیە بووە، من نالێم نابێ قسە لە گۆڕینی بکرێ، بەلاّم کاتی ئەوە نییە، هەرچۆنێ بێ ئەمە دەچێتە ناو "ئاسایشی نەتەوەیی"یەوە، چەند جارێك لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو کۆوارەکاندا ئەم بەزمە ناهەموارە ئاشکرا کراوە. هەمووی هەڵە بوو، ئەوەی ئێستاش کە قسە لەسەر گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی دەکرێ ئەمەش هەڵەیە.

بۆ بەڵگە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم ئەم ئاین و ئۆینە کەوتە ناوەوە، لە نێوان پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، یەکەمیان لایەنگری ئەلفوبێی عەرەبی و دووەمیان لایەنگری ئەلفوبێی تیپی لاتینی بوو، گفتوگۆییێکی بیزەنتی بێ تام بوو، حیزبی بەعس خۆشی خۆشی بوو، لە ژێرەوە ئاگرەکەی خۆش دەکرد. بە هەموو جۆرێ کاتی ئەوە نەهاتووە باس لەم بابەتە زۆر ناسکە بکرێ.

دروشمی "لاتینی یان تیپی عەرەبی!!" دروشمێکە بۆ ئەمڕۆی کورد لە خراپە زیاتر چاکەی نییە.

لە بابەت هەوڵ و کۆششی جەلادەت بەدرخان و تۆفیق وەهبی و مێجەرسۆنەوە، پێویستە هەندێ ڕاستیی بخەمە ڕوو، جارێ پێش هەموو شتێك لەگەڵ ئەوەی سۆن دەورێکی ئەوتۆی نەبوو لە دانانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی، لای ئێمە تا ئێستا زانستیانە ناوی ئەم کابرایە لە هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەییێك دا بە ڕاستی تۆمار نەکراوە. "سۆن" لەقەبی کابرایە، ناوی "ئیلیا"یە. لەسەر دەستووری ئینگلیزان ناوی بەم جۆرە دەنووسرێ "ئای. بی. سۆن = I. B. coan" مێجەر یا مایۆر پلەییێکی سوپایی ئەفسەرانی ناو لەشکرە. لە کاتی خۆی دا حاکمانی ئینگلیز لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی سەدەی بیستەم زۆربەیان لەم ناوەدا ئەفسەری سوپای ئینگلیز بوون، لەبەر ئەوە لەناو خەڵکی دا بە لەقەبی سوپایی یەکانیانەوە ناسرابوون. ئینجا لەبەر ئەوەی ئەم لەقەبە هیچ پێوەندییێکی بە ناسنامەی

کەسەکەوە نییە پێویستە لە لێکۆڵینەوەی زانستی یا هەر ناو هێنانێك مێجەر سۆن نەگوترێ و تەنیا "سۆن" بەکار بهێنرێ.

لە بابەت پەیدابوونی ئەلفوبێی لاتینی لە کۆمەڵی کوردەواری دا بە کورتی مێژووەکە بەم جۆرە بووە:

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە تا دوای جەنگی یەکەمی گێتی ئەلفوبێی لاتینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەموو عالەمی ئیسلامی دا لە ناوەوە نەبوو. نەتەوە موسڵمانەکانی ئەم ناوچانە هەموویان ئەلفوبێی عەرەبیان بەکار دەهێنا، بەتایبەتی دوو دەوڵەتە گەورەکەی عوسمانی و عەجەم، کوردیش لە دوای جەنگی چالدێران (١٥١٤) بوو بە دووکەرت و خاکی کوردستان کەوتە ناو ئەم دوو وولاتەوە. لە دوای چوار سەدە کوردستانی عوسمانی جارێکی دیکە لە پاش جەنگی یەکەمی گێتی دابەش کرایەوەو خاکی کوردستان کەوتە ناو تورکیا و عێراق و سوریا. تا ئەم کاتە ئەلفوبێی عەرەبی لەناو هەموو میللەتی کورد لە نووسین دا بەکار دەهێنرا.

بۆ یەکەمین جار ئەلفوبێی لاتینی لە دوای جەنگی یەکەم لە تورکیا پەیدا بوو و کەمالیەکان ئەلفوبێی عەرەبیان بە ئەلفوبێی لاتینی گۆڕی یەوە بۆ زمانی تورکی. ئەم دیاردە تازەیە کارێکی گەورەی کردە سەر هاو وولاتیانی دەوڵەتی عوسمانی کۆن، یەکێك لەوانە میللەتی کورد بوو. دیارە مەبەسی ئەو بەشە کوردە بوو ماوەی چوارسەد ساڵ هاو وولاتی دەوڵەتی عوسمانی بوون.

لەم بابەتەوە بەشە کوردەکەی دیکەی ئێران، ئەویش لە ماوەی چوارسەد ساڵ دەتلایەوە لەژێر باری قورسی مەفهومی دەسەڵاتی سەفەوی بە ئایینزا شیعەو کوردیش سوننە بوون، ئەمە هەر چەند زیانی گەورەی بۆ کورد هەبوو تا ڕۆژی ئەمڕۆش، بەڵام چاك یا خراپ کوردی ئەوێ نەکەوتە ژێر ئەو فیکرەی بیر لەوە بکەنەوە زمانی کوردیی بە ئەلفوبێی لاتینی بنووسن.

بەم ڕەنگە لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی یەوە مەسەلەی نووسینی کورد ی بە ئەلفوبێی لاتینی لەناو ئەو کۆمەڵە کوردانە کەوتە ناوەوە کە هاو وولاتی دەوڵەتی

عوسمانی بوون و له دوای جەنگ بەسەر چوار بەشدا دابەش کران: تورکیا، عیراق، سووریا ، قەفقاسی ڕووسیا .

هەوڵی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردیی بە زۆری لەم بەشانەدا بوو، واتە لە بەشی کوردستانی باکوور کە لە لێکۆڵینەوەی زانستی و زمانەوانی دا ناومان ناوە "کرمانجی باکوور" یا "کرمانجی ژووروو"، مەبەس ئەو زمانەیە کە بۆ نووسین بەکار دەهێنرێ.

هەوڵی دانانی ئەلفوبێی کوردیی لەسەر بنجی تیپی لاتینی بەم جۆرەبوو:

١ـ بۆ یەکەم جار لە پاش چەسپاندنی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان لە قەفقاس و دروست بوونی کۆمارە میللی‌یەکان بیر لەوە کرایەوە. ئەلفوبێ لەسەر بنجی لاتینی بۆ زمانی کوردی ئەوێ دابنرێ، بۆ ئەوەی ببێتە ئەلفوبێی ڕەسمی بۆ کوردی ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربێجان لە قەفقاس، هەروەها بۆ کوردی تورکمانستان لە ئاسیای ناوەڕاست . ئەمە لە ساڵی ١٩٢٩ بوو. ئەم کارە بە (عەرەبی شەمۆ) سپێررا بوو، لە ڕووی زانستیەوە مامۆستاییێکی ئەرمەنی هاوکاری بوو بە ناوی مەرەگوولۆڤ. کتێب و ڕۆژنامەو هەموو چاپەمەنی‌یێکی کوردیی لەو وولاتەدا بەم ئەلفوبێ تازەیە بڵاو دەکرایەوە. ئەم کارە زۆری نەخایاند، لە ساڵی ١٩٣٨ ئەلفوبێی لاتینی ئیلغا کراو هەموو کوردی ئەو وڵاتە وەکو میللەت کەوتە ژێر ئەشکەنجەی بەربەرەکانی مافی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی لە ئەنجامی سیاسەتی دڕندانەی ستالین. ئێرە جێی ئەم باسە ترسێنەرو دڵ لەرزێنە نییە. لە دوای جەنگی دووەم هەندێ مافی خوێندەواریی درایەوە کوردی ئەوێ. ئەویش بە تەنیا کوردی ئەرمەنستان و ئەلفوبێی لاتینی کۆنیشیان بە ئەلفوبێی ڕووسی (سلاڤی، سیریلی) گۆڕیەوە. ئەمە تا دوای ساڵانی سەدەی بیستەمی خایاند (١٩٩١)، لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی سۆسیالیستی سۆڤیەتەکان ئەو ئەلفوبێ‌یەش لە ناوچوو.

٢ـ لە ساڵانی ١٩٢٨ ـ ١٩٢٩ تۆفیق وەهبی لە بەغدا بەبێ ئەوەی ئاگاداری هەوڵ و کۆششی کوردی قەفقاسی ڕووسیا بێ هەوڵی دا ئەلفوبێیێك لەسەر بنجی لاتینی

ساز بکا بۆ نووسینی کوردی، زیاتر پێڕەوی دەستووری ئەلفوبێی لاتینی تورکی و ئەلفوبێی ئینگلیزی دەکرد، کە ئەویش هەر ئەلفوبێی لاتینییە، بێ گومان تۆفیق وەهبی دانانی ئەلفوبێکەی بۆ نووسینی زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی باشوور بوو کە بە هەڵە "سۆرانی" پێدەگوترێ، چونکە بە ڕاستیی سۆرانیی دیالێکتێکی بچووکە لەناو دیالێکتی کرمانجی باشوور.

ئەم ئەلفوبێیە لە سەرەتاوە بە مردوویی لە دایك بوو، هەتا لە لایەن تۆفیق وەهبی خۆیەوە نەکەوتە پراکتیکەوە. ئەگەر یەکێك لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی تۆفیق وەهبی بگەڕێ لە کارەکانی خۆی دا لەلاییێك بە هیچ جۆرێ باس لەم کارەی خۆی ناکاو لەلاییێکی دیکەوە هیچ نووسینێکی بەرچاو ناکەوی بەم ئەلفوبێیە نووسیبێتیەوە. لە هەموو ژمارەکانی کۆواری "دەنگی گێتی تازە" کە بە سەرپەرشتیی ئەو بڵاو دەکرایەوە لە ساڵانی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٦ ڕەنگە یەك دوو پارچە شیعرو پەخشانی کورت بکەونە بەرچاو، ئەوانیش بەرهەمی خوێنەری کۆوارەکەن و بەم ئەلفوبێیە بڵاو کراونەتەوە.

من لە نزیکەوە ئاگادارم لە کۆنەوە ئەم ئەلفوبێیەی پشت گوێ خست بوو و بە کاری نەدەهێنا. پێش کۆچی دوایی بیری لە مەسەلەی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردیی نەدەکردەوە بۆ تیپی لاتینی و بەکاریشی نەدەهێنا، هەتا جارێکیان لێم پرسی فەرهەنگی کوردیی ـ ئینگلیزیی کە لەگەڵ سی. جەی. ئەدمۆندس دایناوە لەبەرچی ووشە کوردیەکانی بە لاتینی نووسیوە، وەرامی زانایانە بوو کە گوتی: ئەم فەرهەنگە بۆ ئەو ئینگلیزە دانراوە کە دەیەوێ فێری کوردیی ببێ، هەروەها بۆ کوردناسەکانی ئەوروپایە، ئەوانیش ئەلفوبێی لاتینی بەکار دێنن، لەبەر ئەوە ووشە کوردیەکان بە لاتینی نووسراون، دیسانەوە گوتی: لە قامووسەکەدا تەنیا ووشەی کوردیی بەکار هاتووە، ئەویتر هەمووی ئینگلیزی یە، بە تەمابووم ووشە کوردی یەکان لە نێوان دوو کەوانەدا بە ئەلفوبێی عەرەبیش بنووسم، بەڵام ئەمەیان لە ڕووی تەکنیکی یەوە ئەستەم بوو.

٣ـ له دوای كۆششی عەرەبی شەمۆ، كوردی قەفقاسی ڕووسیاو تۆفیق وەهبی كوردی عیراق، ئینجا برایانی جەلادەت و كامیران بەدرخان بیریان له دانانی ئەلفوبێی كوردیی كردۆتەوە بۆ زمانی كوردی (تەنیا بۆ دیالێكتی كرمانجی باكوور). جەلادەت بۆ دانانی ئەم ئەلفوبێیە پێڕەوی لاتینی توركی كردووە. بەرهەمەكەی بە چەند قۆناغێك تێپەڕی، سیغەی یەكەمی ئەلفوبێكەیان كەموكوڕی زۆری تێدا بوو، ئەگەر تەماشای چاپەمەنیەكانیان بكرێ هەست بە م كەموكووڕیانە دەكرێ. لە دوایی دا تا پلەیێك كۆششیان گەیشتە ئەو ئەنجامەی نووسینی كوردی لەگەڵ ئەلفوبێ لاتینیەكەیان تا ڕادەیێك بگونجێ، بەلام تا ئێستا كەموكووڕی تێیدا ماوە.

وەك ئاشكرایە لە ماوەی چەند ساڵێكدا بە تایبەتی لە ڕۆژگاری جەنگی دووەمی گێتی‌دا كۆمەڵێك نامیلكەو كتێب و كۆواریان بڵاو كردەوە. لە دوای جەنگ و بە سەربەخۆبوونی سووریاو لوبنان نەك تەنیا ئەم هەموو دامودەسگا كوردی‌یە تێكومەكان درا بەڵكو هەڵوێستی ڕژێمە شۆڤێنی یە جیاكانی سووریا گەیشتە ئەو ڕادەیەی ناوی كوردی لە منداڵی نەوزادی كوڕو كچی كوردی سووریا قەدەغە بكەن.

هەموو سامانی ئەلفوبێی لاتینی هەوڵی چەند ساڵێكی پێش جەنگی دووەمی گێتیی كوردی قەفقاسی ڕووسیا و چەند ساڵێكی ڕۆژگارانی جەنگ لە سووریاو لوبنان بوو. لەم دوایی یەدا بە هۆی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەی كورد لە توركیا، لە پاشانا لە سووریا ئەلفوبێی لاتینی جارێكی دیكە زیندوو بووەوە، بەلام كەمو كوڕی‌یێكی زۆری تێدایە، بە تایبەتی ئەو ئەلفوبێ لاتینی یەی كوردی كوردستانی توركیاو سووریا بەكاری دێنن، لەم لایەنەوە دەتوانم بڵێم ئەو لاتینی‌یەی كوردی ناوچەی بادینان و زاخۆ بەكاری دێنن زیاتر لەگەڵ فۆنیم و فۆنێتیكی زمانی كوردی هەر دوو دیالێكتی كرمانجی باكوورو باشوور دەگونجێن.

**+ كام لەو كەسایەتی و ڕووناكبیرانەی هەوڵی دانان یان بەكارهێنانی تیپی لاتینییان داوە زمانەوان یا زمانزان یا لە یەكێك لەو بوارانەدا پسپۆڕی تەواویان هەبووە؟**

خەزنەدار: لە وەرامی پرسیاری پێشوودا ناوی هەندێ کەسم بردبوو لەوانەی بەشداریان لە دانانی ئەلفوبێی لاتینی کوردی کردووە، ئەمانە لە قەفقاسی ڕووسیا عەرەبی شەمۆو لە عێراق تۆفیق وەهبی و لە سووریا جەلادەت بەدرخان. گومان لەوەدا نییە ئەمانە زمانزان بوون، جگە لە زمانی خۆیان هەر یەکەیان پێنج شەش زمانی دیکەی دەزانی. ئەوی ڕاستی بێ لەم لایەنەوە هەر کەسێك بیەوێ کارێکی وا بگەیەنێتە ئەنجام مەرجی سەرەکی هەر ئەوەیە شارەزایی لە تەواوی دەنگەکانی زمانی خۆی هەبێ ئەوەی لە نووسین دا بەکار دەهێنرێ، هەروەها پێویستە شارەزای ئەو تیپانە بێ لەو زمانەی دەیەوێ بیکا بە بنیادی نووسینی زمانەکەی خۆی، واتە ئەلفوبێی قەومی خۆی لەو ئەلفوبێیە بێگانەیە دروست بکا. ئەو کەسانەی خەریکی دانانی ئەلفوبێی لاتینی کوردیی بوون شارەزای کارەکەی خۆیان بوون.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە پێویستە هەندێ بەدرێژی باسی لێوە بکرێ.

ووشەی هەموو زمانێك لە تیپی بێ دەنگ و تیپی دەنگدار دروست دەبێ. لە نووسین دا ئەو دەنگە پێویستە ڕەمز یا وێنەی هەبێ. لە کۆنی کۆنەوە ئادەمزاد هەستی بەوە کردووەو وێنەی بۆ ئەو دەنگانەی ووشەی زمان داناوە، زمانە کۆنەکانی دەوروبەری دوو هەزار ساڵ لەمەو پێش لەناو چوون. هەروەها ئەلفوبێکانیشیان لەکەڵك کەوتن، ئەو زمانانەی ئێستا میللەتانی سەر ڕووی زەوی قسەی پێ دەکەن و پێی دەنووسن لەو ڕۆژەوە کەتوونەتە ناوەوە کە زمانە کۆنەکان باویان نەما و بوون بە زمانی مردوو، وەکو زمانەکانی سانسکریتی و ڤیداو ئاڤێستاو گریکی و لاتینی (ڕۆمانی کۆن) و هی دیکە. بێ گومان لە سەرەتادا ئەو زمانە تازانە کەموکوڕی یان تێدا بووە، لە پاشانا بە درێژایی ڕۆژگار چاکسازیان تێدا کراوە تا گەیشتوونەتە پلەیێك ئۆقرەیان گرتووەو بە وێنەی ئێستایان دەکەونە بەرچاو.

بۆ ئەم مەسەلەیە بەڵگەیێك دێنمەوە. ماوەی هەزار ساڵێك لەمەوبەر نەتەوەكانی سلاڤ (بە عەرەبی الصقلب و جمعها الصقالبة) خاكی نەتەوەیی یان لە ڕۆژهەلاتی ئەوروپاوە تا نزیك زەریای ئەدریاتیك بوو، سلاڤی ڕۆژهەلات و سلاڤی ڕۆژئاوایان پێ دەگوتن. لە ناو تیرەی بولگارەكاندا كە بە كۆنترین عەشیرەتی سلاڤ دەژمێرێن دوو برا لەقەبیان سیریل یا (كیریل) بوو، وێنەیان بۆ دەنگیو وشەكانی زمانی سلاڤی دانا.

ئەمە یەكەمین ئەلفوبێی قەومی گروپی سلاڤیەكانی بەشی هیندو ئەوروپی (ئاری) كۆنتینێنتی ئەوروپا بوو، بۆ ئەم مەبەستە پەنایان بۆ دوو جۆرە ئەلفوبێ برد، لەو سەردەمەدا خاوەنی دوو مەدەنیەتی گەورەو پێشكەوتوو بوون، ئەمانە گریگ (یۆنانی كۆن) و ڕۆمانی كۆن بوون، زمانەكەیان بە لاتینی ناوبانگی دەركردبوو. بۆ دانانی ئەلفوبێكەیان لە هەردوو ئەلفوبێ هەندێ وێنەی تیپیان هەڵبژاردبوو. ئەو ئەلفوبێیە لە دوایی دا بوو بە بنچ و بناوان بۆ زمانی نەتەوەكانی گرووپی سلاڤی وەكو ڕووس و بێلۆڕووس (ڕووسی سپی)و ئۆكرانی و بولگاری سرب و كروات و هی دیكە.

لایەنی تری كێشەی ئەلفوبێ تەكنیكی یە. ئەلفوبێ (تیپ) بریتی یە لە وێنەی دەنگ. لە سەردەمی ئێستاماندا بە سەدان زمان لەناوەوەن، ئەم زمانانە هەر یەكەیان ئەلفوبێی تایبەتی خۆی هە یە، ئەوانەی ئەلفوبێی تایبەتی خۆیانیان هەیە نزیكەی دووسەد میللەت و نەتەوەن، ئەلفوبێی ئەم نەتەوانە بە زۆری لە ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی و هێرۆگلیفی بەدەسكاری یەوە دروست كراون، تاكە تاكە ئەلفوبێی تایبەتی بەرچاو دەكەوێ تەنیا لە زمانی میللەتەكەی خۆی بەكار دەهێنرێ وەكو ئەرمەنی و گورجی و عیبری.

جا بە ڕاستی ئەگەر بێتو هەر ئەلفوبێیێك لەم دووسەد دانەیە وەربگیرێ و هەوڵ بدرێ بۆ هەموو زمانەكانی دیكە بكرێ بە ئەلفوبێی ستانداردی ڕەسمی و قەومی كارەكە سەردەگرێ، واتە لە ڕووی زانستیەوە هیچ جۆرە ئەلفوبێیێك نامۆ نییە بۆ

هیچ زمانێکی سەر ڕووی زەوی. ئەم کارە لەلای ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا ڕوون و ئاشکرایە.

ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بە تایبەتی ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و ئەدەبی میللیی سەر زار (فۆلکلۆر)ی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتن، ئەلفوبێیێکی جیهانی یان داناوە لەسەر بنجی لاتینی. لامان ئاشکرایە ئەلفوبێی لاتینی کۆنی ڕۆمانەکان لە دەورووبەری سی تیپ پێك هاتووە. ڕۆژهەڵاتناسەکان لەم لاتینی یە ئەلفوبێیێکیان دروست کردووە زیاتر لە سەد تیپ پێك هاتووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو زمانەکانی ڕۆژهەڵات بگونجێ. ئەوان ئەم ئەلفوبێیە بۆ تۆمارکردنی زمانەکان وەکو خۆی بەکار دێنن، بەتایبەتی تێکستی ئەدەبی میللیی سەر زاری نەنووسراو (فۆلکلۆر). بۆ مەبەسی تۆمارکردن پارێزگاری هەموو دەنگەکانیان کردووە. تێکستی زمانانی عەرەبی و تورکی و کوردی و ئۆردوو و یابانی و زمانەکانی چین و هەموو زمانەکانی دیکە بەم ئەلفوبێ لاتینی یە عالەمی‌یە دەنووسنەوە. لە تیپی لاتینی وێنەیان بۆ (ث، ص، ض، ط، ظ)ی عەرەبی دروست کردووە، هەروەها بۆ دەنگە دەگمەنەکانی زمانی دیکەش.

دەسگای زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیا ئەویش ئەلفوبێیێکی عالەمی لەسەر بنج و بناوانی ئەلفوبێی ڕووسی (سلاڤی، سیریلی) دروست کردبوو بۆ تۆمارکردنی تێکستی زمانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، بە تایبەتی نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسی ڕووسیا لە سەردەمی ڕژێمی سۆڤیەتەکان کە لە ساڵی ۱۹۹۱ لەناوچوو.

بەم جۆرە وەکو لەم گفتوگۆیەدا بۆمان ئاشکرابوو زمانی کوردی جگە لە ئەلفوبێی عەرەبی کە ئێستاکە لە ڕیزی یەکەمدایە بۆ بەکارهێنان و بووە بە ئەلفوبێی ڕەسمی ستانداردی زمانی کوردی، هەندێ جار تێکستی ئەو زمانە کوردی یە بە ئەلفوبێی ئەرمەنی و لاتینی و عیبری و سریانیش نوسراوەتەوە. بۆ تاقی کردنەوە ئەگەر بمانەوی تێکستێکی زمانی کوردی بە هەر ئەلفوبێیێکی بەکارهاتوو لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لەسەر ڕووی ئەم زەوی یە بنووسینەوە مەسەلەکە بۆمان دەچێتە سەر.

**+ لەساڵی ١٩٣٩ کۆنگرەی کوردناسانی یەکێتیی سۆڤیەت بڕیاری دا شێوەی "کرمانجی ژووروو" بکاتە شێوەی ڕەسمیی بۆ هەموو کورد، لە ئەیلوولی ١٩٥٩شدا کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە بڕیاری دا ئەو شێوەیەی کە بە "سۆرانی" ناسراوە بکرێتە ڕێنووسی ڕەسمی، تا ئێستا بێجگە لە هەوڵی تاك هیچ دەسگاو دامەزراوەیەك هاتۆتە ئەو باوەڕەی تیپی لاتینی بۆ شێوەی نووسینی یەکگرتووی کوردیی دابنێ؟**

خەزنەدار: لە ساڵی ١٩٣٩ کوردی قەفقاسی ڕووسیا (سۆڤیەتی ئەو سەردەمە) کۆنگرەیان نەبەستووە، تا بڕیاری ئەوە بدەن دیالێکتی کرمانجی باکوور ببێ بە زمانی ڕەسمی نووسینی کوردی. نازانم ئەم ژمارەیە لە چی سەرچاوەییێکەوە کەوتۆتە ناوەوە! بە پێچەوانەوە لە ساڵی ١٩٣٩ یا ڕاستتر لە ساڵی ١٩٣٨ سیاسەتی چەوتی نامرۆڤایەتی ستالین (ستالینیزم) مافی ڕۆشنبیری کوردی پێشێل کرد لە هەموو کۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربێجان لە قەفقاس و کۆماری تورکمانستان لە ئاسیای ناوەڕاست. ئەلفوبێی لاتینی ئەوێ کە بۆ خوێندنی کوردی دانرابوو قەدەغە کراو مەسەلەش تەنیا بەوە نەوەستا، بەڵکو ڕژێم کەوتە ئاوارەکردنی بەزۆرو پەڕاگەندەکردنی کۆمەڵانی کوردو پەرت و بڵاوکردنەوەیان بۆ جێگا دوورەکانی ئاسیای ناوەڕاست. وەکو لە وەرامی پرسیارێکی دیکە ئاماژەم بۆ کردووە. لە دوای جەنگی دووەمی گێتی لە ساڵی ١٩٤٦ مافی ڕۆشنبیری گەڕایەوە تەنیا بۆ کوردی ئەرمەنستان، ئەلفوبێی لاتینیشیان گۆڕی و کردیان بە ئەلفوبێی ڕووسی (سلاڤی، سیریلی).

بەلای منەوە، هەرچەندە لێرەدا جێی نییە، بەڵام بە کورتی دەڵێم: دان نان بە هەندێ مافی ڕۆشنبیری تەنیا بە کوردی ئەرمەنستان، لەبەر چاوی ڕەشی کورد نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتی ئەوێ دانی بە مافی ئەو بڕە کوردە هێنابوو وەك ئیحتیات و بەڵگە لەدوا ڕۆژدا بە ناوی "ئاسایشی نەتەوەیی" خۆی بەکاری بێنێ بۆ چاکەو بەرژەوەندی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان لە پێناوی پارێزگاری ئەو سۆسیالیزمەی کۆمەڵی کۆمۆنیزم لە دوا ڕۆژدا دادەمەزرێنێ.

له هەڵوێستێکی سیاسی و دیپلۆماسی دا کوردی ئەویٚ بە کەڵکی ئەو سیاسەتە هاتن. وا بوو لە دوای کوودیتا سوپایی یەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا، کە کەشتی جەنگی ئەمەریکا لە زەریای سپی ناوەڕاست دەستی بە بزووتنەوە کرد بەرەو بێرووت و پۆرتەکانی ئیسرائیل، نیکیتا خرووشیڤ ئینزاری دایە ئەمەریکا بە ناوی ئەوەی عیراق لە سنووری دەوڵەتی سۆڤیەتی ئەوسەردەمەوە نزیکە. قسەکەی ڕاست بوو مەبەسی لەمە ئەوە بوو کوردەکەی ئەرمەنستان لەگەڵ کوردی تورکیاو کوردی سنووری نێوان تورکیاو ئێران تێکەڵ بە یەکتری بوون و دەکشانە خوارەوە، ئیتر لە سێکوچکەی سنووری تورکیاو عیراق و ئێرانەوە بەرەو خوار هەمووی کوردی عیراقە.

ئەمەش هەڵوێستێکی دیکە بوو لە جەنگی ساردی نێوان کۆمۆنیزم و کۆلۆنیالیزم.

بێ گومان ناوهێنانی ساڵی ١٩٣٩ بە هەڵە هاتووە، بەو مانایەی لەو ساڵەدا کۆنگرەی کوردی بۆ کوردانی قەفقاسی ڕووسیا بەسترابێ، بەڵام ئەوە هەیە پێش ئەوکاتە لە ڕۆژگاری دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان لە قەفقاسدا لە ماوەی بیستەکانی سەدەی بیستەم دا کۆنگرەیێك بۆ مەسەلەی کورد بەسترا بوو، بە ڕاستی ئەمە تەشقەڵەیێکی سیاسیی بوو، ڕاستی یەکەی ئەوەبوو بە سووکی مەسەلەی نیشتمانی کوردیان لە قەڵەم دەداو بە ڕیشی پێدەکەنین.

ئازەریەکان کەوتنە دانانی پیلانی سەیرلە دژی کوردو ئەرمەنی ئەو هەرێمانە. بە ناوی جوگرافیا دانیان بەوە نا لەو وولاتەدا "کوردستان" هەیە، مەبەستیان ناوچەکانی کوردنشین بوو، ئەمانە بە ئایین موسوڵمان و بە ئایینزا شیعە بوون وەکو ئازەریەکان. بە ناوی ئیسلامەوە هەوڵیان دەدا بیانکەن بە ئازەری. بۆ ئەم مەبەسە ناوی ناوچەکەیان نا "کوردستانی سوور"و لەسەر وەزنی "گۆڕەپانی سوور"و "سوپای سوور"و گەلێ شتی دیکەی "سوور" بەبێ ئەوەی دان بە زمانی کوردی و کولتووری کورد بنێن. بۆ ئەم مەبەسە ڕۆژنامەیێکیان بە زمانی ئازەری دەردەکرد بە

ناوی "کوردستانی سوور" لە پێناوی ئەوەی کوردی ئەو وولاتە بکەن بە ئازەری. ئەگەر پارچە زەوییێکیش بە ناوی "کوردستان"ەوە بێ هیچ زیانێکی بۆ ئازەرییان نی یە.

کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە (١٩٥٩) بڕیاری نەدا دیالێکتی "سۆرانی" ببێ بە زمانی ڕەسمی وەکو تۆ دەیلێی، جارێ پێش ئەوە پێویستە زاراوەی "سۆرانی" لە ڕووی زانستیەوە ماناکەی ڕاست بکرێتەوە.

"سۆرانی" دیالێکتێکی بچووکە لە پێنج دیالێکتەکەی کە دیالێکتی "کرمانجی باشوور" پێك دێنن، ئەوانی دیکە موکریانی و ئەردەلانی و سلێمانی (بابانی) و گەرمیانین. ئەوەی من ئاگادارم لە کۆنگرەی شەقلاوە باس لە دوو دیالێکت کرا "کرمانجی باکوور"و "کرمانجی باشوور" بۆ یەکەمیان بادینانی و بۆ دووەمیان سۆرانی یان بەکار دەهێنا. وەکو ئاشکرایە ئەو کاتە باس لە زمانی کوردی کوردستانی عیراق دەکرا، لێرەدا کۆنگرە لەبەردەم دوو دیالێکتی سۆرانی و بادینانی بوو. ئیتر لەبەر ئەوە بڕیار نەدرا سۆرانی ببێ بە زمانی ڕەسمی، بەڵکو بڕیارەکە ئەوەبوو سۆرانی ببێ بە ئەساس و بە دیالێکتی بادینانی موتروبە بکرێ بەو مانایەی زمانێك دروست ببێ لە هەردوو دیالێکتەکە. ئەم بڕیارە لە ڕووی زانستی یەوە هەڵە بوو، چونکە زمان لە کارگەی پیشەسازی دروست ناکرێ. زمان بە درێژایی ڕۆژگارو تاقی کردنەوەی گەلێ نەوەو خەڵکانی هەموو میللەتێك دروست دەبێ لەبەر ئەوە ئەو بڕیارەی کۆنگرەی شەقلاوەی ١٩٥٩ بوو بە بلقی ژێر ئاو.

لە بابەت دانان و بڕیاردان و هێنانە ناوەوەی ئەلفوبێی لاتینی ئەوەی من ئاگادارم ئەوەیە، هەوڵە شەخسیەکانی عەرەبی شەمۆو تۆفیق وەهبی و جەلادەت بەدرخان، بە تایبەتی ئەوەی جەلادەت لەژێر کاریگەریی لاتینی زمانی تورکی بوو بە بنج و بناوان بۆ کوردی کوردستانی باکوور (کوردی تورکیاو سووریاو قەفقاسی ڕووسیاو بادینان).

لە ڕۆژی ئەمڕۆدا کوردی ئەم ناوچانە زیاتر بە تەنگەوەن ئەلفوبێی لاتینی لە زمانی کوردی دا بەکار بهێنرێ. هەرچی ئەلفوبێی عەرەبیشە پێم وایە هیچ بڕیارێکی

بۆ نەدراوە، چونکە بڕیاری ناوێ. ئەم ئەلفوبێیە هەیە، بە تەبیعی بووە بە موڵکی کوردو لە دێر زەمانەوە لە کوردستانی ئێران و عێراقدا لە پراکتیك دایە. یا ڕاستتر لە دیالێکتی کرمانجی باشوور بەردەوامە، دەست لێدانی قەدەغەیە، هیچ کەسێك و لایەنێك و ڕێکخراوێك و حیزبێك و تیرەو عەشیرەتێك بۆی نی یە قسەی لێوە بکا. بڕیاردەرو سەرپشك کورد خۆیەتی، ئەویش ئێستا نا بەڵکو لەو کاتەی دەگاتە سەربەستی تەواوو هەموو کاروبارێکی بەدەست خۆیەوە دەبێ.

**+ ئەو دەسکەوت و پێشکەوتن یاخود گرفت و کێشانە چین کە ڕووبەڕووی ئەو بەشانەی کوردستان بوونەتەوە کە تیپی لاتینی بەکار دەیهێنن؟**

خەزنەدار: ڕۆشنبیرانی کوردستانی باکور (زۆربەی ئەو کوردانەی بە دیالێکتی کرمانجی باکوور قسە دەکەن) پێیان وایە باشترین ئەلفوبێ بۆ زمانی کوردیی لاتینییە. لەبەر ئەوە بەپێی توانا ئەو ئەلفوبێیە بەکار دێنن. لە ناوچەکانی ئەم بەشە کوردستانە لە تورکیاو سوریاو قەفقاسی ڕووسیا ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەلفوبێی عەرەبی نییە بۆ زمانی کوردی، تەنیا ناوچەی بادینان نەبێ کە لە کوردستانی عێراقەوە سەر بە کوردستانی باکورە.

ئەم بەشە هەتا ڕووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ی بەغدا، ئەگەر نووسینیان هەبوایە بە ئەلفوبێی عەرەبی بووە، وەکو بەشێك لە کورستانی عێراق کە هەموو دەچێتە ناو کوردستانی باشوورەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە ڕۆشنبیرەکانیان مەیلیان بۆ لاتینی هەبوو. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە تا ئێستا هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی ئەلفوبێی لاتینی پەرە بستێنێ و ببێ بە ئەلفوبێی ڕەسمی، ئەوەی زیاتر هانیان دەدا پەیدابوونی چاپەمەنی لەناو کوردی تورکیاو بەتایبەتی تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندن دەوری باڵایان هەیە بۆ چەسپاندنی لاتینی.

لە بابەت چارەنووس و جێگیربوونی ئەلفوبێی لاتینی ئەگەر زانستیانە بۆ مەسەلەکە بچین هیچ جۆرە گیروگرفتێك لەناوەوە نییە، چونکە ئەلفوبێی لاتینی یا

هەر ئەلفوبێیێکی دیکە دەست نیشان بکرێ بۆ نووسینی هەر زمانێك ئەگەر زانستی یانە مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێ، سەردەکەوێ، بەڵام ئەو لاتینەی لای ئێمە، ڕاستە زۆر شتی جێبەجێ کردووە، بەڵام زۆر شتی دیکەش ماوەو بووە بە جۆرە ئاژاوەییێك. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ گەلێ تەگەرەی لە سەرەتاوە جێبەجێ نەکراوە.

وەکو ئاشکرایە لە هەموو زمانێك دا لە سەرەتادا پێویستە یەك دیالێکت ببێ بە بنج و بناوان بۆ زمانی ئەدەبی ستانداردی ڕەسمی یەکگرتوو لە نووسین دا. لای عەرەب دیالێکتی عەشیرەتی قوڕەیش کە قورئانی پێ هاتە خوارەوە، لای ئیتالی یان دیالێکتی تۆسکانی کە دانتی "کۆمیدیا"ی پێ نووسیەوە بوون بە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو.

لای ئێمە زمانی یەکگرتووی کوردی لە سەر بنج و بنوانی دیالێکتە بچووکەکانی کرمانجی باشوور دامەزراوە. دیالێکتی بچووکی سلێمانی (بابان) هیچ نەبێ لە ماوەی دووسەد ساڵەی دوایی بوو بە ئەساسی زمانی یەکگرتووی نووسین، واتە لە سەردەمی میرنشینی بابان و پەیدابوونی حەزرەتی نالی. ئەم ڕێڕەوە مێژوییی یە ی زمانی کوردی و ئەلفوبێی عەرەبی ڕێکو پێك و سروشتی بووە.

هەرچی دیالێکتی کرمانجی باکوورە ئەویش ئێستا بووە بە زمانی یەکگرتووی نووسینی کوردی، چارەنووسی بە شێوەییێکی دیکە کەوتۆتەوە. من بەم جۆرە بۆ ئەم مەسەلەیە دەچم.

لە سەدەی هەڤدەمەوە ئەدەبێکی بەزر بە دیالێکتی کرمانجی باکوور کەوتە ناوەوە لە سەر بنچینەی دیالێکتی بچووکی بۆتانی و هەکاری، دامەزرێنەرانی عەلی هەریری و مەلای جزیری و فەقێی تەیران و ئەحمەدی خانی و شاپرتەوی هەکاری و هی دیکە بوون. لە سەدەی نۆزدەمدا ئەو زمانە ئەدەبی یە کەوتە لێژی یەوە. دەتوانم بڵێم جگە لە هەوڵی کوردی قەفقاسی ڕووسیاو کوردی سووریاو لە دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراق لە بادینان، هەولێکی وا نەدرابوو بۆ پێشکەوتنی ئەو زمانە لە ڕووی فەرهەنگی (قامووسی)و زاراوەی زانستی و تەعبیرەوە

(لێكسیكۆنەوە). لەبەر ئەوە تا ئێستا لە دوای بەرهەمی شاعیرە كۆنە كلاسیكی یەكانەوە كە لەمەوپێش باسیان لێوە كرا، دیالێكتێكی بچووكی كرمانجی باكوور نەبوو بە بنج و بناوان بۆ دروست بوونی زمانێكی یەكگرتوو و بتەوی نووسین وەكو ئەو دیاردەیەی لە كرمانجی باشوور دەبینرێ، واتە میحوەری "سۆران ـ هەولێر، موكریان ـ مەهاباد، ئەردەڵان ـ سنە، بابان ـ سلێمانی، گەرمیان ـ كەركووك".

ئەو كەموكووڕی یەی ئێستا لە ناوەوەیە لە كرمانجی باكووردا وەك زمانی نووسین و ئەلفوبێ ی لاتینی لە ئەنجامی ئەوەوەیە لە سەدەی نۆزدەمەوە وەزعێك ڕێك نەكەوتووە دیالێكتێكی بچووك ببێ بە بنج و بناوان بۆ دروست بوونی زمانێكی یەكگرتووی نووسین. لەبەر ئەوە ئەلفوبێ لاتینی یەكە یەكێتی و شمولییەتی تێدا نییە، هەر لایەنەو لە ناو ئەو ناوچەو هەرێمانەی تێیدا دەژین بایەخیان بە خاسیەتەكانی دیالێكتەكەی خۆیان داوە لە ڕووی ووشەی فەرهەنگی و زاراوەو دەنگی تیپەكانی زمانەوە .

بۆ ڕوون كردنەوەی ئەم لایەنە بەڵگەیێك دەخەمە ڕوو. گومان لەوەدا نییە كوردی كرمانجی باكوور ئەوەی كەوتۆتە كوردستانی عیراقەوە سەر بە دوو دیالێكتی بچووكی كرمانجی باكوورن: بادینانی پایتەختی ئامێدی یە (ئێستا دهۆك)، بۆتانی لە عیراق شاری گەورەی زاخۆو لە سووریا قامیشلی و لە توركیا جزیرەیە. لێرەدا ڕەنگە ئەلفوبێ لاتینیی‌یەكەیان لە هەردوولا بە گشتی وەكو یەك بن، بەڵام لە ووشەی فەرهەنگی و زاراوەو لێكسیكۆن جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە . بۆ بەڵگە ئەو زمانەی زانستگای دهۆك بەكاری دێنێ بۆ نووسینی جیاوازی هەیە لەگەڵ دیالێكتی زاخۆ (بۆتانی). ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەیە زانستیانە ئەم مەسەلانە جێبەجێ نەكراون. پەلەكردن لە هەموو شتێكدا ڕەوا بێ لە تاقی كردنەوەی زانستی و موختەبەرو كارگە كارێكی بەجێ نییە. لێرەدا كە باسم لە زانستگای دهۆك و زمانی كوردی كرد مەبەستم ئەلفوبێ نییە، چونكە ئەوان ئەلفوبێی عەرەبی بەكاردێنن. مەبەسم ئەو زمانەیە كە خەڵكی زاخۆش بە تەواوی تێ ی ناگەن.

بەم جۆرە من وای بە باش دەزانم پێویست ناکا ڕۆژی ئەمڕۆ ئەلفوبێی لاتینی بەزۆر یا بەخواهشت بسەپێنرێتە سەر نووسینی کوردی کوردستانی ئێران و عیراق، ئەوەی بە ئەلفوبێی عەرەبی لە ناو قالبی دا مەییوە، کەچی پراکتیکی ئەلفوبێی لاتینی لە دیالێکتی کرمانجی باکووردا هێشتا کەموکوڕی زانستی تێدا ماوەو بە تەواوی ساغ نەبۆتەوە، هەروەها دیالێکتێکی کرمانجی باکوور وەك زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو خۆی نەگرتووە، چونکە تاقی کردنەوەی کەم بووە.

**+ دەربارەی ئەو ڕایە چی دەڵێی کە پێی وایە کتێبخانەی کوردیی هێندە دەوڵەمەند نییە، دەتوانین کتێبە هەرە گرنگەکانی بگۆڕینە سەر تیپی لاتینی؟**

خەزنەدار: بۆ مەسەلەی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی لە نووسینی زمانی کوردی دا تەنیا لەبەر ئەوەی کتێبخانەی کوردی دەڵەومەند نییە، بیروباوەڕێکی سەیرو سادەو ڕاست نییە. تەنیا لەو حاڵەتەدا ئەوە ڕاستە ئەگەر ئەم ئەلفوبێیە پێویست بێ لەو کاتەدا کورد زیانێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێ. مەسەلەی ئەلفوبێی لاتینی بۆ ئەم کوردەی ئێمە وەکو مەسەلەی بەلاتینی بوونی ئەلفوبێی تورکی نییە. میللەتی تورکی موسوڵمان لە دوای حەوسەد ساڵ دەوڵەت و دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، سێسەد ساڵ میرنشین و چوارسەد ساڵ ئیمپراتۆریەت زیانی زۆری لێ کەوت، بەڵام لە دوای حەفتا هەشتا ساڵ توانیان تا پلەیێك سامانی نەتەوایەتی نووسراویان وەك سەرچاوەیێك بەکار بێنن بۆ ئەو مەدەنیەتەی بە زمانی نووسراوی لاتینی دروست بوو.

بەلای منەوە هەژاری و دەوڵەمەندی نامەخانەی قەومیی هەر میللەتێك پێوەندی بە گۆڕینی ئەلفوبێوە نییە. لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵی کوردەواری دا ئەلفوبێی عەرەبی لە ناوەوەیە، بەڵام لەم دووسەد ساڵەی دوایی دا لە مێژووی میللەتی کورد ئەو ئەلفوبێیە لە پێشکەوتووترین هەردوو کوردستانی عێراق و ئێران بەکار دەهێنرێ و تا پلەیێك ئۆقرەی گرتووە، لەبەر ئەوە حاڵی حازر

پێویست ناکا بیر له گۆڕینی بکرێتەوە، بێگومان بیرو ڕاو بۆچوونی لەم بابەتە سیاسی یە و زانستی نییە. کوردی ئێران تا ئێستا نەمبیستووە داوای گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بکەن. لە کوردستانی عێراقیش ڕەنگە دەنگەکە زیاتر لە بادینان بێ. سەرەڕای ئەمە ئایا وەزعی سەربەخۆیی سیاسیمان گەیشتۆتە ئەو پلەیەی توانای بڕیاردانمان هەبێ بە ڕەسمی فەرمانێك دەربکەین بە گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی؟!

یەك دوو جار لە ناو ڕۆشنبیرانی کورد چەندو چوون کەوتە ناوەوە. من دژی ئەو گفتوگۆ بێتامە بووم، چونکە بێ ئەنجام بوو، ئێستاش ئەگەر خوانەخواستە گفتوگۆی وا بکەوێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو کۆوارەکان من و زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد لە دژی دەبین. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئێمە دژی لاتینین، بەڵکو لەبەر ئەوە گفتوگۆی لەم بابەتە بێ ئەنجامە، چونکە زانستی نییەو سیاسی یە و زیان بە "ئاسایشی نەتەوەیی" دەگەیەنێ.

لە دوا ڕۆژێکی دوور یا نزیك ئەگەر تورکیا ببێ بە ئەوروپایی ئەو میلیۆنە زۆرەی کوردی ئەویش دەبن بە ئەوروپایی، ئەمانە زمانی نووسینیان بە ئەلفوبێی لاتینی یە، واتە بە تەواوی کوردی ئەوێ لەگەڵ مەدەنیەتی نەتەوەکانی ئەوروپا دەگونجێن، بەلام ئێمەی کوردستانی عێراق و ئێران هەر لە ئێستاوە ئەلفوبێمان بکەین بە لاتینی ئەمە تا چەند خزمەتی مەدەنیەتمان دەکا لەناو هەموو ئەو نەتەوانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە ئێمەش بەشێکین لەوان!

لەبەر ئەوە پێویستە ئەم مەسەلەیە هەڵبگیرێ بۆ کاتی خۆی. کوردی باکوور (کرمانجی باکوور) با ئەلفوبێی لاتینی و کوردی باشوور (کرمانجی باشوور) ئەلفوبێی عەرەبی بەکاربێنن. دەبێ جارێ باس لەمە نەکەین، چونکە ئەم پرسیارانە بێ وەرامن:

١ـ کەی کوردستانی عیراق دەگاتە ئەوەی خەباتی بۆ دەکا؟

٢ـ چارەنووسی کوردستانی ئێران بەچی دەگا؟

٣ـ کوردی سوریاو قەفقاسی ڕووسیا دەگەنە چی؟

٤ـ کوردی تورکیا لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئەو وولاتە ئەگەر بوون بە ئەورووپایی چارەنووسیان چی دەبێ؟ ئەگەر نەبوون بە ئەورووپایی چارەنووسیان چی دەبێ؟

**+ هۆکاری پێشنکەوتن و گەشەنەکردنی زمانی کوردی وەك پێویست، خودی کورد بۆ خۆی گرفتێك نەبووە؟ زۆرکات بەشێك لە شۆڕشداو بەشێك لە بەربەرەکانێ دا بوون؟**

خەزنەدار: ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، هەموو لایەنێکی کولتووری کوردو سیاسەت و خەباتی ڕۆژانەی دەگرێتەوە، نەك تەنیا زمان و ئەلفوبێ. پێش ئەوە کارێکی بەجێیە ڕاستی یێك بخەینە ڕوو، ئەویش ئەوەیە بە زۆری سیاسیی و مێژوونووسەکانمان لە دواکەوتنی کورد تەنیا "دەرەوە" تاوانبار دەکەن (ئەمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمی ئەورووپاو هاوسێکانمان لە عەرەب و تورك و عەجەم)، وەکو "ناوەوە" هیچ گوناهێکی نەبێ. بێگومان خەتای خۆمان لە دواکەوتنماندا زیاترە لە خەتای بێگانە. ئێرە جێی ئەوە نییە بە دوورو درێژی باسی لێوە بکەم، تەنیا ئەوە دەڵێم ئێمە نەمانتوانیوە چاکەو بەرژەوەندی خۆمان لەگەڵ چاکەی ئەمپریالیستەکانی ئەورووپاو ئەمەریکا بگونجێنین، دیپلۆماسی یەکانمان لە پلەی بەرامبەر نەبوون، لەگەڵ هاوسێکانمان، بە ڕاستی ئەوەی لە دڵماندایە بۆیانمان نەدرکاندووە، لە ناو گێژاوی "ئیزدیواجی یەت"دا دەژین.

هەرچۆنێ بێ هەموو کەمووکوڕی یێکی ژیانی کوردەواری دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەسەڵاتێکی بەڕاستی خاوەن بڕیاربێ. ئەگەر ڕۆشنبیری بێ دەسەڵات بڕیاری زانستی و بەجێی زۆربووبێ دەسەڵاتێك نەبووە ئەو بڕیارانە بگەیەنێتە ئەنجام. ئەگەر بە پراکتیك هەندێ بڕیار سەری گرتبێ بۆ ماوەیێك بووە، لە پاش ئەوە لە بیر چۆتەوە، ئەمە نموونەی کارەساتی گەورەیە لە ژیانی ڕۆشنبیری نەتەوەیی.

لە هەزاران هەزار بڕیار چەند نموونەیێك دێنمەوە.

لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتی بە هۆی كۆوارەكانی "گەلاوێژ" (١٩٣٩ ـ ١٩٤٩)و "دەنگی تازە" (١٩٤٣ ـ ١٩٤٧) گەلێ زاراوەی تازە زمانی كوردیان دەوڵەمەند كرد, تۆفیق وەهبی دەستێكی باڵای هەبوو لەم چاكسازی یەی ووشەی فەرهەنگی و لێكسیكۆنی زمانی كوردی, بە تایبەتی لە مەیدانی زاراوەكانی سیاسی و دیبلۆماسی و جەنگی و هەموو كاروبارێكی پێوەندی‌یان بە هەموو جۆرە چەكەكانی جەنگەوە هەبێ، ئەم دوو كۆوارە خزمەتیان تەنیا لەم لایەنەوە نەبوو, بەڵكو هەموو لایێكی زمانی كوردییان دەوڵەمەند كردبوو.

بە ڕاستی من تێناگەم لەبەرچی ووشەكانی "كۆمەڵ, ئەنجام, گیروگرفت, تەنگوچەڵەمە"و سەدان ووشەی دیكەی نیوسەدە زیاترە لە زمانی نووسینی كوردی بەكار دەهێنرێن و بوون بە بەشێك لە ووشەی ئەدەبی زمانی یەكگرتووی كوردی دەڵێم لەبەرچی لە دوای ڕاپەڕین (١٩٩١) ئەم ووشانەی دەسكاری كران و هەندێكیشیان لەناوچوون. هەندێكیان بوون بە "كۆمەڵگا, سەرەنجام", گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە بۆ چ بوون بە "قەیران"، ئاخر "قەیران" عەرەبی نییە بۆ ئەوەی لێی بترسین, بەلام ووشەكە لەبەر ئەوەی "توركی ـ مەغۆلی"یەو عەرەبی نییە بۆیە لێی ناترسین!

كارەسات لەوەدایە ووشەی فەرهەنگی و زاراوەی زمان لە جەوهەری ڕەسەنی چەسپاوی خۆی بپچڕێ. ئەمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەوزایەی زۆرتری سیاسەت دروستی كردووە نەك پێویستی زانستی لەبەر ئەوە ڕەنگەكانی "زەرد"و "سەوز"و ئەو ئادەمزادە ناسكو جوانانەی "ژن"و "ئافرەت"یان پێ دەڵێین دەكەونە مەزادخانەوەو بە پێچەوانە بەكار دەهێنرێن. ئاخر هەموو كەسێك دەزانێ ووشەی "ئافرەت" تەنیا لە سلێمانی هەیە بەلام لەوێ قەدەغەیەو دەبێ بلێی "ژن"، كەچی لە هەولێر بە پێچەوانەوە "ژن" هەیەو "ئافرەت" نی یە، بەلام دەبێ بلێی ئافرەت!

**+ له مێژوودا کام لەم بوارانە زیاتر لە خزمەت بەرەوپێش چوونی زمانەکەماندا بووە، بواری سیاسی، فەلسەفی، ئەدەبی.. هتد؟**

خەزنەدار: لەم پرسیارەدا ناوی سیاسەت و فەلسەفەو ئەدەب هاتووە، وەك سەرچاوەییێکی گرنگ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵی ئادەمزاد. هەر چەندە بیری فەلسەفی دەوری لەم مەسەلەیەدا هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پڕ لە تەنگوچەڵەمەو زۆری بە بەرەوەیە لەم ماوەیەدا چاکتر ئەوەیە باسی لێوە نەکرێ، دەوری سەرەکی و بنچینەیی لە سیاسەت و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری دایە. دەکرێ هەندی لایەنی کاریگەریی سیاسەت و ئەدەبی بۆ جێبەجێ کردنی تەنگو چەڵەمەکانی زمانی کوردیی ڕوون بکرێتەوە.

مێژووی کۆن و نوێی بەسەرهاتی کورد زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنی واقعی ئەم مەسەلەیە، لەبەر ئەوە من وای بە باش دەزانم زۆر دوور نەکەوینەوە، هەرچۆنێ بێ پێویستە لە یەکەم دابەش کردنی خاکی کوردستانەوە دەست پێ بکەین، ئەمە دەکاتە ساڵی ١٥١٤ لە ئەنجامی شەڕی چاڵدێران لە نێوان سوڵتان سەلیمی عوسمانی سوننی و شا ئیسماعیلی سەفەوی شیعی. لە پێش ئەم مێژووە خاکی کوردستانی گەورە بەشێك بوو لە خاکی دەوڵەتە دەرەبەگی یە تۆتالیتاریەکانی عەرەبی عەباسبی و لە پاشانا بووەیهیی و سەلجوقیی و ئەوانی دیکە بە ناوی ئیسلامەوە. هەندێ جار بنەماڵەی کورد دەبوون بە میرو سوڵتان لە هەندێ لە ئاقارەکانی خاکی ئەم دەوڵەتە ئیسلامی یانە.

لە سەدەی شازدەمەوە کۆمەڵی کورد‌ەواریی خەریکی سیاسەت بوو، لەم قۆناغی یەکەمی مێژووی تازەی کە تا دەورووبەری دوایی سەدەی نۆزدەمی خایاند, خاکی کوردستان دووپارچە بوو. لای ڕۆژهەلات کەوتە ناو دەوڵەتی سەفەوی فارسی شیعە مەزهەب, لای رۆژئاوای کەوتە ناو دەوڵەتی عوسمانی تورکی سوننە مەزهەب، ئەمە یەکەمین کارەسات بوو کە کوردی کرد بە دووکەرت، سوننە و شیعە لە ڕووی مەزهەبیەوە, دوژمنایەتیش لە نێوان ئەم دوو ئاینزایەوە ئاشکرایەو پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە.

لەم قۆناغەدا لە هەردوو پارچەی خاکی کوردستان میرنشینی سەربەخۆو نیوە سەربەخۆ پەیدا بوون. ئەم وەزعە دەست بەسەری یە وای کرد کۆمەڵی کوردەواریی بە هەموو توێژ و چینەکانیەوە لە قەراغ مەیدانی هەڵسان و ڕاپەڕین و شۆرش و جەنگ و شەڕو شۆڕ بژین. نەبوونی مەرجی دەولەتی قەومی لە ناو میرنشینەکان دا هۆی سەرەکی دواکەوتویی کوردبوو.

ئەوەی ئاشکرایە دەولەت شتێکە و حوکومەت شتێکی دیکەیە. لە هەموو کۆمەڵێك و میرنشینێك دا ئەگەر هەموو دەسگاو بنکەو نێوەندی بەڕێوەبردن بە قانوون ڕێك نەخریٚ, ئەوە دەولەت نییە , بەڵکو حوکومەتە , واتە فەرمانڕەوایە. جا لەبەر ئەوەی کورد لەو دەورانەدا حوکومەتی بووە بەلام دەولەتی نەبووە بۆیە هەمیشە خەریکی سیاسەت بووە.

دەتوانم بلێم لە قۆناغی دووەمی دا لە سەدەی بیستەم بۆ جاری دووەم لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی بەشە عوسمانیی یەکەی خاکی کوردستان دابەش کرایەوە و بوو بە سێ پارچە. کوردستانەکانی عێراق و تورکیاو سووریا. لە سەدەی بیستەم دا کوردستانی عیراق نەبیٚ بە هۆی "قانوونی زمانانی ناوچەیی"یەوە (قانون اللغات المحلية) توانی خۆی و کوردی هەموو کوردستانی گەورە لە فەوتان بپاریٚزیٚ. لە کوردستانی تورکیا کورد ئیلغا کرا، کوردی سووریا دەورێکی ئەوتۆی نەبوو. کوردی ئێرانیش وەکو هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەبوو هەمیشە خەریکی سیاسەت بن، چونکە کاری ئەوان لە کوردستانەکانی دیکە، بە تایبەتی کوردستانی عیراق و سووریا قورستر بوو، چونکە کوردی ئێران بەپیٚی ئیدۆلۆجی یەتی "پان ئێرانیزم" زیاتر بەربەرەکانی دەکران و تا ئێستا بەربەرەکانی دەکرێن لەبەر ئەوەی سوننین، ئەوجا چەوسانەوەی قەومیی لە ئەنجامی سیاسەتی شۆڤێنیزمی قەومیی فارسی (پان ئێرانیزم) لە دوای ئەو دیٚ.

بەم جۆرە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەویٚ ئەم هەڵسوکەوتە تایبەتیەی کورد وای کردبوو تا ئێستا زیاتر خەریکی سیاسەت بیٚ، کەمتر خەریکی مەسەلەو

کێشەکانی دیکە بێ. ئیتر لەبەر ئەوەی لە سیاسەتەکەدا تا ئێستاش نەگەیشتۆتە ئەنجام بەوەی خاوەنی خۆی بێ نەیتوانیوە خزمەتی زمانەکەی بکا لە ڕووی پێگەیاندن و پەرەسەندن و گەیاندنی بۆ پلەیێك هەموو پێویستییەکانی ژیانی پێ بگەیەنێتە ئەنجام. سیاسەت نەك خزمەتی زمانی کوردی نەکردووە، بەڵکو بووە بە تەگەرەو ڕێگرو ڕێگەی نەداوە کەموکووڕی یەکانی لەناو بباو پەرەسەندن و گۆڕانی تەبیعی بەسەردا بێ.

لەو کاتەی سیاسەت بووە بە هۆی دواکەوتوویی زمانی کوردی، بەرهەمی ئەدەبیی، بە تایبەتی شیعر، نەك تەنیا کوردی پاراستووە وەکو نەتەوە، بەڵکو بووە بە مەرجی سەرەکی خەڵکی وەکو نەتەوەیێکی خاوەن مافی سەربەستی و ئازادی تەماشای بکەن. ئەگەر یەکێك بڵێ ئەدەبی کوردی پێشکەوتووە قسەی ڕاستی کردووە. باشە ئەدی لێرەدا تەناقوزاتێك دروست نابێ بەوەی سیاسەت بووە بە هۆی جێبەجێ نەکردنی کەموکوڕی یەکانی زمانی کوردی و ئەلفوبێی نووسینی، هەروەها لە ژێرسایەی ئەو سیاسەتە سامانێکی نەتەوەیی بەرزلەناو میللەتی کورددا دروست بووە ئەدەبی کوردی پێ دەڵێن؟ وەرامی ئەم پرسیارە ڕوون و ئاشکرایە، هیچ جۆرە گیروگرفتێك لەناوەوە نییە، چونکە پێشکەوتنی زمان و جێبەجێ کردنی کەمو کووڕیيەکانی پێوەندییان بە زانستییەوە (عیلمەوە) هەیە، واتە فیکرو بۆچوونی مێشك. هەرچی بەرهەمی ئەدەبیيە پێوەندی بە سۆزو خەیاڵ و ئەندێشەوە هەیە. زانستی زادەی فیکری تەجریدی و تەرکیبییە زیاتر بوونی دەوڵەت زەمینەی بۆ خۆش دەکا. بەڵام بەرهەمی ئەدەبیی و هونەریی زادەی خەیاڵی ئازادی و سەربەستییە مل بۆ هیچ جۆرە تیۆری و فەلسەفەیێك شۆڕ ناکاو تاقی کردنەوەو مەشقی تاکە کەسییە. لەبەر ئەوە لە کۆمەڵێکی دواکەوتووی کوردەواریی دا ئێمە تووشی گەلێ تەنگو چەڵەمە دەبین، بە زانستی (عیلم) نەبێ جێبەجێ نابێ، کەچی لە ئەدەبدا کە پێوەندی بە خەیاڵ و داهێنان (ئیبداع)ە وەهەیە پێشدەکەوێ، ئیتر دەبێ بە ڕەمزی نەتەوەی کورد یا جەوهەرێکی هەرە گرنگ لە بوونی نەتەوەیی.

بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر لەم لایەنەوە دەڵێم: لە مێژووی میللەتانی سەر ڕووی زەوی هەندێ میللەت سیفەتێکیان داوە بە خۆیان، یا خەڵکی دیکە ئەو سیفەتەیان داونەتێ، بۆ بەڵگە عەرەب بە شیعرو ئەڵمان بە مۆسیقاو چین بە قسەی نەستەق ناسراون. بەپێی ئەم قسەیە ئێمەی کورد بە ڕاستی لەلایەن خەڵکی دیکەوە بە شیعر نەناسراوین، بەڵام ئەگەر ئەوەی هەمانە بکەوێتە بەر چاوی ئەم خەڵکە گومانم لەوەدا نییە ئێمەش بە شیعرمانەوە دەماننناسن.

من بیر لەوە ناکەمەوە هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی ئەوروپا گوتوویانە هەموو تاکێکی کورد شاعیرە، ڕەنگە ئەمە لە عیلم دا زیاتر وەك نوکتە بکەوێتە بەرگوێ، چونکە ئەم قسەیە بوو بە نوکتە لەو کاتەی زانای کوردناس ڤیلچێڤسکی ڕووس لە گفتوگۆی نامەی خوێندنی بەرزم دا لە زانستگای سانت پیترسبورگ وەك ئەندامێکی لیجنەی تاوتوێ کردن گوتی: ئێوەی کورد ئەگەر هەمووتان شاعیر بن، ئەدی پێویستیتان بە دارتاش و نانەواو ئاسنگەرو مامۆستای قوتابخانەو ئەوانی دیکە نییە؟!

من سوورم لەسەر ئەوەی پێویستە گرنگی بە ئەدەبی کوردی بدرێ. ئەگەر لە کورد بپرسن بە ناوی چییەوە داوای ئەوە دەکەی کە "نەتەوە"ی و مافی چارەنووسی نەتەوەییت هەیە؟ گرنگترین شت لە مەرجە کولتووریەکانی کورد بە نەتەوە لە قەڵەم دەدەن ئەدەبەکەیەتی. ئەمەیان وەك مەرجێکی سەرەکی ئەگینا بەڵگەی زۆر بەدەست کوردەوە هەیە بڵێ لە مەیدانی ئەتنۆگرافی و هونەرو فۆلکلۆرو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەدگاری بەرزو جوانی خۆی هەیە لە میللەتانی دیکە جیای دەکاتەوە.

**+ دەگوترێ "ئەلفوبێی عەرەبیی" ئەم دەستەواژەیە تا چەند دروستە لە کاتێکا چەندینەتەوەی تر بەم ئەلفوبێیەدەنووسن؟**

خەزنەدار: وەکو لە پێشەوە گوتم نەك تەنیا ئەلفوبێی عەرەبی، بەڵکو هەموو ئەو ئەلفوبێیەی ئێستا لە بەردەست دایە لە ناو میللەتانی سەر ڕووی زەوی دەکرێ

دەسکاریی‌یان تێدا بکرێ و لەگەڵ دەنگی ووشەی هەموو زمانێك بگونجێنرێن، چونکە تیپ وێنەی دەنگە، تۆ دەتوانی بۆ هەموو زمانێك وێنەی ئەندازیاری و هێڵکاری دروست بکەی بۆ هەموو دەنگێکی ئەو زمانەی دەتەوێ ئەلفوبێ‌ی بۆ دابنێ‌ی. لەبەر ئەوە هیچ جۆرە گیروگرفتێك لەناوەوە نییە زمانی کوردی و هەر زمانێکی دیکە بە ئەلفوبێ‌ی عەرەبی یا لاتینی بنووسرێتەوە.

لێرەدا مەسەلەی پراکتیك گرنگە، بۆ ئەمە دەڵێم ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو لەگەڵ ئەلفوبێ‌ی عەرەبیی ڕاهاتووین، ئەگەر زەروورەتێك هەبێ بۆ گۆڕینی ئەم زەروورەتە ئێستا لە ناوەوە نییە، لەبەر ئەوە دەبێ پشت گوێ بخرێ، چونکە سەر لە سیاسەت دەشێوێنێ و تەنگو چەڵەمەی زیاترمان بۆ دروست دەکا.

هەرچی پرسیارەکەشە لە بابەت ئەلفوبێ‌ی عەرەبیەوە کە لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە پارچەیێکی جوگرافی گەلێ گەورەو فراوان کەوتە ناوەوە، هەوڵ دەدەم قسەی لەسەر بکەم.

پێم خۆش دەبوو باسی هەموو ئەلفوبێکانی لە زمانانی گێتی بەکار دەهێنرێن بگێڕمەوە، ئەمە کارێکی دوورو درێژە، لەبەر ئەوە تەنیا ئەلفوبێ‌ی لاتینی و عەرەبی وسیریلی (سلاڤی، ڕووسی) دەدوێم، چونکە ئەمانە پێوەندی‌یان بە زمانی کوردیەوە هەیە. هەروەها زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی سەر ڕووی ئەم زەوی‌یە بەکاریان دێنن.

١ـ ئەلفوبێ‌ی لاتینی: ئەلفوبێ‌ی زمانی ڕۆمانەکانی کۆن کە ناوی لاتینی بوو بریتی بوو لە (٢٣) تیپ (دەنگ)، ئێستا بەکار ناهێنرێ و بووە بە زمانێکی مردوو. ئەلفوبێکەی بە هەرمێنترین و بڵاوترین نموونەی ڕەمزی کولتوورو مەدەنی‌یەتی میللەتانی گێتی‌یە.

ئەو میللەتانەی ئەلفوبێ‌ی لاتینی بەکار دێنن ئەمانەن: هەموو میللەتانی ئەوروپا جگە لە هەندێ میللەتانی گرووپی سلاڤی، هەموو میللەتانی ئەفەریقا، جگە لە وولاتانی عەرەبی هەندێ لە گرووپی سامی ئەو کۆنتینێنتە، زیاتر لە بیست میللەت

له ئاسیاو ئۆقیانووسی باسفیك و ئوسترالیا، هەموو میللەتانی ئەمەریکای باکوورو ئەمەریکای باشوور (لاتینی). وەکو دیارە ئەمە نیوەی زیاتری خەڵکی سەر ڕووی زەوی دەگرێتەوە. ژمارەی ئەو میللەتانەی لە دەرەوەی ئایینی مەسیحی و لە دەرەوەی ئەوروپا و ئەمەریکا دەژین لە شەست میللەت زیاترن لەسەر بنچی لاتینی ئەلفوبێی زمانی نووسینی قەومی‌یان ڕێك خستووە. لەم ئەلفوبێیانەدا لە ئەنجامی دەسکاری کردنی (٢٣) تیپە لاتینی‌یە کۆنەکە نزیکەی (١٧٠) تیپی وێنەی هەندەسی یان دروست کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگی تیپە جیاوازەکانی زمانیان بگونجێ.

جگە لەمە دەمێکە میللەتانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بیریان لەوە کردۆتەوە خۆیان لە تەنگو چەڵەمەی ئەلفوبێ هیرۆگلیۆفی‌یە کۆنەکانیان ڕزگار بکەن و بچنە سەر ئەلفوبێی لاتینی.

٢ـ ئەلفوبێی عەرەبیی: ئەلفوبێی زمانی عەرەبیی لە بیست و هەشت تیپ پێك هاتووە. زمانێکە لەگەڵ زمانەکانی گرووپی سامی تیپی دەنگداری تێدا نییە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی نووساندنی تیپە بێ دەنگەکان بە هۆی ئیشارەتەوە (حەرەکەتی پێ دەگوترێ) ووشە دروست بکەن، ئیشارەتەکان بە کوردی سەرو ژێرو بۆریان پێ دەگوترێ (ـَـ ـِـ ـُـ). ئەمە هەندێ جار تەگەرە دروست دەکا ئەگەر عەرەبی هەڵبژێردرێ بۆ زمانێکی تیپی دەنگداری زۆری تێدا بێ، لەگەڵ ئەوەشدا دیسانەوە زانای زمانەوان دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ و لەو تیپانەی لە زمانی عەرەبیدا دەکەونە بەرچاو تیپی تازە دروست بکا بۆ ئەو دەنگانەی لە زمانەکەی خۆی دا بوونیان زۆرە.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناو میللەتە ئیتنی‌یە جیاوازەکانی گێتی, هەڵسوکەوتی مێژوو ئەوەی دەخواست هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەم میللەتانە بە هۆی ئایینی تازەوە ئەلفوبێ کۆنەکەی گریك و ڕۆمان (لاتینی) زمانەکان لەناوچوون, بەڵام ئەلفوبێکان بۆ زمانی نەوەکانی ئەم دوو نەتەوەیە مانەوە کە بریتی بوون لە زۆربەی میللەتانی ئەوروپاو هەردوو ئەمەریکا.

ئەلفوبێی عەرەبی بە خۆیو (٢٨) دەنگیەوە بوو بە بنج و بناوان بۆ زمانانی کوردیی (٣٥ دەنگ)، فارسیی (٣٢ دەنگ)، تورکی عوسمانیی (٣٠ دەنگ)، ئەفغانی (پشتوو) (٤٠ دەنگ)، ئوردوو (٣٦ دەنگ). جگە لەمە لە شاخی تیان شانەوە بەرەو ڕۆژئاواو هەموو ئاسیای ناوەڕاست تا باکووری زەریای قەزوین، ئینجا بەرەو خوار بۆ قەفقاسی ڕووسیاو تا خاکی ئێرانی دێرین زیاتر لە پەنجا نەتەوەی موسوڵمان زۆربەیان زمانیان لە گرووپی تورکی ـ مەغۆلی، بڕێکیان هیندو ـ ئەورووپی یە ئەلفوبێ عەرەبی بۆ زمانی نووسینیان کەوتە کار، هەندێ لەو هۆزو تیرەو عەشیرەت و میللەت و نەتەوانە ئەمانەن: تاجیك، ئەسیتین، ئەبجاز، ئەدجار، چەچان، ئەنگووش، ئاڤار، لەك، تورکمان، ئازەری، تەتار، بەشکیر، قووم، قەرەقەڵپاغ، کازاخ، نۆگایی، قەرەغیر، ئۆزبەگ، یاقووت، بووریات و هی دیکە.

بە مەبەستی گونجاندنی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ ئەلفوبێی زمانی قەومیی ئەم میللەتانە زیاتر لە (٣٠) وێنەی تازە لە تیپەکانی ئەلفوبێی عەرەبی دروست کراون بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگەکانی ئەلفوبێی ئەو زمانانە بگونجێن.

ئەلفوبێی عەرەبی تا دوای جەنگی یەکەمی گێتی سەدەی بیستەم لەم پارچە جوگرافیە گەورەو فراوانەداو لە ناو ئەم هەموو میللەتە زۆرەدا لە کاردا بوو. لە دوای جەنگ بە هۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دروستبوونی تورکیای تازە ئەلفوبێی عەرەبی لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسی ڕووسیا ئیلغا کرا. ئەلفوبێی لاتینی جێی ئەلفوبێی عەرەبی گرتەوە، بەڵام لە وڵاتی ڕووسیا لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤییەتەکان ئەلفوبێی لاتینی ئەو میللەتانە ماوەیێکی کەمی خایاندو لە دوای جەنگی دووەمی گێتی ئەلفوبێی تازەیان بۆ دانرا لە سەر بنج و بناوانی ئەلفوبێی ڕووسی (سلاڤی، سیریلی)، کەچی لە تورکیا لاتینی تا ئێستا ماوەتەوە.

٣ـ ئەلفوبێی ڕووسی (سیریلی): ئەم ئەلفوبێیە مێژوویێکی کۆنی هەزار ساڵەی هەیە. سلاڤەکانی ڕۆژهەڵات (ڕووس و بێلۆ ڕووس و ئۆکرانی)و سلاڤەکانی ڕۆژئاوا (بولغارو مەکدۆنی و سیرب و کروات)و هی دیکە بە درێژایی ڕۆژگار بەکاریان هێناوە.

له دوای دروست بوونی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان لەسەر خاکی ئیمپیراتۆریەتی ڕووسیا زۆربەی میللەتە موسڵمانەکان لە پێشانا ئەلفوبێی لاتینییان بۆ دانان، لە دوای جەنگی دووەمی گێتی ئەلفوبێی ڕەسمییان بۆیان ڕێك خست لە سەر بنجی ئەلفوبێی سیریلی. لێرەدا ئەوەی من بیزانم مەسەلە ئەوە نەبوو بە چاوێکی نزم تەماشای ئەم میللەتانەیان دەکرد، وەکو ئەوەی بە ئایین ئیسلام و وەك میللەت بێگانەن بەرامبەر بە ڕووس، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەبوو بەشی زۆریان بە ژمارە کەم بوون و لە ڕووی خوێندەواریی و ڕۆشنبیرییەوە پێشکەوتوو نەبوون.

له کۆمەڵی ڕووسیا (دەسەڵاتی سۆڤیەتی کۆن) بۆ زمانی (٤٥) میللەت ئەلفوبێ لەسەر بنج و بناوانی تیپی (حەرفی) ڕووسی (سیریلی) دانرابوو، بۆ ئەم مەبەسە لە ڕووی زانستییەوە (٦١) وێنەی تیپ بە شێوەی هەندەسی لە تیپەکانی ئەلفوبێی ڕووسی دروست کرابوون بۆ زمانی ئەم میللەتانە.

له دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ڕووسیای گەورەدا (١٩٩١) هەندێ لە نەتەوە موسوڵمانە پێشکەوتوو و بە ژمارە زۆرەکانی ئەو وڵاتە داوای گەڕانەوەی ئەلفوبێی عەرەبی دەکەن. ئەوەی من ئاگادارم ئەو بیروڕایە لە ناو خەڵکی ئەو میللەتانەوە هەڵقوڵاوەو ڕووسیش بە تەنگەوە نییە ئەو میللەتانە بە چی ئەلفوبێیێك دەنووسن. بۆ بەڵگە کوردی ئەوێ لە دوای جەنگی دووەمی گێتی کە ئەلفوبێی ڕەسمییان لەسەر بنجی ئەلفوبێی ڕووسیی دانا، لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان کوردی ئەو وڵاتە گەڕانەوە سەر ئەلفوبێی لاتینی ئەوەی لە دوای جێگیربوونی دەسەڵاتی سۆڤیەتی بۆیانیان دانابوو.

**+ وەك دەزانرێ ئەو ئەلفوبێ عەرەبییەی کە چەندین ساڵە بەکاری دەبەین زۆر قۆناغی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم شێوەیەی ئێستای، ئایا بڕیاردان لەسەر وەلانانی ئەمانخاتەوە سەر سەرەتای دەسپێکردنەوەیەکی تر؟**

خەزنەدار: ئەمە ڕاستە بە درێژایی سەدەی بیستەم ئەلفوبێی عەرەبی لە زمانی کوردی دا جێگیر بووەو بەشی هەموو پێویستییەکانی نووسینی زمانی کوردی

دەکا، تاقی کردنەوەی کوردستانی عیراق لەم لایەنەوە تەنیا بۆ خۆی نەبووە بەڵکو لە هەموو کاتێك دا ئەو پەرەسەندن و گۆڕان و پێشکەوتنەی لە سلێمانی و هەولێر لە ڕۆشنبیریی کوردیی دا دەگاتە ئەنجام ڕۆژی دوایی لە سنەو مەهاباد دەنگ دەداتەوە. مەسەلەی گواستنەوەی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ لاتینی یا بەکارهێنانی هەردووکیان پێکەوە لە کوردستانی عێراق بووە بە مەسەلەیێکی سیاسی. ئەوانەی هەوڵ دەدەن ئەم کارەیان بۆ بچێتە سەر کۆششیان سەر ناگرێ، چونکە دەسەڵاتێك لە ناوەوە نییە بڕیارێك دەربکا بۆ ئەم مەسەلەیە، وەکو مستەفا کەمال ئەتاتورك بە شۆرش و قانوون گەیاندییە ئەنجام. ئەوانەی لەسەر ئەو باوەڕەن زیاتر ڕەچاوی وەزعی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی تورکیاو سووریا دەکەن, ڕەنگە لەم لایەنەوە لە ڕووی تیۆریەوە هەندێ بەڵگەیان بە دەستەوە بێ, بەو مانایەی کارێکی قورسە بە تایبەتی کوردی تورکیا بە ئاسانی بتوانێ خۆی لە ئەلفوبێی لاتینی ڕزگار بکا, لەبەر ئەوە لەم لایەنەوە هیچ چارەیەك نییە جگە لە بێدەنگی و دواخستنی ئەم مەسەلەیە بۆ کاتی خۆی لە دوارۆژدا.

بە هیچ جۆرێ دروشمی نازانستیی و ناواقعیانەی "عەرەبی یا لاتینی" نابێ لە ناوەوە بێ, بەڵکو هەر یەکە لە زاراوەی لاتینی لە کرمانجی باکوورو عەرەبی لە کرمانجی باشوور دەمێنێتەوە, هەر هەولێك یان داوا کردنێك یا گفتوگۆ کردن لە بابەت ئەم مەسەلەیەوە بەلای منەوە پێوەندی بە "ئاسایشی نەتەوەیی"یەوە هەیە, چونکە دروشمێکی بێ ئەنجامەو زانستی نییە, پیاو هەست دەکا بۆ بەرژەوەندی گشتی نەهاتۆتە ناوەوە.

تۆ دەپرسی "ئایا بڕیاردان لەسەر وەلانانی ئەلفوبێی عەرەبی کارێکی وائاسانە؟" دەڵێم کارێکی ئاسان نییە, چونکە ئەو دەسەڵاتەی دەتوانێ ئەلفوبێی لاتینی لە باتی عەرەبی لە نووسینی کوردی دا بکا بە ڕەسمی هێشتا لە کوردستانی عیراق پەیدا نەبووە. کەی ئەم دەسەڵاتە بێتە ناوەوە بە قانوون جێبەجێی دەکا وەکو مستەفا کەمال فەرمانی دەکرد بۆ بەکارهێنانی لاتینی و ئەلفوبێی عەرەبی

قەدەغە کرد. هەموو هاوولاتی یێکی ئەو کاتەی تورکیا لە سەری پێویست بوو قانوونەکە جێبەجێ بکا، لە قوتابخانەی سەرەتایی و ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنیەوە دەستی پێ کرد. ئەم وەزعە بۆ کورد نەڕەخساوە، لێرەدا مەبەسم هەموو ناوچەکانی دیالێکتی کرمانجی باشوورە، بەڵام ئەگەر بە ناوی سەربەستی و بیری ئازاد و دیموکراتیزمەوە ڕۆژنامەو کۆوارو کتێب و چاپەمەنی دیکە بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاوبکرێتەوە، ئەم کارە جۆرە گێرە شێوێنی و فەوزاو ئاژاوەیێك دەنێتەوە، چونکە ناکرێ نووسینی تاکە زمانێك بە دوو جۆرە ئەلفوبێ بنووسرێتەوە، تەنیا لە زانستگا نەبێ بۆ تۆماری تێکستی نووسینی دیاری کراو یا ڕوون کردنەوەی مەسەلەیێکی زمانەوانی ئەلفوبێی لاتینیش بەکار بهێنرێ.

نویشکی بیروڕای من ئەوەیە پڕۆپاگەندە کردن بۆ نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی لە دیالێکتی کرمانجی باشوور (کوردستانی عێراق و ئێران) بە هیچ جۆرێ کارێکی بەجێ نییە نە لە ڕووی زانستییەوەو نە لە ڕووی سیاسییەوە، چونکە ئارەزوویێکی بی ئەنجامە.

لای ئێمە مەسەلە هەیە زۆر گرنگە پشت گوێ دەخرێ، هەندێ مەسەلەی دیکەش هەیە گرنگە بەڵام دواخستنی بۆ ڕۆژی خۆی باشترە. ئێمە پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کامە تاکتیك بەکار بێنین بۆ ستراتیجی نزیك، هەروەها سبەینێ کامە تاکتیك بەکار بێنین بۆ ستراتیجی دوور. نابێ کاتمان بە فیڕۆ بدەین بۆ مەسەلەیێك ئێستا شایانی بایەخ پێدان نییە. هەموو ڕۆشنبیرێك پێویستە دروشمی "ئەلفوبێی عەرەبی یا لاتینی! " ڕەفزبکا. کارێکی ناشیرینە خۆمان بە تیشکی ڕۆژی ناو ئالاکە خەریك بکەین، بۆ ئیسپات کردنی کوردییەتی ڕۆژەکە (٢١) تیشکی بۆ دروست بکەین، بە ناوی ڕۆژی نەورۆزەوە کە دەکەوێتە ناو (٢١)ی مانگی مارت.

ئەو نەخوێندەوارانەی ئەم کارەیان کردووە نەیانزانیوە ئەم (٢١) ە مەسیحییە، ئەو ڕۆژە یەکێکە لە ڕۆژانی مارت کە لە (٣١) ڕۆژ پێك هاتووە، بەڵام لای ئێمە ئەو ڕۆژە (١)ی مانگی نەورۆزەو سەری ساڵی تازەیە.

**+ دەگوترێ بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی گرفتە لە بەردەم ستاندارد بوونی زمانی یەکگرتووی کوردی دا؟**

خەزنەدار: ئەمە ڕاست نییە. بەلای منەوە نە ئەلفوبێی عەرەبی، وە نە ئەلفوبێی لاتینی هیچ یەکێکیان گیروگرفت ناخەنە بەردەم بە ستانداردبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی. گریمان وەزعێکمان بۆ بڕەخسێ بتوانین یەکێك لەم دوو ئەلفوبێیە هەڵبژێرین لە ڕووی عیلمیەوە هیچ جیاوازییێك لە ناوەوە نییە، هەر کامەیان هەڵبژێرین دەتوانێ پێویستییەکانی نووسینی کوردیی جێبەجێ بکا. بەڵام لە ڕووی واقعییەوە مەسەلەکە بە شێوەیەییێکی دیکە دەکەوێتە ڕوو، چونکە گیروگرفتی قووڵ و گرێ کوێرەی مەسەلەکە لەوەدایە، ئێمە تەنیا یەك زمانی یەکگرتووی نووسینی ستانداردی کوردیمان نییە، ئەگەر یەك زمان بوایە ئەو کاتە دەمانتوانی تەنیا باس لە هەر دوو ئەلفوبێکە بکەین و بڕیار دەربکەین کامەیان گونجاوترە.

هەرچەندە لەم گفتوگۆیەدا باس لە دوو زمانە کوردیەکەی نووسین کراوە، کرمانجی باشوور بە ئەلفوبێی عەرەبی و کرمانجی باکوور بە ئەلفوبێی لاتینی، بەڵام پێویستە لێرەدا هەندێ زانیاری دیکەتان پی ڕابگەیەنم.

لە کۆنەوە ئەلفوبێی عەرەبی بۆ زمانی نووسینی کوردی و زمانی نەتەوەکانی بوون بە موسوڵمان بەکار هێنراوە، ئەمە تا جەنگی یەکەمی گێتیی سەدەی بیستەمی خایاند. ئەو پارچە کوردستانەی کەوتە تورکیا دەبوو بچێتە سەر لاتینی، چونکە ئەوێ تا ئێستاش مەسەلەی نەتەوەییان لەگەڵ دەسەڵاتی تورکیایە. بە لای منەوە لە حاڵەتێکدا کوردی تورکیا دەتوانێ بڕیاری خۆی دەربکا ئایا پێویستە لەسەر ئەلفوبێی لاتینی بمێنێتەوە یا ئەلفوبێی عەرەبی زیندوو بکاتەوە لەوکاتەی تەواوی بڕیار بەدەست خۆیەوە بێ. ئەمە کارێکی دژوارە، پیاو دەترسێ بیری لێ بکاتەوە.

کوردی ئەویٚ کەی دەگاتە ئەو ڕۆژگارە؟ پێش ئەوەی تورکیا ببێ بە پارچەیێك لە ئەوروپا یا پاش ئەو؟ خۆ ئەگەر پاش ئەو بێ کارێکی موستەحیلە بەشێکی ئەوروپا کە کوردەکەی تورکیایە واز لە ئەلفوبێی لاتینی بێنێ، ئەوەی هەموو نەتەوەکانی ئەوروپا بەکاری دێنن، خۆ ئەگەر کورد ئەفتۆنۆمی یا فیدراڵی هەتا ئەگەر کونفیدراڵیش بێ لەگەڵ تورك مەسەلەی لابردنی ئەلفوبێی لاتینی جێی باس نابێ.

دەمێنێتەوە حاڵەتێك کوردی ئەویٚ ئەگەر کاری خۆی بە تەواوی بکەوێتە دەستی خۆیەوە! ئەمە کەی دەبێ و چۆن دەبێ؟ وەرامی ئەم پرسیارانە بە کەس نادرێتەوە، لەبەر ئەوە دەڵێم ئەم مەسەلەیە بڤەیە، ڕۆژی ئەمڕۆ پێوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی‌یەوە هەیە، لەبەر ئەوە لەو مەسەلە گرنگانەیە پێویستە دوا بخرێ بۆ ڕۆژی خۆی.

ئەم هەموو بەڵگانە دەمانگەیەننە ئەنجامێك کە دەڵێین زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، نابێ بیر لەوە بکەینەوە لە هەردوو دیالێکتی کرمانجی باکوورو کرمانجی باشوور زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو دروست بکەین، چونکە دوو زمانی یەکگرتوومان هەیە بۆ نووسین، لەبەر ئەوە تەعبیری زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بۆ هەردووکیان بەکاردێ، واتە هەر یەك لەم دوو زمانە کەڵك لە دیالێکتە بچووکەکانیان وەردەگرێ، لێرەش دا ئەوی ڕاستی بێ لە دیالێکتی کرمانجی خواروو زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دروست بووە لە ڕووی ووشەی فەرهەنگی و زاراوەو لێکسیکۆن و ئەلفوبێوە، کەچی لە کرمانجی باکووردا لەو پلەیەدا نیيە، چونکە کولتووری ئەوان بەسەر هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورەدا دابەش بووە، تەنانەت شریتێکی باریکیشیان لە ئێران هەیە لەسەر سنووری نێودەوڵەتی تورکیا و ئێران.

**+ لە مێژوودا بڵاوبوونەوەی ئەلفوبێی لاتینی لە ئەنجامی داگیرکاری و سەپاندن هاتۆتە ئارا، ڕۆمەکان لە سەردەمی حوکمڕانییاندا ئەم تیپەیان داهێناو لە ماوەیێکی کەم دا لە وولاتە ژێر دەستەکانیان دا تەشەنەی کرد،**

**بەڕای جەنابتان لە ئێستای واقعی ئێمەدا ئەم مێژووە خۆی دووبارە کردۆتەوە؟**

خەزنەدار: ئەم پرسیارە گرنگە بەڵام لەبەرئەوەی هەندێ ناڕاستی تێدایە، بەلای منەوە پێویستی بە ڕاست کردنەوەو ڕوون کردنەوەی هەندێ لە لایەنەکانی هەیە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەلفوبێی لاتینی کۆنترین ئەلفوبێیێکە تا ئێستا ماوەتەوەو بەشێکی زۆر لە میللەتانی سەر ڕووی ئەم زەوی یە کردوویانە بە ئەلفوبێی ڕەسمی زمانی نووسینی خۆیان. ئەم میللەتانە دەکرێن بە دوو بەشەوە.

١ـ میللەتانی ئەوروپا و هەردوو ئەمەریکا, زۆربەی هەرەزۆریان لە ڕووی نەژادەوە هیندو ئەوروپین, نەوەی گریك و ڕۆمانەکانن, میراتگری هەمووی مێژووی ئەم دوو نەتەوەیەن. لە سەردەمی هەزارەی پێش مەسیح کە مەدەنیەتی گریك لە ناوەوە بوو, خاوەنی شارستانیەتی رەسەنی خۆی بوو, ئەلفوبێی تایبەتی هەبوو. لەدواسالآنی هەزارەی پێش مەسیح لەلای ڕۆژئاوای وولآتانی گریکەکانەوە "یۆنانی ئێستا" ئیتالیای ئێستا، بەتایبەتی شاری ڕۆمای پایتەخت، خەڵکی ئەوێ خەریکی دروست کردنی دەسەلآت بوون. بە درێژایی ڕۆژگار پەرەیان سەند, مەدەنیەتی گریك بە هەموو لایەنێکییەوە بە میرات بۆ ئەوان مایەوە, لە ئەلفوبێی گریکی کۆن دا هەندێ تیپ هەبوون وەکو خۆیان مانەوە بۆ ئەلفوبێی لاتینی. ڕۆمانەکان هەندێ تیپی تازەیان خستە سەر ئەو تیپانەی لە ئەلفوبێی گریکییەوە وەرگیرابوون, ئیتر ئەو ئەلفوبێیە پەیدا بوو کە ئێمە "لاتینی" پێ دەڵێین. لە سەردەمی پەیدابوونی مەسیح ئەم ئەلفوبێیە لە هەموو هەرێمەکانی ڕۆژئاوای گۆی زەوی بۆ نوسین بە کار دەهێنرا, لەبەر ئەوە چوار یارەکەی مەسیح مەتتاو مەرقوس و لۆقاو یۆحەننا کە ئینجیلیان بە زمانی لاتینی نووسیەوە ئەم ئەلفوبێیەیان بەکار هێنا.

لە پاشانا لە سەدەکانی ناوەڕاست لە دیالێکتە قەومی یەکانی هۆزو تیرە جیاوازەکانی خەڵکی ئەوروپا بە یارمەتی زمانی گریکی و ڕۆمانی "لاتینی" زمانی قەومی نەتەوە تازەکانی ئەوروپا پەیدابوو. بە درێژایی ڕۆژگار لاتینی کەوتە کزی یەوە, تا بە تەواوی پەکی کەوت و بوو بە زمانێکی مردووی ئەرکیۆلۆجی, بەڵام

لەگەڵ ئەوەش دا تا ئێستا لە دەسگای زمان و ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا لە زانستگاکان دا دەخوێنرێ, ئەو زمانە لاتینی‌یە کۆنە زمانێکی ئاسانە، پیاو زوو فێری دەبێ. ڕاستە قسەی پێ ناکرێ بەڵام هەموو تێکستێکی کۆنی ئەو زمانە بە هۆی فەرهەنگی جۆراو جۆرەوە وەردەگێڕدرێتە سەر هەموو زمانێکی پێویست بێ. لەبەر ئەوە دەبینین ئەم ئەلفوبێ‌یە بە زۆر نەسەپێنراوەتە سەر هیچ نەتەوەیێکی ئەوروپاو هەردوو ئەمەریکا، بەڵکو وەکو میراتێکی کولتووری و خوێندەواری لە باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە.

٢ـ لە دوای سەدەکانی ناوەڕاست و پەیدابوونی بزووتنەوەی ئەمپریالیزم لە ئەوروپاو کۆلۆنیالی کردنی هەندێ لە نەتەوەکانی ئاسیاو ئەفەریقا ئەلفوبێی لاتینی لەناو هەندێ لەو میللەتانە پەیدا بوو. ئەمە کارێکی تەبیعی بوو، بە زۆر نەبوو، چونکە ئەم میللەتانە لە بنجدا ئەلفوبێ و خوێندەواری‌یان نەبووە، کە گەیشتوونەتە پلەیێك پێویستی‌یان بە ئەلفوبێ هەبێ بۆ زمانی نووسینیان پەنایان بۆ ئەلفوبێی لاتینی بردووە، چونکە ئەلفوبێی دیکە لە ناوەوە نەبووە، ڕاستە ئەلفوبێی عەرەبی لەو سەردەمانەدا لە ئاسیاو باکووری ئەفەریقا لەناو کۆمەڵی عەرەبدا هەبووە، بەڵام میللەتەکانی دیکە ئیسلام نەبوون، بێگومان ئەگەر ئیسلام بوونایە ئەوانیش ئەلفوبێی عەرەبیان قوبووڵ دەکرد.

ئەلفوبێی لاتینی لە هەموو ئاقارێکی گێتی دا بە زۆر نەسەپێنراوەتە سەر کەس، لە دوو دەوڵەت دا نەبێ. یەکێکیان دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان لە ڕووسیا (١٩١٧ ـ ١٩٩١) لە پیشانا ئەلفوبێی لاتینی و لە پاشانا ئەلفوبێی ڕووسی (سیریلی)یان سەپاندە سەر میللەتە بچووکەکانی ژێر دەستیان. ئەمە کارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری بوو بۆ ڕێکخستنی کاری کۆمەڵ و نزیك کردنەوەی میللەتەکان لە یەکتری. دووەمیان گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بوو لە تورکیا. ئەوەی من ئاگادارم تەنیا لەم دوو حاڵەتەدا بە زۆری ئەلفوبێی لاتینی سەپێنراوەتە سەر ئەو میللەتە موسوڵمانانە، لەم گۆڕینەش دا گیرو گرفتێکی زۆر دروست بووە، ئەمەیان باسێکی دیکەیە.

**+ باسكردن لەسەر گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی كاریگەری سیستێمی جیهانگیری نییە بۆ سەر وولاتانی بچووك و بێ هێز؟**

خەزنەدار: باوەڕ ناكەم، چونكە مەسەلەی ئەمپریالیزم و كۆلۆنیالی كردنی میللەتانی گەورەو بچووكی ڕۆژهەلات زیاتر بۆ مەبەستی ئابووری و دارایی بوو. وولاتی گەورەی وەكو بەریتانیاو فرەنسا، یا بچووكی وەكو هۆلەندەو بەلجیكا لە سەدەكانی ناوەڕاستەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم توانیان گەورەترین وولاتی گەورەو بچووكی ئاسیاو ئەفەریقا داگیر بكەن. ئەوروپایی یەكان هەموو كاروبارێكی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و سیاسی كە لەم وولاتانە بە ئەنجامیان دەگەیاند، مەسەلە دەست بە سەرداگرتنی سامانی ئەو نەتەوانە بوو، لەبەر ئەوە داگیركەران تا ڕاددەیەك كولتووری خۆیان نەدەسەپاندە سەر ئەو كۆمەلانە، بۆیان نەدەكرا ئەلفوبێی لاتینی بخەنە جێی ئەو میللەتانەی ئەلفوبێی تایبەتی قەومی خۆیان هەبووە.

ڕۆژهەلاتناسیی ئەوروپا ئەگەر چی دوور نەبوو لە ئیدیۆلۆجی یەتی ئیستعماری، بەلام خزمەتی كولتووری نەتەوەكانی ژێر دەستی كردووە، ئەگەرچی بۆ مەبەسی ئیستعماری بووە، بەلام هەندێ جار بەچاكە كەوتۆتەوە. پرۆژەی بەلاتینی كردنی ئەلفوبێ لە ناو میلەتەكە خۆی بووەو فیكرەكە لە دەرەوە نەهاتووە, واتە ئەمپریالیست فەرزی نەكردووە وەكو لە حالەتی توركیا ڕوون و ئاشكرایە بۆمان.

ئەگەر ئەمپریالیستی ئینگلیزی یان فرەنسی بۆ میللەتانی ئەفەریقا ئەلفوبێی لاتینی دانابێ یا خۆیان پێشنیازیان كردبێ كارێكی تەبیعی بووە و بەزۆر نەبووە, چونكە لە نزیكەوە هیچ ئەلفوبێیێكی دیكە نەبووە شایانی بەكارهێنان بێ بۆیان. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیستیعماری ئینگلیزی و فرەنسی لە ئەفەریقا لە ناو میللەتە دواكەوتووەكان دا ئەوانەی ئەلفوبێ و خوێندەوارییان نەبوو ئەلفوبێی لاتینی بوو بە ئەلفوبێ ستانداردی ڕەسمی زمانی نووسینیان, بەلام عەرەبی باكووری ئەفەریقا و هەندێ لە نەتەوە سامی یەكانی ڕۆژهەلاتی ئەفەریقا وەكو حەبەشە لەبەر ئەوەی ئەلفوبێی زمان و مەدەنیەتیان هەبوو وەكو خۆیان مانەوە.

**+ گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ لاتینی نابێتە هۆی پچڕانی نەوەی نوێ لە کولتوورو ئەرشیفی مێژووی ڕابردوی کورد خۆی؟ ئەوە شتێکی مەحاڵ نییە سەرجەمی بەرهەمەکانی ڕابردوو بگۆدرێتە سەر ئەم ئەلفوبێیە؟**

خەزنەدار: ئێمە کە قسە لە لاتینی دەکەین مەبەسمان تەنیا ناوچە کوردیەکانی کوردستانی عیراق و ئێرانە ئەوانەی کرمانجی باشوریان پێ دەڵێین و زمانی نوسینیان بە ئەلفوبێی عەرەبی لە سەردەمی بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلامەوە تا ڕۆژگاری ئێستا لە ناوەوەیە.

پرسیارەکەت دووبەشە, یەکەمیان قسەکەت ڕاستە بە لاتینی بوون لە ڕۆژی ئەمڕۆدا سامانە کولتووری‌یەکە بە تایبەتی لە بەرهەمی ئەدەبی دا کەم و زۆر لە کۆنەکە دەپچڕێ, بەڵام هیچ هۆیێکی عیلمی یا سیاسی لە ناوەوە نییە ئەمڕۆ بیر لەم مەسەلەیە بکرێتەوە. گریمان ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەڵسوکەوت ئەوەی خواست ئەلفوبێمان ببێ بە لاتینی و هەوڵ بدرێ شیعری کلاسیکی بەرزمان بکرێ بە لاتینی, پێم وایە ئەم ئەلفوبێیە بەشی ناکا. شیعری حەزرەتی نالی و هەموو شاعیرانی کلاسیکی کورد لەگەڵ ئەلفوبێی عەرەبی ڕاهاتوون لە هەردوو قۆناغی گۆڕانی دا, ئیملای کۆنی فارسی, ئەویش لاسایی عەرەبی کردۆتەوە, وە ئیملای نوێ بە هۆی بەکارهێنانی هەموو تیپە بێدەنگ و دەنگدارەکانی زمانی کوردی. ئەگەر ئەمە بکرێ بە لاتینی لە ڕووی ئەرفۆگرافیەوە (وێنەی تیپ دەنگی ڕاستەقینە دەدا بەدەستەوە) دەنگەکانی زمانی کوردی بەو تیپە لاتینی‌یە حەقیقەتی ڕستەکان ناخەنە ڕوو. ئەم مەسەلەیە تەنگوچەڵەمەی زۆری تێدایە. تەنیا لێرەدا باس لە هەمزە "ء" و تیپی "ع" دەکەم, چونکە لە زمانی ئەدەبی شیعری کلاسیکیمان وێنەیان زۆرە.

بەشی دووەمی پرسیارەکەت گۆڕینی یا نوسینەوەی بەرهەمی کولتووری کۆنی کورد بە تیپی لاتینی کارێکی مەحاڵ نییە, بەڵام چی بەرنامەیێك بۆ ئەم مەبەسە دادەنرێ؟ هەرچی دابنرێ سەرناگرێ. ئێمە ئەگەر دەسەڵاتێکمان هەبێ بە ڕەسمی ئەلفوبێی لاتینی بکاتە ئامێری نووسین ئەو دەسەڵاتە ناتوانێ ئایین ئیلغا بکا, واتە

له کۆمەڵی کوردەواری دا دوو جۆرە ئەلفوبێ لە ناوەوە دەبێ, لە مزگەوت ئەلفوبێ ی عەرەبی و لە دەرەوە ئەلفوبێی لاتینی, ئەمە چەندی بە چەندی! مستەفا کەمال و دەسەڵاتی بۆلشەڤیکەکانی ڕووس ئەگەر لەم مەسەلەیەدا سەرکەوتوو بووبن لەبەر ئەوەبوو, ئایینیان بەگشتی ئیلغا کرد, لەمەدا سەرێشەیێکی کوشندەیان بۆ خۆیان و بۆ گەلێك لە کۆمەڵانی سەر ڕووی ئەم زەوییە پەیدا کرد. ئیلغا کردنی ئایین "نالێم باوەڕکردن بە عەلمانیەت" یەکێك بوو لە سەبەبە هەرە گرنگەکانی سەرهەڵدانی پیریسترۆیکاو گلاسنوستی میخائیل گورباجۆڤ کە بوو بە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان.

لە پاشانا مەسەلەی نیشتمانی و ڕزگاری نەتەوەی کورد ئاسۆییێکی یەکجار دژوارو پڕ لە تەنگو چەڵەمەی هەیە. بتەوێ و نەتەوێ, لەبەر هەر هۆیێك بێ, دیالێکتی کرمانجی باکوورو ئەلفوبێی لاتینی بووە بە ماڵ لە بەشێکی زۆری کۆمەڵی کوردەواری, هەروەها دیالێکی کرمانجی باشوورو ئەلفوبێی عەرەبی بووە بە ماڵ لە بەشێکی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری, جگە لەوە بتەوێ و نەتەوێ هەر یەکێك لەم دوو دیالێکتە بووە بە زمانی یەکگرتووی نووسین, هەریەکە لە بەشی کۆمەڵی کوردەواری خۆی دا, واتە دووزمانی یەکگرتووی نووسینمان هەیە. زیاد لەسەر ئەمە بە ناوی دیموکراتی و ئازادی بیروڕا هەندێ هۆز و تیرەی ئایینی و ئایینزایی جیاواز هەڵساون و داواکاریان زۆرە. ئەگەر لەگەڵ شت دا مافی خۆیان بێ ئەوەی دەیانەوێ وەریبگرن, نابێ دیالێکتە بجوکەکانی زمانی کوردی کە قسەی ڕۆژانەی پێ دەکەن ببێ بە زمانی نووسین.

ئەوە ڕاستە ئێمە ئەدەبی کلاسیکی بەرزمان لە سەرەتاوە تا سەدەی بیستەم بە دیالێکتی گۆرانی لە ناوەوە بوو, بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمەوە بە پەیدابوونی قوتابخانەی شیعری نالی لە سلێمانی دیالێکتی گۆرانی بەرەو کزی ڕۆیشت. هەرێمەکانی هەورامانی تەخت و لهۆن و شارەزوورو دەشتی گەرمیانی گەورەی کەرکووك و ناوچەی ئەردەلان و کرماشان و تا هەمەدان سەر بە جوگرافیای تیرەی گۆران و دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی بوون, کەچی بەشی هەرەزۆری ئەم

ناوچانە لە ڕووی زمانی ئەدەبی یەکگرتووەوە بوون بە کرمانجی باشوور. لێرەدا ئەگەر مەسەلە ئینتیمای عەشیرەتی بوایە دەبوو شاعیرانی وەکو نالی (جافی میکاییلی‌یە) و شێخ ڕەزا (زەنگنەیە) وەکو مەولەوی بە دیالێکتی گۆرانی شیعریان بنووسیایە.

ئەم ئالۆگۆڕکردنە تەنیا لە کولتووری کۆمەڵی کوردەواری دا نییە, هەموو زمانانی گێتی تووشی ئەم گۆڕانانە بوون لە ڕێڕەوی مێژووی نەتەوەیی‌یان.

**+ دەتوانرێ بگوترێ تیپەکانی ئەلفوبێی عەرەبی لە چاو تمووح وویستی زمانی کوردی دا نین؟**

خەزنەدار: لەم گفتوگۆیەدا بە درێژی وەڵامی ئەم پرسیارە دراوەتەوە. لێرەدا بەکورتی جارێکی دیکە دەیخەمەوە ڕوو و دەڵێم, بەدەسکاری کردنی وێنەی تیپەکانی ئەلفوبێی عەرەبی و دروست کردنی تیپی تازە ئەلفوبێی زمانی قەومی کەوتە ناوەوە لە ناو ئەو میللەتانەی بوون بە موسوڵمان. ئەوەی جێی ئاماژە پێ کردنە پێنج شەش لەو تیپانەی کە لە ئەلفوبێی عەرەبی بەکار دەهێنرێن پشت گوێ خراون لە ئەلفوبێی ئەو میللەتە تازانە, وەکو: (ث، ض، ط) و هی دیکە. جگە لەوە ئەگەر حسێب لەگەڵ تیپەکان دا بکرێ لە ڕووی شێوەوە دەبینین زۆریان بە نوختە لە یەکتر جیا کراونەتەوە, لەبەر ئەوە ئەو تیپەی دەمێنێتەوە ژمارەیان زۆر کەمە لە پازدە وێنە تێپەڕ ناکا, مەگەر هەندێ جار لە سەرەتا یا ناوەڕاست یا کۆتایی ووشە وێنەیان هەندێ بگۆڕێ وەکو (ی, یی، یـ، ییـ" و هی دیکە. لەبەر ئەوە لە هەموو ئەلفوبێ‌یێکی ئێستا لە ناوەوەیە دەتوانرێ ئەلفوبێ بۆ نووسینی هەموو زمانێك دروست بکرێ.

**+ بیرکردنەوە لە گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ لاتینی خوێندنەوەیێکی ناسیۆنالیانەی لەپشتەوە نییە؟ وەك بگوترێ: چەندین ساڵە کورد لەژێر دەستی تۆتالیتاریای عەرەبی دا دەچەوسێنرێتەوە, ئەگەر وایە دەتوانین بڵێین بۆچونێکی ڕادیکالانەو ئاقڵمەندانەیە؟**

خەزنەدار: پێش ئەوەی بکەومە ناو وەلام دانەوەی پرسیارەکەت, دەڵێم: بەڵێ ڕۆژی ئەمڕۆ ئەوەی دەیەوێ ئەلفوبێی عەرەبی بگۆڕێ بە هەناسەیەکی ناسیۆنالیانەی ڕەشبین و کۆنە پەرست بیر دەکاتەوە. ئەگەر مەبەست ئەمەبێ بەم جۆرە بیروڕای خۆم لە بابەت ئەم مەسەلەیەوە دەردەبڕم: ئێمە لە مێژووی کۆن دا هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ عەرەب دا نەبووە تا بەئاوابوونی دەوڵەتی عەباسی و لە ناوچوونی ئیمپیراتۆری یەتی عەرەب و ئەوکاتەی دەسەلات بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە کەوتە دەست ڕۆم (تورك نەژاد) و عەجەم. لەدوای شەڕی چاڵدیران (١٥١٤) لە نێوان سوڵتان سەلیمی عوسمانی و شا عەباسی سەفەوی و بوونی کوردستان بە دووکەرت, خاکی میللەتی کورد کەوتە ناو دوو دەوڵەتی موسوڵمانی دووژمنی یەکتری, دەوڵەتی شیعەی سەفەوی و دەوڵەتی سوننەی عوسمانی.

گومان لەوەدا نییە هەمیشە وەزعی کورد لە کۆمەڵی تورکی عوسمانی دا باشتر بووە لە وەزعی کورد لە کۆمەڵی فارسی ئێرانی دا بە هۆی جیاوازی ئایینزانی یەوە. فارسی شیعە تا ئەمڕۆ بەپێی ئیدیۆلۆجیەتی پان ئێرانیزم بە چاوێکی سوك تەماشای کورد دەکەن. بەراوردێك لە نێوان سەرچاوە مێژوویی یەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی ئێران بکە تا ڕۆژی ئەمڕۆ ئەم ڕاستیی یەت بۆ دەردەکەوێ.

مێژووی تازەو سەردەمی میللەتی کورد لە سەدەی بیستەم لە کوردستانی تورکیا و ئێران لە دوای جەنگی دووەمی گێتی و پارچەکردنی دەوڵەتی عوسمانی کارەسات بووە بۆ میللەتی کورد. تورکیا لە سەر بنەمای فیکری قەومی شۆڤینی تورکی یا تۆرانیزم دروست بوو بە پێچەوانەی دەوڵەتی عوسمانی ناوی کوردی لە مێژودا سڕی یەوە. فیکری قەومی شۆڤێنیەتی فارسی بەردەوام بوو لە سەر سیاسەتی سەفەوی لە پێناوی تواندنەوەی کورد تا ئێستا. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ پان ئێرانیزمی دەوڵەت بە ناوی شیعیزمەوە باڵی ڕەشی کێشاوەتە سەر کۆمەڵی کوردەواری بۆ لەناوبردنی بوون و کولتوور و مەدەنی یەتی.

بەم جۆرە ئەگەر ئاورێکیش لە عەرەب بدەینەوە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەباسی بۆمان ئاشکرا دەبێ دەسەڵات و فەرمان ڕەوایی یان لە دەست چوو تا دوای جەنگی یەکەمی گێتی عەرەب لە سووریاو عیراق دەسەڵاتی کەوتەوە دەست. لەبەر ئەوە باسی عێراق و سووریا دەکەم، چونکە پێوەندی یان بەکوردەوە هەیە.

بەڕاستی گرژییێکی ئەوتۆ لە نێوان عەرەب و کوردی ئەو دوو وولاتە نەبوو, چونکە ژێردەستی ئەمپریالیستی ئینگلیزی و فرەنسی بوون. بەڵام لە دواییدا بەتایبەتی کە میسر تا پلەییێك سەربەخۆیی دەست خست جەمال عەبدولناسر یەکەمین بۆرجوازی عەرەب بوو کەوتە بەربەرەکانی خەباتی کورد. بەلای منەوە کێشەی مەسەلەی کورد لەگەڵ عەرەب لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەست پێ دەکا.

دوژمنایەتی کردن لەگەڵ کورد لە شەستەکانی سەدەی بیستەم دا لە سەردەمی یەکێتی نێوان میسرو سووریا گەیشتە لوتکە تا ئەو پلەیەی لە سووریا ناوی کورد بۆ کوڕو کچانی کوردی تازە لە دایك بوو قەدەغە کرا. بەرهەڵستی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەی کورد لە ناو عەرەب دا وەکو لە پێشەوە ئاماژەی بۆکرا لە جەمال عەبدولناسرەوە دەستی پێ کرد, ئینجا عەبدولسەلام عارف, لە دوایی دا عەبدولکەریم قاسمیش لە عێراق چووە ڕیزی ئەوانەوە (١٩٦١). لە پاشانا پارتی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن.

لەناو عەرەب دا ئەم سەرۆك کۆمارانە لە هەڵسوکەوتی سیاسەت و فەرمان ڕەواییدا دژی ئارەزوو و داواکاری‌یە ڕەواکانی کوردبوون, بەڵام ئەوەش هەیە زەبرو زەنگی ئەمانە بەرامبەر بە کورد وەکو یەك نەبوو. ئێمە ناتوانین بەراورد لە نێوان جەمال عەبدولناسر و سەدام حوسێن بکەین کەچی بۆ ستراتیجیەتی ڕزگاری نەتەوەی کورد هەردووکیان زیانیان هەبوو, یەکەمیان کەمتر و دووەمیان زۆرتر.

بە کورتی لەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ وەزعی کورد لە ناو ئەم سێ میللەتەدا بەم جۆرەبوو:

١ـ لە ئێرانا لە فەرمانڕەوایی سەفەویی‌یەوە تا قاجارو پەهلەوی و خومەینی سیاسەتی پان ئێرانیزم لە پێناوی تواندنەوەی میللەتی کورد نەگۆڕاوە.

٢ـ له ووڵاتی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکانی گیروگرفتێك له نێوان تورکی دەسەڵات بەدەست و کوردی بن دەست زۆر دژوار نەبووە , سەرچاوەی مێژوو و مەدەنی‌یەتی عوسمانی بەسووکی تەماشای کوردی نەکردووە. له دوای دروست بوونی کۆماری تورکیای تازه (١٩٢٥), بیری قەومی شۆفینیزمی تورك ئیلغای کوردی کردووە و هەوڵی داوه بنبڕی بکاو مێژوو و جوگرافیای له ناو کتێب و لەناو نەخشەی ڕووی زەوی بسڕێتەوە.

٣ـ عەرەب له عیراق و سووریا له دوای جەنگی یەکەمی گێتی دەسەڵاتی بووە و ڕژێمه قەومییه کۆنەپەرستەکەی له دژی هیواو ئامانجی کورد بووە. سیاسەتی دەوڵەت له سووریا قورسترو له عیراق سوکتر بووە . ئەگەر ئەم بەشەی کوردی عیراق نەبوایه ئاستەم بوو ئەمڕۆ له ڕاگەیاندنی گێتی گوێمان لەو وشەی "کوردستان" بێ.

بەم پێیه پێویسته چاکەو خراپەی هاوسێکانمان زانستیانه و بابەتیانه ڕوون بکەینەوە.

به راستی من ئەم قسانەم بۆ ئەوەیه ئەو بیروڕایه بەڕاست نازانم و ڕەوای هەق نییه یەکێك لێم بپرسێ و بڵێ: ئەو کوردەی داوای لابردنی ئەلفوبێی عەرەبی دەکا له گیانێکی ناسیۆنالیانەی دژ به عەرەبەوه خوڵقاوه, من پێی بڵێم: ڕاست دەکەی!!.

بیری دوژمنایەتی عەرەب له ناو کوردە ساکارەکەی ئێمه له گیانێکی کوردایەتی ساکاری پاك و خاوێنەوه هەڵقوڵاوه, چونکه دەبینێ ئەوانەی عیراق به تایبەتی سەدام حوسێن و پارتی بەعس چیان به کورد کردووە! ئەوە ڕاسته هەندێ له ڕۆشنبیرانی عەرەب دژی هیوا و ئامانجی کوردن, ئێمه دەتوانین گلەیی‌یان لێ بکەین, بەڵام بۆ کوردێکی خوێندەوارو سەرەڕای ئەوەش مامۆستای زانستگا بێ به ئاشکراو له ناو کۆمەڵێك مامۆستایان ئەوەندە ڕقی له عەرەب بێ شانازی بەوەوە بکا منداڵەکانی فێری عەرەبی نەکردووە! من لەسەر ئەم باسه زۆر ناڕۆم. میللەتی عەرەب و مەدەنی‌یەتی عەرەب نه حافز ئەسەدە و نه سەدام حوسێن, نه مەلیك و عەگاڵەکانی جەزیرەی عەرەبە. جەماوەری عەرەبی بێ دەسەڵاتی ئەمڕۆ خۆشیان دژی ئەمانەن.

ئێمە داوای مافی خۆمان لە دەسەڵات بەدەستانی عەرەب دەکەین, تا ئەو مافە وەدەست دەخەین، ئەو کاتە هەتا هەتایە زیاتر بە درێژایی (١٥٠٠) کم لە ئەوپەڕی لای ڕۆژهەڵاتی شاخی حەمرینەوە تا قەراغ زەریای سپی ناوەڕاست سنووری نەتەوەیمان پێکەوەیە. ئەمدیو کوردستانە, ئەودیو عێراق و سووریا هەتا هەتایە هاوسێی یەکترین. بە بوونی دەوڵەت یا نەبوونی, پێویستە وەك برا بژین.

**+ بوونی گرفتی جۆراو جۆر لە ڕێنووسی کوردی و ستاندارد بوونی دا تا چەند پێوەندیی بە سرووشتی تیپەکەی خۆیەوە هەیە, ئەو گرفتانە ناگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕەوش و بارودۆخە ناسەقامگیرەی لە سەدەکانی ڕابردوو تا ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی پێدا تێپەڕ دەبێ؟**

خەزنەدار: ئەمە پرسیارێکی ووردو قووڵە, وەرامێکی ووردو قووڵی گەرەکە. پێم وایە لەم ماوەیەدا بۆمان ناکرێ بیگەیەنینە ئەنجام، چونکە ئەگەر بە تەواوی وەرامی پرسیارەکە بدرێتەوە کتێبێکی سەر بەخۆی لێ دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوە بە کورتی وەك بەرنامەیێك بۆ باسێکی قووڵتر دەیخەمە ڕوو.

هۆی دواکەوتوویی میللەتی کورد ئەوەیە بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتێکی یەکگرتوویی نێوەندی نەبووە هەموو هۆزو تیرەو عەشیرەتەکانی کۆ بکاتەوە. وەزعی مۆرفولۆجی جوگرافی بووە هۆی ئەوەی ووڵاتەکە لە چەند دەشت و پانایی یەکی دەورە دراو بە شاخی بەرز پێك بێ. لەم دەشتانەدا بە درێژایی ڕۆژگار میرنشین و ئیدارەی ناوچەیی کوردی پەیدابوون. زۆربەیان لە لایەن دەرەبەگی کوردەوە بەڕێوە دەچوون تا ڕادەیێك سەربەخۆ بوون, بەڵام بە ڕەسمی سەر بە دەسەڵاتی ڕژێمی تۆتالیتاری شیعەی فارس و سوننەی تورکی عوسمانیی بوون. سەرۆکە دەرەبەگەکانی کورد ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی ئەفتۆنۆمیەکانی خۆیان دەکرد, هەر لەوکاتە دا وەکیلی دەوڵەتانی سەفەوی و عوسمانیی بوون و باج و سەرانەی پێویستیان پێشکێش بە شاو سوڵتان دەکرد ئەگەر لە حاڵەتی جەنگ نەبوونایە لەگەڵیانا, لەبەر ئەوە کورد هەموو کاروبارو هیواو ئامانجێکی نەدەگەیشتە ئەنجام و بە ناتەواوی و نیوچڵی دەمایەوە.

نەبوونی دەسەڵاتی قەومی سەربەخۆ بووە هۆی دروست بوونی میرنشین. ئەمە ڕێی خۆش کرد بۆ سەر هەڵدانی کولتوورو ئەدەب بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی, هەل بۆ هەندێ لە دیالێکتەکان هەڵکەوت ئەدەبی نووسراو تیایاندا پەیدا ببێ, بەڵام لە ناو ئەمانەدا کەمیان پەرەیان سەند و پێشکەوتن و نووسینی بەرزو بەرهەمی شیعری مومتازیان لێ کەوتەوە. لەبەر ئەوە ئەگەر بە ووردی تەماشای ئەدەبی کوردی بکەین لە ماوەی تەمەنی هەزار ساڵەی دا لە بابا تاهیری هەمەدانی یەوە (٩٣٧ ـ ١٠١٠) تا محەمەد ساڵح دیلان (١٩٢٧ ـ ١٩٩٠) بە بێ بچڕانەوە لە ناوەوە بووە, لە ناوچەیێکەوە دەرباز بووە بۆ ناوچەییێکی دیکە, شیعر بە دیالێکتی ئەو ناوچانە هۆنراوەتەوە. دەوڵەمەندترین شیعری کلاسیکی لە ناوچە جوگرافیە جیاوازەکان و دیالێکتە گەورەو بچوکەکانی زمانی کوردی پەیدابوون, وەکو گۆرانی و کرمانجی باکور و کرمانجی باشور.

سەرەتا شیعری کوردی بە دیالێکتی گۆرانی بووە لە هەموو هەرێمەکانی گۆران نشین بە تایبەتی هەورامانی گەورە, ئینجا لە دوای شەڕی چاڵدیران (١٥١٤) دەرباز بووە بۆ ناوچەکانی هەکاری و جزیرە بە دیالێکتی کرمانجی باکوور. لە پاشانا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە سلێمانی (وولاتی بابان) شیعری کلاسیکی لەسەر دەستی نالی و سالم و کوردی پەیدا بوو, ئەوجا زۆربەی خاکی کوردستانی عوسمانی و ئێران و لە پاشانا کوردستانی عیراقی گرتەوە.

ئەمە یەکێك بوو لەو گیرو گرفتانەی لە ئەنجامی نەبوونی دەوڵەتی نێوەندی پەیدابوو, یاخود بە شێوەیەکی دیکە ئەم دیاردەیە خۆی بووە بە هۆی ئەوەی تائێستا هیواو خەونی کورد نەیەتە دی بە دروست کردنی دام و دەسگاییێکی دەوڵەتی تایبەتی بە خۆی.

تا جەنگی یەکەمی گێتی هەموو کورد نووسینی بە ئەلفوبێی عەرەبی بوو, ئەوکاتە کوردستانی ئێران و کوردستانی عوسمانی لە ناوەوە بوون, ئەو خاکە زۆرو فراوانەی کەوتە ناو خاکی تورکیای تازەوە تووشی گەورەترین تاوانێك بوو هەرگیز

به خەیاڵی هیچ کوردێك دا نە دەهات, ئەویش ئەوەبوو دەوڵەتی تازەی تورکیا ئەلفوبێی عەرەبی ئیلغا کردو لاتینی لە جێی دانا. من باس لە چاکەو خراپەی ئەم کارە ناکەم لە ڕووی زانستیەوە بۆ کورد, بەڵکو باس لەوە دەکەم تاوانێکی گەورە بوو لە کورد کرا بەوەی بوو بە دووکەرتی جیاواز لە یەکتری لەسەر بنچینەی دیالێکتە تایبەتی یەکەی کرمانجی باکورو کرمانجی باشوور. هەروەها هەردوو ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی بوون بە بنج و بناوان لە پێناوی دروست بوونی دوو زمانی ستانداردی یەکگرتووی زمانی نووسینی کوردی. کارەساتەکە لەوەدایە ئەم کێشە قورسە چۆن دەگاتە ئەنجام و ئەم گرێ کوێرەیە چۆن دەکرێتەوە بە مەرجێك چاکەو بەرژەوەندی هەموو میللەتی کوردو کوردستانی تێدابێ؟!

هەموو ئەو جیاوازی و ناکۆکیانەی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا هەیە دیاردەیێکی تەبیعییە لە ناو هەموو میللەتێك دا دەکەونە بەرچاو، کارێکی زۆر تەبیعییە ئەگەر یەکێکی خەڵکی سلێمانی بە چاکی لە شیعری کلاسیکی ناوچەی جزیری بۆتان نەگا. یا دیاربەکرییێك لە شیعرێکی کلاسیکی مەولەوی نەگا. لە قوتابخانەکان دا ئەم مەسەلەیە ئاسان دەکرێ. لێکدانەوەو شیکردنەوە لە ناوەوە دەبێ. نەوەی عەرەبی ئێستا لە شیعری ئیمرئولقەیس ناگەن، قوتابیانی ئینگلیز لە شیعری شەکسپیر ناگەن، بەڵام ئەم بەرهەمە بەرزانە سامانی ئەو نەتەوانەن، پێویستە ئاسان بکرێن بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی نەوەی تازەی ئەم میللەتانە لە ئەدەبە کلاسیکییەکەی خۆیان بگەن.

لای ئێمەو لای میللەتانی سەر ڕووی زەوی مەسەلەی ئەدەبی کلاسیکی کە زمانەکەی لە زمانی ئێستا هەندێ دوور کەوتۆتەوەو بە لێکدانەوەو شی کردنەوە چارەسەر کراوە. بەڵام بوونی دوو دیالێکتی کرمانجی باکورو باشوور بە دوو زمانی ئەدەبی یەکگرتووی نووسین، ئەمەیان گرێ کوێرەیەو جارێ مەوزووعی باس نییە، چونکە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا کوردی هەموو کوردستانەکان هەریەکە بە تەنیا ویا پێکەوە هیچیان بۆ ناکرێ.

**+ ڕەتکردنەوەی ئەلفوبێی عەرەبی لە ساڵی (١٩٢٩) لە لایەن ئەتاتورکەوە وەك ڕەتکردنەوەیەك بۆ "تیپی عەرەبی" و "ئایینی ئیسلام" کە خۆی ناوی نا "شۆرشی تیپ" هیچ کاریگەرییەکی لە ئاوەزی خوێندەواری کوردیی بەجێ نەهێشتووە؟**

خەزنەدار: بۆچوونەکەی تۆ لەم لایەنەوە ڕاستە، ئەتاتورك و دەستەو دایەرەکەی لەو کاتەی لەوە دڵنیابوون ناتوانرێ کۆمۆنوێلسێکی ئیسلامی دروست ببێ لە هەموو نەتەوە موسوڵمانەکانی هاووڵاتی عوسمانیی پەنایان برد بۆ ڕەتکردنەوەی مەدەنی یەتی ئیسلامی عوسمانی بە مەبەسی ئەوەی کۆمەڵەکەیان لە ڕۆژهەڵاتیەوە بگوازنەوە ڕۆژئاوایی بە ئومێدی ئەوەی ئەوروپاش لە دوا ڕۆژدا دەبێ بە کۆمۆنوێلسی و تورکیا کۆمارێکی ئەو یەکێتی‌یە دەبێ. ئەم حاڵەتە ئەمڕۆ لەبەر چاوە.

باشتر ئەوەیە ئەم مەسەلەیە هەندێ زیاتر ڕوون بکرێتەوە. جەنگی یەکەمی گێتی لە کۆتایی دا بوو, دەوڵەتی عوسمانی لە دەوڵەتە بەزیوەکان بوو. لە ناو لایەنگرانی ئیسلام بە تایبەتی بنەماڵەی سوڵتان و دەرەبەگ و ئوروستوکراتی و دەوڵەمەندانی ئەو کۆمەڵە بیری دامەزراندنی کۆمۆنوێلس یا ئیمپراتۆری‌یەتێکی فیدراڵی کەوتبووە ناوەوە. ئەم بزوتنەوەیە لەژێر فەرماندەو بە ناوی سەباحەدینەوە بوو. ئەمە یەکێك بوو لە میرەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای عوسمانیی. پڕۆگرامی ئەمانە ئەوەبوو هەموو نەتەوەیێکی موسوڵمانی دەوڵەتی عوسمانیی کۆن یا هەر نەتەوەیێکی دەرەوەی جامیعەی عوسمانیی مافی ئەوەی هەیە سەربەخۆیی تەواو وەربگرێ, پایتەخت و ئاڵاو سککەی پارەو سنوری دیاری کراوی خۆی هەبێ و بە شێوەی فیدراڵی یا کونفیدراڵی یەکتری بگرن و ئیمپراتۆری‌یەتێکی ئیسلامیی دروست بکەن و خەلیفەی موسوڵمانان لە ئەستەموڵ یا لە مەککە دابنیشێ.

بزووتنەوەی ئەتاتورك دژی ئەم فیکرەیە بوو، دەیزانی فەرمانڕەوایی عوسمانی لە هەردوو دەوری ئەمارەت و ئیمپراتۆری‌یەتی دا نزیکەی حەوسەد ساڵی خایاند

کارێکی وای نەکرد نەتەوە موسوڵمانەکانی غەیری تورک خۆشی یان بەو دەسەڵاتە هاتبیّ، هەروەها ئەم مەسەلەیەش ئەوەندە پڕ گیرو گرفت و ئاڵۆزە بە هیچ جۆریّ سەرناگریّ, لەبەر ئەوە ئەتاتورك چووە سەر بیروڕای بە ئەوروپا کردنی میللەتی. تورکیش بە تەنیا بەشی هیچی نەدەکرد بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی قەومی، چونکە تەنیا خاکی قەراغەکانی زەریای ئیجەو زەریای سپی ناوەڕاستی بە دەستەوە مابوو. لەبەر ئەوە بوو داوای بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانبی دەکرد, ئەوەش وەکو دیارە خاکی کوردستان بوو, هەروەها داوای ویلایەتی موسڵی عوسمانیی کۆنیشی دەکرد, ئەمەیان لەبەر نەوتەکەبوو. ئەگەر ئینگلیزو فرەنسا لە ناوەوە نەبونایە و ویلایەتی موسڵ بەر تورکیای کەمالیی بکەوتایە, تورکیا ئێستە گەورەترین ئیمپراتۆری یەت دەبوو ئەگەر سەرئێشەی لەگەڵ میللەتی کورد لە ناوەوە نەبوایە, چونکە ئەوکاتە ڕەنگ هەبوو ژمارەی کورد لە تورك زیاتر بوایە.

بەم ڕەنگە ڕەتکردنەوەی ئەلفوبیّی عەرەبی لە لایەن ئەتاتورکەوە بەشێك بوو لە مەسەلە گشتی‌یەکە و دەبوو هەر بەم جۆرەش بکەوێتەوە. کەمالی‌یەکان وایان دەزانی بە ئەوروپایی بوونیان ئەوانیش پێشدەکەون. چونکە ئەگەر ئەوروپایی وەك مەسیحی و کۆمەڵی تورك وەك موسوڵمان وەکو یەك تەماشای عەلمانیەت بکەن لە یەکتری نزیك دەبنەوە. تورك کە دەوڵەتێکی عەلمانی دابنیّ لە ئیسلام دووردەکەوێتەوە, لەوکاتەدا پێوەندی تاکی تورك لەگەڵ دەوڵەت وەکو پێوەندی تاکی ئەوروپی دەبیّ وەك مەسیحی لەگەڵ دەوڵەتی خۆی.

ئێستاش ئەگەر تورکیا لە یانەی ئەوروپا وەربگیریّ کەمالیزم بەهێزتر دەبیّ و ئەو کولتووری عەلمانی یەی لە تورکیا لە ناوەوەیە زیاتر دەچەسپیّ و وەزعی کوردیش زیاتر لە کولتووری ئەوروپا و عەلمانی‌یەتەکەی تورکیا نزیك دەبێتەوە.

باوەڕناکەم شەپۆلی بزووتنەوەی ئیسلامی بتوانیّ بەرهەڵستی عەلمانی‌یەتی گشتی ئەوروپا بکا, لە ڕووی کولتوری کوردیشەوە من وێنەکە بەم جۆرە دەبینم.

بەردەوام بوونی تورکیا لەسەر سیاسەتی ئەمڕۆی و گریمان لەدواڕۆژیش ببێ بە بەشێك لە ئەورووپا هیچ لە مەسەلەی کورد ناگۆڕێ، هەتا ئەگەر دوو کۆماری فیدراڵی تورکی و کوردیش لە تورکیا دروست ببێ، ئەلفوبێی لاتینی بۆ کوردی هەموو کوردستانی باکوور دەمێنێتەوە، واتە: هەموو ئەوانەی دیالێکتی کرمانجی باکوور زمانی قسە کردن و نووسینیانە. ئیتر لە بابەت کوردستانی باشووریشەوە بە هیچ جۆرێ لە ڕۆژی ناسکی وەکو ئەمڕۆ و دواڕۆژی نزیك نابێ باس لە بەلاتینی کردنی ئەلفوبێی عەرەبی بکرێ. ئەمە پێوەندی بە "ئاسایشی نەتەوەیی"یەوە هەیە. لە کاتێك دا ئەم کێشەیە دەکەوێتە ناوەوە کە هەموو پارچەکانی کوردستان لە یەکتری نزیك دەبنەوە، نەوەی ڕۆشنبیرو خوێندەواری ئەو کاتە بڕیاری لەسەر دەدەن.

**+ لە مێژوودا بڵاوبوونەوەی ئەلفوبێی لاتینی لە ئەنجامی داگیرکاری و سەپاندن هاتۆتە ئارا، ڕۆمەکان لە سەردەمی حوکمڕانیان دا ئەم تیپەیان داهێناو لە ماوەیەکی کەمدا لە وڵاتە ژێر دەستەکان دا تەشەنەی کرد، بە ڕای جەنابتان لە ئێستەی واقعی ئێمەدا ئەم مێژووە خۆی دووبارە کردۆتەوە؟**

خەزنەدار: هەرچەندە هەندێ لە وەرامی ئەم پرسیارە لە کەلێنی وەرامی پرسیارەکانی تر دراوەتەوە، بەڵام لێرەدا دەتوانم هەندێ زانیاری دیکەیان بخەمە سەر.

ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی ڕۆمانی کۆن لە دواڕۆژگارانی سەردەمی مەدەنییەتی گریکەکان دانرا. ئەوکاتە گریکەکانیش ئەلفوبێی تایبەتی خۆیانیان هەبوو. ئەم ئەلفوبێ لاتینیی تازەیە لە دوایی دا جێی ئەلفوبێی زمانی گریکی گرتەوە، نەك تەنیا ئەمە بەڵکو تەواوی مەدەنییەت و کولتوری گریکەکان بە میرات بۆ ڕۆمانەکان مایەوە. وەك لەم زانیارییانە دەردەکەوێ ڕۆمانەکان ئەلفوبێی خۆیان بۆ داگیرکردن بەکار هێناوە. بە شێوەیەکی سروشتی ئەلفوبێیان وەکو هەموو ئەلفوبێیێکی دیکە پەیدا بووە و ئەوەی پێشوو لەناو چووە. لەو کاتەدا لاتینی

ئەلفوبێی سەرەکی بووە لە هەموو گێتی دا، هەر لەو ماوەیەدا خەریك بوو ئەلفوبێ مێخیەیە ئەرکیۆلۆجیەیەکانی ڕۆژهەلات لەناو دەچوون.

لە سەردەمی ڕۆمانەکان دا ئاینی مەسیحی پەیدا بوو، هێشتا ئاینی ئیسلام دانەهاتبوو و ئەلفوبێی عەرەبی بە تەواوی نەخەملی بوو، وەکو دیارە ئەم ئەلفوبێیە بە هۆی قورئانەوە لە پێشانا لەسەر بنج و بناوانی خەتی کووفی پەیدا بوو و تیپەکانی لە سەرەتادا بێ نوختە بوون لە پاشانا بە تەواوی خۆی گرت و ئەم زمانە عەرەبیەیە یەکگرتووەی ئێستای پێ دەنووسرێتەوە.

بەم جۆرە بۆمان ئاشکرا دەبێ ئەلفوبێی لاتینی لە لایەن هیچ دەسەلاتێك و کەسێکەوە نەسەپێنراوەتە سەر کەس تەنیا لە ڕووسیا نەبێ لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی سۆڤیەتەکان و لە تورکیا لە لایەن کەمالیەیەکانەوە، ئەگەر نا بە تەبیعی لەناو میللەتە مەسیحی یەکاندا بلاوبۆتەوە. ئەگەر لە ئەفەریقا هەندێ تیرە و هۆز و میللەت ئەم ئەلفوبێیەیان کردبێ بە ڕەسمی بۆ زمانی خۆیان ئەویش تەبیعی بووە، چونکە ئەو میللەتانە زمانیان هەبووەو قسەیان پێ کردووە، بەلام نوسینیان نەبووە، ئیتر ئەمانە ئەگەر لەژێر کاریگەری کۆلۆنیالی بەریتانی و فرەنسی بووبن، کارێکی ئاسایی یە لەسەر بنجی ئەلفوبێی ئەوان کە لاتینی یە ئەلفوبێی نووسینی زمانی قەومی یان دابنێن.

لەبەر ئەوە لای ئێمە کە باس لە ئەلفوبێی لاتینی دەکرێ لاسایی کردنەوەی میللەتانی مەسیحی ئەوروپا نییە. ئەم ئەلفوبێیە بەجۆرێکی دیکە کەوتە ناو کولتووری بەشێکی گرنگ لە نەتەوەی کورد. گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بە لاتینی لە لایەن ئەتاتورکەوە بوو. هەروەها بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان کەوتە ناو ئەو وولاتەی لاتینی کرد بە ئەلفوبێی ڕەسمی، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەو بەشە کوردە تووشی ئەم کێشەیە بێ و لە دواڕۆژدا ببێتە تەگەرەو کێشمەکێشێکی دژوار بەرامبەر بەچارەنووسی کورد لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری‌یەوە.

**+ بیرکردنەوە لە تیپی لاتینی باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی هەیە؟ یان دەچێتە نێو چەمکی لاسایی کردنەوەی بێ قەیدو شەرت؟**

خەزنەدار: بە تەواوی لە مەبەستی پرسیارەکە نەگەیشتم. ئەگەر باکگراوندی ڕۆشنبیری مەبەس ئەوەبێ تیپەکانی لاتینی لەگەڵ دەنگەکانی ووشەی زمانی کوردی بگونجێن بۆ ئەمە دەڵێم نەوەکو تەنیا ئەلفوبێی لاتینی بەڵکو هەموو ئەلفوبێیێك لەگەڵ دەنگی ووشەی هەموو زمانێك دەگونجێ. جگە لەوە یەکێکی شارەزا دەتوانێ لە ماوەی چەند سەعاتێك دا وێنە دروست بکا بۆ ئەو زمانەی گەرەکیەتی ئەلفوبێی بۆ ساز بکا، کارەکە ئەوەندە قورس نییە، بەڵکو مەسەلەی گرنگ لەم کارەدا بۆ پراکتیك کردن کات و زەمانە. تاکە مرۆڤێك و کۆمەڵێك ئادەمزاد پێویستی یان بە مەشقێکی زۆری درێژخایەن هەیە تا بە خوێندنەوەو بەکار هێنانی ئەلفوبێ دەبێ بە عادەت و نەریت. قوتابی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی یەوە فێری خوێندن و نووسین دەبێ، لە دوای چەند ساڵ خوێندن و نووسین وێنەی دەنگەکانی ئەلفوبێ (تیپەکان) دەبن بە ئاسایی، ئەوکاتە دەتوانی بەڕەوانی و بێ گرێ تێکستی ئەو زمانە بخوێنێتەوە.

ئەگەر باکگراوندیش مەبەس ئەوە بێ ئەو میللەتەی ئەلفوبێی لاتینی دەکا بە سەرچاوە بۆ دانانی ئەلفوبێی زمانی نەتەوەیی خۆی پێویستە فێری زمانی کۆنی مردووی لاتینی بێ، یا کارێکی ئاسان بێ بۆ فێربوونی هەموو ئەو زمانانەی بەم ئەلفوبێیە دەنووسن، ئەمەش ڕاست نییە، چونکە ئەوەی لاتینی دەکا بە سەرچاوە بۆ دانانی ئەلفوبێی زمانی قەومی خۆی دەسکاری ئەلفوبێکە دەکا بە شێوەییێك تەنیا بۆ نووسینی ئەو زمانە کەڵکی هەبێ, چونکە پێویستیەکانی ئەو زمانە جێبەجێ دەکا.

لە بابەت بەشی دووەمی پرسیارەکەوە ئەوە هاتووە گوایا ئێمە ئەگەر پڕوپاگەندە بۆ ئەلفوبێی لاتینی بکەین، ئەمە تەنیا لاسایی یەو هیچ پێوەندییێکی بەوەوە نییە وەك کردەوەیێکی پێویست لە کولتووری میللەتی کورددا. ئەمە

ڕاسته! بەڵام لاسایی چی دەکەینەوە! ئەگەر ئێمە مەبەسمان ئەوەبێ ئەلفوبێی لاتینی خەڵکی بە چاوێکی بەرز تەماشامان دەکا، چونکە ئێمەش وەکو ئینگلیزو فرەنسی ئەلفوبێی لاتینی لە نووسینی زمانمان دا بەکاری دێنین و خەڵکی وەکو چۆن تەماشای ئەوان دەکەن هەروەهاش تەماشای ئێمە دەکەن، ئەمە ڕاست نییە، چونکە ئەلفوبێی لاتینی یا هەر ئەلفوبێیێکی دیکە، وەکو نان و جلو بەرگ وایە، ماددەکە یەك شتە بەڵام هەموو کەس دەیخواو هەموو کەسیش لەبەری دەکا.

ئینجا دێمە سەر ئەوەی بە درێژایی سەدەی بیستەم ئێمە بە پراکتیك سێ جۆرە ئەلفوبێمان بەکارهێناوە، ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی و ڕووسی (سلاڤی، سیریلی). کارێکی باش بوو لە دوای لەناو چوونی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان لە ڕووسیا (١٩٩١) ئەلفوبێی ڕوسیش لەناوچوو، مایەوە دوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی، ئەمانەش وەزعیان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەم جۆرەیە :

١ـ ئەلفوبێی عەرەبی بۆ ماوەی زیاتر لە هەزارساڵ لە کۆمەڵی کوردەواری دا باو بووە. لە سەدەی بیستەم دا زۆر پێشکەوت و گەیشتە پلەیێك پێویستییەکانی نووسینی زمانی کوردی جێبەجێ بکاو بیانگەیەنێتە ئەنجام. زمانێکی یەکگرتووی پێشکەوتووی نووسین دروست بوو. سامانێکی ئەدەبی بەرز کەوتە ناوەوە لە قەوارەیێکی جوگرافی یەکگرتوو زۆربەی خاکی کوردستان و عیراق و ئێران دەگرێتەوە، وەکو هەرێمەکانی مووکریان و ئەردەڵان لە کوردستانی ئێران, هەروەها هەرێمەکانی سۆران و بابان (سلێمانی)و گەرمیان (کەرکوکی گەورە) لە کوردستانی عیراق. ئەم خاکە گەورەو فراوانە بە یەکگرتوویی یا کەرت کراوی مەرجەکانی دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی تێدایە، لە هەموو ڕوییێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکە زمانی یەکگرتووی نووسین و هەموو مەرجێکی دیکەی کە بۆ دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆ پێویستە.

٢ـ ئەلفوبێی لاتینی لە ناو کۆمەڵی کوردەواری ئێمە لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی لەم گفتوگۆیەدا باسی لێوە کراوە بەسەر پێنج بەشی جیاوازو لە یەکتری دابڕاو

دابەش کراوە بووە بە زمانی نووسین. کورد خۆی هەڵی نەبژاردووە بەڵکو هەڵسوکەوتی سیاسی ناچاری کردووە پێی ڕازی بێ. بەشی هەرەزۆری خاکی کوردستان کەوتە بەر دەوڵەتی تورکیا، ئەویش لەگەڵ دروست بوونی کۆماری تورکیای تازە ئەلفوبێی عەرەبی ئیلغاکراو ئەلفوبێی لاتینی لە جێی دانرا. ئەو بەشە کوردە بەزۆر و بە شێوەیێکی تەبیعیش دەبوو قوبووڵی بکا. بەشەکانی دیکەشی دەبوو چاو لەوان بکەن، چونکە ئەم لایەنانە هەموویان زمانی قسەکردنیان دیالێکتی کرمانجی سەروو بوو، ئیتر ئەمانەش کەوتنە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی. پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوانەی ناچاربوون لاسایی کوردی تورکیا بکەن لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی ئەمانە بوون: کوردی سووریا، کوردی ناوچەی بادینان و زاخۆی جزیرە لە کوردستانی عیراق، کوردی نزیك سنووری نێودەوڵەتی ئێران و تورکیا لە دیوی ئێران، کوردی هەموو قەفقاسی ڕووسا و ئاسیای ناوەڕاست، ئەمانە هەموویان زمانی یەکگرتووی نووسینیان دیالێکتی کرمانجی باکوورە.

ئەم دیالێکتە تاقی کردنەوەی کەم بووە بۆ دروست بوونی زمانی یەکگرتووی نووسین. ئەم زمانە هێشتا خۆی نەگرتووەو بە تەواوی نەبووە بە زمانی نووسین. جگە لەوە ڕێنووسی زمانەکە بە ئەلفوبێی لاتینی تەنگوچەڵەمەی زۆری تێدا ماوە، زیاد لەسەر ئەوەی تاقی کردنەوەی نووسینی کەم بووە لە پاش جەنگی یەکەمی گێتی‌یەوە یەکێ لە هۆی سەرەکی دواکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بووە بە پێنج پارچەی نامۆو بێگانە لە یەکتری. هەروەها لەم دووسەد ساڵەی دوای‌یە بەگشتی دیالێکتی کرمانجی باکوور هەلێکی وای بۆ هەڵنەکەوتووە زمان و ئەدەبەکەی پەرە بسێنێ و پێش بکەوێ, زیاتر لەبەر ئەم دابەش بوونە.

**+ ئەو گرفتانەی دێنە بەردەم زمانی کوردی, تاچەند خودی نووسەرو زماناس و ئەکادیمییەکان بەرپرسن لێی وەك فریادڕەسێك بۆ ڕێکخستنی زمان سەیر دەکرێن؟**

خەزنەدار: نووسەرو زمانناس و ئەکادیمی کورد بەرپرس نین لە جێبەجێ نەکردنی هەموو کەموکووڕی یەکانی زمانی کوردی بە گشتی. بەرپرسی یەکەم نەبوونی دەسەڵاتی قەومییە، چونکە هەموو داهێنان و چاکسازی یێك ئەگەر لە کۆمەڵی کوردەواری دا دەسەڵاتێك نەبێ بە قانوون یا بە فەرمانی ڕەسمی بیسەپێنێ دەکەوێتە دەستی قەدەرو ڕێکەوت، لەبەر ئەوە مەرج نییە لە هەموو حاڵەتێك دا سەر بگرێ.

من لێرەدا تەنیا باس لە کوردستانی عیراق دەکەم، چونکە لە هەموو کوردستانەکان دا کورد مافی هیچی نەبووە، تەنیا لە عیراق دا هەندێکی بووە. ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی گێتی (١٩١٤ ـ ١٩١٨)و دروست بوونی دەوڵەتی عێراق (١٩٢١)و دامرکاندنەوەی هەڵسان و ڕاپەڕین و شۆرشەکانی کورد لەو ناوچانەی لە پاشانا بوون بە کوردستانی عیراق، بەپێ ی قانوونی زمانانی ناوچەیی (قانون اللغات المحلية) کورد مافی نەتەوەیی هەبوو بە شێوەییێك و تا ڕاددەییێك پارێزگاری مانەوەی بکا. لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی مەلیکی و کەوتنە ناوەوەی دەسەڵاتی کۆماری (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) کوردی عیراق مافی نەتەوەیی هەبوو بە شێوەییێکی دیکە، وابوو لە دەستووری کاتی عیراق عەرەب و کورد بە شەریك دانران.

ئەم ماوەیەی مێژووی کوردی نوێ و سەردەم گەلێ گرنگ بوو بۆ بووژانەوەو پێشکەوتنی نەك تەنیا کوردی عیراق بەڵکو کوردی هەموو کوردستانی گەورە . لەو ماوەیەدا زمانی کوردی هەندێ پێشکەوتنی بە خۆیەوە دی، بە تایبەتی لە ڕووی دروست بوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو لە سەر بنج و بناوانی دیالێکتی ناوچەی سلێمانی (بابان)، وا بوو، ئەم دیاردەیە هەموو ناوچەکانی دیالێکتی باشووری گرتەوە، هەروەها ئەلفوبێ ی عەرەبی کە بۆ نووسینی زمانی کوردی بەکار دەهێنرا گەیشتە ڕادەییێك پێویستی هەموو دەنگەکانی ووشەی زمانی کوردی جێبەجێ بکاو تا پلەییێکی بەرز لەگەڵی بگونجێ.

تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستانی عیراق گیروگرفتێکی ئەوتۆ لە زمانی نووسین و بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی لە ناوەوە نەبوو. لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە هەندێ ئێستگەی چاکسازی زمانی کوردی بوەستم کە بە کۆششی کەسانی زاناو هەندێ پاڵپشتی دەسەلات گەیشتبوونە ئەنجام.

١- بۆ پراکتیك کردنی قانوونی زمانانی ناوچەیی، ئەمە بە گشتی بۆ زمانی کوردی و تا ڕادەییێکیش بۆ زمانی تورکمانی لە کەرکووك بوو، وەزارەتی زانیاری (پەروەردەی ئێستا) وانەی بۆ زمانی کوردی دانابوو. بۆ ئەم مەبەسە کتێبی عەرەبیيان وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی. لە ناوچەکانی کوردستانی عیراق سلێمانی و کەرکووك و هەولێرو ئەو قەزاو ناحیەو گوندانەی قوتابخانەيان هەبوو وانەکان بە زمانی کوردیش دەخوێنران، پراکتیك کردنی قانوونی زمانانی ناوچەیی عیراق لە بادینان نەبوو، زۆربەی کوردی ئەوێ خۆيان نەيان دەویست بە کوردی بخوێنن.

خوێندن لە قوتابخانەکان دا بە کوردی هۆییێکی گرنگ بوو هیچ نەبێ بۆ مانەوەی زمانی کوردی وەکو زمانی نووسین. لە هەولێر قوتابخانەی "ئوولا" لە ناو خەڵکی بە "قوتابخانەی کوردی" ناسرابوو، چونکە لەو کاتەدا سێ قوتابخانەی کوڕان لە هەولێر هەبوو، ناويان بە ژمارەکانی زمانی عەرەبی بوو، ئوولا (أولى)و سانیە (ثانية)و سالیسە (ثالثة). لە کەرکووك قوتابخانەی گەڕەکی ئیمام قاسم بە کوردی بوو، قوتابخانەییێکی تورکمانیش لە قۆریە هەبوو.

٢- هەرچەندە مەسەلەی بە پەتی کردنی زمانی کوردی و چاکسازی لە ئەلفوبێ لەسەر لاپەڕەی کتێب و نامیلکە دەگەیشتە ئەنجام بەلام ڕۆژنامەگەری دەوری گرنگ و بالای هەبوو، ڕۆژنامەو کۆوارەکان بایەخيان بە چاکسازی ئەلفوبێی کوردی دەدا، باسيان بلاودەکردەوە، تێبینی زانستيان دەخستە ڕوو لە بابەت تیپە دەنگدارەکانەوە، لە تیپە بێ دەنگەکان بە ئیشارەتی جیاواز تیپی تازەيان دروست دەکرد. لەم مەسەلەیەدا کۆواری "گەلاوێژ" (١٩٣٩ - ١٩٤٩) دەوری گرنگی هەبوو،

جێ پەنجەی ئیبراهیم ئەحمەد دیار بوو، لەویش گرنگتر دەوری کۆواری "دەنگی کێتی تازە" (١٩٤٣ ـ ١٩٤٧) لێرەشا دەوری تۆفیق وەهبی یەکجار گرنگ بوو، چونکە ئەو شەخسە بەشێکی زۆری ژیانی خوێندەواری بۆ زمانی کوردی تەرخان کردبوو، نووسینی بە زمانانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی زۆرە لە بابەت زمانی کوردییەوە.

ئەو ووشەو زاراوانەی تۆفیق وەهبی زمانی ئەدەبی کوردی پێ دەوڵەمەند کردبوو، دەبوو هەتا هەتایە بمێننەوە، بەڵام داخی گران، زۆریان لە دوای ڕاپەڕین (١٩٩١) دەسکاری کرا ولە بیرچوونەوەو لە باتی ئەوان ووشەی ناقۆلاو بێ مانایان لە جێی ئەوان دانا، بۆ بەڵگە "کۆمەڵ" بوو بە (کۆمەڵگا)و "ئەنجام" بووە بە (سەرەنجام، دەرەنجام)و "گیرو گرفت"و "تەنگوچەڵەمە" بوون بە (قەیران). ئەمەیان ووشەیێکی تورکی ـ مەغۆلییە.

٣ـ گۆڕانی گشتی لە ئەلفوبێی کوردی لە ڕووی بەکارهێنانی ئەو تیپە تازانەی بە عەلامەتی (٧) بۆ تیپە دەنگدارەکانی وەکو (ۆ) و (ێ) و بێ دەنگەکانی وەکو (ڕ) و (ڵ) دروست کران لەوکاتەدا بوو بۆ یەکەمین جار لاینۆتایپ لە بەغدا پەیدا بوو. لە نزیکەوە من ئاگادارم و خۆشم بەشداریم تێدا کردووە. تۆفیق وەهبی بە هۆی هونەروەری هەڵکەوتوو بەدیع باباجان لەسەر کارتی تایبەتی خەتی هەموو ئەو تیپە کوردیانەی کێشا کە لە ئەلفوبێی کوردی هەن و لە ئەلفوبێی عەرەبی بەرچاو ناکەون. ئیتر ئەم کارتانەیان ناردە ئەڵمانیاو لە پاش ماوەیێك قاڵبی ئەم تیپانەیان دروست کرد ناردیانن بۆ چاپخانەکانی بەغدا، وابوو دیوانی سەلام (١٩٥٧ ـ ١٩٥٨) یەکێك بوو لەو کتێبە کوردییانەی تەواوی تیپی دەنگدار وە بێ دەنگی زمانی کوردی تێدا بەکار هێنرابوو.

لە دوای ئەمە هێشتا گفتوگۆو بیروڕای جیاواز لە بابەت وێنەی هەندێ لە تیپەکانی ئەلفوبێی کوردییەوە لە ناوەوە بوون. لەوانە لە پێشانا بوو "ڕ"ی قەڵەو دوو ڕێ "رر" دانرابوو. عەلائەددین سەجادی سوور بوو لەسەر مانەوەی ئەم وێنەیە.

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم تۆفیق وەهبی وێنەی "ڕ"ی بۆ ڕێی قەڵەو پێشنیاز کرد، وابوو ئەم وێنەیە کەوتە ناو قاڵبی سیستێمی لاینۆ تایپی چاپخانەکانەوە، کەچی لە "کۆڕی زانیاری کورد" (بەغدا ١٩٧٠) بوو بە چەندو چوون لە نێوان هەڵبژاردنی یەکێك لە دوو وێنەکە "رر" یا "ڕ"، ئەندامانی کارای کۆڕ زۆر خەریك بوون و نەگەیشتنە ئەنجام. بە شێوەیێك ئەندامانی کۆڕ بە دەنگی بەرز بەرامبەر بە یەکتری چوونە مەیدانەوەو لەم مەسەلە زانستی‌یەدا تەلاق کەوتە ناوەوە، ئیتر بۆ ئەوەی تەلاقی کەسێك نەکەوێ هەر دوو وێنەی "رر" و "ڕ" ڕەفز کراو حەوتەکەی ژێرەوەیان خستە سەرەوە "ڒ". ئەمە کارەساتێکی ڕۆشنبیری بوو ناخۆشی‌یەکە لەوەدایە کارەسات ببێ بە مایەی پێکەنین.

ئیتر هاوار بەماڵی خوێنەری کەمبینا، چونکە ئەم وێنە سەیرەی بۆ ڕێی قەڵەو دانراوە بە "ز"ێ دەکەوێتە بەرچاو. جگە لەوە هەر ئەو کۆڕی زانیاریەی بەغدا لە باتی واوی دەنگداری درێژ "وو" پێشنیازی کردبوو "وَ" بنووسرێ. بەلام کەس بە گوێی نەکردن، تەنیا خۆیان لە چاپەمەنی خۆیان دا خستیانە پراکتیکەوە. لە چاپکراوەکانیان دا "دیوانی نالی"یان بەم جۆرە ئیملایە چاپ کردووە ئەوەی لە هیچ چاپەمەنی‌یێکی دیکەی کوردی ناکەونە بەرچاو. ئیتر لەو ڕۆژەوە قوتابیانی هەرسێ قۆناغی خوێندنی زانستگا (بەکالۆریۆس و ماجستێر و دوکتۆر) لە منیان دەپرسی دەکرێ نموونەی شیعری نالی لە دیوانی چاپی کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا وەربگیرێ، وەرام ئەوەبوو لە ڕووی زانستی‌یەوە نابێ، چونکە هەموو تێکستێك بە چی ئیملاییێك نووسراوە دەبێ وەکو خۆی نەقڵ بکرێ، بەلام بۆ ئەوەی پارێزگاری خوێندنەوەی بە ڕاستی تێکستەکە بکرێ وەکو لەوێ نووسراوە نابێ نەقڵ بکرێ، بەڵکو بەو ئیملایەی لە ناوەوەیە دەنووسرێتەوە، وەکو سەرچاوەیێك دەکرێ ئاماژە بە چاپەکەی کۆڕی زانیاریش بکرێ.

وەکو دیارە گەلێ کردەوەی زانستی بە ناوی چاکسازی‌یەوە کەوتۆتە ناوەوەو سەری نەگرتووە، چونکە دەسەلاتێك نەبووە بەرگری لێ بکا، لەبەر ئەوە لەناوچووە.

٤ـ له سەردەمی ڕژێمی کۆماری له عێراق دا مافی خوێندنی کوردی له قوتابخانه سەرەتاییەکاندا فراوان بوو. هەروەها گەیشته قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەیی و هەندێ له قوتابخانه پیشەییەکان. جگه لەوه بەشی زمانی کوردی له کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا کرایەوه. له دوای ئەوه زانستگای سلێمانی دامەزرا، له پاشانا گوێزرایەوه هەولێر به ناوی زانستگای سەلاحەدین (١٩٨٢). کاریگەری ئەم دەسگا زانسیيانه به هێز بوو بۆ پێشکەوتنی زمانی کوردی له ڕووی ووشەی فەرهەنگی و زاراوەی زانستی و ئەدەبی و هونەری تەعبیرو لێکسیکۆنی زمانی نووسینی کوردی. ئەمه هەمووی بووه هۆی ئەوەی لەسەر بنچینەی دیالێکتی کرمانجی باشوور زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی ستاندارد دروست ببێ به ئەلفوبێی عەرەبی. ئەمه هەمووی له کوردستانی عیراقدا بوو، بەلام ئەم چاکسازی یه تەنیا بۆ خۆی نەبوو، دەتوانم بڵێم به شێوەیێکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ سوودی بۆ کوردستانی ئێرانیش هەبوو، جگه لەوه ئەوانیش کەم و زۆر دەوریان لەم چاکسازی یەدا هەبووە، چونکه ئەگەر مەهابا دو هەولێر (موکریان و سۆران) خوشك و برای دایك و باوکێك بن، بێ گومان سنەو سلێمانی و کەرکووك (ئەردەڵان و بابان و گەرمیان)یش خوشك و برای باوك و دایکێکن، لەم ماوەیەدا تا ڕادەیێك نووسین به دیالێکتی کرمانجی باکوور له بادینانیش به ئەلفوبێی عەرەبی پێشکەوت.

٥ـ زمانی کوردی لەم لایەنەوەو دوور له کارەساتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پاش قڵیشانەوەکەی ساڵی (١٩٧٥) له پێشکەوتن دا بوو. دیکتاتۆرییەتی ڕژێمی عیراق و دەست تێوەردانی دوژمنانی کورد له کاروباری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەت له هاوسێ یانی عیراق بووه هۆی کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجه.

خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردی به هۆی خوێندنی قوتابخانەکان و کتێب و ڕۆژنامەو گۆوارو چاپەمەنی دیکه تا ڕادەیێك بەرەو پێش دەچوون، ئەو سەردەمه مەسەلەی خوێندەواری کوردی ئۆقرەی گرتبوو، بەپێی تیۆری یا ئەو پەندەی دەڵێ "بەشی قەیسەرو بۆ خۆیەتی و بەشی خوداش بۆ خۆیەتی". دەسەڵاتی هەموو

دیکتاتۆرەکانی عێراق بەشی خۆیان لە ستایش و پێدا هەڵگوتن وەرگرتبوو، بەشی خوێندەواری کوردیش لەوان جیا بوو بووەو کارێکی یەکجار گەورەو پڕ سوود لە کولتووری کوردی دا لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە تا ڕاپەڕین (١٩٩١) گەیشتبووە ئەنجام.

ئەم بیروڕاو بۆچوونانە ئەو ڕاستی‌یەمان بۆ دەخەنە ڕوو زاناو ئەکادیمیانی کورد دەوری گرنگیان بووە لە گەیاندنی زمانی کوردی لە ڕووی ئەلفوبێ و نووسینەوە بۆ پلەیێك شایانی میللەتێك بێ خۆی بە نەتەوە بزانێ و مافی خاکی سەربەخۆو بەختیاری هاوولاتیانی هەبێ.

ئەو تەگەرانەی پێشکەوتنی کولتووری کوردیان ڕەت کردۆتەوە بە درێژایی مێژووو بەربەرەکانی هیواو ئامانجی میللەتیان کردووە، نەبوونی دەسەڵات بووە، گەلێ لە بڕیارو کارو کردەوەی ڕاست و هەڵە سەریان نەگرتووە. هەڵەکان زیاتر سەرکەوتوون، چونکە خاوەنیان بە زۆری لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی خاوەن ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی بوون.

ئەو کەموکووڕی یەی ماوە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، لەوانەیە قورستریش بێ تا ئەو کاتەی هێمنی دەکەوێتە ناو کۆمەڵی کوردەواری‌یەوە بە هۆی دەسەڵاتێکی دیموکراتیانەی بەهێز، ئەو کاتە چاکسازی حەقیقی دەست پێ دەکا.

**+ ئێستا بەشی زۆری خوێندەواری کورد بە تیپی لاتینی دەخوێنێتەوەو دەنووسێ، وەك لە کوردستانی تورکیاو سووریا، بەڵام بەشی زۆری فەرهەنگ و کولتووری کوردی بە تیپی عەرەبی نووسراوەتەوە، دواجار ئەنجامی ئەم دابڕانە گەورەیە دەبێ چۆن بێ؟**

خەزنەدار: ئەمە پرسیارێکی یەکجار گرنگە. من لەوە دڵنیام لە سەرانسەری ئەم گفتوگۆیە وەرامی ئەم پرسیارە دراوەتەوە، بەڵام دووبارە دەتوانم ئەو قسانەی پێشووم لەم لایەنەوە یەك بخەم بۆ ئەوەی ببێ بە وەرامێکی یەکگرتوو بۆ ئەم پرسیارە گرنگە.

میللەتی کورد لە ئەنجامی مێژووی هەزار ساڵەی تازەی و ناسینی بە ناوی "نەتەوەی کورد"ەوە بە هۆی بەسەرهاتی مێژوویی و زۆری دیالێکتی گەورەو بچووکی

زمانەکەی لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی سەدەی بیستەم زمانی نووسینی یەکگرتووی لە دیالێکتی کرمانجی پەیدا بوو، ئەو زمانەی شەرەف خانی بەدلیسی بە چوار دیالێکتی سەرەکی دەست نیشانی کردووە "کرمانجی، گۆرانی، لوڕی، کەلهوڕی". لە پاشانا تۆفیق وەهبی لە ڕووی جوگرافیاوە جێگەو شوێنەکانیانی دیاری کردووە، هەروەها دیالێکتە بچووکەکانی ئەم دیالێکتە گەورانەی دەست نیشان کردووە.

وەکو ئاشکرایە ئەدەبی میللی سەرزاری نەنووسراو (فۆلکلۆر) و ئەدەبی کلاسیکی نووسراو بە هەموو ئەم دیالێکتانە لە ناوەوە بووە. لە دوای جەنگی یەکەمەوە زمانی ئەدەبی نووسراوی کوردی لە دیالێکتی کرمانجی خۆی دۆزیەوە. ئەم دیالێکتە بوو بە دوو بەشەوە . تۆفیق وەهبی ناوی کرمانجی باکوور یا کرمانجی سەروو و کرمانجی باشوور یا کرمانجی خواروی بۆ دانان.

هەڵسوکەوتی مێژووی کورد لە ڕووی سیاسییەوەو کردەوەی خۆی و هاوسێکانی و ئەمپریالیست و کۆلۆنیالیستەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بووە هۆی ئەوەی دوو زمانی ئەدەبی یەکگرتووی نووسینی لەناو میللەتی کورددا بکەوێتە ناوەوە. یەکەمیان لە سەر بنج و بناوانی دیالێکتی کرمانجی باشوورو ئەلفوبێی عەرەبی، نووسینی کوردی بەم ئەلفوبێیە تەمەنی هەزار ساڵەی هەیە. دووەمیان لەسەر بنج و بناوانی دیالێکتی کرمانجی باکوورو ئەلفوبێی لاتینی. ئەمەیان لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی یەوە کەوتە ناوەوە تا ئێستا.

ئەمە واقیعێکە چاوپۆشی لێ ناکرێ. ڕۆژی ئەمڕۆ هیچ هێزێك توانای ئەوەی نییە بڕیار دەر بکا بۆ یەکگرتنیان و بوونیان بە بەیەك زمانی نووسین، چونکە لە ڕووی زانستیەوە بیروڕایێکی لەم جۆرە ناچێتە سەر. ئەگەر بتەوێ یەکێکیان بکەی بە ئەساس ئەوی دیکە پێڕەوی ناکا. کوردی کوردستانی تورکیا ئەگەر واز لە دیالێکتی کرمانجی باکووریش بهێنن واز لە ئەلفوبێی لاتینی ناهێنن. مەسەلەکە ئاڵۆزە، پێویستە ئێستا بیری لێی نەکەیەوەو دوای بخەی بۆ ڕۆژی خۆی.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی گریمان یەکێك بڵێ با ئەلفوبێی نووسینی دیالێکتی کرمانجی باشوور ببێ بە لاتینی، ئەمەش مەسەلەکە حەل ناکا، چونکە ئەگەر

ئەلفوبێکەش ببێ بە لاتینی، دیالێکتەکە خۆی نابی بە دیالێکتێکی کرمانجی باکووری، جگە لەوە هیچ هەڵسوکەوتێکی سیاسیی لە ناوەوە نییە هەوڵ بدرێ بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ ی عەرەبی لە کوردستانی عیراق و کوردستانی ئێران بۆ ئەلفوبێ ی لاتینی. ئەمە ڕۆژی ئەمڕۆ زیانی گەورە بە کورد دەگەیەنێ و زرووفیش لەبار نییە ئەم کارە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا سەربگرێ، لە بەر ئەوە ڕای گشتی خوێندەواری کورد لە عیراق و ئێران لە دژی ئەم بیرەیە.

# ملخص الحوار

كان الأمر طبيعياً حينما توجه مركز ثقافي كردي الى الأستاذ معروف خزنه‌دار بأسئلة تتعلق بجوهر قضية ثقافية خطيرة الا وهي اللغة الكردية الموحدة للكتابة وعلاقتها بالألفباء العربي واللاتيني. ولقد أجاب عن الأسئلة مشكورا باللغة الكردية.

وكان من المفيد ان ينشر مجمل الحوار في هذا الكتاب. وخلاصة رأي الباحث هو أن وحدة اللغة الكردية وشكل كتابها مسألة عملية أكاديمية وليست سياسية، ولولا كثرة الجدال في الأونة لما كان من الضروري الخوص في هذه المعركة. الأخيرة في قضية علمية تحولت الى سياسية لما خاض في هذا الحوار الذي لا لزوم له .

ويرى الباحث في حواره إن الأكراد يستعملون لغتين موحدتين في الكتابة، والمصطلح العلمي لهما هو اللهجة الشمالية واللهجة الجنوبية، وقد تكونتا خلال ظهور وتطور الشعب الكردي على ارضة التأريخية "كردستان".

فاللهجة الشمالية تعتمد الألفباء اللاتيني، واللهجة الجنوبية تعتمد الألفباء العربي. ففي الوقت الذي فيه يتعذر ايجاد لغة كردية موحدة للكتابة، وكذلك اختيار الفبا و واحد سواء كان عربيا أو لاتينيا، يرى الباحث أن يترك الأمر للمستقبل، لأن ليس للمشكلة أي حل في الوقت الحاضر، ولا يمكن التفكير مهما كانت الظروف والأحوال في تبديل الحروف العربية المستعملة في اللغة الكردية الى الحروف اللآتينية لأن الحروف العربية وبعد إدخال التعديلات فيها أصبحت رمزا للثقافة الكردية في المجتمع الكردي في كردستان العراق وكردستان ايران.

**The summary of the Dialogue**
**prof. Dr. Marouf Khaznadar**

It is normal for a Kkurdish Cultural Centre to address me some questions relevant to a very significant cultural issue, Kurdish standard language and preference for one of the two alphabets, Latin and Arabic.

Publishing this dialogue is considered a great benefit to those concerned. From the resarcher's point of view Kurdish standard language and the prefered alphabet, is a pure academic matter turned political.

The dialogue, also indicates that Kurds use two major standard languages in their writings which are termed Northern Dialect and Southern Dialect. These two dialects have come into exitence through Kurd's emergence and development on their historical homeland (Kurdistan). Northern diaect is written in latin alphabet whereas the speakers of Southern dialect use Arabic alphabet in their writings.

Owing to the difficulties have arisen to meet with a standard Kurdish language and a united alphabet, the researcher suggests to leave this issue and looking forward to seeing what future holds.

د. رەفیق سابیر

# ئەلفوبێی کوردیی لە باکووری کوردستاندا، دەتوانێت ببێتە یەکێك لەو توخمە کولتوورییانەی کە کورد لە تورك جیا دەکاتەوە



. ساڵی (١٩٥٠) لە قەڵادزێ لە دایکبووە.

. ساڵی (١٩٧٤) بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدادی تەواو کردووە.

. ساڵانی (١٩٧٩ . ١٩٨٢) پێشمەرگە بووە.

لە ساڵی (١٩٨٧) دکتۆرای لە ئەکادیمیای زانستە مرۆڤایەتییەکان لە سوفیا بولغاریا بەدەست هێناوە.

. ساڵانی (١٩٨٩ . ٢٠٠٦) لە وڵاتی سوید بووە.

. لە ساڵی (٢٠٠٦) گەڕاوەتەوە کوردستان و ئێستا سەرۆکی سەنتەری کوردۆلۆجی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانە.

**+ ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بچینە ناو باسەکەوە و بپرسین: بە رای ئێوە ئەلفوبێی کوردیی، بایی ئەوە گرفت و ئاریشەی هەیە کە بیر لە گۆڕینی بکەینەوە؟**

د. ڕەفیق سابیر: بە رای من ئەلفوبێی کوردیی ئەوەندە گرفتی نییە کە بیر لە گۆڕینی بکەینەوە. خۆ ئەگەر گرفتیشی هەبێت، ئەوا دەبێت پێش ئەوەی بیر لە گۆڕینی ئەلفوبێ بکەینەوە، باس لەو گرفتانە بکەین و هەوڵی چارەسەریان بدەین. بۆیە ئەم بانگەشەیە، لە بنەڕەتدا، بە ئامانجێکی سیاسییە و پەیوەندیی بە گرفتی ئەلفوبێی کوردییەوە نییە. ئەلفوبێی کوردی (ئەلفوبێی عەرەبی، فارسی هەموارکراو) پێنج سەدە زیاترە لە نووسینی کوردیدا (بە دیالێکیتی کوردیی باکوور، گۆران و کوردیی باشوور) چەسپاوە. تەواوی میراتی ئەدەبی و کولتووریی نووسراوی ئێمە بەو ئەلفوبێیە نووسراوە و لەگەڵ گەشەکردنی زمان و ئەدەبی کوردییدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بە تەواوی لەگەڵ زمانی کوردییدا گونجێندراوە. بۆیە ئەم ئەلفوبێیە، لەمڕۆدا، باشترین و شیاوترین جۆری ئەلفوبێیە کە لەگەڵ زمانەکەماندا بگونجێت. لە نێو ئەو گەلانەی کە ئەم جۆرە ئەلفوبێیە بەکار دەهێنن، بۆ نمونە عەرەب و فارس و دەری..تاد، کورد توانیویەتی لە ڕێنووسەکەیدا، باشتر ئەم ئەلفوبێیە لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندیی زمانەکەیدا بگونجێنێت. دەنگە تایبەتەکانی زمانەکەمان (پ، چ، ڕ، ژ، ڤ، گ، ڵ، ۆ، ێ) تیپی سەربەخۆیان بۆ داندراون. کەچی هەندێك لەم دەنگانە، کە لە هەندێك وشە و ناوی بیانیدا دووبارە دەبنەوە، هێشتا لە نووسینی عەرەبی و فارسی و دەریدا جێگایان نەکراوەتەوە. ئەو گۆڕانکارییە گرنگەی کە لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوودا، لە ڕێنووسی کوردیدا کرا، گرفتێکی ئەوتۆی لە ئەلفوبێی کوردیدا نەهێشت، چونکو لە ڕێی داهێنانی وێنەی تایبەتی دەنگە بزوێنەکانەوە، وشەی کوردیی چۆن دەگوترێت ئاوەهایش دەنووسرێت. کەچی هێشتا ئەو زمانانەی تر کە بە هەمان ئەلفبێ دەنووسرێن لە خوێندنەوەدا گرفتی جیدی بۆ خوێنەر، بە تایبەتی بۆ خوێندکار و

کەسانی بیانی کە ئەو زمانانە فێردەبن، دروست دەکەن. چونکو لە نووسینی ئەو زمانانەدا زۆربەی تیپە بزوێنەکان نانووسرێن، ئەمەیش جیاوازییەکی هێندە گەورەی لە نێوان شێوەی نووسینی پەیڤ و گوتنیدا دروست کردووە کە لە زۆر حاڵەتدا ئەگەر مرۆڤ مانای وشەکە نەزانێت، زەحمەتە بە دروستی وشەکە، وەك خۆی، بخوێنێتەوە. کەچی لە نووسینی کوردیدا ئەم جۆرە گرفتانە نین، ئەمەیش نیشانەیەکی تری ئەو هارمۆنی و گونجانەیە کە لە نێوان زمانی کوردیی و ئەلفوبێیەکەیدا هەیە. لەبەر ئەوە بانگەشەی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردیی بۆ ئەلفوبێی لاتینی پەیوەندیی بە زانستی زمان و گرفتی ئەلفوبێی کوردی و پێداویستیی زمانی کوردییەوە نییە، بەڵکو ئەم بانگەشەیە، کە هەندێك رووناکبیری کوردی باکووری کوردستان داوای دەکەن، لە ناوەرۆکدا، مەسەلەیەکی سیاسییە و بەشێکە لە ئەنجامەکانی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم.

**+ دروستبوون و هێنانە ئارای ئەم بابەت و بیرۆکەیە –ئەلفوبێی لاتینی– ئەوەندەی من زانیاریم هەبێت لە سەرەتاوە لەسەر دەستی خەڵکی غەیرەکورد سەری هەڵدا و دواتر بەدرخانییەکانیش کاریان لەسەر کردووە، بەم پێیە خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەم حاڵە چییە، لە کاتێکدا کارێکی ئاوا گرنگ و چارەنووسساز بە نیسبەت نەتەوەوە دەبێت لە واقیعی خۆیانەوە سەر هەڵبدات؟**

د. رەفیق سابیر: ئەلفوبێی لاتینی لە نووسینی کوردیدا، یەکێك لە بەرهەمە هەرە دزێوەکانی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم و دەوڵەتی کەمالیستی تورکە. ئاشکرایە دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا، بە هۆی خۆبەکەمگری لە بەرامبەری ئەورووپا و ئیدیعای ئەورووپاییبوونی تورك و بە مەبەستی دابڕینی گەلانی نێو تورکیا لە رابردووی کولتووریی خۆیان و کوشتنی زمانەکانیان و تواندنەوەیان لە ناو رەگەزی تورکدا، ئەم ئەلفوبێیەی لە تورکیادا سەپاند. لەگەڵ ئەم ئەلفوبێیەدا تەنانەت زمانی تورکیی عوسمانی، کە پڕی بوو لە وشەی عەرەبی و فارسی و کوردیی کۆتایی پێ هێنرا، لە

بری ئەو لەهجەی تورکیی ئەستەمبوولّی کرایە زمانی ستانداردی تورکی و بە زۆر بەسەر گەلّانی تورکیادا سەپێندرا. بەم جۆرە دەولّەتی کەمالیستی تورکیا هەموو نەتەوەکانی نێو تورکیای (بە تورکیشەوە) لە ریشەی کولتووری و ئەدەبی و رابردووی مێژوویی خۆیان دابڕی و بەو کولتوور و رابردووە مێژووییەی نامۆ کردن. ئەمەیش بەشێك بوو لە ئامانجەکانی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم کە دەیویست لە نێو سنووری تورکیادا نەتەوەیەکی نوێی تورك، لە گەلانی تورك، کورد، عەرەب، لاز، چەرکەس و گورجی..تاد، دروست بکات. دوای سەپاندنی ئەم ئەلفوبێیە و زمانی تورکی وەك تاکە زمانی رەسمیی دەولّەت، پرۆسێسی بە تورککردنی ئەو گەلانە و کوشتنی زمان و کولتوورەکەیان دەستی پێکرد. ئەم پرۆسێسەیش پشتی بە دوو هێز بەست. یەکەمیان هێزی دەستوور و قانوون، دووەمیان زەبروزەنگ و تیرۆری دەولّەت. لە نیسانی سالّی ١٩٢٥دا ئەنجومەنی بەرزی نیشتمانیی تورك، یەکەمین دەستووری تورکیای پەسند کرد. بە پێی مادەی دووەمی ئەم دەستوورە زمانی تورکی بە تاکە زمانی رەسمی و دانپێدانراوی تورکیا داندرا. هەروا لە مادەی هەشتا و هەشتەمیدا هاتووە: "هەموو دانیشتوانی تورکیا، بە بێ جیاوازیی ئاینی و نەژادی تورکن". ئەم مادە دەستوورییانە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیرە تورك (لەوانە کورد) و کوشتنی زمان و کولتوورەکەیان پەسەند کران. بەلّام کاتێك کورد، لە سالّی ١٩٢٥ دا لە رووی سیاسەتی کوشتنی زمانەکەی و تواندنەوەی نەتەوەییدا رابوو، دەولّەتی رەگەزپەرستی تورك، لە رێی کوشتاری بە کۆمەلّی کوردەوە، کوشتنی زمان و کولتووری کوردی (کولتوور ساید)ی گۆڕی بە جینۆسایدی کورد. دوای ئەم تاوانە لە تورکیادا نۆرەی داتاشینی مێژوویەکی نوێی خورافی و ساختە بۆ تورك هات، کە بە تێزی هەتاو ناسرا. بە پێی ئەم تێزە کولتوور و شارستانی و تەنانەت ریشەی زمانانی دنیا، لە بنەڕەتدا تورکی بوون و هەموو دنیا قەرزاربارى کولتوور و زمانی تورکن! لەم دۆخە نوێ و دژوارەدا بوو کە، لە ناوەڕاستی سالّانی سییەکانی سەدەی رابردوودا، بەدرخانییەکان لە کار و چالاکیی

سیاسی و رووناکبیرییاندا ئەلفبێی لاتینییان بەکار هێنا. بەڵام ئایا ئەوان ئەم ئەلفوبێ لاتینییە بە تورککراوەیان لەبەر ئەوە بەکار هێنا چونکو لەگەڵ تایبەتمەندیی زمانی کوردیدا دەگونجێت؟ ئاشکرایە ئەوان تەنیا رووناکبیری گرنگی سەردەمی خۆیان نەبوون، بەڵکو ئایدیۆلۆجیستانی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد و لە رابەرانی بزاڤەکە بوون. ئەوان، کە لە سوریا خەباتی رووناکبیری و سیاسیی خۆیان لە دژی دەوڵەتی تورکیا درێژە پێ دەدا، رەنگە ناچار بووبن کە بڵاوکراوەکانیان بە ئەلفوبێی لاتینی–تورکی بنووسن، چونکو لەو ماوەیەدا نەوەیەکی نوێی خوێندەواران لە باکووری کوردستاندا دەرکەوتبوون، کە تەنیا بەم ئەلفوبێیە دەیانتوانی بخوێننەوە. خوێندەوارانی نەوەی پێشوویش، کە ئەلفوبێی کوردییان دەزانی و لە کوشتاری دەوڵەتی تورك دەرباز بوو بوون، فێری ئەم ئەلفوبێیە نوێیە بوو بوون. بە رای من لەبەر ئەم هۆکارە پراگماتییانە بوو، نەك هۆکاری زمانی، یان هاندانی بیانی، کە هێژا کامەران بەدرخان و هاورێکانی لە مەنفادا کەوتنە بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیە نوێیە. چونکو ئەوان و هەڤاڵانیان، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، واتا پێش دامەزراندنی دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا، هەموو نووسین و بڵاوکراوە و گۆڤارە سیاسی و رووناکبیرییەکانیان (لەوانە رۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هێڤی کورد..تاد) بە هەمان ئەو ئەلفوبێیە کوردییە بوو کە پێشتر مەلای جزیری، خانی، فەقێ تەیران، مەولەوی، نالی، حاجی قادری کۆیی و عەبدولرەزاق بەدرخان..تاد پێیان دەنووسی و دەخوێندەوە. ئەم ئەلفوبێیە لەو رۆژەوە کە زمانی کوردیی، پێنج سەدەیەك پێش ئێستا، لە زمانی پەیڤینەوە گۆڕدراوە بە زمانی نووسین بەشێکی گرنگ بووە لە زمان و پێناسە (ئایدێنتیتی)ی کولتووری و نەتەوەییمان و لە ناوجەرگەی واقیعی کولتووری و رووناکبیریی کۆمەڵەکەمانەوە سەری هەڵداوە و لەگەڵ تایبەتمەندیی زمانەکەمان و رەوشی گەشەکردنیدا گونجێندراوە. هەروا نیشانەی پەیوەندیی زیندووی کولتووری و رووناکبیریی نێوان کورد و ئەو گەلانەیە. بە کورتی من، وەك

شاعیرێك، كە هەمیشە و لە سەختترین ڕۆژانی مەنفادا زمانەكەم ولاتم بووە، ناتوانم زمانی كوردیی بەبێ ئەلفوبێ كوردییەكەی وێنا بكەم، چونكو ئەلفوبێی كوردیی روخسار و پێناسەی درەوشاوەی زمانەكەمانە.

**+ بە رای تۆ سەرهەڵدانی بیرۆكەی ئەلفوبێی لاتینی لای كورد پرۆژەیەك بوو لە پێناو زمانی كوردیدا یان بە نیازی دیكە بوو؟**

د. رەفیق سابیر: پێشتر وەلامی بەشێكی ئەم پرسیارەم دایتەوە. سەرهەڵدانی بیرۆكەی ئەلفوبێی لاتینی و بەكارهێنانی لە لایەن رووناكبیرانی باكووری كوردستانەوە كەم و زۆر، دوور و نزیك لە پێناو زمانی كوردیدا نەبوو، بەڵكو هەوڵدانێكی رووناكبیران و ناسیۆنالیزمی كورد بوو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە سەختەدا كە ناسیۆنالیزمی تورك لە تەواوی سنووری دەوڵەتی توركیادا (بە باكووری كوردستانیشەوە) سەپاندنی. بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزمی كورد لە مەنفا (ئێكسیل)دا بتوانێت لە رەگەكەی (گەلی باكووری كوردستان) دانەبڕێت و درێژە بە بوون و بەردەوامبوونی خۆی بدات و پارێزگاریی زمانی كوردیی بكات و هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لە باكووری كوردستاندا بڵاو بكاتەوە ناچار بوو ئەو ئەلفبێیە نوێیە زاڵە لە نووسیندا بەكار بهێنێت. لەو سەردەمە و دواتریشدا، كە ئەلفوبێی كوردیی لە بیر گەلی باكووری كوردستان برابۆوە، ئەلفوبێی لاتینی–توركی بوو بە كۆد یان پردێكی زمانیی نێوان رووناكبیرانی مەنفاو گەلەكەیان لە باكووری كوردستاندا. لە رووی زانستی زمانەوە هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێت كە پرۆژەی ئەلفوبێی لاتینی–توركی پرۆژەیەك بووبێت لە پێناو زمانی كوردیدا. ئەمە كارێكی پراگماتییانەی ناسیۆنالیزمی كورد بوو كە نیازێكی سیاسی–نەتەوەیی لە پشتەوە بوو.

**+ با بگەڕێینەوە سەر ئێستا، راستە كە ئەلفوبێی لاتینی پێویستییەكی ئەمڕۆی زمانی كوردییە؟ چی بە خاوەنانی ئەم رایە دەڵێی؟**

د. رەفیق سابیر: ئەلفوبێی لاتینی رەنگە تا ئێستا بۆ كوردی باكووری كوردستان پێویست بێت، چونكو ئەوان، بە رووناكبیر و نووسەرانیشیانەوە تەنیا بەم ئەلفوبێیە

دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن. ئەوان کە زمان و کولتوورەکەیان بەر هەڕەشەی کوشتن کەوتوون، ئێستا تەنیا بەهۆی ئەم ئەلفوبێیە دەتوانن درێژە بە پەیوەندیی رووناکبیرانەی خۆیان بە زمانەکەیانەوە بدەن و هەست و بیر و خەونی خۆیان بە زمانەکەیان دەر ببڕن. بۆیە ئەوان مافی خۆیانە ئەم جۆرە ئەلفوبێیە بەکار بهێنن. بەڵام ئەم ئەلفوبێیە لاتینییە—تورکییە، لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستییەکی زمانی کوردیی نییە و تەنیا بۆ ئەوە بە سوودە کە مرۆڤ بتوانێت، بە هۆیەوە، بەرهەمی نووسەرانی باکووری کوردستان بخوێنێتەوە.

**+ ئەمڕۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان تیپی لاتینی، لە نووسینی تێکستەکاندا، بەکار دەهێنن. بۆ ئەمەیش پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە تاکو کوردانی هەندەران لێیان حاڵی بن و..هتد، هەروەها دەرکردنی گۆڤار و چاپکردنی کتێب بەم ئەلفوبێیە، لە کاتیکدا ئەلفوبێی رەسمی بەکارهێنراو لە کوردستاندا ئەلفوبێی عەرەبی دەستکاریکراو بۆ کوردییە، ئەم حاڵەتە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

د. رەفیق سابیر: راستە بەکارهێنانی تیپی لاتینی لە نووسینی تێکستەکاندا بەو مەبەستەیە کە کوردی باکووری کوردستان لەم رێگەیەوە سوود لەم کەناڵە تەلەڤزیۆنییانە وەربگرن و هۆگریان بن. من لەمڕۆدا ئەم کارە بە ئاسایی و تەنانەت بە باشیش دەزانم. خویندەوارانی کوردی باکوور تەنیا ئەم ئەلفوبێ لاتینییە—تورکییە دەزانن. ئەوان مافی خۆیانە کە لە رێی ئەم کەناڵە کوردییانەوە هەواڵەکانی کوردستان و جیهان بخوێننەوە. لەم رێگەیەشەوە دەشێت بە شێوەزمانی کوردیی باشوور رابێن و پێی ئاشنا ببن. دەرکردنی گۆڤار و چاپکردنی کتێب بەم ئەلفوبێیەش کارێکی ئاسایی و تەنانەت باشیشە، چونکو لە بنەڕەتدا بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردیی باشووری کوردستانە بە کوردی باکووری کوردستان. ئایا ناکرێت ئەمە بکرێتە پردێکی ئەدەبی—زمانی لە نێوان کوردی باکوور و باشووردا؟ ئاشکرایە دۆخی مێژوویی داگیرکردن و لێکدابڕان و دابەشکردنی کوردستان، تەنیا

دابڕان و دابەشکردنێکی جیۆگرافی و سیاسی نییە، بەڵکو کولتووری و زمانییشە. بۆیە هەر هەنگاوێك بۆ لێکنزیکبوونەوەی زمانی و کولتووری دەشێت سەرەتایەك بۆ بەهێزبوونی هەستی هاوچارەنووسی و هۆشیاریی نەتەوەیی و هەماهەنگی (ئینتێگراسیۆن)ی نەتەوەیی پێك بێنێت و جیاوازیی نێوان ئەو دوو شێوە زمانە کەمتر بکاتەوە. بە رای من تا ئەو کاتەی بەشێك لە نەتەوەکەمان ناچار کراوە تیپی لاتینی بەکار بهێنێت، دەکرێت لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستاندا، لە قۆناخی دواناوەندیدا، شێوەزمانی کوردیی باکوور بەم ئەلفوبێیە بخوێندرێت، تا خوێندکاران بە ئەدەبی کوردیی لە باکووری کوردستان ئاشنا بن.

**+ خەڵکێك پێی وایە ئەلفوبێی لاتینی، کورد بە رووی جیهاندا دەکاتەوە چونکە ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری زمانە زیندووەکانی دنیا بەم ئەلفوبێیە دەنووسرێن، هەروەها بۆتە نوێنەری زمانی تەکنۆلۆجیا و دیجیتاڵ. دەوترێ بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی زووتر بێگانە فێری زمانەکەمان دەبن. لە بەرامبەری ئەم رایانەدا چیتان هەیە؟**

د. رەفیق سابیر: ئەمە پرسیارێکی گرنگ و فرە لایەنیشە، بۆیە رێگەم بدە کەمێك زیاتر لە بارەیەوە بدوێم:

١- بە رای من هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان کرانەوەی نەتەوە و کولتوورێك بە رووی جیهاندا و نێوان ئەلفوبێی لاتینیدا نییە. کرانەوەی نەتەوەیەك بە رووی جیهاندا مەسەلەیەکی سیاسی، ئابووری و کولتوورییە و بە چەندان فاکتەری ترەوە بەستراوەتەوە، لەوانە زمان و ئەو بەها کولتووری و زانستی و ئەو زانیینەی زمانەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە. ئەگەر ئەلفوبێ کلیلی کرانەوە، یان قوفڵی داخرانی نەتەوەیەك بووایە بە رووی جیهاندا دەبوو ئیمڕۆ چین و یابان و باشووری کۆریا (کە ئەلفوبێیان نییە و لە جیاتییان هەیرۆگلیف بەکار دێنن، کە لە چینیدا نزیکەی ٣٧٠٠ هەیرۆگلیفە) داخراوترین و گۆشەگیرترین گەلانی دنیا بوونایە، چونکو بە هۆی ئەم هەیرۆگلیفەوە، بیانییان بە زەحمەت فێری زمانەکەیان دەبن، بۆیە

دەبوو ئەوان و دەیان نەتەوەی دی دەمێك بووایە بیریان لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بکردایەتەوە. بەڵام کام وڵاتی دنیا هەیە کە بە رووی کاڵای یابانی و چینیدا نەکرابێتەوە و کۆمپانیا و رێستورانگی چینییان تێدا نەبێت؟ کام وڵاتی گرنگی سەرمایەداری هەیە کە، لە چیندا، بە ملیاران دۆلار بۆ کاری وەبەرهێنان بەکار نەهێنێت؟ ئیمڕۆ بە دەیان وڵات لە دنیادا هەن کە ئەلفوبێی لاتینی بەکار ناهێنن و بە هیچ جۆرێك بیریان لەوە نەکردۆتەوە و مەحاڵیشە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەلفبێی نەتەوەیی خۆیان بۆ لاتینی بگۆڕن، کەچی بە رووی دنیادا کراوەن و بە دەیان رایەڵی ئابووری، سیاسی، گەشتیاری و کولتوورییەوە بە دنیاوە بەستراونەتەوە. مرۆڤ دەبێت یان نەزان و نەفام بێت، یان کەمترین رێز و حورمەتی بۆ خۆی و بۆ کولتوور و میراتی ئەدەبیی نەتەوەکەی نەبێت، یاخود لە بەردەم ئەوروپادا، خۆی پێ بچووك بێت تا بتوانێت بیر لە گۆڕینی ئەلفوبێی زمانەکەی بکاتەوە. ئەزموونی ناسیۆنالیزمی تورك و دەوڵەتی ناسیۆنالی تورك، لە بارەی گۆڕینی ئەلفوبێ، وەك زۆر ئەزموونی تری تورك سەقەت و تایبەتە و بە مەبەستێکی رەگەزپەرستانە بووە، بۆیە ناکرێت و رەنگە نەتواندرێت دووبارە، یان کۆپی بکرێتەوە. دەوڵەتی نەتەوەیی تورك، بە رابەرایەتیی مستەفا کەمال، لەبەر ئەوە ئەلفوبێی تورکیی عوسمانی بە ئەلفوبێی لاتینی نەگۆڕی چونکو ئەم ئەلفوبێیە نوێیە لەگەڵ زمانی نوێی تورکی و گلۆبالیزمدا دەگونجێت و نوێنەری زمانی تەکنۆلۆجیا و دیجیتالە، بەڵکو لە بنەڕەتدا لە بەر کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و سایکۆلۆجی (گرێی دەروونیی خۆبەکەمزانینی تورك لە بەرامبەری ئەوروپادا) ئەم کارەیان کرد.

کاتێك ئیمپراتۆریای عوسمانی، لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، تێك شکێندرا، ناسیۆنالیزمی تورك رێباز و سیاسەتی پانتۆرانیزمی گرتە بەر، بەو ئامانجەی کە لە جێی ئیمپراتۆریای فرەنەتەوەیی عوسمانی، دەوڵەت (ئیمپراتۆریا)یەکی نەتەوەیی تورکی لە گەلانی نێو دەوڵەتی روخێندراوی عوسمانی و گەلانی تورکزمانی دەرەوەی تورکیا پێك بهێنێت. واتا تورك ئایدیۆلۆجیای ئاینیی ئیسلامی، کە ئایدیۆلۆجیای

دەوڵەتی عوسمانی بوو، گۆڕی بە ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستی تورك و پانتۆرانیزم. بەم جۆرە تورکبوون، لە جیاتی مسوڵمانبوون، کرا بە بنەمای هاووڵاتیبوون لە دەوڵەتی نوێی تورکیادا. پرۆسێسی گۆڕینی ئەلفوبێ شانبەشانی پرۆسێسی کوشتنی زمانی گەلانی غەیرەتورك و چەسپاندنی لەهجەی ئەستەمبوول، وەك زمانی ستانداردی تورکیی، هەنگاوی نا و بە زەبری ستەم و تیرۆری دەوڵەت سەپێندرا. دەوڵەتی تورك، زمانی هەموو گەلانی تورکیای یاساخ کرد. لە بەرامبەردا زمانی تورکی و نەتەوەی تورکی بە تاکە زمان و تاکە نەتەوەی دانپێدانراوی تورکیا دانا و بەکارهێنانی زمانی دیکەی گەلانی نێو تورکیا بە تاوانێك، کە سزای توندی بە دواوە بوو، داندرا. بۆ سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە زمانییە – نەتەوەییە دەبوو، لە پاڵ تۆقاندن و کوشتنی بە کۆمەڵدا، گەلانی تورکیا لە ریشەی کولتووریی خۆیان دابڕدرێن و نەتەوەیەکی نوێی تورکی بەو جۆرەی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم دەی خواست، دروست بکرێت. گۆڕینی ئەلفوبێی عوسمانی (عەرەبی، فارسی تورکی و کوردی) بە ئەلفوبێی لاتینی و بەتورککردنی ئەم ئەلفوبێیە نوێیە، بەشێکی گرنگی ئەم سیاسەتە زمانییە – نەتەوەییە رەگەزپەرستییە و ئامرازێکی سەرکەوتنیشی بوو.

دەوڵەتی ناسیۆنالی تورك کەوتە بەتورککردنی خەڵکانێك کە بە تەواوی لە رابردووی کولتووری و رووناکبیری و تەنانەت لە زمانی خۆیان دابڕابوون. لەهجەی تورکیی ئەستامبووڵ، بە ئەلفوبێی لاتینی، لەجیاتی زمانی تورکیی عوسمانی، کرایە زمانی رەسمیی دەوڵەت و تاکە زمانی دانپێدانراو و رێگەپێدراو.

٢– فێربوونی زمانێکی بیانی بەپەیوەندیی راستەوخۆی بە جۆری ئەلفوبێوە نییە. نەمبیستووە و نەمزانیوە کە ئەلفوبێ پرۆسێسی فێربوونی زمان خێراتر، یان خاوتر بکات. ئەگەر وابووایە دەبوو ئیمڕۆ زمانی تورکی لە جیهاندا، لە زمانانی رووسی (کە بە ئەلفبێی کیریلی دەنووسرێت) یان عەرەبی و فارسی بڵاوتر و ناوداتر بووایە، کە دیارە وانییە. یان دەبوو تورکەکان لە خەڵکی ئەو نەتەوانە ئاسانتر فێری زمانانی

ئەورووپایی بوونایە. کەچی ئەزموونی تورکەکانی ئەورووپا، بە تایبەتی ئەڵمانیا، دەری دەخەن کە زۆرینەی تورك بیست ساڵ لە وڵاتێکی ئەورووپاییدا دەژین، کەچی فێری زمانی ئەڵمانی نابن. هەربیانییەك، کە بیەوێت یان بڕیاربدات فێری یەکێك لەو زمانانە ببێت، لە ماوەی چوار رۆژێکدا ئەلفوبێیەکەی فێر دەبێت. چەند رۆژێك لە پرۆسێسی فێربوونی زمانێکی نوێدا هێندە کەمە کە شایەنی باسکردن نییە.

٣- ئێمە ناتوانین بڵێین کە ئەلفوبێی لاتینی نوێنەری زمانی تەکنۆلۆجیا و دیجیتاڵە، رەنگە زمانی ئینگلیزی ئەو نوێنەرایەتییە بکات، چونکو ئەلفوبێ بە تەنیا ناتوانێت ببێتە نوێنەری زمان. ئەوەندە هەیە کە تیپی لاتینی بۆ دۆزینەوەی ئادرێس لە ئینتەرنێتدا و نووسینی ئادرێسی ئیمەیل کراوەتە ستانداردێکی جیهانی و تەنیا لەم بارەیەوە، نەك لە بارەی خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیاری و تێگەیشتنی زانستەوە، یارمەتیمان دەدات.

**+ گوایا دیالێکتی کرمانجی ژووروو لە رێگای ئەلفوبێی لاتینییەوە باشتر و دروستتر دەنگەکانی دەنووسرێتەوە، ئایا بە بۆچوونی ئێوە ئەمە رایەکی دروست و بابەتییە؟**

د. رەفیق سابیر: بەداخەوە ناچارم بڵێم، کە ئەم بۆچوونەیش هەڵەیە. ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن، با هەندێکیان لە دڵسۆزیشەوە بێت، باسی شتێك دەکەن کە ئاگادار نین و زانیارییان لە بارەیەوە نییە، چونکو بە باشی تایبەتمەندیی زمانی کوردیی (کوردیی سەروو، یان کوردیی خواروو) و سروشتی دەنگەکانی نازانن. ئەوانەی بە ئاگاییەکی هەڵەوە پێ لەسەر ئەم بۆچوونە چەوتە دادەگرن هەندێك رووناکبیری کوردی باکوورن، کە لە نێو هەموویاندا، رەنگە دە کەسیان ئەوەندە کوردی باشوور و ئەلفوبێی کوردیی نەزانن کە بتوانن تەنانەت نامەیەك، یان چەند دێڕێك بە کوردیی باشوور بخوێننەوە. بۆیە بە تەواوی لەو سامانە ئەدەبییەی لە ماوەی دووسەد ساڵدا بە شێوەزمانی کوردیی باشوور نووسراوە بێ ئاگان. ئەوان بە راستی کەموزۆر ئاگاداری شێوەزمانی کوردیی باشوور نین و تایبەتمەندییەکانی ئەم

شێوەزمانە وسروشتی دەنگەکانی نازانن. لە زمانی کوردیدا کۆمەڵە دەنگێك هەن کە ئیمڕۆ لە کرمانجی یان کوردیی سەروودا، بە هۆی بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی–تورکییەوە، کوژراون و گەرووی خوێندەوارانی کورد، بە هۆی نەمانی ئەو دەنگانەوە، بە جۆرێك شێوێندراوە کە مرۆڤ کاتێك گوێی لە هەندێك دەنگ و وشەی کوردی دەبێت پێکەنینی دێت. راستە هەندێك لەو دەنگانە لە بنەڕەتدا کوردیی نەبوون، بەڵام بە درێژایی سەدان ساڵ و بە هۆی تێکەڵی کولتووریی کورد لەگەڵ عەرەب و فارسدا ئەم دەنگانە لەگەڵ زمانی کوردیدا گونجێندراون و بوونەتە کوردی. لە رێگای هەزاران وشەوە، کە لە ژیانی رۆژانە و ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا چەسپاون بوونەتە بەشێك لە ئەلفوبێی کوردی و گەرووی مرۆڤی کورد بە جۆرێکی سروشتی لەگەڵ ئەم دەنگانەدا راهاتوون. بۆ نمونە دەنگەکانی وەك (ح، ع، غ، ق، ڵ، ڕ، ۆ) بۆیە مەسەلەکە بە تەواوی پێچەوانەیە و ئەلفبێی لاتینی، کە کوردی باکوور ناچاری بەکارهێنانی کراون، لەگەڵ تایبەتمەندیی زمانی کوردیدا ناگونجێت و ئەو دەنگانەی لە سەرەوە هاتوون لەو زمانەدا وێنەیان بۆ دانەندراوە. لەبەر ئەوە دەبینین کوردی باکور، تەنانەت بە ئەلفوبێی لاتینیش ناتوانن بە دروستیی خانی و مەلای جزیری بخوێننەوە، ئەگەر بشتوانن، بە زەحمەتێکی زۆرەوە، بیخوێننەوە ئەوا تێی ناگەن. ئەمە بەرهەمێکی راستەوخۆی پرۆسێسی کۆلۆنیالییانەی بەنامۆکردنی کوردی باکوورە بە زمان و کولتوورە نەتەوەییەکەی. ئاشکرایە سەپاندنی ئەلفوبێی لاتینی بەسەر کوردی باکووردا گەورەترین و بەکارترین ئامرازی ئەم بەخۆنامۆکردنە کولتووری و زمانییە بووە، چونکو ئەم ئەلفوبێیە و زمانی تورکی، شارەگی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم پێك دەهێنن.

**+ بە رای تۆ تا ئێستا لە لایەن دەستەیەك یان کەسایەتیەکی باوەڕپێکراوی کوردەوە بە عەقڵێکی بابەتییانە بیر لەم مەسەلەیە کراوەتەوە –مەسەلەی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردیی بۆ لاتینی– یاخود دەچێتە خانەی کاریگەریی جیهانگیریی یان لاسایی کوێرانە؟**

د. ڕەفیق سابیر: هەر کەسێك بۆ ئەوەی لە بواری زمانی کوردیدا کەسایەتییەکی باوەڕپێکراو بێت، پێویستە بە باشی شارەزای زمانی کوردیی بێت و بە هۆی شارەزایی و پسپۆڕی و کارە ئەدەبییەکانییەوە، ئەو متمانەیەی بەدەست هێنابێت. بە ڕای من هەر کەسایەتییەکی لەم جۆرە، ئەگەر ئۆبجێکتیڤانە، بە دوور لە کارتێکردنی سیاسی بۆ ئەم مەسەلەیە بڕوانێت ناتوانێت داوای گۆڕینی ئەلفوبێی کوردیی بە ئەلفوبێی لاتینی بکات. چونکو ئەم بۆچوونە، لە رووی زانستی زمانەوە، لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی و تایبەتمەندیی دەنگەکانیدا ناگونجێت. لەمەیش زیاتر گۆڕینی ئەلفوبێ تەنیا مەسەلەیەکی تەکنیکی نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە ستروکتووری زمانەوە، وەك سیستمی بیرکردنەوە هەیە. دەشێت مرۆڤ لە زۆر مەسەلەدا، وەك بەشێك لە ئازادیی خۆی، کوێرانە، یان بە ئاگاییەوە لاسایی ڕۆژئاوا بکاتەوە، بەڵام مەسەلەی گۆڕینی ئەلفوبێ یاریکردنە بە رابردووی کولتووری و ئێستا و داهاتووی نەتەوە، بۆیە بۆ لاساییکردنەوە قبووڵ ناکات.

**+ کورد وەك نەتەوەیەك هەر دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان چ زمانی ئەدەبی، چ ئەلفوبێی نووسین یەك بخات، بە ڕای تۆ دواجار چارەسەر چییە؟ کورد دەبێ بۆ ئەو ئەرکە حەتمی و گەورەیە چی بکات؟**

د. ڕەفیق سابیر: یەکخستنی زمانی ئەدەبیی کوردی، وەك ڕزگاربوون و یەکخستنەوەی کوردستان، خەون و ئاواتی هەر مرۆڤێکی کوردە، بەڵام بە ڕای من ئەم یەکخستنەی زمانی کوردی (دیارە مەبەست یەکخستنی کوردیی خواروو و سەروویە) کارێکی سەختە. ئەمەیش لەبەر نەبوونی دەوڵەت و دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا لەبەر ئەوەیە کە ئەم دوو شێوە زمانە، لە رووی ڕێزمان و ڕستەبەندییەوە جیاوازییان هەیە. ناکرێت لەم دوو شێوە زمانە، زمانێکی نوێ دروست بکرێت بە تایبەتیش کە زمان بەرهەمی کۆمەڵ و ژیانە و ناکرێت لە کارخانە و بە بڕیار دابتاشرێت. لە هەمان کاتدا ئەم دوو شێوە زمانە هەر یەکەیان بە جۆرێك ڕەوشی گەشەکردنی خۆی گرتووە کە بە ڕاستی لە دوو زمان، نەك دوو دیالێکت یان شێوە زمان، دەچن. لە رووی زانستی زمانەوە سنوورێکی روون لە

نێوان زمان و دیالێکتدا نییە. هەر دیالێکتێك ئەگەر رێزمان و دەستوورەکەی نووسرایەوە، فەرهەنگی بۆ داندرا و ئەدەبیاتی پێ نووسرا دەکرێت بگۆڕدرێت بە زمان، یان بە زمانێك دابندرێت. بە رای من هەرکام لەم دوو شێوە زمانە، لە روانگەی زانستی زمانەوە، هەموو مەرجەکانی زمانی سەربەخۆیان تێدایە، بەلام هێشتا ئێمە قسە لە دوو شێوە زمان، نەك دوو زمان دەکەین، چونکو کوردی باشوور و باکوور، لەگەڵ جیاوازی شێوەزمانەکەمان، خۆمان بە کورد دەزانین. ئەمە لە رووی سیاسییەوە بایەخێکی زۆری هەیە، بەلام بە تەنیا ناتوانێت رێگە بۆ دروستبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو خۆش بکات. بە رای من نابێت لەوە بترسین کە کورد، لە ئاستی کوردستاندا، بە دوو شێوەزمان، یان دوو زمان بنووسێت. بەلام زۆر گرنگە کار بۆ لێکنزیکردنەوەی ئەم دوو شێوەزمانە و نزیکبوونەوەی کولتووری و هەماهەنگیی نەتەوەیی بکرێت بۆ ئەوەی لە لایەکەوە جیاوازییە زمانی و کولتوورییەکانی نێوان بەشەکانی کوردستان کەمتر بکرێنەوە، لە لایەکی ترەوە گەلی کورد، لە هەر بەشێکی کورستاندا بێت، ئاسانتر لە شێوەزمانی یەکتری بگەن. رەنگە گرنگترین هەنگاوێك، وەك سەرەتا، بۆ نزیکبوونەوەی زمانی و کولتووری یەکخستنی ئەلفوبێ، بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردیی بێت لە باکووری کوردستاندا. ئەم کارە لە چوار لایەنەوە گرنگە:

یەکەم: گەلی باکووری کوردستان بە ریشەی کولتووری و مێژووی ئەدەب و نووسینی خۆی ئاشنا دەکرێتەوە و لەو دابڕان و نامۆبوونە کولتوورییەی تورك بەسەریدا سەپاندووە، دەرباز دەبێت. دووەم– کوردی باکوور دەتوانێت سوود لەو سامانە ئەدەبی و کولتوورییە فراوان و هەمە لایەنە وەربگرێت کە دووسەد ساڵە، بێ دابڕان، بە شێوەزمانی کوردیی باشوور دەنووسرێت، هەروا دەتوانێت بەبێ گرفت ئاگاداری ئەدەبیاتی ناوچەی بادینان بێت. ئەم سامانە کولتوورییە نەتەوەییە لە بواری ئەدەب، هونەر، زانین و زانستدا، لە رەوشی بەردەوامبوون و گەشەکردنیدا، بنەمای فیکری و ئێستاتیکی و کەسایەتیی مرۆڤی کورد و نەریت و پرینسیپە

هونەرییەکانی ئەدەبی کوردی داڕشتووە. بۆیە ناکرێت مرۆڤ بە کوردیی بنووسێت و ئاگاداری ئەو سامانە کولتوورییە نەبێت.

لە هەمان کاتدا کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن بە بەرهەمی نووسەرانی باکووری کوردستان ئاشنا ببن.

سێیەم– ڕاستە هەردوو زاراوە، یان شێوەزمان، وەك لە سەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد جیاوازیی زۆریان هەیە، بەڵام بە رای من ئەلفوبێی لاتینی دیوارێکی لە بەردەم نزیکبوونەوەی ئەم دوو شێوەزمانە هەڵچنیوە کە بە هۆیەوە دابڕانی کولتووری و زمانیی لە نێوان کوردی باکوور و کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات زۆرتر بووە. بۆیە هەر هەوڵ و کۆششێك بۆ نزیکبوونەوەی کولتووری و زمانی و هەماهەنگی (ئینتێگراسیۆن)ی نەتەوەیی لە نێوان ئەو بەشانەی نەتەوەکەماندا، بە بێ یەکخستنی ئەلفوبێ، واتا بە بێ گەڕانەوەی کوردی باکوور بۆ ئەلفوبێی کوردیی، ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت.

ئێمە لەم ڕووەوە ئەزموونی هەندێك گەلانی سۆڤییەتی هەڵوەشاوەمان هەیە. لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دەوڵەتی سۆڤییەت ئەلفوبێی کیریلی بەسەر هەندێك گەلانی سۆڤیەتدا، لەوانە گەلانی تورکزمان و تاجیك، سەپاند. ئەگەرچی، لە ماوەی حەفتا ساڵی دەسەڵاتی سۆڤیەتدا، ئەو گەلانە بە دەیان هەزار کتێبیان لە بواری جۆراوجۆری زانین و زانست و ئەدەبدا بەو ئەلفوبێیە بڵاو کردبۆوە، کەچی دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت دەستبەرداری ئەلفوبێی کیریلی بوون و گەڕانەوە بۆ ئەلفوبێی خۆیان. من چەندان جار ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ هەندێك ڕووناکبیری باکووری کوردستاندا باس کردووە، بەڵام ئەوان، ئامادە نین تەنانەت مناقەشەی ئەم مەسەلەیە بکەن، چونکو ئەلفوبێی لاتینی لای ئەوان و ڕووناکبیرانی تورك، پیرۆز کراوە، باوەڕیان بەو وەهم و خوڕافەیە هێناوە کە ئەوان ئەوروپایین، بۆیە دەبێت بە ئەلفوبێی ئەوروپایی (لاتینی) بنووسن. ئاشکرایە ئەمەیش ئەنجامێکی تری ئایدیۆلۆجیای کەمالیزمە لە تورکیا و باکووری کوردستاندا.

چوارەم: ئەلفوبێی کوردیی، لە باکووری کوردستاندا، دەتوانێت ببێتە یەکێك لەو توخمە کولتوورییانەی کە کورد لە تورك جیا بکاتەوە. ئێمە زمانەکەمان پێناسە (هەویە)ی نەتەوەییمانە و گرنگترین (رەنگە تاکە) توخمی کولتوورییە کە لە تورك، عەرەب و فارس جیامان دەکاتەوە. ئەگەر ئێمە زمانەکەمان لە دەست بدایە ئەوا دەمێك بوو لە نێو ئەو گەلانەدا توابووینەوە. زمانی کوردیی لە باکووری کوردستاندا، کە شەڕی مان و نەمان دەکات، بە تەواوی لە بەردەم زمانی تورکیدا پاشەکشەی کردووە. ئیمڕۆ زۆرینەی کوردی باکوور زمانەکەی خۆیان لە بیر براوەتەوە و تەنانەت لە ئەورووپایش، بە زمانی تورکی دەدوێن و بیر دەکەنەوە. بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردیی لە باکووری کوردستاندا قورساییەکی زیاتر بە زمانی کوردیی دەدات، وەك تاکە فاکتەری خۆجیاکردنەوە لە تورك. رەتکردنەوەی ئەلفوبێی لاتینی–تورکی، کە بەشێکە لە ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم، تەحەدایەکی گەورەی کەمالیزم و سیاسەتی کوشتنی زمانی کوردییە، کە دەیان ساڵە دەوڵەتی تورکیا پەیڕەوی دەکات.

**+ بە حوکمی ئەوەی بەڕێزتان شاعیرێکی گرنگی کوردن، ئەو گەنجینە گەورەیەی شیعری کلاسیکی کوردی، کە بەشی زۆری ستاتیکا و گەمە زمانەوانییەکانیان بە شێوە و شێوازی تیپی کوردیی هەڵچنراوە، گۆڕینی ئەم ئەلفبێیە نابێتە هۆی کوشتن و نەمانی ئەو جوانیانە؟**

د. رەفیق سابیر: شیعری کلاسیکی کوردیی، کە بە سێ شێوەزمانی کوردیی سەروو، گۆران (هەورامی) و کوردیی خواروو نووسراون هێشتا گرنگترین میراتی ئەدەبی و جوانترین سامانی ئەدەبی و زمانی کوردن. زمانی کوردی بۆ یەکەمین جار لە رێیَ ئەم شیعرانەوە، لە زمانی پەیڤین و قسەکردنەوە گۆڕدرا بە زمانی نووسین. ئەم گۆڕانە گەورەیە، کە نیشانەی خۆناسینی نەتەوەیی و شانازیکردنە بە زمانی نەتەوەییەوە، لای زۆر نەتەوەی تریش (فارس، ئیتالی، هەنگاری، ئۆکراینی ..تاد) سەرەتا بە شیعر دەستی پێ کردووە. دواتر زمانەکە لە زمانی شیعرەوە گۆڕدراوە بە زمانی نووسینی بابەتی فیکری و زانستی. ئەم شیعرە کلاسیکییانە، وەك شیعری کلاسیکیی گەلانی تری رۆژهەڵات، پشت بە هونەری رەوانبێژی، بە تایبەتی جیناس

و تیباق و لێکچوون و هونەری یاریکردن بە وشە و هەندێ جار بە تیپەکان، دەبەستێت. نووسینی ئەو تێکستە کلاسیکییانە بە ئەلفوبێی لاتینی بەشێکی گرنگی لایەنی هونەری رەوانبێژی و هونەری گەمەکردن بە زمان و تیپەکان و لایەنی ئێستاتیکی شیعرەکان دەشێوێنێت، لە هەمان کاتدا ئەم تێکستانە پڕیەتی لە وشە و واژەی خوازراوی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی، کە بە هۆی کولتووری ئیسلامییەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە. ئەم وشە و واژە خوازراوانە، کە بوونەتە بەشێك لە زمانەکەمان، دەنگی ئەوتۆیان تێدایە کە بە ئەلفوبێی لاتینی وێنەیان بۆ دانەندراوە. بۆیە نووسینیان بە ئەلفوبێی لاتینی ماناکانیان، لەو تێکستانەدا، تێك دەدات و جوانییەکەیان دەشێوێنێت. هەروا ئەم تێکستانە لە سیاقی کولتووری و مێژوویی و ریشەی ئێپستیمیی خۆیان دادەبڕێن.

فەهمی کاکەیی:

# کاربەدەستانی کورد نازانن گەر ئەو دوو زاراوەیە جودا لەیەك گەشە بکەن لە داهاتوودا دەبنە دوو زمان



. ساڵی ١٩٥١ لە پارێزگای کەرکووك لەدایك بووە و هەر لەوێ ساڵی ١٩٧٠ یانەی مامۆستایانی تەواو کردووە.

. سەرەتای نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩ ئەو دەمە بە زمانی عەرەبی هەڵبەستی نووسیوە.

. لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە نیشتەجێی سوێدەو ماوەی (٢٠) ساڵە زمانی کوردیی دەڵێتەوە.

. شیعرو چیرۆكو شانۆگەرییو کتێبی خوێندنگەی بە زمانەکانی کوردیو عەرەبیو سوێدی نووسیوە.

. ئێستا لە سوێد دەژیو وەك مامۆستاو وەرگێر کار دەکات.

**+ مەسەلەی دوو ئەلفبێیی ئێستە لای کورد بووەتە واقعێك، ڕێژەی زۆری کوردان بە لاتینی دەنووسن و دەخوێننەوە، لە بەرانبەریشدا ڕێژەی زۆری نووسراو و کتێب، بەشی زۆری فەرهەنگی کوردیی بە ئەلفبێی کوردیی ـ عەرەبی دەستکاریکراو ـ نووسراوەتەوەو دەنووسرێ، لە بەرانبەر ئاوا قەیرانێکدا لەوانەیە گرانبێ پرسیارێکی کۆنکرێتی لەسەر باسەکە دابڕێژم، بۆیە یەکسەر دەتانخەمە ناو بازنەی فراوانی باسەکەوەو دەپرسم: رای خۆتان لە بەرانبەر واقعێکی ئاوادا چۆن دەر دەبڕن؟**

فەهمی کاکەیی: من پێموانییە ڕێژەی زۆری کوردەکان بە لاتینی بنووسن و بخوێننەوە، چونکە خوێندن و نووسینی کوردیی تەنێ لە خوارووی کوردستاندا هەیە، مەبەستم ئەو بەشەیە کە ئێستا پێی دەڵێن هەرێمی کوردستان، یان کوردستانی (ئێراق)، ئەگینا لە هیچ بەشێکی دیکەی کوردستاندا زمانی کوردیی لە فێرگەکاندا ناخوێنرێتەوە و بە رەسمیی نەناسراوە، نەك هەر ئەمە لە تێکرای باکووری کوردستان (کە بە خۆمان دەڵێین (٢٠) ملیۆن کوردی تێدایە، لەوانەیە (٢٠) هەزار خوێندەواریان نەبێت کە بزانێت بە کوردیی بخوێنێت و بنووسێت بە ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیشەوە)، رەنگە لە شارێکی وەك ئامەد (دیار بەکر) ڕێژەی ئەوانەی بە کوردیی قسان دەکەن لە ١٠٪ دانیشتووان تێنەپەڕێت، ئەوانەی کوردیی دەزانن تەنێ پیرەکانیانن، ئەمە ڕاستیەکە و نابێت نکوڵی بکرێت.

ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن ئەلفبێی کوردیی ـ عەرەبی دەستکاریکراو ـ لە ڕاستیدا موڵکی عەرەبان نییە و لە بنەڕەتدا ئارامی ـ فینیقییە، جگە لە عەرەب زۆر لە میللەتانی تریش بەکاری دەهێنن. کاتێ عەرەب دەستیان بە نووسین کرد بەم ئەلفبێیە جارێ نە سەروبۆری لەگەڵدا بوو نە نوختەی پێوە بوو، پاشان بۆ گونجاندنی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا کەسێك بە ناوی (ئەبوو ئەسوەد ئەلدوئەلی)

دانەری عیلمی نەحو سەروبۆری بۆ دانا ، پاشانیش بۆ ئەوەی قورئانی بە دروستی پیَ بخوێنرێتەوە (خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) نوختەی بۆ پیتەکان زیاد کرد هەندێك دەڵێن (نەسری کوڕی عاسم) ئەو کارەی کرد. هەرچەندە ئەمە باسی ئێمە نییە، بەڵام مەبەست ئەوەیە عەرەبەکان ئەو ئەلفبێیەیان هێناوە و لەگەڵ زمانی عەرەبی گونجاندوویانە، بۆیە ئەو ئەلفوبێیە چەند موڵکی عەرەبە ئەوەندەش موڵکی کوردە.

هەر بۆیە دەبینین میللەتانی دیکەش ئەلفبێیەکەیان لە عەرەبان وەرگرتووە و لەگەڵ زمانەکەی خۆیاندا گونجاندوویانە. ئێستا چەندین زمان بەو ئەلفبێیە دەنووسرێت وەك: فارسی، کوردی، کەشمیری، ئۆردو، پشتوونی، تاجیکی، تورکستانی و چەندین زمانی دیکەش، هیچ کام لەو میللەتانەش ناڵێن ئێمە بە ئەلفبێی عەرەبی دەنووسین، هەر بۆ نموونە فارسەکان پێی دەڵێن: ئەلفبێی فارسی، بە هەمان شێوە بۆ ئێمەش ئەو ئەلفبێیە کوردییە نەك عەرەبی. بەڵام لەبەر ئەوەی ئاشنایەتیی کورد بەو ئەلفبێیە بە هاتنی ئیسلام دەستی پێ کرد بۆیە هەندێك لە کوردەکان پێی دەڵێن حەرفی موحەممەدی، لە ڕاستیدا ئەوان پێیان وایە هەر دەقێك بەو پیتانە نووسرابێت قورئانە.

واقعێك هەیە نابێت چاوپۆشیی لێ بکرێت، ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆکە کوردستان قەوارەیەکی جوگرافیایی سیاسی یەکپارچەی نییە، بۆیە ئێمە هەرچۆنێك باسی زمانی کوردی و ئەلفبێ بکەین ناتوانین بەدەر لەو واقیعە قسان بکەین، جا بۆیە ئەگەر بمانەوێت واقعبین بین پێویستە ئێمە وەك کوردی باشوور باس لەم پارچەیە بکەین، ئەمە دانپێدانانێك نییە بۆ ڕازیبوون لەسەر پارچەبوونی کوردستان، بەڵام هەر کاتێك کوردستان ڕزگار بوو، دەسەڵاتێکی سیاسیی هەبوو، هەنگێن باسێکی دی دێتە گۆڕێ، من پێم وایە کورد گوتەنی: (ئەو خەمە بۆ ئەو دەمە) هەڵگرین باشترە.

**+ لە خۆیدا کێشەکە وەختە ئاقارێکی تر و دیویێکی تری خراپ وەر دەگرێت، ئەویش ئەوەیە: هەرچی کرمانجی ژووروووە خەریکە دەبنە**

**لایەنگری تیپی لاتینی و کرمانجی خوارووش لایەنگری ئەلفبێی کوردیی، نازانم ئەم دابەشبوونە لای تۆش هەر بەو شێوەیە دەبینرێت، ئەگەر ئا، چۆن لەم مەترسییە دەدوێن؟**

فەهمی کاکەیی: ئێمە وەك کوردی باشوور ئەگەر نەمانەوێت سەر لە خۆمان بشوێنین، ئەوە چ گرفتێکمان نییە و ئەلفبێی کوردیی پڕ بە پێستی زمانی کوردییە، مەبەست ئەو زمانەیە ئەمڕۆکە لە باشووری کوردستان بووەتە زمانی خوێندن و ڕاگەیاندن و دەسەلات. هێندەی پەیوەندیی بە کرمانجیی باکوورەوە هەبێت ئەوە ئەوان پیتی لاتینییان هەڵبژرادووە و پێموانییە کارێکی واقعیيانە بێت داوایان لێ بکرێت بە ئەلفبێی کوردیی بنووسن. لێرەدا مەترسیی چی دەکرێت، مەترسیی ئەوە دەکرێت کە ئەم دوو ئەلفبێیە هەر یەکە و زاراوەکەی پێی دەنووسرێت بە ئاقارێکدا ببات، واتە دوو ئاقاری جیاواز، مەترسیی ئەوە دەکرێت لە داهاتوودا ئەو دوو زاراوەیە (بێگومان نەك تەنێ لەبەر هەڵبژاردنی دوو ئەلفبێ) ببنە دوو زمان.

جارێ بەر لە هەموو شتێك بادینی لقێکی بچووکی زاراوەی کرمانجییە، جیاوازیی نێوان لقەکانی ئەو زاراوەیە هەر وەك جیاوازیی نێوان لقەکانی زاراوەی کرمانجی خوارووە، بۆیە دەبینین بادینیئاخێوێك و بۆتانیئاخێوێك هەندێ جار لە یەك ناگەن، بە لای منەوە باشتر دەبوو ئەگەر دانیشتووانی بادینان داوای کرمانجییان بکردایە لەوەی داوای بادینی دەکەن، چونکە ئەم داوایەی دوایی هێندەی دیکە زمانی کوردیی پەرت دەکات.

**+ کۆمەڵێك نووسەری شێوەزاری کرمانجی ژوورو ئەوەی پێی دەڵێن (بادینی) و لە بەرانبەریشدا کۆمەڵێکی تر لە نووسەرانی کرمانجی خواروو (سۆرانی) زۆر سەرسەختانە بەرگریی لە شێوەزارەکانی خۆیان دەکەن و هەرلایەو زاری خۆی بە فریادڕەسی زمانی کوردیو بە شایەنی زمانی یەکگرتووی نووسینی کوردی دەزانێت، بەڕای ئێوە ئەمە حاڵەتێکی سروشتییە، دەکرێت وەکو قوناغێك تەماشای بکەین کە هەموو میللەتان**

**پیایدا تێپەریون، یان دەکرێت ئێوە لایەنە سەلبیی و ئیجابییەکانی هەریەك لەو دوو بەرەیە دیاریی بکەن؟**

فەهمی کاکەیی: من پێموایە هیچ زاراوەیەك لە زاراوەکی دیکە باشتر نییە. زاراوەکانی زمانی کوردیی هەر لە کۆنەوە و هەر هەموویان زمانی ئەدەب بوون، ئەگەرچی رەنگە لە کۆندا شاکاری ئەدەبیی بەناوبانگ بە هەموو زاراوەکان نەنووسرابێت، بەڵام هەڵبەستیان پێ هۆنراوەتەوە، ئەو شاکار و هەڵبەستانە هەندێکیان بە نووسین گەیشتوونە دەستمان و هەندێکیان بە لەبەرکراوی. هەوڵ دەدەین نموونەی هەڵبەستی زاراوە گەورەکان لە سەردەمانی جودادا بخەینە بەر چاوی خوێنەران، بۆیە دەگەڕێینەوە نزیکەی هەزار ساڵێك بەر لە ئێستا:

بە لوڕی:

(باوە تاهیری هەمەدانی مەرەمۆ) دەفەرموێ:

**غمم غم بی و غمخوار دلـــــم غم**

**غمم هم مونس و هم یار و همدم**

**غمم نەلــــــە کەمو تنها نشینم**

**مـــــریزا بارك الله مـــــــرحبا غم**

(دەستکاریی ڕێنووس نەکراوە)

چوارینەکە بە کرمانجیی خواروو (سۆرانی):

**خەمم خەم بوو، خەمخۆری دڵیشم خەم**

**خەمم هەم هۆگر و هەم یار و هـــاودەم**

**خەمم نەیهێشت کە من تەنیا دانیشـــم**

**دەستخۆش و بارەکەڵڵا ئافەرین خـــەم**

(ئەم چوارینەیە و دێرە هەڵبەستەکانی دیکەش لە لایەن نووسەرەوە کراوەنەتە کرمانجیی خواروو)

بە هەورامی:

لزا خانمی جاف مەرەمۆ:

**وەفران بی وە ئاو، وەفران بی وە ئاو**

**وەهار چون ئاما وەفران بی وە ئـــاو**

**گوڵ و وەنەوشـــە هۆرێزان جە خاو**

**پەرێ ئارایش دەشـــت و کۆف و کاو**

بە کرمانجیی خواروو:

**بەفران بوون بە ئاو، بەفران بوون بە ئاو**

**هەر کــە بەهار هات بەفران بوون بە ئاو**

**گوڵ و وەنەوشـــە هەڵســـتان لە خاو**

**بۆ ئارایشـــی دەشـــت و کێو و کـــاو**

کاو: شاخی بەردین، چیا

بە کرمانجیی سەروو:

مەلای جزیری دەفەرموێ:

**شۆخ و شەنگێ، زوە رەرەنگێ**

**دل ژ مـــن بـــر، دل ژ مـــن**

**ئـــاورێن هـــەیبەت پلنـگێ**

**دل ژ مـــن بـــر، دل ژ مـــن**

بە کرمانجیی خواروو:

**شۆخ و شەنگێ، زوەرە رەنگێ**

**دڵـــی بـردم، دڵـــی بـــرد**

**ئـــاوڕی هـــەیبەت پڵنگـــێ**

**دڵـــــی بــــردم، دڵـــی برد**

هەندێ کەس دەڵێن تەمەنی ئەدەبی کوردیی بە زاراوەی کرمانجیی خواروو کورتە و رەنگە پێیان وا بێت لە (نالی)یەوە دەست پێ دەکات، بەڵام ئەمە وا نییە،

ئەوەتا یەکێك لە پیاوچاکانی یارسان بە ناوی پیر ئەحمەدی کەرکووکی کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە دەفەرموێ:

ئەز ئەحـــمەدی زێڕینبەرم
ئەز ئەو دوڕی ناو گەوهەرم
ئەرز و ســـەمایە لـەنگەرم
لە ڕۆژ حەساو ئەز لە دەرم

بە هەمان شێوە ئەدەبییاتی کرمانجیی سەروو بە ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری دەست پێ ناکات، بگرە تەمەنی ئەو ئەدەبییاتەش زۆر لەوە کۆنترە و دەتوانین هیچ نەبێت بیگەڕێنینەوە بۆ پەیدا بوونی ئایینی ئێزیدی بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە، کەواتە بۆ دەورانی شێخ ئادی.

مەبەست لەو پێشەکییە ئەوەیە کە گشت زاراوە کوردییەکان چ لە کۆندا و چ ئێستا وەك زمانی ئەدەب بەکارهێنراون، ئەگەر زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕۆین و مەبەست بێت بە لامانەوە کۆنترینیان وەك زمانی ئەدەب دەستنیشان بکەین، ئەوە کۆنترین دەق تا ئێستا لەبەر دەستدا بێت بە زاراوەی هەورامییە :

هـــورمزگـــان ڕمـــان، ئاتران کوژان
ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆرکـــار ئـــارەب کردنە خـاپـــوور
گـناى پالـــەیی هەتا شـــــارەزوور
ژن و کـــەنیکـــان وە دیل بەشـــینا
مـــــێرد ئـــازا تلی وە ڕووی هـــوێنا
ڕەوشت زەردەشترە مانوە بێ کەس
بەزیکا نێکا هورمز وە هیوچ کـەس

ئەگەر خەڵکێك هەبێت ئەو دەقەی سەرەوە بخەنە خانەی گومانەوە، ئەوە شیعرە ئایینیەکانی بالوولی دانا و هاوڕێکانی، پاشان شاخۆشین و هاوڕێکانی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە زاراوەی هەورامی زمانی ئەدەب بووە هەر لە

سەرەتای پەیدا بوونی ئیسلام و تا دەگاتە مەولەوی، بگرە تا ئەمڕۆش ئەو زاراوەیە ئەدەبییاتی پێ دەنووسرێتەوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە زاراوەیەك بە تەنێ چ لە كۆندا و چ ئەمڕۆ لە سەرتاسەری كوردستان وەك زمانی ستاندارد بەكار نەهاتووە و لە ماوەیەكی نزیكیشدا ئەوە ناكرێت، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە: بۆ ئەوەی زمانێكی ستاندارمان هەبێت پێویستە قەوارەیەكی سیاسیمان هەبێت، ئەو قەوارەیە زمانە ستانداردەكە بە زمانی رەسمیی دەسەڵاتی بناسێت، هەروەها بە زمانی ڕاگەیاندن و زمانی خوێندن. ئەمڕۆكە ئەو قەوارە سیاسییەمان نییە كە تەواوی كوردستانی لە ژێر دەستدا بێت، ئەمڕۆكە زمانی كوردیی لە باكووری كوردستان قەدەغەیە، هەروەها جگە لە باشووری كوردستان لە پارچەكانی دیكە خوێندن بە زمانی كوردیی بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ وەك خەون وایە، هەر بۆیە باسكردن لە زمانی ستاندارد بۆ سەرتاسەری كوردستان هیچ واقعییەتێكی تێدا نییە. ئەمڕۆ تەنێ لە باشووری كوردستان بارێكی رەخساو هەیە بۆ زمانێكی ستاندارد و پێویستە لەوێوە دەست پێ بكەین، هەر كاتێك كوردستانی گەورە دابمەزرێت هەنگێن كاتی ئەوە دێت باسی لە یەك زمان یان دوو زمانی ستاندارد بكرێت (یان زیاتر).

پێویست ناكات بە دوور و درێژی بە مێژووی خویندنی زمانی كوردیی لەم بەشەدا بچینەوە، ئەوەی گرنگە باسی لێوە بكرێت ئەوەیە تا ساڵی ١٩٧٥ یش خوێندن لەم بەشەدا بە كرمانجیی خواروو بووە، تاكوو كەسێك بە ناوی هاشم عەقراوی كە پیاوی حكوومەتی سەددام بوو، هەرەسهێنانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی بە هەل زانی و هەندێ خەڵكی سادەی هەرێمی بادینانی هان دا بۆ ئەوەی واز لە خوێندنی كوردیی بێنن و بە زمانی عەرەبی بخوێنن، بەڵام ئەو پیلانەی هاشم عەقروای لەگەڵ ئەو داوایەی ئەمڕۆكە لەو ناوچەیە دەكرێت جودایە، خەڵكی ناوچەكە بە زمانی ڕۆشنبیرانیان و یەكێتیی نووسەرانیانەوە دەیانەوێت بە زاراوەی كرمانجیی باكوور بخوێنن، ئەمەیان پێویستە باسی لێوە بكرێت و پەردەی لەسەر هەڵماڵرێت.

ڕەنگە ئاسایی بووایە ئەگەر ئەو کەسانە داوایان بکردایە هەموو باشوور بە کرمانجیی باکوور بیخوێندایە، چونکە لە هیچ شوێنێکی دونیادا و لە سێبەری یەک دەسەڵاتدا دوو زاراوە بە زمانی ڕەسمیی ناناسرێن، بەڵێ وڵاتی وا هەیە چەندین زمانی ڕەسمیی تێدایە، بەڵام زمان نەک زاراوە. بە ڕەسمیی ناسینی دوو زاراوە دەکاتە دانپێدانانێکی ئاشکرا کە ئەو دوو زاراوەیە سەر بە هەمان زمان نین و هەریەکەیان بۆ خۆی زمانێکە.

لە باشووری کوردستاندا هەوڵی زۆر دراوە لە بەرنامەکانی خوێندندا بە تایبەتی بابەتی زمانی کوردیی ئەو دوو زاراوەیە لەیەک نزیک بکرێنەوە، بەڵام چونکە ئەو هەوڵانە بنەمای زانستییان نەبووە بە ئاکام نەگەیشتوون، یەکێک لەو هەوڵانە تێکەڵکردنی زاراوەکانە، بۆ نموونە ڕستەیەک بە کرمانجیی خواروو، یەکێک بە کرمانجیی سەروو، تەماشای ئەم نووسینە بکەن:

"دەگێڕنەوە جوامێر پیاوەکی بە تەمەن و دونیا دیتە بوو، ڕۆژەکی بەهارێ دگەڵ چەند هەڤالێن خۆ چوونە ئاقاری، ل بن دارهەنارێك روونیشتن، ناوچەکە بە گوڵ و نێرگز و شەوبۆ داپۆشرابو، قاسپەی کەو، دەنگێ سویسکە و باڵندەکانی تر لەگەڵ خورەی ئاوی قەد پاڵی چیا تێکەڵ بەیەکتر دەبوون، دلێ وان ب ڤی دیمەنی گەلەک خۆش بوو..."

(دەسکاریی ڕێنووسی ئەو نووسینەم نەکردووە)

یان کۆپلەیەک بە کرمانجیی باکوور و یەکێك بە کرمانجیی باشوور، یان وانەیەک بە کرمانجیی باشوور و یەکێك بە کرمانجیی باکوور، هەروەك گۆڤاری (بەربانگ) کە گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوێدە، لە دەستی ڕاستەوە بە کرمانجیی باشوور دەست پێ دەکات و لە دەستی چەپەوە بە کرمانجیی باکوور، خوێنەرانی ئەو دوو زاراوەیە لە نیوەی گۆڤارەکە دەگەنە یەك و پاشان خواحافیزی دەکەن، کەسیان ناپەڕێتەوە ئەو دیو (ماوەیەکە ئاگام لە گۆڤارەکە نەماوە)

من وەك تاكێكی كورد گوتوومە و دەڵێم: خوێندنی دوو زاراوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو زمان و درزێكی گەورە دەخاتە نێو یەكێتیی نەتەوەیی كوردەوە و ئۆباڵی ئەمەش دەكەوێتە ئەستۆی ئەو كاربەدەستانەی ئەم بڕیارەیان داوە و بەرامبەر مێژوو بەرپرسیارن. دەمەوێت لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بكەم كە دەڵێم یەك زاراوە، مەبەستم هەر و هەر كرمانجیی خواروو (سۆرانی) نییە، بۆ من زۆر ئاساییە زاراوەی هەورامی یان كرمانجیی سەروو بكرێتە زمانی ستاندارد بە مەرجێ بۆمی بسەلمێنن بۆچی كرمانجیی خواروو وەك زمانی ستاندارد بە كەڵك نایەت؟

ئێستاكە منداڵانی بادینان بە بادینی دەخوێنن و ناوچەكانی دیكە بە سۆرانی، بۆیە لێرەدا پرسیارێك دیكە دێتە گۆڕێ، هەروەك ئەوەی منداڵانی بادینان بۆیان هەیە بە زاراوەی بادینی بخوێنن ئەی بۆچی منداڵانی هەورامان و هەموو ئەوانەی بە زاراوەكانی گۆران قسان دەكەن ئەوانیش بە هەورامی نەخوێنن، ئایا بۆچی منداڵانی فەیلی بە لوڕی نەخوێنن، ئەی بۆچی منداڵانی خانەقین و دەوروبەری بە كەلەوڕی نەخوێنن؟ خۆ ئەمڕۆكە لە كارگوزارییەكانی تەرجەمە لە سوێد زمانی كوردیی سڕاوەتەوە، لە جیاتی ئەوە ئەم زاراوانە وەك زمان ناودەبرێن: كرمانجی، بادینانی، سۆرانی، زازاكی، فەیلی، هەورامی (تێبینی بكەن كە بادینانی و كرمانجی ـ بۆتانی ـ لێك جودا كراونەتەوە)، من تا ڕادەیەك لەو كەسانە تێ دەگەم كە داوای وەرگێڕی زاراوەی زكماك دەكەن، لەبەر ئەوەی گرنگە تەرجەمەكە بە دروستی بكرێت، بەڵام دەمەوێت دیسان جەخت لەسەر ئەوەی بكەم ئەگەر لە باشوری كوردستان بە یەك زاراوە نەخوێنرێت ئەوە لە داهاتوودا حاڵمان وەك حاڵی كارگوزارییەكانی تەرجەمەی سوێدی لێ دێت.

**+ لە بەرانبەر ئەم واقیعەدا چۆن دەڕواننە هەڵوێستی دەسەڵات، تاچەند ئەم باسە پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیەو لە ئەستۆی ئەودایە، دەسەڵاتی كوردیی ئەمڕۆ دەبێ چۆن ڕوو بە ڕووی ئەو كێشەیە بێتەوە، لەكاتێكدا ئێستە دەسەڵات خۆی بووەتە بەشێك لە كێشەكە؟**

فەهمی کاکەیی: من پێم وایە کە دەسەڵاتی کوردیی خۆی بەشێکە لەم کێشەیە، ئەگینا چۆن پارێزگایەك دەتوانێت بڕیار بدات بە چ زاراوەیەك دەخوێنێت؟ تەنانەت دەسەڵات بە شێوەیەکی نایاسایی ئەم کارەی کردووە بە بێ ئەوەی لە پەرلەماندا باس بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت، ڕاستە تا ئێستا بڕیار نەدراوە کام زاراوە ببێتە زمانی ستاندارد، بەڵام زاراوەیەك هەیە لەوەتەی خوێندن لەم بەشەدا هەبووە منداڵان پێی خوێندوویانە. لە ڕاستیدا ئەو کاربەدەستانەی ئەو بڕیارەیان داوە ئاگایان لە مەسەلەی گەشەکردنی زمان نییە، ئاگایان لە لەدایکبوون و مردنی زمان نییە، نازانن ئەگەر ئەو دوو زاراوەیە جوودا لەیەك گەشە بکەن، پەرەدەستێنن و لە داهاتوودا دەبنە دوو زمان.

من هەرگیز ئەوە بە ڕاست نازانم کە لە هەرێمی کوردستاندا بە دوو زاراوە بخوێنرێت، بەڵام ئەوەش بە ڕاست نازانم بە زۆری زۆرداری زاراوەیەك بسەپێنرێت بە سەر خەڵکدا بە بێ ئەوەی زەمینەی بۆ خۆش بکرێت، هەڵەی گەورە لەوەدایە کە دەسەڵات بووەتە بەشێك لەم کێشەیە، هەر وەك ئێوەش ئاماژەتان بۆی کرد، لە ڕاستیدا نابێت دەسەڵات ببێتە لایەنێك لەو کێشانەی لە ناو خەڵکدا هەیە، پێویستە دەسەڵات بێلایەنانە چارەسەری کێشەکانی خەڵك بکات.

**+ کورد وەك نەتەوەیەك دەبێ هەر ڕۆژێ لە ڕۆژان چ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، چ ئەلفوبێی نووسین، یەك بخات، بەڕای تۆ دوا چارەسەر چییە؟ کورد دەبێ بۆ ئەو ئەرکە حەتمی و گەورەیە چی بکات؟**

فەهمی کاکەیی: زۆر سەختە لە مەسەلەیەکی وا ئاڵۆزدا باس لە داهاتوو بکەیت، من تا ڕادەیەکی زۆر ڕەشبینم لەوەی کورد وەك نەتەوەیەك ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە خاوەن زمانێکی ستاندارد کە بە یەك ئەلفبێ بنووسرێت، مەزەنە دەکەم هەردوو زاراوەی کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خواروو ببنە زمانی ستاندارد و بە دوو ئەلفبێ بنووسرێن، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کورد وەك نەتەوەیەك چۆن دەتوانێت میکانیزمێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو زاراوەیە لەوە زیاتر لێك نەترازێن تا ئەو

ڕادەیەی بە دوو زمانی جیاواز بناسرێن، چونکە ئەگەر وای لیٚ بێت ئەوە دەشبینە دوو میللەتی جیاواز، بگرە زیاتریش، چونکە ئەم کارە دەبێتە ڕێخۆشکەر لەبەردەم زاراوەکانی دیکە، وەك: زازاکی، هەورامی، لوڕی، کەلهوڕی و هتد.. کە ئەمڕۆکە بە لای کەمەوە یەکێك لەو زاراوانەی ناوم هێنان خەریکە لە دەرەوەی وڵات ببێتە زاراوەی خوێندن، ئەویش زازاکییە.

لە ڕاستیدا چارەسەرێکی وا لەبەر دەستدا نییە کە هەموو کورد ئارەزوومەندانە پێی ڕازیی بێت، تەنیا چارەسەرێك ئەوەیە دوای لێکۆڵینەوەی زانستی و کۆڕ و کۆنفرانسی زمانەوانی (دوور لە کاریگەرێتیی دەسەڵات) پێشنیازی زاراوەیەك بخرێتە بەر دەستی پەرلەمانی دواڕۆژ بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیارلەسەردان، هەنگێن ئەو زاراوەیە وەك زمانی ستاندارد بسەپێنرێت، ئەمەش نابێت لە لایەن ئاخێوەرانی زاراوەکانی دیکەوە وەك کارەساتێك لە قەڵەم بدرێت، چونکە ئەو زاراوەیە چۆنی تەماشا بکەیت خۆ لە زمانی داکیرکەران (کە پێی ڕازیبووین و پێی ڕازین) خەراپتر نییە.

### شێرکۆ بێکەس:

# گۆڕینی ئەم ئەلفبێیە بە لاتینی، جۆرێکە لە خۆکوژیی



. ساڵی (١٩٤٠) لە سلێمانی لە دایکبووە.

. یەکەمین بەرهەمی کتێبێکی شیعریی بوو بە ناوی (تریفەی هەڵبەست) ساڵی (١٩٦٨) بڵاوکراوەتەوە.

. شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی: فەرەنسی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ئیتاڵی.

. دەزگای (نەتەوەیی سوید) خەڵاتی ئەدەبی (توخولسکی) ساڵی (١٩٨٧.١٩٦٦)ی پێبەخشیوە.

. ساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ چەند شاعیری دیکەدا بەیاننامەی (ڕوانگە)یان بڵاوکردەوە لە بارەی پێداویستی گۆڕان و تازەکردنەوەی شیعری کوردیی.

. خاوەنی زیاد لە (٢٥) کتێبی شیعری بڵاوکراوەیە.

**+ نزیکەی چوار دەیەیە ئێوە بەم ئەلفوبێیە، ئەلفوبێی کوردی ـ عەرەبی دەستکاریکراو ـ خەیاڵەکانتان دەتەقێننەوەو شیعر دەنووسن، لەو ماوە بەرینەدا تا چەند وەکو شاعیرێك هەستتانکردووە ئەم ئەلفوبێیە تەنگەبەرەو ناتوانێ باوەش بە خەیاڵو هاوارەکانی ئێوەدا بکات، نازانم دوای ئەوکاتە زۆرە ژیان لەگەڵ ئەلفوبێیەکدا هەڵوێستتان چییە ئەمڕۆ کە خەڵکێك باس لە گۆڕینی دەکەن؟**

شێرکۆ بێکەس: نەك هەر من، بەڵکو مێژوویەکی دوورودرێژە، لە بابەتاهیری هەمەدانییەوە بۆ مەلای جزیری و خانی و حاجیو نالیو تا دەگاتە سەر گۆران و دەیان شاعیر و نووسەر و مێژوونووس و ڕووناکبیری ئەم میللەتە بەم ئەلفوبێ کوردی ـ عەرەبییە نووسیویانە، دیارە بە بەر چاوگرتنی ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ئەم ئەلفوبێیەدا هاتووە، من بۆ خۆم هیچ گرفتێك لە بەکارهێنانیدا نابینم، وەك ئەزانن لە بنەڕتیشدا ئەم ئەلفوبێیە ئارامییەو عەرەبییەکانیش هەر لەوانەوە وەریان گرتووە، بە تەنها هەر ئێمەیش نین کە بەم ئەلفوبێیە ئەنووسین، جگە لە عەرەب فارس و بلوج و ئەفغانی و بە کورتی بەشی زۆری گەلانی بانی ئێرانیش پێی ئەنووسن.

کورد نزیکەی (٥٠٠ ـ ٦٠٠) ساڵە بەم پیتانە ئەنووسن، ئەمەیش بە مانای ئەوەی سامانێکی گەورەو کتێبخانەیەکی هەمەڕەنگی پێدروستکردووە، لەبەر ئەوە کاری نەشیاوە یان کارەساتە ئێمە ئێستە بێینو جۆرە ئەلفوبێیەکی تر بەکار بهێنین! بەڵام با بپرسین بۆچی ئەلفوبێیەکی تر یان حەرفی لاتینی؟! ئەگەر مەسەلە هەندێ گرفت بێت لە هەندێ پیتدا، ئەوا ئەگەر لە پیتی لاتینیدا زۆرتر نەبێت کەمتر نییە، هەڵبەتە بە نووسینی حەرفی لاتینیش ئێمە نابین بە ئەورووپی، ئەم بیرۆکەی گۆڕینی حەرفانەیش لە حوکمڕانی سەردەمی ئەتاتورکەوە هاتووە، ئەوکاتەی ئەلفوبێی عەرەبی گۆڕیی بە لاتینیو ئێمەیش دوای ئەوان بەتایبەتی لە باکووری وڵاتدا ناچاربووین پێی بنووسینو لەو مێژووەوە ئەم گۆڕینە هاتە ئاراوە، ئەگینا دوورو

نزيك پەيوەندیی بە مێژووی زمانو داهێنانی كورد خۆیەوە نییە، ئێستەیش ئەوە بە باشی دەركەوتووە كە كارەكەی ئەتاتورك شمشێرێكی دوو دەم بووە، بە دەمێكی بەڕواڵەت حەرفی لاتینی وەك مەسەلەیەكی مۆدێرنەی زمان هێناوەو بەڵام بە دەمەكەی تری بڕبڕەی پشتی كولتوری توركی شكاندووە، واتە: دەستبەرداری گەورەترین میراتی مێژوویی‌و سیاسیی‌و ئەدەبی بووە، كە بە درێژیی چەندین سەدە كۆبووبوونەوە، ئەم زەبریەیش بووە هۆی ئەوەی كە چەندین نەوە لە سەرچاوە دەوڵەمەندەكانی پێشووی خۆیان دابڕن، وەك سەرئەنجامیش ئەم دابڕانە تووشی دابڕانێكی گەورەی كلتووریی‌و ڕووناكبیریی كردووە، من ئاشكراو بێپەردە ئەوە ئەڵێم گۆڕینی ئەم تیپە ئێستا ئێمە لێرە پێی ئەنووسین بە پیتی لاتینی، جۆرێكە لە خۆكوژی‌و لە ئەسڵیشدا ئەمە لاسایی كردنەوەیەكی كوێرانەیە، كێش ئەتوانی زامنی ئەوە بێت لە پاشەڕۆژێكی دووریشدا ئەم سامانەی كە بەم حەرفەی ئەمڕۆ نووسراون ئەخرێتە سەر تیپی لاتینی؟! ئەمە كارێكە نزیكە لە مەحاڵەوە، دەوڵەتی توركیا بە هەموو دەسەڵاتێكی گەورەی سیاسیی‌و كولتوری خۆیەوە نەیتوانی كتێبخانەی نووسراویان بە حەرفی عەرەبی بكەنەوە بە حەرفی لاتینی‌و هەر وازیان لێ هێناو لە دوایشدا بیرچوونەوە.

**+ باشی‌و جوانییەكانی گۆڕینی ئەم ئەلفوبێیەی، كە بە درێژایی مێژووی نووسینی كوردیی، ئەدەبیاتی ئێمەی پێ نووسراوەتەوە، هێندەی خراپی‌و ناشیرینییەكانی دەبن؟**

شێركۆ بێكەس: گەورەترین ئەدەبی كلاسیكی لە ناوچەكەدا ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم كولتووری فارسییەو هەربەم شێوە حەرفە نووسراوە، چ خەوش‌و ناشیرینی تێدا نەبووە، ئەگەرچی بە ڕواڵەت بەشێكی زۆری وشەكان عەرەبین، بەڵام لە ناوەڕۆكداو لە داڕشتنی ڕیتمدا "ڕێزمان" گرنگە، كە دیارە ئەم جیاوازییە لە نێوان عەرەبی‌و فارسیدا، یان فارسی‌و عەرەبی‌و كوردیدا، هەر بەو پێودانگەی ڕێزمان جیا ئەكرێتەوە، مەحاڵە بۆ نموونە: عەرەبێك لە فارسێك بگات سەرەڕای ئەوەی كە

وشەگەلێکی زۆری عەرەبی لە پەیڤینی فارسەکەدا هەبێت، چونکە بنەمای زمانەکە کە ڕێزمانە یەك نین‌و دوورن لە یەکەوە "طريق عبور عابرين" عەرەبێك تێی ناگات، با هەموو وتەکانیش عەرەبی بن، زمان نییە لە م دنیایەدا هەموو پێکهاتەکانی جوان بن، یا هەر هەمووی ناشیرین بن؟! ئەمە جگە لەوەی ئێمە مەبەستمان لە جوانی‌و ناشیرینی چییە. گەورەترین کتێبخانەی کوردیی لە مێژووی ئێمەدا بەم حەرفانە دروست بوون، تا ئەم ساتە وەختە دیارترین‌و گەورەترین شاعیرو نووسەرو مێژوونووس‌و باسکارو ڕووناکبیر، بەم ئەلفوبێیە نووسیویانە، لە دنیایشدا شێوە زمانی دەوڵەمەند لە دەوڵەمەندی ئەو بەخشینەدایە کە داوێتی بە کتێبخانەکەی.

**+ دەوترێ تیپی لاتینی زمانی کوردیی بە ڕووی دنیادا دەکاتەوە، یان دەوترێ "لاتینی" دەتوانێ دەرفەتی زمانی یەکگرتووی نووسین بۆ زمانی کوردیی بڕەخسێنێ، بەڕای تۆ تیپی لاتینی ئەو دوو کارە گرانەی پێدەکرێ بۆ زمانی کوردیی؟**

شێرکۆ بێکەس: مەبەست لە کرانەوە چییە بەسەر دنیادا؟ ئایا ئەگەر بەو لاتینییە نوسرا، دنیا تێمان ئەگات؟! واتە ئەگەر تۆ دوو نامەت بە هەردوو حەرفەکە نووسی‌و داتە دەست ئەوروپییەك لەو نامەیە باشتر ئەگات کە بە لاتینی نوسراوە؟! بێگومان نا! چونکە ئەوە تەنها شکڵێکەو هیچی تر، مەگەر هەر ئەوەندەی ئەو دوو کەسە چاویان بەو حەرفانە ئەکەوێت کە لە حەرفەکانی زمانەکەی خۆیان بچن‌و ئەمیتریان لێی ناچێت، شکڵی حەرف ناتپەڕێنێتەوە بۆ ناو زمانێکی تر، با ڕوونتر بدوێم، ئایا ئینگلیزێك لە نامەی سویدییەك ئەگات‌و ئەتوانێت بیخوێنێتەوە؟! لەگەڵ ئەوەیشدا کە حەرفەکانیان وەکو یەك بن؟! بێگومان نەك یان دەرفەتی زمانی یەکگرتووی نووسین بۆ کورد بڕەخسێنێ؟! نا ناتوانێ، چونکە خۆ ئێمە هەر هەموومان چوون یەك حەرفی لاتینی‌و عەرەبی ناخوێنینەوە، بەشێکمان ئەتوانن‌و بەشەکەی ترمان ناتونن، دیارە ئەمەیش گرێدراوی دەیان هۆو هۆکاری سیاسیی‌و مێژوویی‌و جوگرافییە، بە ڕاستی مەسەلەکە لە کێشەو گرفتی بە تەنها حەرفدا نییە،

ئەمە بەرلەوەی کێشەی ناو زمانی کوردیی خۆی بێت، کێشەیەکی سیاسییە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە نەبوونی قەوارەی سەربەخۆی کورد خۆیەوە هەیە.

**+ زمانی کوردیی بە شێوەیەکی ترسناك دابەشبووە بەسەر دوو تیپی (کوردی - عەرەبی دەستکاریکراو-) و (لاتینی)دا، بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە بە دیالێکتی کرمانجی ژوورو دەپەیڤن، بە تیپی لاتینیش دەنووسن، بۆ نمونە: رۆژئاواو باکوری کوردستان، ئەوانەیش کە بە شێوەی کرمانجی خوارو دەپەیڤن وەك: ڕۆژهەلأتو باشوری کوردستان، ئەوان ئەلفوبێی کوردیی بەکار دەهێنن، ئەم دابەشبوونەی دوو گەورە دیالێکتی زمانی کوردیی بەسەر دوو جۆرە تیپدا، گەشتۆتە ڕادەی دابڕان لەیەکترو یەکتر نەخوێندنەوە، بەشێوەیەك شاعرێکی شێوەزاری سۆرانی چەند گەورەو گرانیش بێت هەر ناتوانیٚ ببێتە شاعیری هەموو کورد، بە پێچەوانەشەوە. بەڕای ئێوە بێدەنگ بوون لە ئاست دۆخێکی ئاوادا زمانی کوردیی ڕووبەڕووی مەترسی گەورە ناکاتەوە، دواجار دەبیٚ کیٚ لەو مەسەلەیە هەڵبداو دەبیٚ چ بکات؟**

شێرکۆ بێکەس: ئەم دابەشبوونە لە بنەڕتدا دابەشبوونی سیاسیو پارچە پارچەبوونی کوردستانە، واتە: ئەگەر کورد خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ بوایە، من پێموایە لە دەمێکەوە ئەم کێشەی دابەشبوونەی زمانەیشی بە لایەکدا ئەخست، واتە: ئەوە چارەنووسی سیاسییە، کە زمان یەك ئەخات یان دابەشی ئەکات، زمانی یەکگرتووی عەرەب لە ڕێی دەسەلاتی سیاسیی قوریشییەکانەوە لە ڕێی زمانی قورئانەوە، زمانی ئەو هۆزەی کرد بە زمانی یەکگرتووی عەرەب، بەڵیٚ ئەو واقیعەی تۆ باسی ئەکەیت زمانی کوردیی بەسەر چەند شێوەیەکدا دابەشبووە، کە دیارترینیان هەردوو شێوەی کرمانجی ژوورو خوارووە، بمانەوێو نەمانەوی ئەو لێکدابڕانە هەیە، چ لە ڕووی شێوەی جیاوازی زمانەوە چ لە ڕووی بەکارهێنانی حەرفی جیاوازەوە، تەنانەت لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا هەوڵی لەبەرچاویش هەیە بۆ

ئەوەی بە هەمان شێوە زارایی و هەورامیش پێی بنووسرێ‌و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بانگەشەشیان بۆ بکرێن، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە بەدەست دوو شێوەوە ئەناڵێنین‌و ناتوانین گرفتەکانیان چارەسەر بکەین، جا وەرە ببنە چوارو پێنج، بەهەرحاڵ من لێرەدا ئەمەوێ بڵێم چارەسەرەکە نە بە تاکە کەس ئەکرێ نە بە گروپ ونە بە زانکۆکانیش، چارەسەرەکە تەنها لە چارەنووسی سیاسیی و پاشەڕۆژی کوردیدایە، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە یەکلایی بکاتەوە، چۆن؟! دیارە هیچکام لەم شێوە زمانانە بە ئاسانی قوبوڵ ناکرێت لای شێوەکانی تر. هەر لەبەر ئەوەیشە کە ئەمە تەنها بەدەسەڵاتی سیاسیی جێبەجێ ئەکرێ، واتە: دەسەڵات ئەو بڕیارە ئەدات کە کام شێوە زمان ئەبێ بە زمانی یەکگرتوو بۆچی؟! لە دوایشدا ئەمە ئەچێتە چوارچێوەی قانونەوە، ئیتر لێرەوە زمان بە نان‌و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە ئەبەسترێتەوە پێویستە پەیڕەو بکرێ، جا ئیتر هەرکام لەو دوو شێوەیە بێت، هەڵبەتە ئەمەیش دوای تاووتوێکردن‌و دیراسەکردنێکی زۆرو هەڵسەنگاندنی ڕاستی لە لایەن پسپۆڕان‌و شارەزاییانەوە، ئەگینا چارێکی تر نییەو هەر کەسەو دەست بە قەناعەتەکانی خۆیەوە ئەگرێ، زمانی یەکگرتوو ناخرێتە دەنگدانەوە، چونکە هەڵبژاردنی شێوەی زمانی یەکگرتوو بە کەمی‌و زۆری خەڵکەکەی نییە، ڕەنگە بە لای منەوە زیاتر پەیوەندیی بە دەوڵەمەندیی کولتوری‌و ڕۆشنبیری ئەو دایلێکتەوە هەبێت، پەیوەندیی بە کتێبخانەکەیەوە هەبێت، پەیوەندیی بە بەردەوامی بەخشینی ئەفراندنیەوە هەبێت، پەیوەندیی بەو کەڵە نووسەرو شاعیرو مێژوونووسانەوە هەبێت کە بەو شێوەیە نووسیویانە نەك بە شێوەیەکی تر. تۆ ئەگەر تەماشای مێژووی گەشەسەندن‌و دەسەڵاتی ئەو شێوانە جیا بە جیا بکەیت تێ ئەگەیت بۆ نموونە ئەوکاتەی دەسەڵاتی سیاسیی ئەمارەتێك دەسەڵاتی گەورە بووە لە هەمان کاتدا شێوە زمانەکەیشی لە گەشەکردن‌و پێشکەوتندا بووە، شێوەی کرمانجی ژووروو ئەوکاتەی زمانی نووسینی بووە لە هەمانکاتدا زمانی دەسەڵاتێکی سیاسیی گەورە بووە، کە ئەو دەسەڵاتە کوژاوەتەوە. جارێکی دی بۆ نموونە شێوەی گوران

له سه‌رده‌می ئه‌ماره‌تی ئه‌رده‌لاندا بووه به جۆرێك له زمانی ستانداردی كوردی، له‌دوای ئه‌وان و له سه‌رده‌می ئه‌ماره‌تی بابانه‌وه ئه‌م شێوه‌یه‌ی ئه‌مڕۆ ئێمه پێی ئه‌نووسین بووه به جۆرێك له زمانی ئه‌ده‌بیی ئێمه‌و درێژه‌ی هه‌یه.

من نموونه‌یه‌كی بچووك بۆ به‌كارهێنانی ئه‌م شێوه زمانه دێنمه‌وه، وه‌ك ئه‌زانین بۆ چه‌ندین سه‌ده‌یه له دوای حكومه‌تی مه‌لیك مه‌حموده‌وه له سلێمانی، بارزانییه‌كان پێشڕه‌وی سیاسیی و قیاده‌ی سیاسیی بزووتنه‌وه‌ی كوردایه‌تی بوون، له كوردستانی عێراقدا، به‌لام هیچ كام له‌و سه‌ركردانه ڕۆژێ له ڕۆژان یه‌ك نامه‌یشیان به شێوه‌ی بادینانی كرمانجی ژوورو نه‌نووسیوه‌و به‌و شێوه‌یه‌ش وتارێكی سیاسی یان حزبییان نه‌خوێندووه‌ته‌وه، ته‌نانه‌ت تا ئه‌م ساته‌وه‌خته‌ش سه‌رۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان‌و سه‌رۆكی هه‌رێم كاك مه‌سعود بارزانی چ له قسه‌كردنداو چ له نووسیندا هه‌ر به‌م شێوه‌یه‌ی من ئێسته ئه‌یبینی ئه‌نووسم، ئه‌په‌یڤێت و ئه‌نووسێت، سمبوولی له‌و گه‌وره‌تریش له بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی كورددا ڕه‌حمه‌تی مه‌لای مسته‌فای بارزان بووه كه ته‌واوی قسه‌و نامه‌و په‌یوه‌ندییه‌كانی هه‌ر به‌م شێوه زمانه بووه.

من ئه‌مه به ده‌لاله‌تێكی زیندووی سیاسیی‌و ئه‌ده‌بی له‌قه‌ڵه‌م ئه‌ده‌م‌و بایه‌خێكی گه‌وره‌یان له‌م بواره‌دا هه‌یه كه ئێسته ئێمه لێی ئه‌دوێین، به‌لام ئه‌گه‌ر تۆ ڕای شه‌خسی خۆمت ئه‌وێ به‌بێ ئه‌وه‌ی بیكه‌مه بڕیارێك‌و بمه‌وێ بسه‌پێنم، ئه‌وه‌یه: ئه‌م شێوه زمانه‌ی له دووسه‌د ساڵ زیاتره‌وه هاتووه‌و تا ئێسته‌ش بێ پسانه‌وه كتێبخانه‌ی كوردیی ئاوه‌دان كردۆته‌وه، واته ئه‌و شێوه‌یه‌ی كه بناخه‌كه‌ی له لایه‌ن نالی‌و سالم‌و كوردییه‌وه هه‌ڵدراوه‌ته‌وه ژماره‌یه‌كی ئێجگار زۆر له كه‌ڵه نووسه‌ران‌و شاعیران له ڕۆژهه‌لاتی كوردستان‌و خوارووی كوردستان پێیان نووسیوه، من بۆ خۆم به‌و شێوه زمانه‌ی ئه‌زانم كه پێویسته له پاشه‌ڕۆژدا هه‌ر به‌م حه‌رفانه‌ی ئه‌مڕۆوه ببێته زمانی ستانداری كوردیی بۆ هه‌موو كوردستان، به بڕوای من زمانی ستاندار په‌یوه‌ندیی به كه‌می‌و زۆری ئه‌و هاوولاتییانه‌وه نییه كه پێی ئه‌دوێن یان به

مێژووی دوورو نزیکەوە، زمانی ئەمڕۆی فەڕەنسی لە بنەڕەتدا زمانی ناوچەیەکی بچووکی خوارووی پاریس بووە، بەڵام ئەو ناوچە بچووکە چاوگی هونەرو داهێنان بووە، بە واتەیەکی تر زیندوێتیی شێوە زمانێك لە بەرهەمو ئەفراندندایە، لە بەخشینو تازەبوونەوەدایە، لە بەشی زۆری ئەو قەڵەمە گەورانەدایە کە لە زۆرترین بواری مەعریفەتو فیکرو ئەدەبدا پێیان نووسیوە.

یان لە بزووتنەوەی تەرجەمەدا لە زمانانی ترەوە خەرمانیان گەورەترە، یان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانانی تر بەخشینی زۆرترو بە بڕشتتر بووە، یان لە کۆڕی خەباتو تێکۆشاندا دەنگی دلێرتر بووە، واتە ئەو شێوە زمانانەی گەورەتر باوەشی بە ژیاندا کردووە، من پێموایە لە سەردەمی یەکەمینی حکومەتی کوردەوە لە سلێمانی تا ئەم ساتەوەختە ئەم شێوە زیندووە لە هەموو شێوەکانی تری زمانی کوردیی بەهێزو بەخشندەترو دەوڵەمەندتر بووە، با لەو مێژووەوە تەماشایەکی کتێبخانەی کوردیی بکەینو بزانین ئایا بەشی هەرەزۆری ئەو نووسەرو شاعیرو مێژوونووسو ڕووناکبیرانەی لەم بەشەی کورستاندا بەم شێوەیەو بەم حەرفانە نووسیویانە وەك چەندو وەك چۆنیش گەورەترین ناوەندی کولتوریو ڕووناکبیرییان پێك نەهێناوە؟! ئەمە دەمارگیری نییە بەقەدەر ئەوەی حەقیقەتێکی لەبەرچاوەو جێی نکوڵی نییە، دیارە ئەمەیش هۆو هۆکاری مەوزوعی خۆی هەبووە، شتێك نەبووە بە دیتنی منو فلانو فیسار دروست بووبێ، یان پێشتر بە ویستی شەخسی کەسانی تر دروست بووبێ، ئەو هەلومەرجە مێژوویيو سیاسیيو ئەدەبییەی بۆ ئەم شێوە زمانە هاتۆتە کایەوە بۆ نموونە بۆ شێوەی گۆڕانو بادینانو کەلهوڕ و زازا هەڵنەکەوتووە، هەروەکو چۆن لە کاتی خۆیدا ئەو هەلومەرجانەی بۆ شێوەی کرمانجی ژوورو لە ئارادا بوون بۆ شێوەی کرمانجی خواروو لە ئارادا نەبوون، ئەم پیتانەی ئەمڕۆ پێی ئەنووسین چ خەوشێکیان نییە ئەگەر بشبێ وەك وتم لەو خەوشانەی کەمترە کە لە بەکارهێنانی پیتی لاتینیدا هەن، هەروەکو ئەم پیتانە لە ئەسڵدا پیتی کوردیی نین، پیتی لاتینیش پیتی کوردیی نین، نووسین بە پیتی لاتینی

لاساییکردنەوەیە، من بەوە نابم بە ئەوروپی ئەگەر بەو پیتانە بنووسم، حەرفی چینی کە زۆترین ژمارەی ئادەمیزادی ئەم سەرزەمینە پێی ئەنووسن یان بەو زمانە ئەدوێن، دوورو نزیك پەیوەندیی بە حەرفی لاتینییەوە نییە، من پێموایە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم حەرفانە بۆ لاتینی لە ماڵوێرانکردنی خۆمان بەولاوە شتێکی تر نییە، هەمووومان ئەوە ئەزانین بە هۆی بارودۆخی سیاسیی و مێژووییەوە شێوەی کرمانجی ژوورو نەیتوانیوە وەك پێویست گەشە بکات، پێی بخوێنرێ‌و تەنانەت تا مێژوویەکی نزیك ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبی پێ دەربکرێ، دیارە مەبەست لە بەشی کوردستانی تورکیایە، گەورەترین کتێبخانەیەك کە ئەم شێوەیەو بە حەرفی لاتینی دروستی کردبێ واتە بە زمانی کوردیی بۆ سی ساڵێك زیاتر ناگەڕێتەوە، سی ساڵ چاپ‌و چاپەمەنی زۆر نەڵێم، چونکە کتێبخانەی پێش ئەم سی ساڵە هەژارو نەدار بووە، بە بەراورد لەگەڵ ئەم ساڵانەی دواییداو بە تایبەتی پاش ئەوەی بزووتنەوەی سیاسیی باکوور، گوڕوتینێکی زۆری بەم گەشەکردنەداو کتێبخانەکەی دەوڵەمەندتر کرد، دوای ئەوەی لە ئەوروپادا ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیران‌و نووسەران‌و سیاسەتمەداری باکوور چ بە هۆی کارەوە بووبن یان چالاکیی سیاسیی کەوتنە ئەو وڵاتانەو چالاکییان لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵایەتیی‌و کولتوری‌و سیاسیی ڕوو لەگەشەکردن بوون‌و بەم پێیەش شێوەی زمانەکەیش پێشکەوتنێکی لەبەرچاوی بەخۆیەوە دی‌و توانی کتێبخانەی کرمانجی ژوورو ئاوەدان بکاتەوە.

دیارە دەسەڵاتی سیاسیی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، ئەتوانن سەرەتای یان بناغەی زمانی یەکگرتووی کورد دابنێن، یان هەنگاوی یەکەمی بۆ بنێن، هەڵبەت لە باری سەرنجی منەوە، پێویستە ئەم شێوە زمانەی کە ئێستا زۆرترین ژمارەی کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامەی پێدەرئەکرێ‌و بە واقیعیش زمانی پەرلەمان‌و حکومەت‌و هەروەها زمانی خوێندن بووە، لە قۆناغی جیاجیای ئەم وڵاتەدا، زمانی ڕوو لە خەڵکی بووە لە کاتێکدا دەسەڵات دواوە، زمانی پەیوەندییە بازرگانی‌و دادگاییەکان بووە.

لە زۆربەی هەرە زۆری شارە گەورەکانی وەك سلێمانیو هەولێرو کەرکووکدا، لە ئێستەشدا زمانی خوێندنی ناو زانکۆو دامەزراوە گەورەکانێتی، پێویستە ئەم زمانە ببێتە زمانی یەکگرتووی کوردو کاری بۆ بکرێ، من ڕێز لە ڕای پێچەوانەی بەرامبەرم ئەگرم، بەلاّم تا کۆتاییش بەرگری تەواو لە ڕای خۆم ئەکەم، ئەی بۆچی وانەبێت؟! من بەو پاساوانە قایل نابم کە لەم بوارەدا ڕای پێچەوانە ئەیهێنێتەوە، چونکە منیش هەمانو بگرە زیاتریش خاوەن بەڵگەو حەقیقەتی مێژوویی خۆمم، من تێناگەم لە کاتێکدا زمانی فارسیو چەندین زمانی تری ناوچەکە کە هەر بەم پیتەی ئێمە ئەنووسنو خاوەن کولتورێکی گەورەی ڕۆشنبیریو ئەدەبین پێویستیان بەوە نەبووە ئەو حەرفانە بگۆڕن، بۆ ئەبێ ئێمە بیگۆڕین؟! بە پێوانەی زۆترین بەخشینو زۆرترین داهێنانو دەوڵەمەندترین کتێبخانە شێوەی کرمانجی خواروو ئەوەی پێی ئەوترێ (سۆرانی) یەکەمین پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستانداری کوردیی لە هەموو کوردستاندا.

**ئەمجەد شاکەلی:**

# ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردیی لادانە لە قانوونێکی سروشتی زمانەکەو ڕێك وەك دەرچوونی شەمەندەفەرێکە لە هێڵەکەی خۆی



. لە دایکبووی (کەلار)ی گەرمێنی کوردستانە.

. بەشی ئابووری لە کۆلێژی کارگێری زانستگەی بەغداد تەواو کردووە.

. لە ساڵی (١٩٨١)ەوە لە وڵاتی سوێد دەژی.

. لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا خاوەنی چەند کتێبە نمونەیەك لە کارەکانی:

. وەرگێرانی (جاری گەردوونی مافی مرۆڤ) لەگەڵ چەند کەسی تردا.

. چەوساوەکانی زەوی (کوردستان) وەرگێرانی لە سوێدییەوە.

. منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هەندەران، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی.

**+ بوونی گرفتی جۆراوجۆر لە ڕێنووسی کوردیدا، دروسنەبوونی ڕێنووسی ستاندارد و فراواننەبوون و پێشنەکەوتنی زمانی کوردیی وەکو پێویست، تاچەند پەیوەندیی بە سروشتی پیتەکەی خۆیەوە هەیە؟**

شاکەلی: ڕێنووس، وەك مەسعوود موحەممەد دەڵێت: "دەفری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییەو هەر تەقەڵێکی هەڵوەشێتەوە کەلێن دەدا بۆ فرەوان بوونی مەودای لەگەڵ یەکدیدا و نەگونجانی نووسەران. میللەتێك هێندی کورد پێویستی بەیەکیەتی هەبێت ناشێ خوێندەوارەکانی لە هەوەڵ هەنگاوی خامەگیرییانەوە، کە ڕێنووسە، لە یەکدی بترازێن. ئێمە کە لەسەر چۆنیەتی نووسینی (کەرەباب)ی بەری سۆران و (ئەفەنگی) بەری بابان پێك نەیەین چۆن لە ئاست شتە ژیوەریە گرنگەکان تێك دەگەین". ئەگەر مەبەست لە ڕێنووسی کوردیی، ئەم ڕێنووسە بێت، کە ئێمە بەکاری دەبەین و باس لە گرفتە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕێنووسە بکەین، پێموایە گرفتی هێندەمەزن و لەبەرچاو لەم ڕێنووسەدا نییە. ڕەنگە هەندێك وردەگرفتی وەك: لکاندنی پێشگر و پاشگر بەناو و کردارەوە یا نووسینی (و) یا (وو) بۆ هەندێك وشە یا نەبوونی ئەوەی عەرەب پێی دەڵێت: "الكسرة المختلسة"، کە لە تیپی لاتینیدا کراوە بە "i" و لە ڕێنووسی کوردیی‌شدا بە"ی" دەنووسرێت یا نووسینی دەنگی "وێ"، کە لە زمانی سوێدیدا بە"Ö" دەنووسرێت و کوردیش بە"و+ ێ" دەینووسێت، ڕەنگە ئەمانە برێك وردەگرفت بن، لە ڕێنووسی کوردیدا، کە شتگەلێکی هاسان و کەمن و چارەسەرکردنیان، بەجڤینی چەند زمانەوانێك و چەند پسپۆڕێکی بارهێنان و خوێندن و ڕاگۆڕینەوەو پێکهاتنیان لە سەری دێتەدی.

مامۆستایەکی ئێراناسی (ئێرانیستیك) "Iranian Studies"، بە نێوی "کارینا جەهانی Carina Jahani"، لە زانستگەی "ئوپسالا" لە سوێد، کە ئێستا پرۆفێسۆرە، سەردەمێکیش مامۆستام بوو، دەیگوت: "کوردەکان زۆر زیرەکانە، گیروگرفتی ئەلفبێیان چارەسەر کردووە و خۆیان لە گرێ و سەختیی ئەلفبێی عەرەبی ڕزگار کردووە و دوورخستووەتەوەو ئەگەر ئەلفبێی کوردیی لەگەڵ فارسییشدا بەراورد بکرێت، ئەوا کوردییەکە زێتر پێشکەوتووە".

ئەم ڕێنووسە کوردییەی، کە ئێستا لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زمانی کوردیی پێ دەنووسرێت و تەواوی گەنجینەی فەرهەنگ و هزری کوردی چەند سەدەیەکی پێ نووسراوەتەوە، گەلێك بیراز کراوەو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەگەر نووسین بە ئەلفبێی عەرەبی لە سەدەی حەوتەمی زایینەوە، هاتبێتە کوردستان، ئەوا ئەودەمە نووسین بە زمانی کوردیی نەبووەو هەرچیش نووسرابێت، هەر بە عەرەبی یا فارسی نووسراوە، چونکە ئەوانە زمانی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی کوردستان بوون. کورد ئەو دەمیش وەك ئێستا بۆ خۆی خاوەنی خۆی نەبووە، بەڵام ئیدی لە دەسپێکی بە کوردی نووسینەوە، کە نێزیکەی شەش حەفت سەدەیەکە، کورد توانیویەتی ئەلفبێ عەرەبی– فارسییەکە بەرەبەرە هەموار بکات و لەگەڵ تایبەتمەندیەتی زمانی کوردیدا بگونجێنێت.

ئەلفبێ و زمان دوو شتی جیاوازن. ئەلفبێ نیشانەو هێمایەکە بۆ ئەو فۆنێم و دەنگانەی، کە لە زماندا دێنە دەراندن. ئەو نیشانەو هێمایانەش، کە نێوی ئەلفبێیان لێ دەنرێن، مرۆڤ بۆ خۆی دروستیان دەکات و دایاندەنێت و لە سەریان پێکدێت و ڕێکدەکەوێت. ئەگەر زمان تایبەت بێت بەگەلێك یا کۆمەڵە مرۆڤێك، کە پێی دەپەیڤن و لە یەکتر تێدەگەن و مۆرك و موڵك و ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەبێت، ئەوا ئەلفبێ ئەو تایبەتمەندییەی نییە. هەموو ئەلفبێیەك، بە بڕێك دەسکاری و گونجاندن، لەگەڵ هەر زمانێکدا، دەتوانێت دەربڕی ئەو زمانەو هەموو جۆرە زمانێك بێت و هەموو جۆرە دەنگێك بدەرێنێت و مرۆڤیش هەر کاتێك ویستی و بەپێویستی زانی، دەتوانێت بۆ هەر دەنگێك، هێمایەك چێ بکات.

ئەو ڕێنووسەی ئەوڕۆ کورد بەکاری دەبات، بۆ خۆی ستانداردەو جێی خۆی گرتووە، چونکە چەند سەدەیەکە تەواوی هزر و فەرهەنگی کوردی پێ نووسراوەتەوەو نێزیکەی سەدەیەکیشە ئەلفبێی زمانی خوێندن و نووسینی میلیۆنان خوێندکار و زمانی سیاسەت و کارگێڕیشە. ئەگەر بڕۆکەیەك ناتەواویشی هەبێت، بە قیچێك دەستکاریی زۆر کەمەوە هیچ دەردێکی نامێنێت.

هەرچی فرەواننەبوون و پێشنەکەوتنی زمانی کوردییە وەك پێویست، ئەوەیان باسێکی ترە. بەبڕوای من فرەوانبوون و پێشکەوتن یا فرەواننەبوون و پێشنەکەوتنی هیچ زمانێکی ئەم جیهانە، پێوەندیان بە ڕێنووس و تیپ و ئەلفبێی زمانەکەوە نییە، بەڵکە فاکتەری دیکە لەو بوارەدا ڕۆڵ دەبینن. ئەگەر لە ڕووی جیهانییەوە بنۆڕینە فرەواننەبوون و پێشنەکەوتنی زمانی کوردیی، ئەوا دەبێ گرنگیی کورد بۆ خۆی وەك نەتەوەیەك و ڕۆڵی کورد لە پرۆسەو ڕووداوە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا، لەبەرچاو بگرین. ئایا کورد خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسیی بەهێز و کاریگەرەو چ گرنگییەکی ئابووریی یا سیاسی لەسەر نەخشەی جیهان هەیە؟ ئایا کورد گەنجینەیەکی فەرهەنگیی دەوڵەمەندی هەیە یا چ داهێنانێکی فەرهەنگی خستووەتە سەر فەرهەنگیی جیهانی و مرۆڤایەتی؟ پێموایە هەموومان وەرامی ئەو پرسیارانەمان بە هاسانی پێ دەدرێنەوەو گرنگیی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی کوردیش دەزانین! کەوابوو ئەو باسە چ پێوەندێکی بە تیپ و ڕێنووسەوە نییە. هەرچی فرەواننەبوون و پێشنەکەوتنی ڕێنووس و زمانی کوردییە لە نێو کورددا و نەبوونی ئەم ڕێنووس و زمانە، بە زمانی هەموو کورد ئەوە گەلێك هۆی هەن: ژێردەستەیی کورد وەك نەتەوەیەك، پارچەپارچەیی و دابەشبوونی خاکەکەی و خۆی، بە سەر چوار پێنج دەوڵەتدا، نەبوونی دەسگا و سیستمێکی خوێندن و بارهێنانی سەرتاسەری، نەبوونی دەسگای میدیای سەرتاسەری و زۆریی شێوەزار و بنزار و دابڕانی کورد لە یەکدی، کاڵفامی و سستی هەستی نەتەوەیی و چێکردنی تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی و... هەموو ئەمانە کارێکی وایان کردووەتە سەر ئەوەی، کە زمانی کوردیی بە ڕادەی پێویست و بە گوێرەی سەردەم، پێشکەوتن و فرەوانبوون بە خۆیەوە نەبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وسەرباری ئەو هەلومەرجەی زمانی کوردی تێدا بووە، گرفت و ئاستەنگی هێندە گەورەی نەهاتووە تەپێش و گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووەو گەلێك چووەتە پێش و ئێستا تاڕادەیەك هەموو شتێکی پێ دەنووسرێت و لە هەموو بوارێکدا بەکار دەبرێت.

**+ بەڕای تۆ باسوخواسکردن لەسەر گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبیی کاریگەریی سیستمی جیهانگیریی نییە بۆ سەر وڵاتانی بچووك و بێهێز ؟**

شاکەلی: باسوخواسی گۆڕینی ئەلفبێ، لە نێو هیچ گەل و نەتەوەو خەڵکێکی دیکەدا نییەو پێموایە تەنێ کوردە و ئەویش "خەڵکانێکی سافیلکەو بار بەسەر زمان و فەرهەنگی کوردییەوە"، کە کێچ کەوتووەتە کۆڵیان و بە دەستی خۆیان خەریکن ئەوەیشی هەیە، دەیدۆڕێنن وماڵی خۆیان وێران دەکەن. ئەو ئەلفبێیەی ئەمڕۆ کورد پێی دەنووسێت و خەڵك نێوی عەرەبی و فارسی لێ دەنێت، بەڵێ لە بنەڕەتدا عەرەبییەو ئەویش لە ئارامییەوە هاتووەو کورد لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا لە عەرەبی وەرگرتووە، ئەمڕۆ کوردییەو هیچی دیکە نییە. تۆ بنوڕە ئەو زمانانەی، کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن، ئینگلیزی، فرانسی، ئەڵمانی، ئیسپانیۆلی، سوێدی و... تەنانەت تورکییش، هیچ یەکێك لەو خەڵکانەی ئەو زمانانە بەکار دەبەن، ئەلفبێیەکانی خۆیان بەنێوی زمانێکی دیکەوە نێو نابەن. هەر کەسەو ئەلفبێیەکە بە هی خۆی دەزانێت، فرانسی بە ئەلفبێی خۆی دەڵێ: ئەلفبێی فرانسی، ئینگلیز بە ئەلفبێی خۆی دەڵێ: ئەلفبێی ئینگلیزی و تورکیش، تەنانەت تورك، بە ئەلفبێ لاتینییەکەی خۆی دەڵێ: ئەلفبێی تورکی، کە لە ڕاستیشدا لە کاتی دامەزراندن و سەپاندنیدا لە لایەن "ئەتاتورك"ەوە، هەر بەنێوی ئەلفبێی "کەمالی"یەوە، بڵاو کرایەوە.

هیچ فارسێك لە جیهاندا نابینییەوە بە ئەلفبێی زمانەکەی خۆی بێژی ئەلفبێی عەرەبی، لە کاتێکدا زمانی فارسی نەك هەر ئەلفبێیەکەی بەڵگە ٦٠-٧٠٪ی وشەکانیشی عەرەبین. دەڵێن کچە فارسێك لە خولێکی فێربوونی زمانی سوێدی لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە پۆلێك پێکەوە دەبن. خوێندکارەکان هەریەکەو خەڵکی وڵاتێك دەبن و چەندین جۆرە زمانی جیاواز قسان دەکەن. مامۆستاکەیان، کە سوێدی دەبێت داوایان لێ دەکات هەرکەس بە زمانی خۆی، بەرانبەر وشەی "تاك — Tack"ی سوێدی، کە بە واتای "سپاس"ی کوردی دێت، وشەکە بە زمانەکەی

خۆی بلێت. یەکێك دەڵێ: "شوکرەن" و یەکێك دەڵێ: "سپاسیبا" و یەکێك دەڵێ: "سوپاس" و یەکێك دەڵێ: "گراسیاس" و کچە فارسەکەیش دەڵێ:"مێرسی" و کچێکی فرانسییش، کە لە تەنیشت کچە فارسەکەوە دادەنیشێت دەڵێ: "مێرسی"، کچە فارسەکەیش بە سەرسوورِمانە یەکسەر دەڵێ: "شما هم میگن مێرسی! واتە: ئێوەیش دەڵێن مێرسی!". کچە فرانسییەکەیش بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: "بەڵێ ئێمەیش دەڵێین مێرسی". مەبەستم ئەوەیە فارس ئەو "مێرسی"یە فرانسییە بە هی خۆی دەزانێت!.

ئێمە ئەگەر ئاورێك لە مێژووی خواست و باسوخواسی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) بۆ لاتینی لە کن کورد بدەینەوە دەبینین، ئەو داخوازی و هەوڵانە، پتر لە خەڵکانی ناکورد و بیانییەوە بوونەو ئەوان ویستوویانە ئەلفبێی کوردی بگۆڕن، دیارە بە کاریگەری ئەو هەوڵانەی بیانییان و شانبەشانی ئەوانە، لەنێو کوردیشدا، وەها داخوازی و تەقەلایەك هاتووەتە ئاراوە.

لە ساڵی ١٩٠٥ دا "مۆرگان"، داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی، کردووە.

لە سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانی و لە ساڵی ١٩١٣دا، لە لایەن "مێجەر سۆن"ەوە، هەوڵی دانانی ئەلفبێیەکی لاتینی دراوە، بەڵام ئەو ئەلفبێیە بڵاو نەبووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٠دا، زانای ئەرمەنی"ئیسحاق مۆرگۆلۆڤ" و "عەرەبی شەمۆ"، ئەلفبێیەکی لاتینییان داناوە و لە نێو کوردەکانی سۆڤێتدا، تا ساڵی ١٩٣٨ بەکار براوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی "ڕێیاتەزە"، کە بە کوردیی دەردەچێت، لە ژمارەی یەکەمییەوە، لە ساڵی١٩٣٠–١٩٣٨، بە لاتینی دەرچووە. لە ساڵی ١٩٣٨–١٩٥٥،"ڕێیاتەزە"، دەرنەچووەو لە ١٩٥٥یشەوە تا ئێستا، بە تیپی کریلیك دەردەچێت.

لە ساڵی ١٩٣١دا" ئێدمۆنز"یش، هەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە.

"پییێر ڕۆندۆ"، ئەفسەری فرانسی لە شام، پێش ئەلفبێ لاتینییەکەی "جەلادەت بەدرخان"، یەکەم ئەلفبێی کوردی بە تیپی لاتینی بڵاوکردووەتەوە.

"تۆما بوا"یش، هەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە.

ساڵی ١٩٣٣"مینۆرسکی"یش هەوڵی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی داوە.

تەواوی ئەوانە بێجگە لە"عەرەبی شەمۆ"، هەموو کەسانێکی ناکورد بوونە.

لە نێو کورد خۆیشیدا:

لە ساڵی ١٩٣١دا و دوای گۆڕینی ئەلفبێی تورکی لە لایەن "مستەفا کەمال ئەتاتورك"ەوە، دەستەی "خۆیبوون" لە دیمەشق، بڕیاری بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینیان لە بری ئەلفبێی عەرەبی بۆ زمانی کوردیی دا.

"جەلادەت بەدرخان"، ئەلفبێ لاتینییەکەی خۆی، لە ساڵی ١٩٣٢دا، بڵاو کردەوەو گۆڤاری"هاوار"ی لە ژمارەی ٢٤ەمیەوە ئیدی بە تیپی لاتینی دەرکرد.

"عەبدوڵلا جەودەت"، لە گۆڤاری"ڕۆژی کورد"دا، داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کردووە.

"عەبدوڕەززاق بەدرخان" داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ ڕووسی کردووە.

ساڵی ١٩٢٥،"موحەممەد ئەمین زەکی" و "میرزا موحەممەد باشقە"، کتێبچەیەك بە لاتینی بۆ خوێندنگەی سەرەتایی ئامادە دەکەن.

ساڵی ١٩٣٣، "تەوفیق وەهبی"، کتێبی "خوێندەواری باو"ی بڵاوکردەوە، کە پتر تیپی ئینگلیزی بەکار بردبوو.

ساڵی ١٩٥٦، "جەمال نەبەز"، کتێبی "نووسینی کوردی بە لاتینی" دەرکردووەو دەنگی "ڵ" و "ڕ"ی بۆ ئەلفبێکەی بەدرخان زیاد کردووەو پاشانیش دەنگی"ۆیŎ"ی خستووەتە سەر و بەو گۆڕانانە تا ڕادەیەك ئەلفبێیەکەی بەدرخانی کاراتر کردووە. لێ ئەوانەی، تیپی لاتینی بەکار دەبەن بۆ نووسینی کوردیی، ئەو گۆڕانکارییەی "جەمال نەبەز"یان لەبەرچاو نەگرتووە.

سالّی ١٩٧٢،"گیوی موکریانی" کتێبی "ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی"ی دانا.

"سادیق بەهائوددین"یش یەکێك بوو لەو دەنگانەی داخوازی لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دەکرد.

"عەزیز ئاکرەیی"یش لەگەڵ گۆڕینی ئەلفبێی کوردیدا بوو بۆ لاتینی و لەو بوارەدا نووسیویەتی.

ئەگەر تەماشایەکی ئەو بیانییانە بکەین، کە ئەو خواستەیان خستووەتە بەرباس و کۆششیان بۆ وەها کارێك کردووە، دەبینین زۆرینەیان دوو جۆرە مرۆڤ بوون، بڕێکیان خەڵکی سەر بە کڵێسەو ئایینی مەسیحی بوون و بڕەکەی دیکەیشیان ئەفسەر و دەستوپێوەندی لەشکر و وڵاتانی کۆلۆنیالیستی بریتانیا و فرانسە بوون. من هۆ و مەبەستی بنەڕەتیی ئەو باس و داخوازییەی بیانییان دەگێڕمەوە بۆ:

دابڕینی کورد و نامۆکردنی لەو شوێنگە جوگرافیایەی تێیدایە، نەك بەوەی کورد بکەنە قەوارەیەکی سیاسی و خاوەنی خۆی، بەڵکە تەنێ بۆ ئاژاوەنانەوەو دوورخستنەوەو جوێکردنەوەیان لە گەلانی دەوروبەریان و چێکردنی کێشە لە نێوان کورد و ئەو گەلانەدا.

هۆیەکی ئایینی– فەرهەنگی: کە مەبەستی مەسیحییاندنی گەلی کورد بووەو بەوەش دابڕینی بووە لە ژینگە ئیسلامییەکەی و لە فەرهەنگی عەرەبی –فارسی – ئیسلامی.

هەرچی کورد خۆیشی بووە، کە هەوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کەوتووەتە سەر، دیارە ئەو دەمە، بە چاولێکەری کردەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك بووە، کە ئەودەمی بەشێکی زۆری کورد، بە چاوی ڕێز و گۆڕان و شۆڕشەوە، لە تورکیای کەمالیستیان ئەڕوانی و کۆڵێك بە ئەتاتورك و تورکیای نوێ و سیکۆلاریزمە گۆجەکەیانەوە سەرسام بوون.

سالآنی دوای بڵاوبوونەوەی ئەلفبێ لاتینییەکەی "جەلادەت بەدرخان"یش، بیانووی زۆر هێنراونەوە بۆ ئەو گۆڕینە، کە زۆریان دەخرێنە چوارچێوەی، ناتەواوی و کێماسی و نارێکوپێکی و...ئەلفبێی کوردییەوە.

داخوازیی ئەو کوردەی ئێستا بۆ گۆڕینی ئەلفبێی کوردیی، دەکرێ بخرێتە چوارچێوەی سەرسووڕمان و واقوڕمان بە ڕۆژاوا و ڕۆژاوا پەرستییەوەو بەشێکە لەو دەردەجیهانگەرییەی، کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە. ئەگەر ئەو باس و داخوازییە کاریگەرییەکی جیهانگەری بێت لە سەر کوردی بچووك و بێهێز، ئەی وەها کاریگەرییەك بۆ نەکەوتووەو ناکەوێتە سەر، من ناڵێم زمانانی عەرەبی، فارسی، ئوردوو، بەنگالی و... چونکە ئەوانە زمانگەلێکی گەورەن، بەڵکە زمانانی ئەمازیغی، تیگرینی، ئەمهاری، کلدانی، ئاشووری، سریانی، ئەرمەنی، ئازەری (لە ئێران)، جۆرجی و...؟ خۆ ئەوانەیش زمانگەلێکی بچووکن و هیچ لە زمانی کوردییش بەهێزتر نین! هیچ یەکێك لە خاوەنی ئەو زمانانە ئامادە نین، ئەلفبێی زمانەکانیان بگۆڕن و بیکەن بە لاتینی، چونکە دەزانن، ئەوە لە ماڵشێواندنی خۆیان زیاتر، شتێکی دیکەی لێ شین نابێت. با نموونەیەکت لەو بارەیەوە بۆ باس بکەم:

پاییزی ١٩٨٥، لە یەکێك لە کتێبخانەکانی شاری ستۆکهۆڵمدا، گۆڤاری "حۆیۆدۆ"م بەرچاوکەوت، کە ئۆرگانی یەکیەتیی ئاشوورییانە لە سوێد و بە زمانانی عەرەبی، ئاشووری و سوێدی دەردەچێت. لەوێدا و لە بەشە عەرەبییەکەیدا و لە گوتارێکدا سەبارەت بە کۆنگرەی یەکیەتیی ئاشوورییان لە سوێد، کە پێشتر گیرابوو، ئاوا نووسرابوو: "بابەتی دووەم، کە کۆنگرە گرنگییەکی تایبەتی پێ دا، لێدوان و دەمەتەقە بوو لە مەڕ ئەو بڕیار و ئاگادارییەی، کە دەسگای دەوڵەتیی کاروباری بیانییان لە ١٩٨٣دا دەریکردبوو، بە دانانی نێوی نوێ بۆ زمانی سریانی، کە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەو فێرکردن پێڕۆی کردووەو دەیەوێت ئەلفبێی سریانی بگۆڕێ بۆ ئەلفبێی لاتینی و وەك هەنگاوی یەکەمیش کتێبی "توخوقورنیا"، کە تایبەتە بۆ فێرکردنی منداڵان لە چاپ درا. وەك ئاشکرایشە، یەکیەتیی لە کاتی

خۆیدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا، بۆ بەرپەرچدانەوەو وەلانانی ئەو هەوڵ و کۆششە، کە دەکران بۆ لێدانی شوێنەواری ژیاری و زمانە پیرۆزەکەمان. بۆ نموونەیش: پێوەندکردن لەگەڵ مامۆستایان و خێزانی منداڵاندا و ڕەفز و ڕەتکردنەوەی کتێبەکەو گرتنی پارێزەرێك بۆ شکاتکردن، لە دەسگای دەوڵەتی کاروباری بیانییان. کۆنگرە هەڵوێستی ڕاست و نەگۆڕی خۆی نوێ و دووپات دەکاتەوە، بەرانبەر بە هەر کەسێك، کە ڕێگە بە خۆی دەدات و دەیەوێت لە پایەو ڕۆڵی زمان و کەلەپوورەکەمان لە ژیاریی مرۆڤایەتیدا، کەم بکاتەوەو لێڵ و تەماوی بکات و تێکبدات. ئێمەیش هاوار دەبەین بۆ ئەو برا و هاوڕێیانەی، کە ڕەنگە پێشکەوتنی ژیاریی ئەوروپا، کە ئێمەیش ئینکاری ناکەین، مەستیان بکات، داوایان لێ دەکەین، لە ڕووخاندنی گرنگترین پایەو بنگەی شوێنەوارماندا بەشداری نەکەن و منداڵەکانمان لەو تیپانەی، کە شوێنەوار و بیری باوباپیرانی پێ نووسراونەتەوە— لێرەشدا بوار کەمە، لەو ڕۆڵە مەزنە بدوێین، کە ئەم تیپەو ئەم زمانە لە ژیاریی مرۆڤدا بینیویانە بێ بەری بکەن. کۆنگرە ناڕەزایی دەربڕی و بڕیاری ڕەتکردنەوە و ڕەفزی کاری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردنی دا و لە سەر داوای قانوونیی خۆیشی بەردەوام دەبێت".

ئەوە هەڵوێستی خەڵکێکی ئاگا و بەتەنگ زمان و فەرهەنگ و مێژووی خۆیانەوە هاتووەو ئێستایش لە هەموو دەمێك زیاتر و توندتر، ئەو ئاشووری و سریان و کلدانانە باوەشیان بە فەرهەنگ و زمان و ئەلفبێی زمانەکەی خۆیاندا کردووەو هەرگیز بە خەیاڵیش بیریان بە لای گۆڕینی ئەلفبێدا ناچێت. ئەگەر جیهانگەری و مەستبوون بە ئەوروپاوە، کاریگەرییان لە سەر گەلان و وڵاتانی بێهێز و بچووك هەبووایە، ئەوا دەبوو ئەو سریان و کلدان و ئاشوورییانە، پێش هەر خەڵکێکی دیکە، ئەلفبێی خۆیان بکردبایەتە لاتینی، چونکە هەم بچووك و بێهێزن و هەمیش وەك ئایین عیسایین، کە ئەوە بۆ خۆی پاساوێکەو دەبوو هاندەرێك بووایە بۆیان، بەڵام نەء، خەڵکی ئاگا و هۆشیار، وەها هەڵەیەك ناکەن.

**+ دوای بڕیاری ئەتاتورك لەمەڕ ڕەتكردنەوەی ئەلفبێی عەرەبی، بەدرخانییەكان هەرچەندە چەوساوە و ئاوارەی دەستی بوون، بەڵام هەر دوای ئەم بڕیارە ئەلفبێی لاتینییان بەكار هێنا، ئێوە ئەمڕۆ چۆن ئەو هەنگاوەی بەدرخانییەكان دەخوێننەوە؟**

شاكەلی: جەلادەت بەدرخان، لە ساڵی ١٩٣٢دا، ئەلفبێ لاتینییەكەی خۆی بڵاو كردەوەو بە قسەی خۆی، ئەو لە ساڵی ١٩١٩ەوە، دەستی بە ڕێكخستنی ئەو ئەلفبێیە كردبوو. لە پێشگوتنی كتێبێكدا، كە لە ساڵی ١٩٣٢دا، لە شام نووسیویەتی، جەلادەت بەدرخان، باسی ئەوە دەكات، كە ساڵی ١٩١٩، لە خەرپووت و دیاربەكرو چیای مەلەتییێ و لە نێو عەشیرەتی (ڕەشوان یا ڕەوان)دا، كاتێك كە لەگەڵ "مێجەر نۆئێل" ناوێكی ئینگلیزدا دەبێت، كە سۆرانی دەزانێت و هەوڵدەدات فێری كرمانجی بێت، كاتێك كە مەتەڵ و ستران و چیرۆكان كۆ دەكەنەوەو دەنووسن و بەراورد دەكەن، نۆئێل بەرانبەر بە تیپی عەرەبی، تیپی لاتینی دەنووسێت و دەستنووس و خەتی خۆی بە هاسانی دەخوێنێتەوە. ڕەفیق حیلمی، لە بەرگی یەكەمی "یادداشت"ەكەیدا، لە بارەی "مێجەر نۆئێل"ەوە، باسی ئەوە دەكات، كە: نۆئێل، یەكێك بووە لە ئەفسەرە ئینگلیزە شارەزاكانی هەرێمی كوردستان و ڕاوێژكاری شێخ مەحموود و یەكەم نوێنەری ئینگلیز بووە لە كوردستان. زمانانی فارسی و فرانسەیی زۆر باش زانیوەو لە ئێراندا زۆر ماوەتەوە. لە ڕێی سیاسەتەوە خزمەتی بریتانیای كردووە. ڕۆژی ١-١١-١٩١٨، لە كۆبوونەوەیەكدا، بە خەڵكی سلێمانی، كە "عولەما، ئەشراف، سادات و توججار"ی تێدا بەشدار بوون، بە ناوی نوێنەری بریتانیاوە قسەی كردووەو بەو خەڵكەی ڕاگەیاندووە، كە شێخ مەحموود، لە لایەن حاكمی گشتیی عیراقەوە بە حوكمداری كوردستان، ناسراوە. نۆئێل و لە پشت ئەویشەوە "ویلسن"ی حاكمی گشتیی عیراق، دەیانەویست لە دەسەڵاتی شێخ مەحموود كەڵك وەرگرن و لە هەرێمی كوردستاندا، بێ هێزێكی سەربازی، دەسەڵاتی ئینگلیز جێگیر بێت و بەهۆی شێخ مەحموودەوە،

سیاسەتی حوكوومەتی بریتانیا، بەڕێوە ببەن. نۆئێل، ناوی (حاكمی سیاسی) لێ نرا. حیلمی دەڵێت: "زەمان بە دڵی (نۆئێل) بچوایە بەڕێوە شكم لەوەدا نییە كە بناغەی (كوردستانی گەورە)ی دائەمەزراند، نۆئێل، شوباتی ١٩١٩ چووەتە توركیا و لە لایەن كۆمەڵگەكانی سیاسی كوردیشەوە، میر جەلادەت بەدرخان و دوو كوردی تریش گەیشتوونەتە لای و لەگەڵ "نۆئێل"دا یەكیان گرتووەو بەناو كوردەكانی خەرپووت و دیاربەكردا سووڕاونەتەوە و بۆ كورد و كوردستان گفتوگۆیان كردووە".

جەلادەت بەدرخان، كە باسی "نۆئێل" دەكات دەڵێت:"ب بلێكرنەكە بیانی، لێ بێ دژواری دەست نڤیسا خۆ دخواند، لێ بەلێ ئەز، هەیا كو من (وو) ژ (ۆ) و (ی) ژ (ێ) دەرخستن دكەتم هەزار دژواری"، ئەوجا دەڵێ:"د جهدا قەرارا خو دا و ژ خورا ب حەرفێن لاتینی ئەلفابێ یەك لێك ئانی" و پاشان باسی ئەوە دەكات، كە سوودی لە ئەلفبێی یۆنانی و ڕووسی و لاتینی و فرانسەیی وەرگرتووە، بۆ چێكردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ كوردی و كاتێك توركان ئەلفبێی لاتینی خۆیان بڵاو كردەوە ئیدی ئەمیش"ژ بونا هێمانكرنا خوەندنا نڤیسارێن مەژ كوردمانجێن تركیرا، مەدەنگێن هن حەرفان ب هەڤ گوهارتن ئو هەرچەند هەبو مەئەو چەند ژ ئەلفابێ یا خوە خست نێزیكی ئەلفابێ یا تركان كر". بەدرخان، باسی ئەوەیش دەكات، كە پرسی بە، زۆر خوێندەوار و زانا و نووسەری كورد و بیانی كردووە، بۆ نووسینی ئەلفبێ لاتینییەكەی و گوایە سێزدە ساڵ هەوڵی بۆ داوە. بە بڕوای من، جەلادەت بەدرخان، بۆ دانانی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی كوردی، پرسی بە هیچ زمانزانێكی كورد نەكردووە، بەڵكە بڕیارێكی نابەرپرسانەو سەرەڕۆیانەی، خوێندەوارێكی هزر و فەرهەنگ ئەوروپاییێندراو بووە و بە تەنێ بۆ خۆی و بێ بیركردنەوە لە ئەنجامەكانی، داویەتی. بەدرخان، هەروەك پرسی بە كوردیزانی دیكەی كورد نەكردووە، بۆ خۆیشی زاراوە كوردییەكانی دیكەی نەزانیوەو تەنێ لە ڕوانگەی زاراوەی كرمانجیی باكوورەوە ئەو بڕیارەی لەبەرچاو گرتووە.

مێژووی گەشەکردن و گۆڕانکاریی ئەلفبێی کوردیی، پێشانمان دەدات، کە تا ساڵی ١٩٣٠یەکان، تاکە ئەلفبێیەك، کورد پێی نووسیوە، ئەلفبێی کوردی"تیپی عەرەبی" بووەو هەموو کوردیش لە هەموو ناوچەیەکی کوردستاندا و هەر زاراوەیەکی بووبێت، پێی نووسیوە. گۆڕانی ڕێژێمی تورکیا، لە خیلافەتەوە بۆ کۆماریی و هاتنی موستەفا کەمال ئەتاتورك، بۆ فەرمانڕەوایی تورکیا و گۆڕینی ڕێنووس و ئەلفبێی زمانی تورکی، لە ئەلفبێی عەرەبییەوە بۆ لاتینی، کەسانی وەك "جەلادەت بەدرخان"ی خستووەتە سەر ئەو ڕایەی، کە دەبێ کوردیش ئەلفبێی خۆی بکاتە لاتینی. ئەڵبەتە جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی ئەوە دەکات. بەدرخان، لە ساڵی ١٩٣٢دا و پاش ئەوەی، کە لە تورکیا ئەلفبێ کرایە لاتینی، ئەلفبێیەکەی خۆی بڵاو کردەوەو بۆ نێزیکخستنەوەیشی لە ئەلفبێی تورکی لاتینی، هێندێك دەنگی کوردی وەك دەنگە تورکییەکان لێکرد. دوای بڵاوکردنەوەیشی ئیدی بەرەبەرە، ئەلفبێ لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان، جێی خۆی گرت و بوو بە بنگەی نووسینی کوردیی بە تیپی لاتینی و تا ئێستاش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە برەودایە.

بانگاشەی جەلادەت بەدرخان و ئەوانی وەك وی بیر دەکەنەوەو هەندێك لە خوێندووانی کورد لەمەڕ گۆڕینی ئەلفبێی کوردیی، بۆ ئەلفبێی لاتینی، لە خراپی و ناپەسەندیی ئەلفبێی عەرەبی و باشی و جوانی و تۆکمەیی ئەلفبێی لاتینییەوە نییە، بەڵکە لە چاولێکەری و مۆدەیەکی باوی لاساییکردنەوەی هەموو شتێکی ئەورووپاییەوەیەو هیچی دی.

دانانی ئەلفبێی لاتینی و بڵاوکردنەوەی لە لایەن "جەلادەت بەدرخان"ەوە، نەك هەر خزمەتی بە پرسی نێزیکخستنەوەی زاراوە کوردییەکان لە یەکدی و یەکگرتنی زمانی کوردی و یەکیەتیی کورد نەکردووە، وەك بۆ خۆی باسی دەکرد "د هەرتشتی دا یەکیتی..دیەکیتی یا زمێن دا گاڤا پێشین یەکیتی یا عەزمانە"، بەڵکە گەورەترین زیانیشی بە کورد و زمانەکەی بەخشی و تاوانێکە لە هەمبەر زمانی کوردی و یەکیەتیی کورد ئەنجام درا.. ئینگلیزەکان و فرانسەییەکان و پەیمانی لۆزان، چەند

ڕۆڵێکی خراپیان له دابەشکردنی کوردستاندا بینیوه، "جەلادەت بەدرخان"یش، کارێکی هێندە خراپی کردووەو ڕۆڵێکی هێندە خراپی، له لەتوپەتکردنی زمانی کوردی و کورد دا بینیوه. ئەو خەڵکانەیشی، ئەوڕۆکه شوێنپێ و ڕێگەی ئەویان گرتووەتەبەر، له خزمەت به لێکدابڕان و پەرتکردنی کورد و خزمەت به نەیارانی زێتر، چ ڕۆڵێکی دیکه نابینن.

سازکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی، له لایەن "جەلادەت بەدرخان"ەوە، وه نەبێ پێویستییەکی مێژوویی بێت و کورد لەبەر ئەوەی تیپی لاتینی بەکار نەبردبێت پەکی کەوتبێت، بەڵکه به کاریگەریی"مێجەر نۆئێل"ی ئینگلیز و لەژێر کارتێکردن و هاندانی ئەودا و به کاریگەریی "ڕۆژێ لیسکۆ" و "تۆما بوا" و "پییێر ڕۆندۆ"، جەلادەت بەدرخان، هاتووەته سەر ئەو ڕایەی، که دەبێ تیپی کوردیی بگۆڕێ بۆ لاتینی، چونکه "نۆئێل" وەك نوێنەرێکی ئینگلیزی کۆڵۆنیالیست و ئەوروپاییەك، دروستکردنی ڕاڕایی و دوودڵی لای جەلادەت بەدرخان و سەلماندنی پەسەندی و باشیی ئەلفبێی لاتینی لای وی، بۆ تێکدانی یەکیەتیی زمانی کوردی و دابڕینی فەرهەنگی کوردی له فەرهەنگی ئیسلامی، به ئەرکێکی خۆی زانیوه و هەوڵی بۆ داوه.

جەلادەت بەدرخان، هەر به بڵاوکردنەوەی ئەلفبێ لاتینییەکەی و به دەرکردنی گۆڤاری "هاوار"، به کۆمەکی کۆڵۆنیالیستانی فرانسی له شام و له ژمارە بیستوچوارەمییەوه به تیپی لاتینی، ئیدی دەستی دایه پرۆژەیەك، که له خزمەتی کۆڵۆنیالیستان و دژ به یەکیەتیی کورد بوو. ئەو کۆڵۆنیالیستو ئەوروپاییانە، سەرلێشێواندن و دواخستنی، نەك تەنێ کورد، بەڵکه تەواوی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم، مەبەستیانەو به هەموو شێوەیەك و له هەموو بوارێکیشدا کاری بۆ دەکەن. زمانیش یەکێکه لەو بواره هەره گرنگانه، دەنا بیانووی جوێکردنەوەی "وو" له "ۆ" و "ی" له "ێ"، مەسەلەیەکی هێندە گرنگ و دژوار نییەو نەبووه، مرۆڤ بخاته سەر ئەوەی، که دەبێ ئەلفبێی زمانەکەی خۆی به بڕیارێکی یەك کەسیی و دەسبەجێ

بگۆڕێت، وەك جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی دەکات. جەلادەت بەدرخان، بێ ئەوەی ئاگاداری ڕەوشی زمانی کوردیی بێت، وەك یەکەیەکی جیانەکراوە و بێ ئەوەی شارەزایی و زانیاری لە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردیدا هەبێت و بێ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندیی کورد وەك نەتەوەیەك و بێ لەبەرچاوگرتنی دواڕۆژی کوردستان، ئەو بڕیارە کوشندەیەی لەمەڕ گۆڕینی ئەلفبێ داوەو بەوەیش هەڵەیەکی هێندە مەزنی کردووە، کە چاککردن و پینەکردنی یەکجار سەخت و دژوارە.

تۆ ئەگەر بنۆڕیتە چۆنیەتی گۆڕینی ئەلفبێی تورکی (عوسمانی – عەرەبی) بۆ تیپی لاتینی یا تورکی " کەمالی"، کە بۆ خۆیان وایان نێو نابوو، ئەوەت بۆ ئاشکرا دەبێت، کە بە بڕیارێکی سەرپێی و دەسبەجێی وەك ئەوەی جەلادەت بەدرخان، جێبەجێ نەکراوە، بەڵکە بە پرۆسێسێکی دووروودرێژ و ورد و هەمەلایەنەو بەکاوەخۆ و تۆکمەدا تێپەڕیوە: تورکەکان، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣–١٩٢٨دا، کارێکی وایان کرد، کە هەر نووسینێك لە بارەی زمانەوە نووسرابا زۆرتر لە ڕێنووس و ئەلفبێ دەدوا. ئیدی بە هەموو شێوەیەك لێکۆڵینەوەو نووسین لەسەر ئەو مەسەلە گرنگە ئامادە دەکرا تا لە مارتی ساڵی ١٩٢٦دا لە باکۆ کۆنگرەی تورکناسی بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا مەسەلەی پەسەندکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانە تورکییەکان وەکو یەکێ لە مەسەلە بنەڕەتەکان خرایەپێش چاو. لەو کۆنگرەیەدا بڕێ تورکناسی بەناووبانگ لە مەسەلەکەیان کۆڵییەوەو ئەلفبێی عەرەبی و ئەلفبێی لاتینییان بە بالای یەکتر گرت و لەگەڵ یەکیان بەراوردکردن و گرنگی ئەلفبێی لاتینییان بە وردیی ڕوونکردەوەو لەبەرچاو گرت. پاش کۆششێکی زۆر و پاش بەراوردکردنێکی وردی هەردوو ئەلفبێیەکەو دەمەتەقەیەکی زۆر لەسەریان، هێشتا دوابڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر نەدرا و تەنێ ئەوەیە، کە ئەلفبێی لاتینی پەسەند کرا. پاش ئەو پەسەندکردنە بە دوو ساڵان و لە ٩ی ئابی ساڵی ١٩٢٨دا، پاش ئەوەی، کە کەمال ئەتاتورك گوتارێکی خوێندەوەو گوتی: "زمانەشیرین و دەوڵەمەندەکەمان ئیتر لەمەوپاش بە تیپی نوێباوی تورکی خۆی دەنوێنێ. پێویستە خۆمان لە پیت و

پێوار و نیشانەبەنی و نائاشنایانەی کە چەندین چەرخە بیر و هۆشیان لە چوارچێوەیەکی ئاسندا شاردووینەوە ڕزگار کەین". ئەتاتورك بە گۆڕینی ئەلفبێ و کردنی بە لاتینی، وەك خۆی دەڵێت، بۆ ئەوەبوو، کە بیر و هۆشی تورکان، لەو چوارچێوە ئاسنینە، کە تیپی عەرەبی و ئایینی ئیسلامە، ڕزگار بکات! لە یەکی نۆڤەمبەری ساڵی ۱۹۲۸دا، ئەنجومەنی میللەت ئەلفبێی لاتینی پەسەند کرد و چەندین کۆڕ و کۆمەڵەش، وەك "کۆڕی زمان" و "کۆمەڵی وردکردنەوەی زمانی تورکی" دانران بۆ لێکۆڵینەوەو کارکردن، لەسەر هەموو لایەنێکی زمانی تورکی. ئیدی لە اش ئەوەوە لە بنی هەمانەکەیان دا و خۆیان گوتەنی، خۆیان ڕزگار کرد. وەلێ ئەو خۆڕزگارکردنە هەرگیز سروشتیی نەبوو و بە خواست و ئارەزووی خەڵك و بە هۆی گۆڕانکاری نێو کۆمەڵگەوە نەبوو، بەڵکە کارێکی ناسروشتی و دەستکرد و زۆرەملێ بوو بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێنرا و لە پێویستیی ژیانی فەرهەنگی و لە ناخی گەل و پێویستییەکانیەوە هەڵنەقولابوو. هەربۆیەش ئیدی پاش ئەوەش دوای جوێکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، فێرگە و خوێندگە ئاینییەکان داخران و فێرگەو خوێندنەوەی نوێباو کرانەوە. بەوەشدا دەردەکەوێت، کە بۆ دژایەتی ئایینی ئیسلام، ئەتاتورك، دەبوو مەسەلەکە لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنێت، ئەویش بە گۆڕینی ئەلفبێ عەرەبییەکەو کردنی بە ئەلفبێی لاتینی، کە لە ڕاستیدا ئەلفبێیەکی لاتینی نەبوو، بەڵکە تورکی بوو و تایبەت بۆ زمانی تورکی دانرابوو، هەربۆیەش بەنێوی "ئەلفبێی کەمالی"یەوە واتە: کەمال ئەتاتورکەوە نێو نرابوو.

ئەگەر بنواڕینە ئەزموونی خەڵکێکی دیکە، هەرچەند بڕێك لە کوردستان و کورد و زمانی کوردییەوە دوورن، کە تیپیان گۆڕیوە، بێگومان لەوانیشەوە هەندێك شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەو خەڵکەش گەلی "ڤیێتنام"ە. گۆڕینی ئەلفبێ لە ڤیێتنام، بە پرۆسێسێکی دوورودرێژدا تێپەڕیوە. ماوەی هەزار ساڵێك و تا دەوروبەری ساڵانی ۱۸۰۰کان، هەموو نووسراوێك، ئیدی کتێب و هەموو شتێکی دیکە، بە تیپی چینی دەنووسران. پێش دووسەد ساڵێك، کە فرانسییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی

مەسیحی گەیشتنە ئەو ناوە، لەگەڵ خۆدا تیپی لاتینییان گەیاندە ئەوێ و لە شارە گەورەکانی ڤیێتنامدا، لەگەڵ پڕۆپاگەندەی عیسایەتیدا لە نێو خەڵکدا بڵاویان کردەوەو خەڵکیش وردە وردە دەستیان بە بەکارهێنانی کرد. ڤیێتنام تا دەوروبەری ۱۸۲۰، کۆلۆنی چین بووەو لەوەش بەدواوە تا ١٩٥٤ کۆلۆنی فرانسە بووە. ئیدی بە حوکمی ئەو بار و ڕەوشە، بێگومان نەك بە بڕیار، تیپی لاتینی وردە وردە جێی تیپی چینی گرتووەتەوە. تا ئێستاش کتێب و نووسینی ڤیێتنامی، بە تیپی چینی ئەو سەردەمە، هەرماون و زۆرشت هەن، کە هەرنەکراونەتە تیپی لاتینی. هەرچەندە لە ۱۹۲۰ەوە لە خوێندنگەکاندا، خوێندن و نووسین کرا بە تیپی لاتینی، بەڵام تا ئێستاش ئەلفبێی چینی هەر ماوەو خەڵك هەردوو ئەلفبێیەکە دەزانن.

خەڵك، تەنانەت ئەو تورکەیش، کە جەلادەت بەدرخان، لاسایی کردونەوەو پێیان سەرسام بووە، دەبینین چەند بەرەبەرەو بەهەنگاو ئەو کارەیان ئەنجام داوەو هیچ کەس هەروا لە خۆڕا و بێ بیرکردنەوە، وەها بڕیارێکی نەداوە. ڕەنگە لێرەدا پرسیارێك وەبیردا بێت، کە بەڵێ جەلادەت بەدرخان ئەو بڕیارە سەرپێیەی بە لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دا، بەڵام خۆ ئەو نە دەنگی بە هەموو کورد ڕا دەگەیشت تا بیری لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردییان پێ ڕا بگەیەنێت و نە دەسەڵاتداریش بوو تا بەسەر کورددا بیسەپێنێت و کەواتە ئیدی بۆ پێڕۆ کرا و جێی خۆی گرت و بوو بە ڕاستییەك؟

جەلادەت بەدرخان، لە سەردەمێکدا ئەو بیرەی بۆ هات و ئەو ئەلفبێیەی هێنایە گۆڕێ، کە سەردەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بوو. لەو سەردەمەشدا کۆمەڵە بیر و ئایدیۆلۆژیایەك بە زەقیی هاتبوونە ئاراوە و بووبوونە بنەمای هزری دەسەڵات و خڕبوونەوەی خەڵك لێیان و وەدووکەوتن و سەرسامبوونی خەڵك پێیان. لەو سەردەمەدا:

بیری سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە ۱۹۱۷دا و لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لە سۆڤیێت، بوو بە دەسەڵات و موژدەبەخشی "ئازادی و سەرفرازی" بۆ گەلانی جیهان.

بیری نەتەوەیی عەرەبی و بیری سەربەخۆیی عەرەب و ڕزگاربوونیان لە کۆلۆنیالیزم و چێکردنی قەوارەو دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی، جێی خۆی گرت.

ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کە ڕەزاشا نوێنەرایەتی دەکرد و لە ١٩٢٥–١٩٤١ فەرمانڕەوای ئێران بوو، کۆمەڵێك گۆڕانی کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕۆژاوایاندنی هێنایە گۆڕێ.

ناسیۆنالیزمی تورکی (کەمالیزم)، مەبەستم سەردەمی فەرمانڕەوایی مستەفا کەمال ئەتاتورك خۆیەتی، کە لە ١٩٢٣–١٩٣٨ بەردەوام بوو، چونکە کەمالیزم ئێستاش ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی تورکیایە، کە تورکیای لە هەموو پێوەندێکی ئیسلامی –عەرەبی –ڕۆژهەڵات دوور خستەوە.

بیری سۆسیالیزمی نەتەوەیی (نازیزم)، کە لە ١٩٣٣–١٩٤٥ ئایدۆلۆژیای دەسەڵات بوو لە ئەڵمانیا و خەریکبوو ببێتە گەورەترین و بەهێزترین دەسەڵاتی جیهان.

تەواوی ئەوانە چ وەك هزر و ئایدیۆلۆژیا و چ وەك دەسەڵات و نموونەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و جڤاك و چ وەك نەخشەو بەرنامەی کار، ئایدیۆلۆژیا و هێزگەلیك بوون، ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت، داوای گۆڕان و نوێژەنکردنەوەو بیرازی جڤاکیان دەکرد و دەیانەویست کۆمەڵگەو دەوڵەت سەرلەنوێ و بە جۆرێکی جیاواز دابمەزرێننەوە و دژەئایین بوون، هەر بۆیەش گەشەیان کرد و بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن و میلیۆنان خەڵکیش وەدوویان کەوتن. ئەو ئایدیۆلۆژیانە کاریگەرییەکی وایان کردە سەر خەڵکێك لەنێو کوردیشدا و سرووشێکی وای پێ بەخشین، کە پێیانوابێت هەموو گۆڕانیك، تەنانەت ئەگەر تێکدانیش بێت، کارێکی خاسەو دەبێ لاسایی بکرێتەوەو هەر ئەوەش وای لێ کردن، کە پەنا ببەنە بەر لاساییکردنەوەو گۆڕینی ئەوەی دەتوانرێ بگۆڕدرێ و دژایەتی ئایین، بەو هیوایەی ئەو کارانە کورد بەرەو ڕزگاربوون و ئازادی دەبەن یا بەو گۆڕینە کورد دەگاتە ئاوات و دەچێتە ڕیزی ئەوانەوە. جەلادەت بەدرخان، کە لەژێر کاریگەریی ئەو بیرکردنەوەیەدا ئەو بڕیارەی

دا، دەیزانی ئەو بۆ خۆی دەسەڵات نییە، بەڵام لەوە دڵنیا بوو، کە خەڵکێکی زۆری کوردی مەستی ئەو جۆرە بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیایانە، شوێنپێی ئەو هەڵدەگرن و وەدووی دەکەون. بە بڕوای من، هەر ئەو دید و بۆچوون و هزر و ئایدیۆلۆژیایانەی ئاماژەم پێدان، کە نە ئەودەمی و نە ئێستایش هیچیان بۆ کورد نەکردووەو ناکەن، هەر ئەوانەن ئێستاش خەڵك لە دەوری تیپی لاتینی خڕدەکەنەوە و ختووکەی هەستی خەڵك دەدەن. بیرکردنەوەی بەدرخان و ئەوانەی ئەودەم و ئێستایش، کە داخوازیی لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردیی دەکەن، هەر یەك بناخەو سەرچاوەیان هەیەو هەر ئەو سەرچاوەیەشە، ئێستایش وا لە خەڵك دەکات پێڕۆی بەدرخان بن و پەرە بەو ڕێبازەی ئەو بدەن.

جەلادەت بەدرخان و کامڕان بەدرخانی برای زۆر لە مێژ بووە لە ژێر کاریگەریی ڕۆژاوا و نێوەندە دەسەڵاتدار و بڕیاردەرەکانیاندا بوونەو خواستی ئەوانیان جێبەجێ کردووە. کامڕان بەدرخان یەکەم کوردێك بووە، کە پێوەندیی بە ئیسرائیل و زایۆنیزمەوە هەبووەو کاری بۆ کردوون و بنەماڵەی بەدرخانیش هەر لە سەردەمی میرنشینییەکەیانەوە لەو جۆرە پێوەندانەیان هەبووە. ئەو جۆرە پێوەندانەو تێکەڵاوی دەسگا سیخوڕی و بڕیاردەرەکانی ڕۆژاوا و ئیسرائیل، نە ئەودەم و نە ئێستایش، هیچ کاتێك بە قازانج و سوودی کورد نەشکاوەتەوە، بەڵکە ئەوان لەو پێوەندانەدا سوودمەند بوون و کوردیش دۆڕاو. گۆڕینی ئەو ئەلفبێیەیش هەر دەکەوێتە خانەی ئەو دۆڕانە مەزنانەی، کە بەسەر کورددا هاتووە. من ئەو کارەی جەلادەت بەدرخان لە تاوان زیاتر، ناتوانم هیچ ناوێکی دیکەی لێ بنێم.

**+ یەکێ لەو گرفتانەی لە ئەلفبێی عەرەبیدا باس دەکرا، دەوترا بۆ فێربوونی کەسانی بێگانە زەحمەتە، باس لەوەش دەکرێت کە بەکارهێنانی تیپی لاتینی لە زمانی (دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیا) نزیکمان دەخاتەوە، ئەم ڕایە چەند لەڕاستییەوە نزیکە؟**

شاکەلی: ئەوانەی بانگاشەی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی دەکەن، باس لە هەندێك گیروگرفت و کێشەی ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) دەکەن و بڕێك پاساو، بۆ لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردیی دێننەوە. ئەوەی ئەوان دەیلێن لە پاساو زیاتر هیچی دیکە نین. ئەوان دەڵێن، بۆ ئەوەی بیانی فێری کوردی ببێت، تیپی لاتینی دەرمانەو چارەسەر و کارەکە فرەهاسان دەکاتەوە. من هەرگیز ئەو قسەیە بە ڕاست نازانم و بڕوام پێی نییە، چونکە ئەگەر بیانییەك بیەوێت زمانێك فێر بێت، ئەوا زۆر بە هاسانی فێری دەبێت، سا ئیدی تیپەکەی هەرچی بێت. هەزاران بیانی، بە تایبەت ئەوروپایی و ئەمەریکایی، هەن، کە عەرەبی، فارسی، عیبری، چینی، ڕووسی، سۆمالی، ئەمهاری، کۆریایی، ئوردوو، ئاشووری، ئەرمەنی، سانسکریت و... دەیان زمانی دیکە، کە بە تیپی لاتینیش نانووسرێن، زۆرچاك دەزانن و بە هاسانییش فێری بوون. مەسەلەی فێربوونی زمانی کوردیی لە لایەن بیانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی کورد بۆ خۆی وەك نەتەوەیەك و ڕۆڵی کورد لە پرۆسەو ڕووداوە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا. کورد، کە نە خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسی بەهێز و کاریگەرەو نە گرنگییەکی ئابووری یا سیاسی لەسەر نەخشەی جیهان هەیەو نە گەنجینەیەکی فەرهەنگیی دەوڵەمەند و نە چ داهێنانێکی فەرهەنگیشی خستووەتە سەر فەرهەنگیی جیهانی و مرۆڤایەتی و نە زمانەکەی زمانی وڵاتێکی سەربەخۆ و ڕووگەی گەشتیارانیشە، بۆیە بیانییان هێندەوە تەنگ فێربوونی زمانەکەیەوە نین. کەوابوو ئەو باسە چ پێوەندێکی بە تیپ و ڕێنووسەوە نییە.

ئەگەر تەماشایەکی دەوروبەری خۆمان بکەین و بنۆڕینە هاوسێیەکانی کورد، عەرەب و فارس، کە کوردی عیراق و ئێران، بە تیپێك دەنووسن، هەمان تیپی ئەوانە بە تۆزێك دەستکارییەوە، ئەوان تا چ ڕادەیەك فێری کوردیی بوون! من پێموایە هەرگیز هێندەی ژمارەی قامکەکانی دەست، عەرەب و فارس نابینینەوە، زمانی کوردیی بە نووسین و خوێندنەوە بزانن. هەروەها لایەنەکەی دی و هاوسێیەکەی

دیکەشمان، تورک، ئەوڕۆکە کوردی تورکیا، تیپی لاتینی بەکار دەبەن و تورکیش هەمان تیپ، چ تورکێك هەیە کوردیی بە نووسین و خوێندنەوە بزانێت!

لاموایە مەسەلەکە هەرگیز کاری بەسەر تیپەوە نییە، بەڵکە بەرژەوەند و ڕۆڵی ئەو زمانە لە جیهاندا، کارەکە ساغ دەکاتەوە. بێجگە لە لایەنی ئابووری و سیاسی، ئایینیش ڕۆڵێکی مەزنی هەیە. خەڵکێکی زۆر بۆ ناسین و تێگەیشتن لە ئیسلام، خۆ فێری عەرەبی دەکەن و قورئان دەخوێننەوە. بۆ تێگەیشتن لە جوولەکە، چ وەك ئایین و چ وەك بیر و سایکۆلۆژی، خەڵك خۆ فێری عیبری دەکەن. بۆ تێگەیشتن لە "باگاڤەگیتا"ی کریشنا و ئایینی هیندۆیزم، خەڵك خۆ فێری زمانی سانسکریت دەکەن و بۆ تێگەیشتن لە ئایینە کۆنەکانی ئێرانیش، خەڵك خۆ فێری ئاڤێستا و پەهلەوی دەکەن، بەڵام کورد لەو بارەیەشەوە کڵۆڵەو خاوەنی ئەو جۆرە شتانە نییە، هەرچەندە ڕەنگە بگوترێ، کوردیش نووسراوی ئایینی تایبەتی خۆی هەیە، لەفەن "مسحەفی ڕەش" و "جلوە" و "سەرەنجام"، لێ ئەو نووسراوانە نەك هەر بیانی، بەڵکە کورد بۆ خۆیشی نەیانیبینیوەو لە نێو خەڵکدا بڵاو نەبوونەوە. جاری وایش هەیە خەڵکیی لەبەر سیاسەت و بۆ چوونە ناو کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییەوەو بۆ کاری سیخوڕی، دیارە جاران، زمانی چینی و ڕووسی فێر دەبوون.

من پێموانییە، فێربوونی عەرەبی و عیبری و سانسکریت و چینی و فارسی و ئەرمەنی و تیگرینی، بۆ ئەوروپاییەك، بەو تیپانەی کە هەیانە، هەرگیز لە فێربوونی کوردیی بەم تیپانەی، کە هەیەتی، هاسانتر بێت، وەلێ سێکوچکەی "ئابووری، سیاسی، ئایین"، دیارە دەکرێت "فەرهەنگ"یشیان لە هەندێك باردا بخرێتە سەر، چونکە خەڵکانیکی زۆر تەنیا بۆ شارەزابوون لە فەرهەنگی عەرەب و فارس و خوێندنەوەی ئەفسانەو شیعر و چیرۆکی عەرەبی و شاکارەکانی حافز (حافظ) و سەعدی و عەتتار (عطار) و ڕوومی و فیردووسی و سەدان شاکاری دیکە، لە بوارەکانی هزر و فیلۆسۆفیو مێژوو و هەموو جۆرە زانستێکدا، کە بەو تیپە عەرەبییانە نووسراون و دەنووسرێن، خۆ فێری ئەو زمانانە دەکەن، کارەکە سەختتر یا هاسانتر دەکەن.

زمانی دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیا، زمانی ئابووری و بازاڕ و پارەن و ئەوانەن برەو بە زمان دەدەن. تۆ بنۆڕە چین و ژاپۆن و ئیسرائیل و کۆریا و هیندوستان و زمانانی چینی و ژاپۆنی و عیبری و کۆریایی و هیندی، چ ڕێگرێك لەبەردەم ئەو زمانانەدا هەیە، کە هیچیان ئەلفبێی لاتینی بەکار نابەن و ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەیە، بەریان لە پێشکەوتن و نزیکبوونەوەیان لە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵ گرتبێت و بگرێت! ئەو وڵاتانە هەر هەموویان ئەوڕۆ شان لەشانی وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی خاوەن تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵی جیهانی، وەك ئەمەریکا و بریتانیا و فرانسەو ئەڵمانیا دەدەن و هەندێك جاریش لە پێشی ئەوانەوەن. ئەوان و بەتایبەت چین و ژاپۆن و کۆریا، تەواوی بازاڕەکانی جیهانیان بە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵی خۆیان داگیر کردووە. هیندوستان، لە بواری کۆمپیووتەر و تەکنۆلۆژیای زانیاری "IT"دا، لە دوای ئەمەریکا وئەوانەوە، پێشەنگە. جوولەکە، گرنگترین دەسگاکانی ئابووری ومیدیا وزانستگەو زانستی جیهانییان بەدەستە و خودانی مەزنترین گەنجینەی ئاوەزن لە جیهاندا. چین، وەك هێزێکی ئابووری گەورەو بەو ئەلفبێیەی خۆیەوە کە هەیەتی، بەرەو ئەوە دەچێت، لە داهاتوودا کۆنترۆڵی هەموو جیهان بکات.

مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی و خەڵکی شاری لەندەن بە نێوی"ئایۆنا گرانت – Iona Grant" دەیگوت، خەڵکە دەوڵەمەندەکانی گەڕەکەکانی "هۆڵاند پارك – Holland Park" و "نۆتینگ هیلْ گەیت Notting Hill Gate – "، کە دوو گەڕەکی دەوڵەمەندنشینی شاری لەندەنن، ئێستا "لەلە"ی چینی و مامۆستای چینی بۆ منداڵە گچکەکانیان دابین دەکەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێری زمانی چینی ببن، تا لە داهاتوودا بۆیان ئاسان بێت و بتوانن لە چین و لەگەڵ چینیدا کاری ئابووری و بازرگانی ئەنجام بدەن!

زمانی سۆمالی، کە یەکێکە لە زمانە سامییەکان، بە تیپی لاتینی دەنووسرێت و ئەگەر سانایی فێربوون و نێزیکبوونەوە لە دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیا، بە تیپی لاتینی بووایە، ئێستا دەبوو نیوەی ئەورووپا زمانی سۆمالییان زانیبا و سۆمالیش ئێستا

هێندەی ئەڵمانیا و ئیتالیا و فرانسە و ئینگلستان و... لە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵەوە نێزیك بووایە. کەواتە نە هاسانی فێربوونی کوردیی لە لایەن بیانییانەوەو نە نێزیکبوونەوە لە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵ، چ پێوەندێکیان بە ئەلفبێی لاتینییەوە نییەو ئەوە تەنێ قسەیەکی بێ بنەما و نازانستییە.

**+ لە کتێبی (پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن)دا فەرهاد شاکەلی دەڵێ: کورد دووجار تووشی لێکترازان و دابەشبوون بووە، جاری یەکەم دوای دابەشبوونی کوردستان و چەسپاندنی سنوورە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتە تازەدامەزراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکرد، بەڵام دابڕانی دووەم کە خەتەرناکتر و قوڵترە، بەلای ئەوەوە دوای پەیدابوون و تەشەنەکردنی ئەلفبێی لاتینی ڕوویدا. ئەم دەربڕینە - دابەشبوونی ئەلفبێی نووسین ترسناکترە لە دابەشبوونی خاك و جوگرافیا - بەنیسبەت منەوە شۆکێك بوو، چونکە "دابەشبوونی یەکەم" دیاریی دوژمنەکانمانە، بەڵام "دابەشبوونی دووەم" ئەمڕۆ بە ناوی پێشکەوتنی کوردەوە تەرح دەکرێت، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

شاکەلی: ئەوەی فەرهاد شاکەلی دەیلێت، کۆلێك ڕاستە. منیش دابەشبوون و لێکترازانی کورد، لە ئەنجامی دابەشکردنی وڵاتەکەیان (کوردستان)م پێ ئاسانتر و ئاساییترە لەو دابەشبوون و لێکترازانەی، کە لە ئەنجامی پەیدابوون و تەشەنەکردنی تیپی لاتینییەوە هاتەگۆڕێ، چونکە بەکاربردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی بووەتەو دەبێتە هۆی دابڕان، لە هەموو مێژوو و فەرهەنگ و ئەدەبی نووسراوی کورد، کە سەرلەبەری بە (تیپی عەرەبی) نووسراون. هەروەها دەبێتە هۆی دابڕان لە فەرهەنگی ئیسلامی، کە چەند سەد ساڵێکە فەرهەنگی کوردیشە. ئەلفبێی لاتینی، کورد لەو فەرهەنگە مەزنەو لە دوو زمانی مەزنی، عەرەبی و فارسی، کە کۆڵەکەی فەرهەنگی ئیسلامن، دوور دەخاتەوە. تەواوی ئەو فەرهەنگ و ئەدەبە نووسراوەی، کە ئەوڕۆکە کورد هەیەتی و شانازیی پێوە دەکات، سەرجەمی لە پاش

ئیسلامەوەیەو کورد هیچ شتێکی نووسراوی پێش ئیسلامی نییەو ئەگەر هەیشیبێت، ئەوا ئەورۆکە لە ئارادا نییەو پێشموانییە تازە پەیدا ببێت.

ئەو جۆرە دابڕانە فەرهەنگی و مێژووییە لەنێو کوردی باکووری کوردستان و کوردی کەونە سۆڤیێتدا بەڕوونی وەدی دەکرێت. دابڕانی باکووری کوردستان ڕەوشێکی وەهای هێناوەتە گۆڕێ، کە کێشەکە تەنێ ئەلفبێ نییە، بەڵکە جۆری بیرکردنەوەو جیهانبینیشە. ئەوان (بەتایبەت سیاسەتکار و خوێندووانیان) بێ ئەوەی بەخۆ بزانن، تورکانەو کەمالیستانە دەهزرێن و لە بازنەی بیرکردنەوەی فەرمی تورکیا و فیلۆسۆفی کەمالیزم، سەختە شێوەیەکی دیکەی بیرکردنەوەو دیدیان پێ پەسەند بێت. تەواوی ئەو ڕەوشە، کەسیەتییەکی تا ڕادەیەك تورکێنراوی لێ ئافراندوون، کە لە هەموو ڕەوتار و گوتارێکیاندا وەدی دەکرێت. زۆرجاران دۆست و برادەری کوردی باکووری کوردستانم، کە کتێبێکی کوردیی بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراویان دیوە، بە قورئان یا هەر کتێبێکی عەرەبییان زانیوەو هەرگیز بە لای ئەوەدا نەچوون، کە ئەوە کوردییەو ئەگەر گوتوومە ئەوە کوردییە، گوتوویانە: ها سۆرانییە! کوردیی بە لای ئەوانەوە، تەنێ ئەوەیە، کە بە تیپی لاتینی نووسرابێت. ئیدی دابڕان و نەگبەتی دەبێ چۆن بێت!

تەواوی ئەو نەوەیەی، بە ئەلفبێی لاتینی گۆشکراوە، کە باس لە شیعر، چیرۆك، شانۆنامە، مێژوو یا هەر شتێکی دیکە بکرێت، پێیانوایە لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە "جەلادەت بەدرخان" گۆڤاری "هاوار"ی دەرکرد و ئەلفبێی لاتینی هاتە ئاراوەو پێش ئەوە ئیدی کورد خاوەنی هیچ نەبووە. ئەم دیتنە هیچی لە دیتنێکی تورکانەی کەمالیستانەی، بە تیپی لاتینی ڕاهاتوو، کە نەك هەر فەرهەنگ، تەنانەت مێژووی وڵاتەکەیشی لە لاتینییاندنی زمانەکەیەوە دەبینێت، دوور نییە. با لێرەدا و لەم بارەیەوە، لە بارەی خۆناسین و خۆلەبیرچوونەوەوە، گێڕانەوەیەکی بیریاری مەزن، "دۆکتۆر عەلی شەریعەتی"ت، وەبیر بهێنمەوە، کە زۆر جوان مەبەستی ئەنگاوتووەو نموونەیەکیشی هێناوەتەوە، کە کتومت لەو نموونانەی

سەرەوە دەچێت و ڕێك واقیعی ئاستی بیرکردنەوەی لاتینی نووسانی کوردیشت دێنێتە بەرچاو:

شەریعەتی دەڵێ: "کە لە سویسراوە بۆ ئێران دەگەڕامەوە، هاوڕێیەکەم خوێندکارێکی زانستگە بوو. تورك بوو و خەڵکی ئیزمیر بوو. ئەندازیاری کشتوکاڵ بوو و لە سویسرا خوێندبووی. چ هاوڕێیەك لەمە باشتر دەبێت؟ لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەم هاوڕێیە زۆربەی خاڵە نادیار و گرێ ناڕوون و شاراوەو تەماوی و وردەکانم لەمەڕ "هونەری پێکهاتنی کۆمەڵگەی تورکی"یەوە، لە ڕووی ئایینی و فەرهەنگی و سیاسی و جڤاکییەوە بۆ ڕوون دەکاتەوەو هەر بە نووکی پەنجەکانی ئەو کارەش دەکات. ئەو لاوێکی خوێندووی دنیادیدە بوو و فرانسییش بە چاکی دەپەیڤی. لە گفتوگۆیەکانمدا لەگەڵیدا لە ماوەی چەند ڕۆژدا هیچم سوود لێ وەرنەگرت.. ئەمەش چیرۆکێکی دیکەیە. کە گەیشتینە ئیستەنبووڵ، ڕێپێوان و پێشاندانێکی لەشکریمان دیت... پرسیم: دەبێ ئەمە چی بێت؟ گوتی: لەشکری تورك ئاهەنگی چل ساڵەی دامەزراندنی دەگێڕێت. گوتم: چل سەدە؟ پێکەنی و گوتی: نا، هۆشت لەکوێیە، چل ساڵ. جاری دووەم پرسیمەوە: چل چی؟ دووبارە جەختی کردەوە: چل ساڵ. پاشان بۆی ڕوون کردمەوە، کە من مێژوو و ڕابردووی تورکیا نازانم و گوتی: دەوڵەتی تورك و زانستگەو ژیاری و بنگە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و حوکوومەت و لەشکر لە تورکیادا، هەمووی پێش چل ساڵان دامەزراون. ئیدی دوای ئەوە نەمتوانی تەحەممولی بکەم و لە هاوڕێیەتی ئەم بیریارە، کە سەر بە نەتەوەیەکی نوێباو و تازەکییە، کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی تەمەنی مرۆڤێك، هەڵاتم. وام دەهاتە بەرچاو، ئاسمانی قوستەنتینییە هێشتا دوا ڕووداوی مەزنی لەبیرەو بۆ منیش وەك ئەوە وابوو، کە دوێنێ ڕوویدابێت. لەشکرەکانی موحەممەدی فاتیح ساڵی ١٤٥٣ی زایین، بە دەرکەکانی ئەم شارەدا، کە دڵی ئیمپراتۆریای ڕۆژهەڵاتی ڕۆمانی بوو و مەزنترین نێوەندی ژیاری سەدەکانی ناڤین بوو، وەژوورکەوتن و مەسیحایەتییان بە ژیاریی ڕۆژهەڵاتیی نەتەوەییەوە، لە کەناری زەریای ناوەڕاستەوە هاوێژتە

کەنارەکەی دیکە، ئەم ساڵەش (کە نەك ساڵی دامەزراندنی لەشکری تورکیای موسوڵمانی ئەمڕۆیە ) بە کۆتایی چاخەکانی ناڤین وسەرەتای چاخی نویێ لە ڕۆژاوادا دانرا. ئەم لاساییکەرەوە بۆشە لە خۆنامۆیە سەیدا ئەندازیارە، کە لە سویسرا خوێندوویەتی و سۆزی (سبەینێ) دەبێتە مامۆستایەك لە زانستگەدا، یا دەبێتە وەزیری کشتوکاڵ لە دەوڵەتێکدا، کە سەرتەڵ و هەڵبژاردەی چینی بڕیاری کۆمەڵگەکەیەتی، نازانێت لەشکرەکە پێش شەش سەدە دامەزراوە. لەو کاتەوە، کە گەورەترین کاری سەربازیی ئەنجام دا، ئەو کارەی، کە بووە دەسپێکی بەشێك لە بەشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. هەر لەو کاتەش بەدواوە، مەزنترین ئیمپراتۆریای لە سەدەکانی ناڤین و نوێدا دامەزراند و دەسەڵاتی بەسەر تەواوی دەوڵەتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەلات و یۆناندا گرت. ئەو مزگەوت و پەرستگە مەزنانەی، باپیرانی لە یۆگوسلاڤیا، بولگاریا، ڕۆمانیا و یۆنان، چێیان کرد، ئێستاش نیشانەی مەزناهی و هێز و دەستڕۆیشتوویی سیاسی و فەرهەنگی و هزریی ئەوانن. ئەوان تا فرانسەو ئیتالیا چوون و ڤیەننایان تا سەرەتای سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، چەند جاران گەمارۆ دا. لە زەریای ناڤیندا گەورەترین هێزی زەریاییان هەبوو...چی دی بڵێم؟ پێش هەزار ساڵ بەری جەنگی خاچپەرستی و لافاوی هێرشی چەکدارانەی گەلەکۆمەکی ڕۆژاوای دژ بە وڵاتە ئیسلامییەکان گرت. ئێستاکەش شمشێر و قەڵغان و تۆپەکانیان، کە ئایەتی جیهادیان لەسەر نەخش کراوە، لە مۆزە سەربازییەکاندا لە ئەوروپا، سەرنجی هەرکەسێك، تەماشایان بکات، ڕادەکێشێت...چی دی بڵێم؟ پێش ئەوەی ناوی ڕۆژاوای نوێ لە جیهاندا هەبێت و ڕۆشنایی ئیسلامیش لە خۆرهەڵاتەوە هەڵبێت، ئەم خاکە لانکی ژیاریی بیزەنتی و ڕۆمانی ڕۆژهەلات بووە. مێژووی هەزار ساڵی ئەم ئوممەتەش نیشانەی هێزی لەشکریی و ژیاریی و زانست و باوەڕ و فەرهەنگ و ئیمپراتۆریای جیهانی و دەسەڵاتی ڕەهایە بەسەر کەوشەنێکدا، کە دەکەوێتە نێوان خۆرهەلات و خۆراواوە. لە نێوان جیهانی ژیاریی کۆن و جیهانی ژیاریی نوێدا، سێبەری هەردوو باڵی لەیەك کاتدا بە سەر ڕۆژهەلات و ڕۆژاوادا، پەخش

کردبووەوە. تا جەنگی یەکەمیش مەزنترین هێزی ئیمپراتۆریایی و سەربازی بوو لە ئەوروپا و بەشێکی مەزنی ئاسیادا. عەرەب و یۆنان و باکووری ئەفریکا و تەواوی ئەوروپای خۆرهەلاّت، لەژێر دەسەلاّتیدا بوون. پێش چل ساڵان، لە ئەنجامی تەکنیکی سەربازیی ئەوروپایی لە پشتییەوەو خەنجەری ئێرانی– عەرەبی لە پێشییەوە، بەسەر ئەژنۆیدا دادەچەمێتەوەو کڕنووش دەبا و ئینگلیز ولاّتی عەرەبی لیّ دەستێنێتەوە و ئەوروپا، یۆنان و بولگاریا و ڕۆمانیا و یۆگوسلاڤیای لیّ دادەبڕێت و لە تەنگەیەکدا ئابلۆقەی دەدات. پاشان ئەتاتورک و لاوانی خوێندووی ئەوروپاییێندراو، کە سولّتانی عوسمانی بۆ خوێندنی تەکنیکی سەربازیی ئەوروپایی و زانستی ئەوروپایی نویّ و زمانانی ئەوروپایی و زانیاری و ژیاریی ئەوروپایی، شاندبوونی بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێرشی سەربازی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی ئەوروپا بوەستنەوە، دەسەلاّتیان گرتەدەست. ئیدی ئەو هێزە جیهانییە مەزنە، پارچەپارچە بوو. ئەو ئیمپراتۆریا عوسمانییە پان و بەرینە گۆڕا و بوو بە دەوڵەتێکی بەزیوی لەتلەتکراوی بچووك. لەو هەموو ولاّتە ڕۆژاوایی و ئاسیایی و ئەفریکاییانەش تەنیّ ئیستەنبوول و ئەنقەرەی بۆ دەمێنێتەوە. پاشانیش تیپی لاتینی دەبێتە ئەلفبێی و وەچەیەکی نویّ پەیدا دەبێت و بەو ئەلفبێیە فێر دەبێت و وەها باوەڕ دەهێنێت، کە مێژووی ئەو لە چل سالّ پێشترەوە دەست پێدەکات، واتە: لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە یا بە تەواوی لەو کاتەوە، کە بەزێنران و لەتلەتکران و گەیشتنە ئەوپەڕی لاوازی و بێبایەخی و دزێوی. لەشکریش —لەگەلّ ئەو هەموو داستانی قارەمانییەتییەی، کە لە ڕابردوویدا هەیە مێژووی لەو ساتەوە دەست پیّ دەکات، کە بەزێنراوە.. سەیرەو چ سەیرێك".

ئەمەی شەریعەتی دەیگێڕێتەوە، نموونەیەکە بۆ هەموو لاتینی نووسێکی باکووری کوردستانیش، کە لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە، بە موو لە تورك، جویّ ناکرێنەوەو ئەوانیش لەو باوەڕەدان، کە مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کورد، لەگەلّ لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردیدا، سەریان هەلّداوە.

تاقیکردنەوەی مامۆستایەکی زمانی کوردیت بۆ دەگێڕمەوە، کە پێوەندیی بە باسی دابڕانەوە هەیە: لە خوێندنگەیەکی باژێڕی کارلسگوگە "Karlsgoge"ی سوێد، وانەی زمانی کوردیم دەگوتەوە. لە پۆلەکەمدا دوو شاگردم لابوون، تەمەنیان (١١ و ١٢) ساڵان بوون، برا بوون، خەڵکی باکووری کوردستان بوون و بە کرمانجی ژووروو قسەیان دەکرد. نێزیکەی چەند مانگێك وانەم پێ گوتنەوە، ئەڵبەتە بە تیپی لاتینی و کرمانجی ژووروو، واتە وەك ئەوەی، کە خۆیان دەیانویست. پاش ئەو ماوەیە پێم گوتن، ئەگەر هەوڵی ئەوەیش بدەین، لە مانگێکدا یەك دوو سەعاتێك تەرخان بکەین، بۆ فێربوونی تیپی کوردیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی فێر بن و شارەزا بن لەو شێوە نووسینەدا و زێتریش لەبەر ئەوەی منداڵە کوردەکانی دیکەی هاوەڵیان بەو تیپانە دەیانخوێند، بۆ ئەوەی ئەمانیش چاویان بەو تیپانە ڕا بێت. ئیدی ئەوانیش گوتیان باشە. هەر یەکەمجار، کە کتێب و کەرەستەی خوێندنم، بۆ بردن و دەستمکرد بە ڕوونکردنەوە بۆیان و بۆم نووسین، کە گەڕانەوە ماڵێ و ڕۆژی دووەم هاتنەوە، گوتیان: باوکمان دەڵێ ئەمە عەرەبییەو کوردی تەنێ بە لاتینی دەنووسرێت. گوتم باشە مەیخوێنن. ئیدی هەر لە دوای ئەوەوە هەر، کە کتێب و نووسین و وانەی منداڵەکانی دیکەیان دەدیت، دەیانگوت ئەمە عەرەبییەو کوردیی نابێ وا بێت. بەرەبەرە لە خوێندنی لاتینییەکەیش سارد بوونەوەو لەنێو خۆیاندا بە تورکی قسەیان دەکرد. کە دەمگوت بۆ تورکی قسان دەکەن، مەگەر ئێوە کورد نین، دەیانگوت ئێمە کوردین.. تورکین.. تورکین.. کوردین. مەسەلەکەم بە باوکیان ڕاگەیاند. باوکیان یەکێك بوو لەوانەی، کە لەنێو حیزبێکی کوردیدا، خۆی بە سەلجووقەو سەرکردە دەزانی، بەم شێوە یەوەرامی دامەوە: "جا برا پێویستە تورکییەکە بزانن و تورکی زمانی یەکەمیان بێت و چ شەرمیش نییە ئەگەر لە ماڵەوە بە تورکی قسان بکەن. تورکی زمانێکی گەورەیە و ئێمە بە کوردیی چیمان هەیە! ئەو زارۆکانە سبەینێ، کە مەزن دەبن کوا کتێبی فیلۆسۆفی بە کوردیی هەیە! مارکس، ئەنگلز و لینین، کوا بە کوردیی هەن! هەر

دەبێ بەتورکی بیخوێننەوە". پێم گوت: "کاکە ئەگەر ئێمە بە دەستی خۆمان خۆمان بتوێنینەوە، ئیدی بۆ ڕەخنە لە تورك و عەرەب و فارسەکە بگرین، یا بۆ سیاسەت دەکەین! بۆ خوێندنەوەی مارکس و لینین دەبێ منداڵەکانت فێری تورکی بن، بەڵام ناتەوێت منداڵەکانت، بۆ ئەوەی خانی و جزیری و نالی و مەولەوی و حاجی قادر و شێخ ڕەزا و مەحوی و گۆران بخوێنێتەوە، فێری کوردیی بن".

نموونەیەکی دیکەت بۆ باس بکەم: لەگەڵ هەڤاڵێکمدا، یادی بەخێر، کە خەڵکی دەڤەری بادینان بوو و زانستگەیشی لە عیراق بە عەرەبی خوێندبوو، لە سوێد جارێکیان باسی کتێب و چاپەمەنی و خوێندنەوەی کوردیمان دەکرد، گوتی: "من بە تیپی عەرەبی ناتوانم بخوێنمەوە، کوردیی هەر بە لاتینی دەخوێنمەوە".

گەڕەکێك لە لەندەن هەیە بە نێوی "هارینگەی—Haringey"، شەقامێکی زۆر درێژی تێدایە بە نێوی "گرین لەین — Green Lane"، ئەمبەر و ئەوبەری ئەو شەقامەو کۆڵانەکانی سەر ئەو شەقامە هەموو، فرۆشگەو چێشتخانەو قاوەخانەو شیرینیفرۆش و سەوزەو میوەفرۆش و سەرتاش و دۆکتۆر و هەموو جۆرە شتێکی دیکەیەو لە سەر تەواوی ئەو شوێنانەیش نێوەکانیان بە تورکی نووسراوەو بەشێکی زۆریان ناوی تورکییان هەیە و لە نێو ئەوانیشدا نێوی هەندێك باژێڕی کوردستان (دیاربەکر، حەڕان، غازی عەنتەب) و نێوی وەك (مزگین، دیار، شیروان) هەن. بەشێکی زۆری ئەوانە کوردن، بەڵام تۆ هەرگیز ناتوانیت بزانیت ئەوانە کوردن یا تورکن، چونکە بە دەگمەن و هەڵەو ڕێککەوتیش وشەیەکی کوردیت بەر گوێ ناکەوێت و تاکە زمان لەوێ تورکییەو جارجاریش وشەیەکی ئینگلیزیی دەژنەفیت. لە یەکێك لە کۆڵانەکانی ئەو شەقامەدا، بنکەیەکی گەلێك گەورەو فرەوانی کۆمەڵەیەکی کوردیی هەیە، کە سەر بە هەڤاڵانی "پەکەکە"یە. کە دەچیتە ژوورەوە، یەك وێنەی لادیواریی گەورەی "عەبدوڵڵا ئۆێجالان"، کە دەستی بڵند کردووەتەوە و سڵاوت لێ دەکات و پێشوازیت لێ دەکات و دەیان وێنەی شەهیدان بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون و تەلەڤزیۆنێکی زەلام پێیە، لێ ئەوەی گوێت لێ

نابێت، زمانی کوردییه، هەموو گەورەو گچکە، ژن و پیاو، بە تورکی دەپەیڤن و کۆلێکیش لە کنیان ئاساییە. ئەگەر ئەوە دابڕان نەبێت دەبێ چی بێت!

ئەلفبێی لاتینی وەچەیەکی وای هێناوەتە بەرهەم، دۆمەڵان ئاسا، بێ ڕەگ و ڕیشەو بێ هەستکردن، بەو ماڵوێرانی و دابڕان و پێ لە زەوی بڕاوی و لە هەوادا مەلەکردن، ڕێك وەك ئەوەی عەلی شەریعەتی، لەمەڕ وەلانانی ئەلفبێی عەرەبی و هەڵبژاردنی تیپی لاتینی بۆ ئەلفبێی تورکییەوە ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: "وەچەیەکی نوێ فێری بوو و پەروەردە کرا، ئیدی ئەوانە وا باوەڕیان هێنا، کە مێژووی ئەوان لەو ساڵانەوە دەست پێ دەکات، کە ئەلفبێ بووەتە لاتینی". ئەگەر ئەوە، ئەو دەمەی شەریعەتی ئەوەی گوتووە، پاش چل ساڵان، لە گۆڕینی ئەلفبێ و بە شێوەیەکی بنەڕەتی و وەك پرۆسێسێکی لە سەرەخۆ و تۆکمەو نەخشە بۆ داڕێژراو، حاڵی تورکی خودان دەوڵەت بێت، دەبێ کوردێکی بە لاتینی نووس، چی بەسەر بێت و چۆن بیر بکاتەوە!

موحەممەدی مەلا کەریم لە بارەی ئەلفبێی لاتینییەوە دەڵێ: "پێوەندیمان بە کەلەپووری کۆنی خۆمان و گەلانی عەرەب و فارسەوە ئەبڕێت، کە ناتوانین نەڵێین بەشێکی گەورەی بناخەی کولتوورمانی لێ پێك دێت".

تۆ تەماشایەکی ئەو گەلە موسوڵمانانەی یەکیەتیی سۆڤیێتی کۆن بکە، کە چۆن یەکیەتیی سۆڤیێت، بە زۆر و تۆبزی ئەلفبێی ڕووسی بە سەریاندا سەپاند و دەستیانی لە ئەلفبێیەکانی خۆیان پێ هەڵگرتن، تەنێ بۆ ئەوەی پێوەندیان بە کەلەپووری کۆنی خۆیان و گەلانی عەرەب و فارسەوە، کە بەشێکی گەورەی بناخەی فەرهەنگیانی لێ پێك دێت، نەمێنیت و بەو کارەش بە تەواویی لە فەرهەنگی ئیسلام و گەلانی هاوئایین و هاوزمانی خۆیان دابڕێن. لە هەمان کاتیشدا، کە ئەو سیاسەتەی سۆڤێت لە هەمبەر گەلانی موسوڵمان ئەنجام دراوە، گەلانی ئەرمەن و گورۆزینی، کە ئەوانیش لە نێو هەمان سۆڤیێتدا دەژیان، ئەلفبێی خۆیان هێڵرانەوەو نەگۆڕدران و نەکران بە ڕووسی. گەلانی موسوڵمانی سۆڤیێت، تەنانەت گەلانی دیکەی

ناموسوڵمانیش، له سایەی سۆڤییێتدا، چ پاشەڕۆژێکی گەش و ڕووناکیان نەبوو، بەڵکە کۆڵێکیش سەختیی و ناهەمواریيان تووش بوو. ڕادەی دواکەوتوویی سۆڤییێتیش، ئەگەر بۆ خەڵکی دیکە هەندێ کون و کەلەبەری ژیانی فەرهەنگییانی پڕ کردبووبێتەوە، ئەوا بۆ ئەوان (گەلانی موسوڵمان) نەك هەر پڕی نەکردبووەوە، بەڵکە کون و کەلەبەری دیکەی بۆ کردبوونەوەو پتر ڕووساندبوونی و له فەرهەنگی خۆیانی داماڵییوون. له بیرچوونەوەی تیپی عەرەبی و فارسی، زیانێکی زۆری بە پێوەندی فەرهەنگیی ئەم گەلانە بە ڕابوردووی خۆیان و گەلە موسوڵمانەکانی هاوسێیانەوە گەیاند، کە ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هەر بۆیەش پاش ئەو گۆڕانانەی، لە سۆڤییێتدا هاتنە ئاراوە و پاش نەمانی سۆڤییێت، گەلانی موسوڵمانی ئەوێش، ئازەری و تاجیك و ئۆزبەك و... داوای گەڕانەوەیان بۆ ئەلفبێی عەرەبی و فارسی جارانی خۆیان کرد، چونکە پاش ئەو گۆڕانانەو پاش تێپەڕبوونی شێست حەفتا ساڵێکی ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیدا، زیان و مەترسی ئەو دابڕان و بچڕانی پێوەندەیان بۆ دەرکەوت. دیارە کوردیش بە تیپی لاتینی، هەرگیز لەوان باشتری بەسەر نەهاتووە، بەڵکە هەر زۆر خراپتریشی بەسەر هاتووەو دێت، چونکە هەر نەبێت ئەوان قەوارەیەکی سیاسی خۆیان هەبووە و هەیە، چ لەنێو سۆڤییێتدا بووبێتن یا لە دەرێی سۆڤییێت.

دانانی ئەلفبێی لاتینی و بەکاربردنی بۆ زمانی کوردیی، لادانە لە قانوونێکی سروشتیی زمانەکەو ڕێك وەك دەرچوونی شەمەندەفەرێکە لە هێڵەکەی خۆی. زمانی تورکییش بە هۆی ئەتاتورکەوە تووشی ئەو دەردە بوو. بۆ کورد دەبێ شەمەندەفەرە لە هێڵ دەرچووەکە بگێڕدرێتەوە سەر هێڵە ڕاستەکەی خۆی، نەك هەموو شەمەندەفەرەکانی دیکەش بەسەر هێڵە چەوتەکەدا بڕۆن و هەڵەکانی زمانی تورکی و ئەتاتورك دووپات بکەنەوە. ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) بزاڤ و گیانێکی زیندوو بووەو هەیە لە نێو ژیانی کورددا و تێکەڵە بە ویژدان و بیرکردنەوەو مێژووی کورد، بە بەکاربردنی ئەلفبێی لاتینی ئیدی کورد نووسراوی سەر کێلی گۆڕەکانی

باوان و باوك و باپیر و داپیریشی بۆ ناخوێنرێتەوەو لەوەش بێبەریی دەبێت. کەواتە کورد لە پێناوی چیدا ئەو پێوەندەی ببڕێت و چاوەڕوانی چ خێرو بێرێکی تایبەتی بێت لە بەکارهێنانی تیپی لاتینی!

بە پەیدابوونی تیپی لاتینی ئەو پێوەند و یەکیەتییە فەرهەنگی، زمانی، هەستی، ویژدانی، گیانییەی نێوان کورد و کورد نەما و کوردەکەی باکووری کوردستان، تا هات و تا دێت لە کوردەکەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوور کەوتەوەو دوور دەکەوێتەوەو تا دێتیش لە تورك و زمانی تورکی و فەرهەنگی تورکی و بیرکردنەوەی تورکیی (کەمالیزم)ەوە، نێزیکتر دەبێت و پتر تێکەڵی دەبێت و تێیدا دەتوێتەوە. تا ئەم ئەلفبێیە لاتینییە نەهاتبووە گۆڕێ، مەلا و فەقێ و خوێندکاری هەموو پارچەکانی کوردستان، بێ گوێدانە سنوورەکانی نێوان وڵاتانی داگیرکارانی کوردستان و بێ گوێدانە جیاوازی زاراوە، بە نێو یەکدا دەهاتن و دەچوون و سوودیان، لە مامۆستا و زانست و خوێندن، لە هەموو قوژبنێکی کوردستان وەردەگرت. هەرچی مزگەوتەکانی جزیرەو بۆتان و ئامەد و حەڕان و تەنانەت ئیستەنبوول و بازێڕە تورکەکانیش بوون، جمەیان دەهات لە خوێندکاری کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە پێچەوانەیشەوە. ئەو سنوورانەی نێوان تورکیا (باکووری کوردستان) و عیراق (باشووری کوردستان) و ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و سووریا (ڕۆژاوای کوردستان) و ئەو نەخشە شەیتانییانەی وڵاتانی ئیمپریالیزم بە دابەشکردنی کوردستان و ئەو دەسەڵاتە دڕندەو نامرۆڤانەی فەرمانڕەوایانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لە نێواندا بەشراوەتەوە، هیچیان هێندەی تیپی لاتینی، کوردیان لەیەکدی دانەبڕی!

ژنێکی فلستینی، کە مامۆستای زمانی عەرەبی بوو لە ستۆکهۆڵم، پێش چەند ساڵێك پرسیاری ئەوەی لێ کردم، بۆ وانەی کوردیی بە دوو سێ منداڵی کورد، کە لەو فێرگەیەدا بوون، ئەو کاری تێدا دەکرد، ناڵێمەوە، چونکە مامۆستای کوردییان نەبوو. گوتم: "منداڵەکان خەڵکی کوێن؟" گوتی: "وا بزانم کوردی تورکیان". گوتم:

"ئەوان بە کرمانجی ژووروو و تیپی لاتینی دەخوێنن و من بە کرمانجی خواروو و تیپی عەرەبی دەرس دەڵێمەوە". گوتی: "جا کەواتە دوو زمانی کوردیی هەن! واتە ئێوە دوو میللەتن". گوتم: "نەخێر یەك زمانی کوردی هەیەو ئێمە یەك میللەتین، بەڵام بارودۆخی جوگراف و سیاسی و دابەشبوونی کورد بەسەر چەند وڵاتێکدا و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و...وای لێکردووین". گوتی: "جا خۆ ئێمە بیست سی زاراوەمان زیاتر هەنو جیاوازیی هێندێکیشیان دەگاتە ڕادەی لێکتێنەگەیشتن و لەگەڵ ئەوەشدا یەك زمانی نووسین و یەك ئەلفبێمان هەیە. سیاسەت و سنوور و دابەشبوون کەی کار دەکەنە سەر یەکیەتی زمان و ئەلفبێ". من بۆ خۆم زۆر بڕوام بە وەرامەکەی خۆم بۆ ئەو خانمە نەبوو و زۆر چاکیش دەمزانی ئەو ڕاست دەکات و قسەکەی ئەو دروستە. دەردەکە لە بنەڕەتدا سنوور و زاراوە نەبوو و نییە، بەڵکە تیپی لاتینیییەو هیچی دی.

دایکم، کە باسی کەسێکی سەرلێشێواو و گومڕێی کردبا دەیگوت: "نە کەر خوایە و نە ڕایەت بەنە" واتە "نە بەندەی خودایە، کە لەژێر فەرمانی ئەودا بێت و بەگوێی ئەو بکاتو نە ڕەعیەتی خەڵك و بەندەکانی خودایشە، کە هەوڵێك بۆ دنیا بدات"، مەبەستی دەستبەربوون بوو لە هەردوولا، واتە: وەك "کوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو". ئێستا لاتینی نووسانی کورد، هەم لە عەلی بوون و هەم لە عومەریش، هەرچی فەرهەنگی نووسراوی کورد و عەرەب و فارسە، کە تیپی عەرەبین، لە دەستیان چووەو سەری لێ دەرناکەن و بۆ ئەوان لەگەڵ زمانی چینی و عیبریدا چ جیاوازییەکیان نییە، بەو لاتینییەش نە بوونەتە ئەوروپایی و نە پێشکەوتوون، بەڵکە پتر لە زمان و فەرهەنگ و جیهانبینی تورکی و تورکەوە نێزیك بوونەوە.

**+ دەکرا بە دیاریکراویی پەنجە بخەنە سەر هەریەك لەو کێشە و گیروگرفتانەی کە لە هەریەك لەو پیتانەدا هەیە لە کاتی بەکارهێنانیاندا بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی، داخۆ بە بەراورد گرفتی کامیان گرانتر و بنچینەییترە؟**

شاکەلی: یەکێك لەوانەی داوای لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) دەکرد، سادیق بەهائوددین ئامێدی، بوو. ئامێدی ئەم کێماسییانە لە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)یدا دەستنیشان دەکات:

١. نەبوونی دەنگی (وی–ü،û) وەك ئەوەی، لە تورکی و ئەڵمانیدا هەیەو لە سوێدییشدا بە (Y) دەنووسرێت، بۆ نموونە: شێوەی دەربڕینی ئەم وشانە: سوور، دوور، دوو، موو، توو، بوو، بووك، خەسوو، خەزوور، گوو، تووتن، تووتی، تووڕك (توودرك)، هوون (ئێوە)، نووا (پێش)، لووت، تووتکە، چوو و...، کە لە دەڤەری بادینان، نەك هەمووی، لە زاراوەی لوڕی و دەڤەری کرماشان و ئیلام و خانەقین و لە هەندێك ناوچەی گەرمێندا لە خوارووی کوردستان دەبنە: سویر، دویر، موی، توی، بوی، بویك، خەسوی، خەزویر، گوی، تویتن، تویتی، تویڕك، هوین، نویا، لویت، تویتکە، چوی و...، کە بە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) نانووسرێن. هاوڕێم فەهمی کاکەیی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، بۆی گێڕامەوە گوتی: "لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، جارێکیان لە مامۆستا "مەلا عەزیزی سیامەنسووری"، کە کادرێکی کۆنی پارتیی دیموکراتی کوردستان بوو، پرسیم: مامۆستا گوو خۆشە یا گوی. ئەویش گوتی: وەڵڵا برا گوی خۆشە گوی". مەبەستی هەردووك کاکەیی و سیامەنسووری لە"گوو" و "گوی"، شێوەی دەربڕین و دەنگەکەیان بووە.

٢. دەنگی (i)ی تیپی لاتینی، کە عەرەب بە "الکسرةالمختلسة" نێوی دەبات، بە تیپی کوردیی نانووسرێت.

٣. دەنگی (ز) بۆ: بەز، پەز، زاڤا و...، کە لە هەندێك دەڤەری بادینان بە (ظ) دەردەبڕدرێت، واتە: ناتەواوییەکە نەبوونی (ظ)ە.

٤. دەنگی (ت) بۆ: تاڤ، تۆڤ، تەڤ، تاری و...، کە لە هەندێك ناوچەی بادینان و هەندێك وشە لە زاراوەی سلێمانیدا، بە (ط) دەردەبڕدرێت، واتە: ناتەواوییەکە نەبوونی (ط)ە.

٥. دەنگی (س) بۆ: ساڵ، ساڤا، سامالّ، سوور و...، کە لە هەندێك ناوچەی بادینان و هەندێك وشە لە زاراوەی سلێمانیدا، بە (ص) دەردەبڕدرێت، واتە: ناتەواوییەکە نەبوونی (ص)ە.

ئەو دەنگانەی "ئامێدی" بە کێماسییان دادەنێت و لە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)دا بەکار نابرێن یا دەبرێن، بەرهەمی پرۆسێسێکی دوورو درێژە و لە ئەنجامدا وای لیّ هاتووە. دەنگی (وی– û،ü،y)، کە هەندێك ناوچەی بادینان و لوڕ و زەنگاباد و چەند دەڤەرێکی گەرمێن بەکاری دێنن، هەموو کورد بەکاری ناهێنێت، منیش پێموایە هەبوونی باشەو دەبوو تیپێکی بۆ دانرابا، بەڵام کە نییەو دانەنراوە، لوڕێك و زەنگابادییەك و گەرمێنییەکیش ناتوانن بە تیپی کوردی و بە زاراوەی خۆیان ئەو دەنگە بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان قایلن بەوەی، کە نییەو نانووسرێت و وەك خەڵکەکەی دیکە دەنووسن و ڕەخنەش ناگرن. دەنگی (ط، ظ، ص) عەرەبین و تەنانەت فارسیش، کە بەکاریان دەبەن، وەك کورد دەیانکەنە (ت، ز، س)، هەرچەندە ئەوان (فارس) دەیاننووسن، وەلیّ وەك عەرەب نایانخوێننەوە، ئیدی ئەگەر بە تەنیّ لە ئامێدی وا بگوتریّ، خۆ هەموو کورد وا ناڵێت. ئەگەر بەو پێوەرە بێت، خۆ دەبیّ کوردێکی هەورامییش داوای ئەوە بکات، کە دەنگی (ذ، ث)، کە لە هەورامیدا هەن و زۆریش بەکار دەبرێن و لە ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆدا بوونەتە (ز، س) و فارسیش دەنووسن (ژ، پ)، بەڵام بە (ز، س) دەیخوێننەوە، بنووسرێن. ئەو دەنگانەی (وی– û/ Ű،y، ط، ظ، ص)، کە لە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)دا نانووسرێن و ئامێدی بە کێماسی و کەلێنیان دادەنێت، لەو تیپە لاتینییانەیشدا، کە "جەلادەت بەدرخان" دایناون و ئەو بەلایەوە پەسەندن و ئەوڕۆ کوردی باکووری کوردستان پێی دەنووسن و وا بەرەو ئەوەیش دەڕوات، تەواوی کوردانی سەر بە زاراوەی کرمانجی ژووروو بیکەن بە ئەلفبێی خۆیان، لەوێشدا بەکار نابرێن و نانووسرێن و نین.

ئەگەر بەو شێوە بکرێت، کە ئامێدی دەیەوێت و ئەلفبێیەکە بە دڵی خەڵکی ئامێدی بێت و (ط، ظ، ص) و ئەوانە بگێڕدرێنەوە بۆ ئەلفبێی کوردی (تیپی

عەرەبی)، ئەوا دەبێ (ث، ذ)یشی بۆ زیاد بکەین، چونکە لە هەورامان بەکار دەبرێن و لەبەر خاتری خەڵکی هەولێریش، هەرچی (ڵ)ە، بکرێن بە(ر)، "دووکەڵ" و "ماڵ" و "گوڵ"، بکرێن بە "دووکەر" و "مار" و "گور"، لەبەر سلێمانییانیش هەرچی (هند، هەن)، بکرێن بە(نگ) و (س، ت)یش، لە"سەد" و "تایە" و "سەگ"دا، بکرێن بە (صەد، طایە، صەگ) و لەبەر موکریان و ئەو ناوەش، هەرچی (ر) بکرێن بە (ڕ)، "شەراب" بکرێت بە"شەڕاب" و "فرانسە" بکرێت بە"فڕانسە" و "پرۆسێس" بکرێت بە"پڕۆسێس" و "حەرام" بکرێت بە"حەڕام".

بۆ کورد دانانی تیپی (ز) لە بری (ذ، ز، ض، ظ) و دانانی (س) لە بری (ث، س، ص) و دانانی (ت) لە بری (ت، ط)، کە لە عەرەبیدا هەن، بارێکی گەورەو گرانمان لە سەر شان لادەبات و دەبێ نەمانی ئەو دەنگانەو کردنیان بە یەك دەنگ، بە پێشکەوتن و سەرکەوتن بدەینە قەڵەم، بەڵام ئەگەر بێتو بۆ هەموو دەنگێکی شێوە جیاجیاکانی زمانی کوردی تیپێکی تایبەت دابنرێت، ئەودەمی تیپەکانی ڕێنووسی زمانی کوردیی گەلێك زۆر دەبن. هەرچەندە من بۆ خۆم ئێستا کە لە سەر ئەو ڕایەم، کە دانانی هەندێك تیپی وەك "وی (y،ü،û)، وێ (Ö) و ئەلکەسرەلموختەلیسە عەرەبی، واتە: تیپێك لە بری"، کارێکی پێویستە بۆ ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی).

زۆرێك لە کوردانی سەر بە زاراوەی کرمانجی ژووروو و لەنێویشیاندا "جەلادەت بەدرخان" و "سادیق بەهائوددین ئامێدی" و هی دیکەیش، کە بانگاشەیان بۆ لاتینییاندی ئەلفبێی کوردی کردووە، وەنەبێ هەر ئەو کێماسییانەیان لەبەرچاو گرتبێت و بڕێك وردە سەرنجیان بووبێت یا هەبێت، بەڵکە ئەوان هەر پێیان باشتر بووە، کرمانجی ژووروو بە لاتینی بنووسرێت و پێیانوابووە، ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) بۆ نووسین بە کرمانجی ژووروو دەست نادات و ناڕێکەو ناتەواویی زۆرەو کرمانجی ژووروو بە تیپی لاتینی نەبێت هەرگیز باش و ڕەوان و دروست نایەتە نووسین.

هەرچی گیروگرفتی ئەلفبێی لاتینییە ڕەنگە بتوانین لەم چەند خاڵەدا دەستنیشانیان بکەین:

١. ئەو دەنگانەی، کە بەشێکی زۆریان عەرەبین و هەندێکیشیان دەنگی ڕەسەنی کوردیین، وەك (ث، ح، ذ، ص، ض، ط، ظ، ع، غ) بە تیپی لاتینی نانووسرێن. ئەمڕۆ، کە شیعری مەلای جزیری، خانی، نالی، مەحوی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و تەنانەت گۆرانیش، کە دەکرێنە تیپی لاتینی، ناتەواوییەك و کەلێنێکی زۆر گەورەوە پێش دێن، ئەویش نەبوونی ئەو تیپانەیە، کە لە عەرەبیدا هەن و لە لاتینیدا نین. ئەو دیاردەیە بە زۆری لە شیعری کلاسیك و ئەدەبیاتی کلاسێکدا، وەپێش دێت. بێجگە لەوانەش، تیپی (ح، ع، غ)، کە لە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)دا هەن و لە زمانی کوردیدا و لە هەموو زاراوەکاندا هەن و بەکار دەبرێن، لە لاتینییەکەدا دەبنە (X،E,H)، کە لەگەڵ (هێ، ئە/ ە، خ)دا چ جیاوازییان نییە. حەسەن، حوسەین، حەسیرەکە (گەڕەکێکی شاری کەرکووکە)، حەمە، موحەممەد، ئەحمەد، حاڵ، حەپەی سەگ، حیلکەی ئەسپ، حوکوومەت، حەکیم، عەلی، عالم، عالەم، عەلیم، باعەباع، عیسا، عەرەب، جومعە، دەعبا، دەعەجانی، غالی، غاردان، غەوزی بەغدا، غەزاڵ، غەیرە، غەبغەبە و...لە لاتینییەکەدا دەبنە: هەسەن، هوسەین، هەسیرەکە، هەمە، موهەممەد، ئەهمەد، هاڵ، هەپەی سەگ، هیلکەی ئەسپ، هوکوومەت، هەکیم، ئەلی، ئالم، ئالەم، ئەلیم، بائەباو، ئیسا، ئەرەب، جومئە، دەئبا، دەئەجانی، خالی، خاردان، خەوزی بەخدا، خەزاڵ، خەیرە، خەبخەبە و... دیارە هەرچی وشەگەلی قورئانیشە وەك: (رحمن)، (رحیم)، (عبس)، (والضحی) و...لە لاتینییەکەدا دەبنە: (ڕەهمان)، (ڕەهیم)، (ئەببەسە)، (وەززوها)و... ئەودەمیش قورئان بۆ کوردانی موسوڵمان لە قورئانیەتی دەکەوێت و دەبێتە شتێکی دیکە.

٢. دەنگی (ڵ، ڕ)، کە لە کرمانجی خواروودا هەن، لە لاتینییەکەدا نانووسرێن: گوڵ، گەڵا، دڵداری، قەڵەو، دەڵپ، بەڵا، دەڵاڵ، پڵاو، پاڵتۆ، پێڵاو، ناوگەڵ، گەماڵ، ملڵ، لێڵ، کەڕ و لاڵ، ماڵ، ڕاز، دڕك، مەڕ، زەڕەی نێرەکەر، تڕ، پڕ، قڕەقڕ، مشتومڕ،

بڕین و...له لاتینییەکەدا دەبنە: گول، گەلا، دلداری، قەلەو، دەلپ، بەلا، دەلال، پلاو، پالتۆ، پێلاو، ناوگەل، گەمال، مله، لێل، کەر و لال، مال، ڕاز، درک، مەر، زەرەی نێرەکەر، تر، پر، قرەقر، مشتومر، برین و...

من لەو بڕوایەدام، کێشەو گرفتی ئەلفبێی لاتینی گەلێك زۆرتر و بەرینترەو چارەسەرکردنیشی گەلێك دژوارترە، هەرچی ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبییە)، بە بڕێك ماندووبوون و کارێکی یەکجار کەم و کات بۆ تەرخانکردنێك، بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت، بەڵام پێش هەر شتێك دڵسۆزی و لێبڕان و بڕیاری دەوێت!

**+ ئەو دەستکەوت و پێشکەوتن یاخود گرفت و کێشانە چین، ڕووبەڕووی ئەو بەشانەی کوردستان بوونەتەوە، کە پیتی لاتینی بەکار دەهێنن؟**

شاکەلی: ئەو بەشانەی کوردستان، کە تیپی لاتینییان تێدا بەکار دەبرێت، باکوور و ڕۆژاوای کوردستانە. بەڵام لەو بەشانەدا بە جۆریکی فرەوان بەکار نابرێت، چونکە هەم ڕێگە پێدراو نییە و قەدەغەیە و هەمیش زمانی خوێندن و فەرمی و میدیا نییە. دیارە کوردانی باکوور و ڕۆژاوا، پتر ئەو تیپانە لە ئەورووپا بەکار دەبەن. کوردانی سۆڤیێتی جارانیش ئەوڕۆ پتر لاتینی بەکار دەبەن. من بەشبەحاڵی خۆم، هیچ جۆرە دەسکەوت و پێشکەوتنێك، لە بەکارهێنانی تیپی لاتینیدا نابینم و پێشموانییە کوردانی ئەو بەشانە چییان وەدی هێنابێت. ئەوەی من دەیبینم، کۆمەڵێك گرفت و کێشەیە، تووشی بوون و ڕووبەڕووی بوونەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ خۆیان هەستی پێ ناکەن و بیری لێ ناکەنەوە و پێی نازانن. ئەو گرفتانە ڕەنگە لەم خاڵانەدا خۆ بنوێنن:

١. بەکاربردنی تیپی لاتینی، بووەتە هۆی دابڕانێکی تەواوی ئەوانەی بەکاری دەبەن، لە تەواوی فەرهەنگێکی کوردی، کە بە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) نووسراوەتەوە. ئەمە وەنەبێ تەنێ ئەوە بگرێتەوە، کە بە زاراوەکانی کرمانجی خواروو (سۆرانی)، هەورامی یا لوڕی نووسراونەوە، بەڵکە تەنانەت ئەوانەیش

دەگرێتەوە، کە بە کرمانجی سەرووش، بەڵام بە تیپی عەرەبی نووسراونەوە، وەك: جزیری، خانی، فەقێ تەیران، بایەزیدی، برێفکانی و...ئەوەی بە کرمانجی سەروو لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بە تیپی عەرەبی نووسراوەتەوە.

٢. بەکاربردنی تیپی لاتینی، بووەتە هۆی دابڕانێکی تەواوی ئەوانەی بەکاری دەبەن، لە تەواوی فەرهەنگی عەرەبی و فارسی و ئەو زمانانەی دیکەی بە تیپی عەرەبی دەنووسرێن. ئەمەش بووەتە هۆی ڕکبوونەوەی لاتینی نووسان، لە هەموو نووسینێکی هەردوو نەتەوەی سەردەست، عەرەب و فارس، کە بووەتە هۆی هەوڵدان بۆ خۆجوێکردنەوەو خۆدابڕین لەوان، لە هەموو ڕوویەکەوە. دیارە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە جێی خۆیەتی، لێ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەرهەنگییەوە، کارێکی نادروستەو ناکرێت و وەها کارێك لە دیتنێکی نەتەوەیی تەسك و دابڕانێکی فەرهەنگی و کاڵفامی زێتر هیچی دیکە نییە.

٣. گرفتێکی هەرە مەزنی لاتینی نووسان و ئەوانەیشی بانگاشەی بۆ دەکەن و ئەو دەڤەرە جوگرافییایەیشی تێیدا بەکار دەهێنرێت و ئەو خەڵکانەیشی سەرسامن پێی، ئەوەیە ئەوان دیتنێکی ئەنتی ئیسلامی "دژەئیسلامی" فرەخەست و توندیان هەیەو دژی هەموو پێوەندێکن لەگەڵ ئیسلامدا و لەگەڵ هەموو خۆدابڕینێکن لە ئیسلام. گەلێك لەو کوردە "هاوچەرخ و نوێخواز و پێشکەوتنخواز" و "ئەوروپاییێندراو" و "مەستی جیهانگەری"یانە، پێیانوایە تەواوی نەگبەتی و کلۆڵی کورد، بە هۆی ئیسلامەوەیەو ئیسلام بە هۆی دواکەوتنی کورد دەزانن. ئەو دواکەوتن و کلۆڵی و نەهامەتی کوردەیش، ئەوان لە ئەلفبێی عەرەبیدا دەیبینن.

ئێمە ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە بنۆڕینە سەرەتای هەوڵدانی خۆقوتارکردن لە تیپی عەرەبی و سازکردنی تیپی لاتینی، دەبینین لە کەسانێکەوە، کە هەم ناکورد "غەیرە کورد" و هەم ناموسوڵمان "غەیرەموسوڵمان" بوون، دەستپێکردووە و سەریهەڵداوە، کەسانێکی وەك: "مێجەر سۆن"، "ئیسحاق مۆرگۆلۆڤ"، "ڕۆژی لێسکۆ"، "تۆما بوا"، "پیێر ڕۆندۆ" و "مێجەر نۆئێل"، کە هەندێکیان هاندەری

جەلادەت بەدرخان بوونە، بۆ دانانی ئەلفبێ لاتینییەکەی. ئەوکەسانەیش وەك ئایین مەسیحی بوون و بە مەبەست، هەوڵی دوورخستنەوەی کوردیان، لە ئەلفبێی عەرەبی – ئیسلامی داوە.

ئەو دەنگانەی، لە نێو کورد خۆیدا، کە پێیانوایە ئیسلامبوونی کورد، هۆی پاشکەوتنیەتی، هیچ بناخەو بنەمایەکی زانستی و وردبینانەیان نییەو چ بەڵگەیەکی سەلمێنەر و قایلکەریش بۆ پشتیوانیی بۆچوونەکانیان نییە. ئێمە ئەگەر بنۆڕینە جۆگرافیای کوردستان و تەواوی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیش، دەبینین جڤاکگەلێکی ناموسوڵمان وەك: فەلە"دیان، مەسیحی، عیسایی"، لەنێو ئەو وڵاتانەی ئەو دەڤەرەدا دەژین. ئەو فەلانەش بە سەر کۆمەڵێك نەتەوەو گەلدا دابەش دەبن: وەك: "ئەرمەن"، "ئاشووری"، "کلدان"، "سریان" و... هەندێك لەو نەتەوەو گەلانەیش، هەر لە سەرەتای مێژووەوە، لەو خاکەدا ژیاون و خودانی شارستانییەت و فەرهەنگەلێکی مەزنیش بوونە و بۆ نووسینی زمانەکانیشیان، ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەبووە و هەیە و بە نێزیك تیپی لاتینیشدا هەرگیز نەچوون. بێجگە لەو "دیان"انە، خەڵکانی دیکەش، کە وەك ئایین: "ئێزدی"، "یارسان"، "عەلەوی"،"دورزی"، "مەندائی، سابیئە" و "زەردەشتی"ن، و وەك نەتەوەیش: کورد، عەرەب، تورك یا فارسن و لەو دەڤەرە ژیاون و دەژین و هەندێکیشیان ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەبووەو هەیە. باشە ئەگەر ئیسلام، کوردی دواخستبێت، ئەی ئەوانە بەو ناموسوڵمانیەتییەی خۆیانەوە، بۆچی نەك هەر پێشنەکەوتوون، بەڵکە گەلێك لە کوردە موسوڵمانەکان دواکەوتووترن!

٤. خۆ بە پێشکەوتنخواز و هاوچەرخ و نوێخواززانیی، وای لە هەندێك کوردی لاتینی نووس کردووە، کە تیپی لاتینی بۆ هەموو کورد هەڵبژێرن و بە باشی بزانن، چونکە تیپی لاتینی زمانگەلێکی پێشکەوتووی وەك ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەڵمانی و ئیسپانیۆلی و... پێ دەنووسرێن، کە زمانی دەیان وڵاتی پێشکەوتوون، بەڵام تیپی عەرەبی و فارسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامیدا بەکار دەبرێن، کە وڵاتگەلی

جیهانی سێیەم و چوارەمن. ئیدی بۆوەی کوردیش لە دواکەوتوویی و ڕۆژهەڵاتیەتی دوور کەوێتەوە، بەڕای ئەمانە، دەبێ تیپی لاتینی بەکار بهێنێت. ئەم بیرکردنەوەیە ئەنجامێکی هێندە خراپی بە دواوەیە، ئەویش سڕینەوەی هەرچی فەرهەنگێکی کوردە، کە بە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) نووسراوەتەوە، کە دەکاتە تەواوی گەنجینەی فەرهەنگی کوردی.

ئەوەی پێیوایە، ئەگەر زمانی کوردی بە ئەلفبێی لاتینی نووسرا، ئیدی کوردییش دەچێتە ڕیزی زمانە پێشکەوتووەکانی وەك، ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەڵمانی و ئیسپانیۆلی و...، هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکات، چونکە تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی ئابووری و جڤاکی و هەلومەرجی ژیان و خۆشگوزەرانیی ئەو گەلانەی، کە خۆیان خاوەنی ئەو زمانانەن –ئەوروپا، نەك وڵاتانێك، کە بندەست و داگیرکراو بوونەو بە تۆبزی فێری ئەو زمانانە کراون –چەندین سەدە لە پێشی کوردەوەن، بەو پێشکەوتنەش زمان پێشدەکەوێت و مەسەلەکە چ پێوەندیی بە تیپگۆڕینەوە نییەو بە تیپی لاتینی خەڵك پێش ناکەوێت. ئەگەر وا بووایە، دەبوو زمانی تورکی و سۆمالی، کە ئەوڕۆ بە تیپی لاتینی دەنووسرێن، لە ڕیزی ئینگلیزی و فرانسەیی و...دا بووایەن، یا بە هۆی ئەلفبێی لاتینییەوە، تورکیا و سۆمال لە ڕیزی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژاوا و ئەمەریکادا بووایەن و ژاپۆن و چین و کۆریا و ئیسرائیلیش، کە ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەیە، لە ڕیزی وڵاتانی جیهانی سێیەم و چوارەمدا بووایەن. لە کاتێکدا کە تەواو بە پێچەوانەوەیە، تورکیا و سۆمال، دەرۆزە دەکەن و ئیسرائیل و ژاپۆنیش ملانێی ئەمەریکا و ئەوروپای ڕۆژاوا دەکەن.

ئەگەر زۆریی خەڵکیش، کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن بکرێتە پێوەر، ئەوا چین، کە یەك ملیار مرۆڤە، بە ئەلفبێی لاتینی نانووسن. بێجگە لەوانیش زمانانی دیکەی وەك، عەرەبی، فارسی، ئوردوو، هیندی، ژاپۆنی، کۆریایی، عیبری، ئەرمەنی، تیگرینی و ئەمەاری، گورۆزینی، بەنگالی و...دەیانی دیکەش، بە ئەلفبێی لاتینی نانووسرێن، کە ئەمانەش لەگەڵ چینییەکاندا دەگەنە سێ – چوار ملیار و

پتر. هەرچەندە کەم و زۆری خەڵکانێك، کە کام ئەلفبێ بەکار دەبەن، چ گرنگییەکی نییە.

٥. ئەلفبێی لاتینی کارێکی وای کردووەتە سەر زاراوەکانی زمانی کوردی، کە پتر لە یەکی دوور خستوونەوە. ئەورۆ ئەگەر لە ڕووی زمانەوانیشەوە یەك زمانی کوردی هەبێت، لە واقیع و پراکتیکدا یەك زمانی کوردیی یەکگرتوو و ستاندارد، کە هەموو کوردی هەموو کوردستان پێی بخوێننەوەو بنووسن و بپەیڤن، نییە، بەڵکە زۆر ئاشکرایە، زمانی کوردی، ئێستا بە چەند ئەلفبێ و زاراوە دەنووسرێت. کرمانجی سەروو/ (تیپی لاتینی، تیپی عەرەبی، تیپی کریلیك)، دملی (زازاکی)/ تیپی لاتینی، کرمانجی خواروو/ تیپی عەرەبی. بە دەگمەن هەڵدەکەوێت کوردێك، هەردوو زاراوەی (کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو)، بە ڕێکوپێکی و بە تەواوی بزانێت، ئەگەر بڵێم هەر نییە، ڕەنگە درۆ نەبێت. بۆ کوردێك، کە بە کرمانجی خواروو و تیپی عەرەبی دەخوێنێتەوەو دەنووسێت، فێربوونی کرمانجی ژووروو بەو تیپە لاتینییەی، هێندەی فێربوونی زمانێکی بیانی سەختە. بۆ کوردێکیش، کە بە کرمانجی ژووروو و تیپی لاتینی دەخوێنێتەوەو دەنووسێت، فێربوونی کرمانجی خواروو و بە تیپی عەرەبی، هەمان سەختیی هەیە. خۆ ئەگەر باس لە دملی (زازایی) و ئەلفبێی کوردیی سۆڤییێت بکەین، ئەوا مەسەلەکە یەکجار ئاڵۆز و سەخت و دژوار دەبێت. بۆ یەکێکی نەك هەر ناکورد، بەڵکە بۆ کوردیش، فێربوونی ئەو هەموو کوردییانە، وەك فێربوونی سێ چوار زمانی بیانی وایە. ئەگەر خۆمان نەخاپێنین و بە چاوی واقیع بنۆڕینە مەسەلەکە، پێموایە جیاوازیی نێوان نۆروێژی و سوێدی، کە دوو زمانی سەربەخۆن، گەلێك کەمترە لە جیاوازیی نێوان زاراوەی هەولێر و سلێمانی و جیاوازیی نێوان دانمارکی و سوێدی، کە دوو زمانی سەربەخۆن، گەلێك لە جیاوازیی نێوان کرمانجی ژووروو و کوردیی فەیلی کەمترە. پێموایە ئەگەر هەموو کورد، هەر بە ئەلفبێ کوردییەکەی خۆیان (تیپی عەرەبی) قایل بووایەین و قایل ببن و بەو زاراوەی کرمانجی خوارووە، کە لە سەردەمی میرنشینی بابان و نالی شاعیر و ١٩٢٢ەوە، کە

بووه زمانی فێرکردن له باشووری کوردستاندا، تا ڕاده‌یه‌ك بووه‌ته زمانی ئه‌ده‌بیی یه‌کگرتووی کوردیی له باشوور و ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستاندا و زۆر له مێژه جێی خۆی کردووه‌ته‌وه‌و چه‌سپاوه و بووه‌ته زمانی خوێندن و کارگێڕی و میدیا، بیاننووسیبا و بیریان له یه‌کیه‌تیی زمانی کوردیی بکردبایه‌وه، کاره‌که وای به‌سه‌ر نه‌ده‌هات و جیاوازیی نێوان زاراوه‌کانیش هێنده مه‌زن و زه‌ق نه‌ده‌بوو. ئه‌و زاراوه به‌و ئه‌لفبێیه‌یه‌وه، که ئه‌وڕۆ بووه‌ته زمانی ستاندارد له دوو به‌شی کوردستاندا، ئه‌گه‌ر بکرێ به زمانی ستانداردی هه‌موو کوردستان، ئه‌وده‌م ئیدی چ گیروگرفتێك نامێنێت و چۆن هه‌رچی عه‌ره‌بی جیهان هه‌ن، به جیاوازی ئه‌و هه‌موو زاراوانه‌یانه‌وه، که هه‌یانن و جیاوازی هه‌ندێکیان ده‌گاته ڕاده‌ی لێکتێنه‌گه‌یشتن، له ده‌وری یه‌ك زمانی ستاندارد خڕبوونه‌وه، که بنه‌مای ته‌واوی فه‌رهه‌نگ و شارستانییه‌ت و مێژوویانه و له بنه‌ڕه‌تیشدا زاراوه‌یه‌کی بچووکی هۆزێکی عه‌ره‌به، که "قوره‌یش"ه‌و دواتریش، بووه‌ته زمانی قورئان و ئیدی بووه‌ته زمانی هه‌موو عه‌ره‌ب و زمانی ئایینی ئیسلامیش. که زمانه کوردییه‌که‌یش وای لێهات و بوو به زمانی خوێندن و زمانی فه‌رمی، ئه‌وده‌می چ کێشه‌یه‌ك نه بۆ کورد و نه بۆ ناکوردیش وه‌پێش نایه‌ت.

٦. ئه‌لفبێی لاتینی هه‌ستێکی وای لای زۆر کورد، به تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی به کرمانجی ژووروو ده‌نووسن، ئافراندووه، که زێتر خۆ به کرمانج، نه‌ك کورد بزانن، یا به ده‌ربڕینێکی دی ته‌نێ کرمانجی ژووروو، نه‌ك زاراوه‌کانی دیکه‌یش، به زمانی کوردی بزانن. دروستبوونی ئه‌و هه‌سته‌و گه‌ڵاڵه‌و ته‌شه‌نه‌کردنی، له‌و باس و نووسین و بانگه‌واز و داخوازییانه‌وه هه‌ڵده‌قوڵێت و سه‌رهه‌ڵده‌دات، که ساڵانێکی زۆر و دوورودرێژه، که‌سانێکی زۆر هه‌وڵی بۆ ده‌ده‌ن و بانگی بۆ ده‌ده‌ن. جه‌لاده‌ت به‌درخان و سادیق به‌هائوددین ئامێدی، له سه‌رووی ئه‌و که‌سانه‌وه‌ن، هه‌رده‌م له‌وه دواون، که تیپی لاتینی پڕبه‌پێستی دیالێکتی کرمانجی ژوورووه. زۆری دیکه‌یش هه‌مان بیروڕایان هه‌یه‌و ئه‌وڕۆکه له ئه‌ورووپایش له‌و ده‌نگانه زۆرن و زۆر خه‌ڵکیش به مه‌به‌ست و له زانینه‌وه، کار بۆ ئه‌و ماڵجیایی و لێکدابڕانه ده‌که‌ن. له ئه‌ورووپا و

شوێنگەلی دیکەیش زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی بڵاو دەبنەوە، کە بە دوو سێ زاراوە و دوو ئەلفبێ دەردەچن. تەلەڤزیۆن و میدیاکانی کوردستان و شوێنانی دیکە، هەردەم بە چەند دیالێکتێکی کوردیی پەخش دەکەن. بێجگە لەوانەش دەیان کتێب ئەوڕۆ کە لەم زاراوەوە وەردەگێڕدرێتە سەر ئەو زاراوەی دی، نەك هەر ئەلفبێیەکەی دەگۆڕدرێت، بەڵکە زمانەکەیشی، ڕێك وەك ئەوەی، ڕووسی بکرێتە عەرەبی یا ئیسپانیۆلی بکرێتە فارسی و...ئەز بۆ خۆم هەرگیز ئەو دیاردەیە بە نیشانەی لەشساغی دانانێم و هەرگیز لەگەڵیدا نیم و ئەوەش بێجگە لەوەی، کە سەختیی جیاوازیی دیالێکتە کوردییەکان دەسەلمێنێت، دیاردەیەکی شووم و پڕ لە نەگبەتییشە، کە پتر بە زانینەوەو بۆ خۆمان مەسەلە کە سەختتر دەکەینەوەو کۆمەك بە لێکدابڕان دەکەین.

٧. ئەلفبێی لاتینی، کارێکی وای کردووە، کە نووسەرێکی کورد، یا شاعیرێکی کورد، تەنێ دەنگی بە نیوەی، بڕێك زیاتر یا کەمتر، خوێندووی کورد بگات. ئەمەش ڕەوشێکی وای دروست کردووە، کە نووسەر و شاعیرانی کورد، تەنێ لە لایەن خەڵکانێکەوە بخوێنرێنەوە، کە بەو ئەلفبێیەی ئەوان پێی دەنووسن، دەخوێننەوەو ئەوانەی ئەلفبێیەکەی دیکە بەکار دەبەن، نایانخوێننەوە و تەنێ لە نێو جوگرافیای ئەلفبێیەکەی خۆیشیدا دەناسرێتەوە. نووسەرێکی کورد، کە بە تیپی لاتینی دەنووسێت، تەنێ خەڵکانێك دەیخوێننەوە، کە بە تیپی لاتینی دەخوێننەوە. دیارە ئەو نووسەرەیش، بە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) دەنووسێت، ڕەوشی لە ڕەوشی نووسەری یەکەم باشتر نییە. هەر یەکێك لەو نووسەرانەش ئەگەر باس لە ئەدەبیاتی کوردیی بکەن، بەتایبەت ئەدەبیاتی ئەمڕۆ (تازە)ی کورد، هەر باس لە ئەدەبیاتێکی کوردیی دەکەن، کە بەو ئەلفبێیەی خۆیان نووسراوەو دەنووسرێت. بەدەگمەن هەن ئەوانەی، کە چوونیەك و بێجیاوازی و لێزانانە، لەگەڵ هەردوو یا هەرسێ ئەلفبێدا مامەڵە بکەن. لە چل (٤٠) میلیۆن کورد، ڕەنگە لە باشترین حاڵدا ٣٠٪ی، کە دەکاتە دوازدە (١٢) میلیۆن، خوێندەوار هەبێت. لەو دوازدە میلیۆنە

١٪ی ئەگەر نووسین و خوێندنەوەی هەردوو ئەلفبێیە سەرەکییەکان، عەرەبی و لاتینی بزانێت، ئەوا دەکاتە (١٢٠) هەزار کەس. من، لە باشترین حاڵدا، لەو بڕوایەدام، نەك (١٢٠) هەزار کەس، بەڵکە (١٢٠٠) کەس، کە دەکاتە، ٠,٠١٪ی سەرجەمی خوێندووی کورد و ٠,٠٠٣٪ی سەرجەمی کورد، نییە، بتوانن ئەو دوو ئەلفبێیە وەك یەك بەکار ببەن و ئاگاداری هەموو شتێکی سەر بە ئەلفبێیەکەی دیکەیش بن. ئەگەریش هەبن، دەبێ سوپاسگوزار بین. ئەگەر نووسەر یا شاعیر یا باسکارێکی عەرەب یا فارس یا تورك، تەواوی خەڵکانی سەر بەو گەل و نەتەوانە بیانخوێننەوەو بیانناسن، ئەوا لای کورد ئەو ڕەوشە نییە. دەکرێ نووسەرێکی عەرەب، نێوی "نووسەری هەموو عەرەب"ی لێ بنرێت، وەلێ نووسەرێکی کورد، لەبەر ڕەوشی زمان و ئەلفبێیەکەی، هەرگیز نابێتە "نووسەری هەموو کورد"، بەڵکە لە باشترین حاڵدا "نووسەری نیوەی کورد" یا "نووسەری سێیەکی کورد"ەو بەوەش، دەبێتە "نیوە نووسەر" یا "نووسەرۆکە" یا "مینی نووسەر" یا شتێکی دیکە. هەرچی ڕەوشی سترانبێژ و شانۆکار و سینەماکار و مووزیکژەنە، تا ڕادەیەك حاڵیان لە حاڵی نووسەران باشترە، چونکە ئەوان هێندە ئەلفبێ و نووسین بەکار ناهێنن.

هاوینی ١٩٨٤، لە"خوێندنگەی بەرزی گەلیی بیسکۆپس ئارنوێ – Biskops Arnö" لە"بیسکۆپس ئارنوێ Biskops Arnö " لەسوێد، خول (کۆرس)ێکی یەك حەفتەیی کرابووە، بۆ باسکردن لە بارەی زمان و مێژوو و ئەدەبی کوردییەوە. نێزیکەی سی چل کوردێك، بەشدارییان تێدا کرد و منیش یەکێك بووم لەوان. فەرهاد شاکەلی و ڕەشۆ زیلان، سەرپەرشتکارانی خولەکە بوون. یەکێك لە چالاکییەکانی کۆرسەکە ئەوەبوو، بانگهێشتنی هەندەك خەڵکی شارەزا و لێزان لە بواری ئەدەب و زمان و مێژووی کورددا بکرێت، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەو باسی ئەزموونی خۆیان، پێشکەش بکەن. یەکێك لەو کەسانەی بانگهێشت کرا، سەیدا "جگەرخوین"ی شاعیر بوو. فەرهاد شاکەلی، شاعیری میوانی پێشکەش کرد و پاشان "جگەرخوین" باسی

ژیانی خۆی و شیعرەکانی خۆی کرد و ماوەیەك قسەی کرد. پاشان گوتیان کێ پرسیاری هەیە با بفەرمووێت. لەبەرئەوەی "جگەرخوین" پیر بوو و گوێی گران بوو، دەبوو ئەوەی پرسیار دەکات بچێتە تەنیشتییەوە دانیشێت. برادەرێکی کەرکووکی پرسیاری هەبوو، هەڵسا و چووە کنی دانیشت و گوتی: مامۆستا ڕەئیت چییە بە لەتیف هەڵمەت و شیعرەکانی؟ منیش قاقایەکی پێکەنین گرتمی و یەکسەر خۆم پێ نەگیرا و هۆڵەکەم بەجێهێشت. دوای چارەکە سەعاتێك، کە باسەکە تەواو بوو و هەموو هاتنەدەرێ، هەندێك لەو برادەرانە لە منیان پرسی، کە بۆ وام کرد!. گوتم: برا "جگەرخوین" نەك لەتیف هەڵمەت، بەڵکە "گۆران"ی شاعیریش بەو مەزنییەی خۆیەوە ناناسێت!

ئێستا من لە تۆ دەپرسم، سەرباری ئەو هەموو گرفتانە، گرفت و کێشەی دیکە ماون، مەبەستم لە ڕووی فەرهەنگییەوە، تووش و ڕووبەڕووی ئەو بەشانەی کوردستان، کە تیپی لاتینی بەکار دەهێنن، ببنەوە!!!

**+ فەرهاد شاکەلی، لە دیدارێکیدا دەربارەی تیپی لاتینی دەڵێت: (ناکوردی و نازانستی)یە. دەکرێ ناکوردی بێت، چونکە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێ، بەڵام چۆن نازاستییە لە کاتێکدا بەشێکی زۆری زمانە زیندووە جیهانییەکان بەکاری دەهێنن؟**

شاکەلی: تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردیی، ناکوردین، چونکە تەواوی ئەو دەنگانەی لە زمانی کوردیدا هەن، دەرنابڕن و هەموو دەنگێك تیپی خۆی نییە. بۆ نموونە "ح، ڕ، ع، غ، ڵ"، ئەمانە هیچ تیپێك نییە، هەریەکێك لەو دەنگانە دەربڕێت، کەوابوو دەکرێ بخرێتە خانەی نازانستیشەوە، دیارە ئەمەیان بۆ زمانی کوردیی، چونکە لە بناخەدا لەسەر بنگەو بنەمایەکی زانستی، واتە: لەبەرچاوگرتنی تەواوی پێویستییەکانی زمانی کوردی (بەهەموو زاراوەکانییەوە) و تەواوی دەنگەکانی زمانی کوردی و پێوەندی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی دیکەی ئێرانیدا و خوێندنەوەی باری جوگرافییایی و ژینگەو و دیرۆك و هەلومەرجەکانی دیکەی زمانی

کوردی و پێوەندی زمانی کوردی بە ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبییەوە (وەك زمانی ئایینی ئیسلام نەك لە ڕووی بنەچەو ڕەگی زمانەوە)، دانەنراوە و هیچ یەکێك لەوانە ڕەچاو نەکراوە. بێجگە لەوانەش ئەو لاتینییەی جەلادەت بەدرخان، کە ئێستاکە بووەتە بناخەی لاتینیاندنی زمانی کوردی، لاساییکردنەوەیەکی لاتینییە تورکییەکەی "مستەفا کەمال"ە و هیچی دی. زمان، کە بنگەی پێکهاتنی نەتەوە، کلیلی فەرهەنگی نەتەوە، کەرەستەی هەست و ئاوەز و هۆش و بیرکردنەوەی نەتەوە، بناخەی یەکیەتی نەتەوە، ناسنامەی نەتەوەو پردی پێوەندیی نەتەوە بە جیهان و نەتەوەکانی دیکەوە پێکدەهێنێت، هەروا بە بڕیارێکی سەرپێی ئەلفبێیەکەی، کە گرنگترین کەرەستەی زمانەکەیە، ناگۆڕدرێ. زمان نیشتمانەو ناشێ بگۆردرێ و ناشێ دەسکاریی بکرێت. ڕەنگە چێکردنی ئەلفبێیەك بۆ نووسینی زمانێك، کە پێشتر ئەلفبێی نەبووبێت و تەنێ زمانی ئاخافتن بووبێت، کارێکی فرەهاسان بێت و چ دژوارییەك ساز نەکات، وەك ئەوەی سۆمال. کاتێك، کە موحەممەد سیاد بەڕی، کە لە ١٩٦٩- ١٩٩١ سەرۆك کۆماری سۆمال بوو و بە کوودێتایەك هاتەسەر کار، لەدا، ئەلفبێی لاتینی کردە ئەلفبێی زمانی سۆمالی، کە پێشتر ئەو زمانە چ ئەلفبێیەکی نەبوو و تەنێ زمانی زارەکی بوو. هەرچەندە ئەو کارەی "سیاد بەڕی"یش، تەنێ بۆ دوورخستنەوەی سۆمال بوو، لە ژینگە "ئیسلامی – ئەفریکی – عەرەبی"یەکەی، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو لاتینییەی سۆمال، یەك حەمکە زانستیتر بوو، لە لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان و ئەوانەیشی چاو لەو دەکەن. ئەوەیان بۆ کورد، دەنا لاتینی بۆ زمانگەلێکی ئەورووپایی، کە بنچینەی فەرهەنگ و زمان و هەموو شتێکیان بەو تیپانەوە گرێدراوەو هەرچییان هەیە بەو تیپانە نووسراوەتەوە، بۆ دەبی نازانستی بێت، مەبەستم بۆ ئەورپاییان. ئەو پرسیارە لە فەرهاد شاکەلی بۆ خۆی بکەیت، ڕەنگە وەرامی زیاتر و باشترت بداتەوە.

**+ بەشێك لە ڕووناكبیرانی كورد بە قەناعەت و دڵنیاییەوە لەگەڵ بەكارهێنانی تیپی لاتینیدان، تەنانەت لە ئەمڕۆشدا، هەشە پێیوایە ئەم كارە بۆ ئێستای كورد نەگونجاوە، دەكرێت بیر لەو كارە بكرێتەوە وەختێك كورد چارەنووسی كەوتە دەست خۆی و دەوڵەتی هەبوو، بەڕای تۆ ئەمڕۆ یاخود هەر زرووفێكی تر زمانی كوردیی پێویستی بە چارەسەرێكی وا هەیە؟**

شاكەلی: ئەوەی هەوای لاتینی لە كەللەی داوە، لاتینییاندنی زمانی كوردی بە چارەسەری هەموو دەردەكانی كورد دەزانێت. ئەوانە، هەر بە پێخاوسی تێیكەوتوون، بەشێكی زۆریان نەك هەر ڕووناكبیر و خوێندوو نین، بەڵكە هیچ جۆرە ئاگاییەكیان لە بارەی زمانەوە نییەو هی وایشیان تێدایە، زمانی كوردی هەر نازانێت. هاوڕێم "تاهیر هەورامی"، كە ماوەیەك لە "خوێندنگەی بەرزی گەلیی– Folkh gskolan" لە"بیسكۆپس ئارنوێ – Biskops Arn" لە سوێد دەیخوێند، جارێكی گێڕایەوە، كە كۆمەڵێك لەو "زمانەوان و زماننا سانە"ی، كە هەریەكەو لە وڵاتێكی ئەوروپاییەوە دەهاتن و زووزوو لەوێ خڕ دەبوونەوەو لە ژێر ناوی "كورمانجی"دا، لە بارەی زمانەوە دەدوان، لەوێ دیوەو لە یەكێكیانی پرسیوە، ئەمانە چۆن زمانزانن و لە بارەی زمانەوە چییان كردووە، وەك نموونەش دەست بۆ یەكێك ڕادەكێشێت و دەڵێ ئا ئەوە! كابرایش دەڵێ، ئەوە شوان بووە لە كوردستان، كرمانجی باش دەزانێت. پرسیاری یەكێكی دیكە دەكات، كابرا دەڵێ، ئەوە لە ئیتالیا چێشتخانەی هەیە، كرمانجییەكی باش دەزانێت! ئەو"فیلۆلۆگ" و "لینگویست"انە، كێشەكانی زمانی كوردیی لێكبدەنەوەو داهاتووی زمانی كوردیی دیاری بكەن، دەبێ زمانی كوردیی چی بەسەر بێت!

بەشێكی زۆری ئەمانە بە چاوی سیاسەت و بە مێشكێكی توركی و كەمالیستانەو سەرسامییەكی تا ڕادەی مەستبوون بە ئەوروپا و جیهانگەرییەوەو ڕقبوونەیەك لە ئیسلام و هەموو پێوەندێك بە ئیسلامەوە، هاواری لاتینییاندنی زمانی كوردیی

دەکەن. ئەمانە، زۆرجاران ئەم بیانووانە دەهێننەوە بۆ سەرخستنی پرۆژەو بیری لاتینییاندنی زمانی کوردیی:

١. جوانی و ئاسان و ڕەواننووسین، کە گوایە لەبەر ئەوەی کوردیی زمانێکە لە زمانە ئارياییەکان، ئیدی بە لاتینی نەبێت جوان و ئاسان و ڕەوان پێی نانوسرێت.

٢. ئابووری و کات، کە گوایە ئەم جۆرە نووسینە بە "ئەلفبێی عەرەبی" لە ڕووی ئابووری، کات و ئەرکەوە، زۆر لەسەر کورد دەکەوێت.

٣. ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)، تەنێ بۆ دیالێکتی سلێمانی و سۆرانی دەستدەدات و لاتینییە کە بۆ کرمانجی سەروو چاکترەو کرمانجیی ئەگەر بە لاتینی نەنووسرێت، هەرگیز بە باشی پێی نانووسرێت.

٤. زانین لە نێو میللەتی کورددا بە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) ناچێتە سەر.

٥. بیانییان بەم تیپانەی ئێستای زمانی کوردییەوە (تیپی عەرەبی)، ناتوانن فێری کوردیی ببن.

٦. تیپی لاتینی خێراتر کورد پێش دەخات و دەیباتە ڕیزی گەلان و وڵاتانی پێشکەوتووەوە.

بۆ بەرسڤدانەوەی ئەو بیانووانە دەتوانم بڵێم:

ئەگەر زمانی کوردیی یەکێك بێت لە زمانە ئارياییەکان و لە نێو هەرە پێشکەوتووەکانی ئەوانیشدا بێت، وەك هەندێك کەس پێیانوایە، چی داوە لەوەی بە چ تیپێك بنووسرێت، جوان و ئاسان و دروست و ڕەوانە ! خۆ زمانی فارسییش لە زمانە هەرەپێشکەوتووەکانی ئارییە و بە تیپی غەیرەلاتینیش دەنووسرێت، کەچی زۆر جوان و دروست و ئاسان و ڕەوانیشە . بە بەراوردیش ڕێنووسی کوردیی گەلێك لە ڕێنووسی فارسی پێشکەوتووترە، بە تایبەت لە ڕووی چارەسەرکردنی بزوێن (ڤاوڵ) و لابردنی هەندێك کۆنسونانت، کە تایبەتن بە زمانی عەرەبییەوە و هێشتا لە فارسیدا ماون. فارسان هەرگیز گلەیی لە بەختی خۆیان ناکەن و قایلن بەو ڕێنووسەی خۆیان و هەر بەو ڕێنووسەش، هەزاران شاکاریان لە بوارەکانی هزر و

فیلۆسۆف و مێژوو و هەموو جۆرە زانستێکدا نووسیوە و دەنووسن و هەرگیز پێشموانییە، مەگەر خودا سەری لێ شێواندبن، بەتەمای گۆڕینی ئەلفبێیەکەیان بن!

من هەرگیز ناتوانم لەوە تێبگەم، کە بۆ ئەم جۆرە ئەلفبێیە لە ڕووی کات و ئابووری و ئەرکەوە زۆر لە سەر کورد دەکەوێت. دەبێ ئەو لەسەرکەوتنە چ پێوەندێکی بە شێوەی تیپەوە هەبێت! خۆ ئەو تیپانەی کورد پێیان دەنووسێت "تیپی عەرەبی"، لە تیپی چینی، ژاپۆنی، ئەرمەنی ، تیگرینی، ئەمهاری، ئاشووری و عیبری، سەختتر نین. ئێستا تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتن و چاپ و چاپەمەنی و کۆمپیووتەراندنی هەموو بوارەکانی ژیان، بەتایبەت جیهانی چاپ و پەخشکردنەوەی نووسین بە هەموو جۆرەکانییەوەو میدیای بینراو، هەموو جیهانی گرتووەتەوەو کوردیش لێی بێبەش نەبووەو نابێت.

لەوەتی نووسین بە کوردیی هاتووەتە گۆڕێ، کورد بە هەموو زاراوەکانییەوە، بێ جیاوازی، بە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)ی نووسیوەو چ گرفت و کێشەیەکی لەگەڵدا نەبووە. تەواوی ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو و خواروو و هەورامی و لوڕی (باباتاهیر، جزیری، خانی، نالی، مەولەوی، مەحوی و...) هەموو بەو ئەلفبێیە نووسراون تا ئەتاتورك نەهاتبووە سەر کار و ئەلفبێی تورکی نەلاتێنرابوو و "جەلادەت بەدرخان"یش کوێرە ڕێی شوێن پێی تورکانی نەگرتە بەر و ئەلفبێی کوردی نەلاتیناند، ئەم پەتای تیپی لاتینییە، نەکەوتبووە نێو کوردەوە و کوردیش وەك عەرەب و فارس و هەموو ئەوانی دیکەی ئەلفبێی عەرەبی بەکار دەبەن، بە ڕەوشی خۆی قایل بوو. بانگەوازی ئەوەی هەر زاراوە و ئەلفبێیەکی خۆی هەبێت، بێجگە لە کوتکوتکردنی زمانی کوردی و جوێکردنەوە زێتر هیچی دیکە نییە، وەك ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین.

ئەگەر خەڵك لە بڵاوکردنەوەی زانیاری بن و ئەوەیان لا مەبەست و گرنگ بێت، ئەوا بە تیپی بزمارییش بێت، دەتوانن بڵاوی بکەنەوە. ئەگەر بە راوردێکی وەك یەك و دوولایەنی و هاوسەنگ بگرینە بەرچاو، پێموانییە میللەتانێك، کە بە تیپی غەیرە

لاتینی دەنووسن، لە میللەتانێك، کە بە تیپی لاتینی دەنووسن، کەمتر زانیاری و هزر و فەرهەنگ بڵاو بکەنەوە. تۆ بنۆڕە فارس، عەرەب و... کە چەند بە بەرهەمن و چەندین کتێب لە بواری جوداجودا دا دەدەرێنن. چاوێك لە کتێبخانەی ئێرانی (فارسی) بکە بزانە چی تێدا نییە! ئەو مەسەلەیە بە ڕادەی خوێندەواری و پێشکەوتنی هەر میللەتێکەوە بەندە و چۆنیەتی تیپەکە، هیچ ڕۆڵێك لەو بارەیەوە نابینێت. ئاگایی و هۆشیاربوونەوە و پێشکەوتن چ پێوەندێکی بە ئەلفبێ و تیپەوە نییە.

ئەگەر بیانووی بارهێنان و فێرکردنی زارۆك و خوێندن بێت لە فێرگەو خوێندنگەکاندا و نموونەیش زارۆکی کوردی باکووری کوردستان بێت، کە ناتوانن کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی باشوور و ڕۆژهەڵات کوردستان بخوێننەوە، لەبەر ئەوەیە ئەوان بە تیپی کوردیی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕانەهاتوون و نایزانن و کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی سنوور و سیاسەتی تورکیاوە، هەر ناگەنە ئەوان. منداڵی کوردی باکووری کوردستان، نەك هەر بڵاوکراوە و نووسینی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و بە تیپی عەرەبی نووسراو ناخوێننەوە، بەڵکە بە خوێندنەوەی کوردیی لاتینییش هەر ڕانەهاتوون، چونکە ئەوان بە کوردی ناخوێنن و زمانی خوێندنیان تەنێ تورکییە. ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکوردییانەی، کە بە تیپی لاتینی دەنووسرێن، لە ئەورووپا و دەرەوەی کوردستان دەردەچن و بە دەگمەنیش ناگەنەوە کوردستان. واتە: زارۆکی کوردی تورکیا مەگەر لە ئەورووپا، ئەویش ئەگەر زۆر بە تەنگییەوەبن، فێری زمانی کوردیی ببن.

بیانی، بەتایبەت ئەورووپاییان، ئەگەر لە فێربوونی زمانێك بن، چ باکیان بەوە نییە بە چ ئەلفبێ و تیپێك دەنووسرێت. ئەوان کۆمەڵێك فاکتەری دیکە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ فێربوونی هەر زمانێك. لەم ئەورووپایە خەڵکی وا هەبوون و هەن، زمانانی چینی، هیندی، عەرەبی، فارسی، ئاشووری، عیبری، ئەرمەنی و...دەزانن، ڕەنگە

خەڵکی سەر بەو زمانانە خۆیان هێندەی ئەمان، باشی نەزانن. "هێنریك سامۆێل نوبەری– Henrik Samuel Nyberg" سوێدی، کە لە نێوان ١٨٨٩–١٩٧٤دا ژیاوە و پرۆفێسسۆری زمانە "سامی"یەکان بووە لە زانستگەی "ئوپسالا"ی سوێدو فیلۆلۆگ (زمانەوان)، ڕۆژهەڵاتناس و دیرۆکزانی ئایینییش بووە. هەرچی زمانانی عەرەبی، پەهلەوی (فارسی کۆن)، فارسی نویٚ، ئارامی، سریانی، عیبری، ئەمهاری، ئەرمەنی، سانسکرێت و ...دەیانی دیکەی، کە بە تیپی نالاتینیش دەنووسرێن، بێجگە لە زمانانی ئەوروپایی و جیهانیی دیکە، هەمووی زانیوە. زمانی عەرەبی بە زاراوە جیاوازییەکانییەوە بە جۆرێك زانیوە، کە خەڵکی سەر بەو دیالێکتانە، نەیانزانیوە و هەستیان بەوە نەکردووە، کە ئەم پیاوە عەرەب نییە یا کەسێکی سەر بەو زاراوەی خۆیان نییە.

تۆ چاو بدە کەناڵە تەلەڤزیۆنە عەرەبییەکان، جاری وا هەیە ئەوروپایی و ئەمەریکایی و ڕووسی وا، دێنە سەر ئەو کەناڵانەو بە عەرەبی قسان دەکەن و پرسی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی شیدەکەنەوە، هەر دەڵێی عەرەبی، زمانی دایکیانە. بیانییان، کە پێویست و خواستیان بە فێربوونی زمانی کوردیی بوو، کوردیی بە تیپی جنۆکانیش، نەك عەرەبی نووسرابێت، هەر فێری دەبن.

ئەوەی پێیوایە، ئەگەر زمانی کوردیی بە ئەلفبێی لاتینی نووسرا، ئیدی کوردیش دەچێتە ڕیزی گەلە پێشکەوتووەکانی جیهانەوەو زمانی کوردییش وەك، ئینگلیزی، فرانسەیی، ئەڵمانی، ئیسپانیۆلی و... پێشدەکەوێت، هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکات، چونکە شوێن و جێگەی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، ژیاری و... هەر گەل و نەتەوەیەك لە جیهاندا، ئەو پێشکەوتنە دیاریی دەکات. ئەو ڕاستییانەی، دەبنە هۆی پێشکەوتنی گەل و وڵات و زمان، چ پێوەندێکی نزیك یا دووریان بە جۆری ئەلفبێوە نییە و تیپگۆڕینیش بۆ لاتینی نابێتە هۆی پێشخستنی گەل و زمان. ئەگەر وا بووایە، دەبوو زمانی تورکی و وڵاتی تورکیا، کەوا بۆ هەشتا ساڵ دەچێت تیپی لاتینی بەکار دەبەن، ئێستا وەك سوێد و ئەڵمانیا و ئینگلستان و فرانسەو ئەمەریکا

بووایە، و ئیسرائیل، ژاپۆن، چین، کۆریا و... لە ڕیزی وڵاتگەلێکی دواکەوتووی وەك مۆریتانیا، جیبۆتی، کوردستان، ئەفغانستان و... بووایەن، کەچی ڕێك بە پێچەوانەوەیە.

من لە هیچ یەکێك لەو پاساوانەی بۆ لاتینییاندی ئەلفبێی زمانی کوردیی دەهێنرێنەوە، تێناگەم و پێشموانییە کورد نە لە ئێستایدا و نە لە داهاتوویشیدا، بەوەی کە خودانی دەوڵەت بێت یا نە، پێویستی بەوە هەبێت، ئەلفبێی خۆی بگۆڕێت و بیکاتە لاتینی. ئەلفبێ چ پێوەندێکی بەوەوە هەیە، تۆ دەوڵەتت هەیە یا نە! مەگەر ئێران دەوڵەت نییە ! مەگەر ئەفغانستان دەوڵەت نییە ! مەگەر عەرەب پتر لە بیست دەوڵەتیان نییە! مەگەر جوولەکە، ئەسیووپیا، ئێریتریا، پاکستان، ئەرمەنستان، گورجستان، بەنگلادیش و... هەموو دەوڵەت نین! کێ لەوانە بیری لە گۆڕینی ئەلفبێ کردووەتەوە بۆ لاتینی و کام لەوانە لە بەرنە بوونی تیپی لاتینی پەکی کەوتووە!

ئەوەی هەندێك کورد بە کێشەو گرفت نێوی دەبەن، واتە: ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) و وەدووی چارەسەر و دەرمانەوەن بۆی و پێیانوایە تیپی لاتینی ئەو دەرمانەیە، بیرکردنەوەیەکی گۆج و سەقەتەو من بۆ خۆم، هیچ نەخۆشی و دەردێك لە ئەلفبێی کوردییدا نابینم و ئەگەریش کێماسییەك و یا وردە کەلێنێکیش هەبن، ئەوە هەر ناکاتە ئەوەی، نە لە ئێستادا و نە لە داهاتوویشدا، کورد دەستبەرداری بێت و بیکاتە لاتینی. ئەمە وەك ئەوە وایە تۆ خانوویەکی باشت هەیەو تێیدا دەژی و ڕەنگە بڕێك ڕەنگکردن یا چاککردنی پەنجەرەیەکی پێویست بێت و هیچ پێویستییەکی بە تێکدان نەبێت، تۆ بێیت و بیرووخێنیت و بڵێی من لە بری ئەمە خانوویەکی دیکە دروست دەکەم. هیچ خاوەن ئاوەزێك مێژووی چەندین سەدەی خۆی ناسڕێتەوەو خۆی ناکاتە پەند، وەك ئەوەی، کە بە سەرگەلی تورك و تورکیادا هاتووە.

**+ بەکارهێنانی تیپی لاتینی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەتایبەت دوو حزبی دەسەڵاتدار، چ پاساوێکی زانستی هەیە، لە کاتێکدا ئەو ئەلفبێیەی لە ڕابردوو و ئێستاشدا بە ڕەسمیی بەکاردێت لە خوێندن و دیراسە و هەموو بوارە ڕەسمییەکانی تریشدا هەر ئەلفوبێی کوردیی (تیپی عەرەبیی)ە، ئەوە مانای نەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگی ناگەیەنێت؟**

شاکەلی: بەکارهێنانی تیپی لاتینی لە میدیای کوردستاندا و بەتایبەت لە کەناڵی تەلەڤزیۆنەکانی دەسەڵاتەوە، هیچ پاساوێکی زانستی نییەو هەڵەیەکی گەلێك مەزنیشە. ئەو تەلەڤزیۆنانە لە پێشبڕکێیەکی گەلێك خێرادان لەو بوارەدا. تۆ کەمجار بەو ئەلفبێ کوردییەی، کە لە ڕابوردوو و ئێستادا، زمانی فێرکردن و خوێندن و کارگێڕی و فەرمی بووە، نووسین دەبینیت. ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنانە لەگەڵ کەناڵە تورکییەکانی تورکیادا، لەو ڕووەوە، چ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. ئەوە هیچ، کە دەق و ناو و سەردێڕی نووسینەکان و نێوی گۆرانی و نێوی پرۆگرام و زۆری دیکەیش، کە من ئێستاکە وەبیرم نایەنەوە، دەبینی تەنانەت وشەگەلی وەك "هەواڵ، هەواڵەکان، دەنگوباس"، خەریکن لە بەین دەچن و وشەی نیووز "News"ی ئینگلیزی جێگەیان دەگرێتەوەو کە تۆ چاو دەدەیتە تەلەڤزیۆنەکە لەو کاتەیدا، کە نووسراوە " News"، هەر بە ئینگلیزییەکەی، وادەزانیت لە ئینگلستان، ئەمەریکا یا هەر وڵاتێکی دیکەی ئینگلیزی زمانیت. وشەی "سپۆرت"، جێی بە وشەی "وەرزش"، لەق کردووەو کورد وا خەریکە وەرزشی لەبیر دەچێتەوە.

ئەو تەلەڤزیۆنانە و ئەوانەیشی، کە لە پشتیانەوەن و سیاسەت و شێوەو نەخشەی کارکردنیان دادەڕێژن، ئەگەر پێیانوایە ئەو کارە لەبەر کوردی باکووری کوردستان دەکەن، چونکە ئەوان ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) نازانن، ئەوە کارێکی یەکجار سەقەتە. ئەوە بیرکردنەوەو بۆ چوونێکی سیاسیانەیە بۆ کێشەی زمان یا سیاسەتی زمان. ئەگەر ئەوان لە ڕووی یەکیەتی خاك و نەتەوەی کورد و

بەرژەوەندی کوردەوە بیانڕوانیایەتە پرسی زمان، ئەوا هەر ئەو کوردی و ئەلفبێیەی باشووری کوردستانیان بەکار دەبرد و بەوەش کوردی باکووری کوردستان، بۆ خوێندنەوە و لێتێگەیشتنی برێك خۆیان شەکەت دەکرد و چاو و گوێیان بەو جۆرە نووسیانە ڕادەهات. تۆ دەزانی ئەوەی ئەوان دەیکەن، تەمەڵکردنی خەڵکی لاتینی نووس و خوێنەری لاتینییەو هەنگاوێکە بەرەو بە فەرمی ناساندنی ئەو تیپانەو ڕێگە خۆشکردنێکە بۆ بەکارهێنان و بەرەبەرە جێگرتنەوەی ئەلفبێ کوردییەکەی ئێستا و چاوبڕکێیەکیشە لەگەڵ ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهانی مەسیحیدا.

من پێموایە ئەگەر لە سیاسەتدا، دژایەتی ئایین یا ئایینی ئیسلام یا حوکمی ئاخوند و ویلایەتی فەقیە لە ئێراندا، و کۆمونیزم لە سۆڤیێتدا (جاران)، فەرمانڕەوایی دیکتاتۆر و بنەماڵە و تاکەحیزب و تاکەکەس و شۆڤینیزمی عەرەبی لە عیراقدا (سەردەمی بەعس) و لە سووریادا، شۆڤینیزمی تورکی و کەمالیزم لە تورکیادا، سوودێك بە ئۆپۆزیسیۆنی نێو ئەو وڵاتانە یا کورد ببەخشێت، ئەوا ئەلفبێی زمانی کوردیی (تیپی عەرەبی) لە باکووری کوردستان و لە تورکیا، چەکی خۆڕزگارکردنەو دەکرا و دەکرێت سوود لەوە وەربگیردرێت و بەوەش تەنێ بەوە، خۆ لە شۆڤینیزمی تورکی و تورکی بە ئەلفبێی لاتینی نووس و ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجانی بە کریلیکی و هی دیکەنووس، جوێ بکرێتەوە. پێشموایە ئەگەرلە تورکیا، ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان و شوێنانی دیکە، کە ئەوڕۆ بەئەلفبێی لاتینی و کریلیك و شتی دیکە دەنووسن، ئەلفبێ عەرەبییەکەی زمانی کوردیی لە شێوەیەکی نهێنیشدا بمابایەوەو لە نێو خەڵك و مزگەوت و پەناوپێچدا وەك "کلامە پیرۆزەکانی یارسانەکان و زمانی عیبری لە نێو جوولەکەی پەرپەوەی هەموو دنیادا و هەموو جۆرە نهێنییەکی خۆش"، ئەوا تا ئێستاش دەما و لەبەر ئەوەی، کە قەدەغەیش بوو، خەڵك پتر لێی نێزیك دەبوونەوەو فێری دەبوون و وەك چەکی خۆجوێکردنەوەیش، لە ئەلفبێ و فەرهەنگی سەردەست و دەسەڵاتدار بەکار دەبرا.

هەرچی سیاسەتی فەرهەنگییەو ئەوەی پێی دەگوترێ سیاسەتی فەرهەنگی، ئەمڕۆ لە کوردستاندا نییە. سیاسەتی فەرهەنگی بە واتای گرنگییدان بە فەرهەنگ و دەوڵەمەندکردنی و پاراستن و پێشخستنی گشت ژینگە فەرهەنگییەکان. کە دەکاتە هەرچی کاری فەرهەنگی و زمانەوانی و میدیا و چاپ و پەخش و ئەوانەیە، بە گوێرەی نەخشەیەکی تۆکمە و ورد و فرەلایەنە، لە لایەن پسپۆر و شارەزایانی ئەو بوارەوە دابنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی نەتەوە و هەموو ڕەهەندە فەرهەنگی و بەرژەوەندە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بە پشتگریی دەسەڵاتێکی سیاسی دڵسۆز و لێوەشاوە، بخرێتەگەڕ و پێڕۆ بکرێت و بە پێی ئەو نەخشەیە هەموو کارەکان ئەنجام بدرێن، ئەمڕۆ ئەوە لە کوردستان نییەو نابینرێت و هەستی پێ ناکرێت. پاشاگەردانییەکی زۆر ئاشکرا لەو بوارەدا وەدی دەکرێت و هەر کەسێك لەو بوارەدا کار دەکات، ئیدی پێیوایە بۆ خۆی هەوساربەدەستی فەرهەنگ و زمانی کوردییە میرفەرهەنگ و میرزمانە و چۆنی بۆ بلوێ وەهای داڕێژێ. دیارە ئەوەش هەرگیز ئەنجامێکی باشی نابێت و لە وەها بوارێکیشدا کاری تاکەکەسی هەرگیز لەکاری فرەیی و هەرەوەزی سەرکەوتووتر نابێت. لە کوردستان سەرباری وەزارەتی فەرهەنگ، بە سەدان لق و چل و پۆیەوە، هێندەی دەسگا، ڕێکخراو، کۆمەڵ، یانە، یەکیەتیی، گرۆ، دەستەو مەکتەبی کاوێژکار "ڕاوێژکار" و بنکەی فەرهەنگیی لێیە، کە لە ژمارەی نانەواخانە و دەرمانخانەو چاڵاوی ئاوخواردنەوەکان پترن. ئەو دەسگایانەش هێندە ڕۆژنامە، حەفتەنامە، مانگنامە، وەرزنامە، بڵاوکراوە، پەخشخانە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیان لەبەردەستە، کە نایەنە ژماردن. تەواوی ئەوانە مەیدانی پێشبڕکێی پارەخواردن و بە فێڕۆدانی پارەن، کە خەڵکی کوردستان چ پێویستییەکیان پێیان نییە، چونکە ئەگەر ١٪ خزمەت بەخەڵك بکەن، ئەوا ٩٩٪ خزمەت بە دەسەڵات دەکەن و بانگاشە و پرۆپاگەندە بۆ دەسەڵات دەکەن و مێشکی مرۆڤی کوردستانی بۆ دەسەڵات سڕ دەکەن، جا توو خوا ئەوەبوو بە سیاسەتی فەرهەنگی! وەها سیاسەتێکی فەرهەنگی نەبوونی گەلێك قازانجترە لە بوونی بۆ خەڵکی کوردستان.

نەك هەر سیاسەتی فەرهەنگی، بەڵكە سیاسەتی خوێندنیش نییە. فێربوون و بارهێنان و خوێندن، كە دەسپێكی چوونە نێو زەریا و جیهانی زمانە و گرنگترین قۆناخی ژیانە بۆ زارۆكان، كە لەوێوە یەكەم هەنگاو دەنێن بەرەو جیهانی خوێندەواری و فەرهەنگ. زارۆك لەوێوە بنگەی زمانی دادەڕێژێ و لەوێوە خۆشەویستی زمان و فەرهەنگی لا دروست دەبێت و لەوێوە نیشتمانی خۆی دەناسێت. تۆ بنۆڕە سیاسەتی فێركردن و بارهێنان و خوێندن لە كوردستان، كە ئێستا لە چ قەیرانێكدایە! ئێستا دوای نێزیكەی سەد ساڵێك لە خوێندنی زمانی كوردیی لەو وڵاتەدا، وا خەریكە تارمایی مەترسییەكی گەورەی هەڵوەشانەوە و داڕووخانی سیستمی خوێندنی زمانی كوردیی دێتە ئاراوە و هەرچی ڕیسە دەیكاتەوە خوری و هەموو ئەوەی كراوە دایدەتەپێنێت. دەڤەری بادینان وا خەریكی بڕیاردانی ڕەتكردنەوەی ئەو زمانە كوردییەیە، كە زۆر لە مێژە هەم زمانی خوێندن و هەم زمانی فەرمیی خەڵكی كوردستان بووە. ئەگەر ئەوە سەربگرێت و دەسەڵاتی كوردستان چارەسەری نەكات، سبەینێ چوار هەنگاوی گەلێك زیانبەخش و خەتەرناكی بە دوودا دێن و پاش ئەمە بە ماوەیەكی كەم:

١. ئەلفبێی زمانی كوردیی لەو دەڤەرە دەلاتینییێرێ.

٢. خەڵكانی سەر بە زاراوەكانی دیكەی زمانی كوردی (هەورامی، لوڕی و...) و تەواوی بنزاراوەكانی (زەنگەنە، كاكەیی، جموور، زەنگابادی، باڵەكایەتی، خۆشناوەتی، شێزبزەینی، كەڵوڕ، لەك، جاف و...)، هەر هەموو ڕێگەی بادینان دەگرنە بەر و ئەوانیش داوای خوێندن بە زاراوەكانی خۆیان دەكەن.

٣. مامەڵە لەگەڵ زاراوەكاندا وەك زمانی سەربەخۆ دەكرێت و هەر زاراوەیەك بەرەبەرە دەبێتە زمانێكی سەربەخۆ.

٤. ئەودەمە ئیدی بوونی كورد وەك یەك نەتەوە لێكدەترازێ و لە یەك نەتەوەوە دەبێتە چەندین نەتەوە.

له كوردستان نه سياسه‌تی فه‌رهه‌نگی و نه سياسه‌تی خوێندن و نه سياسه‌تی ئابووری و نه سياسه‌تی كشتوكاڵ و نه سياسه‌تی ئه‌له‌كتريك و ئاو و سووته‌مه‌نی و ترافيك و نه هيچ سياسه‌تێكی ديكه، ته‌نانه‌ت سياسه‌تی سياسه‌تيش، نييه. سياسه‌تكار و ده‌سه‌ڵات چ خه‌مێكی جيددی و هه‌نووكه‌يی بۆ مه‌ترسييه‌كان ناخۆن. زۆرجاران هێنده‌ی خه‌ڵكێكی ديكه‌ی ناكورد له خه‌می كورددان، ده‌سه‌ڵاتی كوردييی بۆ خۆی هێنده‌ی خه‌م نييه. بنۆڕه دۆستێكی دێرين و خه‌مخۆری كورد، كه هه‌رده‌م له كورد باشتر ڕه‌وشی كورد ده‌خوێنێته‌وه، چۆن ئه‌و خه‌مه‌ی هه‌ڵگرتووه. تۆ بنۆڕه زانای مه‌زنی تورك "ئيسماعيل بێشكچی"، كه چۆن ڕه‌وشی زمانی كوردی پێ دژواره‌و چۆن چاره‌سه‌ركردنی به كارێكی هه‌نووكه‌يی ده‌زانێت. بێشكچی ده‌ڵێت: "به‌كارهێنانی زمانی كوردی و بنيادنان و گه‌شه‌پێدانی زمانێكی هاوبه‌شی نووسين له نێو كورد دا مه‌به‌ست و ئه‌ركێكی سياسييان تێدايه. ئه‌و ئه‌ركه سياسييه ئه‌مه‌يه: كوردستان ولاتێكی دابه‌شكراو و پارچه‌پارچه‌يه. حاڵی نه‌ته‌وه‌ی كورديش هه‌روايه. سياسه‌تی كۆلۆنياليستانه‌ی (په‌رتكه‌و زاڵبه) خاسه‌تێكی هه‌ڵاورده‌ی هه‌يه، كه نابێ له بيرمان بچێته‌وه‌و چاوپۆشی لێ بكه‌ين. ئه‌م سياسه‌ته ده‌توانێ له هه‌ر كات و شوێنێكدا بچێته به‌رگێكی تره‌وه‌و ده‌ربكه‌وێته‌وه. كۆمه‌ڵی كورده‌واری زۆر به قووڵی دابه‌شكراوه. كورد له توركيا و ئه‌ورووپا تيپی لاتينی و له عيراق و سووريا و ئێران تيپی عه‌ره‌بی و له سۆڤيه‌ت تيپی كليريك به‌كار ده‌هێنن، به‌م پێيه به‌كارهێنانی ئه‌م تيپه جياوازانه، بووه‌ته هۆی ئه‌وه‌ی باش له‌يه‌كتر تێنه‌گه‌ن. جا بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م سياسه‌ته له‌كار بخه‌ين، ده‌بێ تێبكۆشين زمانێكی كوردی هاوبه‌ش، له ڕووی نووسينه‌وه بنياد بنێين. ئه‌م مه‌سه‌له‌يه خه‌باتێكی گورج و گۆڵانه‌ی درێژخايه‌نی پێ ده‌وێ. بۆيه چاوه‌ڕوانكردنی دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌ت و دواخستنی ئه‌م ئه‌ركه بۆ ئه‌و كاته هه‌ڵه‌يه‌كی گه‌وره‌يه. ئه‌و هه‌لۆيسته‌ی كه بايه‌خی پێويست به زمان و فه‌رهه‌نگ ده‌دات، ڕێ بۆ كاروانی بنياتنانی ده‌وڵه‌ت خۆش ده‌كات و نێزيكی ده‌خاته‌وه".

لەوەدەچێت نەك هەرسیاسەتكارانی كورد، بەڵكە خەڵكی ڕووناكبیرو فەرهەنگی و خوێندووی كوردیش، هەندێكیان نەبێت، بە تەنگ زمانی كوردییەوە نەبن و پەرۆشی كێشەكانی نەبن و بڕێكیشیان هەر ئاگایان لەو كێشانە نەبێت. ئەوەی داوای لاتینییاندنی زمانی كوردیی دەكات، هەرگیز بیری بۆ ئەنجامە خراپەكانی ئەو كارە ناچێت و هەر بۆیەش میدیا و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دەكاتە سەكۆ و بڵندگۆی پەرەپێدان و بڵاوكردنەوەی تیپی لاتینی. ئەوانە داهاتووی زمانی كوردی لە پۆشاكێكی لاتینییدا دەبیننەوە، كە بە لای ئەوانەوە ئەوە هەمووشتێكە. كورد نابێ دەستەودامان دانیشێت و چاوەڕێی داهاتوو بكات، داخوا زمانی كوردیی لەسەر دەستی ئەو بەرپرسانەی میدیا و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتدارانی بێئاگای كورد، چی بەسەر دێت یا پێیوابێت، كە ئیدی براوەتەوەو زمانی كوردیی دەلاتینێنرێت و دەبێ بە چەپڵەوە بەرەوپیری بچین. دەسەڵاتداریەتی كوردستان ئەگەر هەست بە بەرپرسیاریەتی دەكات، بۆ خۆی دەبێ ئاگایانەو بەرپرسانە بڕیاری خۆی بدات و چاوەڕێی داهاتوو نەكات، چونكە چەندی ئەو كێشەیە دوابخرێت چارەسەركردنی دژوارتر دەبێت.

پرۆفێسسۆر "بوو ئویتاس —Bo Utas"، پرۆفێسسۆری زمانانی ئێرانی و چەند ساڵ سەرۆكی بەشی ئێراناسی لە ئەنیستیتووی زمانانی ئەفریكایی —ئاسیایی لە زانستگەی ئوپسالا لە سوێد، كە ئێستا خانەنشینە، لە گوتارێكیدا بە نێوی "زاراوە كوردییەكان و زمانی نووسین"، كە بەزمانی سوێدی لە گۆڤاری "vensk- Kurdisk Journal"و لە ساڵی ١٩٨٦دا بڵاوكراوەتەوە، دەنووسێت: "بە كاربردنی سێ جۆرە ئەلفبێی جیاواز بۆ خۆی، گیروگرفتی پراكتیكی دێنێتە پێشەوە... ئەوەی ئێستا لەبەر چاوە ئەوەیە، كە ڕەنگە كەس لەنێو هیچ یەكێك لەو وڵاتانەی، كە ئەو ئەلفبێ عەرەبی، لاتینی و كریلیكییەی تێدا بەكار دەبرێن، ئامادەی ئەوە نەبێت، دەستبەرداری ئەلفبێی تایبەتی خۆی ببێت. هەروەها پێكهاتن لەسەر یەك ئەلفبێ، لەسەر حیسابی ئەوانی دیكە، لە تاراوگەیش، كارێكی سەختە، ئەگەر هەر نەكردە

نەبێت. هەرچی جیاوازییە زمانەوانییەکانە، کە لە نێوان هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکاندا، کرمانجی و سۆرانی، هەن، ئەوانە ئەمڕۆ هێندە گەورەن، کە بێگومان بۆ نێزیککردنەوەیان لە یەکدی، کارێکی یەکجار دووروودرێژ و ئاگایانەی دەوێت. بۆ وەدیهێنانی شتێکی لەو بابەتە، دەسەڵاتێکی نێوەندەکی پێویست دەکات، کە لە سەرووی بەشبەشی و دەڤەردەڤەرییەوە بوەستێ و بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ بەردەوامی و نوێنەرایەتی خەڵکی هەبێت (یا ئامرازی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، کە بەرژەوەندیی لایەك بەسەر لایەکانی دیکەدا بدات). لە کاتی نەبوونی وەها دەسەڵاتێکدا، ڕەنگە لەبارترین ڕێگە ئەوە بێت، کە ئاگایانە هەوڵ بدرێت بۆ تێگەیشتنێکی زێتر لە نێوان زاراوەکاندا، بۆ نموونە بە هۆی ئەوەی، کە ڕێگە بە هەموو دیالێکت جیاوازەکان و شێوەکانی نووسین بدرێت، کە پێکەوە لە چاپەمەنی، خوێندن و وانەگوتنەوە، شانۆ، پەخشی ڕادیۆ و شتگەلی دیکەدا، پێکڤە بڵاو ببنەوە و پێشان بدرێن و ئەمەش شتێکە، کە بێگومان کوردەکان بۆ خۆیان دەبێ خەریکی بن و هەوڵی بۆ بدەن".

کەواتە ئەو دەسەڵاتەی پێویستە بۆ بەگژداچوونی بەشبەشی و دەڤەردەڤەری، نەك هەر ئێستا بەڵکە لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە کوردستان هەیە و ئەمڕۆیش لە هەموو دەمێکی دیکە زیاتر ئەو دەسەڵاتە جێگیرترە و ئەوە ئەرکی ئەو دەسەڵاتەیە، کە ئێستا ئیتر بڕیاری ڕاست و دروست و واقیعییانە بدات و کارێکی وا بکات، کە هەموو ئەو دیالێکتە کوردییانە بەرەو ئەوە نەڕۆن هەریەکەیان ببێتە زمانێکی سەربەخۆ، بەڵکە ئەو زاراوەی، کە جێی خۆی گرتووە، بکرێتە زمانی خوێندن و زمانی فەرمی هەموو دەڤەرەکانی کوردستان و لە پەنایشیدا هەموو زاراوەکانی دیکە لە میدیادا و وەك زاراوەیەکی دەڤەری و لە دەڤەرەکانی خۆیاندا بەکار بهێنرێن. دەسەڵاتی کوردستان گەرەکە لەوە تێبگات، کە زمانی کوردیی ئێستا لە قەیراندایە و لەبەردەم دووڕیانێکدایە و دەبێ هەرچی زووە چارە بکرێت و یەك لەو دوو ڕێیە هەڵبژێدرێت. دەسەڵاتی کوردستان، ئەگەر ماڵوێرانی و کوشتنی زمانی کوردی و بەشینەوەو زێتر

لەتکردنی کوردی دەوێت، ئەوا با تەواوی زاراوەو بنزاراوەکان بە کەیفی خۆیان بکەن و هەموویان ببنە فەرمی و هەریەکەو ئەلفبێیەك بۆ خۆی هەڵبژێرێت و نێوی خۆی لە زاراوەوە بگۆڕێ و بیکا بە زمان، ئەگەریش یەکیەتیی کورد و یەکیەتیی کوردستانی گەرەکە، ئەوا ئەوەی سەدان ساڵە بنیات نراوە و بنگەکەی ئەو ئەلفبێ و زمانە کوردییەی ئێستای باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، نێوی ئەلفبێ و زمانی فەرمی کوردستان (کە ئێستا نیمچە سەربەخۆیە)ی لێبنێن و کێشەکە ببڕنەوە. دیارە ئەوەش، ئەوەی دووەم، بڕیاری دروست و هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاستەو بەوەش ئیدی ڕێگە لەو لاتینییە دەگیرێت. هەرچەندە کوردستان هێشتا نەبووەتە دەوڵەت، لێ ئێستا دەوڵەتۆکەیە، بۆیە من پێموایە زمانی یەگرتووی کوردیی، گەلێك لە دەوڵەتی کوردیی پێویستترە و بە زمانی یەکگرتوو بناخەی دواڕۆژێکی ڕۆشن و چەسپاو دادەنرێت و هەرچی پەلە کردنیشە لە یەکلاکردنەوەی ئەو کارە، زووترو خێراتر بۆ پێشەوەچوونە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کورد. دەسەڵاتی کوردستان ئەگەر ئەوەی پێ نەکرێت ئیدی چی پێ دەکرێت!

**+ بەشێکی زۆر لەو ڕەخنە و تێبینییانەی لەسەر ئەلفبێی گونجێنراوی عەرەبی بۆ کوردیی تۆمار کراون، لە سەردەمێکدا بوون کە دەسگای چاپکردن وەك ئێستە نەبووە، بۆ چاپکردنی نووسینی کوردیی گرفت هاتۆتە پێش، هەروەها لەو کاتەوە تا ئێستە ڕێنووس و ئەلفبێی کوردیی گەلێك دەستکاری کراوە، ئێوە ئەگەر سەرنج لەو تێبینی و ڕەخنانەی ڕابردوو بدەن، تا چەندە ئەمڕۆ ڕاست و دروست دەردەچن؟**

شاکەلی: پێموایە لە وەرامی پرسیارەکانی پێشوودا، باسمان لەو ڕەخنەو تێبینییانەی لەسەرئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) کرد، کە هەندێك کەس دەیخەنە ڕوو. تۆ ئەگەر بنۆڕێتە نووسینە کوردییە کۆنەکانی سەردەمی جزیری و خانی و.. دواتریش نالی و مەولەوی و.. دواتریش شێخ ڕەزای تاڵەبانی و.. دوای ئەوەیش گۆران و... ئیدی تا ئێستا، دەبینیت گۆڕانێکی یەکجار گەورەیان بە سەردا هاتووە.

جاران لەگەڵ ڕێنووسی عەرەبی و فارسیدا، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو. تەنانەت لە سەردەمی دەستپێکردنی خوێندن بە زمانی کوردی لەدا، ڕێنووسی کوردیی وەك ئێستا نەبوو. ئێستاکە زۆر چووەتە پێش و دەتوانم بڵێم هەموو ناتەواوییەکانی زمانی کوردیی پڕ دەکاتەوە. ڕەنگە تەنێ گرفتی ئەلکەسرەلموختەلیسە "الکسرةالمختلسة"، کە بە (ی) دەنووسرێت، ئەمە بڕێك ناجۆرە، بۆ نموونە تۆ بنۆڕە ئەم نێو و وشە عەرەبییانە، کە لە زمانی عەرەبیدا بە"بلال"، "هلال"، "سالم"، "ماهر"، "طاهر"، "صادق" و "حزب" دەنووسرێن، کە دەیانکەیە کوردیی بە"بیلال"، "هیلال"، "سالیم"، "ماهیر"، "تاهیر"، "سادیق" و "حیزب" دەنووسرێن، لێرەدا ئەو تیپی "ی"ە لە نووسیندا لەگەڵ تیپی"ی" ی لە نێوی "سیروان" و "میران" و "هیران"دا چ جیاوازییەکیان نییە، دەبوو بۆ ئەو"ی"انەی لە "بیلال"، "هیلال" و...دا هەن، تیپێك هەبووایە یا ڕەنگە هەر بە"بیلال" و "هیلال" و... نووسرابان، بەڵام بەبێ دانانی دوو خاڵەکانی "ی"ەکە، واتە: تیپێکی"ی"ی بێخاڵ لە شێوەی "ی" ناوەڕاست بەڵام بێ خاڵ چێ کرابا. یا ڕەنگە هەر بەکارهێنانی چوکڵەیەك وەك کەسرەی عەرەبی کێشەکە چارەسەر بکات، دەنگی"وێ" کە بە دوو تیپ دەنووسرێت لەگەڵ نەبوونی دەنگی"وی/ y،ü،û"، کە تا ڕادەیەك پێویستە هەبن، بڕێك بن لە وردە گرفتەکان، تەواوی ئەوانەش زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن، ئەگەر خواستی ڕاست بۆ گۆڕان و چاکسازی هەبێت. لەوانە بترازێت پێموایە هیچ ڕەخنەیەکی دیکە جێی خۆی نییەو مانەوەی ئەوانەیش کاریگەرییەکی خراپ ناکاتە سەر ئەلفبێی کوردیی. تۆ سەیری ئەلفبێی عەرەبی و فارسی بکە، کە بۆ کەسێکی ئەو زمانانە نەزانێت و لە واتای وشەکان تێنەگات، چەند سەختە خوێندنەوەی هەر وشەیەك، دیارە بە هۆی ئەو بزوێنانەوە، کە گەرەکە بەکار ببرێن، هەرچی کوردییە، ئەگەر کەسێکی زمانەکەیش نەزانێت و تێی نەگات، لە بەر گۆڕینی ئەو بزوێنانەی لە عەرەبی و فارسیدا هەن بە تیپ لە کوردییەکەدا، ئەوا کوردییەکە، گەلێك ئاسان و ڕەوان دەخوێنرێتەوە. هەرچی پرسی چاپ و چامەنی و

پەخشخانەو ئەوانەیە، پێموایە ئەمڕۆ لە کوردستان سەدان دەسگای چاپ و پەخشخانە هەن و بە باشترین شێوەیش کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەو حەفتەنامەو مانگنامەو وەرزنامەو سەدان شتنامەو هیننامە دیکە چاپ دەکەن. ئەگەر لە ڕابوردوودا گلەیی و ڕەخنەیەك لە چاپ و بڵاوکراوەی کوردیی بووبێت، تەکنۆلۆژیای چاپ و کۆمپیووتەر ئێستا کارەکانیان هێندە ئاسان کردووە، کە هەرگیز بواریان بۆ هیچ ڕەخنەو گازندەیەك لەمەڕ سەختی بڵاوکردنەوە بە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) نەهێشتووەتەوە. ئێستا زمانی کوردی (بە تیپی عەرەبی) زۆر بە جوانی و ڕێکوپێك و ڕەوان لە کۆمپیووتەر و ئینتەرنێتدا شانبەشانی زمانانی دیکە، کە بە تیپی نالاتینی دەنووسرێن، لەگەڵ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهاندا بە کار دەهێنرێت.

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

# خۆزگە کوردستان هەشت پارچە بوایە و هەشت سنووری دەستکرد یان زیاتریشی هەبوایە بەڵام ئاوا بە دوو ئەلفبێی جیاوازی نەنووسیبوایە



- ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لە دایک بووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواو کردووە.
- لیسانسی مێژووی لە زانکۆی پواتییێ (فرانسا) وەرگرتووە.
- بڕوانامەی مێتریزی لە زانکۆی پاریسی دەیەم تەواو کردووە.
- بڕوانامەی "D.E.A" ی لە زانکۆی پاریسی دەیەم تەواو کردووە.
- کارنامەی دکتۆراکەی بە ناوی (ئەمپراتۆریا، سنوور و خێڵ: کوردستان و کێشەی سنووری تورکی-ئێرانی(١٨٤٣-١٩٣٢) ساڵی ٢٠٠٦ لە زانکۆی پاریسی دەیەم تەواو کردووە.
- ئێستا لەسەر ئەرشیڤخانەکانی فرانسا کار دەکات.
- سەرنووسەری گۆڤاری (کوردناسی)یە.

**+ به ڕای ئێوه هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبی بۆ لاتینی، خوێندنەوەیەکی ناسیۆنالیانەی لە پشتەوە نییە؟ وەك بوترێت: چەندین ساڵە کورد لە ژێردەستی تۆتالیتاریای عەرەبیدا دەچەوسێنرێتەوە، ئەگەر وایە دەتوانین بڵێین بۆچوونێکی ڕادیکالانە و ئاقڵمەندانەیە؟**

نەجاتی عەبدوڵلا: ڕاستیەکەی بە گوێرەی تێگەیشتنی ئێمە ئەم هەولدانە زیاتر نەخوێندنەوەی ڕەسەنایەتی ناوچەکەیە و ئەوەندەی تێنەگەیشتنە لە مێژوو و شارەستانیەتی ناوچەکە، ئەوەندە خوێندنەوەیەکی وەك بەڕێزتان دەڵێن (ناسیۆنالیستی) نییە. من تێناگەم کورد لەوەتەی هەیە هەر دەچەوسێتەوە، پێش ئەوەش نووسین بە ئەلفبێی عەرەبی هەبووبێ کورد هەر چەوساوە بووە. من هیچ پێوەندییێك لە نێوان چەوساندنەوەی کورد و نووسینی کوردی بە (ئەلفبێی عەرەبی) نابینم. هەقە ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین کە کورد بۆ خۆی پاشخانی کولتووری یەکجار هەژارە و لەگەڵ گەلانی دەوروبەر و هاوسێی خۆی هەر بەراورد ناکرێ، بۆیە ئەگەر خۆی لە مێژوو و کەلەپوری شارەستانیەتی ناوچەکە دابڕێ، پێموایە هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات. بەشداریی ئێمە لە کولتووری ئیسلام (وەکوو ئایین و کولتوور) بەشدارییێکی زۆر بەرچاوە تێناگەم بۆ دەبێ بچین بە دەستی خۆمان هەموو ئەو کولتوورە کەونارایە لە ڕەگەوە هەڵتەکێنین؟

**+ بەشێوەیەکی گشتی ئەلفبێی کوردی بەم شێوەیەی کە هەیە بایی ئەوە گرفتی هەیە کە بیر لە گۆڕینی بکەینەوە؟**

نەجاتی عەبدوڵلا: پیتەکانی عەرەبی ئەوەی من پێی دەڵێم ئەلفبێی کوردی (ئەگەر کەم و کوڕیشی هەبێ و مابێ) هێشتا لە هەموو ئەلفبێیەکانی دیکە چاکتر دەنگەکانی زمانی کوردیی دەردەبڕێ و دەکرێ هێشتا چاکسازی زیاتری تێدا بکرێ. بەراوردێك لە نێوان کوردیی نووسینی ساڵەکانی بیستەکان و کوردیی ئێستەکە زۆر بە ئاشکرا زیندوێتی ئەم ئەلفبێیە دیاریی دەکات. ئەم ئەلفبێیەی ئێستە ئێمە وا پێی دەنووسین و دەستکاریمان کردووە، زۆر لە فارس و نەتەوەکانی دیکە زیاتر

دەستکاریمان کردووە و گەلێك زۆرتریش لەوان سەرکەوتووتر بووین لەم دەستکاریکردنەدا. ئێوە سەیری زمانی فارسیتان کردووە خۆ لەچاو ئێمە هیچ دەستکارییێکی وای ئەلفبێی عەرەبییان نەکردووە کەچی هەر دەشڵێن ئەلفبێی فارسی و زۆریش شانازیی پێوە دەکەن، بەڵام ئەی بۆچی ئێمە وا لەم ئەلفبێیە کەوتینە تەقە نازانم بۆ؟ زمانی کوردیی ئەوهێندە لە زمانی فارسی نزیکە، کە بڕێك لایان وایە ئەگەر زمانی فارسی ون بوو دەکرێ لە ڕێگەی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردییەوە دووبارە دروستی بکەنەوە. لە سەرێکی دیکەوە کورد وەکوو ئایین (رەنگە ٩٠٪ یان نزیك لەو ڕێژەیە) موسڵمان بێ و پێوەندییێکی دوورو درێژی بە کولتووری ئیسلام و زمان و سەرچاوەکانی زمانی عەرەبییەوە هەبێ، کەوایە ئێمە هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکەین ئەگەر خۆمان لەم دوو سەرچاوە گەورەیەی شارەستانی واتە: زمانی فارسی و عەرەبی دابڕین. ئەم دوو زمانە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئێمە تەواو جێگەی لاتینی و گریك دەگرنەوە.

**+ ئایا نووسینی کوردیی بە ئەلفبێی عەرەبی ڕێگە لە پێشکەوتنی کولتووری کوردیی دەگرێت؟**

نەجاتی عەبدوڵڵا: ئەوەی پێی وابێ کە نووسینی کوردیی بە ئەلفبێی عەرەبی ڕێگە لە پێشکەوتنی کولتووری کوردیی دەگرێ دەق وەك ئەوە وایە بڵێ جامانەی سەری مرۆڤی کورد ڕێگە لە بیرکردنەوە و پێشکەوتنی مرۆڤی کورد دەگرێ! ! ئەوە ئەلفبێ نییە کە ڕێگە لە پێشکەوتنی کولتووری گەلان دەگرێ، ئەمە ئەگەر ڕاست بوایە دەبوایە شتێك نەبوایە بە ناوی کولتووری ئێرانی، کولتووری چینی، کولتووری ژاپۆنی و دەیان کولتووری دیکە. ئەی بۆچی ئەلفبێ عیبری کە زۆر لە ئەلفبێ عەرەبی ئاڵۆزترە قەد ڕێگەی لە پێشکەوتنی ئیسرائیل نەگرتووە. هەق وا نییە وا بە سادەیی لە شتەکان بڕوانین، ئەوە ئەلفبێ نییە کە کولتووری گەلان پێشدەخات، بەڵکو ئەوە توانای گەلان خۆیانە کە ئەو کارە دەکات. چەندە مانگ و ئەستێرە

ڕێگەیان لە پێشکەوتنی کولتووری کوردی گرتووە، ڕەنگە ئەلفبێی (عەرەبی) زۆر لەوە کەمتریش ڕێگر بووبێ.

**+ یەکێك لە کەموکورتییەکانی ئەلفبێی عەرەبی کە باس دەکرێ، دەوترێ ژێروبۆری دەوێ، ئەمەش بۆ فێرخوازان و نووسەران کاتێکی زۆری پێویستە، بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم گرفتە لە لاتینیشدا دووبارە نابێتەوە؟**

نەجاتی عەبدوڵڵا: باشە من تێناگەم بۆ دەبێ ژێر و بۆر ببێ بە کێشە؟ باشە ئەلفبێی کام لە زمانە زیندووەکانی جیهان هەیە ژێر و بۆری نەبێ؟ بۆ سەیری ئەلفبێی فرانسی ناکەن بڕوانن ئەم هەموو ژێر و بۆرە (é، è، à، ö، ç، ü، û، â) و هیچ کەسێکیش نەیگووتووە ئەم ژێر و بۆرانە کێشەن بۆ زمانی فرانسی. باشە ئەگەر ژێر و بۆر نەبێ چۆن دەتوانین دەنگەکان لەیەك جیابکەینەوە: (ی) لەگەڵ (ێ) یان (و) لەگەڵ (ۆ) , ئەی ئەگەر ژێروبۆر نەبێ کێ دەتوانێ (ترێ) و (تری) لێك جیا بکاتەوە، (کەر) و (کەڕ)، (میز) و (مێز). دووبارەی دەکەمەوە ئەلفبێ هیچ شتێك نییە جگە لە وەسیلەیەك بۆ دەربڕینی دەنگەکان. یەکێك لە ڕووە درێوەکانی ئەلفبێی لاتینی ئەوەیە کە، کۆمەڵێکی زۆر لە دەنگەکانی زمانی کوردیی دەرنابڕێ و هەموو ئەو وشانەی کە پیتەکانی (ع، ح، خ، ق، غ، لامی قەڵەو ڕای قەڵەو)ی تێدایە دەبێ بمرن، واتە زمانی کوردیی بە جۆرێك دەنووسرێ و خوێندنەوەی بە جۆرێکی دیکە دەبێ کە، یەکێك لە دیاردە هەرە نێگەتیڤەکانی زمانە و هەموو ئیستاتیکا و جوانییەکی زمانی کوردیی بەتاڵ دەکاتەوە.

**+ گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبی بۆ لاتینی، نابێتە هۆی پچڕانی نەوەی نوێ لە کولتوورو ئەرشیفی مێژوو ڕابردووی کورد خۆی؟ ئەوە شتێکی مەحاڵ نییە سەرجەمی بەرهەمەکانی ڕابردوو بگۆڕدرێتە سەر ئەم ئەلفبێیە؟**

نەجاتی عەبدوڵڵا: بێگومان ئەمە نەك هەر دەبێتە پچڕانی نەوەی نوێ بە کولتووری کوردیی خۆی، گرفتەکە زیاتر لەوەدایە ئەمکارە دەبێتە هۆی پچڕاندنی هەموو ئە و تاڵەداوە زۆرزەوندانەی کە، کورد بە کولتووری ناوچەکە دەبەستێتەوە.

ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ، وا هەڵکەوتووە و خەتای هیچ کەسێکی تێدا نییە، ئێمە کەوتووینەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێمان خۆشبێ یان نە، حەز بکەین یان نە، ئێمە بەشێکین لە مێژووی ناوچەکە و قەت ناتوانین کوردستان هەڵبگرین و بیگوازینەوە بۆ کێشوەرێکی دیکە. کاری ئاقڵانە و خوێندنەوەی ڕەسەن ئەوەیە ئێمە پێمان لەناو کولتووری ناوچەکە دابچەقێنین و لەوێوە سوود لە کولتووری جیهانی وەربگرین، نەوەکا بە پێچەوانەوە بچین بەرەی ژێر پێمان بدڕێنین. ئێوە بینیوتانە کەسێك قاچی لە هەوا بێت و بتوانێ تەکان بدات بۆ پێشەوە.

**+ ڕەتکردنەوەی ئەلفبێی عەرەبی لە ساڵی ١٩٢٩ لە لایەن ئەتاتورکەوە وەك ڕەتدانەوەیەك بۆ "تیپی عەرەبی" و "ئایینی ئیسلام" کە خۆی ناوی نا (شۆڕشی پیت) هیچ کاریگەرییەکی لە ئاوەزی خوێندەواری کورددا جێ نەهێشتووە؟**

نەجاتی عەبدوڵلا: ڕاستیەکەی ڕۆژهەلات لەوەتای شۆڕشی پیشەسازی ئەورووپا دەستپێکردووە لە بەرامبەر ڕۆژئاوا هەمیشە لە دواوەیە و تا دێ زیاتریش بەرەو دواوە دەچێ. ئەمە لەگەڵ خۆیدا هەر لە دەورانی زووەوە هەستی ڕۆژئاوا زەدەگی هێنایە ناو دەستەی ڕوناکبیرانی عوسمانی و ڕەنگە یەکەمین کەسێکیش لە ناو کورد دا کە بانگاشەی بۆ بیری ڕۆژئاوازەدەگی کردبێ، حاجی قادری کۆیی بووبێ. ڕاستە کەماڵ ئەتاتورك گیانی بە بەر "پیاوە نەخۆشەکە"دا کردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو تاڵەداوە ڕەسەنەکانی مێژوو و شارەستانیەتی چەندین سەدەی عوسمانی هەڵپچڕی. ئێستا تورکێك چاوی باوکیشی دەربکەی ئەگەر بیبەیتە سەر گۆڕی باو و باپیرانی مەگەر (وەرگێڕی لە تورکی عوسمانلییەوە بۆ تورکی ئەوەی پێدەڵێن مۆدێرن لەگەڵ خۆیدا ببات، دەنا قەت نازانێ کامە گۆڕی باپیرانیەتی. هەموو سەرچاوە عوسمانلی و دەکۆمێنتە عوسمانییەکان تەنها ئە و کەسانە سوودی لێوە دەبینن کە لە قوتابخانەی تایبەتیی وانە و دەرسی تورکی عوسمانلی دەخوێنن.

ئەگەر گۆڕینی ئەلفبێی تورکی کاریگەری لەسەر ڕەتکردنەوەی ئیسلام هەبوایە ئەوا نەدەبوو هەرگیز دوای هەشتا ساڵ لە عەلمانیەتی کەمالیزم حزبێکی ئیسلامی حوکمڕانی تورکیا بکات. بە ڕاستی ئەمە وەهمێکە لەناو بڕێك لە خوێندەوارانی ئێمەدا دروست بووە بەوەی کە تیپی (عەرەبی) و جیهانی ئیسلام ڕێگەیان لەوە گرتووە کە کورد پێشبکەوێ. ڕاستیەکەی ئەوە (ئیسلام) نییە ڕێگەی لە پێشکەوتنی کورد گرتووە، بەڵکو ئەوە کورد خۆیەتی کە ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی خۆی، حەزدەکەم لێرەدا ئەوە بڵێم  کە من لێرەدا کە باسی ئیسلام دەکەم مەبەستم لە ئیسلام پێوەندییە ڕۆحانییەکانی خودا و تاکە، واتە ئیسلام وەك (ئایین) نەك وەك (ئایدۆلۆژیا). خۆ دابڕانی کورد لە کولتووری ئیسلام واتە خۆ دابڕان لە مێژووی هەزار و چوار سەد ساڵەی بەشداریی کورد لە کولتووری ئیسلامدا.

**+ دوای بڕیاری ئەتاتورك لەمەڕ ڕەتکردنەوەی ئەلفبێی عەرەبی، بەدرخانییەکان هەرچەندە چەوساوەو ئاوارەی دەستی بوون، بەڵام هەر دوای ئەم بڕیارە ئەلفبێی لاتینییان بەکار هێنا، لای خۆشمان تۆفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٣٣ لە نامیلکەی (خوێندەواری باو)دا داوا لە نوسەران دەکات ڕوو لە نووسینی لاتینی بکەن، مێژووی سەرهەڵدانی ئەلفبێی لاتینی مێژوویەکی کۆن و تولانی هەیە، بۆچی بەدرخانییەکان و تۆفیق وەهبی بەگ لەو مێژووە درەنگەدا کاریان لەسەر ئەلفبێی لاتینی کرد؟**

نەجاتی عەبدوڵڵا: حەزدەکەم ڕاستییەك هەیە بیڵێم ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر کەمال ئەتاتورك وەکوو دەسەڵاتی سیاسیی ئەلفبێی لاتینی بەسەر تورکیا فەرز نەکردبوایە، ئەوا ئیمڕۆ ئێمە قەت کێشەیەکمان نەدەبوو بە ناوی ئەلفبێی لاتینی، بنەماڵەی بەڕێزی بەدرخانییەکان کاتێك ئەلفبێی لاتینی یان بۆ کوردیی باکوور دانا، ئەنجامەکەی گەلێك خراپ شکایەوە. ئێستە کوردی باکوور-ڕۆژئاوا و کوردی باشوور-ڕۆژهەڵات ئەوەندەی ئەم ئەلفبێیە لەیەکی دوورخستوونەتەوە چارەگێکی ئەوە سنوورە تەڵبەندەکان لە یەکی دوور نەکردوونەتەوە. تەنانەت ئەنتەرنێت و

تەكنۆلۆژیاش ناتوانێ و دەستە پاچەیە لە بەرامبەر ئەوەی ئەم بەربەستە تێكبشكێنێ كە هەر بە ڕاستی كوردستانی كردۆتە دوو (كوردستان). ئەمە واقیعێكە ئەوەندەی پێویستی بە چارەسەرە ئەوەندە پێویستی بە ڕاكردن نییە لە و واقیعە كارەساتبارە و بە ڕاستی ئەمە واقیعێكی زۆر تاڵە دەبێ ببێتە جێگەی لێكۆڵینەوە و قسە لەسەر كردنی جددیی. ڕاستە تۆفیق وەهبی سەرەتا داوای لاتینی دەكرد، بەڵام دواتر لە تەرجەمەی واقیعدا و گەلێك زوو پەشیمان بۆوە و ئیدی داوایەكی ئاوای دووبارە نەكردەوە. من پێموایە ئەم وازهێنانەی تۆفیق وەهبی لە نووسینی لاتینی زیاتر ئەنجامی خوێندنەوە و زمانزانی خۆی بووە و بەو ئەنجامە گەیشتووە كە بەڵێ ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی كوردیی دەست نادات و ئەمە بۆ زمانی كوردیی هیچ سبەینێیەكی نییە. بفەرموون بزانن تۆفیق وەهبی ساڵی ١٩٢٥ لە گۆواری (دیاری كوردستان) ژمارە (٥ و ٦) لە وتاری (كوردییەكەمان بە چۆن حەرفێك بنووسین و چۆن بنووسین؟) چی دەڵێ :

**(ئەم مەسەلەیە كۆنە، لە مێژە گەلێ كەسی خەریك كردووە. ئەوانەی باوەڕ بە علمیان ئەكرێ و لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بە دەرەجەیێ زیاتر خەریك بوون ئیدعا ئەكەن كە كوردیی بە حروفی عەرەبی نانووسرێ، ئەڵێن ئەبێ حروفێكی تایبەتی بۆ كوردیی دانێین و یاخوود حروفی لاتینی بە بەعزێ تەعدیلات قەبووڵ بكەین. تاقمێكی تریش هەیە ئەڵێن قەبووڵ كردنی حروفی لاتینی و یا حەرفێكی تر بۆ ئێمە مومكین نییە و دەبێ هەر بە حروفی عەرەبی بنووسین. ئەمجا من هێنام ئەم دوو ئیدیعایەم دوور و درێژ لێكدایەوە، هەرچەندە لە فكرەكەی پێشوودا بەعزێ فەوائیدم دی بەڵام بۆم ساغ بۆوە كە هەر فیكری تاقمەكەی ئاخری بۆ ئێمە زیاتر قابیلی تەتبیقە و فوائیدیشی زۆرترە..)** (بڕوانە تۆفیق وەهبی، " كوردیەكەمان بە چۆن حەرفێك بنووسین و چۆن بنووسین)، گۆواری دیاری كوردستان، ژمارە ٥، ١٢ی مایسی ١٩٢٥، لا: (٥) ، تێبینی: ئێمە ئیملایەكەمان بە ئیملای ئەمڕۆ نووسیوەتەوە). ئەمە خوێندنەوەی زانایەكی گەورەی وەك تۆفیق وەهبی بووە لە ساڵی ١٩٢٥ دا.

**+ هەندێك لە خوێندەوارانی کورد پێیان وایە بەکارهێنانی "ئەلفبێی عەرەبی" گرفتە لەبەردەم ستاندارد بوونی زمانی یەکگرتووی کوردیدا؟**

نەجاتی عەبدوڵڵا: ڕێك بە پێچەوانەوە من پێموایە ئەوە ئەلفبێی لاتینییە کە گرفتە لەبەردەم بە ستانداركردنی زمانی کوردیی. زمانی ستاندارد نە خانووە تا دروستی بکەین و نە دەرگایەکیشە تا دارتاشێك بە ئاسانی دروستی بکات. زمانی ستاندارد هەلومەرجێکی مێژوویی، ئابووری و سیاسیی دەیهێنێتە پێشەوە و دیالێکتێك لە دیالێکتەکان بە حوکمی پێشکەوتن و پەرەسەندن و زۆر پێنووسینی، خۆی بەسەر دیالێکتەکانی دیکەدا فەرز دەکات. من پێموایە هێشتا زووە قسە لەسەر زمانی ستانداردی کوردیی بکرێ. ئێمە هێشتا فەرهەنگێکی یەکگرتووی تەواوی کوردی کوردیی مان نییە چۆن دەتوانین باسی زمانی ستاندارد بکەین. زمانی ستاندارد ئەوەندەی پێوەندی پارەلێلی لەگەڵ دروستبوونی نەتەوە هەیە (لە ڕووی سیاسییەوە) ئەوەندە پێوەندی بە حەز و خولیای تاکە کەسییەوە نییە. من لام وایە کورد هێشتا بە پرۆسێسی بە "نەتەوەبوون" دا تێپەڕ نەبووە. بۆیە هێشتا زووە قسە لەسەر زمانی ستاندارد بکەین، ئێمە هێشتا هەر لە دەورانی ئەمارەتی "بابان" و " بادینان" و "بەتلیس"دا دەژین. هێشتا سنووری ئەم ئەمارەتانە لە نا و "مێشك"ەکان ئامادەن، بۆیە هەرکاتێك توانیمان ئەم سنوورانە لەناو مێشکمان بسڕینەوە ڕەنگە ئەوسا بتوانین قسەیەك لەسەر زمانی ستانداردیش بکەین.

**+ وەك دەزانرێ ئەو ئەلفبێ عەرەبییەی کە چەندین ساڵە بەکاری دەبەین زۆر قۆناغی بڕیوە تا گەیشتووەتە ئەم قۆناغە، ئایا بڕیاردان لەسەر وەلانانی کارێکی وا ئاسانە؟**

نەجاتی عەبدوڵڵا: ئەگەر بە "عەقڵ" و "مەنتیق" بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێم بێگومان بە هیچ شێوەیەك کارێکی ئاسان نییە. بەڵام مێژووی ئێمە ئەو هێندە دیاردەی ناکۆك و نا مەنتیقی تێدایە، مرۆڤ هیچ بە لایەوە سەیر نییە کە کورد پەنا بۆ کارێکی ئاوەها ببات و بڕیار لەسەر کارێك بدات کە دواتر پەشیمانبوونەوەش دادی نەدات.

**+ یەکێ لەو گرفتانەی لە ئەلفبێی عەرەبیدا باس دەکرێ، دەوترێ بۆ فێربوونی کەسانی بێگانە زەحمەتە، ئایا گرنگێتیی فەرهەنگ و کلتورو زمان هەروەها بوارەکانی ئابووری، ئایینی، سیاسیی.. هتد، نابێتە ئەمری واقع بۆ گرنگی دان و هەوڵدان بۆ فێربوونی ئەو زمانە؟**

نەجاتی عەبدوڵلا: ئەگەر بەو شێوە بوایە دەبوایە هیچ کەس فێری ژاپۆنی و چینی نەبوایە. دەورانی عوسمانی کاتێك تورکی عوسمانلی بە ئەلفبێی عەرەبی دەنووسرا، ئەو هێندە ڕۆژهەلاتناس و بێگانە و عوسمانیناس فێری ئەم زمانە بووبوون کە ڕەنگە ژمارەیان زۆر لە ئێستە زیاتر بووبێ. ئەوکات خەڵکانێك مەبەستیان فێربوونی تورکی عوسمانلی بووە زمانەکە فێربوون و بەکاریشیان هێناوە، وەك چۆن بە هەمان شێوە ئێستەش کەسانێك پێویستیان بە فێربوونی تورکی تازە بوبێ فێری بوون. مێجەر سۆن کە کوردیی دەنووسی و زۆر لە کورد ڕاست و ڕەوانتر دەینووسی. من لە پاریس (Michael Chyet)ی ئەمریکیم بینیووە کە کوردیی بە ئەلفبێ ی (ئەوەی پێیدەڵێن عەرەبی) دەنووسی زۆر لە من جوانتر و ڕەوانتری دەنووسی. مەسەلەی فێربوونی زمان ڕادەوستێتە سەر ویستی کەسەکە نەك ئەلفبێی زمانەکە.

**+ دواکەوتوویی کورد وەك میللەتێك، تا چەند پەیوەندیی هارمۆنییان بە بەکارهێنانی ئەلفبێی عەرەبییەوە هەیە؟**

نەجاتی عەبدوڵلا: کاکە وەلاهی چەند شێخ زوبێر و شەکسپیر پێوەندیان بەیەکەوە هەیە، ڕەنگە دواکەوتوویی کوردیش زۆر لەوە کەمتریش پێوەندیی بە ئەلفبێی عەرەبییەوە هەبێ.

**+ دەوترێت "ئەلفبێی عەرەبی" ئەم دەستەواژەیە تا چەند دروستە؟**

نەجاتی عەبدوڵلا: کاکە وەلاهی ئەم ئەلفبێیە خواهەڵناگرێ عەرەبی نییە و هەموو عەرەبی جیهان کۆبکەیتەوە یەك دێری کوردیان بەو ئەلفبێیە پێناخوێندرێتەوە. فارسەکانیش وەکو ئێمە ئەم ئەلفبێیە بەکاردەهێنن وئەوان هەر

دەڵێن ئەلفبێی فارسی، خۆ ئەگەر بەهەق بێت ئێمە زۆر لە فارسەکانیش زیاتر دەستکاری ئەم ئەلفبێیەمان کردووە، باشە بۆچی ئێمەش پێی نەڵێین ئەلفبێی کوردیی؟ جا باشە ئەوە ئەگەر ئەلفبێی عەرەبیشی پیَ بلێین چ نەنگیەکە بۆ ئێمە؟ چ ڕۆژێك عەرەبێك هاتووە وبەردەرگەی لێگرتبین و داوامان لێبکات بلیّ هەردەبیّ ئەم ئەلفبێیەمان بدەنەوە دەنا ناڕۆمەوە؟ هەق نییە وا بە تەسکی بڕوانین و بەرچاوی خۆمان نەبینین.

**+ لە کتێبی (پرسیارەکان هێشتا تینوی وەرامن)دا فەرهاد شاکەلی دەڵێ: کورد دووجار تووشی لێکترازان و دابەشبوون بووە، جاری یەکەم دوای دابەشبوونی کوردستان و چەسپاندنی سنوورە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتە تازە دامەزراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکرد، بەڵام دابڕانی دووەم کە خەتەرناکترو قوڵترە، بەلای ئەوەوە دوای پەیدابوون و تەشەنەکردنی ئەلفبێی لاتینی ڕویدا. ئەم دەربڕینە ـ دابەشبوونی ئەڵفبێی نووسین ترسناکترە لە دابەشبوونی خاك و جوگرافیا ـ بەنیسبەت منەوە شۆکێك بوو، چونکە دابەشبوونی یەکەم دیاریی دوژمنەکانمانە، بەڵام دابەشبوونی دووەم دیاری خۆمانە، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

نەجاتی عەبدوڵڵا: ئەمە سەد لەسەد ڕاستە، دەزانی بۆ؟ ئێستە خۆ سنوور لە نێوان کوردستانی باکوور و کوردستانی باشوور بە بەراود لەگەڵ جاران شتێکی وا نییە، کەچی نە ئێمە دەتوانین کاری ئەوان بخوێنینەوە بە لاتینی و نە ئەوان دەتوانن کارەکانی ئێمە بخوێننەوە. بۆ کوردی باشوور ڕەنگە فێربوونی خوێندنەوە بە کوردیی لاتینی بە قەد خوێندنەوەی ئینگلیزیی سەخت بیّ ئەگەر زیاتریش نەبیّ. بە پێچەوانەشەوە بۆ ئەودیویش هەمان شتە. ئێستە هەموو تەکنۆلۆژیای سەردەم ناتوانیّ وا بکات کوردی باکوور و باشوور یەکتر بخوێننەوە، ئەی ئەمە ئەگەر کارەسات نەبیّ چییە، بڕوا بکە من گەلێکجار خۆزگە بەوە دەخوازم کە خۆزگە کوردستان هەشت پارچە بوایە و هەشت سنووری دەستکرد یان زیاتریشی هەبوایە

بەڵام ئاوا بە دوو ئەلفبێی جیاوازی نەنووسیبوایە و بە یەك ئەلفبێ بیانووسیبوایە. ڕەنگە مرۆڤ نەتوانێ خەیاڵی ئەوە بکات کە ئەوەی سنوورەکانی ئەم دوو ئەلفبێیە لە ناو مێشکی ئینسانی کورد دا دروستی کردوون چەند کارەساتبار و کوشندەن.

**+ دەربارەی ئەو ڕایە چی دەڵێیت، کە پێی وایە کتێبخانەی کوردی هێندە دەوڵەمەند نییە، دەتوانین کتێبە هەرە گرنگەکان بگۆڕینە سەر تیپی لاتینی؟**

نەجاتی عەبدوڵڵا: جارێ مرۆ کاتێك دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە پێشتر بڕیاری ئەوەی دابێ ئەلفبێی خۆی بگۆڕێ بۆ لاتینی. من لە وەڵامی ئەم پرسیارە بە پێچەوانەوە پێم وایە کتێبی نووسراو بە لاتینی ڕەنگە خۆی لە سەدا یەك یا سەدا دووی ئەوەش نەدا کە بە ئەلفبێی کوردیی نووسراون. کتێبێکی مالمسیانژ بەمزوانە بە ئینگلیزی بە ناوی (The past and the present of book publishing in Kurdish Language in Turkey and Syria) بڵاوبۆتەوە لەوێدا هاتووە کە لە ١٩٢٣ تا ساڵی ٢٠٠٥ واتە بە درێژایی ٨٢ ساڵ، هەموو ژمارەی کتێبی چاپکراوی کوردیی (بە کورمانجی) لە تورکیا و لە سوریا هەمووی (٦٢٨) کتێبە، بۆیە ڕەنگە بە پێچەوانەی پرسیارەکەی ئێوە من بڵێم ئێمە زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەم کتێبانە بگۆڕینە سەر ئەلفبێی کوردیی، ئەوە لە حاڵێکدا ئەگەر پێویستمان بەو کتێبانە بوو، دەنا خۆ دەکرێ هەروا لە ئەرشیڤی کتێبخانەی کوردی دایانبنێین.

**+ ئەم ئەلفبێیەی ئەمڕۆ ئێمە بەکاری دەهێنین بە چەند جۆرو ناو بەکار دەهێنرێ لەوانە: پیتی (عەرەبی، ئەلفبێی گونجێنراوی فارس، عەرەبی بۆ کوردی،.. هتد)، بەڕای ئێوە ناوی بابەتیانە بە نیسبەت کوردەوە بۆ ئەلفبێکەی چییە؟**

نەجاتی عەبدوڵڵا: وەڵاهی کاکی من، لای من ئەو ئەلفبێیەی کە ئێستە من ئەو وەڵامەی پێدەنووسم، هەر (ئەلفبێی کوردی)یەو هیچ ناوێکی دیکە هەڵناگرێ.

**+ ئەوەی ئەمڕۆ هەیە لە بارەی پیتی لاتینییەوە پرۆژەیە، یاخود تەنیا قسە پشتگیریی کردووە، ئەگەر نا بە چ پاساوێك کەناڵە ئاسمانییەکانی ئێمە لە خۆڕا چوونەتە ژێر باری ئەو کارەو تیپی لاتینی بەکار دەهێنن، ئایا ئەوە پێویستی بە بڕیارێکی ئەکادیمی سیاسیی نییە؟**

نەجاتی عەبدوڵلا: وەڵاهی ئەوەش خێر و بێری دەستکەوتی ململانێی حزبایەتی و خەڵك ڕاکێشانە. مەسەلەیەکی کوردیی هەیە دەڵێ بێ پێیەکان بگرین بە پێیەکان هی خۆمانە. ئەوان ماشەڵلا کوردی باشووریان گرتووە و هەوڵی ئەوە دەدەن کوردە "بێ پێیەکانیش" بۆ خۆیان بگرن. دواجار ئەنجامەکەشی هەم کوردە بە پێیەکان و هەم کوردە بێ پێیەکان زەرەرمەند دەبن.

**+ ئێستا بەشی زۆری خوێندەواری کورد بە تیپی لاتینی دەخوێنێتەوە و دەنووسێ وەك لە کوردستانی باکور و ڕۆژئاوا، بەڵام بەشی زۆری فەرهەنگ و کولتووری کوردیی بە تیپی عەرەبی نووسراوەتەوە، سەرەنجامی ئەم دابڕانە گەورەیە دەبێ چۆن بێ؟**

نەجاتی عەبدوڵلا: من قەت لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم کە بەشی زۆری خوێندەواری کورد بە لاتینی بخوێنێتەوە و بنووسێ. جارێ جگە لەوەی ڕێژەی کتێبی لاتینی بۆ کتێبی کوردیی بە ئەلفبێی کوردیی ڕەنگە کەمتر لە یەك بەرامبەر سەد بێ و ئەگەر زۆر کەمتریش نەبێ. جگە لەوە ئەمساڵ لە فێستیڤالی بەدرخان لە بەرلین برادەرانی لە کوردستانی باکوور هاتوو باسیان لەوە دەکرد کە کتێبێك ئەگەر بە کوردی لاتینی چاپدەکرێ لە هەموو کوردستانی باکوور سێسەد دانەشی لێنافرۆشرێ. جا نازانم چۆن ئێوە لاتان وایە بەشی زۆری خوێندەواری کورد بە لاتینی دەخوێنێتەوە. ڕاستە کوردستانی باکوور لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە نزیکەی نیوەی هەموو دانیشتوانی کوردستان دەبێ. بەڵام نابێ ئەو ڕاستیەمان لەبیربچێ کە مەسەلەی پێشکەوتنی زمان پێوەندیی بەوە نییە داخۆ چەند کەس زمانی قسە کردنیان ئەو دیالێکتەیە، بەڵکو پێوەندیی بە ڕادەی خزمەتکردنی زمان و نووسین و پەرەئەستاندنی زمانەکەوە هەیە.

جەمال عەبدول:

# ئەلفبێی لاتینی یەکێکە لەکێشەکانی بەردەم دروستبوونی زمانی پێوانە( ستاندارد )ی کوردیی



. بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ١٨/١٠/١٩٤٠ لە گەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لە دایکبووە.

. ساڵی ١٩٦٣ بەشی کیمیای کۆلێژی پەروەردەی زانستگەی بەغدادی تەواو کردووە.

. ساڵی ١٩٩٢ بووەتە یەکەم پارێزگاری شاری سلێمانی لە دوای ڕاپەڕین.

. ساڵی ١٩٩٤بووە بە وەزیری ڕۆشنبیری.

. خاوەنی چل پرۆژەیە لە کتێب و نووسین و ئامادەکردنی کتێبەکانی پرۆگرامی پەروەردە.

**+ بەڕای ئێوە ئەو نووسەر و ڕوشنبیرە کوردانە کارێکی زانستیانەو عەقڵمەندانە دەکەن ئەگەر لە بەرانبەر ستەمی نەتەوەی عەرەبدا ئەوان پێشنیاز یا خود بیر لە گۆڕینی (ئەلفبێی عەرەبی) بکەنەوە، وەکو کاردانەوەیەك بەرانبەر ئەو ستەمە ؟**

جەمال عەبدول: بە باوەڕی من، هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبی بۆ لاتینی، ئەگەر خوێندنەوەیەکی ناسیۆنالانەیشی لە پشتەوە بێ و بووبێ، ڕەوا نییە و نەبووەو ڕەنگە زۆرتر لە و بارودۆخە ئاڵۆزو تایبەتمەندەی کوردەوە هاتبێ، کە ئەوەتەی کورد هەیە چەوساوەو وڵات پارچە پارچە کراوو ماف پێشێلکراو بووەو نەك هەر تا ئێستای سەدەی بیست و یەکی هەزارەی سێیەم لە سێ پارچەی وڵاتەکەیدا ناتوانێ بە ئازادی بە زمانی خۆی بدوێ و بخوێنێ و بە خۆی بڵێ کورد، بۆیە منداڵی کورد هەر کە چاوی کردۆتەوە هەستی بە کەلێن و ناتەواوییەك کردووە لە بوونی خۆیداو سەیری کردووە (ئەگەر بواریش درابێ دایك و باوکی لە ناو ماڵدا بە کوردیی بدوێن) زمانی ئاخاوتن و خوێندنی جیاوازەو نابێ بە زمانی خۆی بخوێنێت و بدوێ و نایشبێ هیچ لە بارەی مێژووی نەتەوەو جوگرافیای وڵاتەکەیەوە بخوێنێت و بزانێ و..! ئاخر ئەبێ ئەو منداڵە هەست بە چی بکات و چۆن بڕوانێتە خۆی و داگیرکەرو ماف زەوتکەرو بکوژی نەتەوەکەی؟! ئاخۆ ئەگەر هەستێکی وای لا دروست ببێ و لە ناخ و نەستیدا بچەسپێ کە ئەویش وەك هەموو نەتەوەیەکی تری ئەم دنیایە زمانێکی تایبەتی خۆی و ئەلفبێ و نووسینێکی خۆی و هەموو شتێکی تایبەتیی خۆی هەبێ ناهەقێتی؟

بەڵام، لە لایەکەوە ئەوە چارەنووس و بارودۆخی کوردەو بیەوێ و نەیەوێ نەك هەر عەرەبی داگیرکەری دووپارچەی وڵاتەکەی، بەڵکو فارس و تورکی چەوسێنەرەوەو داگیرکەری دووپارچەکەی تریشی هەر بە ئەلفبێی عەرەبی ئەنووسن و وەك ئێمە بەشداری کەلتوری ئیسلامن، بەڵکو هەرسێکیان (عەرەب و فارس و تورك) ئاقڵانە ئایینەکەیان دەستەبەر کردووە بۆ خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان و سەدان ساڵ

ئیمپراتۆرییەتیان پێ دروست کردووەو ئێمەو زۆر نەتەوەی تریشیان پێ کۆیلە و ژێردەستە کردووەو چەوساندۆتەوە، سەرباری هەمووئەم ڕاستییە تالانەیش هەرگیز ڕاست نییە تازە خۆمان لەو کەلتوورە هاوبەشە دابڕین، چونکە دەیان ساڵە ئەو ئەلفبێیەمان گونجاندووەو کەلتوورێکمان پێ نووسیوە و ناشوکریش نەبێ کەلتووری خۆیشمان ئەوەیە کە هەیەو بە تۆزی پێی دەوروبەرەکانیشماندا ناکەین و پێویست ناکات بە دەستی خۆمان ماڵی خۆمان وێران بکەین و جێگرەوەیەکی تریشمان نییە..!

**+ بەلای بانگەشەکارانی ئەلفبێی لاتینییەوە، ئاریشەو گرفت لە تیپەکانی (ئەلفبێی عەرەبی)دا هەیەو لەگەڵ ڕۆح و دەنگەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێن؟**

جەمال عەبدول: پاش ئەو دەستکاری و چاکسازیی و مشت و ماڵ و ئارایشت و هەوڵ و کۆششەی زاناو زمانەوانانی کورد لە تیپەکانی ئەلفبێی عەرەبیدا کردوویانە، بۆ پێ دەربڕینی دەنگە کوردییەکان و ئەو کەلتورە چاپکراوانەی دەیان ساڵە ئەو ئەلفبێیە ئەنووسرێن، ئێستا ئەگەر ناتەواوییەکیشی مابێ، هێشتا لە هەموو ئەلفبێیەکانی تر باشتر دەنگەکانی زمانی کوردیی پێ دەرئەبڕدرێت و لەو گەلانەی ئەو تیپە عەرەبییانە بەکاردێنن زۆرترو سەرکەوتووتر دەستکاریمان کردووەو بە بەریشییەوە ماوە هەرکاتێك پێویستی کرد چاکسازیی تریشی تێدا بکرێت و بێگومان بە خۆدابڕینمان لە بەکارهێنانی ئەلفبێی عەرەبی، هەڵەیەکی زۆر گەورە ئەکەین، کە خۆمان لەو دوو سەرچاوە گەورەیەی شارستانی (زمانی فارسی و عەرەبی) دابڕین.

**+ دەگونجێ (ئەلفبێی عەرەبی) ڕێگە لە پێشکەوتنی کەلتووری کوردیی بگرێ؟**

جەمال عەبدول: بێگومان نەء، نەك هەر نووسینی کوردیی بە ئەلفبێی عەرەبی ڕێگە لە پێشکەوتنی کەلتووری کوردیی ناگرێت و گیروگرفتی بۆ دروست ناکات، بەڵکو بەو هۆیەوە سوود لە کەلتووری فارسی و تورکیی عوسمانیش (کە بە ئەلفبێی

عەرەبی ئەنووسرا) وەرئەگرێ و دەوڵەمەندتر ئەبێتو، ئەوەی کەلتوری گەلان پێش ئەخات، کۆشش و توانستی ڕۆڵەکانی و خەمخۆری و بەتەنگەوەبوونێتیی.

**+ یەکێك لە کەموکورتییەکانی ئەلفبێی عەرەبی کە باس دەکرێ، دەوتری ژێرو بۆری دەوێ، ئەمەش بۆ فێرخوازان و نووسەران کاتێکی زۆری پێویستە، بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم گرفتە لە لاتینیشدا دووبارە نابێتەوە؟**

جەمال عەبدول: جارێ ئەلفبێی هەر زمانێك، هۆیەکە بۆ دەربڕینی دەنگەکانی، لە ئەلفبێی هیچ زمانێکدا، سەروبۆرو ژێر، نەبۆتە کێشەو تەنانەت هەموو زمانە زیندووەکانی جیهانیش ئەو سەرو ژێرو بۆرەیان هەیە، تەنانەت لە لاتینیشدا کە دەنگە کوردییەکانی پێ دەرئەبڕدرێت، وەك: Ç بۆ (چێ)، Ê بۆ (ئێ)، Ħ بۆ (حی)، Î بۆ (ئی)، (Ĺ) بۆ (ڵ)، R̈ بۆ (ڕ)، Ş بۆ (ش)، Ẍ بۆ (غێ)و .. تاد، کە ئەمەیش یەکێکە لە ناتەواوییەکانی ئەلفبێی لاتینی، کە کۆمەڵێك دەنگی زمانی کوردی دەرنابڕێ ئەگەر ئەو پینەو پەڕۆیەی بۆ نەکرێت..، هەربەو جۆرە، ئەلفبێی فرەنسی و ئەڵمانی و ڕووسی و .. تاد.

**+ گۆڕینی ئەلفبێی نەتەوەیەك، تاچەندکاریگەری خراپ لەسەر ئێستاو ئایندەی نەتەوەکە دادەنێ، لەو ڕووەوە کە پەیوەندی ئەو نەتەوەیە لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا نێوانێکی تێدەکەوێ؟**

جەمال عەبدول: بێگومان، ئەمە نەك هەر ئەبێتە هۆی پچڕانی نەوەی نوێ لە کەلتووری کورد خۆی، ئەیشبێتە هۆی پچڕانی لە کەلتووری هەموو ئەو نەتەوانەی دەرو دراوسێش کە ئەلفبێی عەرەبی بەکاردێنن، کوردیش سوودی لەو کەلتوورەی ئەوان وەرگرتووەو وەرئەگرێت، بۆ نموونە، ڕەنگە لە ئەرشیفی تورکی عوسمانیدا (کە بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراون)، ملیۆنەها بەڵگەنامە هەبێ کە پەیوەندییان بە مێژووی کوردو هەموو ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەوە هەیە کە بە سەر کوردو نەتەوەکانی تری ژێردەستی فەرمانڕەوایی عوسمانی هاتوون، ئێستا ئەو بەڵگەنامە

گرنگانه، نه کوردەکانی باکووری کوردستان (ئەوانەی کە بە ئەلفبێی لاتینی ئەنووسن و نە ئەو تورکانەیش کە لە دوای بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی و قەدەغەکردنی ئەلفبێی عەرەبی لە لایەن ئەتاتورکەوە هاتوون) ناتوانن سوودیان لێ وەربگرن و بەوەیش لە کەلتوورو شارستانێتیی سەدان ساڵی دەسەڵاتی عوسمانی دابڕاون، هەر بەو پێیەش کوردی باکووریی بە ئەلفبێی لاتینینووس، سوود لە کەلتووری کوردی باشووریی بە ئەلفبێی عەرەبینووس وەرناگرن، بۆیە داواکارم سەرکرایەتیی سیاسیی دڵسۆزانەو بەزووترین کات فریای کێشەکە بکەوێت و چارەسەرێکی نەتەوەییانەو بەرپرسانەی بکات و بە بڕیارێکی بوێرانەی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەو زمانەی کە (٣٦) ساڵە کتێبەکانی خوێندنی هەموو قۆناغەکانی پێ نووسراوەو زمانی فەرمیی حکومەتی کوردستانی جنوبی و دەوڵەتی جمهوریی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەو بەرەو بوونە زمانی پێوانە (ستاندەر) هەڵئەکشێت بکرێتە زمانی وەرگێڕان و پێنووسینەوەی ئەو کتێبانەو زمانی فەرمیی سەراپای دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو مامۆستایانی کوردستان و دواتریش هەموو قوتابیانی کوردستان فێری هەردوو شێوەزمانە سەرەکییەکە بکرێن، بە کردنەوەی دەورەی چڕو پڕو زانستی و نوێباوو درێژخایەن لە لایەن پسپۆڕان و خەڵکی شارەزاو بە زووترین کات ئامادەکردنی فەرهەنگێکی فراوانی کرمانجیی باکوور/ کرمانجی باشوورو بایەخپێدان و کارتیاکردنێکی هەرتەرو دڵسۆزانە، بۆ لێك نزیکخستنەوەو گەشەو پێشخستن و کارپێکردنی فراوانی کرمانجی باکوور بەپێی بەرنامەیەکی زانستی و نوێباو لە لایەن دەزگاو دامەزراوە پەروەردەیی و فەرهەنگیی و زانستییەکانەوەو وەك وانەیەکی دەری پۆل و بە شێوەیەکی فەرمی ئەلفبێی لاتینی بە شێوازێکی لێکۆڵراوەی زانستی لە قۆناغی (٧) یان (٨) یان (٩)ی خوێندندا فێری قوتابی بکرێت.

**+ یەك لە كێشەكانی تری زمانی كوردیی نەبوونی ڕێنوسی یەكگرتوو زمانی ستاندەری كوردییە، خەڵكێك پێی وایە (ئەلفبێی عەرەبی) یەك لە هۆكارەكانی سەرەكییەكانی ئەو كێشەیەیە؟**

جەمال عەبدول: بەپێچەوانەوە، بەكارهێنانی ئەلفبێی لاتینی، خۆی یەكێكە لە كێشەو گرفتە گەورەكانی پێوانانـدنی زمانی كوردی و یەكێكی تری گرفت و كۆسپە گەورەكانی ئەو ڕێیە، نەتەوەییانە بیرنەكردنەوەو بە چاوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەوە نەڕوانینە كێشەكانەو زمانی پێوانەیش بە تاكەكەس و بڕیارو دەزگاو دامەزراو نایەتە دی و دروست نابێ و هەل و مەرجێكی مێژوویی، ئابووری و سیاسیی ئەیهێنێتە پێشەوە و شێوە زمانێك بە پێی گەشەو پێشكەوتن و پەرەسەندن و زۆرپێنووسینی خۆی بەسەر شێوە زمانەكانی تردا ئەسەپێنێ.

**+ كورد وەك نەتەوەیە، هەر دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان چ ئەلفبێی نووسین چ زمانی ئەدەبی یەكگرتوو ڕێكبخات، بۆ ئەو كارە بەڕای تۆ دەبێ چی بكرێت؟**

جەمال عەبدول: وازهێنان و وەلانانی ئەلفبێی عەرەبی و ئەو كەلتوورەی پێی نوسوراوە، یان ئەلفبێی لاتینی و ئەو كەلتوورەی پێی نووسراوەو ئەنووسرێت، نەك هەر ئاسان نییەو كاری كردە نییە، بەڵكو هەڵەو تاوانێكی گەورەیە بەرانبەر كەلتوری نەتەوایەتیی كورد بە گشتی، كە هەرگیز پاساوو لێبوردنی نییەو بە دەستی خۆماڵی خۆ وێران كردنە، با لە جیاتی ئەوەی كتێبە بەلاتینی نووسراوەكان وەربگێڕینە سەر تیپی عەرەبی یان بە پێچەوانەوە، كە ئەوەندەی تر كەلتووری كوردی دوا دەخات و ڕەنجمان بە با ئەدات و كات و هەوڵ و ماندووبوون و تێچوونێكی وای پێویستە، نە پێمان هەڵئەسورێ و نە بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەكەیشمان ڕێگەمان ئەدات، لە لایەكەوە ئەم زمانەی ئێستا هەیەو كاری پێ ئەكرێت و زمانی یەكگرتووی ئەوانەیە كە بە هەموو بەشەكانی كرمانجیی خواروو ئەدوێن، بەوانیشەوە كە بە شێوەزمانی گۆران و تاڕادەیەكیش ئەوانەی كە بە لوڕی ئەدوێن، بەڵام ئەم شێوە نووسینە،

هێشتا نەبۆتە شێوە نووسینی ئەوانەی بە کرمانجی ژوورو دەدوێن، کە لە ڕووی ژمارەوە، زۆرینەی کوردن، کەواتە ئەم زمانە، نەبووە بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی کورد، بەڵام هەروەك نەبووە بەو زمانە یەکگرتووە، ناشتوانین بڵێین ئێستا کورد دوو زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەیە، چونکە هەر لەوکاتەدا کە ئەم زمانە، لە سەردەمی بابانەوە تا ئێستا زمانی ئەدەبیی ناوچەیەکی فراوانی کوردستانەو لە ساڵی (١٩٢٢)ەوە، زمانی خوێندن و نووسینی بەشی زۆری ئەو ناوچەیەیە، زمانێکی تر نابینین کە لە دەوری بابانەوە تا ئێستا بەو شێوە فراوانەو بەو بەردەوامییە زمانی ئەدەبیات بووبێت و لە هیچ شوێنێکی تری کوردستاندا بە کوردی خوێندن نەبووەو نییەو زمانی کوردیی بە ڕەسمی نەناسراوە تاکو شێوەیەکی تر ببێتە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو تەنانەت لە ناوچەیەکی تەسکیشدا.

ڕاستە، بەشی بۆتانیی کرمانجیی ژووروو لە دەورێکداو تا کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم، لە ناوچەی خۆیدا زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو بووەو لە کاتێکدا ئەدەبیاتی پێ نووسراوە کە ناتوانین بڵێین بە کوردیی خوێندن و نووسین هەبووە، چونکە زمانی ڕەسمیی خوێندن مزگەوت (کە تاکە شوێنی خوێندن بووە لە کوردستاندا)، عەرەبی و تا ڕاددەیەکیش فارسی بووە، بەڵام ئەو زمانە ئەدەبییە پاش لەناوچوونی میرنشینی بۆتان و بادینان کشایەوەو پەرەی نەسەند، هەرچەندە تاك و تەراو تا ئێستایش، شاعیر هەبووە (وەك مەلای جزیری لە بۆتان و فەقێی تەیران لە هەکاری و عەلی هەریری لە شەمدینان و خانی لە بایەزیدو شێخ محەممەدی مەغریبی و بەکر بەگی ئەرزی لە بادینان) کە شیعریان پێ نووسیوە، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە ئەدەبیاتەکەیان لە سنووری ناوچەکەی خۆیان ببەنە دەرەوەو ئەو هەوڵە مەردو جوامێرانەیی بەدرخانییەکانیش کە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانیان بە بەشە دیالێکتیی بۆتان دەرکردو ویستیان ئەو شێوەیە بهێنێتە کایەوەو گەشەی پێ بکەن و بەرەو پێشی بەرن، بە هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی باکوری کوردستانەوە سەری نەگرت و کپ بوو..!

بۆیە، ئێستاو لەم بارودۆخە ناسك و ئاڵۆزە سیاسییە چارەنووسسازەی کورددا، ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە بەشی بادینانیی کرمانجیی ژووروو (نەك بۆتانی)، زامنی خوێندن و نووسین و ئەدەبیات بێت، وەك هەندێ نووسەرو شاعیری ناوچەی بادینان ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان، کە بە بەشی بادینانی کرمانجیی ژووروو بنووسن، کە بە هۆی ناهەمواری و نەگونجاویی بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی کوردەوە، زمانێکی بۆ ئەو مەبەستە بەکار نەهێنراوو کارپێنەکراوو خزمەت نەکراوو نەگونجێنراوو مشت و ماڵ نەکراوو ساز نەکراوو ئەو بەشە دیالێکتە نەبۆتە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو نەك لە باشووری کوردستان بەڵکو تەنانەت لە خودی بادینانیشدا، چونکە تا ئێستا نەبووە بە زمانی ڕەسمیی دەوڵەت و زمانی خوێندن و نووسین و کەم کەسی شارەزای وا هەن کە بتوانن بە شێوەیەکی ئەدەبیی سادەو ڕەوان بە بادینانی بنووسن و نووسینەکانیان بچێتە ناو خەڵکەوەو تەنانەت گەر کتێبەکانی خوێندن، بە بادینانی بنووسرێ، ئەوەندە بادینانینووسی توانامان نییە کە لیژنەکانی کتێب نووسینیان لێ دروست بکەین و دەبێتە هۆی دواکەوتنی بە کوردیی خوێندن لەو ناوچەیەدا، وەك ئەوەی لە سەرەتای شۆڕشی ١٤/ی تەمووزی ١٩٥٨دا، دەتوانرا خوێندن لە بادینان بکرێت بە کوردیی، بەڵام ئێمە لە جیاتی قۆستنەوەی ئەو دەستکەوتە، خەریکی مشت و مڕو بگرە بەردەی چەشنی کتێب و جۆری دیالێکت بووین، تا ئەو توانستە لە دەست چوون ئەوەبوو ئەو لەدەستچوونە (١٢) ساڵی خایاندو خوێندن لە بادینان بە عەرەبی مایەوە، کە ئەگەر دۆزە مەزنە نەتەوەییەکەیش ڕەچاو نەکرێت، دیارە قوتابیی بادینان نەك بەم کوردییەی ئێستا، بەڵکو ئەگەر بە شێوەی پەتیی شاری سلێمانیش بخوێنێ، سوود زۆرتر وەردەگرێ وەك لەوەی بە عەرەبی بخوێنێ و بێگومان منداڵێکی بادینان لە شێوەی سلێمانی باشترە دەگات، وەك لەوەی منداڵێکی عەرەبی بیابانی نەجد یان هۆڕی عەمارەو سەعیدی میسر لەو کتێبانەی خوێندن دەگات کە بە عەرەبی فەسیح نووسراون.

خۆ ئەگەر ئەوەیش بسەلمێنین کە بە بادینانی نووسین سەردەگرێ، ئەوا لە پاڵ هەموو ئەنجامی دووریدا، ئەو ڕاستییەیش هەیە، کە ئەو نووسینە هەر بۆ بادینان دەست دەدات و نابێتە زمانی ئەدەبی بۆ هەموو ئەو ناوچانەی بە کرمانجیی ژوورو دەدوێن، چونکە تا ئێستا، ئەدەبییاتی کرمانجیی ژوورو هەر بە بۆتانی بووەو لە کێشەی سروشتیی بەشە شێوەو شێوەکاندا دیارە کە بۆتانی بە ئاسانی شوێنی خۆی بۆ بادینانی چۆڵ ناکات و شێوەی بۆتان، لەبەر ئەوەی کە لە بادینانی زۆرتر پێی نووسراوە، نەرمتر و پێشکەوتووترو گونجۆکتر بووەو خەڵکی باشووری کوردستانیش زۆرتر تێی دەگەن، جگە لەوەی کە بادینانی، بەشێکە لە پێنج بەشی کرمانجیی ژوورو (بۆتانی - هەکاری - بادینانی - بایەزیدی - ئاشتایی)و زۆربەی خوێندەوارانی ئێستای بادینان، ناتوانن نەک هەر چەشنی نووسینیان لەگەڵ بۆتانیدا یەک بخەن، بەڵکو باش لە بۆتانییش ناگەن.

کەوابێ: دەبێ چۆن بنووسین و زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان چۆن بێ؟

وەک وتمان، زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی نەتەوە، مێژوو دروستی دەکات و ئارەزووی تاکەکەس و دەستەیەک ناتوانن کاریگەر بن لە بەرەوپێشچوونی مێژوودا، ئەوەندە نەبێ تاکەکەس دەتوانێ ڕێڕەوی ڕاستەقینەی مێژوو بەدی بکات و لەگەڵیدا بڕواو پاڵ بنێ بە خێرا ڕۆیشتنیەوەو نەبێتە کۆسپ لە ڕێگەیداو نەبێتە هۆی خاواندن و دواخستنی ئەو بەرەوپێشچوونەی.. !

بێگومان کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تری دنیا، زوو یا درەنگ، زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی خۆی دروست دەکاو، دەبێتە زمانی ڕەسمیی خوێندن و نووسین و ئەدەبییاتی هەموو کورد، کە ئەو زمانە، هیچ یەکێک لەم شێوانەی ئێستا نییە، هەرچەند روخسارو کاریگەریی شێوەیەکیانی زۆرتر پێوە دیار دەبێ، کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوویش پێک هات، مانای وانییە شێوەی ئاخاوتنیش دەبێتە یەک، بەڵکو کوردی هەر لایەک وەک خۆی دەدوێ، بەڵام هەموو کورد وەکو یەک دەنووسن.

دیاره، شێوەیەك دیمەنی لەوانی تر زۆرتر بە زمانی ئەدەبیی یەكگرتووەوە دیاردەبێ، بەڵام زۆر هێمانەی (ڕەگەزی) تێكەڵی شێوەكانی ئێستای تیادەبێ و، لە هەر شێوەیە شتێك و پێڕەوە ئاسانەكانی گراماتیك و لە ڕووی دەنگزانیشەوە زۆرتر ئەو شتانەی كە لە هەموو شێوەكاندا یەكن، یان لە زۆربەیاندا لەیەك دەچن، خۆمان لە زمانی ئەدەبیدا دەچەسپێنن، بۆ وشەو فەرهەنگیش، ئەوا ئەو زمانە ئەدەبییە، تا دێت فراوانترو دەوڵەمەندتر دەبێ و وشەی هاوتای تێدا زۆرتر دەبێ.

پاش ئەوەی بڕیاریاندا، كە دەبێ لە سەراپای باشووری كوردستاندا، یەك چەشنە كتێبی خوێندن هەبێ نەك دوو، ئەوسات دەبێ لە كتێبەكانی خوێندنەوە دەست پێ بكەین، دەبێ دانەرووەرگێڕی كتێب كە جاران بە دەربەستی تێگەیشتنی قوتابییانی سلێمانی و هەولێر و كەركووكەوە بووە، ئەمڕۆ دەبێ بەدەربەست تێگەیشتنی قوتابیی بادینانیشەوە بێ، بۆیە دەبێ لە نووسین و داڕشتنی كتێبدا لە ڕووی گراماتیك و فۆنەتیك و فەرهەنگەوە ئەو پێڕەوو وشانە بەكاربهێنرێن، كە لە هەموو شێوە زمانەكاندا یەكن، ئەوەیشی كە جیان، ئاسانترینیان بەكاربهێنرێ و وردە وردە، قوتابیی فێری پێڕەوەكەی بەرانبەری بكرێ تاكو لە ئەنجامدا پاش چەند ساڵێك كە هەر خوێندەوارە، چەند پێڕەوێكی جیاوازی زانی، چێژی گشتی ئەوە دەدۆزێتەوە كە ئاسانترو ڕەوانترە، ئەمە بۆ فەرهەنگ و وشەزانییش تەواو ڕاستە، كە قوتابی بەرانبەر بە زۆر وشە چەند هاوواتایەكی زانی، وردە وردە، یا یەكێك لەم هاوواتایانە لە زمانی ئەدەبییدا جێگر دەبێ، یا ئەو وشانەی كە ئێستا لە زمانی ئەدەبییدا یەكن، ئەوسا هەر لەو زمانەدا چەند وشەیەكیان بەرانبەر دەبێت، كە دەچنە زمانی ئەدەبیی هەموو نەتەوەوەو لە سنووری ناوچەی خۆیان دەچنە دەرەوە.

ئەو زمانی خوێندن و نووسین و ئەدەبیاتەی بەم چەشنە دروست دەبێ، گەر ئێستا دیمەنی دەرەوەی بەشە شێوەی سلێمانی بێ و جەوهەرەكەی تێكەڵیی بەشەكانی كرمانجیی خواروو و هەندێ لە دیالێكتی گۆران و لوڕی تێدابێ، ئەوا لە

هەنگاوی یەکەمدا، ئەندازەیەک پێڕەوو وشەی بادینانی تێکەڵ دەبێ و تا دێت ئەو ئەندازەیە زۆرتر دەبێ و ئەویش لە تێکەڵەی کارلێککردنی ڕاستەقینەو زیندووی ناو بۆتەی ژیاندا جۆش دەخواوو کارلێك دەکاو قاڵ دەبێ و شتێك لە روخسارو ناوەڕۆکی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی ئەمڕۆی باشووری کوردستان دەگۆڕێ و والەو زمانە دەکا، کە بە تەواوی ببێتە زمانی یەکگرتووی هەموو خۆرهەلات و باشووری کوردستان، بە جۆرێك لە ئێستا زۆرتر شایستەی ئەوەبێ کە ببێ بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی کورد، هەرچۆن دروستبوونی ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە خۆی شتێکی میکانیکی نییە، هەروایش ناتوانین لە ئێستاوە، وەك دەرمانێکی گیراوە ئەندازەی هەر هێمانەیە (ڕەگەز) یا هەر شێوەزمانەی تێدا دەستنیشان بکەین، یان بڕیار بدەین کە بە چەند ساڵ ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە پێك دێ.

چونکە، هەروەك زمان هۆی بەستنی ئادەمیزادە بە کۆمەڵەوەو لە کۆمەڵدا پێك دێ، هەروەهایش ئەو تێکەڵبوون و دروستبوونەیش، تەنیا ڕووداوێکی زمانەوانیی نییە، کە کۆمەڵ و پەیوەندیی و ڕووداوە سیاسی و ئابووری و شۆڕشگێڕییەکانی کاری تێ نەکەن، لەبەر ئەوە، زۆر دوور نییە کە ژیان خۆی، بەو هەموو بەسەرهاتانەوە کە دەیهێنێ، زۆر لەم تابلۆو کارنامانە بگۆڕێ کە ئێستا وا لەبەرچاوی ئێمەو نەخشەی بۆ دەکێشین، یان ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوی ژیان کاریگەرتر بێ لە پەیدابوونیدا، یان زۆر زووتر لەوەی کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە دروستی بکات.

بەوپێیە، ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی وا دروست دەبێ، کە ئێستا لەبەرچاومانە، زۆر لەوەی ئێستا زیاتر دەتوانێ بچێتە ناو هەموو ناوچەکانی کرمانجیی ژووروووەوە، ئەگەر توانستی وایش پەیدا بوون کە وەك ئەمڕۆ دەتوانین خوێندن لە بادیناندا بکەین بە کوردی، لە باکوری کوردستانیشدا منالی کورد بە زمانی خۆی بخوێنێ و کوردی ئەو ناوچەیەیش ڕێگەی پەرەپێدانی ئەدەبیاتیان

هەبێت، ئەوا ئەوسایش هەموو پرسەکانی ئێستای ئێمە دووبارە دەبنەوەو ئەوسا لەسەر بناغەیەکی نوێ نەخشە بۆ زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەموو کورد دادەنێین کە هەر مێژوو خۆی دروستی دەکا، بەڵام ئەم ئەزموونەی ئێمە، تەواو ڕێگای ئەو یەکگرتنە خۆش دەکاو ئاسانتری دەکا، ئەوکاتە، نەتەوەی کوردیش، وەك هەموو نەتەوەکانی تری دنیا، بە چەند شێوەو بەشە شێوەزمانێك دەدوێ، بەڵام بە یەك جۆر دەنووسێ، کە (زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کورد)ە.

محەمەدی مەلا کەریم:

# دوور نییە لە تورکیا بە گشتی و کوردستانی تورکیاش، لە ئەنجامی سەرهەڵدانی شەپۆلی ئیسلامگەراییدا، بیر لە گەڕانەوە بۆ "ئەلفبێی عەرەبی" بکرێتەوە



- ساڵی ١٩٣١ لە بیارە لە دایکبووە.
- خوێندنی مەلایەتی لای باوکی تەواو کردووە.
- کۆمەڵێك دانراو و لێکۆڵینەوەو وەرگێرانی بە زمانی کوردی و عەرەبی هەیە.
- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی کورد.
- ئێستا ئەندامی ئەکادیمیای کوردییە.

**+ ئەمڕۆ مشتومڕێکی گەرم لەسەر گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبی هەیە بۆ لاتینی. ئێوە هەر لە سەرەتاوە چۆن بەشداریی لەم مشتومڕەدا دەکەن، ڕای خۆتان بە تەواوی چۆن دەردەبڕن؟**

محەمەد مەلا کەریم: وتەیەکی باوی عەرەبی هەیە ئەڵێ: "المرء عدو لما جهله"، واتە: مرۆڤ دوژمنی شتێکە کە نەیزانێ. منیش، وەك کەسێکی لە حوجرەی فەقێ خوێندووی، بە درێژایی تەمەنی پێ نەناوە قوتابخانەی میریی، شارەزای ئەلفبێی لاتینی نیم. لەبەر ئەوە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ناڕازیی خۆم لە گۆڕینی ئەلفبێی ئێستای کوردی دەربڕم کە ئەلفبێیەکی عەرەبییەو ئەندازەیەکی زۆر دەستکاری کراوە تا وای لێ هاتووە ئەمڕۆ تا ڕاددەیەکی باش بە دەنگی پێویستییەکانی دەنگی کوردییەوە دێت، دڵنیام لەوە کە لایەنگرانی گۆڕینی ئەلفبێی کوردیی بە ڕەسەن عەرەبی بە ئەلفبێی لاتینی، ئەڵێن ئەوە خۆی ئەلفبێی لاتینی نازانێ، بۆیە دژی گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبییە بەم ئەلفبێیە.

لە وەڵامی ئەم قسەیەدا ئەڵێم: من نکوولی لەوە ناکەم کە ئەگەر ئەلفبێی لاتینیم بزانیایەو بمتوانیایە پێی بنووسم و بخوێنمەوە، لەوانەبوو هەڵوێستم بەرانبەر گۆڕینی ئەلفبێی بەبنەچە عەرەبیی ئێستای کوردیی بە ئەلفبێی لاتینی جۆرە جیاوازییەکی لە هەڵوێستی ئێستام ببێ، بەڵام هەموو لایەك لەوە دڵنیا ئەکەمەوە کە هەڵوێستی ئێستام، کە هەڵوێستی تەواوی تەمەنی هوشیاریی کولتوریمە، بە هۆی نەزانینی نووسین و خوێندنەوە بە ئەلفبێی لاتینییەوە نییە، بە دڵیش حەزم ئەکرد هەموو جۆرە ئەلفبێکانی لاتینیم بە باشی بزانیایەو بمتوانیایە پێیان بنووسم و بخوێنمەوە، ئەگەر ئەم بەهرەیەم هەبوایە لە خوێندنەوەی بەرهەمی برا کوردەکانی سۆڤیەت، برا کوردەکانی تورکیا، برا کوردەکانی سوریا، بەرهەمی هەر کوردێك لە هەرکوێیەك، کە بە ئەلفبێی لاتینی بنووسێ، بێبەش نەئەبووم.. بەڵام هەڵوێستی من کە هەڵوێستی ناڕەزاییە لە گۆڕینی ئەلفبێی کوردیی ئێستا بە ئەلفبێی لاتینی، لە سەرچاوەی ترەوە دێ و هێزی خۆی وەرئەگرێ.

من ڕازی نیم ئەلفبێی ئێستای کوردیی بکرێ بە ئەلفبێی لاتینی لەبەر کۆمەڵێك هۆ:

١ـ ئەلفبێی چ عەرەبی و چ لاتینی هەردوکیان ئەلفبێیەکی لەبنەڕەتدا بە دەنگی کوردیی نامۆن و هیچیان، بە حاڵی خۆیان، پڕ بە پێستی دەنگی کوردیی نین، لەبەر ئەوە گۆڕینی هیچ کامیان بەوی تریان بەرایەتییەك بۆ ئەلفبێ پێ گۆڕراوەکە، بەش بە حاڵی دەنگی کوردیی، ناهێنێتەدی.

٢ـ ئەلفبێی عەرەبی کە هەر لەو ڕۆژەوە کوردی موسوڵمان دەستیان داوەتە نووسینی لە پێشاندا شیعرو لە پاشاندا پەخشان بە زمانی کوردی، کورد بە دەستکارییکردنیەوە خەریکن و ویستوویانەو ئەیانەوێ کارێکی وای لێ بکەن باشتر بە فریای دەنگی کوردییەوە بێت و بۆی بشێ، لەم بوارەیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاویان وەدەست هێناوە، ئەو بابەتانەی کە هێشتا بە چارەسەنەکراوی ماونەتەوە لە بواری نووسینی وشەی کوردیدا بە ئەلفبێی عەرەبی زۆر کەمن و لام وایە ئەم جۆرە گرفتە لە زۆر زمانی جیهانیدا هەیە، ئەگەر ئێمە دڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە بسووتێنین لە چەند ساڵێکی کەمی داهاتووداو بە بەستنی چەند سیمینارێك بۆ کۆڵینەوە لە چۆنیەتیی نووسینی دەنگی کوردیی بە ئەلفبێی عەرەبی ئەتوانین ئەوانەیش چارەسەر بکەین.

٣ـ ئێمەی کورد میللەتێکی موسوڵمانین و کولتوورێکی هەزارو چوارسەد ساڵیی هاوبەش لەگەڵ عەرەب و فارس و پاشان تورك و لەسەر بنەمای کولتووری ئیسلامییمان هەیە، ئەم کولتوورە لە هەموو وڵاتانی عەرەب و بەشی زۆری وڵاتانی ئیسلامدا بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراوەو ئەنووسرێ. هیچ قازانجێکیش لەوە وەرناگرین کە خۆمان لەم مێژووە دابڕین، بەڵکو بە پێچەوانەوە تووشی زیانێکی قورس ئەبین، چونکە ئەبێ ئەرکی گەورەو گرانی وەرگێڕانی هەرچی کولتوورمان هەیە بۆ ئەلفبێی لاتینی بخەینە ئەستۆی خۆمان کە دەیان ساڵ خەریکمان ئەکاو ڕێگای پێشکەوتنمان لێ ئەگرێ و لە ئاگاداربوون لە هەموو کولتووری کۆن و نوێ و داهاتووی عەرەب و وڵاتە موسوڵمانە بە ئەلفبێی عەرەبی نووسەکانمان بێبەش ئەکا.

٤ـ وەرگێڕانی چوار ملیۆن کوردی عێراق لە ئەلفبێی کوردیی ئێستاو گواستنەوەیان بۆ ئەلفبێی لاتینی و نووسین و خوێندنەوە بەو ئەلفبێیە، ئەمانکا بە چوار ملیۆن نەخوێندەوار یا نیمچە خوێندەوار کە تا ماوەیەکی زۆر بەو حاڵە ئەمێنێتەوەو لەوەپاشیش هەموومان ناتوانین بگەینەوە بە کاروانی تازەکەوتووە رێی بە ئەلفبێی لاتینی نووساندا.

کارێکی وا گەورەترین ئاژاوەی کولتووری لە کوردستانی عێراقدا بەرپا ئەکاو میللەتی کوردی عێراق هەمووی بە جارێ ئەشڵەژێنێ، لەوانەیشە ببێ بە مایەی سەرلێشێوانی حوکوومەتی هەرێم و بیخاتە مەترسییەوەو دووریش نییە ببێ بە مایەی بەرپاکردنی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی شۆڤێنی لە کوردستاندا، چونکە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی وەك گۆڕینی ئەلفبێی کوردیی ئێستا بە ئەلفبێی لاتینی بێ ئەوەی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی لە پشتەوە بێ بە زۆری زۆرداری بیسەپێنێ وەك مستەفا کەمال لاتینیی لە تورکیادا سەپاند، زۆر زەحمەتە سەر بگرێ.

٥ـ ئەلفبێی لاتینییش لەخۆیدا چەند جۆری هەی، لە هەرشوێنێ لەو شوێنانەی بەم ئەلفبێیە ئەنووسن جۆرێکیان بەکار ئەهێنن، ئەگەر ئێمەیش بمانەوێ ئەلفبێی لاتینی بەکار بهێنین هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنراو شك نابەین ئەوەمان پێ بسەلمێنێ کامیان لەوی تریان شایانترە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنین.

٦ـ لە چوارچێوەی فیدراڵیزمی کوردستانی عێراق و عێراقی یەکگرتوودا ناکرێ میللەتی کوردو عەرەب هەریەکە ئەلفبێیەکی جیا لە هیی ئەوی تر بەکار بهێنێ.

لەگەڵ هەموو ئەمەیشدا من بە جەختەوە داوا ئەکەم هەر لە ئێستاوەو لە قۆناغی خوێندنی ناوەندییەوە دەست بکرێ بە فێرکردنی ئەو ئەلفبێ لاتینییەی براکوردەکانی تورکیامان بەکاری ئەهێنن بە قوتابییانی کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی وەچەی نوێمان فێری ئەم ئەلفبێیە ببن و لە ئاگاداربوون لە بەرهەمی برا کوردەکانی کوردستانی تورکیامان بێبەش نەبن و بتوانن بیخوێننەوە. ئەگەر ئەمەمان بۆ کرا بە ئاسانی ئەیشتوانین تا ڕاددەیەکی باش لە بەرهەمی برا کوردەکانی کۆمارە باشوورییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جارانیشمان ئاگادار بین.

**+ ڕایەك هەیە گوایە زمانی كوردیی لە بنەڕەتدا سەر بە خێزانی زمانە هیندۆ ئورووپاییەكانە، زمانی عەرەبییش سەر بە زمانە سامییەكانە، لێرەوە هەندێ كەس پێیان وایە گونجاو نییە زمانی كوردیی بە پیتی عەرەبی بنووسرێ؟**

محەمەد مەلا كەریم: من هیچ جۆرە بەڵگەییەك لە یەكێتیی نەژادی هیندۆ ئۆرووپاییی گەلی كوردو هەندێ لە گەلانی ئورووپادا نابینم كە ئەلفبێی لاتینیمان بۆ بكا بە ئەلفبێیەكی باشتر لە ئەلفبێی ئێستای كوردیی بە ئەسڵ عەرەبی بۆ پێنووسینی زمانی كوردیی، چونكە ئەبێ بزانین ئەم هاوڕەگەزییە چۆن ئەبێ بە بەڵگە بۆ ئەوەی كە بۆ ئێمە وا باشترە بە ئەلفبێی لاتینی بنووسین نەك بە ئەلفبێی كوردیی ئێستای بە ئەسڵ عەرەبی، ئەی چۆن بوو لە هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەوپێشەوە هەموو گەلانی موسوڵمان بە ئەلفبێی عەرەبی نووسویانەو تیایدا شارەزا بوون و لە زۆر حاڵەتیشدا لە عەرەب خۆیان جوانتر و باشتر نووسیویانەو بەكاریان هێناوە.

**+ بە ڕای تۆ بەكارهێنانی پیتی لاتینی لە كەناڵە كوردییەكاندا چ مانایەكی هەیە، لە كاتێكدا كە ئەلفبێی ڕەسمی لە دام و دەزگاكانی كوردستاندا ئەلفبێی عەرەبییە ؟**

محەمەد مەلا كەریم: زەحمەتە بۆ كەسێكی وەك من بتوانم ڕازی دڵی ئەو كەسانە بخوێنمەوە كە بەرپرسی دەنگوباسی كەناڵە كوردییەكانی كوردستانن و ئەلفبێ لاتینی لە دەربڕینی ناوونیشانی هەواڵ و بابەتەكانی كەناڵەكانیاندا بەكار ئەهێنن. لەوانەیە هەندێ كەس لایان وابێ ئەو كەسانە ئەیانەوێ هەروا بەخشكە جێگەی ئەلفبێی كوردیی ئێستا بە ئەلفبێی لاتینی بگرنەوە، بەڵام ئەگەر كەسانێك هەبن نیازێكی وایان لە دڵدا بێ ئەوا من دڵنیایان ئەكەم نیازی وا بەم شێوەكارە بۆ كەس ناچێتە سەر.

له لایەکی پراکتیکییشەوە من هیچ بەلامەوە خراپ نییە خەڵك وردە وردە لە ڕێی ئەو سەرە دێڕە لاتینییانەوە چەردەیەك فێری خوێندنەوەو نووسینی چەشنێك ئەلفبێی لاتینی ببن، ئەوە هیچ زیانێك بە کەس نابەخشێ، بەڵکو ئەتوانرێ بیشوترێ بۆ ئەو برا کوردانەی تورکیامان سوودبەخشە کە تەماشای کەناڵە کوردییەکانی کوردستان ئەکەن.

من پێم باشە لەگەڵ سەردێڕە لاتینییەکاندا بە نووسینی کوردیی خۆیشمان بنووسرێ بۆ سوودی کەسانێك کە بە خوێندنەوە باشتر لە هەواڵەکان ئەگەن تا بە بیستن.

**+ هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبی بۆ لاتینی بە ڕای تۆ نیازو مەبەستێکی ناسیۆنالیستانەی لە پشتەوە نییە کە کورد بۆ ماوەیەك ژێردەستەی دەستەڵاتێکی عەرەبی بووە؟ ئەگەر وایە، ئەوە تا چەند ڕایەکی بابەتییانەیە؟**

محەمەد مەلا کەریم: من، بەش بە حاڵی خۆم، دژی هیچ بیرێکی ناسیۆنالیستی نیم هەر بە مەرجێ نەبێ بە ناسیۆنالیزمێکی شۆڤێنی، بەش بە حاڵی ئێمەی کورد، نەبی بە دوژمنی گەلانی عەرەب و فارس و تورك کە گەلانێکی دراوسێمانن و لەگەڵ هەموو ڕابووردوویەکی ناخۆشیش لە ژێر سێبەری حوکمڕانانی دیکتاتۆری عەرەب و فارس و تورکدا، من لام وانییە هیچ مایەیەکی ڕاستەقینەی دوژمنایەتی لەگەڵ یەك لە نێوان گەلی کوردو گەلانی عەرەب و فارس و تورکدا هەیە، بەڵکو دۆستایەتی و خەباتی هاوبەش لە ئارادایە.

ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی تریشەوە من حەز لەوە ناکەم بە چێو لە تاریکی وەشاندن کەس بە هیچ تاوانێك گوناهبار بکەم، بەڵام بە دووری نازانم کەسانێکی وایشمان تێدا هەبێ لە بەر سوودمەندیی ئەلفبێی لاتینی بۆ دەنگی کوردی، نا، لەبەر ڕقی خۆیان لە عەرەبان، بیانەوێ ئەلفبێی ئێستای کوردیی بە ئەسڵ عەرەبی وەرگێڕرێتە سەر لاتینی. دیارە بیرو بۆچوونێکی وا هیچ جۆرە بابەتیەتێکی تێدا

نییەو لەوە ئەچێ کابرایەکی هیندیی هەر لەبەر ئەوە کە هیندستان ساڵەهایەکی دوورو درێژ ژێردەستەی ئینگلیز بووە ئێستا بیەوێ زمانی ئینگلیزی لە هیندستاندا قەدەغە بکا، جا ئاخۆ بیرو بۆچوونێکی وا چەندی بەچەند ئەبێ؟

من مادەم خۆم لەبەر ئەو هۆیانەی لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ڕوونم کردنەوە لایەنگری گۆڕینی ئەلفبێی کوردیی ئێستا بە لاتینی نیم و دژیشمی و لایشم وا نییە هەروا بە قسەی کۆمەڵێك خەڵك ئەتوانرێ پیتی کوردیی ئێستا لە ناودا نەهێڵرێ و پیتی لاتینیی لە جێ دابنرێ. مەبەستیشم نییە هەوا خواهانی گۆڕینی ئەلفبێی کوردیی بە ئەلفبێی لاتینی لەبەر چ هۆیەك ئەوەیان ئەوێ، بەڵێ ئەگەر بۆم دەرکەوت کەسانێك بە مەبەستی دوژمنایەتی کردنی گەلی عەرەب ئەو دروشمە چەوتەیان هەڵگرتووەو بیرۆکەیەکی زانستی ئەکەن بە قەڵغان بۆ ئامانجێکی نادروستی سیاسیی، چەندم پێ بکرێ لە دژیان تێدەکۆشم و ڕووی ڕاستەقینەیان بۆ جەماوەری گەلی کورد دەرئەخەم و دەمامکی لێ ئەکەمەوە. بەڵام ئەگەر مەبەستەکە ئەوە نەبوو و لە بۆچوونێکی چەوت بەولاوە هیچ لە پشتی دروشمەکەوە نەبوو، هیچ گوێی نادەمێ و بە تەنها بەشێکی لە ئازادیی بیروبۆچوون دائەنێم، چونکە ئەزانم لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان و میللەتی کوردی عێراقدا ئەم نیازەیان بۆ ناچێتە سەرو هەر ئەوەندە بە ئەرکی سەرشانی خۆم و کەسانی وەك خۆم ئەزانم لە ڕێگای دەمەتەقێی دۆستانەو دیموکراتەوە هەوڵی گێڕانەوەیان بۆ سەر ئەو ڕێگایە بدەم کە خۆم بە ڕاستی ئەزانم.

**+ ئێوە چارەسەر چۆن دەبینن: ئەمڕۆ بە ژمارەی دانیشتووان، بەشی زۆری کورد پیتی لاتینی بەکار دەهێنن، بەڵام بەشی زۆری فەرهەنگی نووسراو بە پیتی عەرەبییە. بە ڕای تۆ چارەسەر چۆن دەبێ؟**

محەمەد مەلا کەریم: کردنی پیتی لاتینی بە ئەلفبێی نووسینی زمانی کوردیی لە تورکیا کە دیارە گەلی کوردیشی گرتووەتەوەو کارێکی کردووە ئەمڕۆ مەگەر چۆنها کوردێك مابێ بزانێ بە ئەلفبێی عەرەبی بنووسێ و بخوێنێتەوە، کارێك بووە بە هیچ

جۆرێك بە ئارەزووی گەلی كورد نەبووەو بەكوتەكی دیكتاتۆری بەسەر هەموو گەلانی توركیادا سەپێنراوەو هەر كاتێك ئەوەندەیان ئازادی دەستگیربێ بتوانن چاو بە هەموو پاشماوەكانی كەمالیزمدا بگێڕنەوە لەوانەیە چاو بەم مەسەلەی خوێندن و نووسین بە ئەلفبێی لاتینییەیشدا بگێڕنەوە، یا هەر هیچ نەبێ تاقمێك پەیدابن دروشمی ئەم چاوگێڕانەوەیە هەڵبگرن و بۆی تێبكۆشن.

بەهەرحاڵ من ئەمڕۆ هیچ تەنگوچەڵەمەیەك لەم واقیعەی ئێستادا بەدی ناكەم كە لە كاتێكدا كوردی توركیا ئەلفبێی عەرەبی بەكارناهێنن و بە پیتی لاتینی ئەنووسن، كوردی بەشەكانی تری كوردستان بە ئەلفبێی دەستكاری كراوی بە ئەسڵ عەرەبی ئەنووسن، چونكە كورد هەموو سەربەیەك دەوڵەت نین و لە نێوان چوار دەوڵەتدا پارچە پارچە كراون هەرچەند سێ پارچەیان لە نووسینذا ئەلفبێی عەرەبی و پارچەیەكیان ئەلفبێی لاتینی بەكار دێنن، فەرهەنگی بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراویش بۆ ئەمانەیانە بە ئەلفبێی عەرەبی ئەنووسن، ئەوانەیشیان بە ئەلفبێی لاتینی ئەنووسن یا فەرهەنگی تایبەتیی خۆیانیان هەیە یا ئەگەر نەیانبێ و بتوانن لەمەولا ئەیانبێ. بۆ سبەینێیش ئەگەر هاتوو خوا كردی ڕۆژێك هاتە پێشەوە كورد هەموو بوون بە یەك، ئەوكاتە لام وایە چارەسەركردنی ئەم تەنگژەیەی بە هەرجۆرێك بێ ئێستا ڕێگای بۆ ئەدۆزرێتەوە، واتە یا ئێمە وردە وردە فێری ئەلفبێی لاتینی ئەبین و ئەگوێزینەوە بۆی، یا ئەوان ئەگەڕێنەوە بۆ ئەلفبێی عەرەبیی كە لام وایە ئێستا خەریكە وردە وردە بە هۆی پەرەسەندنی تەوژمی ئیسلامگەراییەوە لە توركیادا داواكاری پەیدا ئەبن و لەوانەیە زۆریش ببن و لە دواڕۆژدا ببن بە هێزێكی كاریگەر.

**+ تۆ بە قووڵی تێكەڵی حاڵ و خەیاڵی نالی و كەسانێكی تر لە شاعیرانی كلاسیكی كورد بووی. بە ڕای تۆ ئەو هونەرو جوانكاری و یاریكردنانەی زمان لای نالی ئەگەر بگۆڕێ بۆ پیتی لاتینی هەروا ئەمێنێتەوە؟**

محەمەد مەلا کەریم: بێگومان ئەگەر وا لە چارەمان نووسرابێ لە ئەلفبێی کوردیی ئێستاوە بگوێزینەوە بۆ ئەلفبێی لاتینی، بەشێك لەو جوانکارییانەی پێوەندییان بە نووسینی وشەکانی زمانەکەمانەوە بە پیتی عەرەبی هەیە لە کیسیان ئەدەین و هەروا گەلێ خاسیەتی تری بە ئەلفبێی عەرەبی نووسینیش لە کیس ئەدەین. بەڵام بەشێکی زۆری ئەو هونەرو جوانکارییانە پێوەندییان بە گۆکردنی وشەکانەوە هەیە کە گۆڕینی نووسین لە ئەلفبێی عەرەبییەوە بۆ هەر ئەلفبێییەکی تر کاریان تێ ناکا. لەوانەیشە بە پێچەوانەوە لە ڕێگای نووسین بە ئەلفبێیی لاتینییەوە گەلێ شێوەی جوانکاریی نوێ بێتە پێشەوە بۆ ناو نووسینەکەمان.

بەهەرحاڵ من وای بۆ ئەچم ئەم جۆرە ڕەخنانە لە گۆڕینی ئەلفبێی نووسینی کوردیی لە پیتێکەوە بۆ پیتێکی تر زۆر کاریگەر نین و کۆسپێکی ئەوتۆ پێکناهێنن.

**+ بەڕای تۆ هەریەك لە دوو ئەلفبێی عەرەبی و لاتینی کامیان زیاتر و گونجاوتر دەنگەکانی زمانی کوردیی دەردەبڕن؟**

محەمەد مەلا کەریم: پێم وایە ئەم پرسیارە یەکێکە لە سەرەکیترین ئەو پرسیارانەی شایانە لەم بواری مشتومڕ لەسەر گۆڕینی ئەلفبێی ئێستای کوردیی بە ئەسڵ عەرەبی، بۆ ئەلفبێیی لاتینییەدا بکرێ.

بەڵام بە داخەوە من، بەش بە حاڵی خۆم، چونکە شارەزاییەکی ئەوتۆم لە زانستی دەنگەکاندا نییە، لام وایە کارەکەیش ئەگەر بمانەوێ زانستییانە لێك بدرێتەوەو پێویستی بە شیکردنەوەی موختەبەری ئەبێ، ناتوانم وەڵامێکی وردو شایانی ئەم پرسیارە بدەمەوە. تەنها لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەوەندە ئەڵێم دڵسۆزانی نووسینی کوردیی، لەو ڕۆژەوە کە بە کوردیی نووسین دەستی پێ کردووە تا ئەمڕۆ هەوڵی زۆریان داوە بۆ ئەوەی پیتی عەرەبی وا لێ بکەن بۆ پێنووسینی دەنگی کوردیی دەست بدا. لە لایەکی تریشەوە ئەزانم هیچ جۆرە پیتێك بە تەواوی بە فریای پێویستییەکانی نووسینی هیچ زمانێکدا ناگات و لە هەموو حاڵێکدا چەردەیەك کەموکورتی هەر ئەمێنێتەوە، پیتی عەرەبییش و پیتی لاتینییش لەم قانونە بەدەر نین..

**+ فەرهاد شاکەلی پێی وایە دابەشبوونی زمانی کوردیی بۆ ئەلفبێیی عەرەبی و لاتینی، مەترسی لە دابەشبوونی سیاسیی و جیۆگرافی کەمتر نییە. دەربارەی ئەم ڕایە چی دەڵێن؟**

محەمەد مەلا کەریم: من لەگەڵ کاك فەرهاد شاکەلی هاودەنگم لە مەترسیی زۆری دابەشبوونی نووسینی کوردیدا بەسەر دووە ئەلفبێیی عەرەبی و لاتینیی و بەڵکو زیاتریشدا ئەگەر ئەو ئەلفبێیەیش بژمێرین کە کوردەکانی کۆمارەکانی سۆڤیەتی جاران پێی ئەنووسن، بەڵام کاك فەرهاد و من و هەرکەسی تر هەر چۆن بڕوانینە ئەم مەسەلەیە، ئەوەندەی تۆسقاڵێك ئەو واقیعە ناگۆڕێ کە هەیەو گۆڕانیشم بەرەو یەك ئەلفبێ لەم قۆناغەی ئێستادا زۆر لا ئەستەمە.

من، بەش بە حاڵی خۆم، لام وایە ئەبێ تێکۆشانی ئێمە لەم بوارەداو لەم قۆناغەدا ئامانجی ئەوە بێ کە نەهێڵین کوردستانی عێراقیش، یا هەر هیچ نەبێ بەشی بادینانی، بکەوێتە بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی لە جیاتی ئەلفبێی عەرەبی، چۆنمان پێ بکرێ بەربەستی ئەو لێشاوی بە لاتینی نووسینە بکەین، لایشم وایە هەنگاوی سەرەکی بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئەوەتە نەهێڵین کوردیی بەو دوو دیالێکت لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێ و لە دەزگاکاندا بە دوو شێوە بەکار بهێنرێ، چونکە کردنی خوێندن و مامەڵەی ڕەسمی بە دوو دیالێکت و تێپەڕاندنی ئەم پرۆژەیە کە ئێستا بە گەرمی هەوڵی بۆ ئەدرێ، هەنگاوی یەکەمە بەرەو باوکردنی نووسینی کوردیی بە لاتینی. برادەرانی کوردی ئێرانیشمان کە کەم تابێشێك لە نووسینی ئەدەبیی خۆیاندا پیتی دەستکاری کراوی عەرەبی بەکار ئەهێنن و چاو لە برایانی کوردی عێراقیان ئەکەن، مەترسیی ئەوەیان لەبەردەمدا نییە پەتای بەلاتینی نووسین بیانگرێتەوە، لایشم دوور نییە لە تورکیا گشتی و دیارە لە کوردستانی تورکیایشدا بە دوای تورکیا خۆیدا لە ئەنجامی سەرهەڵدانی شەپۆلی ئیسلامگەراییدا بیرێکیش لە گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی ئەلفبێی عەرەبی بکرێتەوە، ئەگەر ئەمە ڕووبدا مەسەلەکە ئەکەوێتە سەر ڕاستەڕێی خۆی، ئەگینا مەسەلەی بە دوو ئەلفبێ

نووسین، تا سەردەمانێکی دوور ئەبێ بە واقیعێکی زەق و سەر سەخت، ئەبێ ئێمە لە کوردستانی عێراقدا هەڵوێستی داکۆکی لە شوێنی خۆمان وەربگرین و نەهێڵین شەپۆلی دەردە لاتینیزم لەگەڵ خۆی ڕاپێچمان بکات.

**+ بەڕای تۆ بڕیارێکی وا کە ئەلفبێی وڵاتێك بگۆڕێ، کاری کێیە، دەبێ کێ بڕیاری تێدا بدات؟**

محەمەد مەلا کەریم: من لام وایە کاری لەم جۆرە بەر لە هەر کەس کاری ڕۆشنبیران و بە تایبەتی مامۆستایانی قوتابخانەکانە بە مەرجێك لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە پشتگیرییان لێ بکرێ یا هەر هیچ نەبێ ئەوان کارەکەیان مەبەست بێ و حکوومەتیش چاو لە ئاستیان بنووقێنێ. وەك ئەیشبینین بەشێك لە ڕۆشنبیرانی کورد، وەك بیانەوێ جەخت لەسەر تایبەتمەندیی ناوچەیی خۆیان بکەنەوە، لەسەر خوێندن لە قوتابخانەکاندا بە کرمانجیی سەروو و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەرەو سەپاندنی ئەوە ئەڕۆن. هەنگاوێکی وا، بێگومان ئەکێشێتەوە بۆ ئەوە بەشێك لە ڕۆژاوای کوردستانی عێراق، لە ڕووی کولتوورییەوە، وەك بەشێك لە کوردستانی تورکیای لێ بێت، بەڵام وەك من هەست ئەکەم حوکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر ڕێبازی بارزانیی ڕەحمەتی، سوورە لەسەر چەسپاندنی یەك زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو لە هەموو کوردستانی عێراقدا، هەرچەند تا ئێستا، ئەوەندەی من ئاگاداربم، تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بەکردەوەولەبەرچاو بەرەو ئەوە نەنراوە کە ئەگەر بهێنێتە ڕێی وەرگێڕانی نووسینی کوردیی لە ئەلفبێی بە ئەسڵ عەرەبییەوە بۆ ئەلفبێی لاتینی، بەڵام نابێ ئەوەیش لە یاد بکەین کە هێشتا ئەم مەسەلەیە، نەخوازەڵا بەش بە حاڵی حوکوومەتی هەرێم، نەبووە بە مەترسییەکی زەق و لەپێش چاو.

**+ هەندێك لە نووسەرە جیددی و دیارەکان زۆر بە توندی دژی ئەم پرۆژەیە دەوەستن، هەندێکیش پێی وایە کە ئێستە کاتی ئەوە نییە.. ڕای تۆ لەم نێوانەدا کامیانە؟ تۆ پێت وایە ڕۆژێك دێت کورد پێی وابێ لاتینی بەکار بهێنێت؟**

محەمەد مەلا کەریم: من و هەموو ئەو برادەرانەی لەم پرس و ڕایەدا بەشداریمان کردووە، وەك کەسانێکی ڕۆشنبیر هاتووینەتە کایەوە، بۆیە ئەبێ لە چوارچێوەی ڕۆشنبیریدا لە مەسەلەکە بدوێین هەرچەندیش هەندێ کەس بیانەوێ مۆرکێکی سیاسیی پێوە بنێن، من بە شێوەیەکی دیموکراتانە هەوڵ ئەدەم بۆ بەرپەرچدانەوەی بە لاتینی کردنی ئەلفبێی نووسینی کوردی و ئەمەوێ قەناعەت بە خوێندەواری کورد پەیدا بکەم کە ئێمە ڕاستین و بە لاتینی کردنی نووسینی کوردیی لە دەوروبەرو لە ڕابردووی خۆمانمان دوور ئەخاتەوەو نایشمانگەیەنێتەوە بە ئورووپادا، چونکە بە ئورووپایی بوون، تەنها بە نووسین بە ئەلفبێی لاتینی نییە، وەك چۆن تورکیا کە پاش پتر لە هەشتا ساڵ شوێنکەوتنی ڕۆژاواو لاسایی کردنەوەی ئورووپا هێشتا ئەوەندەی متمانە پێ ناکەن بیهێننە ناو یەکێتیی ئورووپاوە، دووریش نییە لەم کێشەی دەستنیشانکردنی ڕێگای خۆمانەدا لە نێوان ئەلفبێی دەستکاری کراوی عەرەبی و ئەلفبێی لاتینییەدا، لە ئەنجامی بارودۆخێکی سیاسیی تایبەتیدا ئێمە بیدۆڕێنین و لاتینی خوازان بیبەنەوە، ئەگەر خوا نەکردە شتێکی وایش ڕوویدا، من هەروەك ئێستا، هەر لایەنگری ئەلفبێکەی ئێستامانم و تێئەکۆشم بۆ سەرکەوتنی لە قۆناغێکی پاشتردا، بەرانبەر بە ڕووداوێکی وا هەر ئەوەندە ئەڵێم: نایشبێ ترسی سەرکەوتنی لاتینی خوازان، کە زۆریش بە دووری ئەزانم، ئۆقرەمان لێ ببڕێ و سەرمان لێ بشێوێنێ.

## بەشی
## دووەم

# باس و خواس

# زمان له بەراییدا

**نووسینی: بەهار قادر**

زمان بەشێکه له ڕەگەزو توخمی شارستانییەت، بکەرێکی دروسته بۆ گەیاندنی پەیامو ئیدراکی مرۆڤ، بۆ شیتەڵکردنو شیکارسازی چەمکه نەزانراوەکان، درککردنی ناو ناخی مرۆڤه له چوارچێوەی فۆڕمدا.

زمان تواناو سەلیقەی گوزارشت کردنه له بزاوتی فیکریو دەروونیو عاتیفیو ڕۆحی هەر گەلێك، زمان دەکرێته قیاسێك بۆ پێوانەکردنی سەروەتی فیکریو ژیاری هەر میللەتێك[١].

ڤالنسۆن دەڵێ: "هابرماس پشتی بە بەرهەمە زاتییەکانی (چۆمسکی) بەستووە، کە دەڵێ: زمان ڕەنگدانەوەیەکی سادە نییە بۆ واقع، بەڵکو کۆمەڵە سیستەمێکەو بریتییە لە کۆمەڵێ (scetches)ی تایبەتی جیهانی و سەرەتاو بنەمای (گرامەری) زمان له هەندێ لایەنە زیندووەکانی، کە بە توندی بە پراکتیکی ناو واقع دەبەسترێتەوە"[٢].

له ڕێی زمانەوە وەك دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر چاکترین پەیام بۆ مرۆڤایەتی دەستەبەر بوو، کە قورئانی پیرۆزە، هەر لە ڕێی ئەو پەیامە قورئانییەوە ئاماژەو ئیشارەت بە گرنگیو مەهامی زمان دراوە.

خوای گەورە دەفەرموێت (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ)[٣].

---

[١] عبدالرحمن العلوي، www.majali san.com.

[٢] ئازاد خدر ئەحمەد، وەرگێڕانی له ئینگلیزییەوە (هابرماس دوا فەیلەسووفی قوتابخانەی فرانکفۆرت)، ڕامان ل١٢٧ ـ ژ ٢٦.

[٣] سورەتی الروم، آية: (٢٢).

ئەو میکانیزمەی لە بونیادی بە ئاکام گەیشتنو کاملبوونی زماندا کاریگەریو ڕۆڵی هەیە، فۆنێمە دەنگییەکانە کە لە شێوەی وشەو دەستەواژەکانەوە، لە زاری نێرەرەوە دەگاتە گوێی وەرگرو واتا (کەتیگۆری) دەبەخشێ.

فۆنێم ← وشە ← دەستەواژە ← زاری نێرەر ← واتا بەخشین بە وەرگر

جیم ڕۆن دەڵێ: "زانستو زانیاری بەبێ چەسپاندنو جێبەجێکردن لەوانەیە ببێتە هۆی تێکشکان، شکستخواردن"[1].

واتە: مرۆڤ ئەو شتانەی لە ژیانیدا لە زەینییەتو ناخیدایەو هەستیان پێدەکاتو ئەزموونیان دەکات، تەنها لە مێشکو دڵو دەروونیدا قەتیس نابێ، لە پاش ڕێکخستنو دیاریکردنیان لە سکێچی ڕستەکانداو لە ڕێی فلتەری زمانەوە، مەبەستو ئەزموونو زانیارییەکان دەگوازێتەوە دەرەوەی خۆیو بە وەرگری دەگەیەنێت، کەواتە زمان وەك سەنتەرێکی سەرەکی ناردنی پەیامو واتاکان کار دەکات.

روی سی هجمان دەڵێ: "زمان پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەکانی مرۆڤ، بۆیە وەك یەکێك لە پێکهاتەکانی مرۆڤ لێی دەکۆڵرێتەوە".

زمانو مرۆڤ دوو تای تەرازوویەکن، هەر یەکێکیان بێ ئەویتریان نابێت، لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەی هەر یەکێکیان پەیوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەویترەوە هەیە.

دی سوسێر پێی وایە: دیراسەو لێکۆڵینەوەی خودی زمان لە پێناوی زمان خۆیدایە[2]، لێکۆڵینەوەی زمان وادەکات زمان بەرەو گەشەکردنو کاملبوون بڕوات، لەم ڕووەوە سینتاکسو مۆفۆلۆجیو یایۆلۆجستی زمان بە شێوەیەکی سروشتی خاڵە لاوازەکانی بەرەو چارەسەر ئەچێت، لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا،

[1] (١٠) کلیل بۆ سەرکەوتن، وەرگێڕانی/ کەمال عەلی، ل١٢٦.

[2] د. كمال محمد بشر، أكانت هذه اللغة ـ منطواقه ـ ام مكتوبة، دراسات في علم اللغة ـ ص ١٣.

مرۆڤەکان لە ڕێگەی نیگارکێشانیان لە سەر تاشە بەردو ئەشکەوتو دیواری پەرستگاکان گوزارشتیان لە شتەکانی دەوروبەریان کردووەو هێماو ئاماژەی جیاوازیان لیٚ دەخوێندەوە، وێنەو نیگارەکان بووبوونە دالێك بۆ گواستنەوەی مانا بۆ بەرامبەر، بۆتە ئامرازێك بۆ کاراترکردنی پەیوەندیی کردن لە سەرەتاکانی مێژوودا، پاشان بووە زمانی قسەکردنو دواتر نووسین هاتە کایەوە، کە گۆڕانی گەورەی لە بوارەکانی زانستی، بازرگانی.. هتد، هێنایە کایەوە.

زمان لە یەك کاتدا دەتوانیٚ بە هۆی فاعیلەکەوە کە مرۆڤە دوو ڕۆڵ ببینیٚ، یەکەمیان ئەکتیڤو ئیجابی، کە لە بەردەم تەمو بە غوباربوونی دەوروبەردا دەبێتە ڕۆشناییەك، ناڕۆشنی لە تێگەیشتنە جوداکان ناهێڵیٚ، لە لایەکی ترەوە دەورێکی پاسیڤی سلبی دەبینیٚ لە بەردەم ئەوانەی دەیانەویٚ کەلێنی مەعریفیان بە داتاو مەعلوماتێکی مشەوەهو ناواعی پڕ بکەنەوە، کەواتە: زمان یان وەك هاوکێشەیەکی ڕاستەوانە دەکەوێتەوە، کە ڕاستەوخۆ گوزارشتو تەعبیرکردنە لە نێوان واقعی کۆمەڵگەو خۆشیو ناخۆشییەکانی خەڵك بیٚ دەمامكو پەردە پۆشکردن.

یان ئەم هاوکێشەیەی نێوان زمانو واقع تەواو لاسەنگو نا تەبا بەیەکەوە دەوەستێتەوە، ئەوەی دەوترێت لە ڕێی زمانەوە تەواو پێچەوانەی واقعی دوێنراوو ئاماژە بۆ کراوە، مامەڵەکردنی وشەو کۆدی زمان مامەڵەکردنێکی هۆشیارانەیە، کاتێك دەکرێتە فاکتەری گەیشتن بە ئامانجەکە گەر پرۆژەیەکی دیاری کراو بێت، زمان وەسیلەی گەیشتنیەتی بە کامڵ بوونی ئەو پرۆژەیە، هێماو وشە دەبنە کۆڵەکەی زمان، زمان لەیەك ڕووی کۆمەڵگا کارابوونی خۆی ناسەپێنیٚ، بەڵکو لە سەرجەمی کایەو ڕەهەندەکاندا ڕۆڵی ئەکتیڤی هەیە، ئەرکی زمان دنەدانی هەموو کارو کاردانەوەیە، کە لە واقعدا فۆڕمی هەیە، هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی زماندا تەعبیر لە بوونێك دەکەن، ئامرازێکە دەبێتە سەنتەری شوناسی دیدە خوێنراوو نەخوێنراوو دیارو نادیارەکان.

ئەلیازەر بنمۆش پێی وایە: هەندێك پێویستی بە زمانە بۆ ئەوەی خەڵك لێی تێبگات، هەندێکی دیش بۆ ئەوەی لە خۆیان تێبگەن، کەواتە: مرۆڤ بۆ ڕامان لە خودی خۆیو شوناسی تاکەکەسیو دەروبەری پێویستی بە زمانە، زمانیش وەك میکانیزمو پرەنسیپی هەر پرۆژەیەك پێویستی بە:

١ـ هەڵگری ویستە مرۆییەکان بێت، لە زەمەنو کاتە جیاوازەکاندا.

٢ـ فاکتەرێك بێت بۆ گەیشتنە مانا جوانەکانی ژیانو ڕەهەندەکانی مرۆڤ[١].

زمان بە هەردوو دیوی فۆڕمو ناوەڕۆکدا دەردەکەوێت، فۆڕم شێوەو شکڵی دەرەوەی زمانمان بۆ ئاشکرا دەکاتو پیشانمان دەدات، ڕاستەوخۆ لە ڕێی ئامرازی بینینەوە (چاو) دەیبینین، ئەویش کەرەستەکانی (نووسین)ە، کە پاشتر لە بەشێکی باسەکەماندا ئاماژەی پێ دەکەین، دیوی ناوەوەی (زمان)یش (ناوەڕۆکە)، کە واتاکانمان پێ ئاشنا دەکات.

دی سوسێر دەڵێ: "زمان بەکار دێت، بۆ هەموو هۆکارەکانی تێگەیشتنو پەیوەندییە مرۆییەکان، لە ڕێی دەنگە زمانییەکانو هێماکانەوە، تۆمارکردنی ئەم دەنگانەش لە ڕێی نووسینەوە دەبێت"[٢].

نووسینیش لە لای هەر گەلو نەتەوەیەك، بە شێوەیەکی جیا لە سەری ڕێك دەکەونو بەکار دەهێنرێت.

## کۆمەڵگەو پێویستبوونی زمان

مرۆڤ وەك کائینێکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ئامرازێك هەیە، بۆ پێکەوەبەستنی بە تاکەکانی تری ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی.

---

[١] هێمن قەرەداغی، هەژان، ژ٥، ل ١٢٧.

[٢] د. عبدالصبور شاهين، في علم اللغة، العام، ص٥٢.

ئەبراهام ماسلۆ لە بۆچوونەکانیدا گرنگی دەدات بەو ڕایەی، مرۆڤ بۆ گەیشتن بە پێداویستییەکانی هەوڵی ساغ کردنەوەی فۆڕمە شێواوەکانو دیسپلینکردنی ڕابردوویی لەکارکەوتوو بۆ لێکدانەوەی واقع دەکات[1].

پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ زماندا پەیوەندییەکی هارمۆنیانەی تۆکمەیە، مرۆڤ بەردەوام بۆ دەربڕینو دەرخستنی وتە نەوتراوو بزربووەکان، دەیەوێ لە ڕێگەی زمانەوە ڕووبەڕووی جیهانی دەوروبەر بێتەوەو سەرجەمی بۆچوونو تێگەیشتنو دیدو ڕوئیاکانی بگەیەنێتە جەدەلو گفتوگۆیەکی دروست، تا ببێتە کەرەستەیەکی ئامادەکراو بۆ فەراهەمسازی یاساو ڕێسا ئیستاتیکییەکان، بیرکردنەوەو ئۆغزن بوونی فیکرو تێڕامانەکانی مرۆڤ لە ڕێی دامێنی زمانەوە دێتە وجودو دەبێتە کایەیەکی جەوهەری بۆ نوێ بوونەوە.

کارل کراوس دەڵێ: "زمان دایکی بیرکردنەوەیە، نەك کارەکەری"[2].

زمان تەنها ئەرکێکی ماددییانەی نییە، بەڵکو لە پشت دنیا ماتریاڵییەکەی دنیایەکی داخراوو ونبوو دەهێنێتە وجود، بۆ ئەوەی سەراپای داتاو زانیارییەکان بۆ خۆی ڕام بکاو مەعلوماتەکان بداتە (وەرگر)، پاشان بە هۆی وەرگرەوە دەگاتە پرۆسەی شیکردنەوە، زمان لە ڕێگەی پێکەوە گرێدانی سیستمێکی دەنگی دەتوانێت ببێتە پەیامێکی ڕەخنەیی، مێژوویی، ئابووری، فەلسەفەیی، فیکری.. هتد، ئەم تواناو ئیمکانییەتەی زمان وادەکات مەهامو گرنگێتی لە سەراپای قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتییدا لەبەرزبوونەوەدا بێت، لە ڕێی زمانەوەیە، کۆمەڵگەو نەتەوە جیاوازەکانی دنیا بە شێوەیەکی بەرچاو تێکەڵاو بوون، پاولۆکۆیلیۆی بەڕازیلی کە خاوەنی ڕۆمانی (کیمیاگەر)ە، یەکێکە لە پڕخوێنەرترینو کاریگەرترین نووسەری ئەم سەردەمە، کتێبەکانی بۆ (٥٦) زمان وەرگێڕدراون،

---

[1] ئامانج عوسمان حەمەد، ڕامان، ژ ٢٦، ل٢٠٨.

[2] بەختیار عەلی، هاولاتی، ژ٣٢١.

لەوکاتەی ناوبانگی دەرکردووە، بووەتە هۆی ئالۆگۆڕکردنی گفتوگۆی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی، بیرۆکەو فەلسەفە، ئەو بابەتانەی لە نووسینەکانیدا دەردەکەویٚ، کاریگەریی کردووەتە سەر ئەندێشەی ملیۆنەها خوێنەر[1]، ئەمە نموونەی کاریگەریی زمانە لەسەر ڕەوشتو بیردنەوەی تاکەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بن، بیٚ ڕەچاوکردنی چوارچێوەی جوگرافی.

گرنگیی زمان بە جۆرێکە ناتوانریٚ هەلگری هیچ ئەلتەرناتیڤێك بێت، زمان کاراییو بکەری خۆی لە دیدو هەڵسوڕانی کەسەکانەوە وەردەگریٚ، لە ڕێی ڕاڤەی تێکستەکانەوە، مرۆڤ کاتیٚ ڕاڤەو گۆکردنەکانی ئاڕاستەی بەرامبەر (وەرگر) دەکات، بیر لە شوێنو مەکانو خودی کەسو مرۆڤەکان دەکاتەوە.

عەقلانی نییە لە هەر زمانێکدا دەربڕینەکان وەك یەكو هەمان سیاقی سیستماتیکیو کەتیگۆریان هەبێت، ئەمە مانای ئەوە نییە فیکرەی دەربڕینەکە بەپێی شوێنو کات بگۆڕیٚ، بەڵکو هەمان فیکرە بە شێوازێکی جودا دەریدەبڕیٚ کە لەگەڵ ئاوەزو بیرکردنەوەی وەرگردا بگونجیٚ.

هەمان فیکرو بۆچوون بە ڕێگای جیاواز، کە لەگەڵ کەسەکاندا بێتەوە بەکاردێت، بۆ نموونە ئەو لۆژیکەی پێغەمبەر ﷺ دەیویست پەیامەکەی پیٚ بگەیەنێت، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو زاویەی تەواو گونجاوو جیاواز بدۆزێتەوە بۆ خەڵکە ئاست جیاوازەکان لەوێوە کاریگەریی دروست بکات، بەو زمانو لۆژیکەی لەگەڵ سەرەك عەشیرەتێك یان سەرکردەیەك دەدواو لەگەڵ ئەعرابییەك، ژنێك، منالێك.. جیاواز بووە، هەروەك خۆی دەفەرموێت: "ئێمەی پێغەمبەران فەرمانمان پێکراوە بە پێی عەقڵی خەڵك بدوێین".

ئەمە مانای ئەوە نییە وەحدەی فیکر پەرتەوازە بووەو جۆرێك دووفاقیو دوالیزمەبوون هاتۆتە ئارا، نەخێر، وەحدەی فیکری ئامادەیی هەیە، تەنها ئەوەی

---

[1] و. عمران هاواری، ڤێرۆنیکا بڕیار دەدات بمرێت، ل٥.

دەگۆڕێ ئاڕاستەکردنی کەسەکانە بە شێوازو سیاقو ڕوئیای جیاواز، تا قبوڵکردنو وەرگرتنی ساناو ئاسانتر بێت، مرۆڤ بە هۆی زمانەوە دەتوانێت بە درێژبوونەوەی تونێلەکانی ژیانی بەپێی شوێنو کات بەردەوامی بە ژیانیو پێداویستییەکانی بدات، سەنتەری بە مرۆڤبوونی خۆی بەهێز بکاو بەها مرۆییەکانی بەتواناو سەلیقەو ئیدارەکەوە ڕێکبخات، زمان دەتوانێت لە ڕێگەی بە ئۆرگانی کردنی ئەداکانیەوە، ئەو وەهمانە نەهێڵێت، کە گرفت بۆ ئاگابوونو فەرهەنگو ئاوەزی مرۆڤی بەرامبەر دروست دەکات، ڕاستە مرۆڤ دەتوانێت هەڵسوڕاوی گرنگی بەردەوامێتی بێت، بەس ناکرێ تەنها بۆ خودی خۆیو لە پێناوی سوودمەندبوونی تاکدا بەکار بێت.

جار هەیە زمان تەنها وەك شکڵ (فۆرم) دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر بێ تەوزیفکردنو گەیشتنە ئەسڵو بونیادی دەقەکە، واتە نێرەر هێندە خەمی گواستنەوەی وشەو هێماکانیەتی، هێندە لە ئارەزوومەندی گەشتن بە مانا دروستەکان نییە، بۆ نموونە هەنوکە میدیای کوردیی تووشی ئەم پەتایە بووە، زۆرجار ڕۆژنامەنووس لە گەیاندنی هەواڵدا هێندە گرنگی خێرا گەیاندنی هەواڵەکە دەدات بیر لە ڕاستیو دروستی هەواڵەکە یان ڕەگەزەکانی هەواڵ، پێداویستییەکانی هەواڵ، بەهاکانی هەواڵ[1]، ناکاتەوە.

ڕۆژنامەنووسەکە، کە دەچێتە سەر ڕووداوەکە شکڵیاتی حەدەسەکە وەردەگرێ، ناچێتە ناوەڕۆکی ڕووداوەکەولەوێوە کار لەسەر ماددە خاوەکە بکات، لێرەدا زمانی پەیامەکە لە جیاتی زانیاری گەیاندن فەوزاو لێك تێنەگەیشتنی لێ دەکەوێتەوە.

## زمانو گۆڕان

ئامرازو وەسیلەی گۆڕانکاریی واقعو ئانو ساتی قۆناغە مێژووییەکان کانگای دەست پێکردنی گۆڕانە، پاشان گۆڕان بۆ خۆی چەند لایەنێکی هەیە.

[1] مامۆستا هەڤاڵ ئەبوبەکر، هەواڵو جۆرەکانی هەواڵ، ۆرك شۆپی کوردستانیوز، ٢٠٠٧/٩/٥.

زۆرجار زمان هێزێکی دەروونیی دەداتە بەرامبەر بەپێی قۆناغی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیاو ژیاریو ئەزموونی زاتی تاکەکان، کەشو ژینگەی کۆمەڵگەو فەرهەنگو کەلتوور، کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر بیرکردنەوەی مرۆڤ، "ئەریك فرۆم" پێی وایە: کاتێك گۆڕان ڕوودەدات کە خەڵکیی هەستێکی قوڵی پێویستی گۆڕانیان لا گەڵاڵە بووبێت، خەڵکی ئێمە لە ئاستی نوخبەشدا نەیتوانیوە، زمانی وتارو نووسینە جۆربەجۆرەکان عەقڵی گۆڕان لای خەڵك ئامادە بکەن، زمانی نووسین وەك پێویست لە سکێچو چوارچێوەی خۆی نەچۆتە دەرەوە، زیاتر وەك تیۆر ماوەتەوە.

یەکگرتوویی فیکریو بۆچوونی گۆڕان پاشان چۆنییەتیو چیەتی دابەزاندنی پرۆژەی گۆڕان بۆ ئایدیاو ئاستە جیاوازەکانی خەڵك، شتێکی پێویستە "ئێنگڵس" فیکرو بیرکردنەوە بە ئاڵۆزترین جوڵە ناو دەباو جێگۆڕکێ بە سادەترین حەرەکەت[1]، مەبەست لە جوڵەی سادە ئەو جوڵانە بەرهەم هاتووی ڕۆتیناتێکی ژیانە، هیچ مەعریفەیەکی لە پشت نییە، بەردەوامو ڕۆژانە لە دووبارەبوونەوەدایە، هەمیشە ئەمڕۆکان فەخر بە سەروەرییەکانی دوێنێوە دەکەن، لەم کاتەدا بیرکردنەوە نابێتە فاکتەری گۆڕان، بەڵکو تووشی وەستان دەبێت، زمان لێرەدا نەیتوانیوە ڕۆڵێکی ئیجابی ببینێت، کاتێك ڕووداوێك، دیاریی دەکەین، بە بیرکردنەوە لە لایەنە جوداکانی شیتەڵکاریی بۆ دەکەین، هەوڵدەدەین لە ڕەوتی خۆی هەنگاوی پێهەڵگرین، لەم کاتەدا گۆڕان ڕۆشتنی چرکەساتو دیماگۆج کردنی عەقڵی کەسانی دەوروبەر نییە، بەڵکو مرۆڤ بیرکردنەوەکانی لە ڕێی زمانەوە دەبێتە کەرەستەی خاوی گۆڕان.

کامۆ دەڵێ: "گۆڕانی جیهان یان مرۆڤ کاری من نییە، چونکە بۆ ئەم مەبەستە من خاوەنی ڕۆشنگەرییو چاکیی پێویست نیم، ڕەنگە کاری من ئەوەبێت کە خزمەت

---

[1] فەروخ نیعمەت پوور، بزاوتن، ئازادی، گۆڕان، ڕامان، ژ٢٠، ل٥٢.

بەو بایەخانە بکەم، کە بەبێ بوونیان تەنانەت مرۆڤی ڕۆژگاری نوێش شیاوی ڕێزگرتن نین"[١]. بە باکگراوندی فیکریو لێکدانەوەی واقع، ئیدراکو زانین دروست دەبێت، دەبێت تەرازووی ئیدراکو زانین قورستر بێت لە واقعو ڕەوشو بارودۆخە هەنووکەییەکە، گەر وانەبوو پێشکەوتنو گۆڕان ڕوو نادات، گەر لایەنی هۆشمەندیو زانین سەنگو قورسایی زیاتر بوو، ئەوا ئەو بیرە دەچەسپێ، کەواتە بەردەوام دەبێت لە هەوڵی گۆڕانو بزاوتی زیاتردا بین، بەو مەعریفە هامواربووەی خۆمان ڕازیی نەبین، لە هەوڵی بەرفراوانبوونیدا بین، بیرۆکەو عەقڵیەتمان بەرەو باشترو باشتر بەرین، بەمە دەروازەی گۆڕان وردە وردە دەست بە کرانەوە دەکات، ئەوەشمان لەبیر نەچێ گۆڕان ئامانج نییە، بەڵکو فاکتەرێکە بۆ گەیشتن بە مومارەسە کردنێکی مەعریفیانە لەگەڵ ڕەهەندە جوداکانی کۆمەڵگە، کاتێك گۆڕان دەکرێتە ئامانج، ئەوکات مەبەست نییە ئەو گۆڕانە لە کوێی کۆمەڵگەدا ئۆقرە دەگرێ؟ لە پێناوی چیدا دەبێت؟ کاتێك گۆڕان کۆمەڵێ کەسی پاسیڤی کۆمەڵگە بۆ مەرامو مەبەستی تایبەتی ڕامی دەکەن، گومان هەڵناگرێ بەرەو ئاقارێکی ناهۆشیارانە دەیبەن، ئەمە گۆڕانێکی نادروستە، دیوی خراپ بەکارهێنانی زمانە بۆ گۆڕانێکی ناسەغڵەمیانەو نامەوزوعیانە، هەرکات ڕەوشی زمان لە چوارچێوەی ئامانجداری وەك وەسیلە کاری کرد، بۆ بەرهەمهێنانی واقعێکی هۆشداری، بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بێ سڵەمینەوە لە چ ئاستو قۆناغو مەرتەبەیەکدا بوو وای لێکرد لە پێویستیو حەتمیەتی ئەو گۆڕانە هۆشیار بێو هەستی کرد ئەمیش شوێن پێی خۆی هەیە لەو گۆڕانەدا، ئەو یەقینەی پێدا، گۆڕان لە بەرژەوەندی گشتیداو بۆ بەدەستهێنانو بەرجەستەکردنی ئەو چەمکانەیە کە لە سووچی کۆمەڵگەدا کەنارگیر کراون، ئەوکات گۆڕانێکی جەوهەری لەسەر ئاستی فۆرمو ناوەڕۆکدا بەرهەم دێت.

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

گەر شفرەو هێماکانی زمانیش لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنەکاندا خۆی نوێ بکاتەوە، هەوڵی پەیداکردنی واتا و ئاماژەی دەنگو دالو مەدلولەکانی دابێت، ئەوا لەگەڵ هەنگاونان بەرەو گۆڕان، دەستەوەسان نابێ توانای بزاوتنی بە وشە هەیە.

لەگەڵ جوڵەو یاریکردن بە وشەکان ماناو ئاماژەکان واتاو چەمکی نوێتر دەبەخشن و زیاتر لە خزمەت پرۆسەی گۆڕانەکەدا دەبن.

## زمان و دیکتاتۆربوون

زمان لە شێوەی فۆرمو هێمادا کاتێك دەبێتە قسەکەرێك و گوێ دەگرێ، گەیشتە ئەوەی پەیامو دەربڕینەکانی فزولیەتی خۆسەپاندنیان هەبێت، ڕەهابوون بداتە دەسەلاتێکی هەژموونگەرا، ئەوا نەیتوانیوە تەفسیرێکی میهرەبانیانە بۆ واقعیەتو ژیانی خەڵك بکاو ژانەکانیان لە ئەلفوبای وێنەو ماناکاندا بە شێوەیەکی مەئلوف ببەخشێ، کاتێك خودسازی کۆنترۆڵی وشەکانی کرد، مەبەست پێی کودەتاکردن بوو بەسەر زیهنی تاکەکاندا، بە شێوەیەك خۆی بکاتە یەکلاکەرەوەی شوناسدان بە ڕووداوو پێشهاتەکان.

لەم ئەنجامەدا زمان دەبێتە هۆی دروستبوونو نانەوەی دووبەرەکیو ئاژاوە، زمان گەر بە هۆی هێزی فیزیکی یان مەعنەوییەوە هەوڵی چەسپاندنی درا، بێ بوونی ئیرادەی کەسەکان، ئەوا ئەنجامێکی دروستی نابێت، زمان کاتێك لە واقعدا ماناکانی پێچەوانە دەکرێتەوە بۆ شێواندنی حەقیقەتە شاراوەکانو زاڵبوونی دەسەلاتی فەردیی، ئەوکات ڕۆڵی دکتاتۆربوون دەبینێو هەوڵدەدات فیکرەی تاك ڕەهەندی لە هەستو نەستی کەسانی کۆمەڵگەدا، لە بەرژەوەندیی تاکێکدا دروست بکات.

بۆ نموونە زمان ڕێکخەری پرۆژەیەکی چارەسەری گەندەڵییە، لە کاتێکدا ئەم پرۆژەیە پێویستی بە چەسپاندن هەیە دەسەلاتێك کە توانای لە توانای ئەم زمانە زیاترە، بە زمانی هەژموونگەرای خۆی پرۆژەکە دەکاتە پرۆژەیەکی فەوزەویو زمانی پرۆژەکە دەبێتە زمانێکی رکودو ئیش پێنەکراو، بە پێچەوانەوە زمانی

هەژمونگەرا دەسەڵاتی بەسەردا دەکێشێ لە پێناوی (زمان)و کەسانێکدا فەراهەمی دەکات، زمانە ئەکتیڤو چالاکەکە کە ویستوویەتی مرۆڤمەندی بە واقع بکات، نامۆ دەکرێو دەخرێتە چێوەی مەنگ بوونەوە.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا کۆتایی ئەو سەدەیە، لە شەڕی داگیرکردنی ناوچە چۆڵەکانی ئەفریقادا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، بەلژیکا، نەك تەنیا هێز بەڵکە زمانیش بەکار دەبەنو پەنا دەبەنە بەر تیۆریو ڕەوانبێژی بۆ پاساودانی تاڵانو داگیرکاری، لە هەمووی سەیرتر چەمکی (پەیایی شارستاناندن civilizing mission)ە، کە فەرەنسییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، بڕوایەکی بنەڕەتی ئەم چەمکە ئەو بیرەیە کە دەڵێ: هەندێ ڕەگەزو فەرهەنگ ئامانجی بەرزتریان لە هەندێکی تر هەیە. ئەمەش، لەبەر ئەوە ماوە دەداتە ئەوانەی زۆرتر بەهێزو زۆرتر شارستانیو زۆرتر گەشەکردوون کە ئەوانەی دی داگیر بکەن، نەك بە ناوی هێزی فیزیکی یان تاڵانی ئاشکراوە، کە هەردووکیشیان بەکار هێنراون، بەڵکە بە ناوی ئامانجێکی شەریفانەوە [1].

مەبەست لێرەدا ئەوەیە، دکتاتۆرو خاوەن دەسەڵاتەکان بەردەوام بە زمانێك دەدوێن، کە خۆیان لە خەڵکە کەم تواناو بێ دەسەڵاتەکە بە ڕاستترو باشتر دەزانن، واش نیشان دەدەن، کە لە پێناوی هیومانستبوونو مافەکانی ئەواندایە، زەحمەتکێشی دەکەن، لە کاتێکدا لە واقعدا بە پێچەوانەوەیە.

## دەنگو هێما (تیپ) دوو بنەمای زمانن

زمان لە پەیڕەوو سیستمێك پێك دێت، کە مرۆڤ بە هۆی دەربڕینی دەنگە جیاوازەکانەوە دەتوانێ دروستی بکات، دەنگەکانیش بە هۆی هێما (تیپ)ەوە دەردەبڕێن. ئەم تیپانەش ماناو مەدلولێك دەبەخشن.

---

[1] فەرهاد شاکەلی، شەڕی شارستانەتییەکان یا لە یەکگەیشتنیان، گۆڤاری مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد، ژمارە ٩٥، لەندەن.

واته بەڕۆنانیان لە ناو گەورەترین کەرەستەی زمان کە دەق (تێکست)ە، لەم ڕێگەوە دەنگەکان دەگەنە کەناڵی بایەلۆجستی مرۆڤ کە کەناڵی (گوێ)یە، لە ڕێگەی کەناڵی قسەکردن (دەم)ەوە، کەواتە لە ڕێگەی نێرەر (قسەکەر)و وەرگر (گوێگر)ەوە گفتوگۆ دروست دەبێت، پێش دەربڕینی هەرجۆرە دەنگێك بۆ گوزارشتکردن، ئامادەگی فیکرو بۆچوونێك لە زهنی تاکدا هەیە، ئەوکات لە ڕێگەی گۆکردن (تلفظ)ەوە دەردەبڕێت، ئەم گۆکردنانەش دەبێتە هەڵگری واتاو مەدلول بەپێی ئاورەزو عەقڵی کەسەکان، شێوەو شکڵی داڕشتنی واتاکان دەگۆڕێت، بەمەش واتای جۆراو جۆر لە کەسی جیاوازەوە بەرجەستە دەبێت، زمان لە ڕووی پێکهاتەی (سینتا کس)ەوە بەم شێوەیە دەبێت.




کاتێك تیپەکان کۆدەبنەوەو ڕستە دروست دەکەن‌و دەگەیەنرێتە بەرامبەر، تێگەیشتن دروست دەکات.. ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە مەرج نییە هێمایەکی دیاریکراو، لە دووبارەبوونەوەیدا لە سیاقی جیاوازدا یەك مانای هەبێت، بەڵکو جار هەیە مانای پێچەوانەش لەخۆ دەگرێت. بەپێی بەکارهێنانی لە سیاقی جیاوازدا، ئەمەش مەرج نییە هەموو وشەکان بگرێتەوە، کاتێك زمان دەگاتە دەرگای نووسین، ئەوکات لە ڕێگەی کۆهەستی بابەتیانەو زاتیی دەردەبڕێتو جیهانبینییەکانی دەخاتە ڕوو، دواجار ئەم بیروبۆچوون‌و جیهانبینیانە دەبنە دەق‌و بە شێوەی جیاواز لە زاویەی جودا جودا وە دەخوێنرێنەوە، بە پێی گرنگێتی میتۆدی دەقەکانیش، لە لایەن وەرگرەوە قبوڵ دەکرێ، زمان لە ڕێی دەنگ‌و دەربڕینی

پیتەکانەوەو لە ڕێگەی نووسینەوە خوێندنەوەو شیتەڵکاری لای فەردەکان دروست دەکات، بە تایبەت تێکستێك توانیبێتی باکگراوندی تاکەکانی بخوێنێتەوە، لە ڕێی ئەو خوێندنەوەیەوە بەرجەستەی بە عەقلانی کردنی خەیاڵاتە کۆنەکانو بەهادارکردنی وەزیفەی بۆ کارە دروستمەندەکان کردبێت. ماناکان لە ڕێی یاریکردنو بزاوتنیو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ڕەمزی هێماکانو بەپێی ئەو فیکرو خوێندنەوانەی لە زهنی تاکەکاندا هەیە، دەقەکان بوارە جیاوازەکانی وەك (ئابووری، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی.. هتد) دەگرێتە خۆی، ئەوجا دەگاتە فلتەری خوێنەر.

ڕۆلان بارت دەڵێ: "میکانزمی ڕاستەقینەی خوێندنەوە، دۆزینەوەی دەزولەی مانایە لە نێوان کایەکانی دەقدا، دەقیش بێگومان کۆدو هێماکان پشتگیریی لێ دەکەن".

بە ڕای ڕۆلان بارت مانا بریتییە لە کۆکردنەوەو گرمۆڵەکردنی لە ڕێگەی ناوەکانەوەو پاشان شیکردنەوەو پەرتکردنی ئەو مانایانەی بە هۆی هێماو تیپو کۆدێکەوە دەردەبڕێت کە پێشتر لە خەیاڵدا وێنایەکیان پێدەدرێ، پاشان دەچنە قاڵبی نمایشکردنەوە لە هەریەکێ لە بوارەکانی (دەنگو ڕەفتارو نووسین)ەوە.

هێما، لە ڕووی کەتیگۆڕییەوە بەم شێوەیە قۆناغ بەند دەبێت:

هێما...

کەواتە ئەگەر زمان دەربڕینو نووسینی هێما دەنگییەکان بێت، (میتازمان) خوێندنەوەی ماناو مەدلولی پشت پیتەکانە، کاتێك تێکستێك لە ڕێگەی پیتەکانەوە دەنووسرێتو وێنەیەکی فیزیکیش بەرجەستە دەکات، ئەو وێنە فیزیکییەش دەبێتە کەرەستەی خاوی دروستکردنی زمان.

## جیاوازیی نووسین‌و ئاخاوتن

بەپێی دراساتی تازە زانستی زمان لە زمانی گۆکردن‌و نووسین دەکۆڵێتەوە، گۆکردنی زارەکی لە شێوەی دەنگدایەو دیارترە، بەڵام نووسین هۆکاری نزیککەرەوەیە بۆ گوزارشت کردنی لە بیروڕاکان [1].

زانایانی زمان گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی زمانی ئاخافتن (قسەکردن) پێش نووسین دەستی پێکردووە، دوای ئەوەی وێنایەك، فیکرەیەك لە مێشك‌و بیرکردنەوەی تاکەکاندا دروست دەبێت لە ڕێی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێت، دواتر دەدرێتە وێنە دەنگییەکان‌و دەبێتە نووسین.

فیکر ـــــ دەنگ (ئاخافتن) ـــــ نووسین.

هەموو ئەو فیکرانەی هەیە سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، مەرج نییە بتوانرێت هەموو لە ڕێی کەناڵی وتن‌و ئاخاوتنەوە بدرکێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێ هەموو وتراوەکان بگەنە پرۆسەی نووسین.. جا بە هۆکاری زەروور نەبوونبێت، یان کورت کردنەوەی وتراوەکان بێت، بۆ ئەوەی بە کەمترین کات‌و زەحمەت بگەنە مەبەستی دیاریکراو، کەواتە گەر ئاخاوتن جارێك دوور کەوتنەوە بێت لە واقعی باسکراو، ئەوا نووسین دووجار دوور کەوتنەوەیە لێی.

(گۆران)ی شاعیر دەڵێ:

هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستم

جار هەیە وشەو دالەکان لە کەناڵی ئاخێوەردا بە هەڵە گۆ دەکرێن، ئەم هەڵەیەش زۆرجار دەچێتە نێو پرۆسەی نووسینیشەوە، د. نەسرین فەخری هۆی ئەو هەڵانەی دروست دەبێت لە نێو دوو ئاخێوەردا یان لە ئاخێوەرەوە بۆ نووسەر، بۆ چەند خاڵێك دابەش دەکات، هەندێك لەو خاڵانەش ئەمانەن:

---

[1] جودت هوشیار، أول الجدیة لاتینیة وتکاملة للغة الکردیة، www.gilgamish.org.

١- هۆی هەڵەی گوێی، ئەمەش لە زمانی ئەو کەسانەدا دەردەکەوێت کە ناتەواوییەك لە گوێیاندا هەیە.

٢- ڕاهاتنی ئەندامانی بنەماڵەیەك بەو هەڵانە، واتە لاسایی کردنەوەی زمانی ناوماڵ لە منداڵییەوە.

٣- هەندێك لەو هەڵانە لە پاڵ نەخوێندەواریدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سنوورەی شار لە گوندی جیا دەکاتەوە، بۆ نموونە مەکتەب دەبێتە مەتکەب، مەشغوڵ دەبێت مەغشوڵ یان ڕادیۆ دەبێتە ڕایدۆ، ڕادوێ.

٤- جار هەیە ئەم هەڵانە بە هۆی نەخوێندەوارییەوە لە شارستانیشدا بڵاو دەبنەوە.

٥- هەندێکی تر لەو هەڵانە دەگەڕێنەوە بۆ نەزانین‌و نەشارەزایی ئەو زمانەی وشەکانی بەکار دەهێنین(١).

لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت نووسین‌و ئاخاوتن وەك یەك دەبن لە بەکارهێنانی وشە هەڵەکاندا..

نووسین پێویستی بە یاساو ڕێسا گرامەرییەکانە، لە هەر زمانێکدا بە شێوازێك داڕێژراون:

لە زمانی کوردیدا: بکەر + کردار + تەواوکەر.

لە زمانی عەرەبیدا: فعل + فاعل + مفعول بە.

لە زمانی ئینگلیزیدا: subject + verb + object.

نووسین لەگەڵ ئەوەی وێنە دەنگییەکان دەکاتە وێنەی بینراوو لە ڕێی وێنەی بینراوەوە، کە دروست کردنی ڕستەو تێکستەکانە، وتراوەکان لە لەبیرچوونەوەو تێکەڵ‌و پێکەڵ کردنی وتراوەکان دەپارێزێ، وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا هەر زمانەو بەپێی گرامەری خۆی ڕستەو تێکستەکان ڕیز دەکات.

---

(١) د. نەسرین فەخری، بەرگی سیازدەهەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد، ل ٢٨٢، ٢٨٣، ٢٨٤.

دكتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێ: "زمان دوو دیوی هەیە، نووسینو ئاخاوتن، ئاخاوتن ڕەسەنترە پێش نووسین کەوتووە"[1].

کەرەستەکانی ئاخاوتن (قوڕگ، دەم، لێو) بە هۆی ئەم ئامڕازانەوە دەتوانرێ گۆکردن بێتە کایەوەو دەنگ دروست ببێ، ئەم دەنگانەش دەگاتە گوێی بیسەر (وەرگر) بەم شێوەیە ڕێکدەخرێت.

قوڕگ ——◄ دەم ——◄لێو ——◄گۆکردن (تلفظ) ——◄دەنگ

کاتێك دەنگ دەگاتە بیسەر تێگەیشتنو مەبەستی نێرەر لای وەرگر دروست دەبێت، بە هەریەك لە فلتەری (گوێ) و (مێشك)دا گوزەر دەکات.

## نەخشەی بازنەکە

ئەگەر پەرچەکرداروەڵام لە نێو هەردوو کەناڵی ئاخێوەرو (گوێگر) یان نێرەرو (وەرگر)دا دروست بوو، ئەوکات شوێنەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن واتە: نێرەر بۆ وەرگر، وەرگر بۆ نێرەر، پێچەوانە دەبێتەوە.

بەو شێوەیە هەر یەکە لەو فلتەرانە کارایی خۆی دەبێت لە دابینکردنی ڕوونیو ئاسانیی بۆ گەیشتنی مەبەستو پەیامی دیاریکراو.

نووسین بە هەمان قۆناغەکانی ئاخێوەردا تێدەپەڕێو قسەکردنیش جێدەهێڵێ، کەواتە پێش نووسین دوو قۆناغی تر هەیە:

یەکەمیان فیکرو ئایدیا، دووەمیان زمان، سێیەمیان نووسین.

نووسین کاتی گەیاندنی پەیامەکەی درێژترو هێواشترە، بەڵام کاتێك داتایەك لە ڕێی دەنگەوە یان ئاخاوتنەوە دەگەیەنیت کاتی کەمتری دەوێ، هەرچەندە بە هۆی پێشکەوتنی ژیاریو تەکنەلۆژیاوە ئەم جیاوازییە لە نێوان ئاخاوتنو نووسیندا کەمتر بۆتەوە.

---

[1] د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم ١٩٨٢.

له هەمان کاتدا مەرجی دەستپێکردنی پرۆسەی ئاخێوەر توانای گۆکردنو دروستی توانای جەستەییو عەقڵی هەیە[١]، پرۆسەی نووسین لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەی کەرەستە خاوەکان زیاتر ئەکات، مەرجی هاتنەئارای پرۆسەی نووسین لە ئاخێوەر زیاترە، نووسەر دەبێ خوێندەوار بێت، توانای نووسینی هەبێت، ویستی هەبێت بۆ نووسین. هەردوو ئامرازی گەیاندنی زانیاریو پەیامەکان ئاخاوتنو نووسین گرنگێتی خۆیان هەیە، بەم دوو ئامرازە دەتوانرێ کایە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگەش برەوی پێبدرێو چاکسازیی لە کۆمەڵگەدا بکرێت.

سلبیاتی ئاخاوتن لەوەدایە، ناتوانێ پارێزگاریی لە مانەوەی خۆی بکات، ئەگەر لە رێی رێکۆردەرەوە تومار نەکرابێ، دیارە ناتوانرێ هەموو قسەیەك تۆمار بکرێ، ئەگەر تۆماریش بکرێ، ناکرێ هەموو کاتێك بگەڕێینەوە بۆ کاسێتە تۆمارکراوەکە، نووسین کەمتر گرفتی بزربوونو نەمانی هەیە. دەتوانرێ بپارێزرێو لە کاتی پێویستدا سودی لێ ببینرێ. زانستی زمان دەتوانێت لێکۆڵینەوە بۆ دەقو تێکستە نووسراوەکان بکاتو خەلفیەتو بەهای نووسینەکە دیاریی بکات.

ئاخاوتن ناتوانرێ لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ، ئەگەر بۆچوونێك یان خوێندنەوەیەك بۆ فیکرەی ئاخێوەر بکرێ، ڕاستەوخۆ لە کاتی وتندا دەتوانرێ بکرێ، ئەمەش دیسانەوە توانای مانەوەی نییە.

نووسین لە رێی دەقەوە تووشی ناڕوونییەك دەبێت، ئەو دالەی بەکارهاتووە بۆ گەیاندنی مەبەستێك لای وەرگر وەك خۆی ناگات، لەم کاتەدا کێشەی خوێندنەوەی دروستو نادروستی بۆ دروست دەبێت، بەڵام پرۆسەی ئاخاوتن کەمتر ئەم گرفتەی بۆ ساز دەبێ، کاتێ ڕەخنەکانی ئاڕاستە دەکەن، ڕاستەوخۆ دەتوانێ پارێزگاریی لە دالو مەدلولە بەکارهاتووەکانی خۆی بکات، بەم جۆرە زووتر ناڕوونی خوێندنەوە جیاوازەکان وەڵام دەداتەوە.

---

[١] توانای جەستەییو عەقڵی، ئەوەیە ئاخێوەر کەسێکی (لاڵ، نابینا، نابیست، گرفتی عەقڵی) نەبێت، هەریەك لەوانە تووشی گرفتگەلێك دەبن لە کاتی وەرگرتنو دانەوەی زانیاریدا.

له کاتێکدا له نووسیندا زۆرجار که وشەیەك به هەڵه دەڕوات زۆر به زەحمەت ڕاست دەکرێتەوە، یان هەر به هەڵه دەڕواتو له کەلتووری نەتەوەیەکدا شوێنی خۆی دەگرێتو دەبێته بەشێك له زمانی ئەو نەتەوەیە.

بۆ نموونه: وشەی بەروار، که ئێستا به مانای مێژوو (تأریخ) بەکار دێت[١]، له کاتێکدا بەروار ناوی کەسێکه، ئێمەی کورد به هەڵه به (تأریخ) بەکاری دێنین.

ڤینگنشتاین شێوازه جۆراوجۆرەکانی زمانو بەکارهێنانی ڕستەو واژەو بوونی یاساو ڕێسایەك بۆ هەر زمانێك به یاریی زمانەوانی ناو دەباتو هەر به یارییه وەرزشییه ئاساییەکان دەبوێنێت چۆن ئەو یارییانه هەریەك ڕێگاو شێوازیی تایبەت به خۆیان هەیه، له زمانیشدا هەروەها.

چۆن شێوازو جۆراوجۆری یارییەکان سنووریان نییەو مرۆڤ هەرکات دەتوانێت یارییەك که له یارییەکانی تر جیاواز بێت، دابهێنێ، له زمانیشدا هەروایه، جەختیش لەسەر ئەوه دەکاتەوه که زمان هونەرێکی کۆمەڵایەتییەو واتای هەر واژەیەك بەپێی نموونەو بنەمایەك که ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بەکار هێنانی هەیه، سوودی لێوەردەگیرێت، ئەو دەڵێ: "واتای هەر واژەیەك بریتییه له سوودوەرگرتنو بەکارهێنانی ئەو واژەیه له زماندا"[٢].

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت هەر وتراوێك گەیشته پرۆسەی نووسین به پێی ئاڵوگۆڕو هاموشۆ کردنی واژەو کەرەسته زمانییەکانو ویستی کەسی بەکارهێنەر (نووسەر) دەگۆڕێ.

نوام چۆمسکی دەڵێ: "زمانەوانیی به ڕێژەی ئەو نمونانه پەیوەسته، که دەبێ له نێو هەر جەستەیەکدا بدۆزرێتەوە".

چۆمسکی پێی وایه هێماو دەستەواژه هەڵبژاردراوەکان، ناتوانن ڕاڤەی سەرتاپای زمان بکەن، بەڵام دەتوانێت (گوزارشت لەسەر چەند وێنەیەکی

---

[١] د. هۆگر مەحمود، محازەرەی واتاسازی، قۆناغی چواری، کۆلێژی زمان بەشی کوردی.

[٢] دارا مەحمود، هێرمێنۆیتیكو پرۆسەی خوێندنەوەو نووسین، ڕەهەند، ژ ١٤ ـ ١٥، ل ١٩١.

هەڵبژاردەو بچووك بکەن، کەچی لە تۆمارکردنی ئاخاوتنێکی سروشتیدا، ژمارەیەکی زۆر لە دەسپێکی نادروستو لادان لە ڕێساکانو گۆڕانکاریی پلان لە ناوەڕاستی گوتاردا (dicourse) بە دیار دەکەون[1].

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی نووسینو ئاخاوتن، ڕاستە دوو بنەمای گرنگن بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەو ژیانی شارستانی، بەڵام نە ئاخاوتن دەتوانێ سەرلەبەری زاکیرەی مرۆڤ بتەکێنێتە نێو زارو تەلەفوزی پێ بکرێ، نە نووسین دەتوانێ سەرلەبەری ئاخاوتنەکان بهاوێژێتە نێو پەڕە سپییەکانو تۆماریان بکات.

## مێژووی لاتینو سەرهەڵدانی ئەلفوبێی لاتینی

ئەو ئەلفوبێیانەی لە دنیادا بۆ سەرجەمی زمانە نەتەوەییو زارو زارۆچکەکان بەکار دەهێنرێت زۆرن، لەوانە:

ئەلفوبێی لاتینی، کە وڵاتانی (ئەوروپاو ئەمریکاو ئوسترالیاو بەشێك لە ئاسیاو ئەفریقاو سوریاو تورکیا پێی دەنووسن).

تیپی چینی، لە وڵاتی چینو تیپی ڕووسی لە سۆڤیەت بەکار دێت، گرنگترین ئەو تیپانەی زۆرترین زمانی نەتەوە جیاوازەکانی پێ دەنووسرێ، لاتینیو عەرەبییە.

ئەلفوبێ و زمان دوو شتی جیان، ئەلفوبێ هێمایەکە بۆ ئەو دەنگانەی، کە لە زمان دێنە دەراندن، ئەو هێمایانەش کە ناوی ئەلفبێیان لێ دەنرێت، مرۆڤ خۆی دروستیان دەکاتو دایان دەنێتو لەسەریان پێك دێتو ڕێکدەکەوێت، ئەگەر زمان تایبەت بێ بە گەلێك یان کۆمەڵە مرۆڤێك، کە پێی دەپەیڤنو لە یەکتر تێدەگەنو مۆرکو موڵكو ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەبێت، ئەوا ئەلفوبێی ئەو تایبەتمەندییەی نییە، هەموو ئەلفبێیەك دەتوانێت، دەربڕی هەموو جۆرە زمانێك بێتو هەموو جۆرە دەنگێك بدرکێنێت، مرۆڤیش هەرکاتێك ویستیو بە پێویستی زانی، دەتوانێت بۆ هەر دەنگێك هێمایەك جێ بکات[2].

---

[1] و. ئازاد خدر، هزری زمانەوانی، ڕامان، ژ ٩٣ ـ ٩٤، ل ١٠٠.

[2] ئەمجەد شاکەلی، گیروگرفتی ئەلفبێو دیالێکت لە زمانی کوردیداو چەند سەرنجێك.

لاتینی ئەو ئەلفوبێیەی ئێستا لە زۆر لە زمانەکاندا بەکار دێت، لە ناوی (لاتین)ی ناوچەیەکی کۆن لە نزیك شاری ڕۆمای ئیتالیای ئێستاوە هاتووە، لە کاتێکدا نەتەوەیەکی زۆردارو بەهێز کۆچیان کردە ئەو جێگایە، لەوێ خۆیان قایم کردو پاش ماوەیەکی زۆر شاری ڕۆمایان دروست کرد، بە ناوی گەورەکەیان (ڕومیلۆس) لە ئەنجامدا بووە ئیمپراتۆری وڵاتەکە، ناوی زمانەکەشیان بە ناوی ناوچەکە (لاتین)ەوە کرد[١].

دوای ئەوەی ڕۆمەکان، تیپی لاتینییان داهێنا، ئیدی وردە وردە ئەم تیپە لە سەرجەمی ئەو وڵاتانەی داگیریان دەکرد بەکاریان دەهێنا، تا ئێستاش وڵاتانی وەك: (ئەڵمان، ئەمریکا، ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئیتالیا) هەر ئەو پیتە بەکاردێنن، لەگەڵ پەرەسەندنو زیادبوونی دەسەڵاتی سیاسیو هەژموونو دەستکرانەوەی ئەو دەوڵەتە، زمانەکەشی بە شێوەیەکی تۆتالیتارییانە سەپاندو کردییە زمانی زانیاری، مێژوو، ئەدەب.. هتد.

(لاتین) ئێستا لقێکە لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان، خزمایەتیو نزیکایەتی لەگەڵ زمانەکانی (سانسکریتی، یۆنانی، ڕوسی، ئەرمەنی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی) هەیە.

## ئەلفوبێی لاتینی هاتنە ناوەوەی بۆ نووسینی کوردی

لە دوای ئەوەی ئەلفوبێی لاتینی لە ڕۆما بە هۆی وەرچەرخانی سیاسیو قۆرخکردنی دەسەڵاتەوە سەری هەڵداو چەسپێنرا، لە ساڵی ١٩٢٨ دوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە تورکیا، مستەفا کەمال ئەتاتورك، لە ئەستەمبوڵ لە کۆبوونەیەکی گشتیدا ڕایگەیاند: (ئیتر لە نووسیندا تیپی عوسمانلی، واتە تیپی عەرەبی ـ بەکار ناهێنرێت، ئەبێت لەمەولا لاتینی نوێی تورکی ـ واتە تیپی لاتینی بنووسرێتو بخوێنرێتەوە)، ئەم هەنگاوەشی بە (شۆڕشی پیت) ناوزەند کرد[٢].

---

١ طاهر صادق، ڕێنوس، چۆنییەتی نووسینی کوردی.

٢ مصطفی نریمان، ڕێنووسی کوردیی لە ڕەگو ڕیشەوە، ل٢١.

له دروشمی ڕاگەیاندنەکەی ئەتاتورکدا دیارە، ویستی بە گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بە لاتینی، زیاتر لە ئەوروپا نزیك بێتەوەو لە زمانی عەرەبی کە زمانی ئایینی ئیسلامە دوور بکەوێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆڕو کۆمەڵەی وەك کۆمەڵەی وردکردنەوەی زمانی تورکی، کۆڕی زمان، دروست کرا، بۆ لێکۆڵینەوەو کارکردن بۆ تیپە تازەکە (لاتینی) ئیدی تیپی لاتینی بە تەواوی فەرز کرا بەسەر زمانی تورکیاداو لە هەموو فەرهەنگ و کەلەپورو کەلتوورێکی عەرەبی لە تورکیادا خۆی بەدوور گرت[1].

دوای بە زۆر سەپاندنی ئەلفوبێی لاتینی بەسەر گەلی تورکیادا، بە دوای ئەتاتورکدا، بەدرخانییەکان لەگەڵ ئەوەی ئاوارەو زەحمەتکێشی دەستی کەمالیزەکان بوون، کەچی هەرزوو وەك دەستپێشخەرو هەنگاوهەڵگری کەمالییەکان ئەم تیپەیان بەکار هێنا، ئەم هەڵوێستەی بەدرخانییەکان جێی هەڵوێستەکردنو وردبوونەوەیە، لە کاتێکدا مێژووی سەرهەڵدانی تیپی لاتینی مێژوویەکی تولانیو دوورو درێژی هەیە، بەدرخانییەکان دوای چەند ساڵێك لە بڕیارەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك ئەم تیپە بەکار دەبەن، لە ساڵی ١٩٣٨ بەدرخانییەکان چ کتێبێکیان چاپ کردبێ لە شامو بەیرووت، بە تیپی لاتینی بووە.

فەرهاد شاکەلی دەڵێت: "لە جەنگی جیهانی دووەمدا فەڕەنساییەکان دەیانویست دەنگی کورد دژی نازیزم بەکار بێنن، هەر بۆیە لەگەڵ بەردخانییەکاندا هەوڵیاندا تیپی لاتینی بەکار بێنن، بەدرخانییەکانیش دەیانویست ئەوەی لە مەیدانی سیاسەتدا دۆڕاندبوویان، لە ڕێگەی دیکەوە دەستیان کەوێتەوە"[2].

دوای بەدرخانییەکان ساڵی ١٩٣٣ لە کوردستانی باشووریش تۆفیق وەهبی بەگ لە نامیلکەیەکدا بە ناوی (خوێندەواری باو)، داوای لە نووسەران کرد ئەلفوبێی لاتینی بەکار بێنن، پاشان ساڵی ١٩٥٧ جەمال نەبەز کتێبی (نووسینی کوردیی بە

---

[1] محمد الصاوي، الحروف اللاتينية لكتابة لغة العرب، www.almaqreze.com.

[2] فەرهاد شاکەلی، پرسیارەکان هێشتا تینوی وەرامن، ئامادەکردنی هەڵۆ بەرزنجی، ل ١٢٨.

لاتینی) بڵاوکردەوە، ساڵی ١٩٧٢ گیو موکریانی کتێبی (ئەلفوبێی کوردیی وێنەداری بە تیپی لاتینی) دانا، هەریەکە لەو کتێب وسەرچاوانە بە شێوەیەکی جیاواز ئەلفوبێ لاتینیەکەیان عەرز کردووەو زیادو کەمیان کردووەو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، دیارە ئەمەش شێوەیەکی ئاناشتی (فوضوي) وەرگرتووە، بۆ نووسەران و فێرخوازان جۆرێك لە سەرلێشێواندنی تیادایە، هەنوکەش لە نێو فەزای میدیاو زمانناس و زمانزانەکاندا ئەگەری بەکارهێنان یان پشتگوێ خستنی ئەم ئەلفوبێیە لە ئارادایە، لە بەشەکانی داهاتوودا ئاماژە بە بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەدەین.

## ئەلفوبێی عەرەبی و گرفتەکانی لە ڕێنووسی کوردیدا

زمانی عەرەبی لقێکە لە کەنعانی، ئەچێتەوە سەر ئەو سامیيانەی کە لە وڵاتی حیجاز نیشتەجێ بووبوون، لە بونیەو پێکهاتەکانی زمانە جیاوازەکانی جیهاندا، سەدەها زمان ڕیزبەند دەکرێ، لە نێو سەرجەمی ئەو زمانانەدا هەندێکیان پێیان دەوترێت زمانی مردوو کە لە جوغزێکی کەمی قسە پێکەراندا ماوەتەوە، بۆ نموونە گریکی کۆن، هەندێکی تر لە زمانەکان بە زمانی زیندوو ناو دەبرێن، کە لە چوارچێوەیەکی جوگرافی فراوانی دنیادا بەکار دەهێنرێت. زمانی عەرەبی یەکێکە لەو زمانانەی قسەپێکەری زۆری هەیە، گەر عەرەبیش نەبن ئایینی ئیسلام بۆتە هاندەرێك بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی بن، جا بۆ هەر مەبەستێك بێت، ئەم زمانەش ئەلفوبێیەکی تایبەتی هەیە.

لە زمانی عەرەبیشدا بۆچوونی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی هەیە، هەندێك پشتگیریو هەندێکیش ڕەتی دەکەنەوەو پێیان وایە ئەم بۆچوونە بۆ سەد ساڵێك لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، بەلام هەوڵدراوە ڕێ و شوێنی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە [1]، بۆ ئەوەی بەسەر زمانی عەرەبیدا بچەسپێ.

---

[1] محمد الصاوي، ارهاب ضد الحرف القرآني، www.horoof.com.

میللەتی کوردیش یەکەم دەقی نوسراوی کە دۆزراوەتەوە لە (٩٣٥٠ ـ ١٠١٠م) کە بەرهەمی بابە تاهیری هەمەدانییە بە ئەلفوبێی عەرەبییە [1]، پاشان عەلی حەریری (١٠١٠ ـ ١٠٧٧م)، فەقێ تەیران (١٣٠٧ ـ ١٣٧٥م)، مەلای جزیری (١٤٠٧ ـ ١٤٨١)، عەلی تەرماخی (١٥٩١ ـ ١٦٥٩م)، بێسارانی (١٦٤١ ـ ١٧٠٢)، ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ ـ ١٧٠٦م)، هەرچەندە زماننناسو زمانزانەکانی کورد مێژووی سەرهەڵدانی دەقی نووسراوی کوردیی بۆ مێژوویەکی زۆر پێشتر لە بابە تاهیرو مەلا پەرێشان دەگێڕنەوە.

د. کوردستان موکریانی دەڵێ : "کە پرسیار لە کوردێك دەکەی بۆ کۆنترین تێکست، دەڵێ چوارینەکانی بابە تاهیری هەمەدانی یان مەلا پەرێشان، بەڵام لەوانەی کە دۆزیومانەتەوە، تێکستێکی کەنیسەییە، نوێژێکی مەسیحییە بە حەوت زمان، یەکێك لەوانە بە زمانی مادده، ئەم نوێژە لە دەستنووسێکدا دەستمان کەوتووە، کە نووسینەوەی لە ساڵی (١٤٤١)زدا، تەواو بووە، منو د. جەمال ڕەشید دوو ساڵ هەوڵماندا ئەم کتێبە بدۆزینەوە کە لە ساڵی ١٩٣٩دا چاپ کراوە، ئەو تێکستە بە زمانی ماد نووسراوە، بە لەهجەی کرمانجی ژووروەوە، تێکستەکە بەم شێوەیە "پاگەش خودێ، پاگەش زەهم، پاگەش ڤەمەرگ، توش هاتی خاچی، ئەشکەرما ڕەهەمە تاما.."[2].

(پاگەش زەهم، پاگەش ڤەمەرگ) واتە: نەمر، (ئەشکەرما) واتە: شوکری دەکات، (ڕەهەمە تاما) واتە: ڕەحمەت لەخودا داوا دەکات

ئەگەر سەرنج بدەین لەم تێکستە کۆنەشدا ئەلفوبێی عەرەبی بەکار هاتووە.

---

[1] لە تێکڕای باسەکەدا ئەو ئەلفوبێیەی لە ڕێنووسی کوردیدا بەکاری دەهێنین، بە ئەلفوبێی عەرەبی ناومان بردووە، د. کوردستان موکریانی، بە ئەلفوبێی (عەرەبی، فارسی، کوردی) ناوی دەبات، فەرهاد شاکەلی بە ئەلفوبێی گونجێنراوی (فارسی، عەرەبی) ناوی دەبات.

[2] د. کوردستان موکریانی، ڕامان، ژ ٢٦، ل ٩٣.

ئەو ئەلفوبێیەی ئێستا لە ڕێنووسی کوردیدا بەکار دەهێنرێت، بە پێی هەڵدانەوەی پەڕەکانی مێژووش ئەم ئەلفوبێیە ڕیفۆرمێکی زۆری تیا کراوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئەلفوبێیەی ئێستا لە کوردستانی باشوور (عێراق) بەکار دەهێنرێت، دیارە بە بیروڕای هەندێك ئەم ئەلفوبێیە گونجاو نییە بۆ زمانی کوردیی، بەڵکو ئەلفوبێی لاتینی گونجاوترە، بە پێچەوانەی ئەمانەوە گروپێك پێیان وایە ئەلفوبێ عەرەبییەکە گونجاوە، چونکە تا گەیشتۆتە ئەم قۆناغە چەندین گۆڕانی لە ڕووی شکڵو شێوەوە بەسەردا هاتووە، کە لەگەڵ فۆنەتیكو دەنگی زمانی کوردیدا دەگونجێت، لە خوارەوە چەند گرفتێك لە ئەلفوبێی عەرەبی دەخەینە ڕوو:

١- هەندێ پێیان وایە دەنگ (فۆنێیم) هەیە، لە کوردیدا لەم ئەلفوبێیەدا وێنەی بۆ دانەنراوە، بۆ نموونە بزرۆکە (i)، کە دەنگێکی کورتە، لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هێمای نییە، لە لاتینییەکەدا هەیە، وەك وشەی: سەرچنار ـــــ sarÇinar.

سەرچنار سێ برگەیە (sar ،Çi ،nar)، لە گرامەری کوردیدا، دەبێ بچووکترین برگە لە ڤاوڵو کۆنسانتێك پێك بێت، لە ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا، کەچی لە برگەی (چ)دا، تەنها کۆنسانتێك هەیە، کە ناکرێ تەنها کۆنسانتێك برگە دروست بکات، لە لاتینییەکەدا بزرۆکە کە ڤاوڵە بوونی هەیە (Çi).

٢- هەندێ تیپی وەك (پ، ژ، چ، ق، ع، ڵ، ڕ، ڤ، گ) لە کوردیدا دەنگن لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نین، هەر چەندە ئەم گرفتە بە تێپەڕبوونی زەمەنو کات ئەم پیتانەی نووسراون، بۆ ڕێنووسی کوردیی دۆزراونەتەوەو لەسەریان ڕێککەوتووین، کاتێك هەریەك لەو تیپانە بەکار دەهێنین یان گوێ دەکەین، هەموو تێدەگەین، بۆ نموونە (پ) جیاوازە لەگەڵ (ڵ)، هەم لە ڕووی دەربڕین، هەم لە ڕووی نووسینەوە.

٣- جیانەکردنەوەی تیپەکانی (وو، ۆ، و، ی، ێ)، لە ئەلفوبێی عەرەبییەکەدا.

٤- هەندێك پێیان وایە ئەلفوبێی عەرەبی، ئەلفوبێی زمانی عەرەبە، دەبێ زمانی کوردیی لێ دوور بخەینەوە، چونکە چەندین ساڵە کورد ژێردەستەو چەوساوەی دەستی عەرەبە شۆڤێنییەکان بووە، لە چوارچێوەی (عێراق)ی عەرەبیدا.

دیاره ئەمەش ئەوەندەی بۆچوونێکی نەتەوەگەریانەیە، هێندە بیرکردنەوەو لەخەمدابوونی ئەسڵی مەبەست، کە ڕێنووسی کوردییە نییە .

٥- بوونی نوکتەی سەر تیپەکان لە ئەلفوبێی عەرەبیدا، نووسەر لە کاتی نووسیندا دوا دەخات، ئەگەر سەرنج بدەین لە تیپی لاتینی لە جیاتی نوکتە لە هەندێ تیپدا ئیشارەتێك لەسەر یان لە ژێری دادەنرێت، بۆ نموونە :

مێوژ ــــ mÊuj

شووشە ــــ şuşe.

صادق بەهائەددین ئامێدی دەڵێ: "بەڵێ زمانی کوردیی کو زمانەکی هندو ئورووپییە ب تیپێت عەرەبی نەمازە زارێ کرمانجی ناهێتە نڤیسین ب دروستی و هوییبوین (فێربووین) ژ ب ساناهی ناهێتە دەست". ئامێدی پێی وایە: ئەلفوبێ عەرەبیەکە بۆ شێوەزاری سۆرانیو سلێمانی گونجاوو لەبارە، ئەلفوبێی لاتینییەکەش بۆ کرمانجی ژووروو[١]، باشە ئەم فیکرو تەسەورە جگە لە پەرتەوازەبوون و پەرتبوونی زمان و ستاندارد بوونی زمانی کوردیی چی لێ بەرهەم دێت؟ ئەم بۆچوونە ئەگەر کەسێکی غەیرە کورد بیوتایە نەدەوترا ئەوە دژی یەکگرتوویی و ستانداردبوونی زمانەکەمانە ؟

جەمال نەبەز لە زمانی یەکگرتووی کوردیدا دەربارەی مێژووی نووسینی کوردیی دەڵێ: "هەرچەندە بە داخەوە نازانرێ لە کەیەوە بە کوردیی دەنووسرێ، بەڵام ئاشکرایە، پاش ئەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بێخی داکوتا، کوردەکانیش وەك فارسەکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی، بۆ نووسینی زمانەکەیان، هەرچەندە ئەو بەڵگانەی، تا ئێستا لە چەند سەد ساڵێك تێپەڕ نابێ، بەڵام ئەز لەو باوەڕەدام کە مێژووی نووسینی کوردیی گەلێك لەو تێکستانە کۆنترە، کە پێمان گەیشتوون"[٢].

---

1 ئەمجەد شاکەلی، گیروگرفتی ئەلفبێو دیالێکت لە زمانی کوردیداو چەند سەرنجێك.

2 هەمان سەرچاوە.

له نێو مێژوویەکی دوورو درێژدا ئەلفوبێی عەرەبی لە ڕێنووسی کوردیدا زۆرترین بەرهەمی پێ چاپو بڵاوکراوەتەوە.

## گرفتی ئەلفوبێی لاتینی لە ڕێنووسی کوردیدا

له پێشوودا ئاماژەمان بە سەرەتای سەرهەڵدانی تیپی لاتینیو گەشەکردنی دا، لێرەدا هەندێ ئاماژە بە گرفتو کەمو کورتییەکانی ئەلفوبێی لاتینی دەدەین.

١ـ لە ئەلفوبێی لاتینی دا گرفتی نەبوونی تیپ (هێما) هەیە، لە بەرامبەر هەندێ تیپی کوردیدا گرنگترینیان (ع، ح).

٢ـ نەزانینی خوێندنەوەی تیپی لاتینی لە لایەن خوێندەوارانی کوردەوە، لەگەڵ ئەوەی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو نەخوێندەواری تێدایە، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە، کە خوێندەوارەکانیش نەخوێندەوار دەکات.

٣ـ ئەلفوبێ لاتینییەکان کە لە نێو سەرچاوەکاندا بەکار هاتووە، یەك جۆرە شکڵو شێوەیان نییە، بۆ نموونە: بەدرخانییەکان بە جۆرێكو تۆفیق وەهبی بەگ بە جۆرێك هێماکانیان نووسیوە، ئەمەش سەرلێشێواندن بۆ خوێنەرو نووسەر دروست دەکات، لە کاتی نووسینو فێربوونیشدا.

٤ـ ئەو فیکرو ئایدیایەی هاندەرو پاڵپێوەنەر بوو، لای ئەتاتورك، بۆ گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بە لاتینی، ئەم هۆکارانە پەیوەندییان بە ڕەوشو کەلتووری کوردستانەوە نییە.

٥ـ هەندێك پێیان وایە ئەلفوبێی لاتینی زیاتر لەگەڵ سیماو فۆنەتیکی کوردیدا ئەگونجێ[1]، لە کاتێکدا هەندێ پێیانوایە، ئەلفوبێی لاتینی شێواندنو تەشویهی دەنگی کوردیی دەکات، بۆ نموونە فۆنێمی (خ) لە کوردیدا بە لاتینی بە (X) وێنەی بۆ کراوە. لە کاتێکدا ئەم دوو فۆنێمە نە لە ڕووی دەنگ نە لە ڕووی هێماوە پەیوەندییەکیان نییە.

---

[1] جودت هوشيار، أول ابجدية متكاملة للغة الكردية، www,gilgamish.org.

٦- نەتوانینی گۆڕینی ڕێنووسی دەقە کلاسیکییەکان، بۆ نموونە: جار هەیە هەندێ وشە بە تەنیا یەك تیپ، فۆڕمو مانای تیپەکە دەگۆڕێت. وەك (مەئمور، مەعمور)، (نەصل، نەسل)، (عاجیل، ئاجیل)[1].

ئەگەر سەیری ئەو وشانە بکەین، بە تەنیا یەك تیپ جیاوازن، لە ڕووی فۆنەتیكو گۆکردنیشەوە تیپە جیاوازەکان نزیکایەتییان هەیە، ئەم وشانە بگۆڕدرێن بۆ ئەلفوبێی لاتینیی هیچ مانایەکیان نییە.

٧- هەندێکی تر پێیانوایە، بەکارهێنانی تیپی لاتینی نەخوێندەواریی کەم دەکاتەوە.

ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێت دەبوو ئەو وڵاتانەی لاتینی بەکار دەهێنن ڕێژەیەکی کەمی نەخوێندەواریان تێدا بووایە، لە کاتێکدا ئەمە لە واقعدا پێچەوانەیە، وڵاتێکی وەك سۆماڵ ئەلفوبێی لاتینی بەکار دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرترین نەخوێندەوارو دواکەوتوویی‌و برسێتی تێدایە.

٨- بەکارهێنانی تیپی لاتینی دەبێتە هۆی دابڕان لە کەلتوورو مێژووی زمانی کوردیی، کە سەدان ساڵە دروستی کردووە.

حوسێن محەمەد لە سەلیقەی زمانەوانیدا ئاماژە بە یەکێ لە قسەکانی شێرکۆ بێکەس دەدا دەڵێ: "یەکێ لەو کارە خراپانەی (ئەتاتورك) کردی، گۆڕینی تیپی عەرەبی بوو بە لاتینی، ئەمە لە ڕووکەشدا، گوایە وەرچەرخانێکی شارستانی بوو بەرەو سەردەمی تازەی ئەوروپا، بەڵام لە جەوهەردا (بڕبڕەی پشتی کەلتوری تورکی شکاند) گەورەترین پەرتوکخانەی ڕووناکبیری تورکی دەرخواردی مشکدا، نەیانتوانی لە (٥٪)ی ئەو کەلتورە بگۆڕنە سەر تیپی لاتینی"[2]. عوسمانییەکان حەوت سەد ساڵ ئەلفوبێی عەرەبییان بەکارهێناوە، ئەتاتورك بە بوونی سەروەتو

[1] فەرهاد شاکەلی، پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن، ل١٣٢.

[2] حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانی‌و گرفتەکانی زمانی کوردی، ساڵی ١٩٩٩، سلێمانی، ل ٥٣٢.

سامانێکی ماڵی و لە پشتبوونی دەوڵەتێك نەیتوانیبێت کەلتوری تورکیی بگۆڕێ بۆ ئەلفوبێی لاتینی، چۆن لە کوردستاندا کە مێژووی ئەلفوبێی عەرەبی لە ڕێنووسەکەیدا هەزار ساڵ زیاتر دەبێت و ڕەوش و بارودۆخی ناسەقامگیری کوردستان کە سەرجەمی کایەکانی گرتۆتەوە، جورئەتی وەها بڕیارو دیالۆگ و مشتومڕێك دەکرێت، ئەتاتورك لە (٥٪) نەیتوانی بێت بگۆڕێ، لە کوردستاندا لەو باوەڕەدام ئەوەی هەشمانە لە کیسمان دەچێت، بە دەردی ئەو پەندە کوردییە دەچن کە دەڵێ: "چوو بۆ ڕیش سمێڵیشی نایە بان". تورکەکان کاتێك ویستی گۆڕینی ئەلفوبێکەیان هەبوو لە ساڵانی (١٩٢٣ ـ ١٩٢٨) هەر نووسینێك بنووسرایە لەسەر زمان، لەسەر ڕێنووس و ئەلفوبێ تازەکە (لاتینی) دەدوا، بەمشێوەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لێکۆڵینەوەو دراسات و کۆنگرەی تورکناسان بەڕێوە برد بۆی، تا گەیشتنە ئەوەی ئەتاتورك لە ساڵی ١٩٢٨ وتارێکی خوێندەوە، تیایدا دەڵێ: "زمانە شیرین و دەوڵەمەندەکەمان ئیتر لەمەوپاش بە تیپی نوێباوی تورکی خۆی دەنوێنێ، پێویستە خۆمان لەو تیپ و پێوارو نیشانە بەنی و نائاشنایانەی کە چەندین چەرخە بیرو هۆشیارییان لە چوارچێوەیەکی ئاسندا شاردووینەوە ڕزگارکەین"[1].

٩ـ بەکارهێنانی تیپی لاتینی هۆکاری پێشکەوتنی زمانی کوردیی نییە، وەك هەندێ وای بۆ دەچن وڵاتانی وەك یابان و چین لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهانن، هەریەکەیان تیپی تایبەتی بە خۆیان بەکار دەبەن، ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییەیان بە هۆی بەکارهێنانی عەقڵ و لۆژیکی ئەو کۆمەڵگایانەوە هاتۆتە بەرهەم نەك بەکارهێنانی ئەلفوبێیەکی دیارکراو. یان هەریەکە لە وڵاتانی (تایلەند، هندستان، کۆریا..) ئەلفوبێی لاتینیان پێ قبوڵ نییە [2]، وڵاتی پێشکەوتووشن.

---

[1] ئەمجەد شاکەلی، گیروگرفتی ئەلفوبێ و دیالێکت لە زمانی کوردیداو چەند سەرنجێك.

[2] محمد الصاوي الحروف الاتينية للكتابة لغة العرب، www.almaqreze.com.

١٠ـ هەندێك ڕایان وایە ئەلفوبێی لاتینی دەبێتە هۆكاری ئاسان فێربوونی زمانی كوردیی لە لایەن كەسانی بێگانەوە، گرنگێتی زمان و كەلتوورو هۆكارەكانی (ئاینیی، بازرگانیی، ڕۆشنبیریی..) دەبێتە خاڵی گرنگیدان بە فێربوونی زمانێك نەك ئەلفوبێكەی، بۆ نموونە خەڵكێكی زۆر بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئیسلام، هەوڵی فێربوونی زمانی عەرەبی دەدەن، یان بۆ تێگەیشتن لە ئاینی جوولەكە فێری عیبری دەبن، یان بۆ ئاینە كۆنەكانی ئێرانی فێری ئاڤێستاو پەهلەوی دەبن، پەهلەوی بە ئەلفوبێی لاتینی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا قورسە هەوڵی فێربوونی دراوە، یان ئەگەر سەرنج بدەین لە سەدەكانی ڕابردوودا ڕۆژهەلاتناسەكان كە ڕوویان لەم ناوچەیە كردووە، زۆربەیان ئینگلیز بوون، پێویستی زاتیو مەوزوعی هێناونییەتە ناوچەكە.

لەگەڵ ئەوەی مەبەستی سیاسیی خۆیان پێكاوە، هەروەها لە زۆر لە بوارەكانی ژیانو گوزەرانی خەڵكو تەنانەت لە خودی زمانی كوردیشیان كۆڵیوەتەوە. هەوڵی گروپو تاكەكان بۆ پڕكردنەوەی كەلێنی ئەلفوبێی عەرەبی لە نێو ڕێنووسی كوردیدا لە ساڵەكانی سییەوە لە ئارادایە، هەر لایەن و گروپەش مەبەستی جیاواز بۆ ئەو كارە ئاڕاستەی كردوون، مەبەستی ئایینی، ئایدۆلۆژیی، دەسەلاتی سیاسیی، گرنگترین ئەو ڕكابەرانەیە كە پاشخانی فیكریی ئەو كەسانەی گرتووە كە ویستوویانە ئەو ئەلفوبێیە بگۆڕن.

ئەوەتا ئیسماعیل بێشكچی دەڵێ: "گەر ویستمان سەر بە نەتەوەیەك دانەوێنین وەك كۆیلەی لێ بكەین، ناسنامەی نەتەوەیی لێ زەوت بكەین، گەر ویستمان داگیركەر لە ناوچەیەكدا دەسەلاتی هەبێ، پێویستە ئەلفوبێی ئەو نەتەوەیە لەناو بەرین، پێویستە نەیەڵین ئەو گەلە یان ئەو نەتەوەیە، بە زمانی خۆی ئاخافتن بكا تا بەربەست لە میانەی خۆی و كەلتوورەكەیدا دروست كەین"[١].

زۆر گرنگە كاتێك بیر لە گۆڕینی ئەلفوبێی لاتینی دەكرێتەوە، بە وریایی و لێتوێژینەوەی زۆر قسەی لەسەر بكەین، گومانی تیا نییە سەرجەمی زمانەكانی دنیا

---

[١] حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانییو گرفتەكانی زمانی كوردیی، ل١٣٢.

بە ڕێژەی کەمو زۆر گرفتو کێشەی تێدایە، ئەو ئەلفوبێیانەی لە زمانە جیاوازەکاندا بە کاردێن گرفتی جیاوازیان هەیە، هۆی سەرەکی لەم گرفتانەدا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پێڕانەگەیشتنی شێوەی پیتەکان بە دەنگەکانو نالەباری ڕێنووس بۆ دەربڕین[1].

لە کوردستانی گەورەدا زۆرترین نووسراوو فەرهەنگو کەلتووری کوردیی بە ئەلفوبێی عەرەبییە، کە نزیکەی (٨٥٪) سەرجەمی نووسراوەکان دەگرێتەوە.

ڕۆژئاواو باکووری کوردستانیش لە نزیکەی (١٥٪) نووسینیان بە لاتینی هەیە، ئەمەش بە هۆی خراپی بارودۆخی سیاسیی هەردوو بەشەکەی کوردستانە، کە تا ئێستا وەك زمانێکی ڕەسمیی نەناسراوە لە دەوڵەتدا.

لە کوردستانی باشوور (عێراق) ئەوە بۆ ماوەی (١٦) سال دەبێت، دوای ساڵی (١٩٩١) کرانەوەیەکی زۆری ڕۆشنبیرییو فەرهەنگییو ڕۆژنامەنووسی دەستی پێکردووە، ناکری بووترێت لەبەر ئەوە زۆرترین قسەپێکەرانی کوردیی بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسن، کەواتە دەبێ ئەلفوبێکەمان بۆ لاتینی بگۆڕین، چونکە ئەم بیروبۆچوونە هێندە بڕیارێکی سیاسییانەی لە پشتە حسابکردن نییە بۆ ئەو ڕابردووەی کە زمانو ئەدەبیاتی کوردیی لەسەر بنیاتنراوە کە نزیکەی هەزار ساڵێك زیاتر دەبێت.

د. کوردستان موکریانی دەڵێت: "کوردی سوریاو تورکیا ئەلفوبێی بەدرخانییەکان بەکاردێنن، کە ئەلفوبێی لاتینییە، بەدرخانییەکان لاسایی تورکیایان کردەوەو هەرهەمان (ئەلفوبێی) ئەوانیان بۆ دەنگی کوردیی دانابوو، بە هۆی دابڕانی کوردان هێندێك لە ڕۆشنبیرانی کورد، ئەگەر بەدرخانییەکان (ئەلفوبێ)کەیان نەکردبایە بە لاتینی، ئێمەی کورد بە ئەلفوبێی (عەرەبی، فارسی) کوردیمان نووسیبا، زیاتر لە یەکتر دەگەیشتینو لە یەکتر دانەدەبڕاین، دەبێ ئاشکرا قسە

---

[1] بەدران ئەحمەد نەجیب، ڕێنووسی یەکگرتووی کوردیی، ل ٥.

بکەین، ڕاستە ئەلفوبێی لاتینی لەگەڵ زمانی کوردیی دەگونجێت، بەڵام بوو بە هۆی لێکدابڕانمان"[١].

نەتەوەیەکی وەك کورد، لە مێژە دوژمنە ئیقلیمیو جیهانییەکان ویستوویانە دایان ببڕن لەیەكو دابەشیان بکەن. بە هۆی چەندین پەیماننامەو ڕێککەوتننامەی شوومەوە، یەکێك لەوانە (پەیمانی لۆزان)ە. کە کوردستانی دایە دەست قەدەری چوار دەوڵەتی (سوریا، تورکیا، عێراق، ئێران) هەریەکە لەم دەوڵەتانەش ویستوویانە لە نێو کەلتوورو زمانو ئایدیای خۆیاندا بیتوێننەوە.

هەندێك کەس لە کوردستان، دەیانەوێ ئەو پرۆسە کۆلۆنیالەی دەوڵەتە دراوسێکان بەسەر کوردستانیاندا هێناوە، بۆ دابەشکردنی، ئەمانیش دووبارەی بکەنەوە، جا بە مەبەست بە ئاڕاستەکردنی خەڵکانی دەرەوەی کوردستان بێت، یان بەبێ ئاگایی و بە حسابی کوردستانی بوونو کوردایەتییەوە بێت.

ئەمجەد شاکەلی لە (گیروگرفتی ئەلفوبێو دیالێکت لە زمانی کوردیداو چەند سەرنجێك)دا دەڵێ: "زۆرجار دۆستو برادەری کوردی باکووری کوردستانم، کە کتێبێکی کوردیی بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسراوەیان دیوە، بە قورئان یان هەر کتێبێکی عەرەبییان زانیوەو هەرگیز بە لای ئەوەدا نەچوون، کە ئەوە کوردییە، ئەگەر وتوومە ئەوە کوردییە، گوتوویانە، ها سۆرانییە، کوردیی بە لای ئەوانەوە تەنیا ئەوەیە بە تیپی لاتینی نووسرابێت، ئیدی دابڕانو نەگبەتی دەبێ چۆن بێت"، لە لایەکی تریشەوە ڕۆشنبیرانی کوردستانی باکور کەمتر بە کوردیی دەنووسنو دەخوێننەوە، لە (سۆرانی)دا زیاتر پسپۆڕو زمانزانو ئەکادیمیستی زمانەوانی هەیە، کە خزمەتیان بە زمانو ڕۆشنبیریی کوردیی کردووە، گۆڕینی ئەلفوبێ لە ڕاستیدا وازهێنانو لەکیسچوونی ڕابردووی هەر گەلو نەتەوەیەکە، بە تایبەت لە کاتێکدا ئەو ئەلفوبێیە گرفتێکی وای نەبێت، کە زمانەکەی تووشی وەستانو جحود کردبێ.

---

[١] د. کوردستان موکریانی، ڕامان، ژ ٢٦، ل٩٣.

ولاتی ڤێتنام لە سالآنی (١٨٠٠ ـ ١٨٢٠) کۆلۆنیالی (چین) بووەو تیپی چینی بەکار هێناوە، لە سالّی ١٨٢٠ ـ ١٩٥٤ کۆلۆنیالی فەڕەنسا بووە، بە هۆی دەسەلآتی فەڕەنساوە تیپی لاتینی بەکار هێناوە، ئیدی ئەم تیپە وردە وردە گەشەی کردووەو سەپێنراوە، لەگەلّ ئەوەشدا تا ئێستا تیپی چینی هەر ماوە لە خوێندنگەکاندا، خەلّك ئێستەش بیریان نەچۆتەوەو دەیزانن، تورکیا ئەوە بۆ ماوەی هەشتاو نۆ سالّ دەچێت هەولّی خۆنزیککردنەوەو بە ئەوروپابوونی داوە، تا هەنوکەشە هەولّ دەدات بۆ بەئەندامبوونی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا، بەمە هەم لە کەلتوورو فەرهەنگی ئاسیابوونی بێبەش بووە، هەم لە ئەوروپابوونی. مامۆستایەکی ئێرانناس (Iranist) بە نێوی کارینا جەهانی (carina jahani) لە زانستگەی "ئۆپسالا" دەلّێ: "کوردەکان زۆر زیرەکانە، گیروگرفتی ئەلفوبێیان چارەسەر کردووەو خۆیان لە گرێو سەختیی ئەلفوبێی عەرەبی ڕزگار کردووەو دوور خستۆتەوە، ئەگەر ئەلفوبێی کوردی لەگەلّ فارسیشدا بەراورد بکرێت ئەوا کوردییەکە زۆر پێشکەوتووە"[١].

کەواتە گەر تا ئێستا دوای سەدان سالّ گرفتی ڕێنووس وردە وردە کەم بوبێتەوەو چەندین چاکسازیی تیا کرابێو ئەلفوبێ عەرەبییەکە لەگەلّ زمانی کوردیدا گونجێنرابێت، چ سوودمەندییەکی تیایە ئێستا دیسانەوە لە خالّی سفرەوە هەولّی گۆڕانکاریی بدرێتەوە، بە دلّنیاییەوە جگە لە دروستبوونی کێشە چ بەرهەمێکی ئەوتۆی نابێت، ڕاستە کورد بە درێژایی مێژوو میحنەتو ژێردەستەیی زۆری چەشتووە، خۆ ئەمە مانای ئەوە نییە، بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی هۆکاری هەموو ئەو چەوساندنانەوەیە بووبێت، گەر سەرنجی ئەرمەنەکانی تورکیا بدەین، ئەوانیش تووشی چەوساندنەوەیەکی زۆر هاتوون، لەگەلّ ئەوەشدا وازیان لە زمانەکەیان نەهێناوەو پەرەشیان پێداوە.

---

[١] ئەمجەد شاکەلی، گیروگرفتی ئەلفوبێو دیالێکت لە زمانی کوردیداو چەند سەرنجێك.

له گرفته سەرەکییەکانی ڕێنووسی زمانی کوردیی نەبوونی زمانێکی ستانداردە، لەهجەکانی زمانی کوردیی زۆرن، گەر هەر زارو زارۆچکەیەك بگەڕێ بە دوای ئەلفوبێیەکدا کە سەرجەمی پیتەکانی خۆی تیادا بدۆزرێتەوە، دیارە ئەمە کارێکی مەحاڵە، بۆ نموونە موکریانییەکان داوای گۆڕینی هەرچی تیپی (ر) بۆ (ڕ) بکەن، هەولێرییەکانیش داوای گۆڕینی (ڕ) بۆ (ر) بکەن.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی بوونی زمانێکی ستاندارد، بوونی وەحدەی تیپو ڕێنووسمان زیاتر دەکات، بە پێی بۆچوونی زۆرێك لە شارەزایانی زمان لەهجەی کرمانجی خواروو شێوەزاری سلێمانی مەرجی ستاندارد بوونی زیاتری تیادایە، هەندێ لەو مەرجانەی کە دەبێ لە زمانێکی ستانداردا هەبن ئەمانەن:

١ـ بوونی مێژوویەکی درێژی ئەو شێوەزارە، کە دەویسترێ بکرێتە ستاندارد.

بۆ نموونە شێوەزاری سلێمانی لە سەردەمی شێخ مەحموددا زمانی قوتابخانەو خوێندنگەکان بووە لە ساڵانی بیستی سەدەی پێشوودا، شاعیرانی وەك نالی، مەحوی، سالم، کوردی، بێخود.. پیتیان نووسیوە بەمەش خەرمانێکی ئەدەبی گەورە بەم شێوەزارە بنیات نراوە.

٢ـ شارستانییەتو ژیانێکی تەمەن درێژی هەبێت.

لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە مێجەرسۆن چاپخانەی هێناوەتە سلێمانیو ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی لەو سەردەمەدا پێ چاپ کراوە.

٣ـ تێهەڵکێش کردنو دەوڵەمەندبوون بە شێوەزارەکانی تر جگە لە سلێمانی.

فیلولۆژەکانی هەموو جیهان ئێستا لەسەر ئەو باوەڕەن، کە یەکبوونی سێ شت لە چەند دیالێکتێکی زماندا ئەو زمانە دەکاتە زمانێکی یەکگرتوو:

أ ـ گراماتیکی زمان. ب ـ فۆنەتیك. ج ـ بنەڕەتی فەرهەنگی زمان.

ئەو زمانە یەکگرتووەی فارس کە پێی دەنووسن تێهەڵکێشی شێوەی شیرازو تارانە، بەمە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی فارسی لێ دروست بووە، کە ئێستا هەموو

فارس پێی دەنووسنو دەخوێنن، لە کاتێکدا هەرکەس بە دیالێکتی خۆی دەدوێت[١].

جێی خۆیەتی هەموو ئەوانەی دەیانەوێو مەبەستیانە گۆڕانی ڕادیکاڵی لە پێناوی پێشکەوتنو وەرچەرخانی کەلتوورو مێژووی زمانو ئەدەبی کوردیدا کاردەکەنو لە خەمیدان، ئەو پرسیارانە لە خۆیان بکەن، بۆچی و لە پێناوی چیداو بە چ مەبەستێك دەبێ ئەلفوبێ بگۆڕین؟ ئەلفوبێیەکی ڕێکو پێکە، ئەلفوبێی عەرەبی، لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا گونجێنراوە، ڕەنگە یەك دوو کێشەی تێدا مابێتەوە، ئەوانیش بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت[٢].

میلان کۆندێرا دەڵێ: "یەکەم هەنگاو بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەك سڕینەوەی بیریەتی، دەبێ کتێبەکانی، فەرهەنگەکەیو مێژوویەکەی لەناو ببرێت، دوایی دەبێ کەسێك هەبێ کتێبێکی تازە بنووسێت، فەرهەنگێکی تازە بە درۆ دروست بکات، مێژوویەکی تازە دابهێنێت، دوای ماوەیەکی کورت نەتەوە ئەوەی لەبیر دەچێتەوە کە هەیەو هەبووە". کاتێك ئەلفوبێیەك کە تەمەنی لە هەزار ساڵ تێپەڕ دەکات بگۆڕێ، هەموو ئەو شارستانیەتییەی پێی بنیات نراوە، بە هەزار ساڵ دروست ناکرێتەوە، خەزێنەی فەرهەنگیو کلتووری ڕابردوو دەبێتە ڕابردوویەکی مردوو، ئەوکات نە ئێستە، نە ڕابردوومان پێ ناخوێنرێتەوە.

بیرو هۆش و جەستەمان تەنها وەك یەکەیەکی فیزیکی بینراو دەمێنێتەوە، چیدی نامێنێتەوە بۆ شیکارسازی ڕابردوو بۆ سوودمەندبوونی ئێستەیمان.

ئەم بابەتانەی لە بەشی تیۆری لێکۆلینەوەکەدا باسمان کرد چەند سەرنجو ڕامانێکی کورت بوون لەسەرزمانو گشتاندنی بۆئەو خاڵانەی کاریگەریی جەوهەریی لەسەر دروست دەکەن. پاشان ئەو تیپەی کە ڕێنووسی کوردیی پێ دەنووسرێت کە تیپی عەرەبییە، ئەو تیپەش لە ژێر قسەو باس و گفتوگۆکردندایە کە (لاتینی)یە.

---

[١] پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بۆ زمان، لا (٨٩و ٩٤).

[٢] فەرهاد شاکەلی، هەزارنە بێ موبالەغە، حەرفی بە گەوهەرێ، www.dimama.com.

# سەرچاوەکان

## ١ـ کتێبەکان

أ ـ کوردی


١ـ ئیسلام لە نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا، عەلی عیززەت بیگۆڤیچ، وەرگێڕانی: محەمەد چیا، پرۆژەی (١٠٠) کتێبی کوردی، ژمارە ٣٦، ساڵی ١٩٩٩.

٢ـ بۆ زمان، پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ.

٣ـ پرسیارەکان هێشتا تینوی وەرامن، ئامادەکردنی هەڵۆ بەرزنجەیی، ٢٠٠٥.

٤ـ پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، کتێبی (١)، نووسینی بابەك ئەحمەدی، وەرگێڕانی: مەسعود بابایی، ٢٠٠٤.

٥ـ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئەلفوبێی کوردیی، مەسعود محەمەد، کۆڕی زانیاری عێراق/ دەستەی کورد، بەغدا ١٩٨٢.

٦ـ زمانو بێکۆتایی، پرۆسەی ناولێنان لە (ئێوارە پەروانە)دا، دنیای شتە بچووکەکان، ڕێبوار سیوەیلی، ٢٠٠٥.

٧ـ زمانەوانی بەراوردکاریی لە نێوان زارە کوردییەکاندا، لیژنەی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دەیەم، ١٩٨٣.

٨ـ ڕێنووسی یەکگرتووی کوردیی، بەدران ئەحمەد حەبیب، پێداچوونەوەو پەسەندکردنی ئەنجومەنی کۆڕ، ٢٠٠٥.

٩ـ ڕێنووسی کوردیی لە ڕەگو ڕیشەوە، مستەفا نەریمان، ١٩٨١.

١٠ـ ڕێنووسی کوردیی لە سەدەیەکدا، حامید فەرەج، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦.

١١ـ ڕێنووس، چۆنیەتی نووسینی کوردیی، طاهر صادق، ١٩٦٩.

١٢ـ سەلیقەی زمانەوانییو گرفتەکانی زمانی کوردیی، حوسێن موحەممەد عەزیز، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (٣١) سلێمانی ١٩٩٩.

١٣ـ گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردیی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢.

١٤ـ گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر ـ جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان و تێکشکانی وشەکان بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ، کۆڕی زانیاری کورد، حەسەن قزڵجی، بەرگی شەشەم، ١٩٧٨.

١٥ـ نووسینی کوردیی بە ئەلفوبێی لاتینی، نووسینی سیسل مۆن ئەدمۆنزو ڤلادیمیر مینورِسکی، وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی.

١٦ـ نووسینی زمانی کوردیی بە پیتی عەرەبی، ب. هەردی، ١٩٨٦.

١٧ـ ڤێرۆنیکا بڕیار دەدات بمرێت، نووسینی پاولۆ کۆیلۆ، وەرگێڕانی عومەر هاواری، ٢٠٠٥.

١٨ـ لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جێگۆڕکێو هەڵگێڕانەوەو گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردیدا، د. نەسرین فەخری، بەرگی سیازدەهەمی کۆڕی زانیاریی عێراق دەستەی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ـ بەغدا، ١٩٨٥.

١٩ـ مێژووی زمانی کوردی، نووسینی زوبێر بیلال ئیسماعیل، وەرگێڕانی: یوسف ڕەئوف عەلی، دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە ١٠٤، ١٩٨٤.

٢٠ـ (١٠) کلیل بۆ سەرکەوتن، نووسینی د. ئیبراهیم فەقێ، وەرگێڕانی: کەمال عەلی، ٢٠٠٧.

ب ـ عەرەبی

١ـ أكانت هذه اللغة منطوقة أم مكتوبة، دراسات في علم اللغة، د. كمال محمد بشير، استاذ مساعد بكلية دار العلوم، ١٩٦٩.

٢ـ في علم اللغة، د. عبدالصبور شاهين، الطبعة الثالثة (١٤٠٠هـ ـ ١٩٨٠م).

## ٢ـ گۆڤارەکان

١ـ بزاوتن، ئازادی، گۆڕان/ فەروخ نیعمەت پوور، ڕامان، ژ (٢٠)، ١٩٩٨.

٢ـ هونەری چەمکەکان، ئامانج عوسمان حەمەد، ڕامان، ژ(٢٦)، ١٩٩٨.

٣ـ هابرماس دوا فەیلەسوفی قوتابخانەی فرانکفۆرد، وەرگێڕانی ئازاد خدر، ڕامان، ژ(٢٦)، ١٩٩٨.

٤ـ چاوپێکەوتنی د. کوردستان موکریانی، ڕامان، ژ(٢٦)، ١٩٩٨.

٥ـ چاوپێکەوتنی کەریم دەشتی، ڕامان، ژ(٣٥)، ١٩٩٩.

٦ـ هزرو زمانەوانی، وەرگێڕانی ئازاد خدر، ڕامان، ژ (٩٣ ـ ٩٤)، ٢٠٠٥.

٧ـ هێرمێینۆیتیكو پرۆسەی خوێندنەوەو نووسین، دارا مەحمود، ڕەهەند، ژ (١٤، ١٥)، ٢٠٠٤.

٨ـ شوناسو ململانێ لە کۆمەڵگای دوای جەنگ، ئاراس فەتاح، ڕەهەند، ژ (١٦، ١٧)، ٢٠٠٤.

٩ـ زمانناسی ئالیەتێك بۆ ڕاڤەکردنی واتاکان، محەمەد چیا، هەژان، ژ (٥)، ٢٠٠٠.

١٠ـ ڕۆشنبیرو سیاسەت گومان لە حەتمییەتەکانی شوناس، هێمن قەرەداغی، هەژان، ژ (٥) ٢٠٠٠.

١١ـ کوردو پرۆسەی گەیاندن، توێژینەوەی شوان ئادەم، بە سەرپەرشتی د. دلێر ئەحمەد، ڕایەن، ژ (٩، ١٠)، ٢٠٠٣.

١٢ـ چاوپێکەوتنی د. نەجات عەبدوڵلا، ئامادەکردنی هێمن ڕەفیق، خاك، ژ (١٢٠)، ٢٠٠٧.

١٣ـ شەڕی شارستانییەتەکان یان لەیەکگەیشتنیان، گۆڤاری مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد، ژ (٩٥)، لەندەن.

### ٣ـ ڕۆژنامە

١ـ دەربارەی ئەفسانەی (زمانی هەمیشە پاك)، بەختیار عەلی، هاوڵاتی، ژ (٣٢١)، ٢٠٠٧.

٢ـ گیروگرفتی ئەلفوبێو دیالێکت لە زمانی کوردیداو چەند سەرنجێك، ئەمجەد شاکەلی. ڕۆژنامەی کۆمەڵ.

### ٤ـ موحازەرە

١ـ موحازەرەی واتاسازیی، د. هۆگر مەحمود، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، قۆناغی چوارەم، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١).

٢ـ هەواڵ و جۆرەکانی هەواڵ، هەڤاڵ ئەبوبەکر، ۆرك شۆپی کوردستان نیوز، ٢٠٠٧/٩/٥.

**٥ـ سایتەکانی ئینتەرنێت**

أ ـ عەرەبی

١ـ أول أبجدية لاتينية متكاملة للغة الكردية، جودت هوشيار، www.gilgamish.org.

٢ـ الحرف اللاتينية لكتابة لغة العرب، محمد الصاوي، www.almagreze.com.

٣ـ ارهاب منضم ضد الحرف القرآني، محمد الصاوي، www.horoof.com.

٤ـ عبدالرحمن العلوي، www.majalisan.com.

ب ـ کوردی

١ـ هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ، فەرهاد شاکەلی، www.dimane.com.

# لینگوا فرانکای کوردیی: زمانی ستانده‌رد و فه‌رمیی

کامیار سابیر

**ئه‌بستراکت:**

ئه‌م توێژینه‌وه‌یه زۆر به وردیی ده‌چێته سه‌ر کۆمه‌ڵێ بۆچوونی کوشنده، که ده‌رگیری جێکه‌وتکردنی زمانی ئه‌ده‌بی یه‌کگرتووی کوردیی، یان دروستتر و که‌م ئاریشه‌تر زمانی ستانده‌ردی کوردیی بوونه. هه‌روه‌ها له‌و لایه‌ن و داتا جیاوازانه‌ش ده‌کۆڵێته‌وه که سێمانتیك (واتاسازیی- semantic) و سینتاکتیکی (رسته‌سازیی-syntactic) ئه‌م زمانه له‌مه‌ڕ به‌کارهێنانه جۆراوجۆره‌کانیدا دووچاری کۆمه‌ڵێ گرێ و گۆڵ بووه‌ته‌وه. له جه‌رگه‌ی باسه‌که‌دا هه‌وڵ ده‌درێ قامك بخرێته سه‌ر پێشگیرییه سیاسیی و کولتووریی و زمانه‌وانییه‌کانی ئه‌م ره‌هه‌نده، هه‌روه‌ها ئاماژه به چوارچێوه‌ی ئه‌و پیلان و کینه‌و قاچکێشانه‌وانه ده‌درێ که له‌ناو هه‌ندێ نووسه‌رو رۆشنبیری کرمانجی ژووروودا ده‌رهه‌ق به زمانی ستانده‌ردی کوردیی (سۆرانیی) هه‌یه، سه‌رجه‌م ئه‌م باسانه به ئارگیومێنته‌وه پاڵپشتیی ده‌کرێ. له کۆتایی توێژینه‌وه‌که‌شدا به پێشنیازی سیاسیی و کولتووریی و رۆشنبیرییه‌وه بۆ ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی کورد و خه‌مخۆرانی زمانی کوردیی، ئه‌م دۆسییه‌یه به کراوه‌یی ده‌هێڵێته‌وه.

## پێشه‌کیی (Introduction):

لینگوا- فرانکا(Lingua-Franca) وه‌ك زمانێکی کۆمۆن، زمانێکی باو و باڵاده‌ست، زمانێکی ستانده‌رد که کۆمه‌ڵێ گه‌ل، نه‌ته‌وه یان دایه‌لێکت و ناوچه به‌کاری ده‌هێنن ته‌وه‌ره‌ی سه‌ره‌کیی ئه‌م باسه‌یه. هه‌ڵبژاردنی تێرمی لینگوا فرانکا بۆ ئه‌م توێژینه‌وه‌یه، پێوه‌ندیی راسته‌وخۆی به گرنگیی ستانده‌ردبوون و ستانده‌رایزی standardize زمانی کوردییه‌وه هه‌یه. لینگوا فرانکا " Frankish

Language"، تێکەڵەیەکە لە زمانێکی چێکراو، بۆ پێوەندیی ئەونەتەوەو جڤاکانە بەکار دەهێنرێ کە زمانێکی کۆمۆنیان نییە، یان کۆمەڵێ دایەلێکتی ئەوەندە دووریان هەیە، پێویستییان بە زمانێکی ستاندەردە کە کۆیان بکاتەوە.

زۆر بە مەبەستەوە لێرەدا لینگوا فرانکا، بۆ زمانی ستاندەردی کوردیی بەکار هاتووە. ئێستا ئینگلیزیی خۆبەخۆ بووە بە زمانی لینگوا فرانکای هەموو ئەوروپا و بگرە تەواوی جیهان، سەردەمانێك، بە تایبەت لە بواری دیپلۆماسییدا، زمانی فرانسیی ئەم رۆڵەی دەبینی. لینگوا فرانکا، وەك فۆرماتێك لە زمان، بوونی خۆی بە سروشتیی دەسەپێنێ و دەبێتە زمانی دامودەزگاو پرۆژەکانی کۆمەڵگە. لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، فۆرماتی سۆرانیی، تاکە لینگوا فرانکای زمانی کوردیی خۆی دەنوێنێ و ئەم توێژینەوەیە بە وردیی لێی دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە بە شێوازی گەیاندنی conductive بۆچوونە جیاوازەکان بەیەکترو پێکەوە بەراوردکردنیان دەبێ. هاوکات شێوازی هاندانی لۆژیکییانە inductive بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ئارگیۆمێنتەکان پێڕۆ دەکات.

**باسەکە بەسەر دوو بەشی سەرەکییدا دابەش دەکرێ:**

١ـ تێگەیشتن لە بەکارهێنانی زمان بە گشتیی و زمانی ستاندەردی کوردیی بە تایبەتیی وەك بڕبڕەی پشتی ئەم باسە، هەروەها شێواندنی زمان و خۆلادان و خۆدزینەوە لە وردەکارییەکان و رێساکانی زمان و ستراکتۆری پتەوی زمان، لە ئەنجامی بەدتێگەیشتن و خۆماندوونەکردندا، بە بیانووی ئەوەی ئەمجۆرە باسانە رەخنەی بێ بەهرە و بێکەڵکن.

٢ـ لەمپەردانان و بیانوو هێنانەوە بۆ بنکۆپکردنی زمانی ستاندەردی نووسین لە لایەن هەندێ کەس و ناوچەو دایەلێکتەوە کە جگە لە رەگەزپەرستیی و ناوچەگەرییەتیی و خۆخۆریی، هیچ ناوێکی تر پێناسەی ئەدگار feature و ئاکاری ئەو بۆچوونانەیان ناکات. ئەم خاپە کرۆکی ئەم توێژیەوەیە دەبێت و زۆربەی

ئارگیومێنتەکان جەخت لەسەر پێداویستیی زمانی ستاندەرد دەکەنەوە و لایەنە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکانی ئەم ستاندەرایزکردنە شرۆڤە دەکات.

ئەو تێرمۆتۆپۆجییانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون، لە فەنۆلەجی phonologyی ئینگلیزییەوە وەرگیراون، واتە کەمتر کورداندنی زاراوە زانستییەکانی تێدایەو پتر زاراوە و تێرمەکان بە فەنۆلەجی ئینگلیزیی دانراونەتەوە. ناوەڕۆك و پەیامی ئەم نووسینەش ئەوەیە، کە ناکرێ لەسەردەمی گۆبالیزەیشندا لەسەر کێشەیەکی وەك زمانی ستاندەردی کوردیی، شرۆڤەو شیکاریی بکەین، بەڵام بە بیستنی چوار تێرمی بیانیی (پتر مەبەست لە ئینگلیزییە) تەقەی سەرمان بێت. ناکرێ لەم سەردەمەدا، خۆت بە زمانەوان و زمانزان و پسپۆڕی زمانەوانیی بزانیت و باس لە لینگوا فرانکای کوردیی بکەیت، کەچیی لە کوردییش بترازێ زمانێکی تر نەزانیت.

ئەم پاشاگەردانییەی زمانی کوردیی و ستاندەردی نووسین لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بیرمان بە لای ئەوەدا دەبات، ئەو تەکنیکگەلەی ئەم دەسەڵاتە لەمەڕ زماندا بەکاری دەهێنێ و هەر شارەو لە ئاوازێك دەخوێنێ، هەر دەڤەرەو سیستەمێکی خوێندنی تێدایەو هەر ناوچەیەو لە خەمی دەستپێوەگرتنی دایەلێکتە لۆکاڵییەکەی خۆیدایە، بە پێچەوانەی ئەرکەکانی ئەو تێرمە بچوێنین کە "بایۆ–دەسەڵات bio-power"ەکەی فوکۆ لە خۆی دەگرت. دیارە فوکۆ مەبەستی لە تەکنەلۆژیای دەسەڵات بوو لە کۆمەڵگە رۆئاواییەکاندا کە سەرەنجام لە کۆمەڵێ تەکنیکی هەمەچەشنەوە دەکرایە یەك تەکنەلۆژیای پێڕۆکراو (Foccault,1980). ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، بە یەك ستایل و یەك تەکنیك و یەك ئامانجی دوورو ئەجێندایەکی هاوبەشەوە، هەموو تاکێکی کورد لە زمانی ستاندەردی کوردیی وردبێتەوە.

زۆر کەس هەن لە کوردستان و لە هەندەران، هیچ گرنگییەك بە ستایلی نووسین و ستراکتۆری زمانەوانیی نادەن. بەشێك لە پۆستمۆدێرنەکانی کوردستان، بە

ئەندێشەو بیری دێریداوە، لە نووسین دەڕوانن و گوێ بە هیچ ئەجێندایەکی زمانەوانیی نادەن لە نووسینەکانیاندا، چۆن دێریدا پێی وابوو "لەناو قەفی زنجیری پاشکۆیی و(هەڵەژ) دا، سەخت بوو نووسین و دەستپەڕ ( onanism) لێك جیا بکرێتەوە" (Derrida1976,p.65)، لێرەدا دەستپەڕ بەواتای پراکتیککردن و راهاتن لەسەر شتێك، بۆیە دواتر، دێریدا بیرۆکەی ئەوەی داهێنا کە هیچ شتێك لەودیو دەقەوە خۆی نابینێتەوە. بە هەمان میتۆدی بیرکردنەوەی دێریداوە، زۆرێك لە پۆستمۆدێرنەکانی کوردستان کەمترین بایەخ بە تەکنیکی زمان و داتاکانی زمان دەدەن.

ئەوانەی گرنگیی بە زمان نادەن لەناو کورددا، بەسەر کاتەگۆریی جیاواز جیاوازدا دابەش دەکرێن، گرنگترینیان لە پۆستمۆدێرنەکان و سکۆلارە تەوەزەلەکان و گرووپە ئایدۆلۆژییەکاندا دەبینرێنەوە. ئەوە لەوە بگەڕێین چەندین لەشکری نووسەرو شاعیر و ژۆرنالیستمان هەیە، کە هەر کەسەو لە ئاوازێك دەخوێنێ و بە ئارەزووی خۆیان دەنووسن. ئەوانەی لە هەنووکەدا قورساییان هەیە لە ئەدەبی کوردییدا، دەکرێ بە پۆستمۆدێرنەکان و نووسەرانی بواری تیۆریی و کولتووریی و زانستە مرۆییەکان ، دیاریی بکرێن. بەشێکی زۆر لەمانە، وەك بۆچوونەکەی شاعیری سکۆتلەندیی Robert L Stevenson پێیانوایە "سەختیی ئەدەب لە نووسینینیدا نییە، بەڵکوو لەوەدایە مەبەست چۆن دەپێکی".

ئەمانە ئەگەر بێتە سەر دۆزینەوی بڕوبیانوو، بۆ ئەو پاشاگەردانیی و بێدەربەستییەی لە تێکستەکانیاندا هەیە، بە سەدان کۆوتەیشنی زانایانی بوارە جیاوازەکان دەهێننەوە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان، لەگەڵ شەکسپیردا هاوڕان، کاتێ لە هاملێتدا دەڵێ: "وشەکانم بۆ سەرەوە دەفڕن، بیرەکانم لە ژێرەوە دەمێننەوە، وشە بەبێ بیر، هەرگیز بەهەشتیی نابێ"( SHAKASPEARE in Hamlet, Act3,Scene 3). واتە ئەم جۆرە نووسەرانە، دەیانەوێ گرنگیی بە هزر بدەن و دایەلۆگی تیۆریی بکەن، بەڵام زانستی زمان لە پێ دەکەن و ئەتکی

دەکەن. بۆ یەك ساتیش ئەو راستییە ناپەژرێنن، کە میکانیزمی دەربڕینی هەموو زانستەکان، هەر زمانە. ئەوە بەدەر لەوەی زانستی زمان، لای کورد، بە شێوەیەکی سووك و خاکسار سەیر دەکرێ، ئەگینا زانستێکە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی ئارگیومێنتی زۆر گرنگی لەسەر کراوە.

ئەریستۆفانیس Aristophanes، پتر لە دوو هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەوبەر دەڵێ "بیری کەڵەگەت، پێویستە زمانی کەڵەگەتی هەبێت"، کوا ئەو زمانە کەڵەگەتەی بیری (کورد)ی پێ نووسراوەتەوە یان دەنووسرێتەوە. ناکرێ بڵێی کورد شاکارنووسی نییە، بەڵام تەنانەت ئەگەر زۆرێك لەم شاکارانە، بۆ زمانێکی وەك ئینگلیزیی وەربگێڕدرێن، ئەگەر وەرگێڕزمانی نووسین و ستراکتۆری نووسینەکان دانەڕێژێتەوەو رۆڵی زمانناسێکی باش نەگێڕێ، دەبێ لەهەر پارەگرافێکدا لای کەم چوار جار theی ناپێویست لابرێ و لە چوار شوێنی تر دابنرێتەوە. چوار جار was و were یان بۆ چاك بکەیتەوە، (ing و ed)یان لە رستەکاندا بۆ جێگۆڕکێ بکەی، ئەوە لە ستراکتۆری داڕشتنەکەی بگەڕێ کە بڕیارە گیانی نووسینەکە بێت.

کەواتە ئەم نووسەرو شاکارنووسانە، چاوەڕوانی هیچیان لێناکرێ لە رووی زانستی زمانەوە خزمەتێك بکەن، چونکە بە داخەوە، خۆیان کۆڵەوارن لە زماندا و کۆرسی فێربوونی زمانی زگماکیان دەوێت. کاتێکیش دەیانەوێ لە ڕووی تیۆرییەوە لە زمان رامێنن، کێماسیی ئەوەیان هەیە زمان نازانن، بەڵام بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەیان، دەیانەوێ لە دیدی زانستە مرۆییەکانەوە خۆیان بە زمانناس بناسێنن. ئەگەر نووسەرێك بە زمانی زگماکی خۆی نەتوانێ ستراکتۆری تێکستەکانی بەهێز بکات، ئەستەمە بەهیچ زمانێکی تر بتوانێ. ئەمەش باشترین پێوانەیە، ئەگەر نووسەرێك بە زمانی زگماکی خۆی، توانای نووسینی نەبوو، کاتی خۆی بەفیڕۆ دەدات، ئەگەر بیەوێ بەهەمان ستایلی پووت بە زمانێکی بیانیی بنووسێ.

بەشێکی دیار لەو کتێب و شاکارە دەگمەنانەی کورد هەیەتی، بەتایبەت لە دوای راپەڕینەوە، ئەگەر چۆن بە کوردییەکی کەچ نووسراون، بەهەمان شێوەش بکرێن بە

زمانێکی گرنگی بیانیی و ببڕێن یان بنێردرێن بۆ چاپخانە و لەگەڵ ستافی دەزگای پەخشکردنەکەدا گفتوگۆ لەسەریان بکرێ بۆ بڵاوبوونەوە. پێش هەموو شتێ ستافی بەڕێوەبەرانی نووسین editorsی دەزگاکە، پێت رادەگەیەنن و دەڵێن لالۆ گیان ئەم شەڕە پشیلەیە چاك بکە، ئەوە هەرچییەك بێت نووسین نییە، ئەوە گیان و ستایڵی نووسینی تێدا نییە. لە باشترین دۆخیشدا پێت دەڵێن ئەگەر ئەم زمانە زمانی زگماکت نییە، زۆر گرنگ نییە، بەڵام بڕۆ لای editorیەکی پرۆفیشناڵی زمانزگماك ئێدیتی بکەو ئەوسا قسەیەکی لێ دەکەین.

هەر ئەم دەردی زمان نەزانینەشە کە کورد وەك نەتەوە، لەچاو قەوارەی خۆیدا، کەمترین تێکستی بە زمانە گرنگەکانی جیهان هەیە. چونکە نووسەرەکانی ناوێرن بە زمانە رۆژئاواییەکان بنووسن، لە کاتێکدا زۆریشیان دەیزانن، چونکە دەزانن دەبن بە چ گاڵتەجاڕییەك، ئەگەر ئێدیتی نەکەن. بەڵام ئەم جۆرە نووسەرانە و هەموو ئەو کەشوفشەی بەسەر خۆێنەری کورددا دەیکەن و رۆشنبیریی دەستی سێ و چواریان بەسەردا ساغدەکەنەوە، ئەگەر بەو زمانە گۆجەوە بەسەر خوێنەری ئەوروپایی و رۆژئاواییدا بیکەن، چاویان دەردەهێنن. ئەوە کە ئەستەمە هەر بۆیشیان بڵاوبکرێتەوە لە هیچ دەزگایەکی پەخشی خاوەن کرێدتدا.

## گرنگیی زمان لە رووی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە:

لە کتێبی "زگماکیی زمان- The Language Instinct"دا پینکەر Pinker، لە رووی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە پێیوایە، لەکاتێکدا زمان وەك ستراکتۆرێکی بایۆلۆجی لە ناخی مرۆڤدایە، بەڵام سەرەنجام ئەو نێوەندەیە کە سەرجەم زمانەکانی تێدا وەردەگێڕدرێ بۆ بیرو تێڕامان (Pinker, 1994)). ئەمڕۆ هیچ گومانی تێدا نییە، سۆرانیی وەك زمانی سەرەکیی کورد، بووەتە ئەو نێوەندەی کە زۆربەی رەهای بیری کوردیی لە کوردستانی باشوورو کوردستانی رۆژهەڵات و تاراوگەدا، پێدا دەگوزەرێ.

زمان، ئایدێنتیتی identityی کۆمەڵایەتییە لە نێوان پێکەوەگرێدانی تاك و کۆڕو کۆمەڵە مرۆییەکاندا. پێوەندیی نێوان زمان و ئایدێنتیتی، پێوەندییەکی زۆر بەهێزەو "کارێکتەرەکانی هەر زمانێك، ئاماژە بۆ ئاسانکاریی ئایدێنتیتی ئەو جڤاکە دەکات Tabouret-Keller, ١٩٩٧,p.٣١٧)). چونکە زمان تەنها ئایدێنتیتی بۆ ئاخافتکەرانی دروست ناکات، بەڵکوو "ئەندامبوونی ئەوانیش لە ڕووی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیاریی دەکات" (Gumperz, 1982,p.239).

کۆمەڵناسەکان و ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان بەزۆرینەیەکی ڕەهاوە لەو بڕوایەدان "گرووپە ئەسنیکەکان هەندێکیان نەتەوەن و هەندێکیان نا، بەهەمان شێوەیەش، هەندێ لە گرووپە ئەسنیکەکان و هەندێ لە نەتەوەکان، مەرج نییە وڵاتیان هەبێ یان بیانەوێ، بەڵام هەندێکیان هەیانە، یان دەیانەوێ" (Eller, 1999, p. 16) . کورد وەك نەتەوەیەك هەمیشە بە شوێن ئەوەوە بووە کە خاوەنی وڵات و خاك و ئاوی خۆی بێ، یان بەواتایەکی بەرینتر بە شوێن ئایدێنتیتی خۆیەوە بووە. زمانیش یەکێکە لە هەرە میکانیزمە باڵاکانی جوڵاندنی ئەم مۆتیڤە. لە کوردستانی باشووردا، زمانی کوردیی (سۆرانیی) نەك هەر بەشی شێری لەم میکانیزمەدا بەرکەوتووە، بەڵکو هەموو مانشێتی ڕاگەیاندن و زمانی وێژەیی و بەرخۆدان بەم زمانە بووە. لە کاتێکدا کوردستانی باشوور، دەڤەری بادینانیشی هەبووە، بەڵام کەمتر جێدەستی کرمانجی ژووروو بە ڕووداوە سیاسیی و کولتووریی و ڕۆشنبیرییەکانەوە دیار بووە.

### لینگوافرانکا.... زمانی ستاندەرد:

زمانی ستاندەرد، چ وەك دیبەیت و چ وەك پرۆسێس خزمەتێکی گەورە بە هۆمەجینییەسی (چوونیەکیی–homogeneous) ڕەوشە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکانی ئەو گەل و نەتەوانە دەکات کە بەکاری دەهێنن (Kristiansen,2001). ئێستا لەکوردستان و لە هەندەران، لەنێو کۆمەڵی خەڵکی دایەلێکتچیی و ناوچەگەردا، زۆر بە سەرسەختییەوە دژایەتیی ئەو کۆششانە

دەکەن کە خەریکی ستاندەرایزکردنی زمانی کوردیی سۆرانیین. ئەم بۆچوون و تێزە سیاسیی و رۆشنبیرییانەی ئەم جۆرە کەسانە چینەی لەسەر دەکەن ئەوەندە دواکەوتووانەو لادێییانە boorish و بازاڕییانەیە vulgar، دەکرێ وەك (Milroy)ەکان ناوی لێدەنێن "ئایدۆلۆژیی ستاندەرد " standard ideologyی بەسەردا دابڕین (Milroy and Milroy2001). ئایدۆلۆژییەك لەیەك کاتدا، ناسیۆنالیستێکی نەزان، وشك، بێئاگا لە ئەدەب و زانست و سەردەمی نوێ، لەگۆڕانگارییەکانی دنیای سیاسیی و کولتووریی و رۆشنبیریی.... وێڕای ئەمانەش، زماندرێژیی، ئاژاوەچییەتیی و زۆربڵێیی لە کەسایەتیی و کارێکتەرەکانیدا کۆبوونەتەوە، ئەمانە ئەوەندە ناکۆکن لە نێوان خۆیشیاندا، لەگەڵ خودی خۆیشیاندا بەشەڕدێن.

ئایدۆلۆژیی ستاندەرد، لە زۆر وڵاتدا، بەتایبەت لە ئەورووپای باکووردا، سەردەمانێك ئەو مۆتیڤانەی دەجوڵاند کە زمانی نەتەوەیی، سیمبۆڵ (سیمبل)ی یەکێتیی (یەکیەتیی) نەتەوەیی و شکۆمەندیی نەتەوەییە (Milroy,2002). بە پێچەوانەوە ئەم ئایدۆلۆژییبوونە لەسەر ستاندەردی کوردیی، نەك هەر خزمەت بە ئەفسانەی یەکێتیی نەتەوەیی کورد ناکات، بەڵکو لەم نێوەندی سەرگەردانییەدا تا دێت زۆرتر دوادەکەوێ و خۆڵ بەسەری خۆیدا دەکات.

خۆشیی گۆڵمەزەکە لەوەدایە، ئەمانە ئامادە نین چوار وتار، چوار لێکۆڵینەوە لەسەر گەشەکردن و پەرەسەندنی زمانە بیانییەکان، داتاکانی ئەنسرۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە تێپەڕبوونی کات بەسەر زماندا هاتووە، بخوێننەوە، تەنانەت ئامادەنین، میسەدۆلەجی methodology گەشەکردنی زمانەکانی میللەتانی دەوروبەری کوردیش بخوێننەوە، کەچیی بە کەچە تاپڕێکی ناسیۆنالیستیی عاشق بە زمانی کوردیی (کرمانجیی)ەوە دێن، ئەو هەموو داهێنان و مێژووە دوورو درێژەی زمانی کوردیی ستاندەرد (سۆرانیی) دەشێوێنن و بە شێوازێکی زۆر دیماگۆجییانە کەڕەتی سفری دەکەن و دەیانەوێ پێش بەرەوتی مێژوویی و گەشەسەندنی سروشتیی زمانی کوردیی بگرن.

بۆ راکێشانی سۆزی خەڵکییش، هەندێ کوردی نەتەوەپەرستی تا رادەی نەژادپەرست کە ئەندێشەی کوردستانی گەورەیان لەمێشکی پڕ جەنجاڵی خۆیاندا چێکردووە، دەیانەوێ لە شوێنە باریك و تەنکەکانەوە دەست پێبکەن، کە رێنووس و سکریپتی زمانی کوردیی(سۆرانیی) لە عەرەبیی و فارسییەوە وەرگیراوە، ئەگەر بیکەین بە لاتینیی ئەوا زۆر دەردو بەلامان لە کۆڵ دەبێتەوە. ئەم پرۆلاتینییانە خۆیان ئامادەن زمانی عەرەبیی بپەژرێنن و بۆ زارۆکەکانی بادینان، عەرەبییان لە سۆرانیی پێ باشترە، بەلام ئەگەر بیانەوێ جێگەی خۆیان بکەنەوە، بە رێنووسی لاتیینەوە خۆیان خۆشەویست دەکەن و لە پەنای کەمپەینی لاتینییدا، دایەلێکتچییەتیی دەکەن.

ئەم نووسینە لەو بڕوایەدایە لە داهاتوودا، دەکرێ سکریپتی ئێستای زمانی کوردیی، بە بڕیارێکی جەماوەریی و لە ریفەڕێندەمێکی ئاشکرادا، بگۆڕدرێ بە لاتینیی... بەلام ئەم هەنگاوە لە خەونێکی میتافیزیکیی بەولاوە تێپەڕناکات، ئەگەر بە فەرمیی دەسەلاتی سیاسیی بڕیاری یەکلاییکردنەوەی زمانی ستاندەردی نووسین نەدات و ئەم کێشەیە کۆتایی پێنەهێنێت. بە واتایەکی تر، هەنگاوی یەکەم و هەنووکەیی، بە فەرمیی ناسینی زمانی کوردیی ستاندەردە، کە هیچ بێنەوبەردەیەك هەڵناگرێ، سۆرانیی بووەو سۆرانییش دەبێت. هەنگاوی دووەم و لە داهاتوویەکی دووردا بە پرۆسەیەکی شێنەیی و هەڵسەنگێنراوەوە، دەکرێ سکریپتەکە بگۆڕدرێ بۆ لاتینیی. ئەوە جگە لەوەی سکریپتی لاتیینی ئەگەر کێشەی دەنگەکان پڕ ئارێشەتر نەکات، ساکارتری ناکات. چونکە ئەگەر لایەنی پۆزەتیڤیی هەبێ، لایەنە نێگەتیڤییەکانی زۆرترن، کەمتر نین.

بەلام بە پشتبەستن بە تێڕوانینەکانی Coupland، ئەگەر ئەم خەوە خۆشەی لاتینچییەکان سەری گرت، گوایە ئەگەر پێشتر سکریپتی لاتینیی دابنێین، دواتریش زمانی کوردیی ستاندەرد بپەژرێنرێ، کە لای ئەوان کرمانجی ژوورووە، ئەوە ئێمە ئایدۆلۆژیامان ستاندەرد کردووە، نەك زمان، چونکە ئەو پێیوایە، ستاندەردی

ئایدۆلۆژیی، ئەو ترادیسیۆنە پڕ بەرهەم و پڕ لە بەرهەمانەی رابردووی ئەو زمانە بەبادا دەدەن و ستایلێکی سۆسیۆزمانەوانیی تر دێتە ئاراوە، کە دۆو دۆشاو تێکەڵ دەبن و بەمشێوەیەش نموونەیەکی ناجۆر لە ستاندەردیی دەبینین کە ئیلێتێکی نوێی نەدان لە پرۆلاتینییەکان و هەندێ لە یارانی کەیخوسرەو! ستاندەردیی داخدەکەن (stigmatization Coupland,2002).

ئێستا هەندێ ناوچەپەرست و زاراوەپەرست پەیدابوونە، ئەوەندە رق و کینەو بوغزیان لە هەمبەر سۆرانیی هەیە، لە کاتێکدا دڵنیان کە هیچ دایەلێکتێکی تر جگە لە سۆرانیی، شایەنی ئەوەی نییە بکرێ بە بناغەی زمانی ستاندەرد، دێن پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە زمانی ئینگلیزیی بکرێ بە زمانی ستاندەردی کوردیی نەك سۆرانیی، گەلی کورد چوار زمانەوانی کاریزمای تێدا پەیدا نەبووە، تۆرەی ئەوەیە زمانی ئینگلیزیی بەو مەودا پانوپۆڕەیەوە کەپتر لە سەدان هەزار وشەیەو سالآنەش سەدانی تر دەچنە سەری، بیکەین بە زمانی ستاندەردی نووسین! کوردی دایەلێکتپەرست خۆی بە کونەوە ناچێ، هەڵژیش لە خۆی دەبەستێ. ئەمانە نموونەی هیندستان دەهێننەوە، لە کاتێکدا "بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٦١، هیندستان خاوەنی ١٦٥٢ زمانی جیاجیا بووە، ئەوە جگە لە سەدان زمان و زاراوەی لۆکاڵیی تر کە لە وێژە و نووسیندا بەکارنەهاتوون" (Mac Giolla Chriost,2003,p210).

کاچرو (Kachru) لە کتێبی (بەهیندییکردنی ئینگلیزیی: زمانی ئینگلیزیی هیندستان)دا قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە ئینگلیزیی بووە بە زمانی رەسەنی هیندستان لەئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی بەریەککەوتن لەگەڵ زاراوە جیاوازەکانی هیندستاندا، بەمجۆرەش زمانی ئینگلیزیی ئەدگاری نوێی لەخۆ گرتووە، لە چەشنی لێکسیکۆگرافی (وشەسازیی–lexicography)، فەنۆلەجی، سینتاکتیك و سێمانتیك و تاد (Kachru, 1983). ئەم جۆرە کەسانە هەورامان و بادینان و گەرمیانیان لێ بووە بە وڵاتی هیندستان، مەسەلەکەش هەمووی لەوێوە

سەرچاوە دەگرێ، کینەیەکی زۆر خەستوخۆڵ، لە دژی سۆرانیی لەناخیاندا قوڵپ دەدات، کوردایەتییەکی شڕوشێت نەبێ، بڕستی بیرکردنەوەیەکی مرۆییانەشیان تێدا نەماوە.

کورد کە فێری هەندێ تێرم و نۆرمی رۆژئاوایی دەبێ، خۆی زۆر تەسك دەكاتەوە و بە نازونووزەوە باس لە ئازادیی و دیمۆكراسیی و مافی مرۆڤ دەكات. بەشێك لەمانە لە ئاست ئەو هەموو پێشێلکارییەی دەسەڵاتی سیاسیی و رەشەكوژییەی ژنان و گەندەڵییەی کوردستاندا، زار هەڵناهێننەوە، کەچیی ئەگەر بێتە سەر ئەوەی بگوترێ سۆرانیی زمانی ستاندەردی کوردییە، هەزارو یەك بیانوو دادەتاشن، لە چەشنی ئەمە بە سەپاندن نابێ و ئەمە پرۆسەیەکی سروشتییەو دەبێ کاتی بدرێتێ و ئەمە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە و دژی ئازادییەو ....تاد. (١٦) ساڵیان پێ کەمە، هیچ بۆ زمانی فەرمیی و ستاندەردی کوردیی نەکراوە، کە هیچی ناوێ جگە لە بڕیارێکی سیاسیی دەسەڵاتداران، لە کاتێکدا لەو (١٦) ساڵەدا، لە کوردستان، کورد خەریکی شەڕی نێوخۆ و گەندەڵیی و داڕزان بووەو بە هەزاران ژن کوژران و هەزاران جاش و ئەنفالچییش خەڵاتکراون، لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لەم زماناس و زمانەوانانەی کورد، ئەگەر باوەشێنی شەڕو نۆشی گەندەڵییشیان نەکردبێ، سەری خۆیان کزکز کردووە.

ئەم نووسینە بە تەواویی لەو بڕوایەدا، لە کوردستانی باشووردا، دەبێ زمانی ستاندەرد بسەپێنرێ، چۆن لە رووی سروشتییەوە سۆرانیی خۆی سەپاندووە، ئاواش لە رووی ئیدارییەوە دەبێ زمانی ستاندەرد بەسەر ئەم تیرەو ئەو شارو ئەم دەڤەرو ئەو دایەلێکتی تردا بسەپێنرێ. فیشمان پێی وایە، زمان و دایەلێکتی بەهێزو خاوەن ستراکتۆری توندوتۆڵ، لەگەڵ زمان و دایەلێکتی لاوازو ستراکتۆر شلوشاودا، لە جەنگەڵێکی داروینییدان و بەهێزەکان بێ هێزەکان دەخەنە ژێرەوە (Fishman,2004). بۆ ئەوەی هەندێ زمانزان و زمانەوانی نەوەی شێر (نەوەی کورد) و نەوەی کەیخوسرەو! ملیان رەپ نەبێ، مەبەستەکە بەمشێوەیە: لە

کوردستانی باشووردا، زمانی سۆرانیی بە زۆربەی پێوانە زمانەوانییەکان تەنگی بە کرمانجی ژووروو هەڵچنییوە و لە دەڤەرێکی تەسك و دیسکۆرسێکی تەنگدا قەتیسی کردووە. ئەمەش بەرهەمی هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسیی نییە، بەڵکو خەرمانەی ئەو تێکستە زۆرانەی کە بە سۆرانیی نووسراون باشترین گەواهیدەری ئەم راستییەن.

مەگەر بەشی زۆری بەدبەختیی کورد لە نەزانیی و سەرگەردانییبوونیەوە سەرچاوە ناگرێ، فەرموو کەسێکی وەك Müller لەساڵی ١٨٦١ دا بە وردبوونەوەیەکی زۆر بێئەندازەوە لەسەر ئانەلۆگی analogue زمان بۆ سروشت و زانست دەڵێت "دایەلێکتەکان هەرگیز هیچ ئەدەبێکیان بەرهەم نەهێناوە" (Müller, 1861,p23). کەچیی کوردی پارچەپارچەو باوەکوشتەی یەکگرتوویی و یەکزمانیی، هێشتا لە خەمی ئەوەدایە، کە دایەلێکتی هەورامیی و زازایی و لوڕیی و بادینانیی نەفەوتێنێ و وەك میراتێکی پڕ لەشکۆ دەستیان پێوەبگرێ. ئەگەر هەرکاتێکیش زانیتیان ئەوە هێجەمۆنیی سۆرانییە و خەریکە بەتەواوەتیی خۆی وەك زمانێکی ستاندەردی خاوەن پێشینەو مێژوویەکی دوورودرێژ، بە سروشتیی جێکەوت دەکات، ئەوە دەڵێن یاخیی دەبین و بۆی هەیە لە کوردبوونی خۆیشیان بکەونە گومانەوە بۆ ئەوەی وەك کارتێکی گوشار بەکاری بهێنن، لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیی کورددا (ئەگەر ئەم تێرمە دروستیی تێدابێت)، کە کاریزمایی ئەوەندەی تێدا نییە، زمانی کوردیی ستاندەرد، لە رووی سیاسییەوە ساغ بکاتەوە.

زمانی ستاندەرد، بە هەموو وردەکاریی و پەلوپۆکانییەوە، پتر مەبەست لە زمانی نووسینە، ستاندەردبوون کۆمەڵێ مۆتیڤی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و بازرگانیی دەیجوڵێنێ بەڵام لە کۆنتێکستێکدا کە بە زمانی ستاندەردی نووسین دەناسرێتەوە زێتر دەردەکەوێ (Milroy & Milroy,1985,p.22). چونکە ئەستەمە زمانی ئاخافتن لە هیچ جێگەیەکی دنیادا بتوانێ بۆ چەند رۆژێکیش خۆی لە هەمبەر زمانی نووسینی ستاندەردا بگرێ، ئەمە سروشتی زمان و

گەشەکردنییەتی. بەڵام بۆ ئێستای کورد و باردۆخی سیاسیی و جیۆگرافیی کورد، زمانی ستاندەرد وەك هەر زمانێکی تری جیهان کە بە نووسین دەق دەگریٚ، ئەم دەقگرتن و ئامادەگییەش بەس لە سۆرانییدا هەیە.

فیرعەونە زمانزان و زماننا سەکانی دایەلێکتەکانی کورد نەك هەریەکەو بە ئاوازێك لەسەر زمانی فەرمیی دەخوێنن، بەڵکو ئامادەش نین دەستبەرداری ناوچەگەرییەتیی و عەشیرەتگەرییەتیی و دایەلێکتچییەتیی ببن و بیر لە داڕشتنی زمانێکی ستاندەردی کوردیی بکەنەوە. بۆ ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر کرمانجیی بێت مێشێك میوانیان نییە، بەڵام چاویان بەرایی نادات، ئەو هەموو گەشەیەی سۆرانیی ببینن و خۆیان لە گێلیی دەدەن. کوردیی سۆرانیی، هەر ئێستا بە هۆی مێژووی نووسین و دەوڵەمەندبوونییەوە، کارێکتەرگەلێکی زۆری لە زمانی فارسیی و ئەوروپاییەکانەوە وەرگرتووە و پیٚ بەپێش لە ژێر هێجەمۆنیی زمانی عەرەبیی دوور دەکەوێتەوە. ئەمە پێوەندییەکی سروشتیی و مێژوویی نێوان زمانەکانە. ئەو زمانە ئینگلیزییەی کە ئێستا پێی دەگوترێ زمانی فەرمیی (Official Language)، کارێکتەرگەلێکی زۆری لە زمانی لاتین و گریگەوە Latin& Greekەوە وەرگرتووە (Milroy & Milroy,1985,p.46).

کەسێکی وەك Feyerabend ، جوان بۆی چووە کاتیٚ ئاماژە بەوە دەدات کە میتۆدی زانستیی لە زماندا، بە شێوەیەکی ڕەها نییە. بەڵکو زانست دەزگاو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەمشێوەیە گۆڕانە زانستییەکان، دەبیٚ ڕوونبکرێنەوە نەك لە ڕووی ڕاشنالیستبوون و پێشکەوتووخوازییەوە، بەڵکو لە ڕووی کاریگەرییەتی پاڵەپەستۆی گرووپەکان لە چەشنی ئیلێتە ئەدەبیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، بەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیاندا (Feyerabend,١٩٧٨). ئێستا ڕۆڵی ئەم ئیلێتانەیە، ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرن و کۆتایی بەم کێشەی نەبوونی زمانی ستاندەردە (بەشێوە فەرمییەکەی) بهێنن. بە پێچەوانەوە ئەم بەناو ئیلێتانە، تاك تاك و گرووپ گرووپیش، زۆربەیان شەقشەقەی حیزبیی و ئایدۆلۆژیی و

ناوچەگەرییەتییان لەخۆ بەستوەو ئەوەی بیری لیٚ ناکەنەوە، لینگوا فرانکای نووسینە، ئەگەریش بیری لیٚ بکەنەوە، ئەوە بەشێکیان بیانووی زۆروبۆریی کرمانجیی دەهێننەوەو سۆرانیی پیٚ لەکەدار دەکەن.

ئەگەر لە رووی تیۆری راشناڵیزمیشەوە بێت، ئەمڕۆ سۆرانیی سنوورێکی زۆری بڕیوەو بەبادانی ئەو هەموو ئارکایڤە (ئەرشیف) لە ماندووبوون و ئەو هەموو مێژووە ئەدەبیی و سیاسیی و کولتوورییەی بە زمانی کوردیی نووسراوەتەوە، خۆکوژییەکە لە کێڵگەی زمانەوە بۆ زۆر کێڵگەی تریش تەشەنە دەکات. هەروەها ئەگەر لە رووی ئێمپیریسیزمیشەوە (ئەزموونگەرایی–empiricism) بیقەبڵێنین، بەدەر لەبەرچاوگرتنی ئەوەی میتۆدێکی زانستیی و ئەکادیمیی و ئینستیتیوتیی لەپشتەوە نەبووە، بەڵام کوردیی سۆرانیی بە پشتئەستووریی کۆمەڵیٚ ئەزموونی سەخت و دژوارەوە، هەر لە سەردەمی WWI و دروستکردنی عێراقەوە و دواتریش لە سەروبەندی دەسەڵاتی شێخ مەحمود و قازی محەمەدو بارزانیی یەکەم و شۆڕشە چەکدارییەکانی کوردستانی باشوور و رۆژهەڵات و بە تایبەتیی شۆڕشی کورد دوای نسکۆی ١٩٧٥و ئەزموونی خوێندن لە سەردەمی بەعس و هەلومەرجی هەنووکەی کوردستانیش، ئەم ئێمپیریسیزمەی بە تەواویی باڵادەست بووە. دەکریٚ بگوتریٚ فەندەمێنتالیزمی کوردیی سۆرانیی لە ستاندەردبوون و کرایتێریاو فیگەرەکانی ژیانی کولتووریی و سیاسیی و رۆشنبیریی کورددا چووەتە ئاستێك گەڕانەوەی بۆ نییە (Bartley,1982).

"زمان دەستمایەی corpus فێربوونی شتەکانە" (Ryle,1961, p.5). کورد دەستمایەیەکی زۆری بە دەستەوەیە لە زمانی کوردیی سۆرانییدا، بەستاندەردکردنی سۆرانیی بەشێوەیەکی فەرمیی و سیاسیی بۆ ئەم بەشەی هەرێمی کوردستان، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و نێوەندە سیاسییە باڵادەستەکان و قسەرۆیشتووەکانی کوردستانەوە، شەپۆلی ئەم فێربوون و پاشخانی ئەم رۆشنبیرییە مکۆمتر دەکریٚ. بە سپاردنی ئەم ئەرکە هەنووکەییە بە

ئایندەیەکی لێڵ، بە تەنها کەمتەرخەمیی نییە، بەڵکو دەکرێ هەزارویەك هاوکێشەی ناوچەگەرییەتیی و خێڵەکیی و بەرەبابیی و حیزب حیزبێنەی لە پشتەوە بخوێنرێتەوە.

نیلێ سمیس (Neil Smith) لە پاسۆلۆجی زماندا بڕوای بەوە هەیە کە هەلومەرجی جینەکان و پێکدادان و کارەساتەکان و ترۆماکان (داخورپان–trauma)، کار دەکاتە سەر زمان و وێرانی دەکات (Smith,1999). ئەم پاسۆلۆجییە بۆ زمانی کوردیی راستییەکی زەقی تێدایەو دەبێ ددانی پێدا بنێین. زمانی کوردیی، بۆ سەردەمێکی دوور و درێژ تووشی ترۆما بووەو زمانی کارەسات و راکەڕاك بووە، لەم مێژووە پڕ لە دابڕان و پێکدادانانەدا لەگەڵ هێزە باڵادەستەکانی ناوچەکە بە درێژایی مێژوو، راستییەك زەق دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا کورد زمانێکی هاوبەشی هەیە، یان کۆمەڵێ دایەلێکتی سەروگوێلاك شکاو و پەرتوبڵاوی هەیەو ئیلێتی (ئەگەر ئەم تێرمە بۆ ئێرە دروست بێت) هەر ناوچەیەکیش لە هەوڵی ئەوەدان بڵێن دایەلێکتەکەی خۆیان رەسەنەو ئەوانی تر بیژیین. بەڵام شانوشەوکەتی سۆرانیی سەرەڕای ئەوەی هەزاران هەورازو نشێوی کردووە، کەچیی توانست و دەستمایەو ئێمپێریسیزمی خۆی نەك لەدەست نەداوە، بە پێچەوانەی دایەلێکتەکانی ترەوە، رۆژ بەرۆژ لە هەڵکشاندایەوە کەڵەگەتتر دەبێ.

زمانی گشتیی هەر ناوچەو نەتەوەو وڵاتێك، ئەو زمانەیە کە خەڵکەکەی بە جوانیی و رێکوپێکیی و سانایی لە ژیانی رۆژانەو ئەدەبی فەرمییدا بەکاری دەبەن (Smith,1999,p.149). راستە زمانی کوردیی وەك زمانی گریکیی مۆرفۆڵەجی ئاڵۆزی نییەو وەك ئینگلیزییش خاوەن فەرهەنگۆکێکی دەوڵەمەندو پڕ لە تەکنیك نییە (ibid)، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، توانیویەتی ستراکتۆری زمانی گشتیی، سەرجەم جێۆگرافیای دوو پارچەی سەرەکیی لە کوردستان (باشوور و رۆژهەڵات) چێبکات و باڵادەستیی خۆیشی بە تەواویی بە سەر زاراوەکانی تردا بسەپێنێ.

سميس وەك زمانەوانێك، نەك وەك سیاسەتمەدارو شارەزایەك لە تیۆری سیاسییدا، بە جەختکردنەوە لە بۆچوونەکانی چۆمسکی لەسەر دەسەڵات و زمان، ئاماژە بە گرنگیی دەسەڵاتی سیاسیی دەدات لە یەکلاییکردنەوەی خولیا تایبەتییەکانی خۆیدا. ئەو پێی وایە "دەسەڵاتی سیاسیی، سەرەنجام لە سەر هێزی ئابووریی پشتی خۆی قایم دەکات، بۆیە حکومەت لە کاردانەوەیدا هەمیشە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەخاتە پێش هەموو شتێکەوە" (Smith,1999,pp. 195 - 196). لە راستییدا ئێستا دەسەڵاتی سیاسیی و خوا پێداوەکانی ناو دەسەڵات و حکومەتی هەرێم، ئەوەندەی بیر لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان و گیرفانی تایبەتیی خۆیان دەکەنەوە، یەك لە سەدی ئەوەش بیر لە چارەسەرکردنی زمانی فەرمیی و لینگوا فرانکای کوردیی ناکەنەوە.

فەرموو ئەم هەموو زرتە پیاوەی ناوی خۆیان ناوە زمانزان و زمانەوان و شارەزا لە زمان و ئەکادیمیست لە بواری زماندا (هەش بەسەرت کورد)، لەوەش گاڵتەجارِپیتر، خۆیان کردووە بە ئەیلییەن Alienی هەسارەکانی بۆشایی ئاسمان و هاتوونەتە سەر زەویی بۆ دەستگرتنی عەوامی خەڵك و خانۆچکەی زمانی کوردیی چێدەکەن. ئەم هەموو خاتوون و پیاوەی ناو پارلەمانی کوردستان، کە ئیشیان لە پاڕانەوەو لالانەوە زێتر شتێکی تر نییە و یەك پرۆژەی نوێ و یەك هەنگاوی بوێرانەو یەك نووزەی نوێخوازیی چییە بۆ زمانی کوردیی پێیان نییە، کەچیی بە خۆیشیان دەڵێن زمانەوان. مەگەر زۆربەی ئەمانە ئەوەندەی بیر لە خۆشگوزەرانیی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دەکەنەوە، ئەوەندەی بیر لە پیرۆزراگرتنی سیمبولێزم و ئەفسانەتاشین بۆ سەرکردەکان دەکەنەوە، بە مووش دەچن بە لای چارەسەرکردنی کێشەی زمانی ستاندەردا، لای کەم زمانی ئۆفیشەڵی کوردییدا. ئیتر چۆن دەکرێ ئومێد لەسەر ئەم وشکە کەڵەکانە هەڵبچنرێت، چۆن دەکرێ چاو ببڕدرێتە ئەم ئەکادیمیستە بەناوبانگ و زمانزانە لێهاتووانەی کورد!، ئەوکاتەی ئەگەر وەنەوز بەریدان خەمێك لە زمانی ستاندەردی کوردیی بخۆن.

کەس نالێ ئەوان وەك چۆمسکی بکەن، چونکە بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکانی چۆمسکی لەسەر زمان، بەشێکی زۆر لەم ژن و پیاوە زمانزان و سیاسییانەی کورد دەیان ساڵیان دەوێ تا لە نووسینەکانی چۆمسکی بگەن، ئەوە ئەگەر تێیشی بگەن، بۆیە بەراوردەکە هەر لە سەرەتاوە پەڕەمووچە. بەڵام هەر هیچ نەبێ تۆزێ بەسەر دەسەڵاتدا بهاتنایەتەوەو ئەوەندە لاڵەپەتەیان نەکردایەو زمانی پاڕانەوەیان فڕێ بدایە و وازیان لە نوشتەکردن بهێنایە بۆ دڵنەرمکردنی سەرکردەکان، بۆ ئەوەی زمانی ستاندەرد بپەژرێنن. ئەگەر تۆزقاڵێك ئازادانەو ئازایانە رەخنەیان بگرتایە و داوایان هەبووایە. تا ئێستا زمانی کوردیی ستاندەردیان ساغدەکردەوە. هەنووکەش کورد خاوەنی لینگوا فرانکایەکی تۆکمە دەبوو.

چاوەڕێی ئەوەیان لێ ناکرێ وەك چۆمسکی ئانارشیستانە رەخنە بگرن، چۆمسکی وەك گەورەترین و دیارترین ئایکۆنی سیاسیی و زمانەوانیی، ئەوەندەی رەخنە لە سیاسەتەکانی ئەمێریکا گرتووە، خۆی بە خۆی دەڵێ: "کەمێك ئانارشیتسم" (Chomsky,1988c,p744). بەڵام خۆ دەکرێ لای کەم ئانارشیستانە، لە هەمبەر زمانی یەکگرتووی نووسیندا، رەخنە لەو بێسەرەوبەرەییەی دەسەڵاتی سیاسیی بگرن. کە خۆیان هیچیان پێ نییە، هیچ ناخوێننەوەو بە هزری حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە بیر دەکەنەوە، بۆچیی ئەم پۆستانە لە خۆیان ناسەنننەوەو چیتر بە خۆیان نەڵێن زمانزانان و زمانەوانان و ئەکادیمستانی زمانەوانیی... سەیرە پرۆفیسەرێکی زانکۆ، دۆکتەرێکی زانکۆ، پیاوانی کەنەفتەو تەمەڵ، لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی پێشوودا، وتار یان کتێبێکیان نووسیبێت، ئێسایشی لەگەڵدا بێت، هەر لەسەر قەوانە کۆنەکە دەڕۆن و کەسانی وەك نیلّ سمیس و (میلڕۆی)ەکان Mylroy و John Lyons و باختین و گرامشی و تەنانەت (چۆمسکی)یش هەر بە سەپانیش ڕاناگرن.

ئەم "جەنابی عالییانە" نازانن یان نایانەوێ لەوە بگەن، ئەگەر کەسێك بە خۆی بڵێ رۆشنبیر، لە سەردەمی گلۆباڵیزەیشندا، دەبێ بەردەوام ئاگای لە داهێنانەکان

بێت لە بوارەکەی خۆیدا. دەبێ وەك سۆفتوێرد بەردەوام خۆی ئەپدەیت بکاتەوە، ئەگەر لای زۆر ٤-٦ مانگ، لە رۆژگاری ئێستادا لە خوێندنەوە دابڕێی، ئیتر دەکەویتە دواوە. باشە بێویژدانییە ئەگەر بگوترێ بەشێکی زۆر لەم جەنابی عالییانە، لەم زمانزانانە ئەوە بۆ چەندین دەیەیە، مێشکیان ئەپدەیت نەکراوەتەوە. ئەگەر پێنووسێك و لاپەڕەیەکی (A4) یان بدەیتێ و بڵێی، تەنها ناوی چوار زمانەوان (مەبەست لە لینگویستیکە) و چوار کتێبێ دانسقە بنووسن لەسەر زمان، لە حەوت ساڵی یەکەمی هەزارەی سێیەمدا بووبن بە ئایکۆن و بڵاوکرابێتنەوە ئایا ٩٩٪ یان لە م پرسیارە سادەیەدا دەردەچن؟ جا هەش بەسەرت کورد ئەمانە زمانزانەکانت بن و ئەمانەش بیر لە چێکردن و جێگیرکردنی لینگوا فرانکای کوردیی بکەنەوە.

پرۆفێسەر جۆن هەنی John Honey لەسەر گرنگیی زمانی ستاندەردی ئینگلیزیی و ئەو ناحەزانەی کە دژی ستاندەردبوونی زمانی فەرمیین و دایەلێکتە نێوخۆییەکان بە گرنگ دەزانن، کتێبێکی بەناوبانگی نووسیوە بە ناوی "زمان هێزە" کە چیرۆکی ستاندەردبوونی ئینگلیزیی و نەیارانی ئەو پرۆسەیە شرۆڤە دەکات. هەر چەندە هەنێ پێیوایە، کە زمانی ستاندەرد لە رووی مێژووییەوە پێویستیی چینە باڵاکان بووە، جۆرێك سەپاندنی تێدا بووەو رەخنەی زۆریشی لەمبارەیەوە هەیە، بەڵام ئەو راستییە ناشارێتەوە کە گرنگیی ستاندەردبوون و ئینتەرناسیۆنالیستبوونی زمانەکان بایەخی زۆریان هەیە. ئەو پێیوایە، ئەگەر بە ئەنقەست و بە شێوەیەکی دەستکرد زمان بەرەو پرۆسەی ستاندەردەردبوون ببرێ، کارێکتەرەکانی خۆی لەدەست دەدات و دیسکۆرسی زمانەوانیی و گەشەی سروشتیی زمان سەرەوژێر دەبێتەوە (Honey 1997).

ئەم دەردە رێك لە عاشقانی سکریپتی لاتینیی و زمانی کرمانجیی سەری هەڵداوە، نایانەوێ سۆرانیی بکرێ بە بناغەی زمانی ستاندەرد، بەڵام دەیانەوێ بووەستێن تا کوردستانی گەورەیان وەك هێلکەی پاککراو بۆ دێتە بەردەم، ئەوسا زمانی ستاندەرد چێبکرێ. بەڵام هەنێ بەتەواویی لەگەڵ ئەوەدایە کە زمانی فەرمیی

و ستاندەرد دەبێ بسەپێنرێ (ibid). چونکە بەبێ میکانیزمێك بۆ جێگیرکردنی لینگوا فرانکا، گەڕەلاوژەی دایەلێکتەکان هەرگیز کۆتایی نایەت.

بە گوێرەی بۆچوونەکانی سوسیۆزمانزانی ئەمێریکایی Robert St Clair بێت، زمانی ستاندەردی ئینگلیزیی لە ئەمێریکای باکووردا کە سەپێنراوە، بەدەست ئیلیتی دەسەڵاتەوە، بووە بە هۆی نکۆڵییکردن لەمافە کولتوورییەکانی کەمایەتییەکانی تر (St. Clair,1982). لە کاتێکدا رۆبێرت، روانگەیەکی هیومانیستیی هەبووەو داکۆکییکەر بووە لە ماف کولتوورە جیاوازەکانی نێو ئەمێریکاو لەگەڵ سەپاندنی زمانی فەرمیی و ئیداریی وڵاتیشدایە وەك پێویستییەکی سەردەم، بەڵام لە کوردستان و تاراوگەدا ئێستا هەندێ کەس و دەزگای سیاسیی و رۆشنبیریی هەمان تێڕوانینی ئەم سۆسیۆزمانزانە بە دیوێکی عەشایەریی و ناوچەگەرییەتیی و دایەلێکتچییەتییدا دووپات دەکەنەوە. گوایە ئەگەر زمانی کوردیی (سۆرانیی) بکرێ بە زمانی ستاندەردو فەرمیی، بکرێ بە لینگوا فرانکا و بسەپێنرێ، ئەوە ستەمێکی زۆر لە کرمانجی ژووروو، هەورامیی، زازایی ...تاد دەکرێ مافە کولتووریی و ئازادییەکانیان پێشێل دەکرێ؟

لە هەموویشی سەیرترئەوەیە، ئەم رقوکینەیە بۆلە سۆرانیی و بۆ بەم رادە زۆرە بوونی هەیە! ئێستا لە تاراوگەدا، بە هۆی ئازادییە سیاسیی و کولتوورییەکان لە وڵاتانی دیمۆکراسییدا، چەندین زازایی و ئێزیدیی و لوڕیی ....تاد پەیدابوونەو خەریکی ئەوەن نکۆڵیی لە کوردبوونی خۆیان دەکەن. بەداخەوە ئەم دەردە خەریکە هەندێ کوردی هەورامیی فەندەمێنتالیستیش دەگرێتەوەولە گەشەی زمانی کوردیی (سۆرانیی) پڕبوونەو هەر رۆژەی بیانوویەك بۆ بنکۆڵکردنی سۆرانیی و هەڵکشان و گەشەکردنەکانی دەدۆزنەوە.

ئەوانەی خاوەنی ئەو بۆچوونە سەقەتانەن، دەمارگیریی ناوچەیی و لۆکالیزم دایڕزاندوون و نایانەوێت لەو راستییە بگەن کە زمانی ستاندەرد، زمانی دایکی (مەبەست لە زگماکە) هیچ ناوچەو گرووپ و لایەن و دایەلێکتێك نییە، بە واتایەکی تر

"زمانی ستانده‌رد، زمانی زگماکی هیچ که‌سێ نییه" (Romaine,1984, p.233). ئه‌م بۆچوونه‌ی پرۆفێسه‌ری زمانه‌وانیی سۆزان رۆماین، ئه‌گه‌رچی له‌سه‌ر زمانی ستانده‌ردی ئینگلیزیی توێژینه‌وه‌ی کردووه، به‌ڵام به شێوه‌یه‌کی ره‌هاش بۆ هه‌موو زمانه‌کانی تر راستییه‌کی مێژوویی و ئه‌نسرۆپۆلۆجی و سۆسیۆزمانه‌وانیی تێدایه.

کوردیی سۆرانیی له بنه‌چه‌دا له ناوچه‌یه‌کی به‌رته‌سکی ره‌واندزه‌وه سه‌ری هه‌ڵداوه، له حه‌فتاکانی سه‌ده‌ی نۆزده‌یه‌مه‌وه، له قه‌ڵه‌مڕه‌ویی میرنشینه‌که‌ی محه‌مه‌د به‌گه‌وه په‌لوپۆی هاویشتووه (زه‌کی، ٢٠٠٤). به‌ڵام ئێستا هه‌ولێرییه‌ك و سلێمانییه‌ك و که‌رکوکییه‌ك و گه‌رمیانییه‌ك پێی ده‌ئاخفن و پێی ده‌نووسن، ته‌نانه‌ت به‌شێکی زۆری ناوچه‌کانی بادینانی کوردستانی باشوور، له‌گه‌ڵ سۆرانییدا گرفتێکی ئه‌وتۆیان نییه. هاوکات بارزانییه‌کان، چونکه زۆر تێکه‌ڵهێکیشیان هه‌یه له‌گه‌ڵ سۆرانییدا، ده‌کرێ بڵێی زۆرینه‌ی بارزانییه‌کان زمانی کوردیی (سۆرانیی) به باشیی ده‌زانن. ئه‌وه جگه له کوردستانی رۆژهه‌ڵات، سابڵاغ (سابڵاخ)، سنه، بۆکان، سه‌قز و تاد، بگره زۆربه‌ی هه‌ره زۆری ئه‌م پاچه‌یه‌ی کوردستانیش پێی ده‌نووسن و پێی ده‌ئاخفن.

راسته ئه‌م شارو ئه‌و ناوچه زمانی ئاخافتنیان که‌م تا زۆر جیاوازیی پێوه دیاره، به‌ڵام له نووسیندا ئه‌م جیاوازییانه ده‌رناکه‌ون. ئه‌وه جگه له‌وه‌ی ئه‌گه‌ر هه‌ڵه بێت یان راست، سۆرانیی (هه‌ندێ که‌س به کرمانجی ناوه‌ڕاستی ده‌زانن) وه‌ك بریکاری هه‌موو کرمانجی خواروو فه‌نکشن ده‌کات. هه‌روه‌ها له دوای راپه‌رینی ١٩٩١ه‌وه سۆرانیی هێجه‌مۆنی خۆی پانوپۆڕتر کردووه‌ته‌وه به‌سه‌ر کوردستانییاندا (زاراوه‌ی ناسیۆنالیسته توندڕۆکانه). به کورتیی، دایه‌لێکته‌که‌ی محه‌مه‌د به‌گی جاران، هه‌نووکه به شێوه‌یه‌کی سروشتیی بووه به کاراترین و خاراوترین و چاپووکترین زمانی نووسینی کوردیی و رۆژ له دوای رۆژیش باڵای که‌ڵه‌گه‌تتر ده‌بێ، به‌ده‌ر له‌وه‌ی جۆری ئاخافتن تا هه‌نووکه‌ش له ناو ره‌واندوزدا، پێچه‌وانه‌ی رێزمانی ستانده‌ردی

نووسینه (کوردیی سۆرانیی)، کەواته ئەم زمانه ستانده‌رده‌ی ئێستا بوونی هه‌یه، مەرج نییه له وێڵاشی ئاخافتنی ناوچه‌ی ره‌واندوزه‌وه خۆراکی وه‌رگرتبێت. به‌ڵکو تێکستی ده‌وڵه‌مه‌ندی کوردییه که سۆرانیی به ئێره گه‌یاندووه.

زمانی ستانده‌رد، ده‌کرێ ده‌یان و سه‌دان شیکردنه‌وه‌و پێناسه‌ی جیاوازی بۆ بکرێ، ده‌یان و سه‌دان رای پێچه‌وانه له نێو زانایانی بواری زمانه‌وانییدا هه‌یه. به‌ڵام سه‌رجه‌میان له‌سه‌ر گرنگیی و پێداویستیی زمانێکی ستانده‌رد له ئاست ئه‌رك و فه‌رمان و پێداویستییه نیشتمانیی و ناوچه‌یی و گڵۆباڵییه‌کاندا جه‌خت ده‌که‌نه‌وه‌و زۆرینه‌ی ره‌هاشیان له‌گه‌ڵ سه‌پاندنی زمانی ستانده‌ردو فه‌رمییدان، چونکه ئه‌مه جگه له‌وه‌ی سه‌ره‌نجام بڕیارێکی سیاسییه، به‌ڵام له بنه‌چه‌دا، پاشخان و ستراکتۆر و مێژووی ئه‌و زمان و دایه‌لێکته، ئه‌م مافه‌ی بۆ ده‌سته‌به‌ر ده‌کات.

کورد، وه‌ك نه‌ته‌وه‌یه‌کی دابه‌شکراو، زۆر گرنگه زمانی ستانده‌رد و لینگوا فرانکای له ئێستادا هه‌بێ. نابێ له ئاست ته‌نگژه سیاسیی و جیۆگرافیی و کولتوورییه‌کاندا خۆمان که‌ڕ بکه‌ین. ئێمه ئه‌مڕۆ قسه له‌سه‌ر زمانی یه‌کگرتووی کوردیی ده‌که‌ین، مه‌به‌ستمان له کوردستانی باشووره (کوردستانی عێراق). گه‌لی کوردی پارچه‌پارچه‌کراو، توانا و بڕستی ئه‌وه‌ی نییه له ئێستادا زمانێکی یه‌کگرتوو دابنێ و لای کەم، زۆرینه‌یه‌کی که‌م له خه‌ڵکی سه‌رجه‌م کوردستان رایی بکات. ده‌کرێ وه‌ك رێفه‌رێنده‌مێك، میلیۆن میلیۆن خه‌ڵکی نه‌خوێنده‌وار و بێئاگا له زمان، ده‌نگدان له قازانجی کرمانجی ژووروو ساغ بکه‌نه‌وه، ئه‌وه ئه‌گه‌ر ئه‌م فانته‌سیی رێفه‌رێنده‌مه‌ش هه‌ر له بنه‌ڕه‌تدا بێته دی.

زمانی ستانده‌رد و لینگوا فرانکای کوردیی بۆ کوردستانی باشوور، پێویستییه‌کی سیاسیی و کولتووریی و زمانه‌وانییه. هه‌ر دواکه‌وتنێك له‌م ئه‌رکه‌دا، زیانی زۆرتر به پاشه‌ڕۆژی یه‌کگرتوویی زمانی کوردیی ده‌گه‌یه‌نێت. زمانی ستانده‌رد ئه‌و زمانه‌یه که سنووری ناوچه‌گه‌رییه‌تیی ده‌به‌زێنێ و ده‌بێته زمانێکی نیشتمانیی یاخود سه‌رتاسه‌ریی، ده‌ست به‌سه‌ر زاراوه‌کانی تردا ده‌گرێ و له چوارچێوه‌ی

ئاخافتندا قەتیسیان دەكات (Halliday,2003 ,p.4). چۆن زمانی گلۆبالْ كە ئینگلیزیی دەكات، سنووری هەموو نەتەوەو وڵاتەكانی بڕیوە، بەهەمان شێوەش زمانی ستاندەردی هەر نەتەوەیەك یان وڵاتێك، سنووری دەڤەرەكان و دایەلێكتەكان دەبڕێت.

ئەمڕۆ لە كوردستان و ئەو شارو شارۆچكانەی لە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم و ناوچە سنوورییەكانی شەنگار و كەركوك و خانەقینن، وەك شاری سنووریی ناوچە كوردنشینەكان، سەرەڕای زۆرینەی رەهاش بە سۆرانیی دەدوێن و دەنووسن، بەڵام ئەم زۆرینەیە هیچ بنەمایەكی نییە بۆ ئەوەی بكرێ بە زمانی فەرمیی، بەڵكو ئەوە مێژووی گەشی سۆرانییە ئەم مافەی بۆ دەستەبەر دەكات. سۆرانیی بە كردەوەو بە ماندووبوون و مێژووی دەوڵەمەندی خۆی بووە بە زمانی ستاندەردی كوردستانی باشوور و تەواوی زاراوەكانی تری خستووەتە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوەو هەموو سنوورێكی ناوچەگەرییەتیی سمیوە. ئەوانەی ئێستاش كەوتوونەتە بەربەرست دانان لە دژی، جگە لە مەترسیی دوولەتبوونی سۆرانیی و كرمانجیی، سەرەنجام زمانی كوردیی بە گشتیی، زێتر شتێكی تریان پێ نییە و هیچیشیان لێ چاوەڕوان ناكرێ. ئەوە لەوە بگەڕێ كە سۆرانیی چەندە بەرهەمهێنەرەو (Productive) و كرمانجییش لە ئاستیدا، دەكرێ بڵێی نەزۆكە.

### سۆرمانجیی:

ئەو كوردستانییانەی خەون بە كوردستانی گەورەوە دەبینن، زۆر شانازیی بە سۆرمانجییەوە دەكەن، پێیانوایە بە زۆر تێكەڵكردنی سۆرانیی و كرمانجیی، كارێكە خزمەت بە ئەجێندای سیاسیی و كولتووریی گەلی كورد دەكات، چ لە ئێستاداو چ لە داهاتوودا. ئەم پانكوردیستانە (Pan-Kurdish)، هێشتا لە سەردەمی ئەشكەوتدا دەژین و هیچ ئاگایەكیان لە راستییە جیۆپۆلیتیكەكانی ناوچەكەو جیهان نییە. لە خەوێكی قووڵی ئایدۆلۆژییدا تەپاوتل دەكەن و فڕیان بەسەر هاوكێشە

تێکهەڵکێشراوەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە نییە. ئەوە وێڕای ئەوەی تێکەولێکەی سۆرمانجیی پێچەوانەی بناغە سەرەکییەکانی زمان و گەشەکردنی زمانیشە.

سۆرانیی و کرمانجیی راستە دوو زاراوەی سەرەکیی زمانی کوردیین، بەڵام ترشییمان بۆ یان شیرینیی، ئەمە دۆخێکەو تێی کەوتین، ئەم دوو زاراوەیە، ئەوەندەی نزیکایەتییان هەیە ئەوەندەش دوورایەتییان هەیە. پێش هەموو شتێ لە ڕووی رێزمان و داڕشتنەوە، جیاوازییان هەیە، نێرو مێ لە سۆرانییدا یەکەو لە کرمانجییدا جودان. ئەوە لەو بەدبەختییەش بگەڕێ کە جەلادەت بەدرخان بەسەر زمانی کوردییدا هێنای و بەشێکی لە زمانی کوردیی بە بێ هیچ پرسێ بە کەسانی شارەزاو پسپۆر لە زماندا، لە سەردەمێکدا و بە چاولێکەری کەمالیستەکان، نووسینی کوردیی کرد بە ئەلفابێتای رۆمانیی (لاتینیی). ئەوانەی پێیانوایە، جەلادەت بەم کارەی هەنگاوێکی پێشکەوتووانەو شارستانییانەی هاویشتووە، یان لای کەم "کوردپەروەرانە"ی ناوە، تا بینەقاقایان لە نائاگایی و نەدانیی و نابەڵەدییدا نوقم بووە.

ئەم پرۆلاتینیانە، هیچ ئارگیۆمێنتێکی لۆژیکانەیان نییە، جگە لەخاڵییکردنەوەی هەستێکی شرپشێتانەی ناسیۆنالیستیی کە چەندێك قازانجی بۆ دۆزی کورد هەیە، سەد بەرامبەر زیانیشی هەیە. ئەندەرسن (Anderson Benedict) ئەم جۆرە ناسیۆنالیستە خوێنگەرمانە لە ناسیۆنالیزمێکی سەرگەرداندا دەبینێتەوە و پێیوایە دەتوانن دەستبخەنە سەر گەشەکردنە نوێباوەکان، بەڵام ناتوانن یەك هەنگاو چییە بۆ پێشەوە برۆن (Anderson,1991).

هەندێ لەم پرۆلاتینییانە، بۆ ئەوەی سەرنجی کوردانی نەتەوەپەرست و ناسیۆنالیست بە لای خۆیاندا رابکێشن، بە مەبەستەوە نەقیزە لە کۆمەڵێ هەست و نەستی خەفەکراوی گەلی کورد دەژەنن، کە گوایە زمانی کوردیی (سۆرانیی)، بەسکریپتی عەرەبیی دەنووسرێ و باشترە لێیان دوور کەوینەوەو حوشترەکان و

کتێبەکان و سکریپتەکەیان بدەینەوەو بە پەژراندنی سکریپتی رۆمانیی (لاتینیی)، بە یەکجاریی لە دەستیان رزگارمان دەبێت. هەروەها هەندێکیان بە بیانووی دژایەتیی کردنی ئاییینی ئیسلامەوە، دەیانەوێ سێکیولارزیم بکەنە چەترێك، ئەوانەی لە باوبۆرانی پانعەرەبیزم و پانئیسلامیزم پڕبوونە بە مەمەمژەی سکریپتی لاتینیی دڵیان بدەنەوە.

ئەم شەپۆلی جینگۆیزمی jingoism کوردیی و جینگۆیزمی لاتینییە، زۆر نەدانانەو زۆر نەزانانە دەست بۆ ئەم پیشەسازییە کەچە دەبەن، لە درۆ و دەلەسەو چێکردنی چیرۆکی بێ بناغەدا دەستوپێ رەنگینن. ئاخر ئەم زێنەفۆبە xenophobe کوردستانییانە، زۆر لەوە نەدانترن کە فێری ئەوە بکرێن، سکریپتی عەرەبیی لە بنەچەدا سکریپتێکی ئارامییە Aramaic، سکریپتی عەرەبیی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی زایین، ئەو کاتەی نەبەتییەکان (Nabataea's – الأنباط) لە باکووری عەرەبستاندا دەژیان، سکریپتی ئارامییان وەرگرت (Negev ١٩٨٦). ئارامیی کۆنیش گەشەی کردووەو خۆی لە زمانی عیبرییدا بینیوەتەوە. ئەو ئارامییەی عەرەبەکان وەریانگرت لە لقێکی عیبرییەوە نزیك بوو. ئارامیی بۆ خۆیشی بەشێکە لە گرووپی سامییەکان Semitic و مێژووی چەندین هەزار ساڵی لە سکریپتدا هەیە (ibid).

فارسەکان بەو هەموو مێژووە پڕ لە شکۆمەندییەیانەوە، کاتێ لە رووی سەربازییەوە لەسەر دەستی عەرەب و لەشکری ئیسلام شکستیان خوارد، سکریپتی نەستەعلیقیان (Nastaleeq) لە عەرەب وەرگرت و بە جوانترین هونەریش گەشەیان پێداو کەسیش منگەمنگی ئەوە ناکات لە میراتی عەرەبەوە بۆیان هاتووە (Muhammad, 1991). ئەو سکریپتەی کوردیش بەکاری دەهێنێ تێکەڵەیەك لە سکریپتی فارسیی و عەرەبییە، یان وەك شاکەلیی دەڵێت فارسیی – عەرەبییەکی دەستکارییکراوە (شاکەلی،١٩٩٠) بەکارهێنانیشی نەك شەرم نییە، بەڵکو ئەوە یاسای گەشەکردنی سروشتیی زمان و گەل و نەتەوە جۆراوجۆرەکانن کە لە نزیك

یەکترییەوە ژیاون، چ بە شەڕ یان بە ئاشتیی، بەسەر یەکیانەوە هەبووە ئاڵوێریان بە کولتوور و رۆشنبیریی یەکترەوە کردووە، بە سەپاندن بووبێت یان بە سروشتیی. بە دڵنیاییشەوە ئەوەی بەدرخان کردی لە بەکارهێنانی سکریپتی لاتینیی، ئێستا دەبینین کە ئەم جیاوازییانەی نێوان ئەم دوو دایەلێکتە سەرەکییەی چەند گەورەتر و قووڵتر کردووەتەوە. چونکە بەدرخان کارەکەی زۆر تاکڕۆییانەو سەرەڕۆیانەو چاولێکەرییانە بوو. لە یەک رستەدا بەدرخان قاچی لە ئاوێك خست کە ئەتاتۆرك رشتبووی.

ژاپۆنییەکان و ڤێتنامییەکان سکریپتی زمانەکەیان لە چاینییەکانەوە وەرگرتووە، ئۆردو لە فارسەکانەوەو ئەوانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان لە عەرەبەکانەوە. (Halliday,2003). ئەگەرچیی دواتر ڤێتنامییەکان سکریپتەکەیان کرد بە سکریپتی رۆمانیی (لاتینیی)، بەڵام هیچ کاتێك نە ژاپۆنییەکان و نە ڤێتنامییەکان و نە ئۆردوییەکان ئەمە بەلەکە نازانن و بگرە بە رابردوویەکی خۆیانی دەزانن بەباش و خراپەوە کردوویانە بە زمانی ستاندەردی نەتەوەکانی خۆیان. کەچیی پانکوردیستەکانی ئێمە، دەیانەوێت بە هەڵەکەی بەدرخاندا بمانبەن و قاچمان بخەنە ناو ئەو ئاوەی تۆرانیزم رشتی، هەموو مەبەست و ئەجێندا سەرەکییەکەشیان، لە رەگەزپەرستیی و ناوچەپەرستیی و دایەلێکتچییەتییەوە سەرچاوە دەگرێ و کرۆکی مەبەستەکانیشیان ئەوەیە، لە داهاتوودا سۆرانیی لە بۆتەی کرمانجییدا بچووك بکەنەوە، چونکە بەشێك لەم پانکوردیستانە، ئەوەندە خراپ بیردەکەنەوە، کە سۆرانیی هەر بە کوردییش نازانن.

### دایەلێکت پێچەوانەی ستاندەردە لە زماندا:

جیاوازیی نێوان زمانی ستاندەردو دایەلێکتەکان، بە شێوەیەکی سەرەکیی لە "فەنکشنی function سوسیۆکولتوورییدا خۆی دەبینێتەوە" (Marle, 1997,p.13). ئەم جیاوازییانە مەرج نییە لە جیاوازییە سیستماتیکییەکانی نێوان

ئەم دوو لایەنەدا بێت، بەڵکو لە رەنگدانەوە و کارکردی ئەم دووانەدایە لە جیاوازییە سۆسیۆ کولتوورییەکاندا. زمانی ستاندەرد دەکرێ بلێی پیشەسازیی تێدایە، چونکە وەك دایەلێکت هەرگیز تەواو سروشتیی نییە، بەڵام دەستکردیش نییە بەو ئاقارەی کە بە شێوازێکی نامۆ چێکرابێت. زمانی ستاندەردی نووسین، لە دەرەوەی ویستی دایەلێکتەکان، لە هەندێ تایبەتمەندیی "سروشتی زمانیی و دەنگ و رەنگی زمان و تەنانەت هەندێجار لە کۆنتێکستی سروشتیی دایەلێکتەکانیش دادەشۆرێت" ( ibid, p.15).

زمانی ستاندەرد کە زمانی سەرەکیی نووسین دەبێت، مەرج نییە زمانی ئاخافتنی تاك و کۆمیونیتییەکان بێت، زۆر زمانی ستاندەردی نووسین هەیە هەرگیز بەشێوەیەکی بەربڵاو ئاخافتنی پێنەکراوە. بۆ نموونە زمانی هۆڵەندیی (Dutch)، تا سەدەی نۆزدەیەم نەبووەتە زمانی سەرەکیی ئاخافتن، سەرەڕای ئەوەی پێشتریش زمانی ستاندەردی نووسینیش بووە (Wexler, 1993). کەواتە ئەم پرۆسەیە ئەگەر پاش و پێشیشی تێ بکەوێت، سەرئەنجام هەر دەمانباتەوە سەر ئەوەی، ئایا چەند گرنگە زمانی فەرمیی و ستاندەردی نووسینمان هەبێت. هاوکات زمانی سەرەکیی نووسین، مەرج نییە دایەلێکتەکان وەك زمانی دایك بەکاری بهێنن. چونکە هەر کاتێك زمانی ستاندەرد بە فەرمیی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیی یان هەر چەشنە دەسەڵاتێکی ترەوە کە قورسایی جێکەوتکردنی هەبێ، کاری پێکرا و گەشەی کرد، تەواوی دایەلێکتە جیاوازەکان، بە شێنەیی و بە تێپەڕبوونی کات، دەکەونە ژێر هێجەمۆنی زمانی ستاندەردەوە (Marle,1997). چونکە زمانی ستاندەرد و بە تایبەتییش لینگوا فرانکای نووسین خۆی خۆی دەڕازێنێتەوە (embellishment) ئاگایانە پەلوپۆ دەهاوێ (ibid, p.29). ئەمە راستییەکی زەقمان پێ دەڵێت، سۆرانیی توانیتی لە رابردوودا ئەم پەلوپۆیە بهاوێژێ، بەڵام کرمانجیی نەیتوانی و دواکەوت.

زمانی ستاندەردو فەرمیی، کۆمەڵێ سیمیئۆتیك (زمانی نیشانە – semiotic)ی ستراتیژیی بۆ دامودەزگاکان و پرۆسەی خوێندن و ئەدەبی نووسراو دەهێنێت، ئەم ستراتیژییە زۆرتر دەردەکەوێ کاتێ ئەدگاری میتافۆرە ڕێزمانییەکان لە بەکارهێنانەکاندا جێگیرتر دەبن و لێرەشەوە سێمانتیکی زمان دەرگای تری بەسەردا دەکرێتەوە (Halliday, 1998). ئەم بۆچوونانەی هالیدەی کتومت لەگەڵ سیمیئۆتیکە ستراتیژییەکانی زمانی کوردیی (سۆرانیی) دا جووت دەبێ. کێ هەیە ئەوە نەبینی کە سێمانتیکی سۆرانیی و میتافۆری ڕێزمانییەکەی لە چ گەشەیەکی سەرسووڕهێنەردایە لەچاو کرمانجییدا.

"هەمیشە ئەو مۆدێلە دەکرێ بە بناغەی زمانی ستاندەرد، کە لە نووسیندا برەوی هەیە" (Cheshire,1997,p. 79). ئێستا نەك سۆرانیی برەوی هەیە، بەڵکو کرمانجیی لە ئاست سۆرانییدا، لە کێڵگەی نووسیندا، هەر گوناهە بەراوردیش بکرێ. ئەم توێژینەوەیە لەو بڕوایەدایە، بە هەموو کرمانجییزانەکان و نووسەرەکان و توێژەرەوەکانی زمانزانەکانی ئەم دایەلێکتەی کوردیی، بە ئەندازەی چاپخانەی "مەچکۆی" هەولێر، شارۆچکەی هەڵەبجە، شارۆچکەیەکی کەرکووك، نووسەرو ئەدیب و خەمخۆری زمانی کوردیی لە منداڵدانی بەرنەبووەتەوە. ئەوە لە شارێکی وەك سلێمانیی بگەڕێ کە قەڵای زمانی نووسینی کوردییە. جگە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش کە ناکرێ ڕۆڵی ئەدەب و هونەرو تێکستی کوردیی ئەوانیش لەبەرچاو نەگیردرێ.

ئەندەرسن، لە "Creole Pioneers" باسی ئەوە دەکات بۆ هەندێ نەتەوە زمان نابێتە ئەو توخمەی کە جیاوازیی دروست بکات لە حەزو خولیا بۆ ولاتی دایك (Metropoles) (Anderson, 1991,p.47). ئەم شیکردنەوەیەی ئەندەرسن، زۆر ڕاستیی تێدایە، زۆرێك لەوانەی بەسۆرانیی ناسراون، چ بە گرتنی و چ بەبڵاوبوونەوەی دەرمانخواردکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان، بە قوڵپ دەگریان، بە دڵنیاییشەوە ئەوەندەی کوردەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات پەست و قەڵس

بوون بە سووکایەتییکردنەکانی بە ئۆجەلان دەکرا، کوردەکانی باکووریش هەر ئەوەندە پیشیان خواردوەتەوە. لە کاتێکدا عەبدوڵا ئۆجەلان نە کوردیی کرمانجیی و نە سۆرانییش ئەوەندەی تورکییەکە دەزانێ. بگرە نووسینەکانیشی بە تورکیی نووسراون. ئەوە جگە لە هەڵوێستە سیاسییە سەیروسەمەرەکانی، کەواتە گوناهێکی کومێدییە، لەبەر ئەوەی ئەوان کوردی رەسەنن! چاومان لە زمانزانەکانی کوردستانی باکوور بێت. ئەم خۆهەڵواسینەی هەندێ پرۆلاتینیی و پرۆکوردستانیی بە زمانزانە سەیرو نەبووەکانی کوردستانی باکووردا بۆچیی ؟

بە دڵنیاییەوە زۆرینەی رەهای کرمانجییەکان هەر کوردییش نازانن و هێشتا لە ماڵیشەوە بە تورکیی دەئاخفن، تەنانەت کوردەکانی تاراوگە، لە ئەورووپاو ئەمێریکا و ئوسترالیاشن، هەر بە تورکیی دەئاخفن. باشە بۆ دەبێ باجی ئەم خەمساردیی و کوردیی نەزانییەی کرمانجیی ژووروو، هەرێمی کوردستانی باشوور و کوردستانی رۆژهەڵات بیدات. ئایا دەکرێ دەیان ساڵی تریش چاوەڕێی نووسەران و ئەدیبانی کرمانجی ژووروو بین تا فێری کوردیی و نووسینی کوردیی ببن و ئەوسا بێین باسی زمانی ستاندەردی کوردیی بکەین. ئەوسا بێین لینگوا فرانکای کوردیی چێبکەین. چونکە ئەوان زۆرینەن و سۆرانیی کەمینەیە. قوڕ بەسەر کورد چاوەڕێی ئەم شێرو رێوییە بێت بۆ بە فەرمیی ناساندنی زمانی ستاندەردی کوردیی.

## کوردستانی گەورە، یۆتۆپیای کوردستانییان:

بە بیستنی کوردستانی گەورە، موچووڕکە بە لەشی مرۆڤدا دێت، ئەگەر تۆزقاڵێك شارەزایی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین بێت. زۆر هەن خەون بەوەوە دەبینن کە کوردستانی گەورە زۆر نابات دێتە دی. بەڵام ئایا بە ڕاستیی لە رووی نەتەوەییشەوە، کوردستانی گەورە، کێشەی سەرەکیی تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردییە، یان دەستەبەرکردنی مافە کولتووریی و نیشتمانییەکان ئەرکی سەرەکیی و هەنووکەییە. با لە جیاتی کوردستانی گەورە، چەندین وڵات و

ولآتۆکەمان هەبێت و ناویان کوردستانی هێن و وانێك بێت. جارێ بۆ خاتری ئاهورامەزدا، هێشتا هەرێمۆکەیەکمان هەیە بە دەست (٤٠) ساڵ شەڕی نێوخۆوە دەتلێتەوە، جارێ هێشتا هەر بەناو دەڤەری بادینان و سۆران یەکیان گرتووەتەوە، لەو لاشەوە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆمەڵە دوولەت و سێ لەت دەبن. بەپێی ئەم پرۆسە کیسەڵییە بێت، دەیان ساڵی تریشی دەوێت، هەرێمی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ببێتە هەرێمێکی چوونیەك و سێبەری حیزب و بنەماڵەو بەرەبابی بەسەرەوە نەمێنێت ئەوە ئەگەر هەر هیچی پێچەوانەش روو نەدات.

هەندێ نووسەری پانکوردیی و پانسکریپتی–لاتینیی پەیدابوونە، لە ناڵیش دەدەن و لە بزماریش، لە لایەکەوە لە سەرۆکایەتی هەرێم دەپاڕێنەوە بۆ رەتکردنەوەی زمانی ستاندەردی کوردیی سۆرانیی، لە لایەکی تریشەوە هەڕەشەی یاخیبوون و پەرچەکرداری بەدرخانییانە دەکەن. لە سەنگەری بەرامبەریشیاندا، ئەوانەی بە عەشق و خۆشەویشتیی و ئێمۆتیڤەوە دەیانەوێ زمانی ستاندەردی کوردیی سۆرانیی بکەنە دیفاکتۆ، چەکی دەستیان هەر پاڕانەوەیە. هاوکات ئەوانەی بە کوڕسالاریی لە باوکسالایی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەڕوانن، گوایە ستەمێکی گەورە لە بادینانییەکان دەکرێ ئەگەر زمانی کوردیی (سۆرانیی) بکرێ بە زمانی ستاندەرد و لینگوا فرانکای فەرمیی، جگە لە ئەفسانەتاشێن و رەگەزپەرستیی ناوچەپەرستیی و خۆجیاکردنەوە نەبێت، ئاکارەکانیان هیچ شیکردنەوەیەکی لۆژیکی تر هەڵناگرێ.

بەپێی ئەنسرۆپۆلۆجیی زمان، زمانی ستاندەرد دروست ناکرێ، بەڵکو زمانی ستاندەرد لە ئەنجامی بەفەرمییکردنی زمانەوە دەبێت لە رووی سیاسییەوە و دواتریش خۆقایمکردنی لەناو کولتوور و ئەدەب و چاپەمەنیی و راگەیاندنەکانەوە. زمانی کوردیی (سۆرانیی) ئەم قۆناغانەی هەمووی بڕیوە، هیچ خوایەك ناتوانێ بەر بەم پێشکەوتن و گەشەکردنەی سۆرانیی بگرێ. ئیتر ئەم پاڕانەوەو خۆڵکردنە

بەسەر خۆدا، جگە لە زیانی زۆر گەورە بە زمانی کوردیی، هیچ دەستکەوتێکی تری لێ ناچنرێتەوە.

سەیری ئەم دەردە کوشندەیە بکە، هەندێك لە زمانزان و زمانەوان و نووسەرەکانی دهۆك ئامادە نین، هیچ لێدوانێك بدەن ئەگەر بە زاراوەی ناوچەکەی خۆیان، بۆچوونەکانیان بلاّونەکرێتەوە (رێپۆرتاژ لە لڤین ٥٦). بەلاّم لە شەقەی بالّ دەدەن لە خۆشییدا ئەگەر ژۆرنالّیستێکی عەرەب یان تورك، هەڤپەیڤینیان لەگەلّدا بکات و هەرگیزیش ئەو شەکرە ناشکێنن، بلّێن بە کرمانجی ژووروو بلاّوی بکەنەوە. ئیتر چاوەڕوانی چیی لەم دلّسۆزانەی کورد دەکرێ. ئەگەر ئەو پرسیارە بورووژێنرێ و بلّێین، براینە، ئەوە بۆ لە سەردەمی بەعسدا بە گەشکەوە زمانی عەرەبییتان پەژراندو ئەو هەموو زارۆکە جوانکیلەیەی بادینانتان بەزمانی عەرەبیی لە خوێندندا پێگەیاند.

بۆچیی پرۆژەکەی هاشم عەقراویی (ئاکرەیی)تان پەسەند کرد، کوردیی سۆرانییتان بە لادا خست و زمانی شیرینیی عەرەبییتان نۆشکرد، ئەی ئێستا وەك سیمبۆلّێکی یەکێتیی نەتەوەیی بۆ نایەن مل بدەن بە دیفاکتۆی هەلومەرجەکەو زمانی ستاندەردی کوردیی سۆرانیی بپەژرێنن؟ بۆچیی لە بری کەمپەینی واژۆکۆکردنەوە دژی سۆرانیی، بە هەموو لایەك، هەولّنادەن لینگوا فرانکای کوردیی چێبکەن، ئەوسا دەتوانن پتر لە نیوەی ئەو زمانە بە خەزێنەی کرمانجیی ژووروو رۆبنێن و دەولّەمەندی بکەن. ئایا ئەم خۆ راپسکان و کەمپەین بەرێخستنانە دەچێتە گیرفانی " کێ"وە؟ ئایا دەزانن سەردەمی قوتکردنەوەی "برزاڤ" ی بەعسی بادینانیی لە هەمبەر "ئاسۆ"ی بەعسی سۆرانییدا نەماوە.

بناغەو کۆنتێکست و ستراکتۆری زمانی ستاندەردی کوردیی، هەموو شتێکی ئامادەیەو تەنها ددانپێنانی سیاسیی دەوێ. ئەو کۆنسێپتەی (Trevor Hill) لە سەر زمانی ستاندەرد بەکاریهێناوە بە "Institutional Linguistics" ناوزەدی کردووە (Hill, 1985)، بۆ ئێستای لینگوا فرانکای زمانی کوردیی دەقاودەق دروستە. ئەم بە دامودەزگاییکردن و چەسپاندنەی زمانی کوردیی (سۆرانیی) لە

پرۆسەیەکی دوورودرێژی خوێندن و بەکارهێنان و نووسین و ستراتیژیی نەتەوەیەکدا بە سروشتیی گەشەی کردووە.

تەنها بەرچاوڕۆشنیی سەرکردەیەکی کاریزمای دەوێ بۆ بە فەرمیی ناساندنی زمانی کوردیی (سۆرانیی) ئەم بڕیارە سیاسییە بدات، بەڵام لەگەڵ ئەم سەپاندنی زمانە فەرمییەشدا، باشترە لە هەر ناوچەیەك کە خوازیاری پاراستنی دایەلێکتەکەیانن رێگەیان پێ بدرێ، دەست بە دایەلێکتەکەی خۆیانەوە بگرن و چاپەمەنیی خۆیان هەبێ، بەپێی ئارەزووی خۆیان، بەڵام ناکرێ بانگەشەی بوونی زمانی ستاندەردی نووسین بکرێ و لە بواری خوێندنیشدا، گەڕەلاوژەی دایەلێکتەکان درێژەی هەبێ. بە واتایەکی تر، پرۆگرامی خوێندن و زمانی ئۆفیشەڵ دەبێ ستاندەرد بێ و لە دەرەوەی ئەم سیستەمەش هەرچی دەنووسرێ و دەگوترێ، زمانی ستاندەرد باکی پێی نییە.

شتێکی بەڵگە نەویستە، یەکێ لە هەرە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەوەی گەلی کورد بەم ژمارە زۆرەیەوە، وڵاتی سەربەخۆی نییە، نەبوونی یەکڕیزیی و تەباییە. ئەم خۆخۆریی و لووتبەرزییە لە ئاست یەکترداو سەرشۆر لە بەرامبەر نەتەوەکانی سەردەستدا، مێژوویەکی دوورو درێژیی هەیە و ئێرە جێگەی باسی نییە. بەڵام ئەو زمانزان و زمانەوانییە کوردانەی بە لاتینیی و بە زۆرینەی کرمانجی ژوورووەوە گرتوویانە بۆ لەمپەردروستکردن لە بەردەم ستاندەردبوونی سۆرانییدا، هەمان ئەدگارەکانی میرنشینە کوردەکانی سەدەکانی پێشوو، بەبیر دەهێننەوە. تەنها جیاوازییەك هەبێ لێرەدا، میرە کوردەکان تا پاتاڵ و ناوچەکەی خۆیان بوەستایە، هەموو گیان و سامانی کوردیان بەقوربانی ئەوانەی خۆیان دەکرد. ئێستاش ئەم پانکوردیستە دایەلێکتپەرستانە، زاراوە لۆکاڵییەکەی خۆیان لە سەروو لینگوا فرانکای کوردیی و چارەنووسی هەموو گەلی کوردەوە دەبینن.

با فێربین لە ئەزموونی گەلانی دنیاوە، زمانی گالیزیا (گالیکا، گالیکۆ یان گالیسیا ـ Galicia) وەك زمانێکی رۆمانیی، لە رووی ترادیسیۆنەوە لقێك لە

لقەکانی زمانی پۆرتوگالیی بوو ، ئایا لە هەرێمێکی ئیسپانیادا، چۆن بوو بە زمانی ستاندەردی ئەو هەرێمە ؟ لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، باس هاتە سەر ستاندەرایزکردنی زمان، ئایا زمانێکی سەربەخۆ چێبکرێ لە گالیسیا ؟ یان پۆرتوگالیی بە بناغەی زمانێکی ستاندەرد دابڕێژرێت (Cheshire and Stein,1997). لە سەرەتای هەشتاکاندا، زمانی کاستیلیان (Castile) لابردو بە پشت بەستن بە دایەلێکتێکی هاوبەشی (کۆمۆن) گریکیی وەك کۆینێ (کۆینیی– koinē)، ئەزموونی گەلانی دەوروبەر زمانێکی سەرتاپا ستاندەرد و فەرمییان ناساند (Normas….,1982).

سەرەنجام لە ساڵی ١٩٨٣دا، گالیزیا بە فەرمیی بوو بە زمانی ئەم هەرێمە ئۆتۆنۆمەی ئیسپانیاو هەموو ئەو کەسانەی لەم دەڤەرەدا، دەژیان و ئیسپانیۆلْ زمانی زگماکیان بوو، بە هێمنیی و لەسەرەخۆیی، سەپاندنی ئەم زمانەیان پەژراندو ئێستا هیچ گرفتێکیان نییە (Cheshire and Stein, 1997). بەلام کاتێك دێتە سەر بە فەرمیی ناسینی سۆرانیی وەك زمانی ئۆفیشەڵی ستاندەردی کوردیی، تێرمۆمەتری رەگەزپەرستیی ناوچەیی بەرز دەبێتەوەو قوڵپ دەدات. ئەوە ئەگەر باسی سەپاندنیش بکەی، هەزارو یەك بیردۆزی فەلسەفیی پووچت بۆ دادەتاشن و بە عەرەبپەرست و فارسپەرست و سۆرانیی پەرستت دەخوێننەوە.

چۆن زمانی گالیکی کۆینایزەکراو (koinēzation) بوو بە زمانی لینگوا فرانکای هەرێمی ئۆتۆنۆمی گالیکییەکان، بەهەمان شێوەش، دەکرێ زمانی فەرمیی و ستاندەردی کوردیی، یان بێ ئاڕێشەتر، لینگوا فرانکای کوردیی، سۆرانیزە بکرێ(Cheshire and Stein, 1997). مەبەست لە سۆرانیزەکردن ئەوە نییە، سەد لەسەد دایەلێکتەکانی تر فەرامۆش بکرێن، بە پێچەوانەوە، مەبەست ئەوەیە بناغەکەی بە سۆرانیی رۆبنرێ (دەمێکە رۆش نراوە) و ئیتر هەموو زاراوەکانی تری تێ هەڵترینجێنرێ. بەلام بەتێکەڵکردن نا، بەڵکو بە موتووربەکردن، چونکە ناکرێ جارێکی تر بناغەی پتەوی سۆرانیی هەڵبوەشێنرێتەوەو بە کرمانجیی چێبکرێ.

هاوكات لە درێژماوەدا، سۆرانیی رۆژ بە ڕۆژ موتوربە بكرێ بە سێمانتیك و سێنتاكسی دایەلێكتە جیاوازەكان، دەوڵەمەند بكرێ. هەر ئێستا زۆر لە نووسەرانی كورد، ئەم پرۆڤەی موتوربەكردنە دەكەن و لە كۆنتێكستی نووسینەكانیاندا، سەدان وشەی تایبەت بە زاراوەی كرمانجیی، لە سۆرانییدا جێدەكەنەوەو كە بە دڵنیاییەوە كارێكی باشەو داهاتوویەكی گەشی دەبێت. كەچیی بە داخەوە ئەمە كەمتر لەنووسینی كرمانجییەكان و بادینانییەكاندا دەبینرێ. عەرەبیی و توركیی بەكار دەبەن، بەڵام كەمتر حەزیان بە كوردیی سۆرانیی هەیە.

ستاندەرایزكردنی هەر زمانێك، گومانی تێدا نییە، دەبێ هەندێ دایەلێكت قوربانیی بدات بە دایەلێكتێك یان چەند دایەلێكتێكی تر، چونكە پرۆسەی بەستاندەردكردن بەپێی زانست و لێكۆڵینەوەی زمانەوانیی دەركەوتووە هەمیشە چەند دایەلێكتێك دەبنە قوربانیی و دانەیەك سەركەوتن بەدەست دەهێنێت (Wanner, 1997). ئێستا سۆرانیی خۆبەخۆ ئەم سەركەوتنەی بەدەست هێناوە، كورد، چونكە گەلێك بووە هەمیشە خۆی قوربانیی بووە لە هاوكێشە سیاسییەكاندا، دایەلێكتێك ئەگەر قوربانیی بدات بۆ یەكێكی تر، پێی سەختەو بۆی هەرس ناكرێ. ئەمە بەشێكی رەنگە پێوەندیی بە مۆراڵی سیاسیی و سۆسیۆكولتوورییەوە بێت، بەڵام بەشی سەرەكیی لە دەروونڕەشیی و خۆپەرستیی و هەلپەرستییماندایە.

باشە شكۆمەندیی كورد دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە! ئەگەر ئیلیتە رۆشنبیرو زمانزانەكانی دایەلێكتەكانی تر، بڵێن بەڵێ بۆ زمانی ستاندەردی كوردیی (سۆرانیی)، بەڵام دایەلێكتەكانی تریش بخەنە ناو پرۆسەی دەوڵەمەندكردنی ئەم ستاندەرایزكردنەوە، ئایا كوردستان وێران دەبێ؟ كەرامەتی نەتەوەیی كورد! دەچێتە ژێر پرسیارەوە، مێژووەكەمان بزر دەكەین! ئەگەر ئەو زمانە ستاندەردەی هەنووكە بە شێوەیەكی فەرمیی و سیاسیی بپەژرێنین.

## کارێکتەرە سەرەکییەکانی ستاندەرایزی سۆرانیی:

هەر زمانێکی فەرمیی و ستاندەرد، ئەگەر بە دۆخە سروشتییەکانی گەشەکردنی زماندا تێپەر بێت، ئەوا سێ جۆرە پێوەندیی بناغەیی هەیە کە راستەوخۆ بەندن بە کارێکتەرەکانی ستاندەربوونی زمانەوە (Milroy,2000). کوردیی سۆرانیی ئەم کارێکتەرانەی میلرۆی باسی دەکات، بەمشێوەیە تێیدا بەدی دەکرێت.

١. باڵادەستیی کوردیی سۆرانیی، بە هۆی ستراکتۆرێکی پتەو و پلەیەکی بەرز لە گەشەکردن لە ئاست گاکۆڵکێی کرمانجییدا. هەر ئێستا کوردیی سۆرانیی لە ئاستێکی ئایدیالییدایە لەچاو گەشەو توانستی کرمانجییدا.

٢. فەنکشنی زمانی کوردیی (سۆرانیی)، لە دێرەوە تا هەنووکە، لە فۆرمێکی نووسینی باڵاترو دەوڵەمەندترو بەهێزتردا بووە. ئەگەرچیی لە سەرەتادا کرمانجیی هەنگاوی باشی نا، بەڵام دواتر لە شوێنێکدا چەقی، تا ئێستاش لەهەمان شوێندایە.

٣. وەك پێداویستییەکی ستاندەردیی زمان و لینگوا فرانکای کۆمۆن، سۆرانیی توانیویەتی پێ بەپێی ئاڵوگۆڕە سیاسیی و کولتووریی و رۆشنبیرییەکان، کاژی کۆن فڕێ بدات و کاژی نوێ بهێنێتەوە. کوردیی سۆرانیی ئەمێستا، ئاسمان و رێسمانی جودایە لەچاو زمانی کوردیی سەرەتای سەدەی رابردوودا، باشترین نموونەش، نووسینە پڕ لە داتاکەی گەورە مێژوونووسی کورد، ئەمین زەکی بەگە، بەبەراورد بە زمانی ئێستا هەر مرۆڤ واقی وڕ دەمێنێ کە ئەم زمانە چۆن ئەم گەشە زۆرەی کردووە. تەنانەت ئەم نوێخوازییەی ئێستای سۆرانیی، لەگەڵ حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشووشدا هێشتا هەر گەشەیەکی سەرسوڕهێنەری پێوە دیارە.

مەرج نییە زمانی ستاندەرد، زۆرینە بەکاری بهێنی، بەڵکوو باڵادەستیی و شکۆمەندیی (پرێستیژ–prestige) زمان گرنگیی هەیە (Milroy, 2000). لە هەلومەرجی ئێستادا، لەئەنجامی پرۆسەیەکی دوورو درێژو قوربانییەکی زۆر و ئەدەبێکی شۆڕشگێرانەو گیانی یاخیبوونێکی زۆرەوە، سۆرانیی کاتەگۆرییەکی

کۆمەڵایەتیی و ستراکتۆرێکی بەهێز و یەکپارچەی بەرهەم هێناوە (ibid). جا ئەوەی سۆرانیی کەمینەیەو کرمانجیی زۆرینەیە، تەنها لە ئۆربیتاڵی پانلاتینیی و پانکرمانجییەکاندا ورێنەسازیی دەکات. چونکە ئەم کاتەگۆرییە کۆمەڵایەتییەو ئەم ستراکتۆرە بەهێزەی سۆرانیی، ئەوەندەی تر بازووی ستاندەردیی بەهێزتر دەکات. بە واتایەکی تر، زمانی ستاندەرد، دەبێ بناغەکەی و گیانە سەرەکییەکەی، زمانی پرێستیژ بێت. بۆ کوردیش زمانی پرێستیژ تەنها و تەنها سۆرانییە. ئەمە لە روانگەی پانسۆرانییەوە نییە، بەڵکو مێژووی ئەدەبی کوردیی و تێکستی کوردیی و قورسایی سیاسیی و کولتووریی، کوردیی سۆرانیی ئەم پرێستیژبوونەی پێ رەوا دەبینێ.

ستاندەرایزی سۆرانیی ئەگەر وەك تاکە دایەلێکتی باووباپیر (Single Ancestor Dialect - SAD)ی ئەدەبی بەرخۆدان و بەگژداچوونەوەو دنیای نووسینیش سەیری نەکەین (Hope,2000)، بەڵکوو تەنها وەك تاکە دایەلێکتیکێکی کاراو خاراوی کوردیی سەیری بکەین، هێشتا بە باشیی جێگەی خۆی کردووەتەوەو بە چنگەکرێی خۆیشی ئەم پرێستیژبوونەی مسۆگەر کردووە. چونکە ستاندەردبوونی کوردیی سۆرانیی لە نزیکەوە پێوەندیی راستەوخۆی بەو هەموو تێکست و نووسین و مێژووە دووروودرێژەوە هەیە، چ لە ژانرە (genre) ئەدەبیی یان لە فەنکشنە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی کردووە بە لینگوا فرانکاو نمایشی کردووە (Rissanen, 2000).

زمانی ستاندەرد ئەو زمانەیە پانوپۆڕ بووەتەوە یان دەبێتەوە، ستاندەرایزکردنیش، بە واتای کەمکردنەوەو لەقاڵبدانی دایەلێکتەکانە و پاککردنەوە و هەڵبژاردنی دایەلێکتێکی باڵادەستە لە نێو زۆروبۆریی دایەلێکتە کەچ و دابڕاو و کەمکارپێکراوەکاندا (Hope, 2000). دەکرێ ئەم هەڵبژاردنە چەند دایەلێکتێك لەیەك کاتدا بگرێتەوە، بەڵام زۆر بنچینەییە کە دەبێ ئەدگارەکانی خۆیان لە بۆتەی ئەدگاری زمانی ستاندەردا بتوێننەوە (ibid).

یەکێك لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی گەشەکردنی زمان بەرەو ستاندەردبوون، "گەشەی نووسین و ستراکتۆری نووسینە، هاوکات ئەم گەشە هەمەلایەنەیە، مۆرفۆلەجی (morphology)و فەنۆلەجی و سینتاکسی زمانەکەش دەگرێتەوە" (Wright,1996,p.113). ئەم گەشەکردنانە لە زمانی کوردیی سۆرانییدا، بەتایبەت فەنۆلەجی و سێنتاکسی سۆرانیی لەچاو دایلێکتەکانی تردا، لێی دەڕژێتەوە.

ستاندەرازیز کردنی سۆرانیی بە بڕیارێکی بیرۆکراتییانە نابێت. چونکە گەشەی زمان و ئەنسرۆپۆلۆجیای زمان، دژی ئەم بیرۆکراسییەن، بەڵکوو ئەمە بڕیارێکی بەرینەو پانتاییەکی زۆر لە نووسەران و رۆشنبیران و ئیلیتە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵگە، وێڕای خەرمانی تێکستەکانی ئەو دایلێکتە بەشداریی تێدا دەکەن. بەلام ئایا ئەگەر نێوەندی سیاسیی بڕیاری ستاندەرایزکردنی سۆرانیی لە قۆناغە سروشتییەکەیەوە نەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوە کێیە بەرپرسیارە لەم خەڕەکی نەبوونی زمانی ستاندەردە، کێ لە نەبوونی لینگوافرانکای کوردیی بەشێوە سیاسیی و فەرمییەکەی بەرپرسیارە.

ئەوە چییە وا دەکات، کۆمەڵێ نووسەری بادینان و یەك دوو نووسەری هەورامیی، خەریکی وازۆکۆکردنەوە دەبن! بۆ ئەوەی ئەم گەڕەلاوژەیەی دایلێکتە کوردییەکان بەردەوام بێت. باشە بەبێ هیچ مەبەستێکی خراپ، ئایا ئەجێندای ئەمانەو ئەجێنداکەی هاشم عەقراویی (ئاکرەیی) و حیزبی بەعس، چ جیاوازییەکان هەیە، کە بادینان ئامادەبوون عەرەبیی بپەژرێنن، بەس کوردیی سۆرانیی نەخوێنن. ئەمە هەر حیزبی بەعس و هاشم عەقراویی لێی بەرپرسیار نین، بەڵکوو بەشێك لە رۆشنبیران و نووسەرانی دەڤەری بادینان لەم ئەنتاگەنیزمەی antagonism نێوان ئەم دوو دایەلێکتەدا بەشی شێریان بەردەکەوێ.

ستاندەرایزکردنی زمان پرۆسەیەکی دوورو درێژەو بە سروشتیی دەست پێدەکات، لە مەلۆتکەییەوە تا دەگاتە هەراشبوون، بەلام سەرەنجام پێویستی

بەناولێنان و بە فەرمییکردنە. ستانداردایزکردن لە ئۆپەراسیۆنێکی "سروشتیی"دا خۆی دەگەیەنێتە ترۆپك، بەڵام گرفتی پێرسپێکتیڤیزمی (دیدی باشبۆچوون perspectivism– (Hope,2000) بۆ دروست دەبێ. ئەم تێڕوانینی پێرسپێکتیڤیزمە، هەرچەندە هەڵەیە ئەگەر بگوترێ باڵی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی ستانداردبوونی زمانە، بەڵام یۆتۆپیای داهێنان لە ستانداردکردنی زماندا دەکوژێ (ibid). ئێستا بەنائاگایی ولە پەنای پانکوردیزمەوە، لە پەنای ئەی رەقیبەوە، ئەم پێرسپێکتیڤیزمە لێرەو لەوێ سەردەردەهێنێ و مەبەستەکەش لە ئەنتاگەنیزمی کوردیی سۆرانییدا کورت دەکرێتەوە.

میلرۆی وەك سکۆلارو ئەکادیمیستێکی زمانەوانیی لە زمانی ئینگلیزیدا، زۆر بە وردیی قۆناغەکانی گەشەکردن و ستانداردبوونی زمانی ئینگلیزیی لە چەندین توێژینەوەی دانسقەو ورددا، شرۆڤە دەکات. لەم هەڵسەنگاندنەدا، (ریسانین)یش (Rissanenn) هاوڕای (میلرۆ)یە،. ئەوان هەڵدەستن بەدەستنیشانکردنی دایەکرۆنیکی (پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زمان بە تێپەڕبوونی کات) ـ diachronic ـ زمان بەشێوەیەکی داینەمیکیی، هەروەها قامك خستنە سەر کاتەگۆریی و ئەدگارەکانی زمانی ستاندەرد و چۆنییەتیی بە فەرمیی ناسین و کارپێکردنی (Milroy 1992, p.129 andRisasanen,2002) بەمشێوەیەی خوارەوە:

١. نیشانەکانی ستاندەرازیزی زمان جێگیرە

٢. کاریگەریی ستانداردبوون لەسەر زمان، لە پرۆسەیەکی دوورو درێژو ماوەیەکی دیارییکراوی بەکارهێناندا بە ڕوونیی دەردەکەوێ.

٣. پاش ئەوەی زمانی ستاندەرد خۆبەخۆ لە بەڕێوەبردنی ژیانی جڤاکدا خۆی دەسەپێنێ و باڵادەستیی خۆی نمایش دەکات. لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییشەوە (political power) بە تۆبزیی دەسەپێنرێ.

٤. هەر کاتێکیش زمان لە کاری ئیدارییەوە، چووە فەنکشنەکانی ترەوە، ئیتر پرێستیژیی خۆی بە شێوەی فۆرمێکی سوودبەخش و پەیامێکی باڵا دەگەیەنێت.

مرۆڤ دڵی بەخۆی دەسووتێت، کاتێ لە کوردبوونی خۆی ورد دەبێتەوە. نەتەوەیەکی ٤٠–٥٠ ملیۆنیی لە کۆتایی ٢٠٠٧ دا، هێشتا خاوەنی زمانی ستاندەردو لینگوا فرانکا نییە (لەڕووی سیاسییەوە)و هەروەك ئەوەی لە هەسارەیەکی تردا ژیان بەسەر بەرێت. لەکاتێکدا بە دەیان هەزار کەللە ئەستووری هەیەو هەریەکەو پۆست و پلەو پایەی زانستیی و ئەکادیمیی و ڕۆشنبیریی خۆی بە پلەیتۆ (پلاتۆ) ناگۆڕێتەوە، کەچیی دەیان ساڵە ژمارەیەکی کەم لە خەمخۆرانی زمانی کوردیی هاوار دەکەن و داوای ستاندەرایزکردنی زمانی کوردیی دەکەن، هیچ پیاوێکی سیاسیی و هیچ حیزبێك (کومەڵگەی کوردیی تا ئێستاش هەر کۆمەڵگەیەکی حیزبییە) و هیچ هێزێك گوێیان لێ ناگرێ.

شێرپەنجەی ئەم دۆخەش تەنها و تەنها چەند دایەلێکتییە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە سۆرانیی و کرمانجیی یەکێکیان قوربانیی بدات و یەکێکیشیان بەم قوربانییەوە دەروازەیەکی نوێ لە گەلێکی بێ ئایدێنتیی بکاتەوە لە گێڵگەی زمانی نووسینی ستاندەردا. ئەم نووسراوە تەواو هاوڕایە لەگەڵ سەردێڕی وتارێکی شاکەلییدا کاتێ دەڵێ: "زمانی یەکگرتووی کوردیی گەلێك لە دەوڵەتی کوردیی پێویستترە" (شاکەلی،١٩٩٩،لا١).

زمانی ئینگلیزیی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، گرنگترینیان ئینگلیزیی کۆن و ئینگلیزیی ناوەڕاست و دوایەمینشیان ئینگلیزی مۆدێرنە. ئینگلیزیی کۆن خاوەن ستاندەردێکی بەهێز بووە کە مێژووەکەی لە پێش هەزار ساڵەوە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە. ئەگەرچیی وەك فیشەر (Fisher) پێیوایە لە ١١٠٠–١٤٠٠ی زایینیی، بە هۆی کۆمەڵێ هەلومەرجی سیاسییەوە ئینگلیزیی ستاندەربوونی خۆی لەدەست دەدات و ئەم ئینگلیزییە مۆدێرنەی ئێستا نزیکەی ٥٥٠–٦٠٠ ساڵە لەگەشەکردنی بەردەوامدایە (Fisher,2003). باشە ئەی کوردی خۆخۆرو عەشیرەتپەرست و خێڵپەرست، ئێمە لە کوێین و زمانەکانی دنیا لە کوێن، بەم پێودانگە بێت، لای کەم

ئێمە سەدان ساڵ، ئەگەر نەشچێتە هەزارو شتێکیش، هەر لەبواری زماندا لە دوای ئیگنلیزەوەین.

هەنووکە، بە هۆی گلۆباڵیزەیشنەوە، تەواوی وردەکارییەکانی ژیانی مرۆڤ بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراو ئاڵوگۆڕی ریشەیی بەسەردا هاتووە، ئایا شەرم نییە و ریسوایی نییە بۆ هەموو میللەتی کورد کە تا ئێستا خاوەنی زمانی ستاندەردی نووسینی کوردیی بەشێوە فەرمیی و سیاسیی و ئیدارییەکەی نەبێت ، زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکان بە تایبەتی ئیسپانیۆڵ و فڕانسیی و ئیتالیی و ئینگلیزیی، پێش ئەوەی زمانی ستاندەردی ئاخافتنیان هەبووبێ، زمانی ستاندەردی نووسینیان داڕشتووە، چونکە ئەستەمە زمانی ستاندەردی ئاخافتن دیاریی بکرێ (Fisher,2003). باشە بۆچیی کورد لە گلۆباڵیزەیشنیشدا هێشتا خاوەنیی زمانی ستاندەردی نووسین نییە ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە دوو تاوانبارزێتر کەسی تر نییە. تاوانبارەکان ئەگەر بە گرووپیش بن، لێرەدا وەك تاك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

١. دەسەڵاتی سیاسیی کورد، لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو زلحیزبی کوردستان: پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وێڕای سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی تر لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا و بەتایبەتییش کوردستانی باشوور.

٢. سکۆلارو زمانەوان و رۆشنبیران و ئەکادیمستان و زمانزانەکانی کورد، کە ئەوەندەی خەریکی ماستاوچییەتیی و پانکردنەوەبوونە بۆ رژێمە داگیرکەرەکان ولە هەنووکەشدا بۆ دەسەڵاتی خۆماڵیی، بە چارەکی ئەوەش ئاوڕێکیان لە زمانی ستاندەرد و لینگوا فرانکا بدایەتەوە بەو هەموو کۆڵەوارییەی زۆربەشیانەوە، ئێستا چەندین قۆناغ لە پێشتر دەبووین.

بارزانیی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەسەر دووڕێیانێکی مێژوویی وەستاوە، بۆیە سەرۆکی هەرێم لێرەدا مەبەستە، چونکە دەسەڵاتی سیاسیی و ئیداریی لە هەنووکەدا لە ئەستۆی ئەوە. دووڕێیانێك کە دەبێت خۆی ساغبکاتەوە،

ئایا بەڕاستیی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، یان هێشتا کولتووری سەرۆکی حیزب و ئایدۆلۆژیی حیزب و پاشخانی سیاسیی حیزب دەیجولێنێت. ئەوە بارزانییە دەتوانێ ئەم بڕیارە ساغبکاتەوە و کوردیی سۆرانیی بکاتە ستاندەردی نووسین لەڕووی سیاسییەوەو بۆ هەتاهەتایە ئەم دەرگایە لە کورستانی باشووردا دابخات.

ئەو چانسەی بۆ بارزانیی هەڵکەوتووە، زۆر گرنگە بیقۆستایەتەوەو لە سەردەمی خۆیدا گەشترین خاڵی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار بکردایە. ڕۆڵی بارزانیی دووەم، وەك ڕۆڵی هێنری پێنجەمی (Henry V) بریتانیا دێتە بەراورد کردن. ئەو زۆر بە ڕاشکاویی و ئازایانە، بڕیاری سیاسیی دا بۆ ستاندەرایزکردنی زمانی ئینگلیزیی لە ساڵانی ١٤٠٠ەکاندا ، لەکاتێکدا تا سەردەمی ئەو خوێندن و سەرجەم جومگە سیاسیی و ئیدارییەکانی وڵات بە زمانی فڕانسیی و لاتینیی بوون. لە ناو ئینگلیزدا هێنری پێنجەم بە باوەگەورەی نوسینی ئینگلیزی مۆدێرن دێتە ئەژماردن. پرسیار ئەوەیە ئایا بارزانیی دەتوانێ ئەو کاریزمایە بێت و ئەم شەڕی دایەلێکت و ناوچەگەرێتییەی هەندێ نووسەرو ڕۆشنبیری بادینانیی کورتبین بکوژێنێتەوەو گەورەترین شانازییش بۆ خۆی و گەلەکەی و پۆستەکەی تۆمار بکات. ئەمە پرسیارێکە داهاتوویەکی کورت دەبێ وەڵامی بداتەوە. ئایا بارزانیی دەیەوێ لە مێژوودا بە هێنری پێنجەمی زمانی کوردیی بناسرێ؟

جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی بارزانیی دووەم، لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، کە شەڕی نێوخۆی کوردستان کە تەمەنی پتر لە چل ساڵە، ئەوەندەی کینەو بوغز و ناوچەگەرییەتیی و دایەلێکتچییەتیی ڕشتووە، ئەوەتا لە مەسەلەیەکی زۆر زۆر چارەنووسسازی وەك زمانی ستاندەردی نووسینی کوردییدا، بە هەزارو یەك ڕەنگ و شێوەی جیاجیا یەخەت دەگرێتەوە. چونکە هەموو کەس هەستیاریی ئەم مەسەلەیە دەزانێ و "ینك" خۆی ناکات بە خاوەنی ئەم مەسەلەیە، لای کەم لەبەر ئەوەی هێزو قورساییەکەی لە ناوچەکانی سۆرانیی زماندایە، ئەمەش جگە لە ئۆپۆرتونیستیی و خەمساردیی و نەبانی ینك، خوێندنەوەیەکی تر هەڵناگرێ. بۆیە بە هەموو ئاکامی

هاوكێشەكانەوە ئەوە بارزانییە لە كورتماوەدا (چونكە لە درێژماوەدا ڕۆڵی سیاسیی بارزانییش نامێنێ) دەتوانێ یەكێك لەم ڕێگە چارانە هەڵبژێرێ:

١. بەشێوەیەكی فەرمیی و سیاسیی بڕیاری ستانداردایزكردنی زمانی نووسینی كوردیی (سۆرانیی) بپەژرێنێ و كوردیی سۆرانیی بكاتە بناغەی لینگوا فرانكای كوردیی.

٢. ئەم مەسەلەیە بە شتدا بخات، یان بە خۆدزینەوە لێی، یان بە یانووهێنانەوە، گوایە كاتی ماوە و ئەمە ئەركی ئەكادیمیستەكانە! ئەم گۆڵمەزە تا چەندین ساڵ و چەندین دەیەی تر درێژەی هەبێ.

ئەم توێژینەوەیە گاڵتەی بەو بۆچوونە دێت، كە پێیوایە ئەمە كاری "ئەكادیمیستەكان" و "زمانزانەكان" و "پسپۆرەكانی زمان"ە. ڕاستە ئەمانە ئەگەر قڕیان تێنەكەوتبێ و هەبن، دەتوانن پرۆژە گەڵاڵە بكەن و بۆچوونی نوێ دابڕێژن و دیبەیت و سێمینار ساز كەن و ئەگەر بڕستیشیان تێدابێت ئەوە بە نووسین، توێژینەوەی لەسەر بكەن و هەموو ئەم ئاركایڤە دوورو درێژو قەبارە ئەستوورە پێشكەش بە پارلەمانی كوردستان (ئەو پارلەمانەی لەسەر نیوەی توانای نووسینی یەك پارەگرافیان نییە) وسەرۆكایەتیی هەرێم بكەن. ئەوانیش، بەتایبەتیی سەرۆكی هەرێم بڕیاری سیاسیی لەسەر بدات. ئاخۆ ئەم كاروانە كیسەڵییە كەی بەڕێ دەكەوێ، ئەوە مەگەر هەر زماننەزانەكانی كورد بزانن.

سەرۆكی هەرێمی كوردستان، دەبێ لەوە دڵنیابێت، ئەو سەرۆكی هەرێمێكی جیۆگرافیی دیارییكراوە لە وردستانی باشووردا، ئەگەر سبەی ڕۆژ كەركوو و خانەقین و شەنگار و ناوچەكانیان هاتیشنەوە سەر ئەم هەرێمەی ئێستای كوردستان، هەر هەرێمی كوردستانەو ئەویش هەر سەرۆكی هەرێمی كوردستانەو نەبووە و نابێ بە سەرۆكی كوردستان. جا ئەو زمانزانە شاخدارانەی لە ئایدۆلۆژیای حیزبدا كوڵاون و بۆ بارزانیی دەسووتێن و دەتوێنەوە، ڕۆژانە یەك ملیۆن جار بنووسن "سەرۆكی كوردستان" وەك ئەوە وایە بنووسن سەرۆكی سیبریا (سایبیریا

Siberia)، بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێ، باسکردن لە زمانی نووسین و ئەدەبی یەکگرتووی کوردیی، مەبەست لەم هەرێمەی ئێستایە، نە سەرۆکی هەرێم ئەو مافەی هەیە، زمانی ستاندەرد بۆ پارچەکانی تری کوردستان چێبکات و نە ئەوانیش ئەو مافەی پێ ڕەوا دەبینین. نە ئەمەش هیچ لۆژیك و ڕاشناڵبوونێکی تێدایە. زمانی ستاندەرد بۆ کوردستانی گەورە! لە هەنووکەدا تەنها لە هزری پانکوردیستەکاندا هەیە.

مستەفا بارزانیی (بارزانیی یەکەم)، سەرەڕای هەر ڕەخنەو سەرنجێك لەسەری، بەڵام لە دوو هەڵوێستی سیاسییدا، زۆر بێئەندازە کاریزمایی خۆی بەرجەستەکردووەتەوە. یەکەمیان، مەسەلەی کەرکووکە، کە ئەو مافەی بەخۆی نەداوە، بە ناوی گەلی کوردەوە سازشی لەسەر بکات، لەکاتێکدا سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە هەنووکەدا گرەویان لەسەر کەرکووك کردووە. دووەمیان، بەکارهێنانی کاریزمایی خۆی وەك سەرکردەی جوڵانەوەی سیاسیی لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە هەمبەر خەڵکی بادیناندا، بۆ پەژراندنی خوێندن بە زمانی کوردیی (سۆرانیی).

خاڵی دووەم جێگەی سەرنجی ئەم توێژینەوەیە و ئەو پرسیارە دەوروژێنێ، بۆچیی بارزانیی دووەم، لە ئاست ساغکردنەوەی زمانی ستاندەردی کوردییدا، کەمتەرخەم بووەو لە سەردەمی ئەودا ڕێگە خۆش دەکرێ بۆ کەلێن کەوتنە نێوان ئەم دوو دایەلێکتەوە؟ باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ڕێگەدان بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە ناوچەکانی بادینان، بە شێوەزاری کرمانجیی (دروستتر بادینانیی) و تەنانەت تێکەولێکەیەکی زۆر نامۆ بە زمانی کوردیی لە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەویی پارتییدا لە پرۆگرامەکانی خوێندندا هاتووەتە ئاراوە، دەکرێ پێی بگوترێ ڕەنگکردن و ماکیاژکردنی سۆرانیی بە بادینانیی، لە کاتێکدا دەبووایە پێچەوانەکەی بکرایە.

لایەنێکی تری ئەم کێشەیە، کێشەی سکریپتی نووسینە، ئایا سکریپتی فارسیی و عەرەبیی (ئارامیی) بەکار بهێنرێ یان لاتینیی؟ ئەم نووسینە لەو بڕوایەدایە،

سکریپتی ئێستا هیچ گرفتێکی ئەوتۆی نییە کە ڕێگر بێت لەبەردەم ستاندەرایزکردنی زمانی کوردییدا. بەپێچەوانەوە هەندێ دەنگی سەرەکیی لە زمانی کوردییدا بە شێوەی پیت (تیپ) لە لاتینییدا بە تەواویی ون دەبن. ئەلفابێتای لاتینیی بۆ ئینگلیزییش بەتەواویی دەست نادات، چ جای بۆ کوردیی، چونکە خودی ئەلفابێتای لاتینیی بۆ ئینگلیزیی دروست نەکراوە، دوای ڕێنیسانس بە ماوەیەکی باش ئەوسا خەڵك فێر بوو بە زمانی ئینگلیزیی نوێ بنووسێ و بخوێنێ .(Fisher,2003)

ئێستا پاش پتر لە چوارسەد دانە ساڵی ڕەبەق، ئینگلیزیی ناوەڕاست و دواتریش ئینگلیزیی مۆدێرن دەق دەگرێ و دەوڵەمەند دەبێ، هێشتا پیتە لاتینییەکان گەرووی ئینگلیز پڕ ناکاتەوە لە خوێندنەوەی تێکستدا، هێشتا دەنگەژێکان قورساییەکی زۆریان لەسەرە لە دەربڕینی تێکستەکاندا. هەر ئەمەشە وایکردووە بزوتنەوەیەك لە ئەمێریکا پەیدا ببێ، زۆر وشە بە سکریپتە ڕەسەنەکەی بریتانیا نانووسنەوە . کەچیی بابای پانکوردیست و پانلاتینستی کورد، تۆز دەکاو هەڵپەی ئەوەیەتی سکریپتی لاتینیی بسەپێنرێ، لەکاتێکدا هیچ خەمی زمانی ستاندەردی نووسینی نییە، چونکە ئەجێندایەکی پێچوپەنا لە هزریاندا پێکوڕە دەکات.

پەژراندنی پیتی لاتینیی، بۆ داهاتووی زمانێکی کۆمۆن لەنێو کوردەکاندا زۆر گرنگیی هەیە. بەتایبەت، لە ئێستا بەدواوە، نەوەی نوێی کوردانی دایەسپۆرا Diaspora ناتوانن ئەو سکریپتە عەرەبیی و فارسییەی، کورد سوودی لێوەردەگرێ بخوێننەوە فێری ببن. ئەم پرۆسەی گۆڕینی سکریپتە بۆ لاتینیی، دەبێ زۆر بە بەرنامەو شێنەیی کاری بۆ بکرێ و بە تێپەڕبوونی کاتیش، پێداویستییەکان پڕ دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر هەر نەشکرێ، هیچ گرفتێ بۆ زمانی کوردیی دروست نابێت، تەنها ئەوە نەبێت لە داهاتوودا زیان لە یەکگرتوویی و یەکزمانی کورد دەدات. یان دەکرێ هەردووکیان پێکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە

بەکار بهێنرێن، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆرینەی مێژووی کورد دەبێ سەرلەنوێ بە لاتینیی بنووسرێتەوە، یان وەربگێڕدرێ، کە ئەمەش لە ئەستەمەوە نزیکە.

زمانی ستاندەردی ئینگلیزیی، سەرەتا بە ڕیکێخستن و بە یاساسییکردنی (کۆدیفای codify) لایەنی ڕێزمانیی و فەرهەنگیی دەستی پێکرد و دواتریش دایەلێکتە جۆراوجۆرەکان بەرکەنار خران و یەك فۆرمی گشتگیری زمانەوانیی سەپێنرا (Milroy and Milroy,1985). لە هەنووکەدا زمانی ستاندەردی سۆرانیی لە هەموو ڕوویەکەوە خەملیوە. تەنها کارێك بیەوێ ئەوەیە لەرووی سیاسییەوە کۆدیفای بکرێ و بە سەر تەواوی هەرێمی کوردستاندا جێکەوت بکرێ. لێرەدا دەکرێ تایبەتمەندیی دایلێکتە جیاوازەکان لە فۆرمی نوێی ستاندەردی کوردییدا بە تەواویی لەبەرچاو بگێردرێن و بکرێنە پەیین بۆ نەمامی نوێی زمانی ستاندەردی نووسین، بەواتایەکی تر زۆرترین سوود لە کەلەپوور و سێنتاکس و سێمانتیك و لێکسیکۆن (lexicon)ی دایلێکتەکان وەربگیردرێ و زمانی ستاندەردی چەندین بەرامبەر پێ هەڵکشێنرێ. یاخود بەو بۆچوونە باوەی هەیە، هەموویان لەسەر درەختی ستاندەردی نووسین، موتووربە بکرێن و پێکەوە ببنە دەسکێکی هەمەڕەنگ، بەڵام بە یەك بنج ئاو بخۆنەوەو هەر لەو بنجەشەوە وەك یەك فۆرمی تاکزمانیی گەشەیان پێ بدرێ.

لە جیهانی هاوچەرخ و جیهانی کۆندا، مێژوو زۆر وردەکاریی بەسوودمان لەسەر چێکردن و بەفەرمییکردنی زمانی ستاندەرد بۆ دەگێڕێتەوە. ئەگەر کەمێك خۆمان ماندوو بکەین و شەلم کوێرم پێیدا نەکێشین و لە گیرفانی پڕومێشکی بەتاڵماندا قسە دەرنەهێنین، خۆمان تووشی هیستێریا نەکەین، کەفاوی دایلێکتچییەتی بە شەویلگەماندا نەچۆڕێتەوە و ناوچەگەرییەتیی و شارچییەتیی بخەینە لاوەو هەندێك لە ئەدەب و مێژووی زمانە جیهانیی و ناوچەییەکان بخوێنینەوە، بە دڵنیاییەوە بە ڕۆخی بڕوابەخۆبوون و یەکترپەژراندنمان دەگەیەنێت. چونکە ئەوە هەر ڕێکەوت نییە، بادینانییەك، عەرەبیی پێ باشتر بێ لە کوردیی سۆرانیی (لە سەردەمی بەعس

و دیکتاتۆریی سەدامی دیکتاتۆردا، وەك ئاو، عەرەبییان دەخواردەوە)، ئەمە دەردێکە ئەگەر چارەسەر نەکرێ و رێگەی پێ نەگیرێ، دەست لە شوێنی خراپتریش دەکوتێ.

نموونەیەکی تری گەلان بۆ چێکردنی زمانی ستاندەرد، نۆرمی ستاندەردی فینلەندیی (فینیش–Finnish)، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ستراکتۆرەکەی بنیاتنراوە، رێك لەکاتێکدا دەستی پێکردووە کە ئایدێنتیتیی نیشتمانیی بۆ ئەو وڵاتە بەدەست هێنرا، لەو سەروبەندەدا، چینە باڵاکانی ئەم وڵاتە یان بە سویدیی، یاخود بە زمانە ئەوروپاییەکانی تر دەئاخافتن، بۆ ئەوەی پردێك لەنێوان زۆرترین خەڵك کە دایەلێکتی فینیشیان هەبوو، لەگەڵ چینە باڵاکاندا کە بە سویدیی مامەڵەیان دەکرد، دروست بکرێ، زمانی ستاندەردی نوێی نوسینیان بە فەرمیی ناساند (Laitinen,1997).

بەمشێوەیە سکۆلارو رۆشنبیران و ئیلیتی نووسەران، هەزاران وشەی نوێیان چێکرد، بە کەڵك وەرگرتن لە دایلێکتە جیاوازەکان و زمانی کۆنی جوتیارەکان و دێهاتنشینەکان، زمانی ستاندەردی فینیشیی تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت هەر لە گەشەدایە (ibid). کەواتە هەندێ کەس پێیانوایە زمان دروستکردن سەختە و نابێ و ناکرێ، هەر لە گیرفانی خۆیان دەریدەکەن، هەرچەند کورد لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستی بە چێکردنی زمانێکی نوێ نییە، بەڵکو تەنها بەفەرمییکردن و خزمەتکردنی کوردیی سۆرانیی و کەڵکوەرگرتن لە دایەلێکتەکانی تر، جوانترین زمان و پوختترین و پاراوترین لینگوا فرانکای زمان لەئارادایەو لە هەڵکشانێکی بەردەوامیشدایە.

وێڕای بەفەرمیی ناساندنی زمانی فینیشیی لە فینلاند، زمانی سویدیی بە هاوتەریبیی مایەوە لەو وڵاتەدا، هەردووکیان پێکەوە زمانی نیشتمانیی فینلاندن و وێرای زۆرایەتیی فینیشیی و کەمایەتیی سویدیی، زۆر هارمۆنییانە پێکەوە هەڵدەکەن و هەردووکیشیان زمانی ستاندەرد و فەرمیی وڵاتن، (LIEBKIND, TANDEFELT, and MORING, 2007). ئەوانەی پێیانوایە، کە دەکرێ

هەردوو دایەلێکتی سۆرانیی و کرمانجیی لەیەک کاتدا پێکەوە زمانی خوێندن و دامودەزگاکانی دوو دەڤەری جیاوازی هەرێمی کوردستان بن، نەک هەڵەن، بەڵکو زۆر نەدان و بێئاگان لە لینگوا فرانکای نیشتمانییدا.

سۆرانیی و کرمانجیی و هەورامیی و زازایی ئەگەر زمانگەلێکی جیاوازن، بەڵێ دەکرێ هەریەکەیان بکرێن بە زمانی فەرمیی وڵات، وەک سویسرا، کە ئەڵمانیی و فرانسیی و ئیتالیی و رۆمانشیی (Rumantsch or Romansh) وەک چوار زمانی نیشتمانیی تێدا بەکار دەهێنرێ. بەڵام سۆرانیی و کرمانجیی و ...تاد، کۆمەڵە دایەلێکتێکی یەک نەتەوەن و دایلێکتەکانی زمانی کوردییان پێدەگوترێ. ناکرێ بە هیچ شێوەیەک لەوە زێتر رێگەیان پێ بدرێ لەیەک جیۆگرافیای سیاسییدا هەر دایلێکتەو بۆ خۆی تەراتێن بکات لەسەر چییش! لەسەر کەوڵی لینگوا فرانکای کوردیی تەراتێن بکەن.

بیرمەندی زمانەوانیی " باختین"، شرۆڤەی تاکزمانیی و زمانی ستاندەرد زۆر بە رێکوپێکی دەکات، ئەو زۆر بە وردیی دەست دەخاتە سەر گرنگیی یەکزمانیی و بەرکەنارکردنی فرە دایەلێکتیی، چونکە لای ئەو سەرکەوتنی زمانێک، یان دایەلێکتێک بەسەر ئەوانی تردا، واتای بەکۆیلەکردنی ژێرکەوتووەکان نییە، بەڵکو ئەمە وەک "فاکتێک یەکگرتوویی نیشاندەداتو هاوکاتیش پێداویستییەکی مێژووییە (Bakhtin,1981,p.271). ئێستا کورد کۆمەڵە دایەلکتێکی هەیە، هەر یەکەو لە ناوچەیەکدا کاری خەڵک رایی دەکات، ئەم خەرەکە دەبێ لێرەدا بوەستێنرێ، ئەمە نە ئازادییەو نە مافی مرۆڤە، ئەمە گەورەترین ستەمە لە یەکزمانیی (proto-language) و یەکدەستیی زمان دەکرێ.

ئەگەر بڕیارە زمانی ستاندەرد فۆرمێکی سێنترالیی وەربگرێ و زمانی ئەدەبیی ئەم فۆرمە سێنترالییە بێت (Crowley,2003)، ئەوە زمانی کوردیی سۆرانییە دەبێت زمانی ستاندەردی کوردیی بێت. چونکە هەر ئێستا لە کوردستاندا، زمانی فەرمیی زۆربەی دامودەزگا حکومیی و حیزبییەکان و نێوەندە کولتووریی و

ڕۆشنبیرییەکان، کوردیی سۆرانییە. هەروەها دەوڵەمەندە لە ئەدەبی کوردییدا، بە بەراورد بە هەموو دایەلێکتەکانی تر. ئەوەی پێیوایە ئەوە بەدرخانییەکان و کرمانجی ژووروو بوون، یەکەم گاڤیان وەشاند، ئەوە بەجێی خۆی و جێگەی شانازییە، بەڵام ئەو نانە، نانە، ئەمڕۆ لە خوانە، ئێمە باس لە هەنووکە دەکەین و باسیش لە هەرێمی کوردستانی باشوور دەکەین، لێرەشەوە بە تفاقی ئێستاوە هەنگاو بۆ داهاتووی پرۆتۆزمان (یەك – زمان)یی دەنێین.

پسپۆران و ئەدەب دۆستانی زمانی ئینگلیزیی لە ساڵی ١٨٧٣دا هەستان بە دامەزراندنی کۆمەڵەی دایەلێکتی ئینگلیزیی (EDS)، ئەم هەنگاوە هاوکات بوو لەگەڵ چێکردنی فەرهەنگی نوێی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیی لەلایەك و چێکردنی فەرهەنگی دایەلێکتە ئینگلیزییەکاندا، مەبەستی سەرەکیی ئەم پرۆژانەش کۆکردنەوە و بژارکردنی زمانی ئینگلیزیی بوو لەیەك زمانی یەکڕەنگ و سێنتراڵ و تەواو ستاندەردو پرۆفیشناڵدا، ئەم پرۆژەیە وشەگەلێکی زۆری هەرێمە جیاوازەکان و دایلێکتە جیاوازەکانی ترینجاندە ناو زمانی ئەدەبیی و ستاندەردی ئینگلیزییەوە (Crowley, 2003). بەهەمان شێوە، کوردیش پاش بەفەرمیی ناسینی زمانی ستاندەردی کوردیی، دەتوانێ چەندین فەرهەنگی دایلێکتە جیاوازەکان بەرهەم بهێنێ و پێکەوە هەموویان قلْپ بکاتەوە ناو زمانی ستاندەردی کوردییەوەو سێنتراڵی ئەم زمانە ستاندەردو ئەدەبییە مسۆگەرتر و مکۆمتر بکات.

هەر دایەلێکتێك یاخود زمانی دەڤەرێك، توانیتی خۆی بکاتە "سوپەرزمان" و دایەلێکت و زمانەکانی تری خستە بن هەنگڵییەوە، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم زمانە خۆی تیۆرایز (theorize) کردووە (Chapman,1932,p.562). کوردیی سۆرانیی بە هەوڵ و کۆششی خۆی و ڕێبوارانی، ئەم تیۆرایزەی تێپەڕاندووە. یان لە خراپترین دۆخدا دەکرێ بڵێین لە تیۆرایزبووندایە، ئەم تیۆرایزبوونەش پرێستیژبوونی دەداتێ و هەموو نیشانەکانی ستاندەرایزی پێ دەبەخشێت (ibid, p.563).

گەورەترین مەترسیی بۆ سەر زمانی ستاندەرد، ڕێگەدان بە خوێندنە بە دایەلێکتە دابڕاو و گۆشەگیرەکان، لەمەش مەترسییدارتر، ئەوەیە زۆریی و بۆریی خەڵکی نەخوێندەوارو بێئاگا لە ئەدەب و نووسین، پشکیان هەبێ لە قورسایی دانان بە سەر دەوڵەت یان دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بۆ لەمپەردانان لەبەردەم زمانی ستاندەردا (Newbolt,1921). هەزار دروود لە گۆڕی نیوبۆڵت، بەڕاستیی باش مەترسییەکانی سەر زمانی ستاندەردی شیکردووەتەوە. وەرە بێزت لە خۆت نەبێتەوە، لەم کات و ساتەدا، کۆمەڵێ ڕۆشنبیرو ئەدیب و مامۆستاو..تاد، تازە بەتازە دێن داوای ئەوە دەکەن پرۆگرامەکانی خوێندن بە زاراوە لۆکاڵییەکانی دەڤەرەکەی خۆیان بێت. لەم ئاقارەشەوە دەیانەوێ لۆبی دروست بکەن و بە ڕەشکە واژۆ کۆ بکەنەوە، بە پاڕانەوەو لاڵانەوەو نازونووز دەیانەوێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێگە نەدات، کوردیی ستاندەرد، یان وەك ئەوان دەڵێن، سۆرانیی پێ بنێتە قوتابخانەکانیانەوە. دەیانەوێ خوێندکارەکانیان بە دایەلێکتە شیرینەکەی خۆیان بخوێنن و زمانی ستاندەرد لە پێ بکەن.

ئەگەر تا ئێرە وا زانراوە، کە ئایدێنتیتی ئیسنۆزمانەوانیی، پابەندە بە تێکهەڵکێشە سۆسیۆزمانەوانییەکانی ئایدێنتیی ئەسنیکییەوەو وەك بەشێك لە گێڵگەی ئەنسرۆپۆلۆجی لە زمانی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئەسنیکییەکان دەکۆڵێتەوە (Giles,1977; Heine, 1997) . ئەوە دەبێ لێرە بەدواوە، کوردی دایەلێکتپەرست، لقێکی تریش بۆ ئەنسرۆپۆلۆجیای ئەم دەردە دایەلێکتچییە بدۆزێتەوەو ناوێکی زانستیی پڕ بە پێستی خۆی لێ بنێت. چونکە ئەوەتا ئەسنیکی کورد، ئامادە نین لە هەرێمی کوردستانی باشووردا، زمانی ستاندەرد بپەژرێنن، ئامادەنین لینگوافرانکای نووسین بپەژرێنن و هەڕەشەی یاخیبوون و بەرخۆدان دەکەن. لە کاتێکدا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کورد پرۆتۆزمانی هەبێ و پەتای دایەلێکتەکان بنبڕ بکات، کەچیی بەداخەوە ئەگەر بە پەنجەیەك بەم دایەلێکتچییانە دەگوترێ نا، بە نۆ پەنجەکەی تر ئاماژەی هاندان و دەست لەپشتدانیان بە پەیام بۆ

دەنێردرێ. ئەگینا ئەم دۆخە ناجۆرە، تەنها چەند ساتێك لە كاریزمایی سەركردە و پارلەمانە چەوت سوێندخۆرەكەی كوردی دەوێ، بۆ یەكلاییكردنەوەو بڕیارێكی ئازایانەو نیشتمانییانە.

سەیرە، هەموو مێژووی كورد، بە وردبینیش بگەڕێی یەكگرتوویی و یەكدەستیی لەمەڕ هیچ پرسێكی نیشتمانیی تێدا نییە. ئەگەر هەشبووبێ یان هەبێ، كە زۆر كەمیش بووە هەمیشە تاكتیكیی بووە و هەرگیز ستراتیژیی نەبووە. ئایدێنتیتیی ئیسنۆزمانەوانیی، هەمیشە زمانی وەك خۆشەویسترین جگەرگۆشە لە ئامێز گرتووە و بە چەكێكی هاوبەش و سیمبۆڵێكی هاوبەشی زانیوەو بە توندیی لەلایەن ئەسنیكەكانیشەوە دەست بەم دۆكترینەوە گیراوە (Bourhis ,1979; Haarmann,1986; Shukla,1985). كەچیی ئەسنیكی كورد، لە بری ئەوەی زمانێكی ستاندەردو یەكگرتوو چێبكەن و پێوەندییەكانیان توندوتۆڵ بكاتەوەو بیكەنە سیمبۆڵی یەكدەنگیی و یەكدەستیی و بیلاوێننەوە، بە پێچەوانە هەر دەڤەرەو لە خەمی زاراوەكەی خۆیدایە و ئەوەی بەلایدا ناچن زمانی لینگوافرانكای نووسینی كوردییە.

ئەم شەڕە گەڕەكەو ئەم هەلومەرجە ناجۆرەی زمانی كوردیی پێدا تێپەڕ دەبێ لە نێوان فڕكان فڕكانی هەردوو دایەلێكتی سەرەكیی زمانی كوردیی (كرمانجی سەروو و خواروو، یان هەندێك پێی دەڵێ كرمانجی ناوەڕاست و ژووروو) دەبێت بە لایەكدا بخرێ، ئەوە گومانی تێدا نییە، هەندێك لەو بادینانیانەی كوردستانی باشوور پشت ئەستوورن بە زۆرایەتی كوردەكانی باكوور و رۆژئاوا، ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوەیەكی چەوت بۆ جیۆپۆلیتیك و سۆسیۆزمانەوانییەوە سەری هەڵداوە. ئەم دۆخە دۆخێكی زۆر ناوازەیە، تەنانەت یەك رۆژ زێتر درێژە بەم هێتەرەجینییەسە (heterogeneous– هەمەچیزەیی)ی زمانی كوردیی بدرێ، كەمتەرخەمییەكی مەترسیدار دەبێ. زمانی كوردیی دەبێ لە قۆناغی هێتەرەجینییەسەوە بۆ قۆناغی هۆمەجینییەس (homogenous– چوونیەكیی) بگوازرێتەوە.

کاتێ ئەم توێژینەوەیە دەڵێ زمانی ستاندەرد دەبێ بسەپێنرێ، بەو واتایە نییە ئەم سەپاندە ئایدێنتیی کۆمەڵایەتیی و ئیسنۆگرافیی بەسەر بەشێك لە جڤاکی کوردییدا بسەپێنێ. چونکە ئەمە خۆی دژی بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئەدگارانەیە کە کوردی وەك نەتەوە، یەکدەست و یەك دیسکۆرس بۆ جیاکردنەوە لە گەلانی تر هێشتووەتەوە. بەڵام لێرەدا قسە لەسەر فۆرماتەکانی زمانە وەك گرنگترین پێوەندییەکانی ئەندامییەتیی گرووپەکان لە رووی ئیسنۆزمانەوانییەوە، ناکرێ ستراتیژیی ئەم ئایدێنتییە کارگوزارییە، نەخرێتە کرۆکی باسی ئیسنۆزمانەوانییەوە (Louw-Potgieter and Giles,1988). بە واتایەکی روونتر ئایدێنتیتی کارپێکەوەکردنی ئەندامبوونی تاکەکانی کۆمەڵ، لە ستراتیژیی ئیسنۆزمانەوانییەوە سەرچاوە دەگرێ. بەداخەوە لە نێوان فۆرماتی زمانی کوردیی (سۆرانیی و کرمانجیی)دا، کەمتر ئەم ئایدێنتییتە ئیسنۆزمانەوانییە دەبینرێ.

زمانی ستاندەردی فەرەنسیی لە سەدەی شانزەیەمەوە، پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ "زمانی ئیلیتە ئەدەبدۆستەکان بوو، بە تەواویی کریستاڵ کرایەوە" (Lodge,2003,p206). دواتریش بەگوێرەی قۆناغە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەم زمانە گەشەی بە خۆیەوە بینیوەو، جار دوای جار زۆرتر ستاندەرایزتر و کریستاڵتر بووە، سەرەنجام ئەم گەشە کولتووریی و زمانەوانییە لەگەڵ قۆناغەکانی بنیاتنانی نەتەوەو وڵاتدا (nation-state building)، بووەتە هۆی زێتر ستاندەرایزی زمانی فەرەنسیی و دواجار بووە بە سیمبۆڵی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی (ibid).

ئەگەر سوودیش لە ئەدەب و زمانی ئینگلیزیی و فەرەنسیی و نەتەوەکانی تر وەرناگرین، خۆ دەکرێ هەر بە بۆنکردن، کۆمەڵێ شتی نوێیان لێوە فێربین. ئەگەر دەست بە ستاندەرایزی زمانی کوردیی بە فەرمیی نەکرێ، ئەوە گومانی تێدا نییە ئەم خەرەکی دایەلێکتبازییەی نێوان زاراوە سەرەکییەکانی کورد، "بەرەو جیاوازییەکی قووڵیی سۆسیۆستایلیی socio-stylistic دەڕوات"

(Lodge,2003,p216). ئەم سۆسیۆشێوازییە لە زماندا دەردوبەلاو سەریەشەی زۆرتر دەهێنێ و تا دێتیش دایەلێکتەکان زۆرتر لێك دوور دەکەونە. تەنها ستاندەرایزی زمانی کوردییە دەتوانێ پێش بەم بەرەلایی و پاشاگەردانییە بهێنێ. "کە دەڵێی زمان، رێك دەڵێی جڤاك" Lévi-Strauss in Duranti 1997, p.337"، ئایا بە ڕاستیی و بێ خۆهەڵخەڵەتاندن، جڤاکی کوردیی زمانی کوردیی هەیە؟، یان کۆمەڵێ دایەلێکتی جیاوازی هەیەو هەر دایەلێکتەو لە خەمی خۆیدایە. ئایا بە ڕاست، کورد ئەوەی لە باردایە کە لینگوا فرانکایەکی ستاندەرد چێبکات و پێڕۆی بکات؟

بەدەستهێنانی (acquisition) زمانێکی ستاندەرد لە بواری کۆدە زمانەوانییەکاندا، هەر کارێکی نێوخۆیی نییە، بەڵکو جیهانبینییەکە بۆ کارتێکردنە کۆمەلایەتییەکان، چونکە ئەوە زمانە کە ئایدێنتییەکی کولتووریی هاوبەش و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جیاوازییە کۆمەلایەتییەکان لەنگەر پێ دەگرێ (Mac-Giolla Chriost, 2003). بەلام بە داخەوە ئەم ئایدێنتیتییە هاوبەشە، خەریکە بە تەواویی بە کێردی دایەلێکتچییەتیی هەنجن هەنجن دەکرێ.

ئەم خۆجیاکردنەوەیەی هەندێ نووسەرو ئیلیتی رۆشنبیرانی بادینان لە کوردستانی باشووردا و نەپەژراندنی زمانی ستاندەردی کوردیی و هەڕەشەی یاخییبوون و وازۆکۆکردنەوە بۆ ئەوەی دایەلێکتە لۆکالییەکەی خۆیان رەپ و راست بمێنێتەوەو رێگە نەدەن کوردیی سۆرانیی بچێتە بواری پەروەردەو خوێندن و دامودەزگاکانەوە، ئەو پرسیارەمان لا دروست دەکات، ئایا کولتوورو باکگراوند و سیمای ئەسنیکیی جودایان هەیە لە چاو شوێنەکانی تری کوردستاندا، ئایا بە ئاشکرایی و بێ ترس ئەو پرسیارە بکەین، زمانی کوردیی ئەوان جودایە لە زمانی کوردیی شوێنەکانی تر، راشکاوانەتر ئایا زمانی کوردیی یەك زمانە؟ هەموو ئەم نیگەرانیی و ددان نەنان بە ڕاستییەکاندا، دەم ناباتەوە بۆ وردەکاریی و ئارێشەکانی ئەو لقە زانستەی ئەنسرۆپۆلۆجی کە بە ئێسنۆلۆجی ethnology ناسراوە.

ئەگەر لە رووی سۆسیۆزمانەوانییەوە و سایکۆلۆجی زمانەوانییەوە دەرمانسازیی و بیماری ئەم گرفتی زمان و دایەلێکتگەلەی کوردستانی باشوور شرۆڤە نەکرێ، ئەوا لە ڕووی ئێسنۆلۆجییەوە دەگەینە ئەو راستییەی تێگەیشتن لە شلەژان و باری دەروونیی بەشێك یان توێژێك لە هەناوی ئەسنیکێکی پارچەپارچەکراوەوە کە خۆیان جیادەکەنەوە، یان خۆیان بە نەژادی بالاتر دەزانن لە پێکهاتەی زمانەوانییدا، سەختتر دەکات. زمانی مرۆڤ، کە مانیفێستۆی گرنگترین لایەنی دەروونیی ژیان دەکات، لە رووی ئێسنۆلۆجییەوە گومانی جیایی و دووبەرەکیی نێوان پێکهاتەکانی یەك ئەسنیك دەکات (Duranti,1997).

لەنێو کورددا، کە بەپێی زۆرینەی زانستە مرۆییەکان بێت، یەك نەتەوەو یەك خاك و یەك کولتووری هاوبەشی هەیە، بە کەمێك جیاوزیی ناوچە جیۆگرافییەکان و نزیکایەتی بەشەکان لە نەتەوە سەردەستەکانەوە، کەچیی لە روانگەی دورانتییەوە بێت، ئەنسرۆپۆلۆجی کولتووریی و ئەنسرۆپۆلۆجی زمانەوانیی ئەم حەز و خولیا شێتانەیەی کورد تێر ناکات و ئەوە ئێسنۆلۆجییە دەبێت لەم دیاردە ناوازەیەی زمان–جیاوازییە بکۆڵێتەوە (Duranti,1977). پرسیارو وەلامەکە زۆر ئاسان دەست دەکەوێت، ئایا بە ڕاستیی کورد یەك زمانی هەیە، یان دوو، سێ و چوار... ئەگەریش بڕیارە لە رووی ئەسنیکییەوە یەك نەتەوەبین و پێچەوانەی زانستە مرۆییەکان فەنکشن نەکەین، هۆی چییە ئەم هەموو تەنگە چیکلدانەیی و بەلارێدابردنی نەخشەڕێگای (roadmap) زمانی ستاندەردی کوردیی؟ ئەگەر نا، ئایا بە ڕاستیی کورد یەك زمانی کۆمۆنی هەیە؟ ئایا بە ویژدانەوە، ئەگەری جێکەوتکردنی لینگوای فرانکای کوردیی هەیە لەناو ئەنتاگۆنیزمی ئەم دایەلێکتچییانەدا؟

زمانی کوردیی بەڕادەیەك جیاوازییەکانی تێدا زەقبووەتەوە کە بووەتە جێگەی سەرنج و تێڕامانی لێکۆڵەرانی بیانییش، چونکە لە دیدی زۆریانەوە جیاوازییەکانی نێوان ئەم دایەلێکتانە ئەوەندە زۆرە، وەك جیاوازیی نێوان چەندین زمانی سەربەخۆ

دەیخوێننەوە (Mac Giolla Chriost, 2003). بۆ نا، ئەمە راستییەکەو نکۆڵییکردن لێی، جگە لە نەدانیی و نەزانیی هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە، خۆمانی لێ کەڕ بکەین. هەر ئێستا چەندین کەس لێرەو لەوێ پەیدابوونە، لەناو زازایی و ئێزییدیی و تەنانەت لوڕییەکانیشدا کە خۆیان بە کورد نازانن. هەورامییش پەیدا بووە، هەڕەشەی ئەوە دەکات ئەگەر سۆرانیی بکرێ بە زمانی ستاندەرد، دەدات بە کێودا و پەرچەکرداری توندوتیژ دەنوێنێت.

دیسان بۆ نا، ئەوە نییە ئینتەرناسیۆنال–گرووپی ماف کەمایەتییەکان، بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات، کە هەندێ کەس لەنێو کوردە جۆراوجۆرەکاندا بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە گۆرانیی و کرمانشانیی و لوڕیی و زازایی و لەکیی، زمانی زگماکیی جیاوازیان هەیە (MRG,1997). ئاخۆ بێویژدانییە کاتێ سکۆلارە بیانییەکان پێشبینی ئەوە بکەن، جیاوازییە دایەلێکتییەکان،، گومان دەخەنە سەر یەکێتیی ئایدێنتیتیی و کولتووریی و سیاسیی کورد و پرۆبلماتیک و سەریەشە بۆ زمانی ستاندەردی کوردیی پەیدا دەکەن (Mac Giolla Chriost, 2003).

لە هەوڵێکی بەرچاو و ئازایانەدا، نووسەران و رۆشنبیرانی کورد، بە سەدان وشەی کرمانجی ژووروویان تێکەڵ بە کوردیی سۆرانیی کردووە، ئەمە زۆر جێگەی دەستخۆشییە بۆ تێکەڵکردنی ئەم دوو دایەلێکتە سەرەکییە لە سەرەوە (نەک لە ژێرەوە). بە واتایەکی تر بناغەی ئەم دوو دایەلێکتە تێکەڵ ناکرێن، بەڵکو دەبێ لە سەرەوە تێکەڵ بکرێن لەسەر رەگوڕیشەی یەکێکیان ستاندەردی کوردیی پانوپۆڕ چێبکرێ. لە کاتێکدا لە رووی سێمیانتیک و سێنتاکس و لێکسیکۆنیشەوە بێت، سۆرانیی زۆر دەوڵەمەندترە، باشترین بەڵگەش تێکست و مێژووی ئەدەبیی سۆرانییە بە بەراورد بە کرمانجیی، کەچیی زۆر کەم دەبینرێ، نووسەرانی کرمانجی ژووروو، وشە و دەربڕینی سۆرانیی لە تێکستەکانی خۆیاندا بەکاربهێنن. ئەمەش زۆر بە مەبەستەوە دەکرێ و جۆرێك لە لووتبەرزیی و خۆبەزلزانیی تێدایە.

زمانی فەرمیی کۆمەڵگە، بە شێوازە یاسایی و سیاسییەکەی، دەوڵەت دیاریی دەکات، لەم دیارییکردنەشدا، زمانێکی یەکگرتوو، دەبێتە زمانی دەستووریی کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی جڤاکە (Bourdieu,1991). ئەگەر کورد دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، بەڵام حکومەتی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان دەتوانێ ئەم فەنکشنە لە بری دەوڵەتی کوردیی دوورمەودا، بە تەواویی جێکەوت بکات و بڕیاری لەسەر بدات. ئەگەریش حکومەتی هەرێم، لەژێر هێجەمۆنی حیزبدایە (پارتیی و یەکێتیی)، ئەوا باڵاترین ئۆرگانی دەستوریی، کە پارلەمان (نوێنەری حیزبەکان) و سەرۆکایەتی هەرێمە دەتوانن ئەمە یەکلابکەنەوە. بۆچیی ناکرێ؟ ئەم پرسیارە ساکارە، زۆر شتی خراپی لێ دەخوێنرێتەوە، بەتایبەت کە ساڵ بەساڵ دەیخەنە دواوە.

### زمانی پیشەسازیی و دەستکرد (interlingua):

ئەوە کاری ئینتێلّەجێنسیای Intelligentsia کوردە، کە زمانی ستاندەردی کوردیی بەم ئاستە لە ئیستێتك گەیاندووە، ئیتر کاری سیاسییەکان و دەزگا دەستووریی و یاساییەکانە ئەمە ستاندەرایز بکەن و بیکەن بە زمانی ئۆفیشەلّ بۆ سەرجەم جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان. ئەگەر تێرمی ئێسنۆزمانەوانیی بۆ کێشەی نێوان ئەم دایەلێکتانە دروستیش نەبێ، بەڵام راستییەك هەیە دەبێ نەترسانە ددانی پێدا بنێین. ئەم دوو دایەلێکتە یەکزمانیی ئەسنیکی کوردییان کوشتووە، وەك فیشمان پێشبینی دەکات، "ئەم جیاوازییە ئەهریمەنییە، سەرەنجام توندوتیژیی لێدەکەوێتەوە"، ئەگەر ئیسنۆلینگویستەکان، چارەسەری ریشەیی بە میکانیزمی ئیسنۆلۆجی بۆ ئەم بابەتە نەدۆزنەوە (Fishman,1999,p.453). لە باری دیمۆگرافییەوە دەکرێ بڵێین ئەم توندوتیژییەی نێوان ئەم دایەلێکتانە دابڕانێکی قووڵتر و لێك دوورکەوتنەوەی یەکجاریی بە دواوە دەبێ، ئەگەر بە فەرمیی چارەسەر نەکرێ.

### بەرەنجامی باسەکە:

کورد وەك نەتەوە و ئەسنیك، زمانی ستاندەرد و پرۆفیشناڵی تا ئێستا نییە، تەنها گەلە، بەو ژمارە زۆرەوە خاوەنی زمانی لینگوافرا نکایەکی فەرمیی نەبێت، هەروەك چۆنیش گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتە. لە ماوەی پتر لە سەدەیەکدا، زمانی کوردیی سۆرانیی گەشەیەکی گەورەی کردووە، لە هەموو لقە زمانەوانییەکاندا پێش کرمانجیی کەوتووە. ئەم گەشەی سۆرانییە، بە بیروڕای زۆر لە پسپۆڕانی زمانەوانیی، بناغەیەکی تۆکمەیە بۆ چێکردنی زمانی ستاندەردی کوردیی بە شێوە فەرمیی و سیاسییەکەی، ئەم توێژینەوەیەو زۆرێك لە شارەزایانی بواری زمان پێیانوایە، زمانی ستاندەردی کوردیی، لینگوافرانکای کوردیی، خۆبەخۆ رسکاوەو تەنها بەفەرمیی ناسینی لەڕووی سیاسییەوە، بەسە بۆ ئەوەی ئەم ستاندەرایزە بە تەواویی ببێت بە یاسا لە جڤاکی کوردییدا.

گرفتی پیتە ئارامییەکان (فارسیی و عەرەبیی جەڕێنراو) و لاتینییەکان، ئەوەندە قورس نییە و هیچ ڕێگرییەکی بۆ ستاندەرایزکردنی کوردیی سۆرانیی دانەناوە. ئەمەیان لە پرۆسەیەکی شێنەییدا دەکرێ چارەسەر بکرێ. بەڵام گرفتی سەرەکیی هەنووکە، بە فەرمیی ناسینی ستاندەردیی کوردیی سۆرانییە. ئەمەیان پێداویستییەکی ژیارییەو بە پشتدا خستنی لەوە زێتر، مەترسیی گەورەی بە شوێنەوەیە. مەترسییەك کە جیاوازییەکانی نێوان کرمانجیی و سۆرانیی قووڵ و قووڵتر دەکاتەوە. ئەم بڕیاری ستاندەرایزکردنەی لینگوا فرانکای کوردیی، تەنها هەڵوێستەی سەرکردەیەکی کاریزماو دووربینیی سیاسییەکانی دەوێ. لە کۆتاییشدا ئەم توێژینەوەیە، بە لۆژیکەوە بڕوای بە سەپاندنی لینگوا فرانکای کوردیی و زمانی ستاندەرد هەیە. دواکەوتنیش لەم هەنگاوە، مەترسییەکانی دوولەتبوونی زمانی کوردیی بۆ چەند دایەلێکتێکی ستاندەرد، لە بری زمانی ستاندەرد برەو پێدەدات.

## References


1 -HTIN, M.M.(1981), The dialogic Imagination, Austin, University of Texas Press .

2 -TELY, W.W(1982) Critical Study: The Philosophy of Karl Popper. Part III: Rationality, criticism, and logic. Philosophia 11(1):121−221

3 -RHIS, R. Y. (1979) Language and ethnic interaction. IN GILES, H. (Ed.) Language and Ethnic Relation. Oxoford, Pergamon Press.

4 -DIEU, P. (1991) Language and symbolic power, Cambridge, polity press.

5 -PMAN, R. W. (1932) Oxford English. Society for Pure English, 4. No.XXXVII

6 -MSSKY,N (1988c) Language and Politics C.P.Otero(ed),. Montreal, Black Rose Books .

7 -PLAND, N. (2000) Sociolinguistic prevarication about 'standard English'. Journal of Sociolinguistics, 4(4), 622–634.

8 -WLEY, T. (2003) Standard English and the Political of Language,2nd edition, London, New York., Palgrave Mcamillan.

9 -RIDA, J (1967) ,Of Grammatology, trans, Gayatri Chakravorty Spivak Baltimore MD: The John Hopkins University Press .

10 -NTI, A. (1997) Linguistic anthropology, Cambridge, Cambridge University press

11 -BEND, P(1978) Science in a Free Society. London: New Left Book

12 -ER, J. H. (2004) The Origins of the English Writing System and the Roots of its Letter - Sound Confusion,interview with The Children of the Code(registered interview.(

13 -man, J.A 1999, Handbook of Language and ethnic identity, Oxford: Oxford University Press.

14 -man, Joshua (2004) Language maintenance, language shift, and reversing language shift. In The Handbook of Bilingualism. Edited by Tej Bhatia and William C. Ritchie. Oxford: Blackwell

15 -AULT, M (1980), Power and Knowledge. New York, Pantheon .

16 -S, H. (Ed.) (1977) Language, Ethnicity and Intergroup Relations, London, Academic Press.

17 -erz, J (1982) Discourse Strategies. Cambridge: Cambridge University Press.

18 -MANN,H.L(1986) Language in Ethnicity: A view of Basic Ecological Relations, . New York,: Mouton de Gruyter..

19 -IDAY, M. A. K. (1998) Things and relations: regrammaticizing experience as technical knowledge. IN MARTIN, J. R. & VEEL, R. (Eds.) R ea ding Science: Critical and functional perspectives on discourses of science. London and New York, Routledge.

20 -IDAY, M. A. K. (2003) written language, standard language, global language. Wolrd Englishes, Vol.22, No.4, PP.,2003, 22(4), 405–418

21 -e, B (1997) Cognitive Foundations of Grammar. Oxford/New York: Oxford University Press.

22 , -T (1958), Institutional Linguistics, Orbis 7

23 -USLER, P. (1996) Ecological and non-ecological approaches to language planning. IN HELLINGER, M. & AMMON, U. (Eds.) Contrastive Sociolinguistics. Berlin, Mouton de Gruyter.

24 -Y,J(1997) Language is Power, The Story of Standard English and its Enemies, , London, Boston,Faber and Faber.

25, -J (2000) , Rats,,Bats,Sparrows and dogs: biology linguistics and the nature of Standard English . IN WRIGHT, L. (Ed.) The Development of Standard English 1300–1800, Theories, Descriptions, Conflicts. UK, USA, Australia and Spain,, Cambridge University Press .

26 -TEK, J. (1997) Strengthening identity : differentiation and change in contemporary Galician. IN CHEHIRE, J. & STEIN, D. (Eds.) Taming The Vernacular, from dialect to written standard language. London, New York, Longman.

27 -RU, B. (1983) The Indianization of English: The English Language in India. Delhi: Oxford University Press.

28 -TIANSEN, T. (2001) The Notion of Standard Language in Late Modernity: Introducing Three Studies of Young Danes' Perceptions and Evaluations of Standardness in Language. LANGUAGE AWARENESS, 10(1).

29 -LAITINEN, L. (1997) Norms made easy: case marking with modal verbs in Finnish. IN CHESHIRE, J. & STEIN, D. (Eds.) Taming The Vernacular, from dialect to written standard language. London and New York. , Longman.

30 -LIEBKIND, K., TANDEFELT, M. & MORING, T. (2007) why a special issue on the Swedish-speaking Finns? International Journal of the Sociology of Language.

31 -LODGE, R. A. (2003) A Sociolinguistic History of Parisian French, UK,USA,AUSTRALIA,SPAIN,SOUTH AFRICA, Cambridge University Press.

32 -LOUW-POTGIETER, J. & GILES, H. (1988) Imposed identity and linguistic strategies. IN GUDYKUNST, W. B. (Ed.) Language and Ethnic Identity. UK and USA, Short Run Press.

33 -MAC GIOLLA CHRIOST, D. (2003) Language, Identity and Conflict, A comparative study of language. ethnic conflict in Europe and Eurasia. London and New York, Routledge.

34 -Milroy, J (1992), Linguistic Variation and Change, Oxford and Cambridge, Mass: Blackwell .

35 -MILROY, J. & MILROY, L. (1985) Authority in Language, Investigating Language Prescription and Standardisation, , London and New York., Routledge and Kegan Paul.

36 -MILROY, J. (2000) Historical description and the ideology of the standard langue. IN WRIGHT, L. (Ed.) The Development of Standard English 1300–1800, Theories,

Descriptions, Conflicts. UK, USA, Australia and Spain,, Cambridge University Press .

37 -Milroy, L. and Milroy, J. (1991) Authority in Language. Investigating Language Prescription and Standardisation (٢nd ed). London/New York: Routledge.

38 -Minority Rights Group Internationl {MRG}(ed.), (1997), World directory of Minorities, London: MRG

39 -MUHAMMAD, Z. (1991) Islamic Calligraphy: A Technical Overview. IN FISHER, C. G. (Ed.) Brocade of the Pen: The Art of Islamic Writing. Michigan State University.

40 -MÜLLER, M.(1861), Lectures on the Science of Language, Vol..١

41 -NEGEV,A(1986) Nabataean Archaeology Today ,New York: New York University press

42 -NEWBOLT, H (1921), the teaching of English in England: Being the Report of the Departmental Committee Appointed by the President of the Board of Education to Enquire into the Position of English in the Educational System of England , London, HMSO.

43 -Normas Ortograficas e Morfoloxicas de idioma Galego 1982.Real Academia Galega/ Instituto da Lingua Galega .

44 -Pinker,S.(1994) The Language Instinct. London: Penguin

45 -RISSANEN,M(2002) Standaristaion and the language of early statues. . IN WRIGHT, L. (Ed.) The Development of Standard English 1300-1800, Theories, Descriptions,

Conflicts. UK, USA, Australia and Spain,, Cambridge University Press .

46 -ROMAINE, S(1984). The Language of Children and Adolescents. The acquisition of communicative competence. Oxford: Blackwell.

47 -SHUKLA, H.L (1985), Language, Ethnicity, and History, Delhi: B. R. Publishing Corporation

48 -SMITH,N (1999) Chomsky Ideas and Ideals, Cambridge, New York, Melbourne, Cambridge University Press

49 -ST.CLAIR, R. (1982) “from social history to language attitudes. IN RYAN, E. B. & GILES, H. (Eds.) Attitudes Towards Language Variation.

50 -Tabouret-Keller, A (1997) Language and identity. In The Handbook of Sociolinguistics. Florian C(eds). Oxford: Blackwell, pp. 315–26.

51 -WEXLER, P. (1993) Unspoken languages. International Conference of Historical Linguistics. Los Angeles.,

52 -Wright, L(1996), About the evolution of Stand English, in Studies in English Language and Literature: , Doubt wisely, papers in Honour of E.G. Stanley, ed. MJ .Toswell and E.M. Tyler, London, and New York ,:Routledge, pp.99–115.

٥٣ـ لەتیف. س، شێخ وەسانی، ئا (٢٠٠٧) بادینییەکان شێوەزاری سۆرانی تەڵاق دەدەن، دهۆك بە نیازە بۆ ساڵی نوێ، کتێبی خوێندگاکان بە زاری کرمانجی دابەش بکات، ریپۆرتاژ، لڤین، ژ.٥٦، سێپتەمبەر، لا٩٧–١١ .

٥٤ـ لی، ئە (١٩٩٠)، گیروگرفتی ئەلفبێ و دیالێکت لە زمانی کوردیدا و چەند سەرنجێك، سایتی دەنگەکان، ئارکایڤی نووسەر: سوید .

٥٥ـ لی، ئە (١٩٩٩)، زمانی یەکگرتووی کوردی، گەلێك لە دەوڵەتی کوردیی پێویستترە، سایتی دەنگەکان، ئارکایڤی نووسەر: سوید .

٥٦ـ ی، م.ئە (٢٠٠٤) خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بەشی ١–٢، چاپی دووەم، چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی .

**سەرنج:** ئەم چوار ژێدەرەی دوایی، سەرچاوەی کوردیین، سکریپتی نووسینەکان و کۆوتەیشنەکانیان وەك خۆی دانراونەتەوەو دەستکاریی نەکراوون .

# شەڕی ناوچە و زاراوە لە زمانەوانییەکەی کامیار سابیردا

## حەکیم کاکەوەیس

چ پیت (تیپ)ی عارەبی و چ تورکی، کە یەکەمیان لە بنەڕەتدا ئارامییە و دووەمیشیان لاتینییە، هەردووکیان، وەك ئاین و مەزەب و ناو و پاشناو و زۆر شتی تری کەسێتی تایبەتیمان، بە سەرماندا سەپێندراون و خۆمان بڕیارمان لە سەریان نەداوە. دەبێ ڕۆژهەڵاتییەکانمان کۆرش بە گەورە بزانن و ئێمەی باشووریی، سەعدی کوڕی وەقاس بە پاڵەوان بزانین و باکوورییەکانیش تەیمووری لەنگ و جەنگیزخان و تەنانەت ئەتاتورکیش. ئەگەر لە باشووری کوردستاندا لە سەر بەکارهێنانی پیتی لاتینی خەڵکمان لێ ئیعدام کرابێ (کە کراوە)، لە باکوور بۆی هەیە لە سەر بەکارنەهێنانی لاتینی ئیعدام بکرێین. دەبینین تورکەکان لە لاتینییەکەشدا (W)مان لێ یاساغ دەکەن.. ئاژێستا بە (دین دەبیری) نووسراوە و بە هاتنی ئاینی ئیسلام، ئەو پیتە عارەبییانەش هاتن و بە بێ نوختە خۆیان سەپاند و ئەگەر لەگەڵ زمانەکەماندا نەشگونجابێتن، هەرچۆنێ بێ گونجاندومانن و (گ، چ، ژ، پ، ...)مان بۆ دروست کردن و تێمانهاویشتن. فارسەکان هەمان ئەو پیتانە بەکار دێنن و بێ ئەوەی وەك کورد بزوێنی کورت بۆ حەرفەکان دانێن بە کاری دێنن و پەکیان نەکەوتووە و زمانەکەیان لە زمانی ئێمەوە نێزیکیشە. نازانم فارسەکان چۆن جیاوازیی لە نێوان (کرم) و (کەرەم)دا دەکەن. ئەوان، بە داهێنانی مەزەب خۆیان لە موالێتی و گچکەیی عارەب دەرباز کرد، نەك بە ڕەتکردنەوەی ئەلفوبێی عارەبی. لە ڕاستیدا بە هیچ کامیان پەکمان ناکەوێ بەڵام گرنگ ئەوەیە خۆمان بە ئەنجامێك بگەین و بڕیاری لە سەر بدەین. بەڵام ئایە خۆمان بڕیارمان پێ دەدرێ؟ ئەمە کێشە سەرەکییەکەیە. ئێمەی کورد وا ڕاهاتووین بڕیارمان بۆ بدەن و بڕیارمان بە سەردا بدەن. کە ئێستا مەودای ئەوە هەیە خۆمان بڕیار بدەین هەندێ تایبەتمەندیی

نەتەوایەتی خۆمان تاوتویێ بکەین، سەرمان لێ شێواوە و ئەو هەڵلایەمان ناوەتەوە کە کامیار سابیر، بە ناوی (لینگوا فرانکای کوردی: زمانی ستاندەرد و فەرمی)یەوە کە لە پەردی (ڕۆژنامە)دا بڵاوی کردۆتەوە، پێشڕەوایەتی دەکا. هەر دەڵێی عەمرێکە بەند کراوین و ئێستا ئازادین... کە تەماشای دەوروبەری فراوان و بێ دیواری خۆمان و ڕێگاوبانی بێ کۆتایی دەکەین، ئەترەشمان لەو ڕەهابوون و ئازادییەی خۆمان دەچێ ئارەزوومان بەرەو کونجی بەندیخانە بەکێشمان دەکاتەوە و خۆزگە بۆ سێبەری زۆرداریی پێش دەسەڵاتی خۆمان دەخوازین تا لەم دووڕێیانی بڕیاردان و نەدانە دەربازمان بکا. ئێمە و ئازادی؟ ئێمە و پێکهاتن و بڕیاری ئاوها گرنگ و گردەبڕ و چارەنووسساز؟! ئازادیی باجی خۆی هەیە وئەم دوڕێیانەی پیتی عارەبی و لاتینی و شێوەزارەکان، یەکێکە لە دووڕێیانەکان. ئەی خودا فریادڕەسیکی بڕیاردەر!! با بیر لەوە بکەینەوە دراومان هەبێ. لە سەر ئەوەی وێنەی کێی لە سەر بێ (شێخ مەحموود یا بارزانی یا بەکر سدقی)، دار و بەردمان بە گژی یەکدا دەچن و ئەوەش ئەنجامی ئەو دووبەرەکی و سەدبەرەکی و ناوچەگەری و ململانێیانەیە کە حیزبەکانمان، لێیان بەزیاد نەبێ، پێیان بەخشیوین و ڕۆشنبیرانمان، ڕۆشنبیرانە پێوە بوون و تێوەگلاون!. بەڵام کە ئاڵا و دروشم و دراو و پاسپۆرتی عیراقی گوایە فدرال، هێمای کوردیان تێدا نییە، زمانمان ناکاتەوە وکێشەمان بۆ نانێتەوە! دڵنیام ئەگەر عارەبی عیراق باشمان بناسن و عاقڵیش بن، پێمان دەڵێن: ئێوە خۆتان شتێ دانێن ئێمەش دەیخەینە سەر دراو و پاسپۆرت. ئێمەش هەڵلایەکی لەمە گەرمتر و کەسکوونتر بەرپا دەکەین و کاتەکە وەك کاتی ماددەی (١٤٠) تێدەپەڕێ و دراو و پاسپۆرتیش، بە دڵی خۆیان و بە بێ کورد و کوردیی دەکەونە بازاڕەوە!

کەس باسی ئەو کێشانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناکا چونکە بڕیاریان بە سەردا دراوە وەك فارسەکان و بە فارسی بخوێنن و بنووسن و هەمان ئەو ئەلفوبێیە بەکار بێنن کە فارسەکان بەکاریان دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا زمانزانی هەڵکەوتووی وەك هێمن و هەژار و قزڵجی لێ پەیدا بوون. دڵنیام ئەگەر فارسەکان بڵێن: "ئەی کوردینە

خۆتان سەرپشك بن بە چ جۆرە شێواز و ئەلفوبێیەك دەنووسن! "لەویش ئەم هەرایە دەقەومێ و دەستەی (لاتینچی) و (عارەبیچی) و کرمانجی و لوڕی و موکری پەیدا دەبن و لە ئەنجامدا ئازەرییە دراوسێکان دەیبەنەوە! ئەوجا دەکەونە گلەیی لە بەختی خۆیان: "ئەمەریکا خیانەتی لە کورد کرد!" بەڵام لە باکوور، بڕیار و فەرمانەکەی ئەتاتورك جێی خۆی گرتووە و خەڵکی ئەوێ لەگەڵیدا ڕاهاتوون و ئەو کێشەیەیان نابێ، مەگەر کرمانجی و زازایی هەلایەك بنێنەوە!

من ناتوانم بە چاوێ سەیری خەڵك و ناوچەی بادینان بکەم کە لێیان جیا بم و لێم جودا بن، بۆیە بە لامەوە گرنگ نییە منداڵەکانم بە کامە لەهجە دەخوێنن. ڕەنگە ئەمە هەست و سۆز بێ نەك لێکدانەوەیەکی زانسیانە بۆ کێشەکە، چونکە مەرج نییە خەڵکانی تر وەك من بە ئاسانی بەوە ڕازی بن. ئەوان لە زاراوەکەی خۆیاندا نێر و مێیان هەیە و ئێمە نیمانە (ڕقم لەم ئێمە و ئەوانە)یە. بەڵام با ئەمە نەبێتە بیانوو چونکە ناوچە بێ نێر و مێیەکان لە سەر ئەوە پەکیان نەکەوتووە ئاخۆ بەرد نێرە یا مێ؟! تۆ بڵێی کە نێر و مێ لە زاراوەکەدا نەبێ، ئیدی جوانەگا و تەگە بدۆشین؟! دوای ئەوە، ئاخۆ کوردیی... یا شێوەزاری سۆران تاکە ئامێرێکی ئاخاوتنە نێر و مێی تێدا نەبێ؟ کێشەکە ئەوە نییە کام شێوەزار نێر و مێی تێدایە یا نییە، بەڵکو ئەوەیە کە لە واقیعدا هەن و دەبێ حسێب بۆ بوونیان بکرێ و بیریان لێ بکرێتەوە.

ئەو هەڵڵایەی کە کاك خەتاب سابیری دوایی کامیار سابیر ناویەتیەوە، باسێکی سیاسیانەی مەبەست دیار و نادیارە، نەك باسێکی زانستی زمان و هەوڵی چارەسەری زمانی یەکگرتوو بۆ کورد، دەنا بۆ دەبێ ناوی کاك نەوشیروان و نەوشیروانیزم بەم باسەوە بگلێن، هەر لە بەر ئەوەی بابەتەکە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا بڵاو کراوەتەوە.

یان ئەم "سۆرەی قوندەر"ەی پێشەکییەکە بۆچی هاتۆتە ناو باسەکەوە؟ کامیار سابیر، کە کاتی خۆی فەخرەددین گەردی بە تورکمان لە قەڵەمی دابوو و من لە سەر ئەو شێوازە نووسینەی زۆرم گلەیی لێ کرد، ئێستا بە (وانێ وانێ)ی هەندێ

گەڕەکی سلێمانی دەئاخوێ! ئەمەش، ئەوە دەردەخا کە کاك کامیار سابیر بێ ئەوەی خەڵکی سلێمانی بێ سلێمانچێتی دەکا و مەبەستێکی تری هەیە نەك ئەوەی کە لێی دەدوێ و ئەگەر تورکمانیش نەبێ وا پێ دەچێ دەستێکی تورکمانی لە پشتیەوە بێ. زۆر بە داخەوەم ئەو گومانە خشکە دەکاتە دەروونمەوە بەڵام خەتای من نییە ناوی کاك نەوشیروان لە چێیەکدا دێنێ کە پێویست بە ناوهێنانی ناکا و لە باسێکدا "سۆرەی قووندەر" بە زاری قەڵەمەکەیدا دێ کە پروشکێکە ئاگرێکی گەورە و ناپێویستی لێ دەکەوێتەوە و بۆی هەیە تەڕ و وشکی کورد، هەر نەبێ لە بواری زماندا، بە سەر یەکدا بسووتێنێ.

ئینگلیزی بووە زمانی باوی ئەوروپا و جیهان، بەڵام بە هۆی نووسینێکەوە نەبووە ئەو زمانە، کامیار سابیرێکی ئینگلیز پەیدا بووبێ و نووسینێکی ئاوها سوێر و تاڵی نووسیبێ و نائینگلیزی کردبێتە خاوەنی "سۆرەی قووندەر" و بە چاویانیدا دابێتەوە. زمانی ئینگلیزی، بە هۆی فراوانی موستەعمەرە و پێشکەوتنی زانست و پیشەسازی و کڕینی خوری و فرۆشتنی قوماشی فەتاح پاشا و کەسانی لێهاتووی وەك شکسپیرەوە خۆی سەپاند نەك (وانێ) خاوەکانی زاری قسەکەرانی ئینگلیز و نەیشبۆتە زمانی یەکگرتوو، بەڵکو زمانی زاڵ و باو... وەك عارەبی لە عیراقدا و تورکی لە ترکیادا و فارسی لە ئێراندا، لەگەڵ جیاوازیی ئەوەی کە ئەو سێیەی دوایی بۆ کورد زمانی داگیرکاری و زۆردارین و ئینگلیزی لە ئەوروپادا وا نەبووە.

کامیار سابیر کوردستانی گەورە بە یۆتۆپیا دەزانێ بەڵام لە بیری نییە عیراقێکی یەکگرتووو ئارام کە تیایدا کورد هەتا سەر بتوانێ بە کوردی بدوێ و شیعە و سوننە بە کلك یەکتر نەناسنەوە، لە کوردستانی گەورە زۆر یۆتۆپیاترە. ئەوانەی وەك ئەو بیر ناکەنەوە، بە لای ئەوەوە پانکوردیست و پانکرمانجست و پانلاتینستن بەڵام لە بیری نییە خۆشی بە تەڵەی پانعیراقی و پانعارەبی و پانسۆرانی و پانئارامییەوە بووە. ڕەگێك وەك ڕەگی تۆڵەکە لە کۆمۆنیزم ئاوی خواردبێتەوە و ئێستای ئاوها دژی زاراوەی تری کوردی توندوتیژ بێ، لە ڕدێنی (قازی)شدا بووبێ

پاك نییه. ئەگەر كاك كامیار بە كۆمۆنستی بماباوە، پتر ڕێزی هەستی نەتەوایەتی كوردی دەگرت و خۆزگە قەت دەسبەرداری كۆمۆنیزم نەبوایە. بەڵام دەڵێی چی كۆمۆنست كە هەڵگەڕایەوە، ئیدی یا دەبێتە سۆفییەكی ئاینی، یا لە قەومایەتدا دەبێتە ناوچەچی!

ئەم دەربڕینانە كە قورسایی دەخەنە سەر دڵ و دەروون و هەستی ناوچە ناسۆران و نایەكێتی و ناوچەی پیتی ناعارەبی، بە قەدەر ڕەتكردنەوەی كرمانجی و لاتینی كاردانەوی توندی دەبێ و سۆرانی و پیتی عارەبی ڕەت دەكرێنەوە و بەوەش ئەوەندەی دی لە زمانی یەكگرتوو و پیتی نووسینی یەكگرتووەوە دوور دەكەوینەوە و كەلەبەری نێوان خەڵكی سەر بەو لەهجانەش فراوانتر دەبێ. ناوچەی سلێمانی هەقی ئەو نازكردنەی بە سەر ناوچەكانی تری كوردستانەوە هەیە كە لە سەردەمی بابانەكدا بۆی لواوە كوردی بەكار بێنێ و لە ڕووی ئەدەبییەوە بە چەند هەنگاوێك پێش ناوچەكانی دی بكەوێتەوە، بەڵام ئێستا خەڵكی تر و ناوچەی تریش لە مەیدانی نووسین و ئەدەب و ڕۆشنبیریی كوریدا هەن و ڕۆڵیان هەیە ووەختە بڵێم سلێمانی بە هۆی دابڕانیەوە كەوتۆتە دواوە. دەشێ بڵێین مادام خەڵكی ناوچەی سلێمانی لە پێش ناوچەكانی تردا بە كوردیی خوێندوویانە، دەبێ شێوازی سلێمانی بە سەر ئەوانی تردا زاڵ بێ؟ ئەو نازكردن و نازڕاگرتنە ناكەنە ئەوەی وا بزانین ئەوەی ئەمڕۆ لە زماندا گاگۆڵكێ دەكا سبەینێ ناكەوێتە سەر پێی خۆی و نابێتە ڕۆستەمی زاڵی بواری زمان. مەسعوود محەمەد و عەزیز گەردی و هێمن و هەژار و عەلادین سوجادی و شوكور مستەفا و زۆری تر، كە خەڵكی ناوچەی سلێمانی نین و لە سێبەری بابانەكانیشدا نەژیاون، سەرچاوە و سەرجەلەكێشی زمانی كوردین. بە داخێكی گرانەوە، كاردانەوەی نووسینەكەی كامیار سابیر و دەربڕینی تری لەو بابەتەی نووسەرانی دی، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی كۆمەڵێك ڕۆشنبیری دەڤەری بادینان و هەندێكیان لە ئەورووپادا، بكەونە سەر ئەو باوەڕەی كە ناوچەی فدرالی تایبەت بە خۆیان هەبێ و ئەگەر پەرلەمانی كوردستان بە دەنگیانەوە نەچێ، هانا بۆ

ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا بەرن. ئەگەر بیانووەکانیان بەجێش نەبن، خۆ بایی ئەوە هەن توندڕەوییەکەی کامیار سابیر و لایەنگرانی، بیانوو بن و بترسێن زاراوەی خۆیان لێ قەدەغە بکرێ و خوانەخواستە سۆران جێی تورکیای کەمالییان لێ بگرێتەوە و شێوەزاری ئاخاوتنی نێوان ژن و مێردیشیان لێ سنووردار و مەرجدار بکا. من لەو ترسەیان دەگەم، بەڵام قەت لەوە ناگەم عارەبییان بە لاوە باشتر بێ لە شێوەزاری ناوچەی سۆران، کە کرمانجی خوارووە.

من پێموایە زاراوەکان، دەبێ... بەڵێ دەبێ خزمەتیان بکرێ نەك پێشیان پێ بگیرێ. وشەکانیشیان لە یەك قامووسی گەورەدا کۆبکرێنەوە و بکرێتە سەرچاوە بۆ هەموو زاراوەکان... کرمانجی و سۆرانی و هەورامی و لوڕی و تەنانەت بنزاراوەکانیش لە یەك بەرگی وەك هەمبانەکەی مام هەژاردا جێیان هەبێ و ئەگەر بە هەردوو حەرفی عارەبی و لاتینیش تۆمار بکرێن هیچ ناقەومێ وقیامەت هەڵناسێ. من بەش بە حاڵی خۆم، کە نازانم بە کرمانجی ژووروو بنووسم، هەست بە لاوازیی دەکەم و پێموایە کەلێنێکی گەورە لە کوردییەکەمدا هەیە.

هەندێ بەڕێز پێیان وایە ئەگەر پیتەکان لاتینی بن، لە بواری تەکنیکی ئەم عەیامەدا کارەکانمان ئاسانتر بەڕێوە دەچن، بەڵام خۆ عارەبەکان و چین و هند و ئەفغانستان وئێران وهەموو ئەوانەی پیتی لاتینی بەکارناهێنن، پەکیان نەکەوتووە و ئەوەتا چین بەو پیتە سەیروسەمەرانەوە بۆتە هەڕەشە لە سەر وڵاتە پیشەسازییەکانی دنیا و خەریکە شان لە شانی ژاپۆن دەدا کە لەوێش نووسینی لاتینی باو و زاڵ نییە و هەموو تەمەنی ئازادی و سەربەخۆیی چین ناگاتە شەست ساڵ وئەوکاتەی ئێمە دەسەڵاتی سەددامما ن لە کۆڵ بووەوە، تەمەنی ئازادی ئەوان هەر چل ساڵێك دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، پێم وا نییە قەیامەت هەڵسێ ئەگەر هەردوو پیتەکان بەکار بهێندرێن تا ڕۆژێکی بە شێوەیەکی سروشتی یەکێ لەو نووسین و زاراوانە، بە پشتبەستن بە زاراوەکانی تر و بەرهەمی نایاب و کۆششی دڵسۆزان و لێهاتووان دەبێتە سەرجەلەکێش و زمانی گشت و گرنگیش نییە کامە زاراوە زاڵ دەبێ.

پێم وا نییە ئەم نەوەیەی ئێمە کە بە ڕەدووکەوتنی فکریی و شەڕی ئایدۆلۆژی و دووبەرەکیی و ناوچەگەرێتی و داگیرکەرویستی بارگاوی و چڵکن بووە و کوردستانی گەورە بە یۆتۆپیا دەناسێنێ و دەناسێ بتوانێ، بێ ئەوەی زۆردارێکی دەرەکی داگیرکەر بە سەریدا بیسەپێنێ، کێشەی لەو بابەتە یەکلایی بکاتەوە. لەبەر ئەوە، کاتی خۆی لە نووسینێکدا شتێکی لەم بابەتەم پێشنیار کردبوو و ئێستاش دەیخەمە ڕوو: هەر لە سەرەتاییەوە، ناوچەی بادینان کرمانجی خواروو بخوێنن و ناوچەی سۆران کرمانجی ژووروو بخوێنن تا هەردوو لایان شارەزای هەردوو زاراوە سەرەکییەکان بن. بەڵام ئێستا ئەوەشی دەخەمە پاڵ کە ئەو خوێندن و فێربوونە، شێوەزاری خۆجیی تریشی لەگەڵدا بێ، جا هەرچی شێوەزارێك دەبێ با ببێ. کە ڕۆڵەکانی ئەو وەچەیە پێگەیشتن، دەتوانن بڕیاری لە سەر بدەن و چ پێویست ناکا ئێمە هەر لە ئێستاوە و بە عەقڵی پاشکۆیەتی حیزبایەتی و دووبەرکی و داگیرکەرانی نیشتمانەکەمانەوە چارەنووسیان بە قوڕدا بەرین و لە سەر بێشکە نا، بەڵکو پێش ئەوەی لە دایك بن، مارەیان ببڕین، وەك سیاسەتمەداران مارەیان بڕیوون.

لینگوا فرانکا، کە کاك کامیار باسی دەکا و پشتی پێ دەبەستێ و دەیکاتە بناغە و نموونە، لە بنەڕەتدا زمانێکی بێ ڕێزمانی پەرەنەسەندووی تێکەڵە بووە لە وشەگەلی پورتوگالی و فەرەنسی و عارەبی و ئیسپانی و ئیتالی، کە لە بواری کەشتیوانی و ئاڵوگۆڕی جامبازی و بازرگانیدا بەکار هێندراوە و هەرگیز نەبۆتە زمانی تەکنیك و زانست و ئەدەب و سیاسەت، عارەبەکان بە فەرەنسییان زانیوە و فەرەنسییەکانیش پێیان وابووە عارەبییە و دوایی، لەبەر ئەوەی مەرجی بەردەوامبوونی تێدا نەبووە و شێوازی جامبازی و بازرگانی گۆڕاوە، عەمری درێژی بۆ کاك کامیار بەجێ هێشتووە و فت بووە. ئەو زمانە، کە ژمارەی وشەکانی سنووردار بووە و ئەوانەی بەکاریان هێناوە لە ڕووی ژمارە و ئاستی هۆشیارییەوە سنووردار بوونە، زمانێکی (پیدگینی) بووە کە دەکاتە ئەو ئینگلیزییەی لە ئەنجامی بەریەککەوتنیدا لەگەڵ زمانێکی جیاوازدا، بۆ مەبەستێکی سنووردار پەیدا دەبێ.

دەشێ زمانی سویدی بە هۆی بەکارهێنانی زاراوە پیشەسازییەکانی ئەڵمانییەوە بووبێتە لینگوا فرانکا، کە لە ڕاستیدا واتای زمانی (فەرەنگی ـ ئیفرەنجی) دەدا؟ لە کوردستاندا، تورکمانییەکی تێکەڵی کوردی، یا کوردییەکی تێکەڵی تورکمانی لە ناوچەی ئۆمەرمەندانی بناری خاڵخاڵاندا هەیە، زۆر بەو زمانە تێکەڵەی دەوری دەریای ناوەڕاست دەچێ کە پێی دەگوترا لینگوا فرانکا و کاك کامیار هیوای لە سەری هەڵچنیوە. یەکێ لەو ڕستانەی کە ئێستا لە بیرم ماوە ئەمەیە: "بێشکەکە قالدر مانگاکە تێپەڕ ئۆلسن! ـ واتە: بێشکەکە لادە با مانگاکە ڕەت بێ" تۆ بڵێی بشێ هەموو زمانی کوردیی بەو شێوەیە لێ بکەین و کاك کامیار چۆن گەرەکێتی زمانێکی لەو چەشنە بۆ کورد... بە دروستکردن دروست بکا و لە پێناویشیدا هەستی هەزاران کەس، کە من یەکێکیانم، بریندار بکا؟ ئەگەر تێکەڵکردنی عارەبی و پورتوگالی و ئیتالی ببێتە لینگوا فرانکا، تێکەڵکردنی کوردی و کوردی دەبێتە چی؟ ڕەنگە ببێتە (جەمەلاوی ـ یا بەرەی کوردستانی لە بواری زماندا) بەڵام نابێتە ئەو زمانەی کە کاك کامیار باسی دەکا. ئەگەر بناغەی بیرۆکە و بۆچوونەکەی کاك کامیار ئەو زمانە مردارە بێ، هەرچی لە سەر هەڵچندرێ هەرەس دێنێ و هیچی لە سەر هەڵنەچنین زەرەر لە نیوە دەگەڕێتەوە. ڕەنگە بە هۆی پاشخانی ئایدۆلۆژییەوە، کاك کامیار نەیویستبێ باسی ئەو زمانە بکا کە جۆرج ئۆروێل لە ڕۆمانی (١٩٨٤)یدا، بۆ دکتاتۆرە حیزبییەکەی ستالینی داهێناوە و ناوی (گوتەی نوێ)ی لێ ناوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرتەسك دەبێتەوە. ئۆروێل بە تەوسەوە و لە زاری لێپرسراوێکی حیزبییەوە دەڵێ: "کە وشەی (جوان) هەبێ (ناشیرین)مان بۆ چییە؟ دەتوانین ناجوان بەکاربێنین!" ئەو زمانەی ئۆروێل هەمان ئەو لینگوا فرانکایەیە کە کاك کامیار باسی دەکا، بەڵام حەیفێ سوودی لە زمانی (گوتەی نوێ)ی ئۆروێل وەرنەگرتووە!

کاك کامیار نوسیویەتی: "کوا ئەو زمانە کەڵەگەتەی بیری (کورد)ی پێ نووسراوەتەوە یا دەنووسرێتەوە. ناکرێ بڵێی کورد شاکارنووسی نییە، بەڵام

تەنانەت ئەگەر زۆرێك لەم شاكارانە، بۆ زمانێكی وەك ئینگلیزیی وەربگێڕدرێن، ئەگەر وەرگێر زمانی نووسین و ستراكتووری نووسینەكان دانەڕێژێتەوە و ڕۆڵی زماناسێكی باش نەگێڕێ، دەبێ لە هەر پەرەگرافێكدا لای كەم چوار the ی ناپێویست لا ببرێ و لە چوار شوێنی تر دابنرێتەوە. چوار جار was و whereیان بۆ چاك بكەیتەوە، (ing و ed)یان لە ڕستەكاندا بۆ جێگۆڕكێ بكەی، ئەوە لە ستراكتۆری داڕشتنەكەی بگەڕێ كە بڕیارە گیانی نووسینەكە بێت".

زمانی كەڵەگەت و كورتەبالاَ كامانەن؟ ئەم سووكایەتییە چییە بە زمانی كوردی دەكا! دەڵێی زمانی كوردیی نە یاسا و ڕێسای هەیە نە ڕێزمان و نە خانی و نالی و شێخ ڕەزا پێیان نوسیوە و تا ئێستاش وەك سەردەمی ئەشكەوت، كورد مرەمرِ دەكا. دەبێ ئەوە بزانین كە لە بواری وەرگێڕاندا، خزمایەتی نێوان ئەو زمانەی پێی نووسراوە و ئەوەی بۆی وەردەگێڕدرێ، ڕۆڵێكی یەكجار گەورەی لە وەرگێڕانەكەدا هەیە. تۆ ئەگەر عارەبیزانێكی باشیش بیت، وەرگێڕانی نێوان كوردی و عارەبیت بۆ ئاسان نابێ بەلاَم بە زەبری قامووسیش فارسی بكەیتە كوردیی، وەك زۆر كەس وا دەكەن، خۆی لەگەڵ هەست و دەست و قەڵەمەكەتدا دێ و بە ئاسانی دایدەڕێژێ. تەنانەت وەرگێڕان لە زمانێكی وەك سویدییەوە بۆ كوردی، لەوە ئاسانترە لە عارەبییەوە وەریگێڕیت، چونكە خزمایەتییەك ئەگەر دووریش بێ، لە نێوان كوردی و سویدیدا هەیە و هەردوكیان سەر بە هندوئەوروپین. بەلاَم كوردی و عارەبی، جیاوازییەكانیان وەك سەرزەمینەكانیانە... ئەو چیا و ئەم بیابان. كورد و عارەب، تەنانەت شێوەی ئاخاوتنیشیان جیاوازە و كورد بە هۆی دەنگدانەوەوە لە ژینگەكەیدا ئارامتر قسە دەكا و عارەب لە هەموو ئاخاوتنێكدا دەنگ بەرز دەكەنەوە و هاوار دەكەن و ئاغاش نەبن بە ئاغا دەچن. ئەوجا ئەگەر ئەو كوردییەی كە ئێستا باوە و خۆی سەپاندووە، ئەو بێ نموودە سەقەتە بێ كە كاك كامیار سابیر باسی دەكا و بەرگریی لە بوونی دەكا و ئەو هەموو كەموكووڕییانەی تێدا بن، كەی ڕەوایە بە سەر لەهجەكانی تریشدا بیسەپێنی و ماڵی خەڵكی تریش وێران بكەی؟! ئەو

کوردییەی پێی دەنووسین، ئەگەر ئاوەا دەرداوی و بێ نموود بێ، نەبوونی باشتر نییە؟!

پێموایە زمانی کوردیی یەکێکە لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان و نهێنییەکەشی لەوەدایە کە بەربەستی سروشتیی لە نێوان، تەنانەت دوو گوندی نێزیکی یەکتریشدا هەیە، جگە لە زاراوە زۆر و زەبەندەکانی کە هەر یەکەیان دەریایەك وشەی تێدایە. گەلێ جار زنجیرە شاخ دەبێتە بەربەست و زۆر جار ڕووبار بەربەستن و تەنانەت گوندنشینی خۆرەتاو جیاوازیی ئاخاوتنیان لەگەڵ دانیشتوانی گوندی نساردا هەیە. تۆ بڵێی دەقێکی عارەبی بکەیتە کوردیی پێویستت بەو جێگۆڕکێیانە نەبێ لە theدا بیکەی؟ جاری وا بووە بەرهەمێکم کردۆتە کوردیی، سێ چوار جار پێیدا چومەتەوە و هەموو جارێکیش ڕستە و وشەم گۆڕیون و ئەوەش لە وەرگێڕاندا ئەوپەڕی ئاساییە... نا، بگرە پێویستیشە.

بزانە کاك کامیار هەر لەو بڕگەیەی سەرەوەدا چی کردووە: دەبوو لە کۆتایی یەکەم ڕستەیدا نیشانەی پرسیار دانێ و داینەناوە. لابرێ و دابندرێتەوە، دەبوو لابرێن و دابندرێنەوە بن. {(ing و ed)یان لە ڕستەکاندا بۆ جێگۆڕکێ بکەی}یش ڕستەیەکی سەیر و خواروخێچە و دەبوو وابێ: (ing و ed) لە ڕستەکاندا جێگۆڕکێیان پێ بکرێ. یا: جێگۆڕکی بە (ing و ed) لە ڕستەکاندا بکەی... و شێوە دارشتنی تریش هەن. گواستنەوەی دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بۆ کورتەبالایی و کەڵەگەتی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە نەك کورتەبالایی و کەڵەگەتی زمانی یەکەم یا دووەم. هەموو ئەو بەرهەمانەی کە مامۆستا عەزیز گەردی وەریگێڕاون، ناوی نووسەرەکانیان لابەری نازانی وەرگێڕانن، بە تایبەتی (داغستانی من). تۆ ئەگەر دەقێك بکەیتە کوردیی کە پەیوەندیی بە کشتوکاڵەوە هەبێ و شارەزاییەکی ئەوتۆت لە کشتوکاڵدا نەبێ، دیارە کە بە دیاریەوە پەکت دەکەوێ.. کە تۆ توانای دەربڕینت کەم بێ زمان بڵێ چی؟!. من بەش بە حاڵی خۆم لە وەرگێڕانی کتێبکدا و لە بواری مەرەزەکاریدا تووشی ئەو کێشەیە بووم و ناچار بووم داوای یارمەتی لە

وەرزێری شارەزای ئەو بوارە بکەم. بە ڕاستی بۆم دەرکەوت زمانی کوردیی لە بواری مەرەزەدا زۆر لە زمانی سویدی دەوڵەمەنترە. لە سویدیدا برنج و چەڵتووك هەر برنجە و بڕش کە دزەبزوێنێك (مختلسە) لە نێوان (ڕ) و (ش)ەکەیدا خۆی ماتداوە و توێکڵی دەنکە برنجە، لە سویدیدا هەر توێکڵە. ئاخر سویدییەکان مەرەزەیان لە کوێ بوو تا ئەو زاراوانە لە زمانەکەیاندا هەبێ؟! بەرانبەر ئەوەش، ئەو دیاردەیەی نیوەشەوی تەوەری زەوی، کە سویدییەکان پێی دەڵێن Norrsken و ئینگلیز Northern lightی پێ دەڵێن، کورد نەیبووە تا ناوێکی لێ بنێ بۆیە من بە ناچاری ناوی کۆڵکەزێڕینەی نیوەشەوی باکوورم لێی ناوە، کە ڕەنگیشە تیشك لەبارتر بێ. ئەگەر خوێنەری هێژا لە گووگل بە دوای وێنەی ئەو وشەیەدا بگەڕێ و بیبینێ، دەزانێ باسی چی دەکەم. ئەوجا وەرگێڕانی گوتەی پێشینان و قسەی نەستەقی نەتەوەکان، کە بە یەك دەچن بەڵام هاودەق نین، شارەزایی دەوێ. دەشێ (All that shines is not gold)ی شەکسپیر بکەیتە (هەموو سمێڵسوورێك هەمزە ئاغا نییە) با شەکسپیر هەمزە ئاغای نەناسیبێ و ناویشی نەبیستبێ. ئیدی دەوەستێتە سەر سەلیقەی وەرگێڕ.

ئێمە گلەیی لەو نووسەرە کوردانە دەکەین کە بە زمانی بێگانە دەنووسن، کەچی کاك کامیار سابیر دەڵێ: "نووسەرانی کورد ناوێرن بە زمانە ڕۆژاواییەکان بنووسن، لە کاتێکدا زۆریشیان دەیزانن چونکە دەزانن دەبن بە چ گاڵتەجاڕییەك..." ئەوەندەی من بزانم زۆر نووسەری کورد بە زمانە ئەورووپییەکان دەنووسن و نووسیویانە و نە بوونەتە گاڵتەجاڕ، نە چاویشیان دەرهێندراوە، وەك کاك کامیار دەڵێ. کەسێکی وەك یەشار کەمال، کە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر هەموو زمانە زیندووکانی دنیا، گلەیی ئەوەی لێ دەکرێ کە بە کوردی نانووسێت. عارەبییەکەی مەسعود محەمەد و سەلیم بەرەکات شتێ نییە خوێنەر زاتی ئەوە بکات باسی لایەنە زمانەوانییەکەی بکا. زۆر کوردی تر هەن بە زمانە ئەورووپاییەکانیش نووسیویانە بەڵام ئێرە جێی باسکردنیان نییە. من بەش بە حاڵی

خۆم، بابەتم بە سویدی بڵاو کردۆتەوە و نە بوومە گاڵتەجاڕ نە چاویشم دەرهێندران. وا نییە کاك کامیار... من بە پێچەوانەوە مەسەلەکە دەبینم. باوەڕ بکە ئەو کورتە چیرۆکانەی، بۆ نموونە، محەمەد موکری و شێرزاد حەسەن و حەمەفەریق حەسەن و زۆری تر دەیاننووسن، شان لە شانی چیرۆکە کورتەکانی جاك لەندەن و سەمەرسێت مۆم و سیسیلیا داژیدسۆن و هەندێ لە چیرۆکنووسە کلاسیکییە ڕووسەکان دەدەن، ئەگەر لە پێشیانەوە نەبن، بەڵام ئەوە خەسڵەتی کوردە کە بەرهەمی خۆی پێ کەم بێت، بە تایبەتی ئەو کوردانەی شەڕ لە دژی نەتەوایەتی بەرپا دەکەن. ڕاستە هەندێ لەو نووسەرانەی کورد کە لە ڕووی فەلسەفە و بابەتی کۆمەڵایەتییەوە دەڕواننە زمان، زمانی کوردی سەقەت دەکەن، بەڵام ئەوەش ئەرکی کوردیزانەکانی ترە کە بۆیان ڕاست بکەنەوە، یا هیچ نەبێ لێیان بە دەنگ بێن. زمان بڵێ چی کە تۆ بە باشی بەکاری نەهێنی و مافی تەواوی خۆی نەدەیتێ و ڕێزی نەگری؟ !

کاك کامیار پێی وایە ئەوەی زمانە ئەوروپاییەکان نەزانێ ناتوانێ زانستانە باسی زمان بکات. بەڵام مامۆستا عەلائەددین سەجادی و مەلا کەریمی مودەڕیس و شوکور مستەفا و هەژار و هێمن و مەسعود محەمەد و کاکە حەمەی مەلاکەریم و کەریم شارەزا و حەمەکەریم عارف و جەلیل کاکەوەیس و زۆری تر، کە هەر کوردی و زمانە زاڵەکەی داگیرکەریان بە تەواوی زانیوە و دەزانن، لە ڕاستیدا، سەرچاوەی زمانەکەمانن و پێویستە بۆ هەموو کێشەیەکی زمانەوانی بۆ خزمەتیان بگەڕێینەوە. کەی وایە مامۆستا؟ ئەو عارەبییەی ئیبن خەلدوون نووسیویەتی مافی ئەوەی پێ دەدا ببێتە سەرچاوەی زماننناسی و زمانزانی بۆ هەموو عارەب کەچی هەر عارەبیشی زانیوە، ئەگەرچی ڕێشی تێدەچێ کەمێ شارەزایی لە ئیسپانیدا هەبووبێ، چونکە لە باکووری ئەفریقیا ژیاوە. هەروەها موتەنەبیی و مەعەری و فەرەزدەق و جاحیز و دەیانی تر کە ئەدەبی عارەبیان ڕازاندۆتەوە و پێوانەی ڕێزمانی عارەبین. ئەدی عەلی کوڕی ئەبو تالیبی خاوەنی (نهج البلاغة) کام زمانی ئەوروپایی زانیوە وا ئەو عارەبییە بەرزەی گوتووە؟ توخوا فەرەزدەق کاتێ دەڵێ: (قوم إذا إستنبح

الأضياف كلبهم قالوا لامهم بولي على النار) چ حەوەجەی بەوە هەیە زمانێکی ئەوروپایی بزانێ تا دەربڕینەکەی دروست بێ؟ یا کاتێ شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێ: **(ئەگەرچی بۆ موجتهەید جائیز نییە تەقلید، من موجتەهدم هاتم و تەقلیدی کەرم کرد)** چ پێویستی بەوە هەیە ئینگلیزی بزانێ تا ئەو ڕەوانبێژییەی هەبێ؟ ئەگەر کوردیزانینی شێرزاد حەسەن بە هۆی ئینگلیزیزانینەوە بێ، کوردیزانینی ئەو زاتانەی کە لە سەرەوە ناووم هێنان، بە هۆی چییەوەیە و داڕشتنی خراپی کوردی لای کاک کامیارکە ئینگلیزیی دەزانێ، هۆیەکەی چییە؟ ئەوە سەلیقە و توانای داڕشتنە وا لە نووسەر دەکەن جوان بنووسێ یا خراپ، نەک زانین و نەزانینی زمانی ئەوروپاییەکان. ئێستا کە کاک کامیار بە هەڵە (هەرە) بەکار دێنێ، ئینگلیزیزانینەکەی چ یارمەتییەکی داوە و بە کەڵکی چی هاتووە؟ ئەو دەڵێ: "زمانیش یەکێکە لە هەرە میکانیزمە بالاکانی جولاندنی ئەم مۆتیڕە" و دەبوو بڵێ: "زمانیش یەکێکە لە میکانیزمە هەرە بالاکانی جوولاندنی ئەم مۆتیڕە" چونکە ئەو (هەرە)یە باس لە سیفەت و ئاستی بالایی و دامێنیی میکانیزمەکە دەکا نەك خودی میکانیزمەکە. پێم وایە ئەو (هەرە)یە لە ئینگلیزیدا دەبێتە (most) و با کاک کامیار بیخاتە ڕستەیەکەوە و بزانێ ئاخۆ پێش (high یا lofty) دەکەوێتەوە، یا mechanism... واتە پێش ڕاناو دەکەوێتەوە یا ناو! ڕاستە لە وەرگێڕانی ئەو ڕستەیەدا تووشی سەرهێشە دەبین بەلام ئەگەر توانای زمانەوانیمان هەبێ، هەر بە سەلیقە دەزانین نووسەر مەبەستی چییە و دەتوانین بە بێ کێشە بیگۆڕینە سەر ئەو زمانەی کە دەیزانین و مەبەستمانە. هەر لە بەکارهێنانی (هەرە)دا دەڵێ: "شتێکی بەڵگەنەویستە، یەکێ لە هەرە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەوەی گەلی کورد ..." و دەبوو بڵێ: "... یەکێ لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکانی..." لەبەر هەمان هۆ. دیارە بەکارهێنانی (هەرە) بەو شێوە ناهەموارە، لە سای سەری هەندێ لە نووسەرانەوە بۆتە هەڵەیەکی باوی ناو نووسەرە لاوەکانیش و دەرمانی ئینگلیزی یارمەتی کاک کامیاری نەداوە و کوردییەکەی بۆ چاك نەکردووە. کەواتە ئینگلیزیزانین نەك هەر

یارمەتی کاك کامیاری نەدا بۆ ئەوەی (هەرە) بە باشی بەکار بێنێ، بەڵکو کوردییەکەشی لێ کردووە بە زمانێکی ماشوبرنجی کوردی و ئینگلیزی وا، بۆ تێگەیشتنی، سەرەڕای کوردیی، دەبێ ئینگلیزییش بزانیت.

بڕوانە ئەم ڕستە یەی کاك کامیار: "... گوایە ستەمێکی گەورە لە بادینییەکان دەکرێ ئەگەر زمانی کوردیی (سۆرانی) بکرێ بە زمانی ستاندەرد و لینگوا فرانکای فەرمی، جگە لە ئەفسانەتاشین و ڕەگەزپەرستیی و ناوچەپەرستیی و خۆجیاکردنەوە نەبێت، ئاکارەکانیان هیچ شیکردنەوەیەکی لۆژیکی تر هەڵناگرێ" (جگە لە) و (نەبێت) لە یەك ڕستەدا جێیان نابێتە. دەڵێین: "من و تۆ نەبێ، کەس تەنهاتبوو" یا: "جگە لە من و تۆ، کەس نەهاتبوو"، بەڵام "جگە لە من و تۆ نەبێ"، ڕستەیەکی خوار و خێچ و ناکوردی لەنگە و پیرەمێردێکی نەخوێندووی گوندنشینیش هەستی پێ دەکا و نەدەبوو کامیارێك ئاوها دایڕێژێ کە گەرەکێتی شێوازە نووسینەکەی خۆی بە سەر هەموو زاراوە کوردییەکانی تردا زاڵ بکا. هەر بۆ خۆشیش ڕەگەزپەرستی و ناوچەپەرستی دەکەمە عارەبی: عبادة العرق و عبادة المنطقة!! ئاخر چۆن لە باسی زماندا ئاوها سووك و باریك بە تەڵەی ئایدۆلۆژستەکانەوە دەبی و لە سەنگەری ئەوانەوە دەڕوانێتە زمان؟ (هەڵناگرێ)ش دەبوو (هەڵناگرن) بێ، چونکە بۆ ئاکارەکان دەگەڕێتەوە نەك شیکردنەوە. ئیدی حسێبی خۆت بکە. ئای کە کوردبوون بارێکی قورسە بە سەر شانمانەوە، کەچی بە لابردنی دەمرین و لەناو دەچین!

(زمانی ستاندەرد چ وەك دیبەت و چ وەك پرۆسێس خزمەتێکی گەورە بە هۆمۆجینییەسی ڕەوشە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەو گەل و نەتەوانە دەکات کە بەکاری دەهێنن) ئاخر مامۆستا توخوا ئەمە کوردییە و دەتەوێ ئەمە بە سەر کوردی نەگبەتدا بسەپێنی؟ بە خودای ئەگەرچی من بەخۆم شێوەزارم کرمانجی خواروو (سۆرانی)یە، ئەو سۆرانییە ڕەت دەکەمەوە کە بەکارت هێناوە. ڕاستە هەندێ جار کورد ستاندەرد (نەك ستەندەرد) و پرۆسە (نەك پرۆسێس) بەکار دێنێ بەڵام بە قوربانت بم هۆمۆجینییەس چەس؟ تۆ بڵێی هاوئاواز و هاودەنگ و تەبا

و لێکجوو و خوا دەزانێ چەندی تر کە من نایانزانم، جێی ئەو هۆمۆیە نەگرێتەوە؟! ئاخر ئەمە (بێشکەکە قالدر مانگاکە تێپەڕ ئۆلسن)ی ئۆمەرمەندانی و تورکمانباغییەکانی بناری خاڵخاڵان نییە؟ دڵنیام ئەگەر هەویش نەبێ زۆر لەو زەریفتر نییە. هەردووکیان، بە ڕێزمانی کوردیی و وشەی ناکوردیی گوتراون و نووسراون.

نووسینەکەی کاک کامیار پڕە لە وشەی ئینگلیزی: ئێدیتۆر، پرۆفیشناڵ، ئێدیت، دیبەت، پرۆسێس، ئایدێنتیتی، ستەندەرد، هۆمۆجینییەس، ستاندەرایز، تێرم، نۆرم، تروما، ئێمپریسیزم، ستراکتۆر و فەنکشن و زۆری تر و تەنانەت (ئینترۆدەکشن)یش کە پێشەکی جوان و ساکار دەگەیەنێ، لە نووسینەکەیدا هەن و باسی زمانی یەکگرتووشمان بۆ دەکا کە ئەو کوردییەی خۆی تێیدا بالادەست بێ و چاکیش دەزانێ ئەوەی ئینگلیزی نەزانێ بە ئاسانی لەو کوردییەی خۆی ناگا.. بۆ نموونە، من دەزانم فەنکشن لە بیرکاریدا چ کارێك دەکا، بەڵام ئەوە یەکەم جارە لە بواری زمان و زمانەوانیدا بیری لێ بکەمەوە. باشە نەدەبوو لە بری ئەو وشە ئینگلیزییانە، بۆ دڵنەوایی کردنیش بێ، وشەی زاراوەکانی تری کوردیی بەکار بهێنێ؟ ئەو کاتە دەبێتە بەزم، وەك کاك کامیار زاراوەی ئوسرالیا بەکار دێنێ، کوردی ئەڵمانیا زاراوەی ئەڵمانی بەکار بێنێ و کوردی سوید زاراوەی سویدی بەکار بێنێ و کوردی چینیش زاراوەی چینی بەکار بێنێ! ئەی هەش بە سەر خوێنەری کورد! خۆ خوێنەریك هێندەی حەزرەتی سلێمان زمان نەزانێ، لەو هەموو زمانە دوورەدەستانە تێناگا!

لە ڕاستیدا، نەدەبوو خۆ لە کارێك هەڵقورتێنم کە کاك کامیار خەریکێتی چونکە کەسێ بەو هەموو وشە سەیروسەمەرانەشەوە ئەوسا بتوانێ بنووسێ: "کورد کە فێری هەندێ تێرم و نۆرمی ڕۆژاوایی دەبێ، خۆی زۆر تەسك دەکاتەوە، چونکە لێی دەوەشێتەوە لەوەش درشتتر بڵێ. "ئەم دەربڕینە گشتگرە (کورد)، منیش و کاك کامیار خۆشی دەگرێتەوە، بەڵام کە هەموومان خاوەنی زمانەکەمان بین، مافی وەك

یەکمان هەیە لە سەری بدوێین بۆیە منیش لە سەری دەدوێم. جگە لەوەش، کاك کامیار ئاوها دەدوێ: "کەچی بە کەچە تاپڕێکی ناسیۆنالستیی، عاشق بە زمانی کوردی (کرمانجی)یەوە دێن ئەو هەموو داهێنان و مێژووە دوور و درێژەی زمانی کوردی ستاندەرد (سۆرانی) دەشێوێنن و بە شێوەیەکی زۆر دیماگۆجییانە کەرەتی سفری دەکەن و دەیانەوێ پێش بە ڕەوتی مێژوویی و گەشەسەندنی سروشتیی زمانی کوردیی بگرن" هەوڵی خزمەتکردنی زمان کەچە تاپڕ نییە و کەم کەسیش توانیویەتی هێندەی جەنابت زمانی کوردی بشێوێنێ و نە لە هاوکێشەی بیرکاریدا بۆت هەیە شتێ کەرەتی سفر بکەی نە لە فیزیادا! . ئەم دەربڕینە سیاسییە و زمانی تێدا کراوەتە کەرەسە و بیانوو و هەر بۆیەشە پردی ڕۆژنامە (لە بەر گرنگیی بابەتەکە) بڵاوی کردۆتەوە... خواوڕاستان من دەزانم هاوکێشە کەرەتی سفر ناکرێ.

من بەو کەچە تاپڕەوە دەڵێم: ئەگەر کەسێك وڵاتی سەربەخۆی نەبێ و لە ناو میللەتی دڕ و شەڕانی و دواکەوتووی وەك تورك و عارەب و فارسدا بژی و ژێردەستەیان بێ، خاوەنی هیچ شتێکی خۆی نییە و هەر بڕیارێکیش بدا، لە بارەی زمانی نەتەوەوە بێ یا بازرگانی نەوتەوە، هەر ئەوەندە بڕ دەکا کە ئاغاکانی لە پایتەختی داگیرکەرەوە بۆی دیاری دەکەن و دەمەتەقێ و شەڕ و هەرای ئێمەش هەر ئەوەندە بەردەوام دەبێ و باوی دەبێ کە عارەبی عیراق بارە خوارەکەیان ڕاست بێتەوە، تا بە گەمەی مار و نەردەوان بمانگێڕنەوە یەکەم خانەی خەبات. ئێمە... هیچ کەسێکمان مافی نازکردن و خۆ بەگەورەزانینمان نییە (بە گوتەی کاك کامیار "خۆتەسککردنەوە") چونکە گەورە بوایەین، خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەبووین و بەوەش بڕیارمان تا بەر دەرگای خۆمان بڕی دەکرد. هەر گەورەیەکیشمان بگری، گەورەی کۆمەڵێ کۆیلەیە و هیچی تر. ئەگەر خۆمان کۆیلە و سەرکردەکانمان کۆیلەوان نەبووینایە، دیارە هیچ نەبێ بۆ ئافرەتە کوردە فرۆشراوەکان نقەیەکمان لێوە دەهات و بیرمان بۆ ئەوە دەچوو داگیرکەر، هەر کاتێ گەرەکی بێ، وەك کاڵە و کاڵا دەمانفرۆشێ... وکەچە تاپڕەکەی منیش هەر ئەوەندە بڕ دەکا. سەیر نییە دان

بەوەدا بنێم کە کۆیلەم، بەڵکو سەیر ئەوەیە کۆیلە بم و هەست بە کۆیلایەتی خۆم نەکەم. ئەوەتا ئاغاکانمان، لە کونجی نادیارەوە، وەك کۆیلەکانی ئیتالیای زوو بە شەڕماندا دەدەن و ئێمەش، هەر وەك کۆیلەکان، بە دڵ و داو شەڕ دەکەین و دڵیان خۆش دەکەین! جیاوازیی منی پەنابەری سوید و کاك کامیاری پەنابەری ئوسترالی لەوەوە دەست پێ دەکا کە ئەو خۆی بە بەشەرێکی تەواو نازدار و ئازادی وەك ئوسترالییە پەنادەرەکانی خۆی دەزانێ و بە دڵێکی خۆشەوە خەریکی ڕازاندنەوەی دنیاگەرااییە و منیش، کە لەبەر گچکەیی لە هیچ کوێوە دیار نیم، دۆن کیشۆت ئاسا لە هەوڵی پساندنی زنجیری کۆیلایەتیدام. کە دەڵێم دۆن کیشۆت ئاسا، مەبەستم ئەوەیە هاونیشتمان و هاوقەفەز و هاوزنجیر و هاوزمانی وەك ئەو زاتەم هەیە کە سووك و بە لای لووتەوە دەڕوانێتە برینە نەتەوەییەکانی کورد و خوێیان پێوە دەکا، وەك ئەوەی برینی خۆی نەبێ. ئەمە چ بەنجبوونێکە؟

ئەوەی ڕاستی بێ من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەم کوردییەی ئێستا باوە و دنیایەك کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی پێ نووسراوە و هەڵگیراوە لە شەووڕۆژێکدا بگۆڕدرێ و بکرێتە شتێکی تر، جا هەر شتێك بێ. ئاخر دیوانی نالی چۆن بە لاتینی دەنووسیت؟! ئەو هەموو بەرهەمە بەپێزەی مەسعود محەمەد و سەجادی و مەلا کەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی، لەم بارودۆخەی ئەمڕۆدا چی لێ دەکەی؟ بەڵام ئەوەش ئەو دەرگایە داناخا نەوەکانی داهاتوو، دوای شارەزابوونیان لە زاراوەی یەکدی، لە بارودۆخێکی تایبەت بە خۆیانەوە بڕیارێکی تری لە سەر بدەن. لە لایەکی ترەوە لەگەڵ ئەو شێوە دەربڕینەدا نیم کە کاك کامیار شەڕی شێوەزار و زمان و ناوچەی پێ دەکا. هەموومان دەزانین دوای ساڵی (١٩٧٥) بەعس بەری بە خوێندن و نووسینی کوردی تەسك کردەوە و بادینان و کەرکوك و ناوچەکانی کەرکوك، کوردییان تێدا ڕاگیرا، کەچی کاك کامیار تایبەتمەندی و پێشکەوتنی زمانی کورد تەنها بەو سەردەمە دەدا. ئاخر ئەو سەردمە شۆڕشی نوێی تیدا بەرپا بووە و داری بە ڕۆحی شۆڕشی پێش خۆیدا داوە! خۆ ناهەقیشی نییە ئەو ناهەقییە بکا چونکە

پێ دەچی لە داهاتوویەکی نێزیکدا خۆری هیوا و ئاواتی تایبەتی، لەو جێیەوە هەڵبێ کە چاوی تێ بڕیەوە...

دەربڕینی زۆر قورس و بەسوێ لە نووسینەکەی کاک کامیاردا هەن کە سەرودڵ دەگرن و ناسۆران بۆ خۆدابڕاندن وماڵجیایی هان دەدەن، بەڵام ئەو چەند نموونەیە بەسە و پێی ناوێ زۆری لە سەر بڕۆم. خۆ هیچ نەبێ ئاگام لەوە هەیە نووسینەکەی کاک کامیار سابیر لە سێبەرێکدا نووسراوە کە (نێری کورد سۆرانییە و مێیەکەی کرمانجییە!) بۆیە جێی بۆ "سۆرەی قووندەر"یش لە پێشەکی نووسینەکەیدا کردۆتەوە.

ماوەتەوە ئەوەی بەو خوشك و برایانەی دەڤەری بادینان بڵێم: هیوادارم بۆ ئازادی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان توندڕەو بن و لە سەر بەدەستهێنانی ئازادی نەتەوایەتی سوور بن نەك بۆ جیاکردنەوەی زاراوەکانمان. زاراوەکانمان، ئەوەندە تێکەڵن، ئەگەر بە چەقۆ لێکیان بکەینەوە خوێنیان لێ دێ. جیاکردنەوەی زمان، جیاکردنەوەی چارەنووسمانی بە دوادا دێ و تێکەڵبوون و قەبووڵکردنیشی هێز و وزەمان پێ دەبەخشێ و ئەوەی زاری کرمانجی ژوورو بزانێ و خواروو بەکار بێنێ یا بە پێچەوانەوە، زمانێکی لە هەموان دەوڵەمەندتری دەبێ... هەردوو زاراوەکە و بنزاراوەکانیش، ڕەگیان بۆ ئەو زمانە دەگەڕێتەوە کە ئاژێستای پێ نووسراوە و هیچیان لە کەسمان بێگانە نیە. دەردێکی گەلێ بە سوێیە زمانی داگیرکەرمان قەبووڵ بێ بەڵام شێوەزاری خۆمان ڕەت بکەینەوە... ئەمڕۆ زاراوەکەت بە هی خۆم نەزانم و ڕەتی بکەمەوە، سبەینێ قەبووڵ ناکەم سەرۆك و سەرکردایەتیش لە تۆ بن و دوایی بەو چارەنووسەش ڕازی نابم کە تۆ پێی ڕازیت و لە ئەنجامدا پێوستمان بە دوژمن نابێ لەناومان بەرێ و وەك جەستەیەکی شێرپەنجەگرتوو، خۆمان خۆمان دەمرێنین.. تا دووبەرەکی یەکی نەخستووین و ڕاو نەکراوین و نەخوراوین، با بۆ بەهێزیی و مانەوەی خۆمان یەکگرتوو بین. لە سەهۆڵبەندانی جیۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیەی کە خۆمان وولاتەکەمانی لێین، پشت بە پشتی یەکەوە نەدەین، هەمووومان ڕەق دەبینەوە.

# خنكاندنی تیپەکان.. داڕشتنی ئەلفوبێی کوردی

**نووسینی: نزار ئاگری**

**و: دڵشاد موحەممەد**

ڕۆشنبیرانی کورد داڕشتنی ئەلفوبێی کوردی ـ لاتینی، دەگێڕنەوە بۆ جەلادەت بەدرخان[1] و ئەو ئەلفوبێیەیان کردووەتە سەرەڕمێك و لەسەری دەڕۆن، تەنانەت هەندێك لە ڕۆشنبیران لە پێشەکی هەموو ئەو بابەت و وتارانەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکاندا دەینووسن ئاماژە بەوە دەکەن کە نووسینەکانیان لەسەر ئەو پەیڕەوە ئەلفوبێیە دەڕوات، کە جەلادەت دایڕشتووە، لێرەوە شێوە کۆڕاییەك دەبینین لەسەر ئەوەی جەلادەت بەدرخان باوکی ئەلفوبێی کوردیی لاتینییە، هەرچۆنێك بێت، ڕۆژنامەی (هاوار)[2] لێکۆڵینەوە لەو پرۆژەیەی خستە سەر شانی خۆی و هەر لە ژمارە (۱۱)وە دەستی پێکردو بە ڕووکەشێکی تازەوە دەرکەوت، بە شێوەیەك کە دەقەکان بە تیپە عەرەبییەکان نەدەنووسران، بەڵکو بە تیپە لاتینییەکان بڵاو دەکرانەوە.

بە بۆچوونی جەلادەت گۆڕین و گواستنەوە لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە بۆ لاتینی، ڕێگایەکە بۆ گەشەکردنی ڕۆشنبیریی کوردان، بەڵام نازانم ـ لە واقیعدا ـ چی وایکردووە مەسەلەی پێشکەوتن و گەشەکردنی کورد پەیوەست بکرێت بە ئەلفوبێی تازەوە ـ لاتینی بێت یان نا ـ لەبەر ئەوەی ئەلفوبێ و تیپەکان لە واقیعی حاڵدا هیچ

---

[1] جەلادەت بەدرخان سەر بە بنەماڵەی بەناوبانگی بەدرخانییەکانە کە میرنشینێکیان بەو ناوەوە لە جەزیرەی ئیبن عومەر (جەزیرەی بۆتان) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دامەزران و لە ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوو.

[2] هاوار، ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە جەلادەت بەدرخان لە دیمەشقی پایتەختی سوریا لە ساڵی ۱۹۳۲ بۆ ساڵی ۱۹٤۱ دەریکرد.

پەیوەندییەکیان بە وریابوونەوەو هوشیاریی و بە ئاگاهاتنەوە یان بە ئاگانەهاتنەوەی گەلانەوە نییەو هیچ ڕۆڵێکی واش نابینن لە پێشکەوتن و دواکەوتنی خەڵکیدا، تاکو شیاوی باسکردن بێت، گومانی هەرەگەورەش ئەوەیە ئەو کودەتا بنەڕەتییەی کە مستەفا کەمال ئەتاتورك لە تورکیا پێی هەستاو گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بە ئەلفوبێی لاتینی لێکەوتەوە، هەر ئەوەش کاریگەریی لە سەر جەلادەت و هاوەڵەکانی بەجێهێشت[1].

ئەتاتورك دواکەوتوویی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبەستەوە بە زاڵبوون و باڵادەستبوونی زمانی عەرەبی و فیکری ئیسلامیی، بۆیە پێی وابوو پێویستە گەلی تورك پەیوەندیی بە کەلەپووری عەرەبەوە بپچڕێت و تاوەکو تورکیا دەرفەتی گەیشتن بە ڕۆژئاوای ئەوروپی پێشکەوتووی بۆ بڕەخسێت، جەلادەت و هاوەڵانی باوەڕیان بەو بیروباوەڕی ئەتاتورك هەبوو بێت یان نا، پێی کاریگەر بووبن یان نا، ئەوان - ئاگایانە بووبێ یان نا - مەسەلەی گۆڕینی ئەلفوبێیان بە شێوەیەکی جددی وەرگرتبوو، بەڵام بۆ ئەوەی گومانی ئەو کاریگەرییە لە خۆیان دوور بخەنەوە، کارەکەیان بەوە پاساو دەدا، کە زمانی کوردیی سەر بە کۆمەڵەی زمانەکانی (هیندۆ - ئەوروپی)یەو ئەلفوبێی عەرەبی (لە زمانە سامییەکان)ەو دەستەوسانە لە بەدەستهێنانی مەودای پێویست بۆ دەنگەکان، لە ڕاستیدا ئەمەش شتێکی ڕاست و دروست نییە، چونکە ئەلفوبێ شتێکی جودایە لە زمان، لەبەر ئەوەی زمان بریتییە لە چەند تیپێك ئاماژە دەکەن بۆ دەنگەکان کە لە ناو ڕستەدا (زمان) بەکاری دێنین

---

[1] ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بە تەواوی هاوشێوەی ئەو ئەلفوبێیە بوو کە ئەتاتورك لە وڵاتی تورکیا سەپاندنی، سەربازی ئەوەی جەلادەت دەیوت کە ئەو لەگەڵ (روجیە لیسکو)دا بە ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی ئەلفوبێی تورکی دەربکەوێت، بیری کردووەتەوە لە ئەلفوبێ لاتینییەکەی، بەڵام بیرۆکەکەی وەکو پرۆژەیەکی کۆتایی و جێبەجێ کراو نەهاتە دی تا دوای دەرکەوتنی ئەلفوبێی تورکی، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو کۆنترە چی وایکرد لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەکەیەوە (هاوار) ئەو تیپانە ڕا نەگەیەنێت و دوایخستن تا ژمارە یانزە.

و دەریان دەبڕین، ئەو تیپانەش چەند شێوەو ڕیتمێکن دایاندەهێنین و لەسەریان ڕێك دەکەوین، جا ئەگەر زمان ڕەگەزنامەی هەبێت ئەوا ئەلفوبێ هیچ ڕەگەزنامەیەکی نییەو لە توانای هەر ئەلفوبێیەکدا هەیە گوزارشت لە هەر زمانێك بکات بە ئەندازەی مرونەتی خۆی، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە توانای مرۆڤدا هەیە هەرچی شتێك و شکلێکی بوێت و ئارەزووی لێ بێت دایبهێنێت و داهێنانکاری تێدا بکات..

کوردەکان هەر لە سەرەتای دەستکردنیان بە نووسین "کۆنترین دەقی کوردیی نووسراو دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك دوای ئیسلام" تاکو ئێستا بەردەوام ئەلفوبێی عەرەبیی بەکار دێنن، شیعری کلاسیکیی کورد هەر لە فەقێ تەیران و مەلا جزیری و حەریری و ئەوانی تریش بە تیپی عەرەبی نووسراون و نەوە بە نەوە هاتووەو گواستراوەتەوە تا گەیشتووە بە ئێمە، بەبێ ئەوەی باسی هیچ قورسی و گرانییەك کرابێت، ڕەنگە کەلەپووری فارسی باشترین نموونە بێت، چونکە شیعرە جوان و ڕەنگینەکانی حافزو خەیام وسەعدی و مەنزومەکانی فیردەوسی و کەندەوی و عەتارو ڕۆمی و ئەوانی تریش، هەمووی بە تیپی عەرەبی نووسراون، زمانی فارسی بەردەوام تاکو ئەمڕۆش بەرهەمگەلێکی بەپێزی لە بوارەکانی فیکرو فەلسەفەو مێژوو و زانستەکان پێشکەش کردووە، وەك دیارو ئاشکراشە نزیکترین زمان لە زمانی کوردییەوە زمانی فارسییە، هەردووکیان سەر بە هەمان سەرچاوەو بنەچەن، جا چۆن زمانی فارسی دەتوانێت بە ئەلفوبێی عەرەبی بەرهەم و داهێنان بەدی بێنێ، لە کاتێکدا زمانی کوردیی لەو مەیدانەدا دەستەوسان بێت، ئەگەر بێتو ئەم گومانە بە هەند وەربگرین.

لە هەمانکاتدا پێویستە بە شێوەیەکی گشتگیرانەو لە ڕوانگەی هەموو دیالێکتو زاراوەکانەوە تەماشای زمانی کوردیی بکەین، نەك تەنها تەماشای بەشێك یان

دیالێکتێکی دیاریکراو بکەین، وەك زاری کرمانجی، کە جەلادەت بەدرخان، تەنها کاری لەسەر ئەو کردووە[١].

بە هەرحاڵ لەو کاتەوەی جەلادەت دەستیکرد بە بیرکردنەوە لە چارەنووسی زمانی کوردی و داڕشتنی تیپەکانی و ئەلفوبێیەکەی، کوردەکانی کوردستانی عێراق لە ساڵانێکی دوورو درێژەوە پایەکانی ئەلفوبێکەی خۆیان بەهێز کردبوو، بە شێوەیەك بەرهەمێکی جوانو هەستپێکراوی هەبوو، شاعیرە کوردەکان لەنێو ئەو ئەلفوبێیەدا شیعرەکانیان دەنووسیو پەخش و بڵاویان دەکردەوەو خەڵکیش بە ئاسانی دەیانخوێندەوە، هەروەها پسپۆڕانی زمانیش چەندین ڕیتم و شکڵیان دادەهێناو دەیانخستە سەر تیپە عەرەبییەکان تاوەکو لەگەڵ ئەو فۆنیم و دەنگە کوردییانەدا بگونجێت، کە لەناو ئەلفوبێی عەرەبیدا هاوتاو بەرابەریان نەبوو.

جا ئەگەر ئەو واقیع و بارودۆخە لە هزرو مێشکماندا وەربگرین دەتوانین بگەینە ئەو باوەڕەی کە جەلادەت بێئاگاو نەشارەزا بووە بەرانبەر بەو گۆڕانکاریو کارانەی لەوکاتەدا لە واقیعی کورداندا ڕوویان دەدا، بەو پێیەی دەردەکەوێت ئەو لەو ساتەوەختەوەی دەستیکردووە بە تۆمارکردنی پرۆژەو فیکرەکانی، لە خەیاڵی خۆیدا بیری نەکردۆتەوە لە دیمەنی زمانەوانی کوردیی، ئەمەش ئەو قسەیە پشتڕاست دەکاتەوە کە بیرۆکەی یەکەم و بنچینەیی جەلادەت بیرۆکەیەکی سیاسیی بووە، لەبەر ئەوەی جەلادەت لە ئەسڵدا خاوەنی پرۆژەیەکی سیاسیی بووەو هیچ دیدگاو بۆچوونێکی وێژەیی و فیکری نەبووە، پرۆژە سیاسییەکەشی تەنها لە کوردستانی تورکیادا کورت هەڵهاتووەو ڕەنگە پەیوەندیی بە (نوستالۆژیا)وە هەبووبێت و شاردبێتیەوە لە پێناوی گێڕانەوەی شکۆو سەربەرزی باوو باپیرانی لە

[١] جەلادەت زانیاری و شارەزایی نەبوو سەبارەت بە زاراوە کوردییەکانی تری وەك زازایی و سۆرانی و لوڕی، بەڵکو تەواوی شارەزایی و گرنگی پێدانەکانی لەسەر لەهجەی کرمانجی کورت کرابووەوە، ئەمەش کەموکورتییەکی گەورەیە بۆ پیاوێك کە دانانی ڕێزمانی کوردی (قواعد اللغة الکردیة)ی لە پێش چاوی خۆی داناوە.

دورگەی (ئیبن عومەر)، هەرچۆن بێت، ئەو مەسەلەی زمان و ئەلفوبێی لە ڕەهەندێکی سیاسیی نزیك کردۆتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ڕەهەندە بەرتەسك بووەو ڕەنگە ناوچەییش بووبێت بە مانا نەتەوەییەکەی، ئەمە سەرباری ئەوەی کە شتێکی سەرپێیی و دیراسەنەکراو بووە، چونکە ئەلفوبێی لاتینی لەوکات و شوێنەی جەلادەت هەڵیبژاردوون، دەبێتە هۆی پچڕاندنی ئەو پەیوەندییە نووسراوەی چەندین سەدەیە کوردەکانی کۆکردووەتەوەو لەسەری دەڕۆن، کوردەکان دەقە نووسراوەکانیان بە تیپە عەرەبییەکان و لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی عەرەبی خوێندووەتەوە، ئەو بازدانەش کە جەلادەت بڕیاریدا سەبارەت بە هێنانە ناوەوەی تیپی لاتینی زیاتر کوردانی لەتو دوورەپەرێز کردو بوویە مایەی لێکجودایی نەك بەیەکگەیشتن و لێك نزیکبوونەوە، کارەکەی ئەو پەیوەندیی بە بارودۆخێکی نائومێدەوە هەیە کە لەناو کورداندا کۆمەڵێکیان بە تیپی عەرەبی دەخوێنن و هەندێکی تریان بە تیپی لاتینی، هەیانە دەڵێ: ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردیی گونجاوترو لەبارترە، لەبەر هۆکارگەلێك ـ دەنگی و نووسین ـ ڕەنگە وەهاش بێت، بەڵام بۆ ئەوەی پرۆژەکە بە ڕاستی سوودبەخش بێت، پێویستە گشتگیر بێت و هەموو کوردان لە خۆ بگرێت، کاتێکیش بارودۆخی کوردان بۆ کارێکی لەو جۆرە سازو لەبار نییە، ئەوا پێداگیری کردن لەسەری بە سەرکێشی و موغامەرەیەکی نامەسئولانەو پڕمەترسی لەقەڵەم دەدرێت..

بەهەرحاڵ کارێکی گشتی و هەمەلایەنەی بەو شێوەیە پێویستی بە بوونی ناوەندێکی نەتەوەیی گشتیی هەیە، تاوەکو سەرجەم بەشەکانی پێکەوە لەژێر سێبەری چەتری هەمواندا کۆبکاتەوە لە بری ئەوەی پەرتەوازەیان بکات یەکیان بخات و لێکیان نزیك بکاتەوە، ئەمەش دەقاودەق ئەو کارە بوو کە ئەتاتورك ئەنجامیدا، ئەو هات لە ڕێگەی دەزگای دەوڵەتێکی ناوەندییەوە کە هەموو ژێردەستەو ڕەعیەتەکانی پابەندو پەیوەست دەکات پێوەی، پرۆژەکەی خۆی جێبەجێ کرد، ئەو لە منداڵە بچووکەکانو قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە دەستی پێکردو کارەکەی خستە سەرشانی ڕۆژگارو بە تێپەڕبوونی چەند ساڵێك بە

شێوەیەکی سروشتی کارەکە لە بیرو هزرو زهنیاندا دەچەسپێت و ڕەگ دادەکوتێ، حاڵ و باری جەلادەت بەمشێوەیە نەبوو، ئەو پرۆژەیەکی تاکەکەسی میزاجی داڕشت و لە لای سەرەوە دایناو کارەکەی زیاتر لە سەرگەرمکردنێکی ڕۆشنبیریی دەچوو لە نێوەندی کۆمەڵە خەڵکێکدا کە نەزانیی باڵی کێشابوو بە سەریاندا، بەبێ گرفت و سنوور لە نێویاندا بڵاو دەبوویەوە، هەر چۆنێك بێت، ئەو پرۆژەیە تەنها کورتکرابووەوە لەسەر کەسانێکی دەوروبەری ڕۆژنامەی (هاوار)، ئەوانیش کەمینەیەکی دیاریکراوی بەتەمەن بوون و زیاتر پێکهاتبوون لە ئاغاو شێخ و سەرۆك عەشیرەتەکان لەگەڵ هەندێك لەو ڕۆشنبیرانەی لە دەست زەبرو زۆری حکومەتی تورکیا هەڵهاتبوون و ڕایان کردبوو..

جەلادەت بە باکگراوندی زانستی و زمانەوانی لە بابەتەکە نزیك نەبووەتەوە بەڵکو لە سۆنگەی نەتەوەیی و سیاسییەوە لێیدواوە، ئەو وەك زمانەوانێك هەڵسوکەوتی نەکردووە، بەڵکو وەك بانگەوازکارێکی سیاسیی ئەو کارەی کردووە، بەڵگەو بیانووی پرۆژەکەشی موفرەدەی پسپۆڕی زمان نەبووە، بەڵکو زمانحاڵ و مەنتیقی ئەو مەنتیقێکی کەسێکی سادە بووە کە هەست و سۆزی دەمارگیریی بەسەریدا زاڵ بووە.

پرۆژەی ئەلفوبێی لاتینی لە دەرئەنجامی پێویستییەکی نەتەوەیی هەمەلایەنەو زەرورەتێکی فیکری پێویستەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکە لە گیرفانی ڕۆشنبیرێکی خۆبەزلزانەوە هاتووە کە حەزیکردووە تێڕوانینە تایبەتییەکەی خۆی - بەبێ گوێدانە پاڵنەرەکانی داخۆ دروست و شەریفانەن یان نا - بەسەر سەراپای گەلێکدا بچەسپێنێت، بەبێ ئەوەی ڕاوێژ بە کەس بکات و کاتی پێویست بە پرۆژەکە ببەخشێت تاوەکو دیراسەو شیکاری و گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەی لەسەر بکرێت..

ئەو ئەلفوبێیە سەپێنراوە بەرجەستەکردنی خۆویستی ڕۆشنبیرێکە کە خۆی بە پەیامبەرو تاکە ڕێنیشاندەری نەتەوە زانیوە، ئەمە جگە لەوەی ئەم جۆرە لەباربردنانە زۆرجار - ئەگەر نەڵێین هەمیشە - دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێدەکەوێتەوە، لە ڕاستیدا پرۆژەی ئەلفوبێ هاوشێوەی پرۆژەی ئەو شۆڕشە

چەکدارییەیە کە جەلادەت بە بانگەوازکردن بۆی بەشداریی تێدا کردو بە شۆڕشی (ئارارات) ناوزەد کرا، ئەو شۆڕشە دروستکراوێکی کوێرانەو هەڕەمەکی بوو چەند ڕۆشنبیرێکی کەنارخران لە سەرهەڵدانیدا بەشدارییان کرد بەبێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ ئاکام و دەرئەنجامەکانی و بارودۆخ و ئامادەیی خەڵکیی بکەن..

بۆیە هەروەك زانراوە شکستخواردنی شۆڕشەکە شوێنەوارێکی کارەساتئامێزی بەسەر کورددا هێنا ، پرۆژە فیکرییە هەڵەشەو بێ ئامانجەکانیش شوێنەواری خراپ بەجێ دێڵن و دواتر کاریگەرییە خراپەکەی ـ ئەگەر بە شێوەیەکی شاراوەش بێت ـ بەسەر دەروون و ژیانی گشتیدا پەخش و بڵاو دەبێتەوە.

بەهەرحاڵ پێداگرتن لەسەر ئەنجامدانی پرۆژەو بڕیارێك، کە پەیوەست بێت بە کۆمەڵگاوە بە گشتی، بەرپرسیارییەتی ژیانی (زیندەگی) و ڕەوشتی نەتەوەیی و فیکری لەخۆ دەگرێت.

لە ڕاستیدا هەر ڕۆشنبیرێك تاکڕەوانەو یەکلایەنە بڕیار بدات و بەسەر بارودۆخ و واقیعدا هەنگاو هەڵنێت و بازبدات و بارودۆخی خەڵکی و حاڵ و گوزەران و ژیانیان فەرامۆش بکات، ئەوا زەمینەسازیی دەکات بۆ گەشەکردنی خواست و ئارەزووی تاکڕەوانە، کە لە داهاتوودا دروست دەبێت و بۆ ئەوەی دواتر هاوشێوەکانی لە خواستە تاکڕەوانەو خۆسەپێن و قۆڕخکارییەکان جودا بکاتەوە..

کارێکی لەو جۆرەش دەرگای بە ڕووی دەروون نەخۆشان و تووشبووان بە وەهمی بالا والا دەکات، بۆ ئەوەی ڕاپەڕن و ئایندە بۆ خۆیان و ویستەکانی خۆیان قۆرخ بکەن، کە دواتر لادان و لابردنی ئەوان زۆر قورس و گران، بگرە مەحاڵیش دەبێت..

ویست و مەبەستی جەللادەت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە وەك هەموو کەسێکی خۆسەپێنی میللی بریتیی بوو لە ڕاکێشان و پەلکێشکردنی خەڵکی عەوام بۆ لای خۆی، عەوامەکانیش تەنها کۆمەڵە کەسانێکی تێکەڵ و پێکەڵن و پێش ئەوەی ڕایەکی سەقامگیرو نەگۆڕیان لە لا گەڵاڵە بێت، شوێن عەریزەو هەست و نەستەکان دەکەون، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکاری شکست و هەرەسی ئەو جۆرە پرۆژانەیە.

خەڵکی عەوام جگە لە تاودان و گۆڕانی هیچی تر بە باشی و ڕێکوپێکی لە زمانی بەیەکگەیشتن نازانن و گوێ بە نووسین و ڕێزمان و پیتەکان نادەن، کە ئەمانەش ـ لە ڕاستیدا ـ شتانێکی تایبەتین و لە نێوەندێکی خاوەن پسپۆڕی و ڕۆشنبیرییەوە دیراسە دەکرێن و سەرچاوە دەگرن.

شۆڕشە چەکدارییەکە شکستی هێنا لەبەر ئەوەی خەڵکیی ئامادەساز نەبوون بۆی و بەش بەش و پەرتەوازەو دوودڵ بوون، بە هەمان شێوە ڕۆژنامەی (هاوار)یش هەرەسی هێنا لەبەر ئەوەی لە زەوییەکی وشکەڵانی بێ پیت و لە نێو خەڵکانێکدا پەیدا بوو، کە پشتیان تێکرد، لەبەر ئەوەی وەها بۆیان دەڕوانی و وەسفیان دەکرد کە تۆوێکی نامۆیەو لە خاك و شوێنی خۆیدا تۆو نەکراوەو گەشەی نەکردووە، دەکرێت هەمان شتیش سەبارەت بە ئەلفوبێی لاتینی بوترێت، ڕاستە هەندێ کەس بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ئەرکی فێربوونیان لە ئەستۆ گرتبوو خەریکی نووسین بوون بەو ئەلفوبێیە، بەڵام لە بازنەو سنوورێکی دیاریکراو تێپەڕی نەدەکرد کە بەردەوام دووبارە دەبووەوەو بە دەوری خۆیدا دەخولایەوەو شتانێکی لاوازو بێبەهای دەهێنایە بەرهەم.

جەلادەت ویستی ڕۆژنامەی (هاوار) ببێتە سەدایەك و ئەویش بە ئاڕاستەیەکدا بڕوات هانی کوردان بدات و ڕایانپەڕێنێ لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان، ئەوەش کاتێك بوو کە گەلانی دیاریکراو لە جیهاندا ڕادەپەڕین و شۆڕشیان بەرپا دەرکردو بەرەنگاری داگیرکارەکانیان دەکرد تاوەکو چارەنووسیان بکەوێتە دەست خۆیان، جەلادەتیش ویستی کوردەکان هەمان ڕێچکەی خەڵکانی تر بگرن و پێ بەپێی ئەوان بڕۆن، بەڵام بۆ گەیاندنی دەنگ و سەدا و هاوارەکەی شتێکی وەهای لەبەردەستدا نەبوو، بۆیە وەك ڕۆشنبیرێکی مەدەنی و ئاگادار لە ڕۆشنبیریی ئەورووپا و شارەزا لە زمانەکانیان، پێی وابوو دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردیی دەتوانێت ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوەو کورد ببەستێتەوە بە ڕەوڕەوەی سەردەمەوە.

بەرپرسیاریەتی و ئەرکی گەورەی ڕۆژنامەکە بریتی بوو لە هاوارکردنی بە گوێی کوردە نووستووەکان و دواکەوتووەکان لە کاروان تا بە ئاگایان بهێنێتەوە، بەڵام ئەو

کەسانەی لە دەوری جەلادەت بوون و ئەو نێوەندەش کە پێکهاتبوو لە خوێنەرانی ڕۆژنامەکەو نووسەران و هاوبەشەکان لە لیستی کڕیارەکانیدا، هەموو ئەمانە لیستێکی ئامادەو سازکرد کە پڕبوو لە دژیەك (تناقض) لەگەڵ ئامانجە ڕاگەیاندراوەکەدا، ڕۆژنامەکە تەنها لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا کورتکرابووەوە، کۆڵەکەو بنەچەی ڕۆژنامەکە پێکهاتبوو لە سەرۆك عەشیرەت و ئاغاو چەند ڕۆشنبیرێك، واتە توێژێکی شێوە ڕابڕاو پچڕاو لە کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتیی، کار وای لێهات کە زیاتر لە ڕۆژنامەکەو نووسینەکانی گفتوگۆیەکی داخراو دەچوو لە نێو جەلادەت و ئەو کەسانەدا، کە نە لە دوورو نە لە نزیك پەیوەندیی بە خەڵکانی ترەوە نەبوو[1].

کارەکە لە خودی خۆیدا زیاتر خۆدواندن، (مۆنۆلۆژ)ێك بوو جەلادەت خۆی لێدوانی پێ دەداو قسەی پێ دەکرد[2]، ئەو جۆرە کەسانە کەمترین شارەزایی و

---

[1] ئەو کەسانەی دەوری ڕۆژنامەکەیان دابوو بریتیبوون لە (مەلا عەلی، مەلا شێخموس تەرقاتی، مەلا شێخموس (جگەر خوێن)، عەلی عەبدی، سەعید ئاغا ئەلدەقوری (سەرۆك عەشیرەت)، نایف پاشا (سەرۆك عەشیرەت)، عەبدی ئاغا خلو، حاجو ئاغا (سەرۆك عەشیرەت)، شاهێن بوزان (سەرۆك عەشیرەت)، ڕەسوڵ ئاغا (سەرۆك عەشیرەت) عیسا ئاغا (سەرۆك عەشیرەت)، کونی ڕش، سەرچاوەی پێشوو ل٣٠.

عوسمان سەبری سەبارەت بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە ئەمەی نووسیوە: "خەڵکی ڕۆژنامەکەیان نەدەخوێندەوە، تەنانەت ئەو کەسانەش نەیاندەخوێندەوە کە خۆمان بۆمان دەناردن، کارەکە وەکو دوعاو نوشتەی لێهاتبوو، بە زۆر بە گەردنی خەڵکیدا هەڵمان دەواسی، ئایا خەڵك نوشتەی هەڵواسراو بە گەردنیەوە دەخوێنێتەوە؟". کونی ڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

[2] کاتێك ڕۆژنامەکە وەستاو بە هۆی نەبوونی خوێنەرو بەشداربووانەوە دەرکردنی ڕاگیرا، جەلادەت شەکواو ناڕەزایی بەرانبەر بە کوردان دەربڕی و بەم شێوەیە دواندنی: "ئای ئێوە چەند پێنەزانن ئایا هیچ کاتێکتان نییە بەسەری بەرن، هەروەك چۆن لە فێربوونی زمانە بیانییەکاندا بەسەری دەبەن و سەرفی دەکەن؟ بە ڕاستی کارێکی عەیبدارو شەرمەزار و سەرشۆڕکەرە، یان ئەوەتا فێری زمانەکەتان بن یاخود وازبێنن لەوەی کە بڵێین ئێمە کوردین، بەبێ بوونی زمان، ناسنامەی

فیكریان سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسی و نووسین و ڕۆشنبیریی‌و.. هتد نەبوو، كاروباریشیان لە موجامەلەكردنی كەسانی سەر بە بنەماڵەی بەدرخانییەكان زیاتر تێنەدەپەڕی كە ئەوپەڕی ڕێزیان لێدەگیرا، هەروەها باوەڕی تەواویان هەبوو بەوەی ڕۆژنامەكەو هەمووئەوشتانەی جەلادەت بڵاوی دەكاتەوە گرنگییەكی زۆروگەورەی هەیە، چونكە لە لای كەسێكەوە دەردەچێت كە وەچەو سولالەی خێزان و بنەماڵەی بەدرخانییەكانە.

بگرە هەندێكیشیان ڕۆژنامەكەیان بە شتێكی بێ كەڵك تەماشا دەكرد و پێیانوابوو لە شان و شكۆی جەلادەت كەم دەكاتەوەو پایەی لەناو كورداندا لاواز دەكات، چونكە پلەو پایەی ئەو لەگەڵ شتانێكی ڕووكەشی وەك ڕۆژنامەكەو ئاكامەكانیدا ناگونجێت تاكو خۆی پێیانەوە سەرقاڵ بكات[1].

هەموو ئەو كارانە بە گشتی، سەرسامی و دڵەڕاوكێ لە دەروونددا دەوروژێنێ، داخۆ چی پاڵی بە جەلادەتەوە نا تا بەوپەڕی حەماسەتەوە دەست بداتە شتێك كە زیادە بێت و لە شوێنی خۆیدا نەبێت؟ بۆچی دەستیدایە ئەو پرۆژەیەی كە بە كارێكی نامۆ هاتە بەرچاوو سووریش بوو لەسەر ئەوەی سەداو هاوارەكەی پەخش

---

كوردیی هیچ ڕێزو شەرەفێكی نییە، بەڵكو بریتییە لە عەیب و عارێكی زۆر گەورە". كونی رش، سەرچاوەی پێشوو ل٦٣.

[1] حاجو ئاغا بەمشێوەیە قسە لەگەڵ جەلادەت بەدرخان دەكات و دەیدوێنی: "ئەی ئەمیرەكەم، تۆ ئەمیری ئێمەیت و لە دڵماندا بەڕێزیت، باوو باپیرانت ئەمیرو پێشەوای كەسوكارو عەشیرەتەكانمان بوون، سوێند سوێند بەسەری باوكم من ئامادەم هەرسێ كوڕەكەم لە بەردەمتدا سەرببڕم بەبێ ئەوەی فرمێسك بە چاوانمدا بێتە خوار، بەڵام بۆ چیرۆكی ئەو ڕۆژنامەیە، سوێند بەسەری باوكم من لە شوێنی تۆ بوومایە وازم لێدەهێنا، تۆ ئەمیری كوردانی بەڵام شارەزایی تەبیعەت و سروشتیان نیت، ئەگەر مەشغوڵ و سەرقاڵ بیت بە كاغەزو ڕۆژنامەكانەوە، بە شێوەیەكی بریندارکارانە غەیبەتت دەكەن و لە پاشەملە باست دەكەن و منیش لەوە دەترسێم، نای سوودی چییە بۆ سەرگەردان و چراو قوتیلە سوودی چییە بۆ نابینا؟"، محمد أوزون، بئر القدر، منشورات افستا، أستنبول ١٩٩٥، ل١٦٣.

بکات؟ ئایا هاواری نائومێدی و تووڕەیی و ڕق و قین بوو؟ یاخود هاوارێکی شێتانە بوو بۆ دەربڕینی بارودۆخێکی هەڕەمەکی و بێ سەروبەر؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیویست لە ناخی خۆیدا بیهێڵێتەوە، ڕەنگە ئەوەش لە ئارەزوویەکی خودپەرستییەوە سەبارەت بە ئەمیرێکی لابراو سەرچاوەی گرتبێ، کە دەیویست خۆی لە کەسانی تر جیا بکاتەوە، دەیویست نیشانەیەکی جیاوازی هەبێت لە پلەو پایەیەکی بەرزو بڵندتر لە پایەی هەموو کوردان ـ بە ئاغاو ڕۆشنبیرییەوە ـ دایبنێ و دەری بخات.

بەهەرحاڵ ڕۆژنامەکە وەك کۆمەڵەیەکی عەشایەری و شوێنی بەیەکگەیشتنی برایانەی لێهات، تیایدا ئامادەبووان نەریت و بەندوباوی خۆبەزلزانین و ستایش و موجامەلەیان لە نێو خۆیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرد، هەریەکێك لەوانەش ـ ئاغاو مەلاو سەرۆك عەشیرەتەکان ـ پێنووسەکەی هەڵدەگرت و دەستی دەکرد بە تۆمارکردن و نووسینەوەی خەیاڵ و ئەندێشەو بیرە تایبەتییەکانی خۆی، بە شێوەیەك لە بیرۆکەو گیانی کۆمەڵەکە دوور نەکەوێتەوە، زۆربەی ئەوانەش کە شتیان نووسیی، پاڵیان پێوەنراو هاندران بۆ نووسین، بەبێ ئەوەی هیچ لێهاتوویی و ئامادەگی و توانایەکیان هەبێت، ئەوان خۆیان بە شێوەیەك بینییەوە کە لە فەزای بزووتنەوەی سەرپێچییە چەکدارییەکان و کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکان و دەزگاو دامەزراوە خێرخوازییەکان و سەرقاڵییە عەشایەرییەکانەوە بەربوونەتەوە بۆ فەزایەکی تازە کە بنچینەکەی پێنووس و کاغەزە.

عوسمان صەبری لە ئاکامی هەڵگەڕانەوەی خزمەکانی لە تورکەکان پەیدا بوو، جگەرخوێن لە میحرابی مزگەوتەوە (الجامع) سەریهەڵداو ڕاپەڕی، ئەحمەد نامی-یش بە هەمان شێوەی کرد، برایانی حاجو (الأخوة حاجو) لە سنووری عەشیرەتەوە هاتن و خەڵکانی تریش بە هەمان شێوەی ئەمان.

بەڵێ دەهات مەدح و ستایشی ئەوی دەکردو هەموویان پێکەوە لە ئەنجامی ئاهەنگی داب و نەریتەکانیان گێژەڵۆکەیەکیان بەرپا دەکرد، تیایدا پەتی

پەیوەندییە خێزانی و عەشایەرییەکانیان بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە[1]، دواتر بەرگێکی نەتەوەییان دەکرد بە بەری هەموو ئەو کارانەیانداو تیایدا نیشتمانی کورد وەك فیردەوسێکی ونبوو و لە دەستچوو دەردەکەوت، کە پێویستە بگێڕدرێتەوەو بەدەست بهێنرێتەوە، لە نێوەندی هەموو ئەمانەشدا جەلادەت بە دوو چاوی نهێنییەوە دەیڕوانی بۆ کۆشکی باوو باپیرانی لە (برجا بلك) لە جەزیرەی بۆتان و ئاخ و هەناسەی ساردی هەڵدەکێشاو لە دەست غەدرو زوڵم شەکوای دەکرد.

دیمەنەکە بە شێوەیەکی سریالی دەرکەوت، زیاد لەوەش زۆربەی زۆری ئەو کەسانە لە قوتابخانە ئاینییەکاندا پەروەردە بوون، لە ڕێگەی قورئان و تیپی عەرەبییەوە فێری خوێندنەوە بوون، بەڵام ئەندێشەو خەیاڵیان بە ڕووی پیتی لاتینیدا لایداو تا ئەوساتەش دۆش دامابوون لە بەرامبەریدا، دیمەنەکە وەك گرتەیەك لە ڕووداوێکی نامۆ کە هیچ پەیوەندییەك بە واقیعییەوە نابەستێتەوە هاتە دی و دەرکەوت، لە ڕاستیدا ئەوەی جەلادەت کردی وەك کێڵانی ئاو وابوو، کارەکە پەیوەست نەبوو بە لە دایکبوونێکی سروشتی بەڵکو بە پرۆسەیەکی قەیسەری و پاشایانەوە بەندبوو، هەموو شتێك لە شێوەی هەورە تریشقە (بروسکە)یەکی ڕفێنەر لە ئاسمانی ساف و بێگەرددا دەرکەوت..

---

[1] عوسمان صەبری دەڵێت: "کاتێك جەلادەت بەدرخان - رحمە اللە - ویستی ڕۆژنامەی (هاوار) دەربکات، دەستم کرد بە نووسین، هاوڕێیەکم هەبوو بە ناوی قەدری جان، لە ژمارەی یەکەمدا لەسەری نووسیم، منیش لە ژمارەی دووەمدا لەسەر ئەو نووسیم، بەو شێوەیە دەستم کرد بە نووسین".

جگەر خوێن دەڵێت: "بە هۆی هاندان و یارمەتی جەلادەت بەدرخانەوە چوومە ناو دونیای شیعری کوردییەوەو چەند هەنگاوێکم نا بۆ پێشەوە". کونی رش، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧ - ٥٨.

ئەحمەد نامی -یش بە هۆی کۆچی دوایی (حاجۆ ئاغا)ەوە هۆنراوەیەکی نووسی کە ئەمە چەند دێڕێکیەتی (آغانا الرحیم حاجو/ المساند للفقرا و الأکراد/ أخذه الله الی رحمته/ وأسعد قلبه بجنته/ الشباب والشبابات یبکون ویصرخون/ والأطفال الصغار ینوحون/ لا أعرف ماذا أقول بشأنك/ فأنا الیوم مجنون/ ومعتوه لأصبر لي ولا قرار) هاوار، ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٤١.

لەبەر ئەوە پێویستە کارەکە هەروەکو چۆن دەستی پێکرد ئاواش لە فەراغ و بۆشاییدا کۆتایی پێ بێت، لە چوارچێوەیەکی ئاوەهاشدا شتێکی سروشتییە کە بەڵێننامەکە هەڵوەشێتەوەو کۆمەڵەکە پەرتەوازە بێت و هەر ئاغاو کوێخایەك بڕوا بە لای عەشیرەتەکەی خۆیەوەو جەلادەتیش بکەوێتە ناو بیرێکی قوڵەوەو دوا هەناسەی هەڵبکێشێ[1].

هەروەك وتم هەموو ئەوانەی دەستیان دایە ئەرکی نووسین لە ڕۆژنامەکەدا لە نێو زەمینەی نووسین و هونەرەکانیدا پەیدا نەبوو بوون، بەڵکو لە ساراو بیابانی ئاسۆیەکی تەسکەوە هاتبوون و بە دوای کۆمەڵ و گروپ و عەشیرەت و نەتەوەدا ڕایان دەکرد، بە هیچ شێوەیەك بە وێژە (ئەدەب) هونەرەکانەوە سەرگەرم و سەرقاڵ نەبوون و خەمیان نەخواردووە بەڵکو دەنگانێکی تۆمارکراوی نەزۆك پەلکێشیان دەکات و ڕایاندەکێشێت بۆ یاخیبوون و ملنەدان یاخود گوێڕایەڵبوون و ملدان لە دۆستایەتی و لایەنگری ئەوو ڕەتکردنەوەو دژایەتی ئەوی تر، جیهانەکەیان مەودایەکی فراوان نەبوو بۆ بیری مرۆیی بەڵکو بازنەیەکی تەسك و تروسك بوو بۆ هەم و غەمی عەشیرەت و نەتەوە.

(هاوار) پرۆژەیەکی ئامادەکراو بوو، ئامانجی پەلکێشکردن و ڕاکێشانی کوردەکان بوو بۆ ناو دۆڵی نەتەوەیی و پەیوەستکردنیان بە ئامانجگەلێکی سیاسیی پەلەوە..

ڕۆژنامەکە سەرگەرم و سەرقاڵ نەبوو بە نووسین بە مانا قوڵەکەیەوە و فراوانەکەی، لەوەوە تەنها ئەو پەتە مایەوە کە نووسینەکانی ڕۆژنامەی ڕێکدەخست و چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوی هەڵگرتبوو، لەوە تێپەڕی نەدەکرد، ئەو پێوەرەش کە بڕیاری لەسەر نووسینەکە دەدا لەسەر بنەمای سوودو کەڵکی ئەو نووسینە بۆ

---

[1] پاش ئەوەی کۆمەڵەکە پەرتەوازە بوو، شیرازەی تێکچوو، (هاوار)یش ڕاگیراو وەستا، جەلادەت، بە مەبەستی کۆکردنەوەی پارە لە پێناو دووبارە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەکە دەستیکرد بە کارکردن لە کێڵگەی لۆکەدا، بەڵام کەوتە ناو ئەو بیرەوە کە لۆکەکانی پێ ئاو دەداو تیاید غەرق بوو خنکا.

دۆزو مەسەلەیەکی خاوەن بەهاو گرنگ هاتبووە ئاراو دامەزرابوو، بێگوێدانە هیچ پێوەرێکی تری وەك (زەوق و جوانی و بیرۆکە)، جا ئەگەر مرۆڤ لە دیدێکی بانگەشەیی و موژدەدەرییەوە بڕیار لەسەر ئەو جۆرە نووسینانە بدات، ئەوا بە شێوەیەکی سوودبەخش و بە کەڵك دەردەکەوێت، بەڵام لەسەر ئاستی ئەدەبی و نووسین بە شێوەیەکی گشتیی شتێکی بێکەڵك و بێ بەها دەردەچێت، لە کاتێکدا نووسەرانی ڕۆژنامە، کە پێشبڕکێیان دەکرد لەسەر دەرخستنی توانا موژدەدەرییەکانیان و مەبەستە بانگەشەییەکانیان، لەسەر ئاستی ئەدەبییش پێشبڕکێیان دەکرد لەسەر بڵاوکردنەوەی شتی بێکەڵك و پەخشکردنی.

هەموو ئەو بابەتانەش کە ڕۆژنامەکە بە ناوی شیعرو و چیرۆك و ڕەخنە بڵاوی دەکردەوە هیچ پەیوەندییەکی بەو شتانەوە نەبوو، لە ڕاستیدا تەنها شێواندن و ناشیرینکردنی جەوهەری ئەو شتانە بوو، لەسەر ئەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین، جەلادەت دوو هەڵەی زۆر گەورەی دەرهەق بە دەقی کوردیی و نووسینی کوردیی کردووە:

١ـ کاتێك ئەلفوبێی لاتینی هێنا بۆ ناوەندێك کە ئامادە نەکرابوو بۆ وەرگرتنی و خەڵکەکەشی پەیوەندییەکی قوڵ و ڕەگداکوتاویان بە ئەلفوبێی عەرەبییەوە هەبوو، ئەویش دەیبەستنەوە بەو ڕۆشنبیری و شارستانییەتەی لە هەردوو جیهانی عەرەبی و فارس دەوری دابوون.

٢ـ کاتێك دەرگای لە بەردەم کەسانێکی نەزان و نەشارەزا لە ئەلفوبێی نووسین و ئەدەب واڵا کرد، ئەمەش وایکرد کە بواریان بۆ بڕەخسێ تاوەکو بە دیمەنی شاعیرو داهێنەران خۆیان بنوێنن و دەربخەن، ئەم کارە بواری ڕەخساند بۆ گشتگیرکردن و بڵاوکردنەوەی ساختەو رووکەشی و چەسپاندنی نەزانین و بەرێکردنی شتی ناکام.

بەو شێوەیە دەستپێکردو نووسینی کوردییش شتێکی سەربەخۆ بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێساو یاساکانی نووسین و حکومەکانی زەوق و داهێنانەوە نەبوو، هێندە بەسە بیزانین کە (هاوار) شاعیرانێکی لە جۆری (جگەرخوێن و عوسمان

سەبری و ڕەشید کوردو ئەحمەد نامی) دروست کرد، ئەمانە لە واقیعیدا هیچ نەبوون جگە لەوەی کەسانێکی سادەنووس و بانگەشەکار بوون و دروشم و شیعاریان بە خۆڕایی بە هەموو لایەکدا پەخش و دابەش دەکرد.

(هاوار) هاوارو سەدا بوو، بەڵام هاواری وشانێك بوو نرکە بە دەستی کەسانێکەوە نەیاندەزانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، نرکی دەهات.

هاواری شیعرێك بوو کە خۆی دەبینی دەبێتە شتێکی کەڵەکەبووی وشك و لە زۆربلێییەکی بێ سوودو بێ کەڵکدا خۆی دەبینییەوە.

هاواری چیرۆکێك بوو کە ببوە مەسخەرەو گاڵتەجاڕیی، بە کورتی هاواری ئەدەبێك بوو کە خۆی بە جۆرێك بینییەوە کە لەبەر دەرگای مەشغەڵەت و سەرقاڵی سیاسیی و نەتەوەیی و عەشایەری و خێزانیدا سەردەبڕدرێت..

**سەرچاوە: المؤتمر ـ ژمارە (٣٠٠)، ٢٠ ـ ٢٦/ نیسان/ ٢٠٠٢.**

# زاراوەکوردییەکان و زمانی نووسین

**نووسینی: پرۆفێسسۆر بوو ئویتاس**

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ئەمجەد شاکەلی**

زمانی کوردیی، لەڕووی زمانەوانییەوە، زمانێکی ئێرانییەو بە چەند زاراوەیەك دەناسرێتەوە. لەنێو زمانە ئێرانییە هاوچەرخەکاندا، دەکرێ زمانی کوردی، لەگەلّ زمانی پەشتۆ (زمانی ئەفغانییەکان)دا، وەك زمانێکی نێزیك بەراورد بکرێت.

هەردوو زمانی کوردی و زمانی پەشتۆ، دەکرێ لە ڕووی زۆریی خەلّکانێك، کە پێیان دەئاخڤن و لە ڕووی جیاوازی و دابەشبوونی زاراوە و دابەشبوونیان بەسەر چەند دەولّەتێکدا، بەراورد بکرێن. بەلاّم لەکاتێکدا، کە پەشتۆن یا "پەتانەکان"، وەك لە ڕۆژهەلاّت وایان پێ دەلّێن، تەنێ بەسەر دوووڵاتدا، ئەفغانستان و پاکستان، دابەش دەبن، کوردەکان وەك خویایە، لەنێو چەند دەولّەتێکدا دەژین، کە لە پێنج کەمتر نین: عیراق، ئێران، سووریا، تورکیا و یەکیەتیی سۆڤییێت[١]. لەڕاستیدا ئەم ڕەوشە، هەولّدان و کاری ئەوانی بۆ چێکردنی یەك زمانی هاوبەشی نووسین، هیچ ئاسان نەکردووە.

## پێوەندی زاراوەو زمانی نووسین:

پێوەندی نێوان زاراوەکان و زمانی نووسین لە ئەمڕۆی زمانە جیاوازە ئێرانییەکاندا، بەشێوەیەکی گشتیی ئالۆزە و گەلێك جۆراوجۆرە. بێگومان زمانی فارسیی نوێ ئەو زمانەیە، کە پتر بەکاردەبرێت و زمانی سەرەکییە لە ئێراندا، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا زمانی دایکیی کەمتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەیە. زمانی فارسیی نوێ ئەو زمانی نووسینەیە، کە بەم شێوەیەی ئێستای و بە ئەلفبێی

[١] کورد لە ئەرمەنستان، گورجستان و ئازەربایجانی سۆڤییێت دەژین. (وەرگێڕ).

عەرەبی، پتر لە ساڵێك بەر لە ئەمڕۆوە پێی دەنووسرێت. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، ئەم زمانی فارسییە لە بنەڕەتدا لە یەکێك لە زاراوە ناسراوەکانەوە یا ئەوانەی، کە ئەمڕۆ قسەیان پێ دەکرێت، پەیدا نەبووە، بەڵکە لە بنەڕەتدا زمانێکی تێکەڵەو وەك ئامراز و ڕێگەیەك بۆ پێوەند و لەیەکتێگەیشتن بەسەر زاراوە و سنووری زماندا، ساز بووە. شێوەیەکی تایبەتی لە فارسیی نوێ تاجیکستانە، کە لەسەر زەوینەو پایەی هەندێ تایبەتمەندیی زاراوەیی لەکۆماری تاجیکستانی سۆڤییێتی ناوەڕاستی ئاسیادا، کە لەیەکانەوە بە تیپی کریلیك (ڕووسی) دەنووسرێت، گەشەی کردووە. ئەمە نموونەیەکی پڕمانا و فێرکارانەیە لەمەڕ ئەوەی، کە چۆن دەکرێ لە ڕێگەی پرۆسێسی تەرکیزکردنی بەهێز لە سەر زمان و بەڕێوەبردنی فەرهەنگییەوە، زمانێکی نووسینی نوێ چێ بکرێت.

زمانێکی دیکەی ئێرانی، کە لە (١٩٣٠)یەکانەوە بە تیپی کریلیك دەنووسرێت، زمانی ئۆسێتییە، کە لە لایەن نیومیلیۆن کەسەوە لە قەوقاسی سۆڤیێت قسەی پێ دەکرێت. ئەم زمانە لە دوو زاراوەی سەرەکی پێکهاتووە، کە زاراوەی (ئیرۆن)ی لای خۆرهەڵاتەوە دەبێتە بنەمای زمانی ئەدەبیی زاڵ. بێجگە لەوەش ڕەوشێکی دیکە لە بارەی زمانی بەلووچەکانەوە وەدی دەکرێت. ئەو زمانە لە لایەن گەلێکی تاڕادەیەك مەزنەوە (نزیکەی ٥ میلیۆن) لە پاکستان، ئێران و ئەفغانستان (تەنانەت گرۆیەکی بچووکیش لەئاسیای نێوەڕاستی سۆڤییێت) قسەی پێ دەکرێت. پەرتوبڵاویی زاراوەکان و جیاوازییان لە سەردەمی جیاوازدا، بوونەتە بنەما بۆ هەوڵدان بۆ نووسینی زمان. هەمیشەئەلفبێی عەرەبی بەکار براوە، بەڵام بە هۆی ئەو جیاوازییە فۆنەتیکییە یەکجار گەورەیەی، کە زاراوە جیاوازەکان – بۆ نموونە هەیانە، هەرگیز ئەو ئەلفبێیە نەگەیشتووەتە ڕێنووسێکی چەسپاو و جێگرتوو. ئەم نموونە جیاوازانە م لە مەڕ پێوەندی نێوان زاراوەو زمانی نووسین وەك پێشەکییەك هێنا یەوە، بۆ ئەوەی ئاماژە بەو جۆرە پێوەندە زۆر بگۆڕە بکەم کە هەیە . مرۆڤ گەرەکە بیر لەوە بکاتەوە، کە زمانی نووسین، بەرهەمی پرۆسێسێکی مێژووییە، وەك ڕێسایش

زۆر درێژخایەن، وەك فارسیی نویٚ، بەڵام جارنا کورت مینا تاجیکی. کەوایە بە وردی و دروستدیتن و لەبەرچاوگرتنی فاکتە مێژوویيە گشتییەکان (بۆ ئەوانەی کە پێوەندیان بە زمانەوە هەیە) بۆ تێگەیشتن لە گەشەکردنی زمانێکی نووسین، شتێکی گرنگە.

## کۆمەڵێك زاراوە:

هەردوو زمانی پەشتۆ و کوردی، بەسەر کۆمەڵێك زاراوەدا دابەشبوون، بەڵام لەکاتێکدا، کە جیاوازییەکانی نێوان زاراوەکانی زمانی پەشتۆ بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕووی فۆنەتیکەوەیە، جیاوازیی نێوان زاراوە کوردییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی و زۆرتر لەڕووی مۆرفۆلۆگییەوەیە (واتە: بیناسازی وشە). ئەو ڕەوشەی زمانی پەشتۆ هەیەتی، کاری سازکردنی زمانێکی نووسینی هاوبەش ئاسان دەکات، بەمەرجێك ئەگەر ئەلفبێیەك دابنرێت بۆ ئەو زمانی نووسینە. ئەلفبێیەك، کە بتوانێت جیاوازییە گرنگ و لەبەر چاوەکانی نێوان دەنگەکان داپۆشیٚ و بشارێتەوە. ئەمەش دەتوانریٚ بگوتریٚ، کە پەشتۆنەکان کردوویانە. ئەوان ئیدی لە کۆتایی (١٦٠٠)ەکانەوە ئەلفبێیەکی عەرەبیی دەسکاریکراویان بەکار بردووە، کە ڕێگە بە دەنگ و دەربڕینە زاراوەییە جیاوازەکان، کە بە هەمان تیپ دەنووسرێن، دەدات. زمانی کوردیی لەو ڕووەوە لە بارێکی سەختتردایە. زاراوە کوردییەکان تا ڕاددەیەکی زۆر لەیەکەوە دوورن، بەتایبەت لە ڕووی مۆرفۆلۆگییەوە. لەڕاستیدا ئەو زاراوانە چەند لە ڕووی جوگرافیاوە لەیەکەوە دوور بن، پتر لە ڕووی زمانەوە جیاوازن. بەشێك لەو زاراوانە، کە لە لایەن خەڵکانێکەوە، کە خۆیان بە کورد دەزانن، قسەیان پیٚ دەکرێن، هێندە لە زاراوە سەرەکییەکانەوە دوور و جیاوازن، کە زمانەوانە ئەوروپاییەکان، وەك زمانی جیاواز سەیریان دەکەن. ئەوان لەو نیشانەو تایبەتمەندییانەوە بۆ ئەوە چوون، کە زاراوە دەبیٚ ئامرازێکی هەمەلایەنەی هاوبەش بێت بۆ لەیەکتێگەیشتنی ئەو کەسانەی، کە زانیارییەکی بنگەیی تایبەتیان نییە. لە

پراکتیکدا ئەو نیشانەو تایبەتمەندییانە بە دەگمەن لە ژیانی ڕۆژانەی ئەم جیهانەدا پارێزراون. تەنێ تەماشای ئەوەی، کە پێی دەڵێن "زمانانی نوورد"[1] بکە! ئایا سوێدی و نۆروێژی وەك ئاسا هەردوولایەنە هی لێکتێگەیشتنن؟.

## پۆلێن:

جوێکردنەوەی زاراوە کوردییەکان لە نێوان چەند بەشێکدا تا ڕاددەیەك خویایە، بەڵام بە هۆی نەناسراوی و کەمیی توێژینەوە لە بارەیانەوە، هیچ جۆرە پۆلێنێك تا ئێستا، ناکرێ بە بنجبڕ و تەواو بژمێردرێت. بە شێوەیەکی ئاسایی، جیاوازیی لە نێوان زاراوە باکوورییەکان و زاراوە باشوورییەکاندا (جاران دەشگوترا "ڕۆژاوایی" و "ڕۆژهەڵاتی") یا سەروو، ناوەند و خوارووداا، دەکرێ. گرنگترین سنوور لە نێوان زاراوە باکوورییەکان و زاراوە ناوەند–باشوورییەکاندا، بە شێوەیەکی زەق لە زەریاچەی ورمێ (لە ئێران)وە دەڕوا تا دەگاتە ڕووباری زێی گەورە و بە کەنار ئەو ڕووبارەدا دەڕوا تا دەگاتە دیجلە (باشووری مووسڵ لە عیراق). سنووری نێوان زاراوەکانی ناوەند و باشوور، وەك ئاسایی دەکەوێتە دەڤەرەکانی باکووری کرماشان (لە ئێران) تا خانەقین و جەوەڵ حەمرین (لە عیراق). لە ڕۆژاوای دیجلەو باکووری زێی گەورەو زەریاچەی ورمێ، واتە لە نێو کوردەکانی باکووری ڕۆژاوای عیراق، سووریا، تورکیا و یەکیەتیی سۆڤیێت، زاراوە باکوورییەکان وەدی دەکرێن، کە وەك کورتکردنەوە پێیان دەگوترێن کرمانجی (هەندێ جاریش تەنانەت کرمانجیی سەروو). ئەوانە بۆ نموونە زاراوەکانی دیاربەکر، بۆتان و شەنگار لە باکووری ڕۆژاوا و بایەزید و بادینان لە باکووری ڕۆژهەڵات، دەگرنەوە. ئەو دەڤەرە لە ڕووی دانیشتووان و جوگرافیاوە، گەورەترین ناوچەی کوردە. گرۆی زاراوەکانی ناوەند، کە ئەمڕۆ پتر زاراوەکانی خوارووییان پێ دەگوترێن، سۆرانی، موکری و زاراوەی

---

[1] زمانانی نوورد: سوێدی، نۆروێژی، دانمارکی، ئیسلاندی و فەرئۆیی دەگرێتەوە. (وەرگێڕ).

سلێمانی (پێتەختی کوردستانی عیراقی ئێستا)[1]، نموونەگەلێکی لەبەرچاویانن. بە شێوەیەکی کەمتریش زاراوەکانی کرماشانی و لەکی (لە ئێران) لە نێو زاراوە باشوورییەکاندا دەژمێردرێن. کوردەکان خۆیان زاراوەی فەیلی (لوڕی)ش لەنێو ئەوانەدا دەژمێرن. گرۆ زاراوەیەکی دیکەش، کە کوردەکان بە پێچەوانەی زۆربەی زمانەوانە ئەوروپاییەکانەوە بە زاراوەگەلێکی کوردی دەژمێرن، زاراوەگەلی گۆرانی–هەورامی لە خوارووی ڕۆژهەلات (عیراق) و زازایی لە باکووری ڕۆژهەلات (تورکیا)ن.

## پارسی میدی:

ئەم هەموو زاراوانە بڕێك هاوبەشیی زمانەوانییان هەن و وەك ئاسایی دەبرێنەوە سەر ئەولقەی، کە پێی دەگوترێ "زمانانی ئێرانی باکووری ڕۆژاوا" لە خێزانی زمانە ئێرانییەکان. زمانانی پێشووی ئێرانی باکووری ڕۆژاوا لە مێژووی ئێراندا، پارسی (لە سەردەمی پاشایەتیی پارس یا ئەرساسی ٢٥٠ پ. ز– ٢٢٥ ز) و پاشایەتیی میدی (٦٠٠ پ. ز– ٥٠٠ پ. ن)، کە تەنێ بە چەند ناوێکی کەم و چەند وشەیەکی وەرگێڕاوەوە ناسراوە. بێگومان باسی خزمایەتی و نێزیکایەتییەك لەگەلێ ئەم زمانە کۆنانەدا لە لایەن کوردەکانەوە هاتووەتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی بانگاشەی بەردەوامییەکی مێژوویی بە ڕەودواوە بکەن و بە تەواوی خۆیان ببەستنەوە بە دەوڵەتی میدیاوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی مێژوو. هێشتا لە ڕووی زمانەوانییەوە، ئەم پێوەندە زۆر دوورە لە ئاشکراییەوە. بۆ نموونە بۆ ئەو (١٠٠٠)

---

[1] سلێمانی تا پێش ساڵی ١٩٧٤ لە ڕووی فەرهەنگیی و بزێوییەوە بە پێتەختی کوردستانی عیراق دادەنرا، بەلام وەك شار و گەورەیی و پێشکەوتن و ئابووری، کەرکووك پێتەختی کوردستانی عیراق بوو. تا ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠کان، خەڵکی سلێمانی، کە بچووایەن بۆ کەرکووك، دەیانگوت: دەچین بۆ شار. لە ساڵی ١٩٧٤یشەوە ئیدی سلێمانی شوێنگەی پێتەختیەتی کوردستانی عیراقی لەدەست دا و هەولێر ئەو ڕۆڵەی هەردوو سلێمانی و کەرکووکیش دەبینێت. (وەرگێڕ).

ساڵەی، بەسەر پێشکەوتنی زماندا لە نێوان پارسی و کوردیدا تێپەڕیوە، هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە و چ شتێکیش کۆمەك بەوە ناکات. بە گشتییش زۆر سەختە پارسی بە لق و بەری میدی بژمێردرێت، و ئەگەر پێوەندێکی زۆر لاوازیش لە نێوان میدی، کە ئێمە هیچ زانیارییەکمان لە بارەیەوە نییەو نایزانین و کوردیدا هەبێت، ئەوا گەوی ئەو پێوەندە، کە ٢٠٠٠ ساڵێك دەبێت، ناتەواوە.

دابەشکردنی زمانانی ئێرانی نوێ و زاراوەکانیشیان، بەسەر گرۆی باکووری ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوادا، کارێکی دڵنیاکار نییە. فارسیی نوێ، کە بە گرنگترین زمانانی باشووری ڕۆژاوا دەژمێردرێت، زۆر شتی باکووری ڕۆژاوای تێدایە، هەروەها بەلووچی، کە ئەمڕۆ لە خوارەوە لە باشووری ڕۆژهەڵات قسەی پێ دەکرێت، لە کوردی پتر سیمای باکووری ڕۆژاوای پێوەیە.

### کۆمەڵێك ئەلفبێ[٧]:

بە گوێرەی پەرتبوون و فرەلایەنییەك، کە لە زمانی کوردیدا وەدی دەکرێت، ڕاستییەك دێتەگۆڕێ و دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بە کۆمەلە ئەلفبێیەك بنووسرێت، لەوانەش: عەرەبی، لاتینی و کریلیك (ڕووسی). ئەمەش بێگومان بە مێژووی فەرهەنگی کوردی و باری سیاسی ئەمڕۆوە، گرێ دراوە. کۆنترین ئەدەبی کوردیی نووسراو، کە پارێزرابێ و مابێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٥٠٠ و١٦٠٠ەکان و بە زاراوەیەکی باکوور (کرمانجی)، کە جزیری (دەگەڕێتەوە بۆ باژێڕی جزیرە، کە لەو سەردەمەدا پێتەختی میرنشینی بەناوبانگی کورد، بۆتان بوو)ە. ئەم کەونە ئەدەبە بە زۆریی بریتییە لە شیعری شاعیرانی وەك مەلای جزیری، فەقێ تەیران و چیرۆکە شیعرییە مەزنەکەی ئەحمەدی خانی، مەم و زین، کە بە شاکاری نەتەوەیی کورد ناوی دەرکردووە. ئەم کارانە بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراون، بە شێوەیەك، کە زۆر لە ڕێنووسی فارسیی نوێوە نێزیکە. ئەو شاعیرانە بە گشتی، شێوەو قانوونەکانی شیعری عەرەبی–فارسی، پێڕەو دەکەن. ئەم زمانە ئەدەبییە کوردییە لە

بنجوبناواندا لەسەر زاراوەی جزیرە دانراوە، کە بە تێکچوونی میرنشینی بۆتاندا تێپەڕی و بوو بە زمانی نووسینی کوردەکانی باکوور، ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن "کرمانجی"، (هەرچەندە "کرمانجی" لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی گشتی بە واتەی کوردی دێت). ڕووناکبیرە کوردەکان، کە لە کۆتایی سەدەی پێشووەوە، لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا هەوڵیان داوە، بۆ ژیاندنەوەی فەرهەنگی کوردی، ئەو زمانی نووسینەیان بەکار بردووە و بەو زمانەش یەکەم ڕۆژنامەو گۆڤارگەلێکی کوردی (کوردستان لە قاهیرە ساڵی ١٨٩٨ و کورد لە ئیستانبوول ساڵی ١٩٠٧) دەرچوون. دوای ئەوەی کە تورکیا لە ١٩٢٠ەکاندا، ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی تورکی هەڵبژارد، کوردەکانیش لە تورکیا دەستیان کرد بە بەکار بردنی ئەم ئەلفبێیە بۆ کرمانجییەکەیان و تا ئەمڕۆش –لەو ماوە کورتانەی، کە بۆیان ڕەخساوە زمانی کوردی بۆ نووسین بەکار ببەن– هەروا دەکرێت. کوردەکان لە یەکیەتیی سۆڤیێت، کە زاراوەیەك دەپەیڤن لە زاراوەی ئەسڵیی جزیرەوە نێزیکە، بە شێوەیەکی گشتی بە هەمان زمان دەنووسن، بەڵام لە ساڵانی ١٩٣٠–ەکانەوە بە ئەلفبێی ڕووسی.

## زاراوەی هەورامی:

لە ناوەڕاست و خوارووی کوردستان، ئەو زمانی نووسینەی، کە لەسەر زاراوەی جزیری دامەزرابوو، زۆر کەم هێزی بڵاوبوونەوەو گشتگریی و برەوی هەبوو. لەو دەڤەرەدا، لە سەرەتادا، زاراوەی هەورامی (بەشێك لە گۆرانی)، وەك زمانی ئەدەبی پایەی سەردەستی وەرگرت. هەورامی، وەك سەرەتای ئەدەبی جزیری، بە ئەلفبێی عەرەبی دەنووسرا. گرنگیی زاراوەی هەورامی وەك زمانی نووسین، دەگەڕێتەوە بۆ جودابوونەوەی دەستەو تەریقەتێك بەنێوی "ئەهلی حەق"[1]، لە ئیسلام. ئەوان

---

[1] ئەهلی حەق، یارسان و کاکەیی، سێ ناوی جیاوازن بۆ پێڕەوانی ئەو خەڵکەی سەر بەو ڕێبازەن. پێڕەوانی ئیسلام ئەو ئایینە بەلادانێك لە ئیسلام دەدەنە قەڵەم. بەڵام ئەوان خۆیان بە ئایینێکی

زمانی عەرەبییان وەك زمانی ئایین، وازلێهێنا و ئەو زاراوەیەی زمانی کوردییەیان کردە زمانی ئایینی خۆیان. دواتر هەورامی بوو بە زمانی نووسین، لە میرنشینی ئەردەڵانی کورددا، کە سەرەتا شارەزوور (لە عیراقی ئێستا) و پاشان، دوای ١٦١٢، سنە (لە ئێرانی ئێستا)ی هەبوو وەك پێتەختی. بەوەدا برێك لە ڕۆڵە گرنگەکانی ئایینەکان، لە ناساندن و دیاریکردنی زمانی نووسیندا، وەدەر دەکەوێت و مرۆڤ لەوەش تێدەگا، کە زاڵبوونی زمانی عەرەبی لەنێو ئیسلامدا، بە پەیدابوونی زمانی نووسینی ناوچەیی تۆڵەی کراوەتەوە.

## لە سلێمانییەوە بۆ سۆرانی:

لەگەڵ تێکچوون و هەڵوەشانەوەی میرنشینی ئەردەڵاندا، زاراوەی هەورامی لە سالەکانی (١٨٠٠)ەکاندا شوێنگەی خۆی وەك زمانی نووسین لە دەرێی خەڵکانی سەر بە ئەهلی حەق، لەدەست دا. لە ناوەند و خوارووی کوردستان، بەرە بەرە زمانێکی نووسین، کە لەسەر زاراوەکانی ناوەڕاست دامەزرابوو، جێی ئەوی گرتەوە. ئەوانەی کە پێیان دەگوترا میرانی بابان، لە سالی (١٧٨٤)ەوە سلێمانییان کردە پێتەختی فەرمانڕەواییەکی کوردیی، کە تاڕادەیەك سەربەخۆیی خۆی تا نیوەی سالانی (١٨٠٠)ەکان پاراستبوو. بە کارتێکردنی زاراوەی گۆرانی و زاراوەی شارەزوور، کە زاراوەی بنەڕەتیی بابانەکان بوو و زاراوەکانی دیکەی ناوەڕاست، لەتەکاندا زمانی نووسینی سلێمانی، کە بوو بە ئامرازێکی گرنگ بۆ ئەدەبی کوردی، چێ کرا. لە سەردەمی لەنێوچوونی دەولەتی عوسمانی و پەیدابوونی عیراقی نوێدا، زاراوەی سلێمانی بوو بە زمانی سەردەستی نووسین، بۆ کوردەکانی عێراق و بوو بە نیشانەیەکی گرنگی ئەو نەتەوەخوازییەی، کە بە خێرایی لەگەڵ خەباتی کوردەکاندا بۆ سەربەخۆیی، بلاو بووەوە.

---

جیاواز لە ئیسلام و ئایینەکانی دیکە دەزانن. کتێبە پیرۆزەکانیان و کلامەکانیان بە زاراوەی هەورامی– گۆرانیی کوردین. (وەرگێڕ).

لەبەر ئەوەی کوردەکان لە عیراق، لە بەکاربردنی زمانەکەیان، لە خوێندن و ئەدەبدا، دەرفەت و بوارێکی باشتریان لە کوردانی وڵاتانی هاوسێیان هەبووە، زاراوەی سلێمانی لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بووە بەو زمانە نووسینە کوردییەی، کە لە هەمووان زێتر بەکار دەبرێت. ئێستا وەك ئاسایی پێی دەگوترێ "سۆرانی" کە لە بناخەدا ناوی زاراوەیەك بووەلەدەوروبەری باژێڕی ڕەواندز. دوای کوودێتای ١٩٥٨ی قاسم بەتایبەت، کوردەکان لە عیراقدا، هەلی گەشەپێدانی زمانی نووسینی خۆیانیان بۆ ڕەخسا، وەك نموونە بە هۆی دەستپێکردنی خوێندنی بابەتی کوردناسی لە زانستگەی بەغدا، ئیدی زاراوەی سۆرانیی سلێمانی، لە ڕێگەی ئەوەی، کە گەلێك وشەو هێلێ و سیمای زمانی لە زاراوە نێزیکەکانەوە وەرگرت، کەسیەتییەکی گشتی وەرگرت و پەیدا کرد. ئەم "سۆرانی"یە بوو بە زمانی فەرمیی گشت کوردەکانی عیراق. ئەمەش بۆ نموونە لە کتێبی خوێندنگەکان و وانەگوتنەوەدا بەکار دەبرێت. ساڵی ١٩٦٨ زانستگەیەکی کوردی لە سلێمانی کرایەوەو فەرهەنگستانێکی کوردییش لە ساڵی ١٩٧٠دا دامەزرا (لە ساڵی ١٩٧٨دا بوو بە بەشێك لە فەرهەنگستانی عیراق). سۆرانی، ئێستا بە ئەلفبێیەکی عەرەبیی دەستکاریکراو دەنووسرێت، کە بە پێچەوانەی شێوەی ئاسایی بەکاربردنی ئەو جۆرە ئەلفبێیە، بۆ هەموو بزوێنەکان نیشانەی تایبەت دانراوە. هەرچی وشەی عەرەبییشە بە گوێرەی فۆنەتیکی کوردی دەنووسرێتەوە، واتە بە گوێرەی شێوەی دەربڕین و دەنگیی کوردی، نەك بە حینجەی عەرەبی. ئەمەش لەنێو ئەو ئەلفبێ عەرەبییە گونجێنراوانەی، کە لە بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامیدا هەن، وەك فارسیی نوێ و پەشتۆ، کە دوو زمانی ئێرانین، شتێکی نائاساییە. یەکەم نیشانەکانی ئەم ئەلفبێ کوردییە دەستکاریکراوە، لە ڕۆژنامەی کوردستان، کە لە سەرەوە باس کرا، و لە وەرگێڕانێکی ئینجیلدا، کە لە ساڵی ١٩٠٥دا کراوە، وەدی دەکرێت. ئیدی لە ساڵانی ١٩٣٠ەکان بەملاوە، گەشەی پێ درا و بەم شێوەیەی ئێستای لەو بیرازە زمانەوانییەوە، کە پاش ئەوەی قاسم لەدا دەسەڵاتی گرتەدەست، جێی خۆی گرت.

تەنانەت لە ئێرانیش دوای ئەوە ئیدی دەستکرا بە بەکاربردنی ئەم ئەلفبێ عەرەبییە دەستکاریکراوە. لەوێ زمانێکی نووسین بەکار دەبرێت، کە نێزیکی سۆرانییە و لە زاراوەی موکرییەوە سەرهەڵدەدات و لەگەڵ هەندێك سریشتی زاراوەی سلێمانیدا تێکەڵ دەکرێت. بەڵام لە کات و ماوەی کورتدا، بەتایبەت لە سەردەمی ئەوەی، کە بە "کۆماری مەهاباد" نێو دەبرێت لە ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٦دا، زمانی کوردی بەشێوەیەکی برِێك فراوان لە ئێران پێی بڵاو کرایەوە.

## ڕەوشی ئەمڕۆی زمانی کوردی:

بە شێوەیەکی زۆر لەبەرچاو و دیار، ڕەوشی زمانی کوردی، بەهۆی ئەو بارە سیاسییەوە، کە کۆمەڵانێکی زۆری کوردی تەنگاوی ئاوارەیی کردووە، زێتر سەخت و ئاڵۆز دێتە بەرچاو. لەبەر ئەوەی پڕانی ئەو کوردە ئاوارانە لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگییەوە چالاکن، ژمارەیەکی زۆری کتێب و گۆڤار بە زمانی کوردی، لە گەلێك لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا و لەنێو ئەوانیشدا لە سکەندیناڤیا، پەخش دەکرێنەوە. بێگومان لەبەر هۆی پراکتیکی و نەتەوەیی، هەوڵدان و بۆچوونی لەو جۆرە، کە هەموو جۆرە زمانە نووسینەکان لەگەڵ یەکدا بەکار ببرێن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەوانە لە زمانێکی ستانداردی کوردیدا یەك خرێن، هەن. بەو نموونانەی سەرەوە من هەوڵمدا ئەوە پێشان بدەم، کە فراژووتنی زمانێکی نووسینی لەو جۆرە، پرۆسێسێکە، زۆر شت، هەم ئەو شتگەلەی کە پێوەندیان بە زمانەوە هەیە، هەم ئەو شتگەلەی کە پێوەندیان بە زمانەوە نییە، دەگرێتەوە. هەر بەکاربردنی سێ جۆرە ئەلفبێی جیاواز بۆ خۆی، گیروگرفتی پراکتیکی دێنێتە پێشەوە. ئەوەی ئێستا لەبەرچاوە ئەوەیە، کە ڕەنگە کەس لە نێو هیچ یەکێك لەو وڵاتانەی، کە ئەو ئەلفبێ عەرەبی، لاتینی و کریلیکییەی تێدا بەکار دەبرێن، ئامادەی ئەوە نەبێت، دەستبەرداری ئەلفبێی تایبەتی خۆی ببێت. هەروەها پێکهاتن لەسەر یەك ئەلفبێ، لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە، لە تاراوگەیش، کارێکی سەختە، ئەگەر هەر نەکردە

نەبێت. هەرچی جیاوازییەز مانەوانییەکانە، کە لە نێوان هەردوو زاراوە سەرەکییەکاندا، کرمانجی و سۆرانی، هەن، ئەوانە ئەمڕۆ هێندە گەورەن، کە بێگومان بۆ نێزیککردنەوەیان لەیەکدی، کارێکی یەکجار دوورودرێژ و ئاگایانەی دەوێت. بۆ وەدیهێنانی شتێکی لەو بابەتە، دەسەڵاتێکی نێوەندەکی پێویست دەکات، کە لە سەرووی بەشبەشی و دەڤەر دەڤەرییەوە بوەستێ و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوامی و نوێنەرایەتی خەڵکی هەبێت (یا ئامرازی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، کە بەرژەوەندی لایەك بەسەر لایەکانی دیکەدا بدات). لە کاتی نەبوونی وەها دەسەڵاتێکدا، ڕەنگە لەبارترین ڕێگە ئەوە بێت، کە ئاگایانە هەوڵ بدرێت بۆ تێگەیشتنێکی زێتر لە نێوان زاراوەکاندا، بۆ نموونە بە هۆی ئەوەی، کە ڕێگە بە هەموو زاراوە جیاوازەکان و شێوەکانی نووسین بدرێت، کە پێکەوە لە چاپەمەنی، خوێندن و وانەگوتنەوە، شانۆ، پەخشی ڕادیۆ و شتگەلی دیکەدا، پێکڤە بڵاو ببنەوە و پێشان بدرێن و ئەمەش شتێکە، کە بێگومان کوردەکان بۆ خۆیان دەبێ خەریکی بن و هەوڵی بۆ بدەن. ئێمەی سکەندیناڤیایی ئەگەر "نووردیزم"ی خۆمان بە مەبەست و ئاگاییەوە ئەنجام دابا، لەوانەبوو ئێستا لە بارەی ئەم جۆرە گونجاندنە فەرهەنگییانەوە پترمان زانیبا. کە حاڵ وەك ئەمڕۆ بێت، ئەوا ئێمە لەم بارەوە هیچ شتێکمان نییە، خەڵك لێمانەوە فێر بن.

**سەرچاوە:**

*Utas, Bo, Kurdiska dialekter och skriftspråk, Svensk-kurdisk journal, 2, 1986,ss 8-10.

* پرۆفێسسۆر بوو ئویتاس، سەرۆکی بەشی ئێراننناسییە، لە ئەنیستیتووی زمانانی ئەفریقایی– ئاسیایی، لە زانستگەی ئوپسالا لە سوێد. ئەم گوتارەش لە بەهاری ١٩٨٧دا کراوە کوردی. (وەرگێڕ).

# زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا

فەرهاد شاکەلی

## یەکەم: چەند سەرنجێکی سەرەتایی
## دووەم: دیدارەکان
## سێیەم: لێکۆڵینەوەکان
## چوارەم: جیاواز بەڵام یەکگرتوو: هەڵسەنگاندنێکی کتێبەکە

ئەلف: پێکهاتە و ڕێکخستن و ئامادەکردن

بێ: ڕێنووس یا ڕاستنووسی (Orthography)

پێ: ناوەڕۆک و بۆچوونەکان

## پێنجەم: گۆشەنیگایەکی زانستی و زمانەوانی

ئەلف: کرۆکی کێشەکە؛ خوێندنەوەیەکی مێژوویی

بێ: ئاژاوەی چەمکەکان: زمانی یەکگرتوو، ئەدەبی، ستاندارد، ڕەسمی؟

پێ: کێ دەبێ بەشدار بێت؟

تێ: دوو زمانی ستاندارد یا دوو دیالێکتی یەک زمان؟

جیم: چارەسەر

## یەکەم: چەند سەرنجێکی سەرەتایی

ئەم کتێبە لە کاتێکی زۆر باش و گونجاودا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەری کورد. لەوانەیە ئەگەر چەند ساڵێک لەمەوپێش چاپ بکرایە، بایەخێکی وای پێ نەدرایە کە شایانی ناوەڕۆکەکەی و ئەو پەیامە بێت کە دەیەوێ بیگەیێنێت. هەرچەندە بابەتی کتێبەکە تازە نییە و پێش ئێستایش چ

له شێوەی وتار و لێکۆڵینەوەدا و چ له شێوەی کتێب و نامیلکەدا لەسەری نووسراوە و پێشکەش کراوە، بەڵام هەمیشه لەناو بازنەیەکی تەسکدا ماوەتەوە. ئەمڕۆ ئەم بابەته به شێوەیەکی فراوانتر قسەی لەسەر دەکرێت و خەڵکێکی زۆرتر بایەخی پێ دەدەن، ئەگەرچی ئەمه هەرگیز ئەوە ناگەیێنێت که ئەمڕۆ له جاران زانستانەتر لێی دەکۆڵرێتەوە و ئەنجامگرییەکانی ئەمڕۆ لەوانەی جاران له ڕاستی و لۆگیکەوە نزیکترن.

بابەتی کتێبەکه زمانه، زمانی کوردی، و بەسەر دوو پرسیار، یا دوو کێشەدا دابەش دەبێت:

یەکەم: زمانی ستاندارد، یا زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو.

ئایا دەتوانین بڵێین کوردی زمانێکی ستاندارد و یەکگرتووە؟ ئایا ئەو دوو شێوە ئەدەبییەی که ئێستا له ئارادان، هەر یەکەیان زمانێکی ئەدەبی و ستانداردە، یا دەتوانێت ئەو ڕۆڵه ببینێت؟ ئایا دەبێ کورد یەکێک لەم دوو شێوەیه هەڵبژێرێت، یا به تێکەڵکردنی هەردوویان زمانێکی تازە و جیاواز "دروست بکات؟" ئایا هەر چارەسەر و ئەنجامگرییەک ئەمڕۆ ئێمه له کوردستانی خوارووودا (خوارووی کوردستان یا کوردستانی عیراق) پێی بگەین، تا چەند بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان گرنگه و دەکرێ پیرۆزی بن؟ لەم جۆرە پرسیارانه زۆرن و بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی دیداریان لەگەڵ کراوە، یا وتاریان نووسیوە، لێی نزیک کەوتوونەتەوە و هەوڵیان داوە بەپێی بۆچوونی خۆیان وەرام بدەنەوە و بابەتەکه دەوڵەمەند بکەن.

دووەم: ئەلفوبێ.

کورد دەبێ چ ئەلفوبێیەک به کار ببات؟ ئەو ئەلفوبێیەی که چەند سەدەیەکه به کاری دەهێنێت و هەموو ئەدەبی کلاسیکی کورد و بەشی هەرە زۆر و گرنگی ئەدەبی تازەیشی پێ دەنووسرێت؟ یا ئەو ئەلفوبێ لاتینییەی که نزیکەی ٦٠ تا ٧٠ ساڵێکه دامەزرێنراوە و بەشێکی یەکجار کەمی ئەدەبی کوردی، به زاراوای کوردیی باکوور، پێ دەنووسرێت؟ ئەم دوو ئەلفوبێیه له ڕووی دەنگەوە تا چ ڕادەیەک وەرامی پێویستییەکانی زمانی کوردی دەدەنەوە؟ ئایا به کردەوە، دەکرێ نەتەوەیەک هەروا

بەئاسانی واز لە ئەلفوبێیەک بهێنێت و دەست بکاتە بەکارهێنانی ئەلفوبێیەکی دیکە؟ ئایا کارێکی وەها تا چ ڕادەیەک زیان بە نەوەکانی داهاتوو دەگەیێنێت و لەو گەنجینە فکری و ئەدەبی و زانیارییەی ئەمڕۆ چەندی دەگاتە دەستی ئەوان؟ ئەم لایەنەی باسەکەیش تا ڕادەیەکی باش قسەی لەسەر کراوە.

لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بابەتی زمانی ستاندارد و ئەلفوبێ هەر بەوە نابێت کە نووسەرێک یا ڕووناکبیرێک بەپێی حەز و میزاج، هەڵوێست لەبارەیەوە وەربگرێت. ئەم بابەتە ڕەگوڕیشەیەکی زانستی و سیاسی و مێژوویی و فکریی قووڵتری هەیە و بە سەدان دەزووی فەرهەنگی و ئیدیۆلۆگی و زانیاری بەستراوە بە ئێستا و داهاتووی نەتەوە و نیشتمانێکەوە کە هێشتا لە سەرەتای خۆدروستکردن و خۆپێگەیاندندایە.

ئەگەرچی کێشەی ئەلفوبێ پێشتریش هەندێ جار بووەتە بابەتی گوتوبێژ و نووسین، بەڵام لەبەر ئەوەی بازنەی خوێنەر و خوێنەواری وەک ئەمڕۆ فراوان نەبووە، باسەکە هەر لەناو دەستەیەکی ڕووناکبیر و نووسەردا ماوەتەوە. تەنانەت لە بەرهەمی ئەو گوتوبێژانە تەنیا چەند وتارێکی کەم ماوەتەوە و گەیشتووەتە ئێمە. ئەو وتارانەیش تا ڕادەیەکی زۆر لە کرۆکی ڕاستەقینەی باسەکەوە دوورن و تەنیا جۆرێکن لە پێداهەڵدان یا هێرشبردنەسەر، بێ ئەوەی شۆڕ ببنەوە بۆ ناو ڕەگە زانستییەکانی بابەتەکە.

زمانی ئەدەبیی یەگکرتوو، یا زمانی ستاندارد، وەک هەندێ لە لێکۆڵەرەوان پێیان خۆشە ناوی لێ بنێن، ڕەنگە لە بازنەیەکی فراوانتردا باس و گوتوبێژی لەسەر کرابێت. ئەو نووسەر و ڕووناکبیر و زمانزانانەی بەشدارییان تێدا کردووە، نەک تەنیا لە ڕوانگەیەکی زانستی و زمانەوانییەوە لێی کۆڵیونەتەوە، بەڵکە هەوڵیان داوە باسەکە ببەستنەوە بە پاشخانی مێژوویی و ئاسۆ سیاسی و شارستانەتییەکانی دواڕۆژی کوردیشەوە. وا پێ دەچێت لە کۆنگرەی مامۆستایانی کوردیشدا لە شەقڵاوە، هاوینی ١٩٥٩، ئەم دوو باسە؛ زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و ئەلفوبێ، گرنگترین بەشی بەرنامەکانی کۆنگرەکە بووبێتن.

دوای ڕووخان و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی، کوردستانی باشوور، یا کوردستانی عیراق، تاکە بەشێکی کوردستان بووە کە تێیدا مەسەلەی زمانی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی و ئەو بابەتانەی سەر بەو باسەن، بووبێتنە بڕگەیەک لە بەرنامەی کاری نووسەران و ڕووناکبیران و سیاسەتمەداران و ڕێکخراوە سیاسییەکانیشدا. ئەو گەشەکردنە فەرهەنگییە فراوانەی لەو بەشەی کوردستاندا ڕووی داوە، پێویستیی گوتوبێژێکی وەهای هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام دیسانیش هەرگیز نەبووەتە باسێکی وەها گەرم و گشتگر کە ڕووبەڕووبوونەوەی لێوە پەیدا بووبێت. لە ساڵانی یەکەمی دروستبوونی سیستەمی کۆماریدا لە عیراق، ڕەنگە گرنگترین سەکۆیەک ئەم باسەی لەسەر کرابێت، کۆنگرەی مامۆستایانی کورد بووبێت لە شەقڵاوە. ساڵی ١٩٧٠یش کە ڕووبەری بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسمی لە عیراقدا و وەک زمانی خوێندن و فەرهەنگ لە کوردستاندا، زۆر فراوانتر بوو، لەوانە بوو باسێکی وەها ببووایەتە هۆی کێشە و ئاژاوەیەکی زۆر لەناو نووسەران و ڕووناکبیران و دەستەڵاتداراندا، بەڵام سەرکردایەتیی سیاسیی ئەو کاتەی کورد بە شێوەیەکی زۆر ژیر و دووربینانە، ڕێگەی لەوە گرت ئەم بابەتە ببێتە بەرەیەکی تر، بۆ ئەوەی دوژمنێکی دڕندەی وەک بەعس لێیەوە دزە نەکات و بۆ سوودی خۆی بە کاری نەهێنێت.

ئەمڕۆ کە باشووری کوردستان وەک هەرێمێکی فیدێراڵ لە ڕووی سیاسی و کارگێڕی و فەرهەنگییەوە تا ئەندازەیەکی باش سەربەخۆیی و پێشکەوتنی بە دەست هێناوە، بێگومان مەسەلەی زمان دەبێتە یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی ئێستا و پاشەڕۆژی کوردستان. ئەوەی ئەم سەردەمەی لە سەردەمەکانی پێشوو بەتەواوی جیا کردووەتەوە ئەوەیە کە پێوەندیی فەرهەنگی و سیاسی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا لە ئاستێکی بەرزتر و گەرمتر و چڕتردایە. هەلومەرجی فەرهەنگی و بەکارهێنانی زمانیش لەو بەشانەی کوردستاندا لە گوێرەی جاران زۆر گۆڕاوە. ئێستا لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا زمانی کوردی، ئەگەر بە ڕادەیەکی کەم و سنوورداریش بێت، بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە

بە کار دەبرێت، هەرچەندە ناکرێ ئەو بەکارهێنانەی ئەوێ لەگەڵ پێشکەوتنی یەکجار فراوان و بەرچاوی زمانی کوردی لە کوردستانی عیراقدا بەراورد بکرێت. ئەنجامێکی مەنتیقیی ئەم ڕاستییەیش ئەوەیە کە هەر بڕیارێک لەم ڕووەوە بدرێت و هەر گەشەکردن و پێشکەوتنێک بە دی بهێنرێت، ڕاستەوخۆ بێت یا ناڕاستەوخۆ، کار دەکاتە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. هەر بەم پێیەیش ڕووبەری باسەکە و بازنەی بەشداریکردن لە لێکۆڵینەوەکاندا هێندە فراوانە کە لە مێژووی فەرهەنگیی کوردستاندا هەرگیز هاوشێوەیەکی نابینین.

ئەم فراوانبوونە ڕەنگە وا لێک بدرێتەوە کە نیشانەیەکی ساغ و سەلامەتیی کەشی فەرهەنگییە و ئەوە پێشان دەدات کە کۆمەڵگەی خوێندەواری کورد بابەتە گەرم و ناوەندییەکان لە ڕێگەی گوتوبێژی زانستی و بە شێوەیەکی شارستانانە یەکالا دەکەنەوە. بە خوێندنەوەی بەشێک لەو وتار و لێکۆڵینەوە و نووسینانەی لەم بوارەدا دەنووسرێن و بڵاو دەکرێنەوە، هەر زوو تووشی بێئومێدی دەبین، چونکە بەدەگمەن هەڵدەکەوێت نووسینێک بخوێنیتەوە بە بیرێکی زانستی و بەپێی پێوەرە زانستییەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە نووسرابێت.

من لە بەشی دووەمی ئەم نووسینەدا، واتە دوای ئەم پێشەکییە، هەوڵ دەدەم بەسەر دیدار و وتارەکاندا بچمەوە و کورتەیەکی ناوەڕۆکەکانیان پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی خوێنەری کتێبەکە، ئەگەر بیەوێ، هەر زوو لە مەبەست و بۆچوونی نووسەرەکان بگات و لەگەڵ بیرە ناوەندییەکانی دیمانە و نووسینەکان ئاشنایەتییەک پەیدا بکات. ئەم خوێندنەوەیەی من هەرگیز جێی ئەوە ناگرێتەوە کە خوێنەر سەرلەبەری دیدار و نووسینەکان بخوێنێتەوە و بەپێی تێگەیشتنی خۆی ناوەڕۆک و پەیامەکانیان هەڵبسەنگێنێت. لە بەشی دواتردا هەوڵ دەدەم ئەو بەڵگە و بەڵگەکارییانەی لە دیدار و نووسینەکاندا بە کار هێنراون لە گۆشەنیگایەکی ڕەخنەگرانەوە تەماشا بکەم و لەگەڵ ئەو ڕاستی و بنەما زانستییە زمانەوانییانەدا، کە لەم بوارەدا لە بەردەستدان، بەراورد بکەم بۆ ئەوەی باوەڕ و بۆچوونەکان جێگەی خۆیان لە چوارچێوەیەکی زانستی و گشتیتردا بگرن، کە ئەمەیش

دیسان دەبێتە کۆمەکێک بۆ خوێنەر، تا بتوانێت لە کاتێکدا بەڵگە پێشکەشکراوەکان دەخوێنێتەوە، ئەو هەستی بەراوردەیشی لا دروست ببێت کە ڕچەی تێگەیشتنی باشتر بۆ ڕوون دەکاتەوە و لەو ترکزەیەیش دەیپارێزێت کە بکەوێتە بەر مۆنۆپۆلی بیری نووسەرەکان.

دیسان هەر لەو بەشەدا بە پێویستی دەزانم لە گۆشەنیگایەکی ڕەخنەگرانەوە ناوەڕۆک و زمان و پێکهاتە و ڕێنووسی کتێبەکە خۆیشی هەلسەنگێنم. ڕەنگە ئەمە بۆ کتێبێکی کوردی دیاردەیەکی تازە بێت کە چەند بۆچوونێکی جیاواز و لەیەکنەچوو لە توێی یەک کتێبدا بخرێنە بەرچاوی خوێنەر، بەڵام بۆ بەرهەمێکی وەها کە شێوەی "ئەنتۆلۆگی"یەک یا "مۆنۆگرافی"یەکی هەیە، پێم وایە ئاسایی بێت ئەگەر بیری لەیەکنەچوو، یا تەنانەت دژبەیەکیش کۆ بکرێنەوە. من بە هۆی ئەو هەڵسەنگاندنەوە، بیروڕای خۆم لەبارەی بابەتێکەوە دادەڕێژم کە ساڵانێکی دوورودرێژە هەم بە کردەوە و هەم لە بواری تیۆریدا هەڵسوکەوتم لەگەڵ کردووە و لێی کۆڵیومەتەوە. ئەگەرچی من پێشتریش لە لێکۆڵینەوەی نووسراو و لە دیداردا لەو باسە دواوم و بیری خۆمم پێشکەش کردووە، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، ئەو دەرفەتەم پێ دەدات کە لە چوارچێوەیەکی دیکەدا بەشدارییەک لەو باس و توێژینەوەیەدا بکەم، کە ڕەنگە دیدارێکی تەنیا لە گۆڤارێکدا یا لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا ئەو کارکردەی نەبێت. خوێندنەوەی دیدارەکان و نووسینەکانی ناو ئەم ئەنتۆلۆگییە دەبێتە هاندەرێک بۆ من کە لە بیری ئەو مامۆستایانەی بەشدارییان کردووە بکۆڵمەوە و ورد ببمەوە و سوود لە سەرجەمی ئەو سیستەمە فکرییانە وەربگرم کە سەرچاوەی بۆچوونەکانن. گرنگ ئەوە نییە کە من لەگەڵ هەموویان، یا تەنانەت هەندێکیان، هاوباوەڕ و هاوبۆچوون بم، گرنگ ئەوەیە کۆمەڵێک ڕووناکبیر و خوێنەوار و نووسەر پێکەوە لەسەر بابەتێک دێنە گۆ کە بێگومان یەکێکە لە پرسە هەرە ناوەندی و بڕیاردەرەکانی ئەمڕۆی کوردەواری. هەر ئەم بەشداریکردنە خۆی نیشانەیەکی ئاشکرای بایەخ و قورسایی بابەتەکەیە، بەڵام هاوکاتیش پەرۆشبوون و

بەتەنگەوەهاتن و هەڵوێستداریی ئەو مامۆستا و ڕووناکبیرانەیش لە ئاست مەسەلە چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەیاندا جەخت دەکات.

## دووەم: دیدارەکان

پرۆفیسۆر دۆکتۆر مارف خەزنەدار لە گۆشەنیگایەکی مێژوویی و ئەکادێمییەوە لە بابەتەکە نزیک دەکەوێتەوە و هەوڵ دەدات هەم فاکت و ڕاستییەکان و هەم بەڵگە و دژبەڵگەکان لە چوارچێوەیەکی زانستیدا دابڕێژێت. لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆگی مێژووی ئەو ئەلفوبێیانە باس دەکات کە کورد بۆ نووسین بە کاری هێناون و ئەوانەیش کە ئێستا بە کار دەبرێن. لەو باسەدا ئەوە جەخت دەکات کە تا دوای جەنگی یەکەمی گیتی ئەلفوبێی لاتینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادا نەبووە. ئەوەی ئەلفوبێی لاتینیی کردە پرۆژە، کەمالیستەکان بوون. بە درێژاییی چەندان سەدە هەموو کورد هەر ئەلفوبێیەکی گونجێنراوی بۆ نووسین بە کار بردووە کە لەسەر بناغەی ئەلفوبێی عەرەبی داڕێژراوە. لە وەرامی چەند پرسیارێکیشدا لەسەر ئەلفوبێ، مامۆستا بە ڕاشکاوی ئەوە دەردەبڕێت کە ئەو دژی ئەو گفتوگۆیانەیە کە لەبارەی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینییەوە دەکرێن، لەبەر ئەوەی گفتوگۆی لەو بابەتە بێئەنجامە، چونکە زانستی نییە و سیاسییە و زیان بە "ئاسایشی نەتەوەیی" دەگەیەنێ. خەزنەدار ئەوەی لا ڕوونە کە ئەتاتورک ویستوویەتی نەتەوەی تورک لە ئەورووپا نزیک بکاتەوە و بیکاتە بەشێکی سیاسی و فەرهەنگیی ئەورووپا، بۆ دوورکەوتنەوە لە ئیسلام و فەرهەنگی ئیسلامی. هەر ئەم بیرکردنەوەیەیش بوو بە بناغەی بیری گۆڕینی ئەلفوبێی زمانی تورکی لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە بۆ ئەلفوبێی لاتینی. کوردستانی تورکیا تا ئەو ڕۆژەی بەشێکن لە دەوڵەتی تورکیا، ناچارن ئەلفوبێی لاتینی بە کار بهێنن، بەڵام هەر ڕۆژێک چارەنووسی ئەو بەشەی کوردستان کەوتە دەست گەلەکەی خۆی، ئەو کاتە دەتوانێت خۆی ئەو بڕیارە بدات زمانەکەی خۆی بە چ ئەلفوبێیەک دەنووسێت. ئەو بە ڕوونی ئەوەیش دەردەبڕێت کە

ئەلفوبێی عەرەبی بە هیچ جۆرێک نەبووەتە ڕێگرێک لە بەردەم ستانداردبوونی زمانی کوردیدا. لەم ڕووەوە دۆکتۆر خەزنەدار لەسەر ئەو چاکسازییانەیش ڕادەوەستێت کە لە ماوەی نزیکەی سەد ساڵی ڕابوردوودا لە کوردستانی عیراقدا، لە بواری زمان و وشەسازی و ڕێنووسی کوردیدا جێبەجێ کراون و ڕۆڵی زانایانی پێشڕەوی وەک تۆفیق وهبی جەخت دەکات. بەشێکی باشی ئەو چاکسازییانە بە هۆی ئەو دەستگا ڕەسمی و دەوڵەتییانەوە هاتوونەتە ئاراوە کە لە چوارچێوەی دابینکردنی مافە فەرهەنگی و زمانەوانییەکانی کوردی کوردستانی عیراقدا دامەزراون. لەپاڵ ئەوانەیشدا دیارە نەخشی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش کەم نەبووە و توانیویانە بە شێوەیەکی فراوان ئەو چاکسازی و گۆڕانکارییانە بڵاو بکەنەوە و خوێنەری کوردیان پێ ئاشنا بکەن.

هەر لەو بوارەدا مامۆستا باسی سێ جۆرە ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی و ڕووسی (سیریلی) دەکات و لە چوارچێوەیەکی مێژوییدا ئەو گەشە کردن و گۆڕانانە بە سەر دەکاتەوە کە لەم ئەلفوبێیانەدا ڕوویان داوە و نموونەی ئەو زمانانە دەهێنێتەوە کە سوودیان لەو گۆڕانکارییانە بینیوە بۆ گونجاندنی هێماکانی ئەلفوبێ لەگەڵ دەنگەکانی زمانەکانی خۆیاندا.

دۆکتۆر خەزنەدار ئەو قسەیەیش بە درۆ دەخاتەوە کە گوایە کوردی سۆڤییێتی جاران کۆنگرەی زمانەوانییان کردبێت و بڕیاری ئەوەیان دابێت کوردیی باکوور (کرمانجی) بکەنە زمانی ڕەسمیی کورد. هەروەها باسی کۆنفرانسی شەقڵاوەیش دەکات، ساڵی ١٩٥٩، و پێی وایە ئەو بڕیارەی لەوێ دراوە کە کوردیی خواروو بکرێتە بناخەی زمانێکی ڕەسمی و بە بەشەدیالێکتی بادینانی موتوربە بکرێت، لە ڕووی زانستییەوە هەڵە بووە. ئەلفوبێی کوردی- عەرەبی، بە بۆچونی خەزنەدار، هیچ بڕیارێکی بۆ نەدراوە، بەڵکە بە شێوەیەکی سروشتی بووە بە ئەلفوبێی کورد و هیچ کەس و لایەن و حیزب و ڕێکخراوێکیش بۆی نییە دەستی لێ بدات و قسەی لێوە بکات.

خەزنەدار دوورودرێژ باسی پەیدابوون و سەرهەڵدانی دوو شێوەی ئەدەبیی زمانی کوردی (سەروو یا کرمانجیی باکوور-کە زیاتر هەر وەک کرمانجی ناو دەبرێت -و خواروو یا کرمانجیی باشوور) دەکات و پێی وایە دیالێکتی کرمانجیی باکوور وەک زمانێکی ئەدەبی خۆی نەگرتووە و نەگەیشتووەتە پلەی ستانداردبوون، لە کاتێکدا کرمانجیی خواروو سالآنێکی دوورودرێژە ڕۆڵی زمانێکی ستاندارد دەبینێت. ئەمە تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە تایبەتەی کوردستانی عیراق دوای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق هەیبووە، وەک تاکە بەشی کوردستان کە زمانی کوردیی بە شێوەیەکی ڕەسمی تێدا خوێنراوە و چاپەمەنی بە زمانی کوردی هەبووە و لەبەر ئەوەیش زمانێکی ئەدەبی دروست بووە کە لە زۆربەی بوارە زانستییەکاندا بە کار هێنراوە و تا ڕادەیەکی باشیش لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا، کوردستانی ئێران، جێگەی خۆی کردووەتەوە و لەوێیش بووەتە زمانێکی ئەدەبی.

ئێمە دەتوانین بڵێین بۆچوونەکانی دۆکتۆر خەزنەدار بە گشتی پشت بە کۆمەڵە فاکتێکی زانستی و مێژوویی دەبەستن و ئەو مامۆستایە هەوڵی داوە ئەمڕۆی زمان و ڕێنووسی زمانی کوردی ببەستێتەوە بەو گۆڕان و گەشەکردنەی لە ماوەی چەند سەدەی ڕابوردوودا لە زمانەکەدا ڕووی داوە. هەڵوێستی خەزنەدار چ بەرانبەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی و چ بەرانبەر ڕۆڵی کوردیی خواروو وەک زمانێکی ستاندارد هەڵوێستێکە لە پەرۆشی و دڵسۆزییەکی ئاشکراوە بۆ زمان و نەتەوەکەیەوە دەست پێ دەکات. ئەو نایەوێ ئەو باسە زمانەوانی و تیۆرییانە لە ڕاستیی سیاسی و مێژوویی و جیۆگرافیی نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی دوور بخاتەوە و بەلایەوە گرنگە داهاتوویش لە چوارچێوەی ئەو ڕاستییەدا بخوێنێتەوە، بێ ئەوەی ئەم خوێندنەوەیە دەرگا بە ڕووی پێشهاتە چاوەڕوانکراو و نەکراوەکانی داهاتوودا دابخات.

ڕەفیق سابیری شاعیر هەر لە سەرەتاوە دوو ڕاستیی گرنگ دەسەلمێنێت کە دەتوانین بڵێین کرۆکی بابەتەکانی ئەم کتێبەن: یەکەم،

ئەلفوبێی کوردی ئەوەندە گرفتی نییە کە بیر لە گۆڕینی بکەینەوە، دووەمیش، بانگەشەی ئەلفوبێی لاتینی لە ناوەڕۆکدا مەسەلەیەکی سیاسییە و بەشێکە لە ئەنجامەکانی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم. هەر بە شوێنیدا ئەم بیرە زیاتر ورد دەکاتەوە و ڕەگوڕیشەی ئەو بیرەی کەمالیزم لەوەدا دەبینێت کە بەرامبەر ئەوروپا خۆی بە کەم و بچووک بینیوە و ویستوویەتی هەموو نەتەوەکانی نێو تورکیا لە ڕیشەی کولتووری و ئەدەبی و ڕابردووی مێژووییی خۆیان دابڕێ. لەبارەی هەوڵی بەدرخانییەکانەوە بۆ دامەزراندنی ئەلفوبێی لاتینی لە زمانی کوردیدا ڕەفیق سابیر پێی وایە ئەم بیرە کەموزۆر، نە دوور و نە نزیک لە پێناوی زمانی کوردیدا نەبووە، بەڵکە کارێکی پراگماتیکییانەی ناسیۆنالیزمی کورد بوو کە نیازێکی سیاسی ـ نەتەوەییی لە پشتەوە بوو. ئەلفوبێی لاتینی، وەک لاتینیخوازان بانگەشەی بۆ دەکەن، هۆیەک نییە بۆ کرانەوەی نەتەوەیەک بە ڕووی جیهاندا و نابێتە هۆیەک بۆ ئەوەی خەڵکی خێراتر فێری ئەو زمانە ببن، هەروەک ڕێگایەکیش نییە بۆ ئەوەی خوێنەوارانی ئەو گەلە زووتر فێری زمانانی ئەوروپا ببن.

ڕەفیق سابیر کاتێ لەسەر دوو شێوەی ئەدەبیی کوردیی خواروو و کوردیی سەروو دەدوێت، لە ڕوویەکەوە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسیی کوردستاندا بەراوردی دەکات و یەکگرتن و یەکخستنی ئەم دوو شێوەیە بە ئەرکێکی یەکجار سەخت دادەنێت. جیاوازیی ئەم دوو شێوەیەی زمانی کوردی ئەوەندە فراوان و بەرین دەبینێت کە بکرێت وەک دوو زمانی سەربەخۆ تەماشا بکرێن، هەر بەوپێیەیش، پێی وایە، "نابێت لەوە بترسین کە کورد، بە دوو شێوەزمان، یا دوو زمان، بنووسێت." بەڵام هاوکاتیش ئەوەی بەلاوە گرنگە کە بۆ لێکنزیککردنەوەی ئەم دوو شێوەیە کار بکرێت و بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی وەهایش، بە لای دۆکتۆر سابیرەوە، گرنگترین ڕێگا بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردییە لە باکووری کوردستان.

فەهمی کاکەیی هەم شارەزای زۆربەی زاراواکانی زمانی کوردییە و هەم مامۆستایەکی ئەزموونداری بواری پەروەردە و فێرکردنە. ئەویش، بە

وێنەی ئەمجەد شاکەلی، کاتێ لەسەر زمانی کوردی دەدوێت، بەشێکی زۆری ئەنجامگرییەکانی بەرهەمی ئەزموونێکی دووورودرێژی کاری فیرکردن و پەروەردەیە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مەسەلەکانی زمان و دیالێکت و ئەلفوبێ بووەتەوە.

کاکەیی لە بەشێکی باسەکەدا دەیەوێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە نابێ کێشەی زمانی ستاندارد و ئەلفوبێ لە گۆشەنیگایەکی کوردستانییەوە تەماشا بکرێت، چونکە واقیعی کوردستان ئەمڕۆ ئاشکرایە و تەنیا لە کوردستانی خواروو، یا کوردستانی عیراقدایە، کە زمانی کوردی دەخوێنرێت و بە شێوەیەکی ڕەسمی بە کار دەبرێت. لەبەر ئەوە هەر باسکردنێکی چارەسەرێکی یەکجارەکی کە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە بەرچاو بگرێت، بیرکردنەوەیەکە لە خەیاڵەوە نزیکترە تا لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستانەوە.

کاکەیی مەسەلەی زمانی ستاندارد دەبەستێتەوە بە هەبوونی قەوارەیەکی سیاسییەوە، واتە دەوڵەت. بۆ بەهێزکردنی ئەم بیرە نموونەی مێژووی کوردستانیش دەهێنێتەوە، کە هیچ کاتێک دەوڵەتێکی سەرتاسەریی وەها نەبووە کە هەموو کوردستان ببات بە ڕێوە، بۆیە زمانێکی ستاندارد و یەکگرتوویش نەبووە هەموو کورد وەک زمانی ڕەسمیی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردن و خوێندن بە کاری ببەن. ئەم بەڵگەیە بۆ ئەمڕۆیش هەر هێزی خۆی هەیە، کە تەنیا کوردستانی خوارووە کە قەوارەیەکی سیاسیی هەیە و زمانی کوردییش زمانی کارگێڕی و خوێندن و ڕاگەیاندنە، لە کاتێکدا لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نە زمانی کوردی بە شێوەیەکی ڕەسمی بە کار دەبرێت و نە بواری ئەوە هەیە بیر لە وەها بەکاربردنێک بکرێتەوە. کە بیر لەو ڕاستییانە بکەینەوە دەبێ باسی زمانی ستاندارد سنووردار بکرێت و بۆ ئێستا تەنیا بەو ئامانجە بیری لێ بکەینەوە و کاری بۆ بکەین کە لە کوردستانی خواروودا ببێتە زمانی ستاندارد و ڕەسمی.

ئەو "چارەسەرانە"ی لەم ساڵانەی دواییدا لە بواری خوێندن و کتێبی خوێندندا لە کوردستانی خواروودا جێبەجێ کراون، کاکەیی دەڵێ، هیچیان ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی زانستی نین، چونکە ئەگەر ئەو تێکستانە بکەینە نموونە کە لە کتێبی خوێندندا بەرچاومان دەکەون، دەبینین تەنیا تێکەڵکردنێکی دوو دیالێکتی کوردیی خواروو و کوردیی سەرووە، بێ ئەوەی مێکانیزمێکی مەنتیقی و زیندوو لەو تێکەڵکردنەدا بە کار هاتبێت.

وەک ئەنجامگرییەک مامۆستا فەهمی ئەوە جەخت دەکات کە خوێندنی دوو زاراوە لە سیستەمی خوێندنی کوردستاندا دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو زمان و درزێکی گەورە دەخاتە ناو یەکێتیی نەتەوەیی کوردەوە. ئەو بە ڕاشکاوی لایەنگری ئەوەیە کە لە سیستەمی خوێندندا دەبێ یەک شێوەی ستانداردی زمانی کوردی بە کار ببرێت، بێ ئەوەی بیکا بە مەرج کە کامە دیالێکت ئەم نەخشەی پێ بدرێت.

شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە هەمووان ڕوونتر و ئاشکراتر باوەڕەکانی خۆی لەبارەی بابەتێکی ئاڵۆزی وەک مەسەلەی زمانی ستاندارد و ئەلفوبێوە دەردەبڕێت. ئەو خۆی بە وردەکارییەکانی زمانەوانییەوە خەریک ناکات، بەڵکە وەک شاعیرێک، وەک داهێنەرێک چاو لە کەرەستە زمانەوانییەکە دەکات و بیر لە سامانی فەرهەنگیی کورد دەکاتەوە. تەنانەت باسێکی لە بنەڕەتدا سیاسیی وەک زۆرینە و کەمینەیش نابێتە هۆی ئەوەی ئەو ڕاستییەکانی زمان بە پێوەرێکی دیکەی شارستانەتی و فەرهەنگی بپێوێت و بە شێوەیەکی جیاواز، یا دوور لە بیرکردنەوەی خۆی، ئەنجامگرییەکانی خۆی پێشکەش بکات.

ڕەوشت محەمەدی ئامادەکاری ئەم کتێبە کارێکی زیرەکانەی کردووە کە هاتووە هەر لە یەکەم پرسیاردا کرۆکی کێشەکەی بە شێوەیەکی کورت و ڕەوان دەربڕیوە و وای داڕێشتووە کە شاعیرێک لە گۆشەنیگای داهێنانەوە وەرامی بداتەوە. ئەو کە لە بێکەس دەپرسێت "... تا چەند، وەک شاعیرێک، هەستتان کردووە ئەم ئەلفوبێیە تەنگەبەرە و ناتوانێ باوەش بە خەیاڵ و هاوارەکانی ئێوەدا بکات؟"، دەزانێت هەم پرسیارەکەی خۆی و هەم ئەو وەرامەیش کە چاوەڕوانی بیستنیەتی پووچەڵکردنەوەی زۆربەی

ئەو زڕەبەڵگانەیان هەڵگرتووە کە کەسانێک بە نیازێکی تەواو جیاواز و دوور لە خۆشەویستی و پەرۆشبوونی فەرهەنگ و زمانی کوردی دەیانوروورژێنن.

بێکەسیش، وەک مامۆستایانی دیکە و وەک سەدان ڕووناکبیر و هەزاران خوێنەری کوردیش، دەزانێت بیرۆکەی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی ئەنجامێکی بیر و پرۆژە سیاسییەکانی کەمال ئەتاتورکە، کە پیی وا بوو بە گۆڕینی ئەلفوبێ بۆ لاتینی لە ئەوروپاوە نزیک دەبێتەوە. لەبەر ئەوە گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی جۆرێکە لە خۆکوژی و لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەیە.

بێکەس، وێڕای لێکدانەوەیەکی مێژوویی و فەرهەنگی، زۆر بە ڕوونی ئەوە جەخت دەکات کە ئەو زمانە ئەدەبییەی کە لە دووسەد ساڵ زیاترەوە هاتووە و تا ئێستەش بێ پسانەوە کتێبخانەی کوردیی ئاوەدان کردۆتەوە، بەو شێوە زمانە دەزانێت کە پێویستە لە پاشەڕۆژدا هەر بەم حەرفانەی ئەمڕۆوە ببێتە زمانی ستانداردی کوردی بۆ هەموو کوردستان. پێویستە ئەم زمانە ببێتە زمانی یەکگرتووی کورد و کاری بۆ بکرێ.

بەخشینی ئەدەبی و فەرهەنگی و زانستی، واتە ئەو گەنجینەیە و ئەو سامانە زانیاری و هۆشیاری و فەرهەنگییەی زمانێک لە خۆیدا هەڵیگرتووە، بەلای بێکەسەوە، پێوەرێکی یەکجار گرنگ و بنجبڕە بۆ ئەوەی کە زمانێک بتوانێت نەخشی زمانی ستاندارد، زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، لەناو نەتەوەیەکدا ببینێت. کاتێ بیر لەم لایەنە گرنگ و گەوهەرینەی زمانی کوردی بکرێتەوە دیارە کە کوردیی خواروو تاکە ئاڵتەرناتیڤە کە نەخشێکی وەها مێژوویی و شارستانەتییانە ببینێت. مامۆستا بێکەس ئەم ڕاستییە دەکاتە دوا بڕگەی قسەکانی و بەم شێوەیە دایدەڕێژێت: "بە پێوانەی زۆرترین بەخشین و زۆرترین داهێنان و دەوڵەمەندترین کتێبخانە، شێوەی کرمانجیی خواروو، ئەوەی پێی ئەوترێ سۆرانی، یەکەمین پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستانداردی کوردی لە هەموو کوردستاندا."

ئەمجەد شاکەلی لەم دیدارەدا کۆمەڵێ باسی گرنگی ورووژاندووە کە پێشتریش لە نووسین و لێکۆڵینەوەی دیکەیدا لێیان نزیک کەوتووەتەوە. لایەنێکی بەهێزی ئەم نووسینەی شاکەلی، کە تا ڕادەیەکی باش لە نووسینەکانی پێشوویشیدا هەبووە، ئەوەیە کە نەک تەنیا پشت بە بەڵگە و بەڵگەکاریی تیۆری و زمانەوانی دەبەستێت، بەڵکە کۆمەڵێ ئەزموونی ڕاستەوخۆی خۆیشی لەم بوارەدا دەکاتە بنچینەیەک بۆ بەهێزکردن و داڕشتنی بۆچوون و ئەنجامگرییەکانی. ئەو کە سەردەمێک لە سوێد مامۆستایەتیی زمانی کوردیی کردووە و دەرسی بە منداڵانی کوردی بەشە جیاوازەکانی کوردستان وتووەتەوە، هەروەهایش ڕاستەوخۆ ئاگاداری پلە و شێوەی بەکارهێنانی زمانی کوردییە لای کەسانی جۆراوجۆر لە تاراوگە، ئەزموونێکی بناخەدار و باشی هەیە و دەتوانێت بە بەرچاوڕوونییەکی زیاترەوە مەسەلەی زمان و دیالێکت و ئەلفوبێ هەڵبسەنگێنێت.

لە سەرەتاوە شاکەلی هەوڵی داوە باسی هەموو ئەو کەسانە بکات کە لە قۆناغی جیاوازدا ویستوویانە ئەلفوبێی لاتینی بهێننە ناو زمانی کوردییەوە و بەشیکی ئەم هەوڵانە دەبەستێتەوە بە نیاز و پلانی کۆلۆنیالیستانی ڕۆژاواوە کە وەک بەشێک لە نەخشەکانیان بۆ داگیرکردن و تێکدانی ڕۆژهەڵات پەنا دەبەنە بەر دزێوکردنی فەرهەنگ و هەڵوەشاندنەوەی. بەشێکی دیکەیشی هەوڵی میسیۆنێرەکانی سەر بە کڵێسان کە بۆ بڵاوکردنەوەی دینی مەسیحی لەناو وڵات و گەلانی موسڵماندا، هەوڵی گۆڕینی فەرهەنگ و زمان و ئەلفوبێکەیشیان دەدەن.

هەر لەم ڕووەوە دێتە سەر باسی جەلادەت بەدرخان و ئەو ئەلفوبێ لاتینییەی بۆ نووسینی زمانی کوردی (لەڕاستیدا تەنیا دیالێکتی کرمانجیی سەروو) دایمەزراند و پەرەی پی دا و ئێستایش کەسانێکی تر لەسەر ئەو هەوڵە بەردەوامن. مامۆستا هەوڵدانەکەی بەدرخان دەبەستێتەوە بە سەرەتای هاوکاریی ئەو لەگەڵ (نۆئێل)ی ئەفسەری بریتانیا کە ساڵی ١٩١٩ لە کوردستانی تورکیا کاری بۆ ئەوە دەکرد هۆز و خێڵە کوردەکان

دژی ئەتاتورک هان بدات و ڕێک بخات، چونکە ئەودەم ئەتاتورک دژی وڵاتانی هاوپەیمان و بۆ سەربەخۆییی تورکیا کاری دەکرد. ئەم بیرکردنەوەیەی بەدرخان بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ هیچ پێوەندییەکی بە چاکی یا خراپیی ئەلفوبێی کوردییەوە نەبووە و لەبەر ئەوە نەبووە کە ئەلفوبێی کوردی نەیتوانیوە دەنگەکانی زمانی کوردی دەرببڕێت، بەڵکە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی ڕۆژاواپەرستانەی ئاشکرایە. ئەو بیروڕایانەیش کە دواتر بەدرخان دەریبڕیون گوایە ئەو پێش پرۆژەکەی ئەتاتورک بیری لە گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی کردووەتەوە و پرسی بە کەسانی کوردیزان و زمانزان کردووە، هیچ بناغەیەکیان نییە و هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی ڕەوایی بۆ پرۆژەکەی خۆی پەیدا بکات. ئەوەی بەدرخان کردوویەتی بڕیارێکی تاکەکەسی و خۆسەپێنەرانەی ناڕاستە و ڕێک بارتەقای پلانی کۆلۆنیالیستان بۆ دابەشکردنی کوردستان و دروستکردنی ئەو سنوورانەی نێوان بەشەکانی کوردستان، بەدرخانیش سنوورێکی فەرهەنگی و زمانەوانیی لێ زیاد کرد و هاوبەشێکی ئەو تاوانەیە کە بەرانبەر کورد و خاک و فەرهەنگەکەی کرا. ئەلفوبێ لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان، کۆپیکردن و لاساییکردنەوەیەکی ئاشکرای ئەلفوبێیەکەی ئەتاتورکە و هەر بەو مەبەستەیش هاتۆتە کایەوە. بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە دەڵێن بەکارهێنانی لاتینی زاراوەکانی کوردی لە یەکدی نزیک دەکاتەوە، نووسەر پێی وایە پەیدابوون و بەکارهێنانی ئەو ئەلفوبێیە لە زمانی کوردیدا بوو بە کۆسپێکی یەکجار گەورە لەسەر ڕێگەی نزیکبوونەوەی زاراوەکان لە یەکتر.

شاکەلی بەرپەرچی زۆر لەو بیانووانە، یا ئەو زڕەبەڵگانە، دەداتەوە کە بۆ پاساودانی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی دەهێنرێنەوە و پێی وایە ئەمانە بیانووی لەو جۆرەن کە هیچ بناغەیەکی مەنتیقی و زانستییان نییە. هەروەها وەک بەشێک لە ئەزموونی خۆی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی کاری کردووەتە سەر شێوەی بیرکردنەوە و جیهانبینی و بۆچوونی کوردی خوێندەواری تورکیا و چەند "کەمالیستانە''

بیر دەکەنەوە. ئەمانە سەر بە نەوەیەکن کە بە ئەلفوبێی لاتینی پەروەردە کراون و لە تورکیایەکدا، کە سەرتاپێی بە ئیدیۆلۆگیی کەمالیزم ڕەنگڕێژ بووە، گەورە بوونە، لەبەر ئەوە بەتەواوی لە ڕەگوڕیشەی فەرهەنگی و زمانەوانیی خۆیان دابڕاون و لەو فەرهەنگ و شارستانەتییە گشتییە ڕۆژهەلاتییەیش کە سامانێکی دەوڵەمەندە و ئێمەیش و زۆری دیکەی نەتەوەکانی ڕۆژهەلاتیش تێیدا بەشدارین، لەو شارستانەتییەیش بێبەشن و دوور کەوتوونەتەوە. لە کۆتاییدا شاکەلی ڕەخنە لە سیاسەتی فەرهەنگیی ئێستای کوردستان دەگرێت، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە دەستگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی زمانەوە هیچ بەربەستێکیان نییە و تەلەڤیزیۆنەکان زۆر جار تەنیا ئەلفوبێی لاتینی بە کار دەهێنن و دەیان وشەی بێگانە دزەیان کردووەتە ناو زمانەکەوە.

نەجاتی عەبدوڵلا لە ڕووی مێژوویی و فەرهەنگییەوە کورد بە بەشێکی کارا و زیندووی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەزانێت و لەبەر ئەوەیش دەیەوێ ئەوە جەخت بکات کە کورد نابێت خۆی لەو شارستانەتییە دابڕێت. ئەو ئەلفوبێی کوردی بە کێشەیەک دانانێت و دژی ئەو باوەڕەیە کە پێشکەوتن دەبەستێتەوە بە ئەلفوبێوە، هەروەهایش دژی ئەو قسەیەیە کە گوایە ئەلفوبێی کوردی، لەبەر زۆریی سەر و ژێر و بۆر، فێربوونی زەحمەتە. لەو ڕووەوە ئەلفوبێی کوردی لەگەڵ ئەلفوبێی فرانسی بەراورد دەکات کە لەوێ سەر و بۆر و ژێر زیاترن و کەسیش نەیکردووە بە کێشە. ئەلفوبێی کوردی لەچاو ئەلفوبێی چینی و ژاپۆنی و زۆری دیکەدا، بۆ فێربوون زۆر ئاسانترە، بەلام دەبینین بە هەزاران ئەورووپایی فێری چینی و ژاپۆنی دەبن و ئەلفوبێیش ڕێگەی لێ نەگرتوون.

نەجاتی عەبدوڵلا هەوڵی بەدرخانییەکان بۆ پەرەپێدانی ئەلفوبێی لاتینی بە لاساییکردنەوەیەکی پرۆژەکەی ئەتاتورک دادەنێت و ئەوەیش دەسەلمێنێ کە مامۆستا و زمانەوانی گەورەی کورد تۆفیق وەهبی ئەگەر لە سەرەتایشدا بۆچوونێکی وەهای هەبووبێت، بەلام لەماوەی حەفتا ساڵی داهاتووی ژیانیدا بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینیدا

نەبووە. ئەمە هەر ئەو باوەڕەیە کە پرۆفیسۆر خەزنەداریش لە دیدارەکەیدا جەختی دەکات.

نەجاتی عەبدوڵڵا باسێکی دیکە دەورووژێنێت کە ڕەنگە شایانی ئەوە بێت زیاتر قسەی لەسەر بکرێت؛ کورد خۆی هێشتا بە پرۆسەی بەنەتەوەبووندا تێدەپەڕێت و لەبەر ئەوەیش زەحمەتە بتوانرێت باسی هەبوونی زمانێکی ستاندارد بکرێت. دیارە بەشێکی ئەم بابەتە، واتە بەستاندار نەبوونی زمانی کوردی، لای هەندێ نووسەر و ڕووناکبیری کورد دووبارە بووەتەوە، ئەگەرچی لەم کتێبەیشدا باوەڕی وەهامان کەمتر بەرچاو دەکەوێت.

ئەو ئەنجامگرییەی دۆکتۆر عەبدوڵڵا زۆر ڕاستە کاتێ دەڵێ خۆزگە کوردستان هەشت پارچە بووایە و هەشت سنووری دەستکرد یان زیاتریشی بووایە، بەڵام ئاوا بە دوو ئەلفبێی نەنووسییایە.

جەمال عەبدول هەر لە سەرەتاوە ئەوە جەخت دەکات کە ئەلفوبێی هەموارکراوی کوردیی ئەمڕۆ بە جۆرێ ڕیفۆرمی تێدا کراوە کە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێت و تەنانەت ئەگەر ناتەواوییەکیش هەبێت دیسان چارەسەرکردنی ئاسانە و زۆر لەوە چاکترە کە واز لەو ئەلفوبێیە بهێنین بۆ یەکێکی دی. ئەلفوبێی لاتینی ئاستەنگێک و کۆسپێکە لە بەردەم یەکگرتن و ستانداردبوونی زمانی کوردیدا، چونکە بووەتە هۆی دابڕانی بەشیکی زۆری خوێنەرانی کورد لە فەرهەنگ و زمانی کوردی. ئەلفوبێی کوردی لەسەر بناغەی تیپی عەرەبی نەک هەر ڕابوردووی فەرهەنگیی خۆمانی پاراستووە، بەڵکە پردێکیشە بۆ ئەوەی ئێمە سوود لە شارستانەتی و فەرهەنگی فارس و عەرەب و تەنانەت تورکی عوسمانییش وەربگرین.

باسێکی گرنگ کە جەمال عەبدول ئیشارەتی بۆ دەکات مەسەلەی خوێندنە بە زاراوای بادینانی لە ناوچەی بادینان. بەڵگەهێنانەوەکەی عەبدول هێزێکی زۆری تێدایە کاتێ دەڵێت زاراوای بادینان ناتوانێت جێگەی ئەو ئەدەب و فەرهەنگ و ڕێزمانە کرمانجییە بگرێتەوە کە بە

بەشەدیالێکتی جەزیرە (یا بۆتانی) نووسراوە، لەبەر ئەوە بەکارهێنانی بادینانی وەک زمانی خوێندن دەبێتە هۆی زیاتر ئیزۆلەبوونی خوێندکارانی بادینان تەنانەت لە کرمانجیئاخێوانی تریش. بێجگە لەوەیش خوێندن بەو دیالێکتە هەر لە ناوچەی بادیناندا قەتیس دەمێنێت و ناتوانێت لەوە بەولاوە تەشەنە بکات. سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەیش، کێشەیەکی دیکە دەمێنێتەوە کە بادینانی خۆیشی شێوەیەکی یەکگرتووی نییە و نەبۆتە شێوەیەکی ستاندارد و تەنانەت ئەوەندەیش بە کار نەبراوە کە بکرێ وەک کەرەستەیەک بۆ نووسینی بابەتی جیاوازی زانستی و ئەدەبی بە کار ببرێت.

جەمال عەبدول داوا لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی عیراق دەکات کە زمانی کوردیی خواروو، کە زمانی حوکوومەتی شێخ مەحموود و کۆماری کوردستان و حوکوومەتی ئێستای هەرێمە بکرێتە زمانی ڕەسمیی سەراپای دامودەزگاکانی هەرێم، هەروەهایش پێی وایە کە دەکرێ مامۆستایان و قوتابییانی کوردستان فێری هەردوو شێوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بکرێن. لەم ڕووەوە پێی باشە فەرهەنگێکی فراوانی کرمانجیی باکوور/کرمانجیی باشوور پێک بهێنرێت بۆ ئاسانکردنی لەیەک گەیشتن و پێشخستنی زمانی کوردی.

جەمال عەبدول هەوڵ دەدات بە شێوەیەک وێنەیەکی ئەو زمانە ئەدەبییەی لە خەیاڵ و بۆچوونی خۆیدا وێنای کردووە پێشکەش بە خوێنەر بکات، کە زمانی یەکگرتوی ئەمڕۆ دەبێتە بناخەیەک بۆ وەرگرتنی وشە و دەربڕین لە دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە و زمانە ئەدەبییەکەی پێ دەوڵەمەند دەبێت و ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە زۆر وشەی کوردی چەندان هاوواتای دیکەی بۆ پەیدا ببێت.

محەمەدی مەلا کەریم کۆمەڵێ بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ ئەوە کە بۆچی لایەنگری بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی نییە، بەڵام بەڵگەکان زیاتر سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین، نەک زمانەوانی. هەر بە دوای ئەوەیشدا پێی وایە باش دەبێت ئەگەر هەر لە ئێستاوە لە قۆناغی خوێندنی ناوەندییەوە

(له کوردستانی عیراق) دەست بکرێ بە فێرکردنی ئەلفوبێی لاتینی. له لێکدانەوەی هەڵوێستی لایەنگرانی لاتینیشدا دیسان له گۆشەنیگایەکی سیاسی و ئیدیۆلۆگییەوە تەماشای بابەتەکە دەکات. له جێگەیەکی دیکەی قسەکانیدا پێی وایە دەبێ بەربەستی لێشاوی بە لاتینی نووسین بکەین و دەبێ نەهێڵین کوردی بە دوو دیالێکت لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێ و دەبێ ئێمە لە کوردستانی عیراقدا نەهێڵین شەپۆلی دەردەلاتینیزم لەگەڵ خۆی ڕاپێچمان بکات. لە کۆتاییدا مامۆستا مەسەلەکە دەبەستێتەوە بە بار و دۆخی سیاسییەوە، بەڵام هەر بە دووری دەزانێت بیری بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

## سێیەم: لێکۆڵینەوەکان

لێکۆڵینەوەکەی بەهار قادر لە دوو بەش پێک هاتووە؛ بەشی یەکەمی باسێکی تیۆرییە لەسەر زمان، نەخشی زمان بۆ تاکەکەس و بۆ کۆمەڵ، نەخشی سیاسیی زمان و پێناسە و لێکدانەوەی هەندێ تێرمی زمانەوانی. لەم بەشەدا نووسەر هەوڵی داوە بە پشتیوانیی بیروڕای کۆمەڵێ زمانەوان و نووسەری کورد و بیانی، ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە مێژووی زمان و گەشەکردنی زمانەوە، هەروەهایش هەندێ چەمکی جیاواز لە بابەتی زمانەوانیدا ، ڕوون بکاتەوە و بە زمانێکی ئاسان بیانخاتە بەرچاوی خوێنەر.

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەی بەهارخان بۆ بابەتی ئەلفوبێ تەرخان کراوە. نووسەر لەم بەشەدا باسی مێژووی ئەلفوبێی لاتینی و ئەلفوبێی عەرەبی دەکات و هەر لەو پێوەستەدا دێتە سەر ئەوەی کە کورد لە کەیەوە ئەلفوبێی عەرەبیی بە کار هێناوە و چۆن هەوڵی داوە بە شێوەیەک چاکسازیی تێدا بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا بگونجێت. دیارە لەم ڕووەوە فارسەکان پێش کورد هەوڵی ئەو گۆڕین و گونجاندنەیان داوە. دواتر باسی پەیدابوونی ئەلفوبێی لاتینی (تورکی) لەناو کورددا دەکات و دەیبەستێتەوە بەو پرۆژەیەوە کە کاتی خۆی مستەفا

کەمال (ئەتاتورک) بە مەبەستێکی سیاسی و ئیدیۆلۆگی بەسەر تورکیادا سەپاندی.

نووسەر هەوڵی داوە لە گۆشەنیگایەکی بێلایەنانەوە تەماشای هەردوو ئەلفوبێیەکە بکات و لایەنە چاک و خراپەکانیان ڕوون بکاتەوە. ئەم هەوڵدانەی نووسەر پشتی تەنیا بە بابەتەکانی زمانەوانی نەبەستووە، بەڵکە لە چوارچێوەیەکی سیاسی و نەتەوایەتی و فەرهەنگیدا لێی دەکۆڵێتەوە و پێی وایە ئەنجامەکانی تەنیا مەسەلەیەکی زمانەوانی نین، بەڵکە بەستراونەتەوە بە سەرتاسەری کۆمەڵی کوردەوارییەوە و ناکرێ هەر وا سەرپێیی بیریان لێ بکرێتەوە و کارکردە کاریگەرەکانی نەخرێنە بەرچاو.

درێژترین و فراوانترین لێکۆڵینەوە لەم کتیبەدا، بابەتەکەی کامیار سابیرە، کە هەوڵی داوە لە چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادێمیدا دایبڕێژێت و بیرەکانی خۆی لەسەر کێشەکانی زمان و زمانی کوردی پێشکەش بکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە دەکرێ هەم مێتۆدیکی نووسینەکەی و هەم بەڵگە و بەڵگەکارییەکانی بخرێنە ژێر پرسیارێکی زۆرەوە، کە دیارە ئەودەم نووسەر بەشێکی یەکجار گەورەی ڕاستگۆیی و باوەڕپێکراوییەکەی (Credibility) لە دەست دەدات.

کامیار سابیر لە نووسینەکەیدا هەردوو بابەتی زمانی ستاندارد (نووسەر زۆر جار ستاندارد و ڕەسمی، کە ئەو پێی دەڵێ فەرمی، تێکەڵ دەکات) و ئەلفوبێ دەخاتە بەر باس و بەدووروودرێژی قسەیان لەسەر دەکات و بەڵگە بۆ پشتگیرییان دەهێنێتەوە. ڕەنگە جیاوازییەکی ئەم نووسینە لەگەڵ بەشێکی زۆری نووسین و دیدارەکانی ناو ئەم کتێبە ئەوە بێت کە نووسەری ئەم بابەتە زۆر لە باوەڕ و ئەنجامگرییەکانی خۆی، لەسەر زمانی ستاندارد و ڕەسمی، دڵنیایە و هەوڵێکی تەواو دەدات بۆ ڕوونکردنەوە و چەسپاندنیان، بەڵام کاتێ دەگاتە باسی ئەلفوبێ، ئەگەرچی زۆریش دژی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی تورکییە، کەچی لە چەند جێگەیەکدا، جۆرێ سازشکاری پێشان دەدات و بە ناوی ئەوەوە کە

مەسەلەکە بۆ پاشەڕۆژ بە جێ بهێڵرێت، توولەڕێگایەک دەکاتەوە کە لە گومان و نادڵنیاییەوە سەر دەردەکات. بەڵام هەر لەو بوارەدا کە باسی ئەلفوبێ لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان دەکات زۆر باش لەوە گەیشتووە کە "بەدرخان قاچی لە ئاوێک خست کە ئەتاتورک ڕشتبووی".

وەک بەرپەرچدانەوەی ئەو باوەڕانەی کە گوایە ئاخێوەرانی هەندێ زاراوا لە زمانی کوردیی ستاندارد تێ ناگەن، کامیار سابیر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زمانی ستاندارد زمانی زگماکی هیچ ناوچە و گرووپ و لایەن و دیالێکتێک نییە و زمانی ستاندارد، زمانی زگماکی هیچ کەسێک نییە. نووسەر لەو ڕاستییەوە هەنگاو دەنێت کە کوردیی خواروو (سۆرانی) زمانێکی ستانداردە و لە ناوچەیەکی پانوپۆڕی کوردستاندا وەک زمانی نووسین جێگەی خۆی چەسپاندووە و خەڵکانێک بە کاری دەبەن کە خۆیان بە شێوەی دیکەی جیاواز قسە دەکەن. بۆ ئەوەی ئەم زمانە ببێتە زمانی ڕەسمیی کوردستانی خواروو، نووسەر پێی وایە تاکە ڕێگا هەر ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی بە بڕیارێکی سیاسی بیسەپێنێت و بیکا بە زمانی ڕەسمی، دەنا کێشەی زاراوا و ناوچەگەرێتیی زمانەوانی بە هیچ جۆرێک بە ڕێگای دیکە چارەسەر نابێت و زیانێکی زۆریش لە یەکێتیی کورد دەدات. زمانی ستاندارد و ڕەسمی، بە لای نووسەرەوە، ئەوە ناگەیێنێت کە هەر ئەو شێوەیەی ئێستا هەیەتی بپارێزێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، بەڵکە ئەزموونی وڵاتانی دیکەیش دەریخستووە، زمانە ستانداردەکە، کە بوو بە زمانی ڕەسمی، سوود لە هەموو دیالێکت و بندیالێکتەکانی زمانەکە وەردەگرێت و وشە و تێرم و دەربڕین لە گەنجینەی ئەدەبیی ئەو شیوانەی زمانەکە وەردەگرێت و پێی دەوڵەمەندتر و کامڵتر دەبێت. ئەنجامگرییەکەی نووسەر تا ڕادەیەکی زۆر، بە ڕوونی دیاری کراوە، کاتێ دەڵێ: " بڕوای بە سەپاندنی زمانی ستاندەرد هەیە، دواکەوتنیش لەم هەنگاوە، مەترسییەکانی دوولەتبوونی زمانی کوردی بۆ چەند دایەلێکتێکی ستاندەرد، لەبری زمانی ستاندەرد برەو پێ دەدات".

وتارەکەی حەکیم کاکەوەیس شایانی ئەوە بوو هەر وا بەئاسانی بە جێی نەهێڵم و بە نیازی هەڵسەنگاندن ئاوڕێکی لێ بدەمەوە، بەڵام هەر بەوەی نووسینەکەی بۆ وەرامدانەوەی نووسینێکی دیکەی ناو ئەم کتێبە تەرخان کردووە، ئیدی دەرگای ئەوەی لێ داخستووین ئێمەیش بتوانین قسەیەک لەسەر بیروبۆچوونەکانی بکەین.

وتارەکەی نزار ئاگری لەو ڕووەوە کە مەبەستی باش پێکاوە و ئامانجێکی سنوورداری بۆ خۆی دیاری کردووە، یەکێکە لە نووسینە هەرە سەنگین و ڕوونەکانی ناو ئەم کتێبە. ئاگری نەهاتووە وەک زمانەوانێک خۆی بخاتە ناو باسێکەوە کە بە کاری خۆی نازانێت، بەڵکە ئەو هەلومەرجە مێژوویی و سیاسییە ئاشکرا دەکات کە بوو بە هۆی پەیدابوونی بیری ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی زمانی کوردی لای جەلادەت بەدرخان. ئاگری هەم ئامانجە سیاسییەکانی بەدرخان دستنیشان دەکات و هەم ڕەگوڕیشە سایکۆلۆگییەکانی شێوەی بیرکردنەوەی ئەو پیاوەمان پی دەناسێنێت. جەلادەت بەدرخان لەپێناوی چاککردن و پێشخستنی زمان و ئەلفوبێی کوردیدا پەنای نەبردە بەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی تورکی، بەڵکە ئەو کارەی ئەو ئەزموونگەرییەکی بێ ڕەگوڕیشەیە و "لە گیرفانی ڕۆشنبیرێکی خۆبەزلزانەوە هاتووە کە حەزی کردووە تێڕوانینە تایبەتییەکەی خۆی بەسەر سەراپای گەلێکدا بسەپێنێت".

ئاگری هەوڵی داوە وێنەیەکی ئەو سەردەم و دەوروبەرەمان بۆ بکێشێت، کاتێ جەلادەت بەدرخان دەستی کردە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار لە شام. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەدرخان فرێ بەسەر زمان و ئەدەب و پێداویستییەکانی زمان و فەرهەنگی کوردییەوە نەبووە و ویستوویەتی لەناو کۆمەڵێ ئاغا و دەرەبەگی تێکشکاوی سیاسی و هەڵاتوودا یارییەک بکات، بە هۆیەوە هەم ئەوانە لە خۆی کۆ بکاتەوە و هەم لە بواری زمانی کوردیدا کارێ بکات، بێ ئەوەی گوێ بە ئەنجامە ڕووخێنەرەکانی بدات، بە پێشەنگی و داهێنان بۆی بژمێردرێت و بەوەیش ناوی خۆی لە مێژوودا تۆمار بکات.

پرۆفێسۆر بوو ئویتاس هەم مامۆستا و هەم هاوڕێیەکی نزیکیشمە. بیستوپێنج ساڵ زیاترە یەکدی دەناسین. یەکێکە لە شارەزا باشەکانی ئەوروپا لە بواری تەسەووف، ئێران و ئەفغانستان و ئیسلامدا. من لای پرۆفیسۆر ئویتاس زمانانی کۆنی ئێرانی؛ فارسیی کۆن(باستانی)، ئاڤێستا، مانیکی، پارسی و پەهلەویم خوێندووە، ئەویش لای من زمانی کوردیی خوێندووە. کاتی خۆی بە هاندانی من ئەم لێکۆڵینەوەیەی نووسی و پاشانیش هەر لەو گۆڤارە سوێدییەدا کە خۆم سەرنووسەری بووم وتارەکە بڵاو کرایەوە. نووسینەکەی ئویتاس لەو بابەتەیە کە لە ئەوروپا پێی دەگوترێ "زانستیی گەلێری".

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پرۆفێسۆر بوو ئویتاس هەوڵی داوە ئەو زانیارییانەی لەبارەی زمانی کوردییەوە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکانەوە خراونەتە بەردەست، کۆ بکاتەوە و لەگەڵ بیروبۆچوونی هەندێ زانا و زمانەوانی کورددا تێکەڵیان بکات و بە زمانێکی نەرم دایانبڕێژێتەوە و پێشکەشی خوێنەریان بکات. ئویتاس نەهاتووە وەک هەندێ ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی دیکە (بۆ نموونە د. ن. مەکەنزی یا فیلیپ کرەیەنبرووک) تەنیا لایەنە جیاوازەکانی کورد و زمانەکەیان بخاتە ڕوو. هەروەهایش نەهاتووە بێڕێزی بەرانبەر شێوەی بیرکردنەوەی کورد بکات، بەڵکە سوودی لە هەموو زانیارییەکان وەرگرتووە، بەڵام ئاسۆی گەشەکردنی زمانی کوردی و پاشەڕۆژی زاراواکانی کوردیی لە ڕوانگەی خۆیەوە تەماشا کردووە. ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا نووسراوە، کە هەلومەرجی سیاسیی کوردستان لەگەڵ ئەمڕۆدا یەکجار جیاواز بوو، دیسان بۆ ئەمڕۆیش هەندێ بیری تێدا هەن کە ڕەنگە بۆ خوێنەری کورد بەسوود بن.

# چوارەم: جیاواز بەڵام یەکگرتوو: هەڵسەنگاندنێکی کتێبەکە

ئەلف: پێکهاتە و ڕێکخستن و ئامادەکردن

لەسەر پێکهاتەی کتێبەکە و ئەو سیستێمەی بۆ ڕێکخستنی بە کار هاتووە و لەسەر ناوەڕۆک و بەڵگەکاریی نووسەرەکانیش کۆمەڵێ سەرنج و ڕەخنەم لا دروست بوون. بۆ گوتوبێژکردن لەسەر بابەتێکی وەها گرنگ و قووڵ و ناسک دەبێ بە شێوەیەک پێشکەش بکرێت کە بگاتە ئاستی گرنگی و گرانیی بابەتەکە. ئەم کتێبە دەبوو بایەخێکی زیاتری پێ بدرێت و گرۆیەکی چەند کەسی سەرپەرشتییان بکردایە و بە نەخشەیەکی ڕوونترەوە ئامادە بکرایە.

کاک ڕەوشت دەبوو شێوە و ناوەڕۆکی پرسیارەکانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بگۆڕییایە و هەوڵی بدایە بە جۆرێک پرسیارەکان دابڕێژێت کە لەگەڵ پاشخانی فەرهەنگی و پیشەیی و زانستیی هەر یەکێک لەو مامۆستایانەدا بیگونجاندایە. بێجگە لەوە دەیتوانی بابەتەکان بە جۆرێ دابەش بکات و لە شێوەی پرسیاری جۆراوجۆردا دایبڕشتنایە کە هەر کەسێک پرسیاری لێ کراوە بابەتێکی تا ڕادەیەک جیاواز لەوانی دیکەی لەگەڵدا باس بکرایە. بۆ ئەوەی ئەم لایەنەی بە شێوەیەکی کارناسانە جێبەجێ بکردایە، دەبوو پێشەکی لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەدا کە دەیویست بیاندوێنێت وردتر بووایە، بەڵام لەوەیش گرنگتر هەوڵی بدایە پاشخانی فکری و فەرهەنگی و زانستیی یەک بە یەکیانی باش بناسیایە، ئەوسا هەم پرسیارەکانی وردتر و جێگرتر دەبوون، هەم ئەو مامۆستایانەی دەخستە بوارێکی وەهای گفتوگۆوە کە قووڵتر لەگەڵ بابەتەکەدا هەڵسوکەوت بکەن و بەو پێیەیش خوێنەر ئەنجامیکی زەنگینتری دەست دەکەوت.

ئەگەر ئەم لایەنە بڕێک زیاتر درێژە پێ بدەین، دەڵێم تەنانەت هاوسەنگییەکی تەواو لەنێوان دوو بابەتە سەرەکییەکەی کتێبەکەدا بەرچاو

ناکەویٚ؛ مەبەستم زمانی ستاندارد و مەسەلەی ئەلفوبیٚ. وا پیٚ دەچیٚت کاک ڕەوشت هەموو هیٚزی خۆی خستووەتە سەر باسی ئەلفوبیٚ و قورسایی و بایەخی بابەتەکەی دیکەی لە بیر چووە. زۆربەی پرسیارەکان لەبارەی ئەلفوبیٚی لاتینییەوە کراون و هەر دەڵیٚی ئامادەکار دەیەویٚ سەرژمیٚریٚک یا گشتپرسییەک لەو ڕووەوە ئەنجام بدات، لە کاتیٚکدا مەسەلەی زمانی ستاندارد و زمانی ڕەسمی بابەتی هەرە گەرم و گرنگە لە ئەمڕۆی کوردستاندا، بەتایبەت لە کوردستانی عیراقدا.

ڕاستە، پڕۆژەی تیشک دەیەویٚ بە بڵاوکردنەوەی ئەم کتیٚبە بەشدارییەک لەو گوتوبیٚژە زمانەوانی و فەرهەنگی و تەنانەت سیاسییەیشدا بکات کە ئەمڕۆ لەسەر زمانی کوردی دەکریٚت و ڕووبەڕیٚکی گەورەی دەستگاکانی ڕاگەیاندنی گرتووەتەوە، بەڵام پیٚم وایە وەک دەستگایەکی فەرهەنگیی کوردی، دەبوو پڕۆژەی تیشک خۆیشی قسەیەکی هەبووایە بۆ گوتن. ئەگەر ڕوونتر مەبەستەکەم بگەیێنم، دەمەویٚ بڵیٚم دەبوو پیٚشەکییەکی فراوانتر و قووڵتریان بۆ ئەم کتیٚبە بنووسیایە. لە پیٚشەکییەکی وەهادا هیچ مەرج نەبوو پڕۆژەی تیشک هەڵویٚستی خۆی ڕوون بکردایەتەوە و بۆچوونی خۆی لەو بوارەدا بگەیاندایە بە خویٚنەرانی، بەڵام دەیتوانی بابەتەکەی لە گۆشەنیگایەکی میٚژوویی و کرۆنۆلۆگییەوە بە سەر بکردایەتەوە و ئەوجا ئەو پاشخانەی گریٚ بدایە بە هەلومەرجی سیاسی و فەرهەنگی و زمانەوانیی ئیٚستای کوردستانەوە، بۆ ئەوەی خویٚنەری کتیٚبەکە، باسەکەی لە چوارچیٚوەیەکی فراوانتردا بخویٚندایەتەوە.

ئەم کتیٚبە دەکرا، یا دەبوو، بە بڵاوکردنەوەی بابەتیٚکی زمانەوانی دەوڵەمەندتر بکرایە. لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکەکەی بە دەوری مەسەلەکانی زمانی ستاندارد، زمانی ڕەسمی و ئەلفوبیدا دەسووڕیٚتەوە، زۆر پیٚویست بوو بەشیٚک تەرخان بکریٚ بۆ زانیاریی گشتی لەسەر زانستی زمان (زمانزانی، زمانەوانی، Linguistics)، بەتایبەت بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمەڵیٚ لەو چەمک و تیٚرمانەی پیٚوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە باسەکەوە هەیە. من

دەزانم لە وڵاتی ئێمەدا، لە کوردستان، زمانەوانی وەک زانستێکی گرنگ و پێویستی بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی، تا ڕادەیەکی یەکجار هیواشکێن پاشکەوتووە و بایەخی پێ نەدراوە. هەر لەبەر ئەوەیش کتێبێکی وەها کە لێکۆڵینەوەی بابەتێکی گرنگ و گەرمی زمانەوانیی کردووە بە ئەرکی خۆی، دەیتوانی و دەبوو لەو ڕووەوە پێشدەستییەکی بکردایە.

ئامادەکاری کتێبەکە کارێکی باشی کردووە کە ڕووی کردووەتە کۆمەڵێ خەڵکی جیاواز و داوای لێ کردوون بە وەرامدانەوەی پرسیارەکان، یا بە نووسینی وتارێک یا لێکۆڵینەوەیەک، بەشداری بکەن و ناوەڕۆکی باسەکە دەوڵەمەند بکەن. ئەم کەسانەی هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی دیداریان لەگەڵ بکرێت یا بابەتێک بنووسن، لە پاشخان و بۆچوونی جیاوازەوە هاتوون و هەر بەو پێیەیش بیروڕای جیاواز و جۆراوجۆریان لێ دەبیستین و دەخوێنینەوە. لەناو ئەمانەدا نووسەر و ئەکادیمیکار و مامۆستا و مێژوونووس و شاعیر و وەرگێڕ هەن. دیارە ئەوەی هەر هەموو ئەو دۆستانە کۆ دەکاتەوە و دەیانخاتە سەر بیری بەشداریکردن لە پرۆژەیەکی وەهادا، پەرۆشی و دڵسۆزییانە بۆ زمانی کوردی. ئەوەی سەرنجی من ڕادەکێشێت، ئەم دۆستانە بێگومان ڕووناکبیری ناسراو و دەرکەوتوون و هەر یەکێکیان لە بواری خۆیدا گرانی و نەخشی خۆی هەیە، بەڵام ئەو ڕاستییەیش دیارە و ناکرێ نەیبینین کە هیچ کەسێکیان زمانەوان، یا زماناس (Linguist, Philologist) نییە. مەرج نییە ئەوەی باسی زمان دەکات، دەبێ هەر زمانەوان بێت، بەڵام مەرجە باییی ئەوە شارەزای ئەو زانستە بێت کە لە ڕووی بەڵگە و بەڵگەکارییەوە پشت بە بنەماکانی تیۆرییە زانستییەکان ببەستێت. شارەزایی لە زانستێکدا، بە لای منەوە، هەرگیز مەعنای ئەوە نییە ئێمە هەموو بنەما و هەموو ئەنجامگرییەکانی ئەو زانستە و ئەو تیۆرییانەی سەر بە زانستەکەمان پێ ڕاست بێت و شوێنی بکەوین. ئەمە بەتایبەت لە بواری زانستە مرۆڤانەکاندا( The humanities) ڕاستە. بەڵام خۆبەستنەوە بە مێتۆدۆلۆگیی لێکۆڵینەوەی

زانستییەوە و پێڕۆییکردنی بنەماکانی مەنتیقی زانستی لە باسێکدا کە ڕەگوڕیشەی بەستراوە بە زانستەوە گرنگ و پێویستە. من خۆیشم کە ئەم قسەیە دەکەم، خۆم بە زمانەوان/زمانزان دانانێم، ئەگەرچی لە ماوەی بیستوپێنج ساڵی ڕابوردوودا هەوڵم داوە شارەزایی لە زمانزانیدا پەیدا بکەم و خۆم فێر بکەم.

دەمویست باسی ئەوە بکەم کە ئامادەکاری کتێبەکە دەبوو داوای لە زمانزانێکی کورد بکردایە باسێکی تیۆری لەم ڕووەوە ئامادە بکات، واتە باسێک کە بە خوێنەر بڵێ زمانزانی چییە و بە چییەوە خەریک دەبێت و چۆن تەماشای زمان و گەشەکردنی زمان و باسەکانی ستانداردبوون و ڕەسمیبوون و ئەلفوبێ دەکات. باسێکی وەها هیچ پێویست نەبوو لە دوور و لە نزیکەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە زمانی کوردی و کێشەکانی زمانی کوردییەوە هەبێت، بەڵکە ئەوەندە بەس بوو کە بنەما و دیسیپلینەکانی ئەو زانستەی بە خوێنەری کورد بناساندایە. هەر لەم بوارەدا ئەوەیش گرنگ بوو باسێکی تیۆرییش لەسەر یەک دوو ئەزموونی ستانداردبوونی زمان لای گەلانی جیاواز پێشکەش بکرایە. بۆ دوو لێکۆڵینەوەی وەها تەنانەت ئەگەر داوا لە زمانزانێکی کوردیش نەکرایە، دەگونجا کوردێکی ئینگلیزیزان(فرانسیزان، ئاڵمانیزان) دوو بابەتی زانستیی وەهای بکردایەتە کوردی.

بڵاوکردنەوەی کتێبێک لە دنیای پێشکەوتوودا، بێجگە لەوەی کارێکی فەرهەنگییە و ئامانجێکی مرۆڤانە و کۆمەڵایەتیی هەیە، کارێکی هونەری و تەکنیکی و بازرگانییشە. هەر لەبەر ئەوەیش بایەخێکی زۆر گەورە بە هەموو لایەنێکی کتێب دەدرێت و وەک هەر کاڵایەک دەکەوێتە ژێر گوشاری بنەما و مەرج و ڕێساکانی بازاڕ و بازرگانییەوە. ئەم بەکاڵابوونەی کتێب، ئەگەرچی لە ڕووی نرخەوە ڕەنگە زیان بە توێژی هەژاری کۆمەڵگە بگەیێنێت، کە ئەویش بەپێی سیاسەتێکی فەرهەنگیی ژیرانە چارەسەر کراوە، بەڵام بووەتە هۆی ئەوەی گرنگییەکی یەکجار زۆر بە ناوەڕۆک و شێوە و زمان و پەخشکردنی بدرێت. ئەمە مەرجەکانی

بازاڕە وا دەکات کە پەخشخانە ڕەنج و ئەرکێکی گران بکێشێت و پارەیەکی چاک خەرج بکات بۆ ئەوەی کتێب برەوێکی چاکی هەبێت و قازانجێکی تەواوی لێ بکات.

یەکێک لە ڕێگەکانی خزمەتکردنی چۆنایەتیی کتێب مەسەلەی زمانەکەیەتی، هەم وەک ڕێزمان و ڕێنووس و هەمیش وەک جوانی و ڕەوانبێژی و ڕەوانی و زانستیبوون. هیچ نووسەرێک و هیچ پەخشخانەیەک نایەوێت کتێبێک بخاتە بازاڕەوە کە سبەینێ دوای بڵاوبوونەوەی ببێتە هۆی ناوزڕانی، یا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەفەرۆزی بکەن و هیچی لەسەر نەنووسن. دوای ئەوەی کە نووسەر ئەوپەڕی توانستی خۆی بە کار دەبات بۆ ئەوەی کتێبێکی چاک بەرهەم بهێنێت، دەستنووسەکەی [ئێستا بە شێوەی سیدی یا هەر بە مەیلێک دەینێرێت] دەداتە پەخشخانە. لەوێوە ئەرکی پەخشخانە دەست پێ دەکات کە دەبێ ئەنجومەنی پەخشخانە بڕیاری پەخشکردنی کتێبەکە بدەن و دوای ئەوە دەدرێتە کارزانێک کە لە ڕووی زمانەوە پێدا بچێتەوە و پێشنیازەکانی خۆی پێشکەش بکات و وردە وردە کاری لەسەر دەکەن تا لە ڕووی زمان و ڕێکخستن و هەموو شتێکەوە دەگاتە ئەو پلەیەی کە پەخشخانە و نووسەر و ئەنجومەن و کارزان بە دڵیان بێت و ئامادە بن بینێرن بۆ چاپخانە. ئەم کاری پێداچوونەوە و ئامادەکردنە بە ئینگلیزی پێی دەگوترێ (Edit). ئەم پرۆسەیە جاری وا هەیە ساڵێک و ڕەنگە زیاتریشی پێ دەچێت.

ئەم کتێبەی بەردەستمان، بەداخەوە، وەک سەدان و هەزاران کتێبی کوردی، لە ڕووی ئامادەکردنی هونەری و زمانەوانییەوە هیچی ئەوتۆی بۆ نەکراوە. بەشێکی زۆری دیمانە و نووسینەکان، سەرەڕای هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان، سەدان ڕستە و دەربڕینیان تێدا بە کار هێنراون کە بە تەرازووی زانست و ڕەوانبێژی و ئایینی گوتوبێژ (ئێتیکێتی دیالۆگ) نەدەبوو، بەو شێوەیەی ئێستا، ڕێگە بە بڵاوبوونەوەیان بدرێت. من نامەوێ هیچ نووسینێکی تایبەتی دیاری بکەم، بەڵام زۆر سەیرە نووسەرێک لەبارەی زمانی کوردی و زمانی ستانداردەوە بنووسێت

کەچی نووسینەکەی پڕ بێت لە هەڵەی زمانەوانی و بێ هیچ سڵکردنەوەیەک دەیان تێرمی زمانێکی ئەوروپایی بە کار بهێنێت و تەنانەت کرداری ئەو زمانە بە کوردی گەردان بکات. ئەوەی ئەو نووسەرە پێشکەشی کردووە کۆمەڵێک بیروڕای تێکەڵ و پێکەڵە کە بێگومان بەشێکیان ڕەوا و ڕاستن و شایانی ئەوەن بگەنە خوێنەری کورد، بەڵام لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەیەکی نازانستی و نامەنتیقیدا دەربڕدراون، لە پێش هەمووواندا زیان بە نووسەر خۆی و باوەڕەکانی گەیشتووە.

لە بوارێکی دیکەیشدا، کە پێم وایە هەر سەر بەم بابەتەیە، بە خوێندنەوەی هەندێ بیروڕا بە ڕاستی تووشی ڕاچڵەکین بووم. یەکێک لە بەشداربووانی کتێبەکە، وەک زۆر لەوانەی ئەمڕۆ لەسەر زمانی کوردی دەنووسن، ئەوەندەی دەیەوێ بیرکردنەوەیەکی سیاسی جەخت بکات، نیو هێندە خۆی پێبەستی نەریتەکانی گوتوبێژی زانستی و بنەماکانی زمانەوانی ناکات. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە تووشی سەختگرییەکی وای کردووە هەندێ دەربڕین بە کار بهێنێت، کە ئەگەر ئەو پیاوەم نەناسییایە، دەمگوت ئەمە کوردێکی ڕەگەزپەرستە و هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی داخستووە و ناکرێ قسەی لەگەڵ بکرێت. بەڵام من لەبەر ئەوەی دەیناسم، دەزانم ئەوە گەردی بێهومێدییە لە دڵ و یادەوەریی نیشتووە و ناهێڵێت قسەی ڕاستەقینەی دەروونیمان پێ بگات. ئەمەی دەیڵێم چەندە ستایشێکی زادەی دۆستایەتییە، ئەوەندەیش ڕەخنەیە لە کەسێک چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکەیت ڕێگە نەدات هەست و هەڵچوون دەرگای بیرکردنەوەی زانستیی لێ بگرێت.

بێ: ڕێنووس یا ڕاستنووسی (Orthography)

کێشەی ڕێنووس لە زمانی کوردیدا یەکێکە لەو کێشانەی کە هەر لە زۆر زووەوە زمانزانانی کورد هەستیان پێ کردووە و هەوڵیان داوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بەو ئامانجەی کە بتوانرێ وشەی کوردی بە شێوەیەکی ڕاستی وا بنووسرێت کە لەگەڵ شێوەی گۆکردنی وشەکاندا و

لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا بگونجێت. دیارە کێشەی ڕێنووس تەنیا پێبەستی دەنگ (لێرەدا مەبەستم فۆنەتیکە) نییە، بەڵکە پێوەندییەکی زۆریشی بە ڕێزمانەوە، بە مۆرفیمی وشەکانەوە و بە سینتاکسیشەوە، هەیە.

چارەسەری کێشەکانی ڕێنووسی کوردی بە کۆمەڵێ قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و کارێکی یەکدەست و یەکگرتوویش نەبووە، چونکە نە دەستگایەکی سیاسی و کارگێڕی و نە دەسگایەکی فەرهەنگیی ناوەندی نەبووە تا ئەم هەوڵدان و چارەسەرانە یەک بخات. وا پێ دەچێت زمانزانانی کورد، یا ئەو کەسانەی سەروکاریان لەگەڵ نووسینی کوردیدا هەبووە، لە پێشدا چارەسەریان بۆ کۆنسونانتەکان دۆزیوەتەوە و دواتریش بزوێنەکان (ڤاوڵ یا ڤۆکال). من چاپی یەکەمی فەرهەنگەکەی شێخ یووسوف زیائوددین پاشای خالیدیی مەقدسیم لایە کە ساڵی ١٨٩٤ چاپ کراوە. لەوێدا نووسەر بۆ دەنگەکانی (پ، چ، گ، ژ) تیپ یا نیشانەی تایبەتی داناوە. ڕەنگە ئەمانە زۆر گرنگ نەبن چونکە پێشتر لای فارس ئەم تیپانە هەبوون و کوردیش چاوی لەوان کردووە، بەڵام سێ نیشانە لەو فەرهەنگەدا بە لای منەوە یەکجار گرنگن؛ دەنگەکانی (ڤ) و (ۆ) و (ێ) کە نیشانەی تایبەتی خۆیان هەیە. ئێمە دەزانین دەنگی (ڤ) لە زمانی فارسییشدا هەیە، بەڵام ئەوان هەر بە (و) دەینووسن چونکە بە هۆی بە دوای یەکداهاتنی بزوێن و نابزوێنەکانەوە دەکرێ بە هەڵە نەخوێنرێتەوە. گرنگیی کارەکەی یووسوف پاشا ئەوەیە کە بۆ ئەوەی ئەرکێکی زۆر نەخاتە سەر تیپی (و) هاتووە تیپی (ڤ)ی بۆ دەربڕینی ئەو دەنگە بە کار بردووە. پێم وایە ئەوە یەکەمین چاپەمەنیی کوردییە کە تیپی (ڤ)ی تێدا بە کار برابێت. یووسوف پاشا بیری لەوەیش کردووەتەوە کە بزوێنەکانی (ۆ) و (ێ) دەبێ نیشانەی تایبەتی خۆیان هەبێت، هاتووە ئەو دوو تیپەی بەو شێوەیە نووسیوە کە لەجێی ئەو کڵاوەی، یا ئەو (حەوت)ەی، ئێمە ئەمڕۆ لەسەر ئەو دوو تیپەی دادەنێین، ئەو (هەشت)ێکی لە ژێریاندا داناوە.

نموونەیەکی دیکە ئینجیل (بایبڵ)ی مارقۆسە کە تەرجەمە کوردییەکەی ساڵی ١٩٠٩ چاپ کراوە و لەوێدا وەرگێڕ تیپی (ڵ)ی بە کار بردووە. لەبەر ئەوەی ئەو بەشەی ئینجیل کراوە بە کوردیی موکریانی و لەو دیالێکتەیشدا، وەک دەزانین، بە (خودا) دەگوترێ (خوڵا)، کابرا هاتووە (حەوت)ێکی چکۆلەی لەسەر تیپی لام (ل)ەکە داناوە و کردوویەتی بە نیشانە یا نوێنەری فۆنێمی (ڵ). پێم وایە ئەوەیش یەکەم جارە لە چاپکراوێکی کوردیدا تیپی یا نیشانەی (ڵ) بە کار هاتبێت.

ئەمەی لێرەدا باسم کردووە زیاتر پێوەندیی بە فۆنێمەکان و ئەو نیشانانەوە هەیە کە بۆ نوێنەرایەتیکردنیان لە ڕێنووسی کوردیدا دانراون. بەشێکی دیکەی گرنگی ڕێنووس پێوەندیی بە مۆرفێم و سینتاکسەوە هەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕێنووس یا ڕاستنووسی تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوە بە زانین و تێگەیشتنی ڕێزمانەوە. ئەو کەسانەی کە لە نووسیندا هەڵە دەکەن و ڕاست نانووسن و تەنانەت دوای ڕەخنەگرتنیش لێیان هەر لەسەر هەڵەکانیان دەڕۆن و ناتوانن چارەی بکەن، لەبەر ئەوەیە کە شارەزای ڕێزمانی کوردی نین.

ڕەنگە ئێمە بەتەواوی ئاگاداری ئەو هەوڵدان و ڕیفۆرمانە نەبین کە بە درێژاییی مێژووی بە کوردی نووسین کاریان بۆ کرابێت. هەندێ لەو بنەما و نیشانانە لە ڕێگەی دەستنووسە کۆنەکانەوە بە ئێمە گەیشتوون و بە هۆی ئەوانەوە تێگەیشتووین کە کەسانێک هەبوونە بیریان لەوە کردووەتەوە کوردی دەبێ چۆن بنووسرێت. دوای بڵاوبوونەوەی کتێب و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی ئیتر وێنەیەکی ڕوونتری ئەو پرۆسێسی ڕیفۆرمکارییەمان بۆ ماوەتەوە، وێنەیەکی چاپکراو، کە دەگاتە دەست خەڵکێکی زۆرتر. دواتریش کاتێ لە کوردستانی باشوور زمانی کوردی پلە و ستاتووسی زمانێکی نیوچەڕەسمی یا ڕەسمیی وەرگرتووە و کۆمەڵێ گۆڤار و ڕۆژنامەی پێشەنگ بڵاو کراونەتەوە، هەوڵدانەکان چوونەتە چوارچێوەیەکی ڕەسمی و فراوانترەوە و بنەماکانی ڕێنووس بە شێوەیەکی ڕوونتر ڕۆ نراون، تا دەگاتە ساڵانی دامەزرانی کۆڕی زانیاریی

کورد لە بەغدا و چەند دەستگایەکی دیکەی زانستی و فەرهەنگی. لە ئەنجامی ئەو چاکسازی و ڕیفۆرمانەدا ڕێنووسی کوردی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا تا ڕادەیەکی باش ڕێک خرا و جێی خۆی گرت و تا سالانێکیش دواتر لەناو بەشی هەرە زۆری خوێنەوار و نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردستاندا پێڕۆیی دەکرا.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە فەرهەنگی کورد و زمانی کوردی و وشەی کوردی پێی نایە سەردەمێکی تازەوە کە لە هەموو ڕوویەکەوە لە ڕابوردووی هەزارساڵەی جیاوازە. لەم سەردەمە تازەیەدا بووین بە ئاشنای ئازادی، بووین بە دۆستی سەربەخۆیی و بووین بە خاوەنی نیشتمانێک، بەڵام زمانەکەمان، زمانی کوردیمان، دۆڕاند و فەرهەنگی کوردمان دزێو کرد و وشەی کوردیمان لە دەست دەرچوو. ئێمە ئەگەر لە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی ئەم سەردەمە ورد ببینەوە دەتوانین بە درێژی قسەیان لەسەر بکەین و بەپێی ژمارە و ئامار زۆر شت بڵێین و لێکۆڵینەوە پێشکەش بکەین. ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین ئەمە سەردەمی ڕووخانی فەرهەنگی کورد و هەڵوەشانەوەی زمانی کوردییە. دەکرێ لەم ڕووەیشەوە بە شێوەی جیاواز دیاردەکان بخوێنینەوە و ئەنجامگریی جۆراوجۆریان لێ هەڵێنجێنین. من ئێستا، لەم نووسینەدا، ئەو هەموو لایەن و دیاردە ناتەندروستانە ناکەمە بابەتی لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن، بەڵکە دەمەوێ لە پلەی یەکەمدا باسی ڕێنووس بکەم.

من نازانم لە کوردستانی ئەمڕۆدا ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامەکان چەندە، بەڵام ئەگەر لە بیرم مابێت، لە جێگەیەکدا خوێندمەوە، لە سێسەد بەرەو ژووورە. من نازانم ساڵانە چەند کتێب چاپ دەکرێت، بەڵام بەپێی ژمارەی پەخشخانە و نووسەران و دەنگوباسی ناو ڕۆژنامەکان بێت، دەبێ لە دووهەزار کەمتر نەبێت. لەمانەیش بترازێ ژمارەی ئەو کتێبانەی ساڵانە لە خوێندنگەکاندا، لە سەرەتاییەوە بگرە تا دواناوەندی، و لە زانستگە و پەیمانگەکاندا دەخوێنرێن ناکرێ لە دوومیلیۆن کەمتر بێت. ئێستا ئەم هەموو کتێب و

ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنییە بهێنە پێش چاوی خۆت، ئەوجا بزانە چۆن زمانێکی لاواز و نەخۆش، فەرهەنگێکی سادە و ڕووتوڕەجاڵ و ڕێنووسێکی خواروگێڕ، وەک چۆن ئاگر بەر دەبێتە پووش و پەڵاش، ئاوەها بەربوونەتە ئاوەز و هۆش و بیرەوەری و وزەی داهێنانی مرۆڤی کورد، لە خوێندکارێکی پێنج شەش ساڵانەوە بگرە تا دەگاتە نووسەرێکی حەفتا ساڵان. ئەمە کارەساتێکی نەتەوایەتییە، ئەمە تاعوونێکی فەرهەنگییە و پەتایەکی زمانەوانییە. ئەگەر جاران هەموو دواکەوتنی زمان و هەژاریی فەرهەنگیی خۆمان دەکردە تاوانی دوژمنان و داگیرکاران، ئەمڕۆ هەموو پاساودانێکی ئەم لێقەومانە بیانووهێنانەوەیەکی درۆزنانە و هەڵخەڵەتێن و فریودەرانەیە. من گەلێ جار و لە زۆر دەرفەتدا وتوومە و ئێستایش دەیڵێمەوە، بێ ئەوەی ناهەقییەکم کردبێت، ئەمڕۆ لە کوردستاندا یەک تاکە کتێب، یەک تاکە گۆڤار، یەک تاکە ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە نییە کە بە کوردییەکی ڕاست و بە ڕێنووسێکی ڕاست نووسرابێت.

زۆرم حەز دەکرد ئەم کتێبە، کە سەرلەبەری بۆ مەسەلە گرنگ و ئاڵۆزەکانی زمانی کوردی تەرخان کراوە، ببوایەتە نموونەیەکی پێشەنگ و، ناڵێم هەر بەتەواوی بێهەڵە ببوایە، کەمترین هەڵەی تێدا بەرچاو بکەوتایە، بەڵام بەداخەوە بە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییەی منەوە ئەمیش پڕە لە هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس. بەشێکی زۆری نووسەرەکان، وەک مامۆستا ڕەوشت پێی وتم، خۆیان داوایان کردووە کە دەبێ دەستکاریی ڕێنووسەکەیان نەکرێت.

من خۆم کە لە ماوەی یانزدە ساڵدا گۆڤاری "مامۆستای کورد"م بڵاو کردەوە، لە سەرەتاوە نا، بەڵام هەر نەبێ لە ناوەڕاستی ئەو ماوەیەدا لەبارەی ڕێنووسەوە کۆمەڵێ ئەنجامگریم لا گەڵاڵە بووبوون کە لە ڕووی زانستییەوە دەمتوانی بەرگرییان لێ بکەم و بە نووسەرێکی کورد، کە بەرهەمێکی دەنارد لە گۆڤارەکەدا بڵاو بکرێتەوە، بڵێم من ڕێنووسەکە دەستکاری دەکەم و لەگەڵ ڕێنووسی گۆڤارەکەدا دەیگونجێنم. ئێستا ئەگەر تەماشایەکی ژمارەکانی مامۆستای کورد بکەیت، دەبینیت بەرهەم و نامەی زانا و نووسەرانی گەورە

و ناوداری وەک مەسعوود محەمەد، مارف خەزنەدار، کەمال مەزهەر ئەحمەد، محەمەدی مەلا کەریم، سەیید محەمەدتاهیری هاشمی، شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و زۆری دیکەیان تێدا بڵاو کراوەتەوە.

کە نووسەرێکی ئەزمووندار و شارەزا و زمانزان بیەوێ دەست بەو بنەمایانەی ڕێنووسەوە بگرێت، کە لە ئەنجامی ساڵانێکی دووردرێژی نووسین و لێکۆڵینەوەدا پێیان گەیشتووە، من ڕێزی ئەو ویستەی دەگرم، بەڵام پێیشم خۆشە گوتوبێژێکی زانستیی لەگەڵدا بکەم، بۆ ئەوەی تێبگەم لەو ڕووەوە چۆن بیر دەکاتەوە و بە چ شێوەیەک بەرگری لەو بنەمایانە دەکات. ئێستە بووە بە نەریتێک کە تەنانەت کۆلکەخوێنەوار وزرەنووسەرەکانیش خەوش و نەزانیی خۆیان بەوە دەشارنەوە کە گوایە ئەوانیش بیری تایبەتی خۆیان لەبارەی زمانەوە هەیە و ڕێنووسی تایبەتی خۆیان پیڕۆیی دەکەن و دەبێ ڕۆژنامەکان ڕێزی ڕێنووسەکانیان بگرن و دەستکاریی نەکەن. ئەم دەردەیش بەشێکە لەو ئاژاوەیەی دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی دروستیان کردووە. لە کوردستاندا ئێستاکە زیاتر لە ٣٠٠ ڕۆژنامە و گۆڤار و مانگنامە وەرزنامە بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام بە هەموویانەوە دوو کەسی زمانەوان یا زمانزانیان نییە زمانی ئەو هەزاران وتار و ڕیپۆرتاژ و شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوانەیان بۆ بکاتە کوردی و ڕێنووسەکەیان بە جۆرێک بۆ ڕاست بکاتەوە کە نەکرێ ڕەخنەی لێ بگیرێت.

قەیرانی ڕێنووس و ئەو سەدان و هەزاران هەڵەیەی لە تێکستێکی ئاساییدا بەرچاو دەکەون هەستێکی وا لای من، وەک خوێنەرێک و کوردیزانێک، دروست دەکات وەک بڵێی نووسەرەکان دەیانەوێ پلەی وریایی و ژیریی خوێنەر تاقی بکەنەوە و ناچاری بکەن خۆی لوغزی وشە هەڵەکان هەڵبێنێت، یا ناچاری ئەوەی بکەن پەنا بباتە بەر هێزێکی نەپەنی (هێزێکی غەیبی) تا بێت بە هانایانەوە و دەستیان بگرێت و وشە ڕاستەکان بە پەرجوو (موعجیزە)یەک بخاتە مێشک و دڵ و دەروونیانەوە. دیارە منیش دەزانم و خۆیشیان، نووسەرانی هەڵەنووس، دەزانن کە

مەسەلەکە ئەوە نییە. بەڵام ئەوەی کە ئەوان نایزانن و ناشیانەوێ پێ لە نەزانینەکەی بنێن، ئەوەیە کە ئەوان شارەزای ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی نین و ئەو کوردییەی دەینووسن کوردییەکی ڕاست نییە و کوردییەکی هەڵەیە.

ڕەنگە خوێنەری ئەم نووسینە بۆ ئەوە بچێت کە ئەم ئاژاوەیەی من باسی دەکەم لەبەر ئەوە بێت کە زمانی کوردی خۆی زمانێکی سەرەتایی و پرشوبڵاوە و بەپێی بنەماکانی ڕێزمان و لێکسیکال و گۆکردن کاری بۆ نەکراوە و، ناکرێ داوای ڕێکوپێکییەک بکەین کە دروست نەبووە. بیرکردنەوەیەکی وەها، بێگومان، دوورە لەو ئەنجامگرییانەوە کە زانستی زمان پێمان دەڵێت. نەخشی زمان، تەنانەت زمانی قسەکردنیش، نیشانەدەری گرۆ و ناسنامەیە. ئەندامی کۆمەڵێک ئەگەر ماوەیەک لە کۆمەڵەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە، کاتێ دەگەڕێتەوە ناو ئەندامانی کۆمەڵەکەی خۆی و قسە دەکات، یەکسەر هەستی پێ دەکەن کە شێوەی قسەکردنی گۆڕاوە. ئەم نۆرمە زمانەوانییە دەبێتە پێوەرێک بۆ ئەوەی ئەندامێکی کۆمەڵەکە باسی زمانی "خۆمان" و زمانی "ئەوان" بکات.

لە کۆمەڵێکدا کە زمانی نووسینی هەبێت و سیستەمێکی پێشکەوتووی خوێندن و پەروەردەی تێدا دامەزرابێت، چەمکی "زمانێکی ڕاست" بە شێوەیەکی ڕەهاتر وەردەگیرێت: ئەو زمانە شێوەیەکی ڕاستی قسەکردن و تەنانەت نووسینیشی هەیە، کە خەڵکە "خوێندەوارەکە" بە کاری دەهێنن. واتە ئەوەی وەک ئەوان قسە بکات و وەک ئەوان بنووسێت ڕاستە. ئەوە ئەو شێوە ڕاستەیە کە لە خوێندنگەکاندا دەخوێنرێت و کۆد دادەنرێت (واتە بنەما و ڕێوجێ دادەنرێت) بۆ ڕێزمان و فەرهەنگەکەی. هەروەها ئەکادێمیا و ئەنجومەن بۆ مشتومالکردن و چاودێریکردنی زمانەکە دروست دەکرێن. هەموو ئەم هەنگاوانە بەشێکن لە پرۆسەی پەیدابوونی زمانی ستاندارد.

لە کوردستاندا زۆر دەمێکە ئەو پرۆسێسە بە ڕێوە چووە و بەرهەمێکی باشیشی هەبووە، واتە ئەو زمانە کوردییە ستانداردەی لە سەرەتای

بیستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە کاری بۆ کراوە و لە چل و پەنجا و شەستەکاندا بنەڕەتەکانی داڕێژرا و لە سەرەتای حەفتاکاندا گەیشتە پلەیەکی یەکجار بەرزی ڕێکوپێکی و ستانداردبوون. بەرهەمێکی ئەو هەموو کۆششەی سەدەی ڕابوردوو ئەوە بوو کە کۆمەڵێک نووسەر و ڕووناکبیری گەورە دروست بوون، کە دەتوانین بڵێین "کوردیی ڕاست" ئەوەیە ئەوان نووسیویانە و دەینووسن. ئەمڕۆیش دیسان ئێمە کۆمەڵێک نووسەر و ڕووناکبیرمان هەن کە زمانی نووسینی ئەوان زمانی ستانداردی کوردییە. من کە تێکستێک یا کتێبێک دەخوێنمەوە و دەڵێم ئەمە کوردییەکی خراپە، یا ئەمە کوردییەکی باشە، بەڕاستی لە مێشک و بیرکردنەوەمدا پێوەرێکی زمانەوانی و ئێستێتیکی هەست پی دەکەم و پەنای بۆ دەبەم و دەیکەمە بڕیاردەری ڕاستی و ناڕاستیی زمانی کوردی. ئەو پێوەرە زمانەوانییە هەر ئەوەیە کە لە بەرهەمی نووسەرە گەورە و کوردیزانەکانەوە هەڵهێنجراوە و بووەتە بنچینەی زمانی ستانداردی کوردی.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ڕوودەدات ڕووخاندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەستکەوتە گەورە نەتەوایەتییەیە، واتە هەڵوەشاندنەوەی زمانی ستانداردی کوردی، لەبەر هەندێ بەرژەوەندی تەسک و بێنرخی ناوچەیی و سیاسی و ئیدیۆلۆگی. لە کاتێکدا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە شەست و حەفتاکاندا (مەبەستم بارزانیی گەورەیە) زۆر ژیرانە پشتیوانیی ئەو پرۆسێسی ستانداردبوونەی دەکرد و دەیچەسپاند، سەرکردایەتیی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان ڕێک بە پێچەوانەی ئەوساوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ یەک بە یەک بنەما و کۆڵەکەکانی ئەو زمانە ستانداردە دەڕووخێنێت و هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەو دەستگا بە ناو زانستییانەی سەرکردایەتیی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان دایمەزراندوون، هەر هەموویان خزمەتی ئەو ڕووخاندن و هەڵوەشاندنەوەیە دەکەن. ئەنجامی ئەم بارە کارەساتئامێزە ئەوەیە کە پێوەری زمانی ستانداردی کوردی و "کوردییەکی ڕاست" تەنیا

تێکست و نووسینی ئەو نووسەر و ڕووناکبیرانەیە کە بەرهەمی ئەو سەردەمەی ڕابوردوون و ژمارەیشیان، ئەگەر زۆریش بە گەشبینی تەماشای بکەین، ڕەنگە خۆی بدا لە بیست کەسێک. دەستگا زمانەوانی و پەروەردەیی و فەرهەنگی و بەناو زانستییەکانی ئەمڕۆی کوردستان زۆر لەوە لاوازترن بتوانن جارێکی دیکە ڕووناکبیر و نووسەری وەها بەرهەم بهێنن.

پێ: ناوەڕۆک و بۆچوونەکان

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بۆ دوو بابەتی سەرەکی تەرخان کراوە: زمانی ستاندارد و ئەلفوبێ، ئەگەرچی قورسایی و گرانیی زۆربەی دیدارەکان و وتارەکان خراوەتە سەر بابەتی دووەمیان. ئەو نووسەرانەی وەرامی پرسیارەکانیان داوەتەوە و ئەوانەی لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەش کردووە، هەر یەکێکیان بە شێوازی تایبەتی خۆی لە بابەتەکە نزیک بووەتەوە و بیری لێ کردووەتەوە و دیارە بۆچوونەکانیشیان لە پلەی جیاوازدا دەربڕیوە.

بەشداربووانی کتێبەکە بەگشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو شێوەزمانەی ئێستا لە کوردستانی عیراق و تا ڕادەیەکیش لە کوردستانی ئێراندا ڕۆڵی زمانی ستاندارد (و ڕەسمی) دەبینێت، تاکە شێوەیەکی زمانی کوردییە کە دەتوانێت و دەبێ بکرێ بە زمانی ڕەسمیی کوردستان. کە باسی کوردستانیش دەکەن مەبەستیان هەموو کوردستانە، واتە ئەو بەشانەیش کە ئەمڕۆ بواری بەکارهێنانی زمانی کوردییان تێدا نییە. لەم ڕووەوە تەنیا دوو کەس لەو مامۆستایانە ئەوە جەخت دەکەن کە ئەوان باس لە کوردستانی عیراق دەکەن، بەو پێیەی کە تەنیا لەو بەشەی کوردستاندا زمانی کوردی ستاتووسێکی ڕەسمیی هەیە و ناکرێ ئێستا باسی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. دەبێ سەرنجی ئەوەیش بدەین کە تەقریبەن هەر هەموویان ناونانی ئەو شێوەزمانە بە "سۆرانی" بە هەڵە دادەنێن و لەجێی ئەوە ناوی "کوردیی ناوەڕاست یا کوردیی خواروو" بە

ڕاست دەزانن. لە هەندێ لە دیدارەکاندا ئەوەیش ڕوون کراوەتەوە کە ناوهێنانی ئەو زمانە ئەدەبییە وەک "سۆرانی" مەبەستێکی نازانستی و تەکتیکیی لە پشتەوەیە بۆ بچووک پیشاندان و داشکاندنی نرخی ئەدەبی و فەرهەنگیی زمانە ئەدەبییەکە.

بەشدارانی کتێبەکە کاتێ ئەو شێوەزمانە بە باشترین و گونجاوترین شێوە دادەنێن بۆ ئەوەی بکرێتە زمانی ڕەسمیی کوردستان، دیارە کۆمەڵێ بەڵگەی مێژوویی و زانستی دەهێننەوە بۆ پشتگیریی هەڵوێستەکەیان. ئێمە دەتوانین ئەو بەڵگانەی لای زۆربەی نووسەرەکان دووبارە دەبنەوە بەم جۆرە کورت بکەینەوە:

١. کوردیی خواروو دەوڵەمەندترین شێوەزمانی کوردییە، چونکە هەم لە قۆناغی کلاسیکدا و هەمیش لە قۆناغی تازەدا ئەدەبییاتێکی فراوان و دەوڵەمەندی پێ نووسراوە و کۆمەڵێک لە نووسەر و شاعیرە هەرە گەورەکانی کوردستان بەم شێوەیە بەرهەمەکانی خۆیان نووسیون.

٢. بەپێچەوانەی دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە کە هەر یەکێکیان لە سەردەمێکدا زمانێکی ئەدەبیی ناوچەیەکی کوردستان بووە و دواتر بە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو دەستەڵاتە سیاسییەوە کە بووبووە پاڵپشتی، ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان لە دەست داوە، کوردیی ناوەڕاست هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە وەک زمانێکی ئەدەبی و تا ئەمڕۆیش، بێ ناوبڕ، ئەو نەخشەی هەبووە. ئەمە وا دەکات کە ببێتە تاکە شێوەیەک کە مێژوویەکی بێ ڕاوەستان و بێ ناوبڕی لە پشتەوەیە.

٣. کوردیی ناوەڕاست یا خواروو لە سەردەمی پاشایەتیی شێخ مەحموودی حەفیددا زمانی ڕەسمیی حوکوومەتی کوردستان بووە، هەروەهایش لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە سەرکردایەتیی قازی محەمەد دیسان زمانی ڕەسمیی کۆماری کوردستان بووە. لە سەردەمی دەستەڵاتی شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١-١٩٧٥) بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی و لە سەردەمی شۆڕشی تازەیشدا دیسان هەر کوردیی خواروو زمانی ڕەسمیی دەستگاکانی شۆڕش بووە لە سەرتاسەری

کوردستانی عیراقدا، چ ئەو کاتانەی خەباتی چەکدارانە کراوە و چ ئەو سالانەیش کە سەرکردایەتیی سیاسیی بزووتنەوەکە دەستەلاتی سیاسی و کارگێڕیی بە دەست بووە. ئێستایش لە سالی ۱۹۹۲ەوە کە هەرێمی کوردستان عیراق بە شێوەیەکی ڕەسمی حوکوومەتی فیدەرالییە، دیسان هەر ئەو شێوەزمانە زمانی ڕەسمیی حوکوومەت و سیاسەتمەدار و سەرکردەکانی کوردستانە، هەر بەو هۆیەیشەوە لە بواری سیستەمی کارگێڕی و ڕۆژنامەگەری و دیپلۆماسی و سیاسیدا بە شێوەیەکی فراوان گەشەی کردووە و لە ڕووی زاراوەسازییەوە دەولەمەندتر بووە.

٤. کوردیی خوارووو لە ماوەی ۹۰ سالی ڕابوردوودا زمانی ڕەسمیی خوێندن و پەروەردە بووە لە خوێندنگەکانی کوردستانی عیراقدا، لە پلە جیاوازەکانی خوێندندا، لە سەرەتاییەوە تادەگاتە زانستگە، سا ئیتر ئەو سیستەمی پەروەردەیە لە ناوچەیەکی سنووردار‌دا بووبێت یا سەرتاسەری کوردستانی عیراقی داپۆشیبێت. ئێستایش سیستەمی خوێندن و پەروەردە سەرتاسەری کوردستانی گرتووەتەوە و هەر بەو شێوەزمانەیش داڕێژراوە.

٥. لە بواری ڕۆژنامەگەری و کتێب و وەرگێڕاندا، کوردیی خوارووو تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر پێش کەوتووە و شاکاری زۆر گەورە و گرنگی پێ نووسراوە و زۆر لە شاکارە ئەدەبی و زانستییەکانیش تەرجەمەی ئەم زمانە کراوە.

بەشداربووانی ئەم کتێبە پێیان وایە کە ئەگەرچی کوردیی خوارووو ئێستایش نەخشی زمانێکی ڕەسمی و ستاندارد دەبینێت، بەلام دەکرێ بەوە دەولەمەندتر بکرێت کە وشە و زاراوە و دەربڕین لە دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە وەربگرێت، بەتایبەی ئەوانەیان کە پاشخانێکی ئەدەبی و فەرهەنگییان هەیە، وەک کوردی (کرمانجی)ی سەروو و هەورامی.

بابەتی ئەلفوبێ و پەیدابوونی هەندێ هەولدان و بیرکردنەوە بۆ گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ ئەلفوبێی لاتینی/ تورکی بەشێکی زۆر فراوان و

گەورەی کتێبەکەی داگیر کردووە و بەشداربووان لە پلەی یەکەمدا ئەو بابەتەیان تاووتوێ کردووە و هەڵسەنگاندووە. لەم بوارەیشدا دیسان یەکدەنگییەکی ئاشکرا و بەهێز بە دی دەکەین، ئەگەرچی لێرەیش هەڵوێستەکان و نزیکبوونەوەکان لە پلەی جیاوازدان. هەروەها نوختەکانی دەرچوونیش لەگەڵ یەکدی جیاوازییان هەیە. لە کاتێکدا هەندێ لە بەڵگە و گۆشەنیگاکان پێوەری تیۆریی زمانەوانی و زانستین، هەندێکی دی بەڵگەی سیاسی و مێژوویی و فەرهەنگین. دیارە لای دوو یا سێ لەو مامۆستایانەیش هەردوو شێوەکانی بەڵگەهێنانەوە کراونەتە بناغەی بنیاتنانی بیروڕاکانیان. بەڵگە زمانەوانی و زانستییەکان پێمان دەڵێن کە ئەلفوبێی لاتینی لە ڕووی نرخی فۆنەتیکییەوە ناتوانێت کۆمەڵێ لەو دەنگانە، لەو فۆنێمانە، دەرببڕێت کە لە زمانی کوردیدا هەن و نەبوونیان کەلێنێکی گەورە و مەترسیدار دروست دەکات. ئەمە بێجگە لەوەی زمانی ئەمڕۆ تێک دەدات و سیستەمی دەنگ دەشێوێنێت [کە هەر لە ئێستاوە لە شێوەی قسەکردنی کوردی تورکیادا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت]، دەبێتە ڕێگرێکی تەواویش لەبەردەم گواستنەوەی هەموو ڕابوردووی ئەدەبی و فەرهەنگی و شارستانەتیمان، ئەگەر بمانەوێ ئەو ڕابوردووە بگوێزینەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، چونکە تۆ ناتوانیت ئەو تێکستە کوردییانەی بە ئەلفوبێی کوردی نوسراون، بخەیتە سەر ئەلفوبێی لاتینی، کاتێ ئەو ئەلفوبێیە نیشانەی بۆ ژمارەیەکی زۆری دەنگەکان دانەنابێت. ئەگەر بیر لە تێکستە کلاسیکییەکان بکەینەوە مەسەلەکە زۆر ئاڵۆزتریش دەبێت، چونکە زمانی کلاسیکی کوردی ئاوێتەیەکی تەواوە لە وشەی کوردی و عەرەبی و فارسی، کە ئەمڕۆ بە هۆی لەیەکچوونی ئەلفوبێوە ئێمە ئەو وشانە و ئەو دەنگانەی بەتایبەت سەر بە زمانی عەرەبی یا فارسین، دەناسینەوە و دەخوێنینەوە. بەڵام تۆ ناتوانیت ئەو تێکستە کلاسیکییانە بخەیتە سەر ئەلفوبێیەک کە تەنانەت دەنگەکانی زمانی کوردی خۆیشی تیدا نییە، چ جای دەنگەکانی زمانی عەرەبی و فارسی.

ئەلفوبێی کوردی بووەتە بەشێک لە فەرهەنگی نەتەوەی کورد و هەموو جوانی و نرخە ئێستێتیکییەکانی زمانی کوردیی دە خۆیدا جێ کردووەتەوە و پاراستوونی، لەبەر ئەوە وازلێهێنانی واتە وازهێنان لە بەشێکی هەرە گرنگ و زیندووی شارستانەتی و فەرهەنگی کورد. ئێمە دەزانین بیری بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی لە ناوچەی ئێمەدا لە مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە دەستی پێ کردووە. ئەتاتورک خاوەنی ئیدیۆلۆگییەکی دژ بە ڕۆژهەڵات و عەرەب و ئیسلام بوو، خاوەنی ئیدیۆلۆگییەکی ڕەگەزپەرستانە بوو، دەیویست بە زۆری زۆردارەکی نەتەوەی تورک لەو ژینگە ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامییەی خۆی دابڕێت و بیکاتە ئەوروپایی. ئەو پێی وا بوو هەرچی دواکەوتنی تورک و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانییە تاوانی فەرهەنگ و شارستانەتیی ڕۆژهەڵات و ئیسلامە و دەتوانێ بە سەپاندنی ئەلفوبێ و شێوەی جلوبەرگ و یەکەکانی کێشان و سیستەمی ناسناو و هەندێ گۆڕینی ڕووالەتیی وەها تورک بکاتە گەلێکی ئەوروپایی و تورکیایش بکاتە بەشێک لە ئەوروپا. ئەنجامەکەی ئەو دیاردە سەیر و سەمەرەیەی تورکیای ئەمڕۆی لێ دەرچوو، کە بەشێکی زۆری ڕابوردووی شارستانەتی و فەرهەنگیی خۆی دۆڕاند، بەڵام نەبوو بە ئەوروپاییش.

بە جیا لەو بۆچوونانەی ئێستا باسم کردن، لای من پرسیارێکی هەرە ڕەوا و مەنتیقی ئەوەیە کە بۆچی دەبێ ئێمە بیر لە گۆڕینی ئەلفوبێ بکەینەوە؟ بۆچی دەبێ واز لە ئەلفوبێیەک بهێنین کە نزیکەی هەزار ساڵە بە کاری دەبەین و ئەلفوبێیەک بخەینە جێگەکەی کە نە هیی ئێمەیە و نە دەتوانێ ببێتە هیی ئێمە. ئەگەر مەسەلە گونجان و چاکی بێت، هیچ ئەلفوبێیەک لە هیچ ئەلفوبێیەکی دیکە چاکتر یا خراپتر نییە. ئەلفوبێ مەسەلەیەکی پێکهاتنە (Conventional) و چاکی و خراپییەکەی بەوە دەپێورێت تا چ ڕادەیەک دەتوانێت دەنگەکانی زمانەکە بنوێنێت و بگەیێنێت. ئێستا کە بەراوردی ئەلفوبێی کوردی لەگەڵ ئەلفوبێی لاتینی تورکی دەکەین، دەبینین ئەلفوبێی کوردی هەموو دەنگەکانی زمانی کوردیی دە

خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام ئەلفوبێی لاتینی تورکی بە لای کەمەوە هەشت دەنگی زمانی کوردیی کوشتووە و هیچ نیشانەیەکی بۆ دانەناون. ئەگەر ئەلفوبێی کوردی یەک یا دوو کێشەی بچووکیشی تێدا هەبێ، ڕێگای ڕاست ئەوەیە ئەو ناتەواوییانە چارەسەر بکرێن نەک وازی لێ بهێنین بۆ ئەلفوبێیەک کە پڕە لە ناتەواوی. لەوەیش گرنگتر ئەو ڕاستییەیە کە ئێمەی کورد بە هۆی ئەلفوبێی کوردییەوە، بە هۆی ئایینەوە، بە هۆی فەرهەنگەوە، بە هۆی جیۆگرافیا و مێژووەوە بەشێکین لە شارستانەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی و ئێرانی و بە هیچ شێوەیەک ناتوانین دەستبەرداری ئەو پێوەندییە ژیاری و شارستانەتییە ببین.

ئەو بیانووانەی هەندێ لە لایەنگرانی ئەلفوبێی لاتینی تورکی دەیهێننەوە کە گوایە بە هۆی ئەو ئەلفوبێیەوە ئێمە زووتر لە ئەورووپا و دنیای پێشکەوتوو نزیک دەبینەوە و باشتر دەستمان دەگاتە تەکنیکی تازە و زمانەکەمان بۆ فێربوون هاسانتر دەبێت و گەلێ شتی دیکەی وەها ڕووالەتی، هەر هەموویان هێندە ساویلکانە و گەوجانەن کە تەنیا کەسانێکی مێشکشۆراوە دەتوانن وا بیر بکەنەوە و بەڕاستی بۆ ئەوە نابێت مرۆڤ خۆیان پێوە خەریک بکات. من لە چەند نووسین و دیداری دیکەمدا لەم ڕووەوە بەدرێژا قسەم کردووە و هەندێ لە مامۆستایانی بەشداری ئەم کتێبەیش بە درێژا وەرامی ئەو هیپۆتێزانەیان داوەتەوە. نەتەوەکانی وەک چین و جاپان و عەرەب و فارس و کۆریا و جوولەکە و تایلاند لەو نەتەوانەن کە ئەلفوبێی خۆیان پاراستووە و لاتینی بە کار ناهێنن، بەڵام نەتەوەی سۆمالیا زمانی خۆیان بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسن.

بە خوێندنەوەی هەڵوێست و بۆچوونی هەندێ لەو مامۆستایانەی گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە یا بە نووسینی لێکۆڵینەوەیەک بەشدارییان کردووە لەبارەی ئەلفوبێی لاتینییەوە، هەستم کرد ناڕوونییەک و حاڵینەبوونێک لەو ڕووەوە لە ئارادایە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە و باسکردنی زیاتر هەیە. ناڕوونییەکە، پێم وایە، لەم دوو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت:

١. ئەو زانیارییانەی لەبارەی قەوارە و ڕێژەی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینییەوە هەیانە چەوتن و لەگەڵ ڕاستییەکانی هەلومەرجی واقیعیدا یەک ناگرنەوە.

٢. وێنەیەکی هەڵە و ناتەواو و شێواویان لەبارەی بار و هەلومەرجی فەرهەنگی و خوێندەواریی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە هەیە، بەتایبەت کوردستانەکانی تورکیا و سووریا و سۆڤییتی جاران.

من ئەوە تێدەگەم کە لەبەر نەبوونی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و گەرموگوڕ لەناو نووسەران و ڕووناکبیرانی بەشەکانی کوردستاندا، لەوەیە وێنەیەکی ڕاست و تەواو لەسەر باری فەرهەنگیی ئەو بەشانە لە بەردەستدا نەبێت. ئەمەیش، لە پاڵ کۆمەڵێ هۆی سیاسیدا، دیارە، بەرهەمێکی پەیدابوونی ئەلفوبێی لاتینییە، ئەگەرنا ئێمە دەزانین هەتا ساڵی ١٩٢٥یش، کە پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی عیراق، ڕووناکبیرانی هەموو پارچەکانی کوردستان، بەتایبەت ڕووناکبیرانی کوردستانی عیراق و تورکیا، پێکەوە کاریان کردووە و ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی تا ئەو کاتە بە کوردی بڵاو کراونەوە بەرهەمی پێنووس و بیر و هۆشیاریی هەموویانە، کەچی ڕووناکبیرێکی ئەمڕۆی کوردستانی تورکیا، ناتوانێت یەک لاپەڕە، یەک ڕستە، یەک وشە و یەک حەرفیش لەو میلیۆنان لاپەڕانەی لە کوردستانی عیراق چاپ دەبن، بخوێنێتەوە (ئەمە ئەگەر بەگشتی قسە بکەین، دەنا من چوار پێنج کەسێک دەناسم کە دەتوانن کوردیی خواروو بخوێننەوە). هۆی ئەم نەزانین و نائاشنایەتییە لەگەڵ کوردیی خوارووودا ئەو زیندانە مۆدێرن و تازەیەیە کە بۆ خۆیانیان دروست کردووە و ناویان ناوە ئەلفوبێی لاتینی. زۆر سەیرە مرۆڤ بە دەستی خۆی، بە هۆی ٣٣ یا ٣٤ حەرفەوە، خۆی لە هەموو ڕابوردووی خۆی و لە بەشی هەرە زۆری فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئەمڕۆی نەتەوەکەی خۆی بێبەش بکات و دڵیشی بەوە خۆش بێت کە بووەتە خاوەنی ئەلفوبێیەکی مۆدێرن، کە ئەوەیش خۆی هەڵینەبژاردووە، بەڵکە دوژمنە خوێنڕێژ و داگیرکارەکەی بەسەریدا سەپاندووە.

ئێمە ئەگەر وای دابنێین کە ڕاستە دەوڵەتی تورکیا ڕێگەی لە بەکارهێنانی زمان و فەرهەنگی کورد گرتووە (کە ئەمە بە لای کەمەوە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردووەوە ڕاست نییە)، بەڵام چی و کێ ڕێگەی لە سەدان هەزار یا میلیۆنان خوێنەواری کوردی تورکیا گرتووە ئەو هەزاران کتێبە و ئەو سەدان هەزار لاپەڕەیەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ئینتەرنیتە کوردییەکانی کە لە کوردستانی عیراق بەرهەم دەهێنرێن، بخوێننەوە و سوودیان لێ وەربگرن؟ ئایا کە سوودیان لێ وەرناگرن لەبەر ئەوەیە کە بە "سۆرانی" نووسراون و ئەوان لێیان ناگەن؟ باشە، خۆ لە دهۆک هەزاران کتێب و چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو (شێوەی بادینان) بڵاو دەبنەوە، ئەی بۆ ئەوانە ناخوێننەوە و سوودیان لێ نابینن؟ دیارە دیسان ئەو ٣٣ حەرفەیە بووەتە تەوقی لەعنەت و ڕێی لێ گرتوون، ئەگەرنا ئێمە دەبینین خوێنەرانی کوردستانی ئێران بە درێژاییی مێژوو، نە ڕێژیمی شا و نە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە سنووریان لێ دابخات، تا نەهێڵێت سوود لە چاپەمەنییەکانی کوردستانی عیراق وەربگرن. تەنانەت لە ڕەشترین سەردەمەکانی ڕێژیمی شادا، سەدان کتێب و ڕۆژنامە لە کوردستانی عیراقەوە دەگەیشتنە دەستی خوێنەران و ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێران. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە ئینتیشاراتی "سەیدیان" لە سابڵاخ دەیان کتێبی بە نهێنی و بە نیوچەئاشکرا سەرلەنوێ چاپ دەکردەوە و بەناو خوێنەرانی ئەو بەشەی کوردستاندا بڵاوی دەکردنەوە. ئەنجامەکەیش ئەوەیە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ڕابوردووی خۆی دانەبڕاوە و سوودیش لە ئەدەب و فەرهەنگی کورد وەردەگرێت. ئەمڕۆ ئەگەر لە ئێراندا زمانی کوردی هەر بە تەواوی قەدەغە بکرێت و ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی یەک وشەی کوردییش نەدرێت و یەک لاپەڕەیش بە کوردی چاپ نەکرێت، دیسانیش خوێنەرانی کوردستانی ئێران پەکیان ناکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییەوە ئەمڕۆ ئەگەر سنوورە ڕەسمییەکانی نێوان کوردستانی عیراق و کوردستانی تورکیا هەڵوەشێنرێنەوە و ئەو دوو پارچەیەی کوردستان یەک بگرنەوە، دیسان

خوێنەرانی کوردستانی تورکیا هیچ سوودیک لە میلیۆنان لاپەڕەی کتێب و ڕۆژنامە و چاپەمەنیی کوردستانی عیراق وەرناگرن. تۆ بڵێی لە هەموو مێژوودا بتوانین نموونەی گەلێکی دیکەی وەها بدۆزینەوە کە بەو شێوەیە مێشکی شۆرابێتەوە و فەرهەنگ و ناسنامە و شارستانەتیی خۆی پێ نامۆ بێت؟

وا پێ دەچێت بە هۆی ئەو ناڕوونی و نەبوونی زانیاریی دروستەوە هەندێ لەو مامۆستایانە بە جۆرێک سادەیی و ئاسانگرییەوە باسی ئەلفوبێی لاتینی دەکەن. من پێم وایە ئەمە لەو بابەتانەیە کە بە هیچ جۆرێک ناکرێ سازشی لەسەر بکرێت یا بە ئاسانی وەربگیرێت. هەموو خەمساردییەک لەم ڕووەوە ئەوە پێشان دەدات کە ئێمە بیرمان لە ئەنجامە ڕووخێنەرە کارەساتهێنەکانی ئەو ئەلفوبێیە نەکردووەتەوە، ئەگەرنا، ناکرێ لە لایەکەوە هۆشیار بین کە چ مەترسییەکی گەورەی لەسەر هەموو زمان و فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوایەتیمان هەیە و لە لایەکی دیکەیشەوە داوا بکەین لە هەندێ پلەی خوێندندا ئەو ئەلفوبێیە بە کار ببرێت. باوەڕ ناکەم هیچ ڕووناکبیر یا زمانزانێکی چینی یا فارس یا جاپانی ڕێگە بدات زمانەکەی بە ئەلفوبێیەکی دیکە بنووسرێت و بخوێنرێت، نەک لە ناوخۆی وڵاتەکەیاندا، بگرە بۆ ئەو منداڵ و لاوانەیشیان کە لە ئەوروپا و ئەمەریکا دەژین. ئەوەی دەیەوێ زمانی چینی یا فارسی یا جاپانی فێر ببێت، دەبێ بە ئەلفوبێی چینی و فارسی و جاپانی فێری ببێت، نەک بە ئەلفوبێیەکی دیکە. ئەمە ڕاستییەکە نە دەمەتەقێ هەڵدەگرێت و نە هیی ئەوەیە بە ئاسانی لێی بنەوین.

هەندێ لە مامۆستایان پێشنیازی ئەوە دەکەن کە لە قۆناغێکی خوێندندا ئەلفوبێی لاتینی لەپاڵ ئەلفوبێی کوردیدا لە سیستەمی پەروەردەدا بە کار ببرێت بۆ خوێندنی دیالێکتی کرمانجی (کرمانجیی سەروو). من ئەم پێشنیازەم پێ ڕاست نییە و لەو باوەڕەدام کە هەبوونی بیرێکی وەها لە ناشارەزایی و نائاشنابوونی ئەو ئەلفوبێیە و ئەو ئەنجامە کارەساتاوییانەوە دێت کە بەسەر کوردیاندا هێناوە. من دژی ئەوە نیم و

پێیشم باشە لە پلەکانی ناوەندی و ئامادەییدا نموونەی ئەدەبی کرمانجی (بە ئەلفوبێی کوردی) و هەورامی بخوێنرێت لەگەڵ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی تێکستەکان بە کوردیی خواروو، لە پلەی زانستگەیشدا لە کۆلێژەکانی زمان و ئەدەبی کوردیدا هەم ڕێزمانی ئەو زاراوانە بە شێوەیەکی قووڵتر بخوێنرێت و هەم نموونەی شیعر و فۆلکلۆر و ڕۆمان و شانۆنامە و مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبیش، هەروەهایش لێکۆڵینەوەی زانستییان لەبارەوە بکرێت.

یەکێ لەو زانیارییە هەڵانەی کە لەناو بەشێکی زۆری خوێنەران و تەنانەت نووسەر و ڕووناکبیرانیشدا بڵاو بووەتەوە ئەوەیە گوایە بەشی زۆرترینی خوێنەری کورد بە لاتینی دەخوێنێتەوە، بەو حیسابەی کوردی تورکیا و سووریا و ڕووسیا پێی دەخوێننەوە، ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری نووسین و فەرهەنگی کوردی بە ئەلفوبێی کوردی دەنووسرێت. بەشی دووەمی ئەم قسەیە ڕاستە، بەڵام بەشی یەکەمی زۆر ناڕاستە و هێچ بناغەیەکی نییە. هەروەها ئەو باوەڕەیش بێبناخە و هەڵەیە کە پێی وایە ئەوەی ئەمڕۆ کوردی تورکیا و سووریا بە ئەلفوبێی تورکی لاتینی دەینووسن بەرهەمێکی زۆر و فراوان و پێشکەوتووە، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ئەو بەرهەمە نە لە ڕووی چەندایەتی و نە لە ڕووی چۆنایەتییەوە قورسایی و نرخێکی ئەوتۆی نییە. من نازانم لە سەدا چەندی کوردی تورکیا و سووریا خوێنەوارن، بەڵام دڵنیام ئەوانەی کە خوێنەوارن بە زمانێکی دیکە خوێنەوارن نەک بە زمانی خۆیان (لە سووریا عەرەبی، لە تورکیا تورکی، لە سۆڤێتی جاران بە ڕووسی، ئەرمەنی، ئازەربایجانی و گورجی)، ئیتر نازانم ئەم میتۆلۆگییە لە کوێوە هاتووە؟ لە کاتێکدا خوێنەری کوردستانی عیراق، بە تایبەت، لاوانی ئەمڕۆ، کە خوێنەوارن، لە سەدا سەد بە کوردی خوێنەوارن و زمانی یەکەمی خوێندن و نووسینیان کوردییە. لە کوردستانی ئێرانیش نیسبەتێکی زۆری خوێنەوارانی کورد، بەتایبەت لە هەرێمەکانی موکریان و ئەردەڵان، لەپاڵ فارسیدا کوردیش دەخوێننەوە، ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ کوردستانی عیراقدا زۆر

کەمترە، بەڵام دەیان جار لە کوردی تورکیا و سووریا لە زانینی زمانی کوردی و خوێندنەوەیدا پێشکەوتووترن. باوەڕ ناکەم لە ١٢-١٥ میلیۆن کوردی تورکیا ١٢-١٥ هەزار خوێنەری کورد هەبن.

هەندێ لە نوختەی دەرچوونەکانی ئامادەکار (و تەنانەت پرسیارلێکراوەکانیش) دوورن لە ڕاستیی هەلومەرجی زمانی کوردییەوە، بۆ نموونە کاتێ وا باسی ئەلفوبێی لاتینی و نووسینی کرمانجی بە لاتینی دەکەن وەک بڵێی هەموو کوردی تورکیا، بە دە پانزدە میلیۆنەکەیەوە، شەووڕۆژ خەریکن بە کوردی دەنووسن و دەخوێننەوە و مانگانە سەدان ڕۆمان و هەزاران دیوانەشیعر بە کوردی دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە، لە کاتێکدا ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە کوردستانی تورکیادا کوردی زمانێکی زیندوو نییە، هەر نەبێ زمانێکی زیندووی نووسین و خوێندنەوە نییە. خۆ زمانی فارسی لە کوردستانی عیراقدا زمانێکی ڕەسمی نییە، بەڵام خەڵکێکی زۆری خوێندەوار فارسی دەزانن و پێی دەخوێننەوە و قسەیشی دەتوانن پێ بکەن. ئەگەر بە ڕێژەی لەسەدا (%) وەریبگرین ژمارەی فارسیزانەکانی کوردستانی عیراق لە ژمارەی کوردیزانەکانی کوردستانی تورکیا زۆرترن. من بۆیە فارسیم باس کرد، نەک عەرەبی، چونکە عەرەبی ماوەی هەشتا نەوەد ساڵە زمانی ڕەسمی و زمانی خوێندن بووە و خەڵکێکی زۆر دەیزانن و بووەتە زمانی فەرهەنگییان، بەڵام فارسی زمانێکە خەڵک بۆ خۆی، ئەگەر حەزی لێ بووبێت، فێری بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا فارسیزانەکانی کوردستانی عیراق لە کوردیزانەکانی کوردستانی تورکیا زیاترن.

ئێمە ناتوانین باسی ژیانێکی فەرهەنگیی کوردی لە تورکیا یا تەنانەت لای کوردی تورکیا لە دەرەوەیش بکەین. ئەگەر لە وڵاتێکی وەک سوێددا کە بواری فێربوونی کوردی لە هیی هەموو وڵاتانی ئەورووپا چاکترە، بیستوپێنج سی نووسەری کرمانجینووس و سەد، سەدوپەنجا خوێنەری کرمانجی هەبن، ئەمە نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەدەبێکی گەشەکردوو، یا فەرهەنگێکی بتەو و دامەزراو بە کرمانجی هەیە. زۆرجاریش لە ڕێژەی

ئەو ئەدەبەدا کە بە زاراوای کرمانجی و بە لاتینی دەنووسرێت بە هەڵەدا دەچن و پێیان وایە شتێکی زۆری پێ دەنووسرێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە هەموو ئەوەی بە کرمانجی و بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسرێت ناگاتە ١٠%ی سەرجەمی ئەوەی بە هەموو زمانی کوردی دەنووسرێت. بەشی هەرە زۆری ئەدەب و نووسینی کرمانجی ئەوەیە کە بە شێوەی بادینانی و لە کوردستانی عیراقدا دەنووسرێت. ئەوەیش، دەزانین، بە ئەلفوبێی کوردی دەنووسرێت نەک ئەلفوبێی لاتینی تورکی. لە ڕووی ناوەڕۆک و ئێستێتیکیشەوە ئەو ئەدەبەی بە شێوەی بادینانی دەنووسرێت (بەتایبەت شیعر و لێکۆڵینەوە و تەرجەمە) زۆر لەو ئەدەبەی لە لایەن نووسەرانی کوردی تورکیا و سووریا و سۆڤییێتی جارانەوە دەنووسرێت پێشکەوتووتر و دەوڵەمەندترە.

## پێنجەم: گۆشەنیگایەکی زانستی و زمانەوانی

ئەلف: کرۆکی کێشەکە؛ خوێندنەوەیەکی مێژوویی

گوتوبێژ و نووسین لەسەر مەسەلەی زمانی یەکگرتوو، زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، زمانی ستاندارد و زمانی ڕەسمی (ئەمەی دوایین کەمتر) لە ڕابوردوویشدا لەناو نووسەر و ڕووناکبیرانی کورددا، لە باشووری کوردستان یا کوردستانی عیراقدا، هەبووە و جاروبار بە شێوەی وتار و لێکۆڵینەوەیش سەری هەڵداوە. لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە ڕاگەیاندنێکی پێشکەوتووی کوردی لە ئارادا نەبووە، لە لایەکی دیکەیشەوە ژمارەی کەسانێک کە بتوانن لە بابەتێکی زانستیی وەهادا بەشدارییەکی جیددی و چالاکانە بکەن یەکجار کەم بووە، ئەو گوتوبێژانە ئامانجێکیان نەپێکاوە و لە ئاستێکی بەرزی زانستیدا نەکراون. لەو بوارەدا هەرچییەک نووسرابێت تا ڕادەیەکی زۆر لە گۆشەنیگایەکی تیۆرییەوە لە بابەتەکە نزیک کەوتووەتەوە. ئەمەیش، پێم وایە، ئەنجامی سێ هۆی گرنگ بووە: یەک: هەلومەرجێکی سیاسیی وەها لە ئارادا نەبووە کە کورد بتوانێت زمانەکەی خۆی بکاتە زمانێکی ڕەسمی لە عیراقدا، یا هەر نەبێت لەو بەشەی

کوردستاندا. تەنانەت لە ڕێککەوتننامەی ١٩٧٠-١٩٧٤دا، ئەگەرچی زمانی کوردی پلەی زمانی دووەمی ڕەسمیی لە کوردستاندا پێ درابوو، بەڵام هەرگیز ڕێگە نەدرا ئەو ڕۆڵەی هەبێت؛ دوو: لە ماوەی نزیکەی هەشتا ساڵدا کە زمانی کوردی کەموزۆر زمانی خوێندن و پەروەردە بووە لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا، کوردیی خواروو، یا کوردیی ناوەندی، تاکە دیالێکتێکی کوردی بووە کە بتوانێت ئەو نەخشەی هەبێت و تاکە شێوەی زمانی کوردی بووە کە بە کردەوە و بەڕاستی یارای ئەرکێکی وەها بێت؛ سێ: سەرکردایەتیی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، لەبەر گەلێ هۆی سیاسی و فەرهەنگی، هیچ دوودڵییەکی لەو ڕووەوە نەنواندووە و زۆر دڵنیا بووە لەوەی کە دەبێ کوردیی خواروو زمانی خوێندن و زمانی سیاسەت و زمانی ڕاگەیاندنی کوردی بێت، هەرچەندە ئەو بوارانە زۆریش فراوان و پێشکەوتوو نەبووبێتن.

لە دوو ئەزموونی سیاسیی سەربەخۆییدا لە کوردستان، حوکوومەتی شێخ مەحموود و کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە مەهاباد، هەبوونی پرسیارێکی لەو بابەتە پێویستییەکی نە سیاسی و نە زانستی و نە فەرهەنگی نەبوو، چونکە هەم ناوچەی دەستەڵاتی هەردوو دەوڵەتەکە و هەم ڕێبەرایەتییەکەیان تەنیا پیادەکردن و جێبەجێکردنی یەک مۆدێل و یەک شێوەیان لە بەردەستدا بوو. لە ئەزموونی تازەتری کوردستانی خوارووودا لە ساڵی ١٩٥٩ وە (ئەو ساڵەی کە مەلا مستەفای بارزانی گەڕایەوە و بە کردەوە بوو بە ڕێبەری گەلی کورد) هەتا ١٩٧٥، کە گەورەترین و گرنگترین بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان تێک شکا و هەرەسی هێنا، پێکهاتەی بزووتنەوەکە و ناوچەی دەستەڵاتی سیاسی و کارگێڕیی، گۆڕانێکی گەورەیان بەسەردا هات. لەم قۆناغەدا بوو کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردستاندا زمانی کوردی لە پلەیەکی بەرزتری زانستی و فەرهەنگی و سیاسیدا بە کار هێنرا، لەم قۆناغەدا بوو زمانی کوردی لە ناوچەیەکی فراوانتری کوردستاندا بوو بە زمانی پەروەردە و خوێندن و ئەو منداڵانەی پێیان دەخوێند و ئەو مامۆستا و

پەروەردەکارانەی بۆ فێرکردن بە کاریان دەهێنا، لە ڕووی ناوچە و ئینتیمای کۆمەڵایەتی و چینایەتی و شێوەزمانی قسەکردنەوە پاشخانی تەواو جۆراوجۆر و جیاوازیان هەبوو، هەر لەم قۆناغەیشدا بوو کە لەوانە بوو زمانی کوردی ببێتە پاژنەی "ئەشیل"ی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، ئەگەر دوژمنەکانی هەلی ئەوەیان دەست بکەوتایە ئەو مەسەلە هەرەناسکەیان بە کار بهێنایە.

سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی عیراق بە ڕێبەرایەتیی مەلا مستەفای بارزانی زۆر دووربینانە، ژیرانە، بەرپرسیارانە و نیشتمانپەروەرانە بیری کردەوە، کاتێ بە هیچ جۆرێک لەم ڕووەوە سازشی نەکرد و کەمترین نیشانەی دوودڵی و ڕاڕایی لە بیر و بڕیاریدا دەرنەکەوت. ئەم هەڵوێستە بە تایبەتی لە چوارساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ی ڕێککەوتننامەکەدا بوو بە کۆڵەکەیەکی سەخت و پتەوی یەکخستنی کورد وەک نەتەوەیەک و داڕشتنی بنەڕەتێکی هۆشیارانە بۆ چەسپاندنی هەستی نەتەوایەتی و خۆبەکوردزانین. دوژمنێکی وەک حیزبی بەعس بە سەرکردایەتیی سەددام حوسەین نەیتوانی لە درزی زمانەوە دەست بۆ ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵی کوردستان ببات و نەیتوانی ئەو بابەتە بۆ سوودی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانی خۆی بە کار ببات. کەچی هەر دوای هەرەسهێنانی ئەو بزووتنەوەیە یەکێک لە مێتۆدە هەرە ترسناکەکانیان بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد، بەکارهێنانی زمان و فەرهەنگی کورد بوو. هەر ئەو ڕێژیمەیش بوو کە دەستی کردە بڵاوکردنەوەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە؛ ئاسۆ و بزاڤ، یەکەمیان بە کوردیی خواروو، دووەمیشیان بە شێوەی بادینانیی کوردی سەروو.

بەڕاستی ئەم سیاسەتەی بەعس درێژەپێدانێکی هەر ئەو سیاسەتە بوو کە لە چلەکاندا هەردوو ئیمپەریالیزمی بریتانی و فرانسی بە کاریان هێنا، کاتێ دەستیان کردە کۆمەککردنی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکانی هاوار و ڕۆناهی و ستێر و ڕۆژا نوو، لە شام و لە بەیرووت، بە کرمانجی و بە ئەلفوبێی لاتینی و کاتێ دوو وەستگەی ڕادیۆیان بە زمانی کوردی دانا؛

یەکیک لە بەیرووت بە کوردیی سەروو، کرمانجی، و یەکێکیش لە یافای فەلەستین بە کوردیی خواروو. سالانێکی زۆر پێشتریش میسیۆنێرە مەسیحییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا چالاکانە کاریان دەکرد بۆ بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحییەت و ئینجیل (بایبڵ)یان تەرجەمەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی دەکرد و بە خۆڕایی لە شار و ناوچەکانی کوردستاندا دەیانبەشییەوە. کەواتە زمان یەکێکە لەو پردە گرنگانەی کە کۆلۆنیالیستان، ئیمپەریالیستان و داگیرکاران هەمیشە هەوڵیان داوە لێیەوە بپەڕنەوە بۆ داگیرکردن و پارچەپارچەکردن و تێکشکاندنی نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی.

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە باشووری کوردستاندا، جۆرێک دەستەلاتی گرتووەتە دەست و لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازی و کارگێڕی و فەرهەنگی و ئابووریدا خاوەنی بڕیار و نەخشەدانەری سیاسەت بووە. ئەم دەستەلاتە بەسەر دوو قوتب و دوو هێزی گەورەی سیاسیدا دابەش بووە؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیمۆکراتی کوردستان. ئەم دوو هێزە سالانێکی دوورودرێژ ناکۆکی و دژایەتییان گەیشتە ڕادەی شەڕێکی خوێناوی، کە ئەنجامەکەی سەرلەنوێ دابەشکردنی ئەو بەشەی کوردستان بوو لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەوە، بەلام هەروەهایش لە ڕووی پەروەردە و زمانەوانی و سایکۆلۆگییەوە.

یەکێک لە دەرئەنجامە ڕەش و دزێوەکانی ئەم شەڕە، لەپاڵ کۆمەڵێ ئەنجامی کارەساتباردا، دابەشبوونی زمانی کوردی و سیستمی پەروەردە بوو. بە دروستبوونی دوو ناوچەی کارگێڕی و سیاسی، کەرتبوونێکی ترسناک لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنیشدا پەیدا بوو. بێجگە لەوەی کە ماکینەی ڕاگەیاندنی هەردوو لا هەرچییەکیان لە دەست هات لە بەکارهێنانی زمانێکی ناشیرینی بە ڕق و درۆ و گومان ئاخنراو بەرانبەر یەکتر و بەرانبەر مێژووی نەتەوەی کورد، تەنانەت وشەی کوردییش لەو

دابەشبوون و دزێوکردنە ڕزگاری نەبوو، تا ئەو ڕادەیەی کە هەر ناوچەیەک کۆمەڵێ وشە و دەربڕینی تایبەتی خۆی هەبێت و بیانکاتە نیشانەی خۆجیاکردنەوە لە ئەوی دی. هەر وەک نموونە دەیڵێم، وشەکانی بازگە و ژن و خوێندکار کەوتنە لایەک و وشەکانی زاڵگە و ئافرەت و قوتابییش کەوتنە لایەکەی دیکە. ئەمانە لەو جۆرە زیان و تێکشکانانە بوون کە ئەنجامە ژاراوییەکانیان هەر وا بە ئاسانی تیمار ناکرێن.

ئەو هەلومەرجە لێڵ و پڕ لە ئاژاوە و بەربەرەکانییە دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ دەیان بەناو نووسەر و ڕووناکبیری هەلپەرست و بوودەڵە و ناجوامێر و نەخوێندەوار، کە خۆ ببەنە پێشەوە و لە پێناوی هەندێ دەستکەوتی ماددی و پلە و پایەدا، هەموو سووکایەتییەک بە زمان و فەرهەنگی کورد بکەن و ڤیرووسی نەخوێندەواری و دواکەوتن بڵاو بکەنەوە. لە سێبەری ڕەشی ئەو ناکۆکییەدا دوو دیاردە، یا دوو ڕووداو، پەیدا بوون کە بوون بە پێشینەیەکی ڕەش و پڕ لە نەهامەتی بۆ زمان و فەرهەنگی کورد: بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی تورکی لە تەلەڤیزیۆنەکانی کوردستاندا و گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە ناوچەی دهۆک و سەپاندنی شێوەزمانی بادینانی لەجێی زمانی ستانداردی کوردی لە پۆلەکانی قۆناغی سەرەتاییدا. لە هەردوو بارەکەیشدا ئەوەی کە ڕۆڵێکی زۆر نەخوێندەوارانە و تێکدەرانە و ناکوردانەی بینی هەندێ زڕەڕووناکبیر و زڕەنووسەری کوردستانی تورکیا بوون، کە بەشێکی زۆریان لە بنەڕەتدا چالاککاری ناو حیزب و تاقمە چەپەکانی سەر بە سۆڤییێتی جاران بوون. ئەمانە بە درێژیی سالانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو بە شێوەیەکی پەڕگرانە و بێتام سۆڤییێتپەرست بوون و لە شیکردنەوەی سیاسییاندا هێڵێکی ڕەشیان چەپوڕاست بەسەر ئێستا و ڕابوردووی نەتەوەی کورددا دەهێنا. زۆر بەتایبەت دژی سەرکردایەتیی پارتیی دیمۆکراتی کوردستان و بنەماڵەی مەلا مستەفای بارزانی بوون، بەڵام کاتێک کە ڕێژیمی سۆڤییێت ڕووخا و سەرچاوەی بیرکردنەوە و بژێوی ئەمانیش وشکی کرد، زۆر خێرا بەرەو نەتەوەپەرستییەکی

ناهۆشیارانە و ڕۆژاواپەرستی و ناوچەپەرستی و دیالێکتپەرستی ڕۆیشتن. دامەزرانی هەرێمی کوردستانی عیراق و شەڕی براکوژی دەرفەتێکی چاک بوو بۆ ئەمانە کە خۆیان لە هەردوو پارتییە گەورەکانی کوردستانی عیراق، پارتی و یەکێتی، نزیک بخەنەوە بە ئامانجی پارەخواردن و خۆژیاندن و بازرگانی. لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە ئەمانە بەڕاستی نەخوێندەوار بوون و هیچیان پێ نەبوو. لە زمان و فەرهەنگ و مێژووی کورددا تەواو ناشارەزا بوون. هونەرێک کە چاکیان لێ دەزانی و لە ئەورووپا فێری بووبوون، داڕشتنی پرۆژەی درۆینەی فەرهەنگی و سیاسی و پەروەردەیی بوو. دەیان پرۆژەیان دەخستە بەردەم سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی عیراق و میلیۆنان دۆلاریان پێ وەردەگرت، بێ ئەوەی پرۆژەکانیان هیچ ئەنجامێکی هەبێت و هیچ سوودێک بە ئەزموونی کوردستان بگەیێنێت. لەناو ئەمانەدا "ئەنیستیتووتی کوردی لە پاریس" و "فەدەراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد" و "کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم" و هەندێکی دیکە لە هەمووان زیاتر بەهەڵپە بوون و هێرشبەرانە کاریان دەکرد.

کرانەوەی سنوورەکانی نێوان دوو بەشە کوردستانی تورکیا و عیراق و ئەو پێوەندییەی لە ئەنجامی دامەزرانی هەرێمی کوردستانی عیراقدا پەیدا بوو، دەبوو ببێتە هەلێک و دەرفەتێک بۆ کوردی تورکیا کە سوود لە ئەزموونی فەرهەنگی و زمانەوانیی کوردستانی عیراق وەربگرن. لە پێوەندییەکی وەهادا هەڵوێستی سروشتی ئەوەیە کە خەڵکێکی نەزان و ناشارەزا سوود لە ئەزموونی خەڵکێکی لێزان و شارەزا وەربگرن. ئەوان دەیانتوانی بەئاسانی خۆیان فێری کوردی بکەن و وردەوردە زمان و فەرهەنگ و ئەلفوبێی کوردی بگوێزنەوە بۆ ناو لاوانی کوردستانی تورکیا و بزووتنەوەیەکی گەورەی فەرهەنگی لەو بەشەی کوردستاندا دروست بکەن. ئەودەم سووک و ئاسان هەموو ڕۆژنامە و کتێب و چاپەمەنییەکانی کوردستانی عیراق دەگەیشتنە دەست خوێنەری کوردستانی تورکیایش.

هەر لەو ڕێگایەیشەوە ئەلفوبێی کوردی دەبوو بە سیمبۆڵی بەرگری و خەباتی سیاسیی ئازادیخوازانە دژی داگیرکارانی تورک و گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشەی کوردایەتی و زمان و فەرهەنگی کورد. ئەودەم لەجێی ئەوەی شەڕ لەپێناوی دوو حەرفی (و، خ)دا بکەن، دەیانتوانی شانازی بە هەموو تیپەکانی ئەلفوبێی کوردییەوە بکەن و بیانکەنە سنووری جیاکردنەوەی خۆیان لە تورک و لە فەرهەنگ و بیرکردنەوە و ئیدیۆلۆگیی کەمالیزم. ئەگەر بەراوردێک لەنێوان پێوەندیی دوو بەشی کوردستانی تورکیا و ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عیراقدا بکەین جیاوازییەکە وەک ڕۆژی نیوەڕۆ دیارە و بە بەرچاوەوەیە. وەک پێشتریش باسم کرد؛ ئێستا ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران زمانی کوردی بە ڕەسمی قەدەغە بکات و ڕێگە نەدات تەنانەت یەک دانە لاپەڕە و یەک دانە حەرف بە زمانی کوردی چاپ بکرێت، خوێنەرانی کوردستانی ئێران پەکیان ناکەوێت، چونکە سامانی گەورە و دەوڵەمەندی فەرهەنگ و زمانی کوردیی کوردستانی عیراق گەنجینەیەکە کە ئەوانیش دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

من نامەوێ هەموو تاوانی پەیدابوونی گومانکردن لە زمان و ئەلفوبێی ستانداردی کوردی و ئەو ئاژاوەیەی ئێستا لە بواری زماندا پەیدا بووە بخەمە ئەستۆی زڕەڕووناکبیر و زڕەنووسەرەکانی کوردستانی تورکیا. ئەگەر ئەوان بە نەزانی و ناهۆشیاری و نەخوێندەواریی خۆیان ئاگری ئەم ئاژاوەیە خۆش دەکەن، بەڵام بۆچی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و نووسەر و ڕووناکبیرانی دەستوپێی دەستەڵاتی سیاسی ڕێگە دەدەن سامانێکی گەورەی نەتەوایەتی بەم شێوەیە هەڵوەشێنرێتەوە و وێران بکرێت؟ دوو زلهێزە سیاسییەکەی کوردستانی عیراق، پارتی و یەکێتی، پێیان وایە بە ڕاکێشانی هەندێ هەلپەرست و کۆلکە خویندەواری کوردی تورکیا دەتوانن لەو بەشەی کوردستاندا پێگەیەکی سیاسی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و گەلی کوردستانی تورکیایش بخەنە ژێر ڕکێفی سیاسیی خۆیانەوە. بێگومان بۆ بەربەرەکانێی یەکتریش هەردوو لایان پەلەیانە کامیان زووتر دەستی بگاتە ئەو بەشەی کوردستان و بە لای خۆیدا

ڕایبکێشێت. هەر لەو پێناوەیشدا ئامادەن لەسەر هەموو شتێک، تەنانەت شتە پیرۆز و دامەزراوەکانیش، سازش بکەن.

ئێمە ئەگەر بە ڕەگوڕیشەی کێشەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردیدا بچینە خوارێ، بێگومان چەند هۆیەکی جیاوازی فەرهەنگی و سیاسی و ئیدیۆلۆگی و کۆمەڵایەتی دەدۆزینەوە کە بوونەتە ماکی ئەم ئاژاوە و پشێوییەی بەرۆکی زمانەکەی گرتووە. هەندێک لەو هۆکارانە مێژوویین، بەو مەعنایەی کە هەر لەگەڵ گەڵاڵەبوونی شێوەکانی زمانی کوردیدا وەک زمانێکی ئەدەبی، هەلومەرجێکی وەها لە ئارادا بووە کە ڕێگە لە تەشەنەکردنی ئەو شێوەیە بگرێت و سنوورێکی بۆ دابنێت. لە ئەنجامدا درز و جیاوازیی گەورە لەنێوان شێوەی ناوچەکاندا پەیدا بووە. دەکرێ ئەم جۆرە هۆکارە بە ماکی جیاوازییە دیاکرۆنیکەکانی (Diachronic) زمانی کوردی دابنێین. بەرانبەر بەو جیاوازییانەیش ئێمە کۆمەڵێ جیاوازیی سینکرۆنیکیش (Synchronic) دەبینین، کە هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ماکیان.

بەڕاستی من پێم وایە نە جیاوازییە دیاکرۆنیکەکان و نە جیاوازییە سینکرۆنیکەکان کێشەی ترسناک و ڕاستەقینەی ئەمڕۆی زمانی کوردی نین. ئەو جۆرە جیاوازییانە لە هەموو زمانەکانی دنیادا هەبوونە و هەن و دەبن. کێشەی ئەمڕۆی زمانی کوردی چەندە کێشەیەکی زمانەوانییە، هێندەیش و زۆر لەوەیش زیاتر کێشەیەکی سیاسی و ئیدیۆلۆگی و شارستانییە، کێشەی ناشارەزایی و نەناسین و نەزانینی ناسنامەی نەتەوایەتییە.

بێ: ئاژاوەی چەمکەکان: زمانی یەکگرتوو، ئەدەبی، ستاندارد، ڕەسمی؟

بۆ ئەوەی لە کێشەکانی زمانی کوردی نزیک بکەوینەوە، دەبێ هەوڵ بدەین لە ڕەهەندە جیاوازەکانی تێبگەین و بە جۆرێک لێیان ورد ببینەوە کە ناوەڕۆکی راستبێژەکان نەکەونە بەر تاریکیی گۆڕین و زرەزانست. ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەگەرچی گوتوبێژێکی فراوان لەسەر زمانی کوردی و

کێشەکانی دەکرێت و زۆر بابەتی نووسراو بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەشی هەرەزۆری ئەو نووسین و بابەت و گوتوبێژانە دوورن لە پێوەر و بنەما زانستییەکانەوە. بەشێکی زۆری ئەوانەی لەو گوتوبێژانەدا بەشداری دەکەن بە ئاشکرا ڕاستییە بنەرەتییەکانی زمان و زمانەوانی دەگۆڕن و کۆمەڵێ زانیاریی ناڕاست بڵاو دەکەنەوە بە مەبەستی چەواشەکردنی خوێنەر و ڕاکێشانیان بە لای بیر و بۆچوونەکانی خۆیاندا. ئەو چەمکانەی ئەو جۆرە نووسەرانە بە کاریان دەبەن لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینە و زانستیی خۆیان خاڵی کراون و ناکرێت گوتوبێژێکی ساغ و تەندروست بەو کەرەستە ناڕێک و شێوێنراوانە ئەنجام بدرێت.

ئەگەر باس لە دووزمانەیی و فرەزمانەیی بکەین دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە تەقریبەن هەموو وڵاتانی دنیا فرەزمانەن بەو مەعنایەی کە دانیشتووان بە زیاتر لە یەک زمان قسە دەکەن و دەدوێن، بەڵام لەناو هەموو وڵاتانی دنیادا ڕەنگە چواریەکیان لەیەک زمانی ڕەسمی زیاتریان هەبێت، واتە ئەو زمانەی لە کارگێڕیی دەوڵەتدا بە کار دەبرێت و لە پێوەستی دیکەی ڕەسمیدا. دۆخی دوو زمانەیی یا فرەزمانەیی زۆرجار لە دەستووری وڵاتەکەدا دەچەسپێنرێت، بەڵام جاری وایش هەیە دوای نەریتێک دەکەون. زۆر ئاساییە وڵاتێکی فرەزمانە تەنیا یەک زمانی ڕەسمیی هەبێت، بۆ نموونە فرانسی لە ساڵی ١٥٣٩ وە تاکە زمانی ڕەسمیی دەوڵەت بووە لە فرانسا، ئەگەرچی زۆر زمانی دیکەی کەمایەتی لە وڵاتەکەدا هەبووە: ئۆکسیتانی، برێتۆنی، باسکی، ئێلساسی، کۆرسیکانی، سەرەڕای کۆمەڵێ زمانی دیکەیش کە بە دیالێکتی زمانی فرانسی دادەنرێن.

**وڵاتانی دووزمانە یا فرەزمانە:**

فینلاند: هەردوو زمانی فینی و سوێدی "زمانی کۆمارن". کەچی زمانی سامی، واتە زمانی سامەکان کە کەمایەتییەکی ئەتنیکی و زمانەوانین، بەم

دواییە پلەیەکی دراوەتێ، بەلام نەک وەک زمانێکی ڕەسمی. لە فینلاند مەرج نییە دووزمانەیی لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا جێبەجێ بکرێت، بەڵکە بەپێی شارەوانی و ناوچەی جیاواز قانوونەکە بە شێوەی جیاواز دەخرێتە کارەوە. لە هەندێ شارەوانیدا یا تەنیا زمانی فینی یا تەنیا سوێدی زمانی ڕەسمییە، بەڵام لە هەندێ ناوچە و شارەوانیدا هەردوو زمانەکە ڕەسمین، بۆ نموونە لە هێلسنکیی پێتەخت.

بەلژیک: سێ زمانی ڕەسمیی هەیە؛ زمانی هۆلاندی (بە شێوەی ناوچەیی، کە پێی دەگوترێت فلاملێندی)، فرانسی و دواتریش ئەڵمانی پلەیەکی وەهای پێ دراوە. لە بەلژیک چوار هەرێمی زمانەوانی هەن، سێیان لەو جۆرەن کە تەنیا یەک زمانی ڕەسمیی تێدایە؛ هۆلاندی، فرانسی یا ئەڵمانی. هەرێمی چوارەم بروکسەلی پێتەختە کە دووزمانەیە.

خوارووی ئەفریقا: یانزدە زمانی ڕەسمیی هەیە: ئینگلیزی، ئەفریکانس، زوولوو، سۆتۆی باکوور، خۆسا، سۆتۆی باشوور، تسوانا، تسۆنگا، سوازی، ندێبێلە، ڤاندا.

حاڵەتێکی زۆر تایبەت ئەوەیە کە وڵاتێک یەک زمانی قسەکردنی هەبێت (بە دیالێکتی جیاوازەوە) بەڵام دوو یا فرەزمانی ڕەسمیی هەبێت بۆ نووسین، یا شێوەی جیاوازی زمانی نووسین. لە نۆروێژ: هەردوو زمانی بووکمۆل (جاران ڕیکسمۆل) و نوینۆرشک (جاران لاندسمۆل)، زمانی ڕەسمیی وڵاتەکەن. بووکمۆل: ئەو زمانی نووسینەیە کە کارکردی یەکجار گەورەی زمانی دانی [دانمارکی]ی لەسەرە، چونکە دانمارک نزیکەی ٤٠٠ ساڵ حوکمی ئەو وڵاتەی کردووە، ئێستا زۆربەی خەڵکی نۆروێژ بەم زمانە دەنووسن. بووکمۆل ئەمڕۆ (لە ساڵی ١٩٢٩وە) ناوی شێوەزمانی ڕەسمیی دەوڵەتی نۆروێژە. زۆرایەتیی خەڵکی نۆروێژ (٨٨-٩٠%) بە زمانی بووکمۆل دەنووسن. لە بواری چاپەمەنیدا ٩٢%ی چاپکراوەکانی زمانی نۆروێژی بە بووکمۆلە. نوینۆرشکا: زمانێکی نووسینە کە ئیڤار ئاسەن (١٨١٣-١٨٩٦) لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا گەشەی پێ داوە لەسەر بنەمای نۆروێژیی ڕۆژاوا و دیالێکتەکانی ناوچەکانی ناوەوە.

لە یۆنان: زمانانی کاتاریڤووسا و دیمۆتیکی هەن. یەکەمیان زمانێکی کۆنپارێز و مێژوویی و کەونارای یۆنانە، کە بەشێکی زۆری ئەدەبی کلاسیک و فەلسەفەی یۆنان بەو زمانە نووسراوە. ئەمڕۆ ئەو زمانە تەنیا لەناو کەسانی زمانزان و لێکۆڵەرەوە و ئەکادیمیکارەکاندا کاری پێ دەکرێت. زمانی دووەمیش زمانی قسەکردنی گەلی یۆنانە کە ٩٩،٥%ی خەڵک قسەی پێ دەکەن و زمانی ڕەسمیی وڵاتەکەیە.

لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەمان لا ڕوون بێت، کە ئەو وڵاتانەی لە یەک زمانی ڕەسمی زیاتریان تێدا بە کار دەهێنرێت؛ دوو زمان، سێ زمان یا یانزدە زمان، نەتەوە و گرۆی نەتەوەیی و ئەتنیکیی جیاواز تێیدا دەژین و ئەو زمانانەیش زمانی ئەو نەتەوە و گرۆیانەن. زمانەکانیش شێوەزمان یا دیالێکتی یەک زمان نین، بەڵکە کۆمەڵێک زمانی سەربەخۆ و جیاوازن و لەوەیە لە ڕووی مێژوویی و خێزانی زمانەوانییەوە هیچ پێوەندییەکیان بە یەکەوە نەبێت. ئەو سێ زمانەی لە بەلژیک زمانی ڕەسمین، زمانی سێ نەتەوەی جیاوازن و سەر بە دوو گرۆی زمانەوانیی جیاوازیشن. دوو زمانە ڕەسمییەکەی فینلاند، فینی و سوێدی، هیچ پێوەندییەکی مێژوویی و خێزانییان بە یەکدییەوە نییە. تەنیا لە نموونەی نۆروێژدا هەردوو زمانە ڕەسمییەکە دوو شێوەی یەک زمانن، کە ئەویش، لە لایەکەوە هۆیەکی مێژوویی هەیە وای کردووە، ناچار بن هەردوویان بە کار بێنن، لە لایەکی دیکەیشەوە شێوەی "نوینۆرشک" لە بواری فەرهەنگی و سیاسیدا نەخشێکی ئەوتۆی نییە، چونکە تەنیا ٨% (لە سەدا هەشت)ی چاپەمەنیی وڵاتەکە بەو شێوەیە دەنووسرێت و چاپ دەکرێت. هەروەها گرنگە ئەوەیش بزانین کە جیاوازیی بوکمۆل و نوینۆرشک، لە شێوەی جیاوازیی دوو دیالێکت نییە، بەڵکە زیاتر دوو شێوەی جیاوازی نووسینە. بەڕاستی نموونەی نۆروێژ نموونەیەکی ڕیزپەڕە (إستثناءـ Exception) و بۆ ئەوە ناشێت وەک ڕێگەچارەی کێشەکانی زمان باس بکرێت.

## شێوە جیاوازەکانی زمان:

هەبوونی شێوەی جیاواز لە یەک زماندا، بە تایبەت لە شێوەی قسەکردندا، دیاردەیەکی تایبەتی زمانی کوردی نییە. لە هەموو زمانەکانی دنیادا، تەنانەت ئەو زمانانەیش کە بە زمانی نێونەتەوەیی و دامەزراو و پێشکەوتوو دادەنرێن، هەر وایە. زمانی ئینگلیزی، بۆ نموونە، کۆمەڵێ شێوەی جیاوازی قسەکردنی هەیە لە وڵاتانی جیاوازی وەک ئاوسترالیا، بریتانیا و ئەمەریکادا. تەنانەت لەناو ئەو وڵاتانە خۆیشیاندا کۆمەڵێ شێوەی جیاواز هەن. زمانانی گەورەی دیکەیش، سپانی، ئەڵمانی، فرانسی، هەموویان شێوەی جیاوازیان هەیە.

لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بەزۆری کە باسی زمانێک دەکەن، مەبەستیان شێوەی ستانداردی ئەو زمانەیە، واتە زمانی ستاندارد، کە زمانی چاپەمەنییە؛ ڕۆژنامە و کتێب، زمانی دەستگاکانی ڕاگەیاندن و زمانی خوێندنە و وەک زمانی ڕەسمیی ناوچەیەک یا وڵاتێکیش قەبووڵ کراوە. بێجگە لەوانەیش زمانی ستاندارد ئەو شێوەیەی زمانە کە ئەگەر کەسێک بیەوێ زمانەکەمان وەک زمانی دووەم یا وەک زمانێکی بێگانە فێر ببێت، ئەو شێوەیەی زمانەکە فێر دەبێت، واتە زمانی ستاندارد فێر دەبێت. وەک دەبینین لەم ڕووەوە لایەنەکانی خوێندن و ڕاگەیاندن، هەروەهایش بەکارهێنان وەک زمانی نووسین (واتە سامانی وشە، حینجەکردن، ڕێزمان) بۆ ناساندنی زمانی ستاندارد گرنگن.

کاتێ زمانەوان لە بەشێکی زمان، لە دیالێکتێک، دەکۆڵێتەوە و دەیەوێت وردە جیاوازییەکانی نێوان شێوەکان بناسێت، ئەمە پێی دەگوترێت دیالێکتناسی (Dialectology). لە لێکۆڵینەوەیەکی وەهادا وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەگەر ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا قسە بکەن، ئەوا لە یەکتر دەگەن. بەم پێوەرە دوو دیالێکتی جیاوازی یەک زمان، لە دوو زمانی جیاواز جیا دەکەینەوە کە ئاخێوەرانی، ئەگەر یەکێکیان بە زمانی ئەوی تریان، یا بە زمانێکی دیکە کە هەردوویان بیزانن قسە نەکەن، ئەوا لە یەکتر ناگەن. دەبێ ئەوەیش بزانین کە ئەمە تاکە پێوەر و پێوەری

هەرە باوەڕپێکراو نییە بۆ ناساندنی دیالێکت، بەڵام ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ چەسپاندنی ئەو بنەمایە کە هەموو دیالێکتێک، وەک هەموو زمانێک، شایانی ئەوەیە لێی بکۆڵرێتەوە و شی بکرێتەوە. هەروەها لە گۆشەنیگایەکی زمانەوانییەوە گرنگە ئەوە بزانین کە هیچ دیالێکتێک لە هیچ دیالێکتێکی دیکە "چاکتر" نییە، بەڵکە لە یەکدی جیاوازن. ئێمە ناتوانین پێوەرێکی وەها لە بواری دیالێکتناسیی کوردیدا بە کار بهێنین، چونکە دابڕانی ناوچەکانی کوردستان لە یەکدی و پەیدابوونی سنووری یەکجار سەختی سیاسی لەنێوان بەشەکانی کوردستاندا و نەبوونی ڕاگەیاندنێکی هاوبەش کە بگاتە هەموو پارچەیەک (تا چەند ساڵێک لەمەوبەر)، ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ دوورخستنەوەی ئاخێوەرانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و حاڵینەبوونیان لە یەکتر. جیاوازییەکانی نێوان شێوەکانی (دیالێکتەکانی) زمانی کوردی زۆر لەوە بەرینتر و قووڵترن کە بە ڕاکێشانی هێڵێکی ئیسۆگلۆس (Isogloss) لە یەک جیا بکرێنەوە. هەر زمانەوانێک ئەگەر درشتبینانە تەماشای جیاوازیی شێوە کوردییەکان بکات و لە چاوی تیۆرییەکانی زمانناسییەوە ئەو جیاوازییانە بخوێنێتەوە، لەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەمانە زمانی سەربەخۆن، نەک کۆمەڵەدیالێکتێکی یەک زمان. هەر ئەو هەڵەیەیشە وای کردووە کۆمەڵێ لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان سوور بن لەسەر ئەوەی کە کورد زمانێکی هاوبەشیان نییە. دیارە بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانانە لەبەر مەبەستێکی سیاسی وا بیر دەکەنەوە و ئەنجامگرییەکی وەها زەق دەکەنەوە، دەنا ئەوان بۆ شتی دیکە زۆریش وردبینن.

لەناو ئاخێوەرانی تاکە زمانێک یا تاکە دیالێکتێکیشدا دیسان جیاوازی لە شێوەی گۆکردنی وشەیەک یا فۆنیمێکدا هەیە و زمانەوانان زۆرجار ئەمە دەکەنە پێوەرێک بۆ دانانی ئەوەی پێی دەڵێن نیشاندەری کۆمەڵایەتی(Social marker)، واتە ئەو پێوەرەی کە نیشانی دەدات ئاخێوەر ئەندامی کامە گرۆ، یا کامە تاقمی کۆمەڵایەتییە، ئەگەرچی ئەمە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەک دەگۆڕێت. گۆکردنی

دەنگی [ڕ] دوای بزوێنێک (ڤاوڵ، ڤۆکال) لە شارێکی وەک نیویۆرک نیشانەی ئەوەیە کە ئاخێوەر سەر بە توێژی سەرەوەی چینی ناونجییە و هەتا بەرەو خوارتر دابەزیت گۆکردنی ئەو دەنگە کەمتر دەبێتەوە، تا لە توێژی خوارەوەی چینی کارگەردا هەر بە جارێک گۆ ناکرێت. هەر ئەو دەنگە لە شارۆچکەی (ڕیدینگ)، ٤٠ میل خۆراوای لەندەن، ڕێژەی گۆکردنی لای ئاخێوەرانی توێژی سەرەوەی چینی ناونجی سفرە، واتە گۆی ناکەن، بەڵام لای ئاخێوەرانی توێژی ژێرەوەی چینی کرێکار ئەو ڕێژەیە دەگاتە ٤٩% (لە سەدا چلەنۆ). [Yule, 208]

جیاوازییەکی دیکە لە بەکارهێنانی زماندا ئەو دۆخەیە کە پێی دەگوترێت دیگلۆسیا (Diglossia)، کە دوو پلەی جیاوازی بەکارهێنانی زمانێک هەبن، یەکێکی "بەرز" و یەکێکی "نزم"، یەکەمیان لە بواری ڕەسمیدا (بۆ نموونە عەرەبیی ستاندارد) و دووەمیان لە بواری ناڕەسمی، یا ڕۆژانە، و ناوچەییدا (بۆ نموونە عەرەبیی میسری یا لوبنانی). لە کوردیدا لەوانەیە بە هۆی تەشەنەنەکردنی زمانی ستانداردی کوردییەوە جاران نموونەی وەها ئاشکرامان لە بەردەستدا نەبووبێت، بەڵام هەر نەبێت لە سەرەتای حەفتاتاکانەوە جیاوازیی زمانی ستاندارد و زمانی ڕۆژانەی ناوچەیی زیاتر دەردەکەوێت. ڕەنگە نموونەی ئەم بەکارهێنانە ئەمڕۆ لە شارێکی وەک (خانەقی/خانەقین)ی کوردستانی عیراقدا بە دی بکەین. کەسێکی خوێنەوار یا کەمخوێنەواریش لە خوێندنگە و لە جێگە ڕەسمییەکاندا کوردیی ستاندارد بە کار دەهێنێت، بەڵام لە ماڵی خۆیدا و لە بازاڕ و لەگەڵ دۆستەکانی خۆیدا بە شێوەی کوردیی خانەقی قسە دەکات. هەردوو شێوەکەیش، کوردیی ستاندارد و کوردیی خانەقی، دوو بەشی یەک زمانن، کە زمانی کوردییە.

دیاردەیەکی زۆر فراوان و سروشتی لە بواری دیالێکتەکاندا ئەوەیە کە زۆر جار ئاخێوەرانی شێوەکان گاڵتە بە زمانی یەکتر، یا شێوەی قسەکردنی یەکتر، دەکەن. ئەمە دیاردەیەکە لە هەموو وڵاتانی دنیادا بە دی دەکرێت. لە کوردستانیش نموونەی زۆر هەیە لەم بوارەدا کە، بەداخەوە،

هەندێ جار دەگاتە ڕادەی سووکایەتیکردن و بریندارکردنی یەکتر. ڕەنگە لێرەدا سەرنجڕاکێش ئەوە بێت کە ڕێژیمی بەعس تەنانەت دەیویست ئەم لایەنەیش بە کار ببات بۆ دروستکردنی دژایەتی و ناکۆکی لەناو شار و ناوچەکانی کوردستاندا.

ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی کۆمەڵایەتییەوە تەماشای دیالێکتەکان بکەین، ڕەنگە هەندێ دیالێکت لە هەندێکی دیکە ناودارتر و شکۆدارتر بن. ڕاستییەکەی ئەو شێوەیەی زمان کە گەشە دەکات و دەبێتە زمانێکی ستاندارد، هەر پێشتر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناودار و شکۆدار بووە، پێبەست بووە بە ناوەندێکی سیاسی یا فەرهەنگییەوە (بۆ نموونە شاری لەندەن بۆ زمانی ئینگلیزی و شاری پاریس بۆ زمانی فرانسی). دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی لە سەردەمی جیاوازدا هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتووە کە ببنە زمانی ناوەندیکی دەسەڵاتی سیاسی یا ناوەندێکی فەرهەنگی و دواتریش گەشە بکەن و ببنە زمانی ستاندارد. لە ئەمارەتی ئەردەڵاندا شێوەی گۆران ماوەیەکی دووردرێژ زمانێکی ئەدەبی بوو، لە ڕووی ئەدەبییەوە دەسەڵاتی دەگەیشتە شارەزوور و گەرمیانی کوردستانی عیراقیش، بەڵام نە زمانێکی سیاسی و نە زمانی خوێندن و پەروەردە بوو. لە ئەمارەتی بۆتانیشدا شێوەی بۆتانی یا جەزیرەی کرمانجی ڕۆڵێکی هەر وەهای هەبوو. هەڵوەشانەوە و لەناوچوونی هەردوو ئەمارەتی ئەردەڵان و بۆتان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، لە ڕووی مێژوویی و زمانەوانییەوە، ئەو هەل و دەرفەتەی لێ سەندنەوە کە بتوانن ببنە زمانی ستانداردی کوردی.

نموونەی شێوەی سلێمانی، وەک ناوەندێکی سیاسی و فەرهەنگی، لە زۆر ڕووەوە لە ئەزموونی هەردوو ئەمارەتی ئەردەڵان و بۆتان و هەردوو شێوەزمانی گۆران و بۆتانی جیاوازە. بە پەیدابوونی ئەمارەتی بابان و دەسەڵاتی سیاسیی ئەو ئەمارەتە، شێوەزمانێک بوو بە زمانی ئەدەبی کە هەر لە سەرەتاوە تێکەڵییەک بوو لە شێوەکانی بابان و شارەزوور و قەرەداغ و کەرکووک. دەرفەتێکی زۆر گرنگی مێژوویی و

کاریگەر لە نەخشی ئەم شێوەیەدا ئەوە بوو کە بە ڕووخان و هەڵوەشانەوەی ئەمارەتی بابان، کارکردی زمانە ئەدەبییەکە ڕانەوەستا، بەڵکە هەر زوو دەستەڵاتێکی دیکەی سیاسیی کورد لەو ناوچەیەدا پەیدا بوو و ئەو بۆشاییەی نەمانی دەستەڵاتی بابانی پڕ کردەوە؛ دەستەڵاتی حوکوومەتی کوردستانی باشوور بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموودی حەفید. لەو کاتەیش بە دواوە زمانی کوردی دەرفەتێکی یەکجار گەورەتری دەست کەوت، کە بوو بە زمانی دەستەڵاتی سیاسیی حوکوومەتەکەی شێخ مەحموود و کە بوو بە زمانی دەستگای ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و ئەوجا بوو بە زمانی خوێندنیش. تەنانەت بە هەڵوەشانەوەی دەستەڵاتی سیاسیی حوکوومەتی شێخ مەحموودیش ڕۆڵی زمانی کوردی کزتر نەبوو، بەڵکە پلەیەکی بەرزتری وەرگرت و بنەڕەتێکی پتەوتری بۆ دروست بوو، کاتێ بەپێی دەستووری دەوڵەتی تازەدامەزراوی عیراق زمانی کوردی ڕێگەی پێ درا لە بواری خوێندن و چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا بە کار ببرێت. بە درێژاییی سەردەمی پاشایەتی لە عیراقدا پلە و پایەی زمانی کوردی هیچ کاتێک دانەلەنگا و بەرەو لێژی نەڕۆیشت، بەڵکە زیاتریش پێش کەوت، بەتایبەت کاتێک بەشی کوردی لە وەستگەی ڕادیۆی بەغدا دامەزرا و بەوەیش ڕۆڵی زمانەکە وەک زمانی ڕاگەیاندن بەهێزتریش بوو و تەنانەت کاری دەکردە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماریدا زمانی کوردی بە ڕێگای ستانداردبووندا پلەیەکی دیکەیش پێش کەوت کاتێ لە زانستگەی بەغدا بەشی زمانی کوردی کرایەوە و بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی دامەزرا و لە دواساڵەکانی شەستەکاندا کۆمەڵێ دەستگای زانستی و فەرهەنگی بۆ پێشخستن و پاراستنی زمان و فەرهەنگی کوردی دامەزران و پەخشی تەلەڤیزیۆنیش بە زمانی کوردی دەستی پێ کرد. ڕەنگە ڕەشترین ماوەی زمان و فەرهەنگی کوردی لە سەردەمی تازەدا ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٦ بووبێت.

پێوەندیی سیاسی و فەرهەنگیی نێوان هەردوو بەشی کوردستانی ئێران و کوردستانی عیراقیش، چ لە سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە مەهابادا و چ سالانی شۆڕشی چەکدارانەی کوردستانی عیراق و چ سالانی ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠-١٩٧٤ و دواتریش کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دامەزرا، ئەمانە هەموو هۆکار بوون بۆ دەوڵەمەندبوونی زمانی ستانداردی کوردی. ناوچەی جیۆگرافی و کەوشەنی کارکرد و بەکارهێنانی ئەو زمانە کوردستانی عیراقی تێپەڕاند و بەشی هەرە زۆری کوردستانی ئێرانیشی گرتەوە.

پ: کێ دەبێ بەشدار بێت؟

گوتوبێژکرن لەبارەی مەسەلەیەکی ئاڵۆز و قووڵی وەک زمانی ستاندارد و زمانی ڕەسمی و ئەلفوبێوە، بابەتێکی هونەری و تەکنیکی و کارناسانەیە، بەو مەعنایەی کە کەسانێک دەتوانن بەشداریی تێدا بکەن، کە بەڕاستی لەو زانستانەدا شارەزا بن و ئەوەندە ئەزموون و زانیاری و خوێندەوارییان هەبێت کە لایەنە جیاوازەکانی باسەکە تێبگەن و بتوانن لە شارەزایی و زانستەوە قسەی تێدا بکەن. بۆ نموونە ئەگەر دەبێ باس لە دەرهێنانی نەوت لە ناوچەیەکی کوردستاندا بکرێت، ئەوانەی دەتوانن و دەبێت بەشداری لە گوتوبێژی ئەو بابەتەدا بکەن، پێویستە شارەزای گیۆلۆگی و تەکنیک و بڕێکیش کیمیا بن. ئەگەر باس لە ئابووری و سیستەمی بانک و کڕین و فرۆشتن لەگەڵ وڵاتاندا کرا، ئەوا ئابووریناسان و سەرمایەداران و ڕەنگە هەندێک سیاسەتمەداریش بتوانن بەشدار ببن.

لە گوتوبێژی زمانی کوردیدا کێ دەتوانێت و دەبێت بەشداری بکات؟ ئایا هەر خوێنەوارێکی کورد، هەر لەبەر ئەوەی کوردە و خوێنەوارە، دەتوانێت بەشداری بکات؟ بێگومان نا. ئایا هەر ئەکادێمیکارێکی کورد مافی بەشداربوونی هەیە؟ دیسان نا. دیارە بواری بابەتەکە زۆر سنووردارە و تەنیا جێگەی باوەڕ و بۆچوونێکی وای تێدا دەبێتەوە کە لەسەر بنەمای زانست هەڵچنرانێت. ئێمە کە لە نزیکەوە سەرنجی گوتوبێژ

و نووسینەکان لەمەڕ کێشەی ئەمڕۆی زمانی کوردی بدەین، دەبینین هیچ سنوورێک و هیچ بەرپرسیارییەکی زانستی و هیچ خۆسانسۆرکردنێک لە ئارادا نییە. دەبینین خوێنەوار و کۆلکەخوێنەوار و نەخوێنەواریش بەشداری دەکەن، زانا و نەزانیش هاوبەشن، لێزان و لێنەزان، ئەزمووندار و بێئەزموون، هەر هەموو خۆیان هەڵدەقورتێننە ناو باسێکەوە کە دەبوو خۆیان لە ئاستیدا بە غەریب و بێگانە دابنایە. ئەنجامی ئەم ئاڵۆزی و ئاژاوەیە ئەوەیە کە لە جێی ئەوەی گوتوبێژێکی زانستی و پڕ و دەوڵەمەند دروست ببووایە، ئەمڕۆ باس و موناقەشەکان لە پلەیەکی زۆر نزم و نازانستیدان و زۆریش لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی بابەتەکەوە دوورن. گەلێک لەوانەی کە زۆریش چالاکانە بوونەتە بەشێک لەم مەسەلەیە لە سەنگەری ناوچەگەری و خێڵایەتی و دەمارگرژییەکی تەسکبین و فەناتیکەوە هێرش دەبەن و هیچی تر.

من نایەم لێرەدا ئامۆژگاریی ئەخلاقی و سیاسیی کۆنپارێزانە ببەشمەوە، بەڵام بەلامەوە گرنگە ئەو پێوەرانە، ئەو کریتێریا و ستانداردانە دەستنیشان بکەم کە لە بابەتێکی وەهادا ناکرێ پشتگوێ بخرێن و بە ناپێویست و نەبوو دابنرێن. ئێمە ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبینەوە کە کێشەی زمانە، زمانی کوردی. بنەڕەتی کێشەکەیش پێوەندیی بە ستانداردبوون، ڕەسمیبون، سنوورەکانی نێوان زمان و دیالێکت، ئەلفوبێ و ڕێنووسەوە هەیە. کاتێ ئەم بنەمایانەمان لا ڕوون بن، ئەودەم دەبێ ئەوەیشمان لا ڕوون بێت کە بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت بەشدارییەکی لێزانانە و زانستییانە و بەرهەمبەخش بکات، دەبێ: یەک: زمانەوان، یا زماننناس (Linguist) بێت؛ دوو: دەبێ کوردیزان بێت.

ئێمە ئەگەر بە شێوەیەکی میکانیکی ئەم دوو مەرجە دابنێین و بسەپێنین و وا چاوەڕوان بین کە لەناو کورددا خەڵکانێکی زۆرمان هەن ئەو مەرجانەیان تێدان، دیارە خۆمان تووشی هەڵەیەکی گەورە دەکەین. لەبەر ئەوە ناچارین ئەو پێوەرانە بە شێوەیەک بگونجێنین کە لەگەڵ پێویستی و گرنگیی باسەکە و لەگەڵ ئەو توانست و ئەزموون و سەرچاوانەدا کە هەن،

تەبا بێت. شارەزایی لە هەر زانستێکدا دەتوانێت لە پلەی جیاوازدا بێت. بیرکردنەوەی ڕاست ئەوەیە داوای پلەیەکی شارەزایی و ئەزموونداری بکەین، بەڵام نایشتوانین باسەکە هێندە بەئاسانی وەربگرین کە هەر کەسێک کوردیی زانی و ناوی زماننناسیی بیستبوو، ئیتر دەرگای لێ بکرێتەوە.

ڕەنگە پێناسەکردنی زمانناس یا زمانەوان، لەناو کورددا، ئاسانتر بێت لە پێناسەکردنی کوردیزان. لەم سەردەمەدا کە زمان و فەرهەنگی کوردی تووشی قەیرانێکی قووڵ و دژوار هاتووە، بە هەزاران کەس هەن کە هەر لەبەر ئەوەی بە کوردی دەنووسن، خۆیان بە کوردیزان و تەنانەت زمانەوانیش دادەنێن. ئەمە دیاردەیەکە، هێندەی نیشانەی ئاژاوە و نەخۆشییە، نیو هێندە نیشانەی پێشکەوتن و خوێندەواری نییە.

ئەگەر زمانناسی و کوردیزانی دوو مەرجی بنەڕەتی بن، پێم وایە کۆمەڵێ مەرجی دیکەیش هەن قورسایی و بایەخیان، بۆ ئەم بابەتە، لەو دووە کەمتر نییە، بۆ نموونە: شارەزایی لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، بەتایبەت دوو شێوەی کوردیی باکوور و کوردیی باشوور، شارەزایی لە زمانی دیکەدا، بەتایبەت زمانەکانی هاوسێی کورد، عەرەبی و فارسی و تورکی؛ شارەزایی لە ئێتیمۆلۆگیدا (زانستی ڕەگوڕیشەی وشەکانی زمان، لێرەدا مەبەست زمانی کوردییە)؛ زانینی زمانێکی گەورە و پێشکەوتووی جیهانی (ئینگلیزی، فرانسی، ئاڵمانی)؛ شارەزایی لە ئێرانناسیدا، بەتایبەت زمانە کۆن و تازەکانی ئێران.

کاتێ نووسەرێک خۆی تێکەڵ بە گوتوبێژی زمان و زمانەوانی دەکات، ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان هەیە کە دەبێ پێش هەموو شتێک توانستی ئەوەی هەبێ کەرەستە زمانەوانییەکەی خۆی بە جۆرێک پێش خستبێت، کە باوەڕ بکەین ئەم کەسە بە جۆرێکی بەرپرسانە تەماشای زمان دەکات. دەبێ بەڵگە و بەڵگەکارییەکانی ئەوەمان لا بچەسپێنن کە وەک شارەزایەک دەنووسێت و دەزانێت باسی چی دەکات. لە بوارێکی ورد و پڕدیسیپلینی وەک زماندا ئێمە ناتوانین چاوپۆشی لە هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس بکەین،

که دەزانین  ئەو هەڵەکردنە ئەنجامی نەزانین و وردنەبوونەوەیە. نووسەرێکی کورد کە وەک شارەزایەکی زماناس و کوردیزان خۆی ڕادەنێت و لە بوارەکەدا ئامۆژگاری و تیۆری پێشکەش دەکات، تەنیا لە یەک وتاردا کۆمەڵێ هەڵە دەکات، هەموو بەڵگەی ئەوەن کە زانیارییە تیۆرییەکانی ئەوەندە کۆمەکیان پێ نەکردووە کە کوردینووسینەکەی خۆی سانسۆر بکات. لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەو هەڵانە دەهێنمەوە: (دادەندرێ، ببوو، بۆ وەی، دەیهەوێ، لە کوردی دا، جیاوازی مەعنایی...).

ئێمە ناتوانین ڕێگە لە کەس بگرین کە تۆ نابێ لەم بابەتەدا بەشداری بکەیت و بنووسیت. ئەم دیاردەیە خۆی بەشێکە لە پلەی شارستانەتی و لە ڕادەی پێشکەوتنی فەرهەنگ لە وڵاتێکدا و لەناو کۆمەڵێکدا. لەو وڵاتانەدا کە ژیانی فەرهەنگی دامەزراو و پێشکەوتووە، دوو شێوەی سانسۆر هەن کە ڕێگە لە پەیدابوونی ئاژاوە دەگرن: یەکەم: خۆسانسۆر، کە نووسەر و ڕووناکبیر خۆی خۆی سانسۆر دەکات و دەزانێت چی دەنووسێت و بواری نووسینی ئەو چییە. ئەم خۆسانسۆرکردنە هەم بابەت و بواری شارەزایی دەگرێتەوە و هەم کەرەستە زمانەوانی و زانیارییەکانیش؛ دووەم: ڕۆژنامە و گۆڤار و دەستگاکانی ڕاگەیاندن هەمیشە ئەو بەرزویستییەیان لایە کە ئەوەی پێشکەشی بینەر و خوێنەری دەکەن، دەبێ لە پلەیەکی بەرز و چاک و دەوڵەمەندا بێت، لەبەر ئەوەیش هەمیشە هەوڵ دەدەن کەسانی زانا و شارەزا و کارناس و لێزان ڕووبەڕووی بابەتە گەرم و گرنگەکان بکەنەوە و بیاندوێنن و داوای نووسین و بۆچوونیان لێ بکەن. ئەمەی لێرەدا باسی دەکەم پێوەندییەکی نییە بە لایەنە خراپ و دزێوەکانی دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە، بەتایبەت لە ڕۆژاوا. ئەوە بابەتێکی دیکەیە و دەکرێ بە جیا باس بکرێت. لە کوردستاندا نووسەر و ڕووناکبیری کورد زۆر لەوەوە دوورن کە خۆیان خۆیان سانسۆر بکەن و ڕاگەیاندنیش زۆر لەوەوە دوورە کە بەرزویستییەکی وای لا دروست بووبێت، بەرپرسانە لە دروستکردنی شارستانەتی و فەرهەنگدا بەشدارییەکی جیدی بکات.

تێ: دوو زمانی ستاندارد یا دوو دیالێکتی یەک زمان؟

لە یەکەم سەرنجدا وا پێ دەچێت هەر وا بەئاسانی بتوانین زمان و دیالێکت لە یەک جیا بکەینەوە و پێناسەیان بۆ دابنێین، بەڵام بەڕاستی ئەمە یەکێکە لە بابەتە ئاڵۆز و چارەنەکراوەکانی زمانەوانی. زۆربەی زمانناسان لەیەکگەیشتن دەکەنە پێوەرێک بۆ بڕیاردانی ئەوەی کە دوو شێوەزمان بە دوو دیالێکتی زمانێک دابنێن، یا بە دوو زمانی جیاواز. پێوەری وەها بەرانبەر نموونەی زۆری زمان و ناوچە و وڵاتانی دنیا هەر زوو هەرەس دەهێنێت و ناڕاستبوونی دەردەکەوێت. لە ناوچەی "دالارنا"ی سوێد شێوەقسەکردنێک هەیە پێی دەڵێن "ئێلڤدالی"، واتە شێوەی یا زمانی ئێلڤدال. بۆ سوێدییەک کە زمانی ستانداردی سوێدی بزانێت، زۆر زۆر ئاسانترە لە زمانی نۆروێژی یا دانی (زمانی دانمارک) حاڵی ببێت، تا ئەو شێوەیەی کە بە ڕەسمی بە دیالێکتێکی سوێدی دادەنرێت. ئەگەر بۆ نموونە بگەڕێین سەدانی وەها لە وڵاتانی جیاوازی دنیادا دەدۆزینەوە.

"زمان"، واتە زمانی ستاندارد، زۆرجار بەوە پێناسە دەکرێت کە بەپێی ئەو نەخشەی هەیەتی دەناسرێتەوە، واتە خوێندن و پەروەردە، فەرهەنگ، دەستەڵاتی سیاسی، پلەی کۆمەڵایەتی...هتد، ئەودەم "دیالێکتەکان"، ئەگەر زۆریش بە خۆشەویستییەوە باس بکرێن، وەک هەندێ پاشماوەی جوانکیلە و ئێسکسووک ناو دەبرێن، بەڵام ئەگەر زمانێکی تۆزێ زبر بە کار ببرێت، ئەودەم وەک کۆسپ و ڕێگر لە بەردەم گەشەکردن و پێشکەوتندا باس دەکرێن. بەم پێیە بێت زمان تەنیا ئەوەیە کە زمانی نووسینە، ئەمەیش کاتێ ڕاستە کە پلەیەکی رەسمیی هەبێت، یا هەر نەبێ پلەیەکی ددانپێدانراوی هەبێت. لەوە بترازێ ئەوی دیکە هەمووی دیالێکتە. کەواتە پێوەرەکانی پێناسەکردنی زمان پێوەری زمانەوانی نین، بەڵکە باس لەوە دەکەن زمان چ نەخشێکی لە کۆمەڵدا هەیە، واتە پێوەرەکان لە دەرەوەی هەرێمی زمانەوانییەوە هێنراون، پێوەری نازمانەوانین. [Dahl-80].

وەک دەبینین پێوەری ناساندنی زمان تا ڕادەیەکی زۆر پێوەری دەرەوەی زمانەوانین، پێوەری سیاسین. ئەنجامی ناساندنێکی وەهایش ئەنجامێکی سیاسییە، چونکە، وەک ئویستەن دال دەڵێت، ئەگەر "ئێلڤدالی" بە زمانیکی سەربەخۆ دابنرێت، نەک دیالێکتێکی زمانی سوێدی، کەواتە دەبێ منداڵانی ئێلڤدال، مافی ئەوەیان هەبێت بە زمانی خۆیشیان بخوێنن، نەک بە زمانی سوێدی، چونکە ئەودەم ئەوانیش وەک کەمایەتییەکی ناو سوێد دادەنرێن. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە منداڵانی ئێلڤدال بە زمانی سوێدی دەخوێنن.

نەک هەر لە بواری زمانەوانیدا، بەڵکە لە زۆر بواری دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتییشدا، ناکرێ بە شێوەیەکی میکانیکی کۆمەڵەپێوەرێکی زانستێک وەربگرین و بیسەپێنین بەسەر زمان و کۆمەڵگای خۆماندا. ئێمە دەزانین کە ساڵانێکی دوورودرێژ زۆر کەسی سیاسەتمەدار و زانای کۆمەڵناسی و مێژووناسی و زانستی دیکەیش کوردیان بە نەتەوە دانەدەنا. ئێستایش لەناو ئەکادیمیکارانی ئەوروپادا کەسانی وا هەن، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، دەڵێن کورد یەک نەتەوە نییە، چونکە بەپێی پێوەرە وشک و بێگیانەکانیان کورد ئەو مەرجانەی نەتەوەبوونی تێدا نییە. بەڵام بەرانبەر بەوانەیش زانستکار و ئەکادیمیکاری دیکە هەن کە دەزانن دەبێ پێوەرەکان بە جۆرێکی دیکە بخوێنرێنەوە و بە کار ببرێن. لەناو خوێنەوار و ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی کورددا کەسانێک هەبوون و هەن کە دژی ئەو بۆچوونانە ڕاوەستاون. نە تیۆری و پێوەرەکانی ئەو بەناو زانستکارانەی ئەوروپا کوردی لە نەتەوەبوون خستووە و نە بەرگریی ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری کوردیش، کوردی کردووە بە نەتەوە. لە زمانیشدا هەر وایە. ساڵەهای ساڵە ئەو تیۆرییانە هەن و بڵاو دەبنەوە، داگیرکارانی کوردستانیش هەمیشە گومانیان خستووەتە سەر زمان، مێژوو، فەرهەنگ و بوونی کورد خۆیشی. بەڵام لە ئەنجامدا مرۆڤی هۆشیاری کورد، بە هەر دیالێکت و بە هەر شێوەیەکیش قسەی کردبێت، خۆی بە کورد زانیوە و ئەو زمانەی کە قسەی پێ کردووە بە شێوەیەکی زمانی کوردیی زانیوە.

له کوردستاندا کۆمەڵێک دیالێکت و بەشەدیالێکت و شێوەی ناوچەیی هەن کە بە تەنیشت یەکەوە ژیاون و گەشەیان کردووە و ڕۆڵیان هەبووە لە پاراستنی فەرهەنگ و بیر و کەسایەتیی ئەوانەدا کە قسەیان پێ کردوون. بە هۆی کۆمەڵێ هۆکاری سیاسی و ناسیاسییەوە سێ دیالێکتی زمانی کوردی وای بۆ هەڵکەوتووە کە ماوەیەک وەک زمانێکی ئەدەبی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بە کار ببرێن. لەم سێ دیالێکتە تەنیا یەکێکیان پرۆسێسی گەشەکردن و پێشکەوتنەکەی بێ ناوبڕ بەردەوام بوو، تا ئەو ڕادەی بوو بە زمانێکی ستاندارد، ئەویش دیالێکتی کوردیی ناوەندی، یا کوردیی خوارووە. من دەمەوێ ئەوە جەخت بکەم کە نەخشی دوو دیالێکتەکەی دیکە نەخشی زمانێکی ئەدەبی بوو، واتە زمانی شیعر و پەخشان، بەڵام زمانی زانست و سیاسەت و ڕاگەیاندن نەبوون.

دیالێکتی کرمانجیی باکوور، یا کوردیی سەروو، دوای دابڕانێکی زۆر، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا جارێکی دیکە خراوەتەوە کار و بۆ نووسین بە کار هاتووە. هاوکات لەگەڵ ئەو بەکارهاتنەدا گۆڕان و گەشەکردنێک لە کرمانجیدا ڕووی داوە کە کارێکی زۆر قووڵ و چارەنووسسازی کردە سەری؛ گۆڕینی ئەلفوبێ. لە کاتێکدا کوردیی خواروو لە ماوەی نزیکەی دووسەدوپەنجا ساڵی ڕابوردوودا هەر بە یەک ئەلفوبێ نووسراوە و قۆناغ لە دوای قۆناغیش چاکسازی و ڕیفۆرم لە ئەلفوبێ و ڕێنووسەکەیدا کراوە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئێستا لەناو ئەو زمانانەدا کە ئەلفوبێکانیان لەسەر بنەمای ئەلفوبێی عەرەبی هەڵچنیوە، زمانی کوردی خاوەنی پێشکەوتووترین سیستەمی نووسینە، بەو مەعنایەی کە توانیویەتی لەجێی ئەو سەروبۆرەی زۆربەی زمانەکانی دیکە بە کاری دەبەن لە نووسیندا، زمانی کوردی بەرانبەر بە بزوێنەکان (ڤاوڵ، ڤۆکال) تیپ و نیشانەی تایبەتی داناوە. کرمانجی کە جاران هەر بەو ئەلفوبێ کوردییە نووسراوە کە بۆ نووسینی دیالێکتەکانی گۆران و کوردیی خواروو بە کار هاتووە، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بوو بە زمانێک کە بە سێ ئەلفوبێی جیاواز دەنووسرێت؛ کوردەکانی سۆڤییەت،

بەپێی سیاسەتی ستالین بۆ دابڕینی گەلانی ناو سنووری سۆڤییێت لە هاوزمان و هاوڕەگەزەکانی دەراوسێ، ئەلفوبێیەکی کریلیکی تایبەتیان بۆ خۆیان دروست کرد و تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو بە شێوەیەکی چالاکانە بە کاریان دەهێنا. کوردی تورکیا ئەلفوبێی کوردییان لە بیر برایەوە و فێری زمانی تورکی و ئەلفوبێی تورکی کران و پێوەندییەکیان بە زمانی نووسراوی کوردییەوە نەما. لەو سەروبەندەدا جەلادەت بەدرخانیش ئەلفوبێیەکی لاتینیی لەسەر بنەمای ئەلفوبێی تورکی دروست کرد و لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا بڵاوی کردەوە و هەندێ لە شاگردەکانی دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی نووسراوی کوردیی کرمانجی بە ئەلفوبیی لاتینی. نووسەرانی بادینانی کوردستانی عیراق هەر لەسەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی مانەوە و ئەو گۆڕان و ڕیفۆرمەی زمانەوانانی کوردیی خواروو ئەنجامیان دا، ئەوانیش سوودیان لێ وەرگرت و دەستیان کردە بەکارهێنانی.

لە ئەنجامی ئەم گەشەکردن و گۆڕانانەدا کوردیی باکوور، کرمانجی، نەک تەنیا ئەلفوبێکەی گۆڕا، بەڵکە وەک زمانێکی ئەدەبی، کە لە سنوورێکی تەسکدا بە کار هاتووە، لە ڕووی گەنجینەی وشە و ڕێزمانیشەوە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات. گۆڕانی ڕێزمان لە کرمانجیدا زۆر لەوە قووڵترە کە وەک هەندێ جیاوازیی بچکۆلە تەماشای بکەین. ئەم گۆڕانە دۆخەکانی ناو (Case, Kasus)، سیستەمی کردار و سینتاکسیش دەگرێتەوە. ئێستا کە باسی کرمانجی وەک زمانێکی ئەدەبی دەکەین، لە ڕاستیدا باسی سێ شێوەی جیاواز دەکەین، کە بەتەواوی لە یەکدی دور کەوتوونەتەوە: شێوەی کوردیی سۆڤییێتی جاران، شێوەی کرمانجیی بۆتانی (شێوەی جەزیرە) کە بەشێکی زۆری نووسەرانی کوردی تورکیا بە کاری دەبەن و شێوەی بادینانی. هیچ کام لەم سێ شێوەیەی کرمانجی، لەبەر کۆمەڵێ هۆی سیاسی، بۆی نەلواوە وەک زمانێکی ستاندارد ڕۆڵ ببینێت.

نەخشەی زمانی کوردی ئەمڕۆ دەکرێ وا باس بکرێت کە لە چەند دیالێکتێک پێک هاتووە، کە لە ڕووی پێشکەوتن و ستانداردبوون و

بەکارهێنانەوە لە پلە و ئاستی جیاوازدان. لەناو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، کرمانجیی باکوور و کرمانجیی باشوور (کوردیی سەروو و کوردیی خواروو یا ناوەند) لەوانی دیکە زیاتر بە کار دەبرێن و گەشەیان کردووە. کوردیی خواروو تاکە شێوەی زمانی کوردییە کە دەتوانین وەک زمانێکی ستاندارد پێناسەی بکەین، چونکە لە مێژوودا گەلێ جار و ئێستایش، بووەتە زمانی خوێندن و پەروەردە، زمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، زمانی چاپەمەنی، زمانی ڕاگەیاندن و لە بواری زانستیی جۆراوجۆردا پێی دەنووسرێت. کوردیی سەروو، کرمانجی، هەرگیز ئەو هەلومەرجەی بۆ هەڵنەکەوتووە کە ڕۆڵی زمانێکی ستاندارد ببینێت. یەکێ لە کێشە قووڵ و جیددییەکانی کرمانجی ئەوەیە کە سێ شێوەی جیاوازی بە تەنیشت یەکەوە گەشەیان کردووە. هەروەها لەماوەی نزیکەی ٤٠-٥٠ ساڵدا کرمانجی بە سێ ئەلفوبێی جیاواز نووسراوە و ئەمڕۆ بە دوو ئەلفوبێ دەنووسرێت.

لەناو هەموو بەشەکانی کوردستاندا ئەمڕۆ تەنیا کوردستانی عیراقە کە دەرفەتی ئەوەی تێدا هەیە زمانی کوردی ئازادانە بە کار ببرێت و ڕۆڵی زمانێکی ستاندارد ببینێت. لە ماوەی نزیکەی سەد ساڵی ڕابوردوودا ئەم بەشەی کوردستان هەمیشە، کەموزۆر، هەلومەرج و دەرفەتێکی وەهای هەبووە و هەر ئەوەیشە کە بووەتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردن و بەستانداردبوونی کوردیی خواروو. دەبێ ئەو ڕاستییە بزانرێت کە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتە تازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەی زمانی کوردی و فەرهەنگی کورد و شارستانەتیی کورد و ڕابوردووی کوردی پاراست، کوردستانی عیراق و شێوەزمانی کوردیی خواروو بوو. لە کوردستانی ئێرانیشدا ساڵانی ١٩٤٠-١٩٤٦ جۆرێک ئازادی و پێشکەوتنێک بە دەست هات، کە بەداخەوە هەر زوو لەناو برا. لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا زمان و فەرهەنگی کورد قەدەغە بووە. ئەم ئەزموونە مێژوویی و دەوڵەمەندەی کوردستانی خواروو (کوردستانی عیراق) لە هەموو لایەکەوە بە دەیان هێزی دوژمن و

ناحەز و نەیار گەمارۆ دراوە و هەر هەموویشیان یەک ئامانجیان هەیە؛ ئەویش هەڵوەشاندنەوە و ڕووخاندن و لەناوبردنی ئەو ئەزموونەیە. دوو کۆڵەکەی هەرە پتەو و گەورەی مانەوەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عیراقدا، هەستی نەتەوایەتیی کوردی، واتە هۆشی خۆ بەکوردزانین و خۆ بەنەتەوەزانین، و زمانی کوردییە. ئەم دوو بنەڕەتە لە ماوەی ٥٠-٦٠ ساڵی ڕابوردوودا بە ڕادەیەکی یەکجار فراوان پتەوتر بوون و سیمای پێگەیشتن و ستانداردبوونیان تێدا دەرکەوت. هیچ سەیر نییە کە ئەو هێزە نەیارانەی دژی ئەزموونی کوردستانی عیراق کار دەکەن، بە وریایی و هۆشیارییەوە لە پێش هەموو شتێکدا هەوڵ دەدەن ئەو دوو کۆڵەکەیە و ئەو دوو بنەڕەتە هەڵوەشێننەوە و بڕووخێنن. ئەم بەربەرەکانێ و دوژمنایەتییە بە شێوەی پارچەپارچەکردن و گومان دروستکردن و درز تێخستن و لە یەکدی دوورخستنەوەی چین و توێژ و ناوچە و دین و مەزهەبە جیاوازەکانی کوردستان خۆی دەربڕیوە.

لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا کە بووژانەوە و گەشەکردنێکی فەرهەنگیی فراوان سەرتاسەری کوردستانی عیراقی گرتووەتەوە و تا ڕادەیەکی باشیش کاری کردووەتە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەڵمەتێکی زۆر ناڕەوا و گوماناوی دەستی پێ کردووە بۆ سووککردن و بچووککردنەوەی زمانی ستانداردی کوردی و گومانکردن لە هەموو ئەو سامان و گەنجینە دەوڵەمەندەی بەرهەمی مێژوویەکە کە نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ کردووە تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ. ئەم هەڵمەتە لە کۆمەڵێ داخوازیی ناڕەوا و بیری نازانستی پێک هاتووە، وەک:

<> زمانی ستانداردی کوردی زمانی ناوچەیەکی بچووکە، زمانی ناوچەی سلێمانییە،

<> کوردیی خواروو زمانێکە ئینگلیز دروستی کردووە،

<> ناوبردنی کوردیی خواروو بە شێوەی سۆرانی،

<> زۆربەی خەڵکی کوردستان بە کرمانجی دەدوێن، کەواتە دەبێ کرمانجی ببێتە زمانی ڕەسمیی هەموو کورد،

<> کوردی زمانێکی جووتستانداردە و دەبێ کوردستان دوو زمانی ڕەسمیی هەبێت،
<> دەبێ لە کوردستاندا هەموو دیالێکتەکان بە کار ببرێن و هەر ناوچەیەک بە زمان و شێوەزمانی ناوچەکەی خۆی بخوێنێت و کاری ڕەسمی بە ڕێوە ببات،
<> ئەو ئەلفوبێیەی کە بۆ نووسینی کوردیی خواروو بە کار دەبرێت ئەلفوبێی عەرەبییە،
<> لەبەر ئەوەی هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا ئەلفوبێی لاتینی بە کار دەبەن، دەبێ کوردیش ئەلفوبێی خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی وەک ئەوان پێش بکەوێت،
<> ئەلفوبێی عەرەبی لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێت، بەڵام لاتینی باشتر دەنگەکانی زمانی کوردی دەردەبڕێت،
<> دەبێ ئەلفوبێی لاتینی بە کار ببەین بۆ ئەوەی خۆمان لە عەرەب و ئیسلام ڕزگار بکەین.

ئەو داخوازی و بیر و بۆچوونانە سەرلەبەریان لەسەر بنەمای فریودان و چاوبەست و شاردنەوەی ڕاستی و بەرزکردنەوەی زڕەبەڵگە و زڕەزانست هەڵچنراون. بە وردبوونەوەیەکی ئاسایی تێدەگەین کە هەر هەموویان بەشێکن لەو هێرشە ناڕەوایەی دەکرێتە سەر ئەزموونی کوردستانی خواروو و ئامانجەکەیشی، وەک پێشتریش باسم کرد، هەڵوەشاندنەوەی دوو کۆڵەکەی پتەوی نەتەوایەتی و زمانی ستانداردە.

بەڕاستی من لە نووسین و دیدارەکانمدا بە دووروودرێژی لەسەر ئەم بابەتانە قسەم کردووە و بە پێویستی نازانم لێرەدا ئەو زانیاری و بەڵگەکارییانە سەرلەنوێ دووبارە بکەمەوە. لەم کتێبەیشدا بەشێکی زۆری ئەو مامۆستایانەی دیداریان لەگەڵ کراوە یا لێکۆڵینەوەیان پێشکەش کردووە بە شێوەیەکی قووڵ و مەنتیقی وەرامی بەشی زۆری ئەو زڕەبیرانەیان داوەتەوە.

داخوازییەکی زۆر ناڕەوای وەک بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەک زمانی خوێندن و زمانی ڕەسمی لە ژێر پەردەی

دیمۆکراسی و ئازادیی هەڵبژاردندا، نیشانەیەکی ڕوونە کە هەڵگرانی ئەو بیرانە چۆن بۆ هەڵخەڵەتاندنی مرۆڤی کورد پەنا دەبەنە بەر دروشمی ڕەنگاوڕەنگی فریودەرانە، لە کاتێکدا زۆربەی زۆریان نە پاشخانی سیاسییان و نە بیری هەلپەرستانەی ئەمڕۆیان لەگەڵ دیمۆکراسی و ئازادیخوازیدا ناگونجێت. لە باسی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی تورکییشدا هەر هەمان تاکتیکی چاوبەستانە بە کار دەبەن. پاساودانی وازهێنان لە ئەلفوبیی کوردی و بەکارهێنانی لاتینی بەوەی کە ئەو ئەلفوبێیە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کورد، چونکە هەموو دنیای پێشکەوتوو ئەلفوبێی لاتینی بە کار دەهێنێت، بەتەواوی دژی مەنتیقی ئاوەز و زانستە. ئەگەر بەکارهێنانی لاتینی دەرگایەک بێ بۆ تێکەڵبوون بە دنیای پیشەسازی و تەکنیک و زانستی پێشکەوتوو، دەبوو بەشێکی زۆری گەلان و زمانان و وڵاتانی دنیا (چین، تایلاند، کۆریا، یۆنان، ئیسرائیل، ئەتیووپیا، جاپان، ئەریتیریا، عەرەب، ئێران، ئەرمەنی، بەنگلادێش، پاکستان، گورجستان...هتد) لە نەتەوە هەرە دواکەوتووەکانی دنیا ببوونایە، کە دەزانین وا نین، چونکە ئەمانە هیچیان ئەلفوبێی لاتینی بە کار ناهێنن، بەڵکە بە شانازییەوە دەستیان گرتووە بە فەرهەنگ و زمان و شارستانەتی و ناسنامەی خۆیانەوە، کە بێگومان ئەلفوبێ کۆڵەکەیەکی گرنگی ئەو شارستانەتی و ناسنامانەیە. هەندێک لەو نەتەوانە، لە ڕووی تەکنیک و زانستەوە ئەوەندە پێشکەوتوون کە شان لە شانی ئەوروپا و ئەمەریکا دەدەن. ئەگەر بەکارهێنانی لاتینی چارەسەری دواکەتنی گەلان ببووایە، چۆنە وا لەناو هەموو ئەو گەل و نەتەوە و وڵاتانەدا، کە ژمارەیان لە سێ میلیارد زیاترە، دوو پیاوی ژیر و عاقڵ هەڵنەکەوتن بزانن بە هۆی ئەلفوبێی لاتینییەوە دەتوانن خۆیان لەو پاشکەوتنە ڕزگار بکەن، بەڵام تەنیا کوردە گوندی و بێسەوادەکەی ئێمە ئەوەندە عاقڵ بوو ئەم نهێنە قووڵ وگەورەیە بدۆزێتەوە؟

لە لایەکی دیکەیشەوە ئەگەر ئەلفوبێی لاتینی ئەو دەرمانە کارییە و ئەو هەتوانە یەزدانییەیە کە هەموو دەردێک چارە دەکات، خۆ زمانی وەک سواحیلی و سۆمالی (دوو زمانی ئەفریقایین) بەو ئەلفوبێیە دەنووسن،

بەڵام نە بوون بە ئەوروپایی و نە پێش کەوتن و نە لە دەردەکانیان ڕزگاریان بوو.

ئەوانەی بە ناوی دیمۆکراسییەکی درۆزنانەوە و بە ناوی مافی مرۆڤانەوە داوا دەکەن هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەک یەک دەرفەتیان بدرێتێ و ببنە زمانی ڕەسمی لە کوردستاندا، دەبوو بتوانن وەرامی ئەم دوو پرسیارە بدەنەوە:

ئەلف: ئایا هیچ دیالێکتێکی کوردی، لە کوردیی خواروو بەولاوە، دەتوانێت ئەرکی زمانێکی ستاندارد و زمانێکی ڕەسمی هەڵبگرێت؟ کە دەڵێم زمانی ستاندارد و زمانی ڕەسمی مەبەستم ئەوەیە ئەوەندە دەوڵەمەند و پێشکەوتوو بێت و ئەوەندە دامەزراو بێت کە بکرێ زانستی جۆربەجۆری پێ بنووسرێت و بخوێنرێت، کاروباری دەوڵەتی لە بوارە جیاوازەکانی کارگێڕیدا پێ بە ڕێوە ببرێت و توانستی ئەوەی هەبێت بەردەوام خۆی لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنیکی و زانستییەکانی دنیای ئەمڕۆدا بگونجێنێت، خۆی نوێ بکاتەوە و خۆی دەوڵەمەند بکات.

بێ: دەبێ چ میکانیزمێک بە کار ببەین، ئەگەر ئامانجمان ئەوە بێت لە دواڕۆژدا، با ئەو دواڕۆژە دووریش بێت، کورد ببنە خاوەنی یەک زمانی یەکگرتوو و یەک زمانی ڕەسمی؟ ئەوان لە کاتێکدا داوای ئەوە دەکەن کە هەر ناوچەیەکی کوردستان بە شێوەزمانی خۆی بخوێنێت، باسی ئەوەیش دەکەن، دیارە بۆ چاوبەست و فریودان، کە لە ئەنجامی گەشەکردنی ئەم شێوەزمانانەدا دواتر زمانێکی یەکگرتوو دروست بکرێت، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە ئەوە ڕوون بکەنەوە نەخشەی گەیشتن بەو ئامانجە چۆنە و کامەیە؟ ئایا ئەگەر دیالێکتەکان بوون بە زمانی ڕاگەیاندن و زمانی خوێندن لەو ناوچانەدا کە قسەیان پێ دەکرێت، لە ماوەی چەند ساڵێکدا نابن بە زمانی سەربەخۆ؟ ئەی ئەودەم چۆن دەتوانین کۆمەڵە زمانێک لە یەک نزیک بکەینەوە و یەک زمانی ستانداردیان لێ دروست بکەین؟

دیارە وەرامدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی ئەو پرسیارانە نیازی ڕووخێنەرانە و نازانستانەی خاوەنی ئەو بیرانە ڕیسوا دەکات و ئەوەیش

ئاشکرا دەکات کە ئامانجی ئەوان تەنیا شێواندنی باری زمانەوانی و فەرهەنگی و سیاسیی کوردستانە، نەک چارەسەری کێشەکان.

جیم: چارەسەر

زۆر گرنگە لە کاتی گوتوبێژدا لەسەر کێشەی زمان ئەوەمان لە بیر بێت کە ئێمە باسی کوردستانی خواروو، کوردستانی عیراق، دەکەین، نەک هەموو کوردستان، چونکە کوردستانی خواروو تاکە بەشێکی کوردستانە کە نیوچە سەربەخۆیی و ئازادییەکی هەیە و دەتوانێت لە بواری خوێندن و زمان و فەرهەنگدا پلان بۆ ئێستا و دواڕۆژی خۆیشی دابنێت. ئەم هەلە دەگمەنەی ئێستا لە کوردستانی خوارووا هەڵکەوتووە، شتێک نییە کە بە ئاسانی بە لایدا ڕاببوورین و لە بەکارهێنانیدا کەمتەرخەمی بنوێنین. مەسەلەیەکی گرنگ و ژیانیی وەک زمانی ڕەسمی، هیی ئەوە نییە کە بۆ ڕێککەوت و بۆ دواڕۆژێکی نادیاری بە جێ بهێڵین، بەڵکە دەبێ هەرچی زووتر چارەسەری بۆ دابنرێت و بخرێتە کارەوە.

لەم دووڕییانە گرنگ و ناسک و خەتەرناکەی مێژووی نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەیدا ئەرکێکی یەکجار گەورە و مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆی بڕیاردەرانی کوردستانی عیراق. ئەوان ئەگەر بیانەوێ کەسایەتیی سیاسییان لە ئاستی ئەو بەرپرسایەتییە مێژوویی و نەتەوایەتییەی بەوان سپێردراوە دانەلەنگێ، دەبێ بە بڕوایەکی تەواوەوە، بە بێ هیچ جۆرە دوودڵییەک بڕیار بدەن و خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو بڕیارەی کە دڵنیام دەبێتە گەورەترین و تەمەندرێژترین بڕیار و دەستکەوت لە سەرتاسەری مێژووی کورددا. دەبێ بڕیار بدەن کە زمانی کوردیی ناوەڕاست، کە ساڵانێکە ڕۆڵی زمانی ستاندارد دەبینێت، بەو ئەلفوبێیەوە کە لە ماوەی هەزار ساڵدا گەشەی کردووە، بکرێ بە زمانی ڕەسمیی هەرێمی کوردستان، واتە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عیراقدا ببێتە زمانی کارگێڕیی حوکوومەت، زمانی خوێندن و پەروەردە لە هەموو پلەکاندا و زمانی دەستگا ڕەسمی و گشتییەکانی ڕاگەیاندن. ئەو زمانە ستاندارد و

ڕەسمییە دەکرێت و دەبێت بە گەنجینەی وشە و دەربڕینی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەوڵەمەند بکرێت.

بەرەسمیبوونی کوردیی خوارووی وەک زمانێکی ستاندارد و ڕەسمی هەرگیز مەعنای ئەوە نییە دیالێکتەکانی دیکەی کوردی قەدەغە دەکرێن یا کەنار دەخرێن، بەڵکە دەبێ یارمەتیی ئەو دیالێکتانە بدرێت کە گەشە بکەن و دەوڵەمەند بکرێن و لە بواری ڕاگەیاندنی ناوچەییدا بە کار ببرێن. هەروەها دەبێ سامانی فۆلکلۆر و ئەدەبی کلاسیک و ئەدەبی مۆدێرن بەو دیالێکتانە پشتگری بکرێت و بکرێتە بابەتی توێژینەوەی زانستی.

زمانی ستانداردی کوردی شێوەزمانی هیچ ناوچەیەکی تایبەتی کوردستان نییە، بەڵکە بەرهەمی گەشەکردن و دەوڵەمەندبوونێکە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی زاراوەکاندا پێک هاتووە. زمانی ستانداردی کوردی لە کاتێکدا شیلەی هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردییە و ئەنجامگریی بەرهەمی فکری و هۆشیاریی نەتەوەیە، مەرج نییە بە جۆرێک بێت هەموو ئاخێوەرانی دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانەکە لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بە کاری ببەن، یا تەنانەت بە تەواوی تێی بگەن، ئەگەر بەو زمانە ستانداردە خوێنەوارییان نەبێت. زمانی عەرەبیی ستاندارد وشەی زۆربەی دیالێکتەکانی گرتۆتە خۆی، بەڵام ئاخێوەرانی هیج دیالێکتێکی عەرەبی ئەو زمانە ستانداردە لە قسەکردندا بە کاری ناهێنن، تەنانەت خەڵکی تیرەی قورەیش خۆیشیان، واتە ناوچەی مەککە و مەدینەی وڵاتی حیجاز، کە زمانەکە لەوێوە پەیدا بووە، ئەوانیش بەو زمانە ستانداردە قسە ناکەن.

لەناو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا تەنیا کوردیی ناوەڕاستە کە ڕێک بە پرۆسێسێکی وەهادا ڕۆیشتووە. ئەم زمانە ستانداردە کە ڕەنگە لە سەرەتاوە لە ناوچەی سلێمانی و شارەزوورەوە بناخەکەی دامەزرابێت، بەڵام هەر زوو بە هۆی شاعیرانی گەورەی وەک نالی (شارەزوور) و حاجی قادری کۆیی (کۆیە) و وەفایی (سابڵاخ) و شێخ ڕەزای تاڵەبانی (کەرکووک) و دواتریش سەدان نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیری دیالێکتە جیاوازەکانەوە بە جۆرێ دەوڵەمەند بووە، کە بووەتە گەنجینەیەک کە

پێوەندیی لەگەڵ دیالێکتە سەرچاوەکانی خۆیدا (سلێمانی و شارەزوور) تا ڕادەیەکی زۆر کز بووە و چەندان هەنگاویش لە دیالێکتەکانی دیکە نزیک بووەتەوە، بێ ئەوەی بەتەواوی لە هیچ یەکێکیان بچێت. ئەنجامێکی زۆر سروشتی ئەوەیە کە هەموو کوردێکی خوێنەوار لەو زمانە ستانداردە تێ بگات و پێی بخوێنێتەوە و بنووسێت، بێ ئەوەی ناچار بێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لەناو خێزانەکەی خۆی، گەڕەکەکەی خۆی، یا شارەکەی خۆیدا بەو زمانە ڕەسمی و ستانداردە قسە بکات. هیچ دیالێکتیکی دیکەی زمانی کوردی بەم پرۆسێسەدا تێنەپەڕیوە و نەیتوانیوە بەشە دیالێکتەکانی دیکە لەناو خۆیدا جێ بکاتەوە و هەزم (هەرس)یان بکات و بیانکاتە بەشێک لە دەوڵەمەندیی خۆی.

## هەندێ لەو سەرچاوانەی لەم نووسینەدا سوودیان لێ وەرگیراوە:


Markus-Evangelium (Mukri Kurdisch), انجیل مرقوس، Druckerei Awetaranian philippopel, 1909.

الخالدي المقدسي، الشیخ یوسف ضیاءالدین پاشا: الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة، سعادت مطبعەسی، ١٣١٠ [١٣١١ هـ ،١٨٩٤ م].

Dahl, Östen: Språkets enhet och mångfald, Studentlitteratur, 2007

Yule, George: The Study of Language, Third edition, Cambridge University Press, Cambridge 2007.

Milroy, James and Lesley: Authority in language, Investigating language prescription and standardisation, Routledge, London 1991.

Ferguson, Charles A. : Sociolinguistic perspectives; Papers on Language in Society, 1959-1994, Oxford Studies In Sociolinguistics, Oxford University Press 1996.

# پاشکۆ

# کوردییەکەمان بە چۆن حروفێكو چۆن بنووسین

## تۆفیق وەهبی بەگ

### ژمارە (٥)ی دیاری کوردستان، ساڵی ١٩٢٥ز

ئەم مەسئەلەیە کۆنە، لە مێژەوە گەلێکی خەریك کردووە، ئەوانەی باوەڕ بە عیلمیان دەکرێو لەگەڵ مەسئەلەیە بە دەرەجەیێ زیاتر خەریك بوون ئیدیعا ئەکەن کە کوردی بە حروف عەرەبی نانووسرێ، والین ئەبێ یان حروفێك تایبەتی بۆ کوردی دابنێین، یاخود حروفی لاتینی بە بەعزێ تەعدیلات قبوڵ بکەین.

تاقمێکی تریش هەیە ئەڵێن، قبوڵکردنی حروفی لاتینیو یا حروفێکی تر بۆ ئێمە مومکین نییەو ئەبێ هەر بە حروفی عەرەبی بنووسین.

ئەمجا من هێنام ئەم دوو ئیدعایەم دوورو درێژ لێکدایەوە، هەرچەندە لە فیکرەکەی پێشوودا بەعزێ فەوائیدم دی، بەڵام بۆم ساغ بووەوە کە هەر فیکری تاقمەکەی ئاخری بۆ ئێمە زیاتر قابیل تەتبیقە، فوئادیشی زۆر ترە.

سەبەب نووسین ئەم مەقالەیە هەم ئەمەیە کە بۆ لێ وردبوونەوەی ئەم مەسەلەیە لە دیاری کوردستانا زۆریی حازر بکەمو ئەسباب لایەن گرتنی فیکری تاقمەکەی ئاخریم پیشانبدەم، وە لە حەق نووسین کوردیا فیکری خۆشم بڵێم.

لێرەدا باسی فائیدەومەحزوروئەنواع حروف مەتڵەب نییە، هەربۆ جوابدانەوەی ئەو ئیعترازانە کە بۆ وەرگرتنی حروف عەرەبی بۆ کوردی ئەکرێ نەختێ بە لای ئەو باسانەدا ئەچم، ئەڵێن:

1ـ لە عەرەبیا کەلیمە بە حرفی موتەسیلە ـ پێکەوە نووساو ـ ئەنووسرێ، وە هەر حەرفێك بەپێی جێگایەوە لە ناو کەلیمەدا شکڵی ئەگۆڕێ، ئەمە زەحمەتە بۆ فێربوون

2ـ ئەلفوبێی عەرەبی بۆ کوردی کیفایەت ناکات، چونکە گەلێ دەنگ (صوت)ی کوردی هەیە کە لە عەرەبییا نییە، وە گەلێك هی عەرەبیش هەیە کە کوردی تەلەفوزی پێ ناکات.

3ـ حروف ئیملاو حەرەکەی عەرەبی بۆ کوردی قەت کیفایەت ناکەن، حەتا پیاو ئەتوانی کەلیمەیەکی کوردی کە بە حروف عەرەبی نووسرابیٚ بە چەند نەوعیٚك بخوێنێتەوە، ئەمە بۆ ئێمە چۆن دەست ئەدات؟

لەم ئیعترازانە یەکەمیان قووەتی نییە، شکڵی ئەکسەر حروف عەرەبی هەر چەندە بە پێی جێگایەو لە ناو کەلیمەدا ئەگۆڕیٚ، بەڵام ئەم شکڵانە نزیك یەکترن، فێربوونیان گران نییەن حەتنا شکڵی حروف عەرەبی وەکو گوێمان لێی پڕ بووە، ئەوەندە ناگۆڕیٚ، دیقەتم کرد لە بیستو هەشت حروف عەرەبی ـ بێجگە لە شکڵی کوفیو بەعزیٚ شکڵی خەتاتی ـ هەشتیان(١)، چواردەیان(٢)، دوانیان(٣)، چواریان(٤)، شکڵی هەیە، حروف لاتینیش هەریەکی چوار شکڵیان هەیە، ئەم ئیعترازە گوێی لیٚ ناگیریٚ.

ئیعترازی دووەم ڕاستە، ئەمما ئەمە هەر بۆ ئێمە نییە، لە دنیادا گەلیٚ میللەت هەیە کە زۆر دەنگیان لەگەڵ هی عەرەبدا یەك ناگرن کەچی حرزف عەرەبیشیان قبوڵ کردووەو پێی ئەنووسن، زاتەن ئێمە لە دنیادا لە جێگایەکداین کە هەموو ئەترافمان بە حروفی عەرەبی ئەنووسن، ئەگەر بێتو ئێمە بە حروفێکی تر لەبەر مناسەبەت ئەتراف مەجبورین حروف عەرەبیش فێر بین، خۆ ئێستا لە حروف عەرەبی زیاتر هیچ حروفێکی ترمان بەدەستەوە نییە.

ئینجا ئێمە بەخێریەت هەتا حروفێکی چاکتر پەیدا دەکەین، بیٚ نووسین بمێنینەوە؟ ئەمە قەت ناشیٚ.

ئەو میللەتانەی حروف عەرەبییان قبوڵ کردووە هەموو (سامی) نین، قیسمێکی گەورەیان (ئاری)ن، دەنگەکانی خۆیانیان زۆر چاك بە حروف عەرەبی ئیفادە ئەکەن، ئەمانە چییان کرد، چۆن دەنگەکانی خۆیانیان بە حروف عەرەبی پیٚ نووسرا؟ بۆ ئەمە من لە ئەلفوبێی فارسی، تورکی(١)، بلوجی، ئەفغانی، هیندیو مەلایا ورد بوومەوە ئەوەی تێگەیشتم ئەوا لە خوارەوە ئەینووسم (ئایا عەرەبی، ئایا لاتینی یاخود بە داهێنان هەرچی حروفیٚ قبوڵ بکەین ئەبیٚ بۆ ئەو دەنگانە کە خاس کوردین حروف تایبەتی هەر ئیجاد بکەین.)

فورسەکان چییان کرد؟

فورسەکان لە زەمانی زوهوری دینی ئیسلام بە حروفی پەهلەوی ئەیانوسی، ئەم حروفە لە ڕاستەوە بۆ چەپ ئەنووسرا، وەختێ کە بە دینی ئیسلام موشەرەف بوونو حروفی عەرەبییان قبوڵکرد، دییان کە چەند دەنگێکی خۆیان لە حروفی عەرەبییا نییە، چونکە لەبەر ئیحتیاجی زمانەکەیان بەم دەنگانەن نەیان ئەتوانی وازیان لێ بێنن، نەشیان ئەتوانی لە خارجی حروفی عەرەبیا حروفی تازە بۆ ئەم دەنگانە ئیجاد بکەن، هێنایان لە حروفەکانی عەرەبی ئیستیفادەیان کرد، بۆ هەر دەنگێك لەم دەنگە فارسییانە لە عەرەبی یا لە دەستەی خۆی، ئەو حەرفەی کە لە تەلەفوزا زۆر نزیکییەتی وەریانگرتو بە زیادکردنی بازێ نوختە وەیا ئیشارات وەزیفەی دەنگەکەیان پێ بینی، بەم تەرحە لە داخل ئەلفوبێی عەرەبی یا حروفی تایبەتی بۆ دەنگە فارسییەکان ئیجاد کراو شکڵو حەرفەکانی عەرەبیش تێکنەدرا.

دەنگەکانی فارسی چوارن، ئەو حەرفانە کە بۆیان قبوڵ کراون، ئەمانەن: (پ، چ، ژ، گ) ئەم دەنگانە لەم کەلیمە فارسیانەی خوارەوەدا هەنو خەت لەژ ژێر حەرفەکانیاندا کێشراوە: (پاییز، چادر، أژدر، گازر) ئەبینرێ کە حەرفەکان شکڵیان عەرەبییە کەچی بە وایتەی ئەو نوختە زیادانە کە بۆ (ب، ج، ز) ئەو دەستەکە زیادە کە بۆ (ك) دانراون، دەنگی مەخسوسی فارسیان وەرگرتووە.

تورکەکان چییان کرد؟

لە پاش ئەمە کە تورکەکان حروفی عەرەبییان قبوڵکرد تەماشایانکرد کە تەرتیبەکەی فارسی بۆیان زۆر باشە، زاتەن ئەمانیش هەر ئەم چوار دەنگەو (صاغر کاف و کاف یایی)یان لە ئەلفوبێ عەرەبییەکە زیاتر بوو، بۆ چوار شکڵی (پ، چ، ژ، گ) یان وەرگرتو بوو بە صاغر، گافیش، سێ نوختەی بچووکیان خستە سەر حەرف (ك) وەکو: دەكز، ئەمە جاران بە (دەنكز)یان ئەخیوێندەوە، ئێستا بە (دەنز) ئەخیوێنرێتەوە، یەعنی (دەلیا).

کاف یایی یان هەر لە شکڵی (ك) هێشتەوەو بە قەرینە ئەی خوێننەوە وەکو (اكر) ئەمە بە (ئەیەر) ئەخوێنرێتەوە یەعنی (زین)، بازێك (کاف واوی)ش قبوڵ ئەکەن ئەمما ئەمە هەر بە (واو) ئەنووسن هەتا ئێستا خەریکن کافی نوونی بە (ن)و کاف یاییش بە (ی) بنووسن.

# ناوەرۆك

**پێشەکی پرۆژەی تیشك** ........................................ ٥
**بەشی یەکەم: گفتوگۆ** ........................................ ٩
**دکتۆر مارف خەزنەدار:** ئــەم ئەلـفوبێ یە بە تەبیـعەت بووە بە موڵکی کورد، دەست لێدانی قەدەغەیە ........................................ ١١
**د. رەفیق سابیر:** ئەلفوبێی کوردیی لە باکووری کوردستاندا، دەتـوانێت ببێتە یەکێك لەو توخمە کولتوورییانەی کە کورد لە تورك جیا دەکاتەوە ................... ٧٩
**فەهمی کاکەیی:** کاربەدەستانی کورد نازانن گەر ئەو دوو زاراوەیە جودا لەیەك گەشە بکەن لە داهاتوودا دەبنە دوو زمان ........................................ ٩٧
**شێرکۆ بێکەس:** گۆڕینی ئەم ئەلفبێیە بە لاتینی، جۆرێکە لەخۆکوژیی ..........١١١
**ئەمجەد شـاکەلی:** ئەلفبێی لاتیـنی بۆ زمانـی کوردیـی لادانە لە قانـوونێکی سـروشتی زمانەکەو ڕێك وەك دەرچوونی شەمەندەفەرێکە لە هێڵەکەی خۆی ............. ١٢٣
**د. نــەجــاتــی عــەبـدوڵڵا:** خۆزگە کوردستان هەشت پارچە بوایە و هەشت سنووری دەسـتـکـرد یـان زیاتـریشـی هـەبـوایـە بـەڵام ئـاوا بــە دوو ئەلفبـێی جـیـاوازی نەنووسیبوایە ........................................ ١٨٧
**جـەمـال عـەبــدول:** ئەلفبێی لاتینی یەکێکە لەکێشەکانی بەردەم دروستبوونی زمانی پێوانە(ستاندارد)ی کوردیی ........................................ ٢٠١
**مـحـەمـەدی مـەلا کـەریم:** دوور نییە لە تورکیا بە گشتی و کوردستانی تورکیاش، لە ئـەنجامی ســەرهەڵدانی شـەپـۆلی ئیــسلامــگـەراییدا، بیر لە گەڕانەوە بۆ "ئەلفبێی عەرەبی" بکرێتەوە ........................................ ٢١٥
**بەشی دووەم:** باس و خواس ........................................ ٢٢٩
زمان لە بەراییدا ........................................ ٢٣١
لینگوا فرانکای کوردیی: زمانی ستاندەرد و فەرمیی ........................ ٢٦٩
شەڕی ناوچە و زاراوە لە زمانەوانییەکەی کامیار سابیردا ........................ ٣٣١

خنکاندنی تیپەکان.. دارِشتنی ئەلفوبێی کوردی .............................. ٣٤٩
زاراوەکوردییەکان و زمانی نووسین .................................... ٣٦٥
زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا ............................ ٣٧٧
**پاشکۆ** ............................................................ ٤٥٧
کوردییەکەمان بە چۆن حروفێكو چۆن بنووسین ............................ ٤٥٩
**ناوەرۆك** .......................................................... ٤٦٧

# بڵاوكراوەكانی پرۆژەی ( تیشك )

| زنجیره | ناوی كتێب | نووسەر |
| --- | --- | --- |
| ١ | بەئیسلامكردنی كورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە ؟ | ن: فازل قەرەداغی |
| ٢ | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر كەمال دەروێش |
| ٣ | ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| ٤ | فەتواكەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |
| ٥ | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| ٦ | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەكەم" | جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار" |
| ٧ | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٨ | بەجیهانیكردن، دیدێكی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید<br>و: حەمەكەریم عەبدوڵلا |
| ٩ | كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی دووەم" | ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| ١١ | مێژووی دێرینی کوردستان "بەرگی دووەم" | ن: فازل قەرەداغی |
| ١٢ | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| ١٣ | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیکرام کەریم |
| ١٤ | لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، رووداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |
| ١٥ | پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان رامان و سەرنجو پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشك |
| ١٦ | بیستو سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید<br>دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| ١٧ | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |
| ١٨ | ئیسلامو سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلامو سیاسەت | ن: ئارام قادر |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریاییو شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| ٢٠ | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| ٢١ | ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا | ن: د. کاوە فەرەج سەعدون |
| ٢٢ | یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ | ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا<br>و: شوان هەورامی |
| ٢٣ | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس | ن: ئیکرام کەریم |
| ٢٤ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی سێیەم" | ن: جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار" |
| ٢٥ | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عەبدولعەزیز پاڕەزانی |
| ٢٦ | دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە | نووسینی: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان<br>وەرگێڕانی: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧ | زمانی گەردەلوول، خەونی شنە با کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕووناکبیر و دەسەڵات | فەرهاد شاکەلی |
| ٢٨ | هەڵەبجە ١٨٨٩ - ١٩٣٠، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە | ن: عادل صدیق |
| ٢٩ | بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی | ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٣٠ | فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم | ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمەکەریم عەبدوڵڵا |
| ٣١ | مەلا ئیدریسی بەدلیسی، ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ٣٢ | شێخ مەحمودی حەفید (١٩٢٢ – ١٩٢٥) | ن: ئومێد حەمەئەمین |
| ٣٣ | ئیسلام لەبەردەم دوڕیاندا | ن: لیوبو لدڤایس<br>و: عەبدول حسێن |
| ٣٤ | ڕامیاری لە ئیسلامدا | ن: ئەحمەد کاکە مەحمود |
| ٣٥ | وەڵامی پرسیارەکان، ڕەواندنەوەی کۆمەڵێک گومان سەبارەت بە ڕاستییەکانی ئیسلام | ن: دکتۆر کەریم ئەحمەد |
| ٣٦ | مرۆڤ و پەیامداری | ن: قانع خورشید |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ | سـەید قوتـب، لـە هاتنـەدنیاوە تـا شەهیدبوون | ن: د. سەلاح عەبدولفەتاح ئەلخالیدی<br>و: تارق نەجیب رەشید |
| ٣٨ | عوسمانی کوڕی عـەففان، کەسایەتی و سەردەمەکەی | ن عەلی موحەممەد سەللابی<br>و: حەمید موحەممەد عەبدوڵڵا |
| ٣٩ | خوانی ڕووح، توێژینەوەیەکە دەربارەی گەورەیی و پیرۆزیی نوێژ | ن: مەلا ئەحمەدی شەریعە |